جەلال تاڵەبانی

# کوردستان و
# بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## پرۆژەی سەرجەم بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال

پرۆژەیەکی ئامانجدارە، لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ ئەدات هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی سەرۆک مام جەلال کۆ بکاتەوە، لە کتێب و وتار و نامە و چاوپێکەوتنە بینراوو نەبینراوەکان، پاشان چاپکردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەیان. ئەمە پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ بەشداری هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئەرشیفی خۆیاندا بەرهەمێک لەو بەرهەمانەیان پاراستووە، لەگەڵ پاراستنی مافە مەعنەوییەکانی ئەو بەڕێزانە.

ئەمە سادەترین پرۆژەی وەفادارییە بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی سەرۆک مام جەلال ، ڕێبازێک کە ڕۆشنکەرەوەی فیکری و عەمەلیی ڕێگای خەباتە بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمانی و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین.

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**
**سەرپەرشتیاری گشتیی پرۆژەکە**

پڕۆژەی کۆ بەرهەم

(١١)

جەلال تاڵەبانی

# کوردستان و
# بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

وەرگێڕانی:

**سەرکەوت جەلیل**

-ناوی کتێب: کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد
-نووسەر: جەلال تاڵەبانی
- وەرگێڕان :سەرکەوت جەلیل
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپخانە: تاران
- چاپ: یەکەم ـ 2025
- تیراژ: ( 1000 ) دانە
- نرخ: (7000 ) دینار
-زنجیرە: ( 560/ 79 )
- ژمارەی سپاردن: (1588 ) لە ساڵی 2025 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەی کۆ بەرهەمی مام جەلال

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشکەشکردن ................................................................ | ٩ |
| وتەیەکی پێویست ........................................................ | ١٠ |
| **پاژی یەکەم** | |
| چەردەیەک لە مێژووی گەلی کورد . | ٢٧ |
| **پاژی دووەم** | |
| بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد | ٦٩ |
| **پاژی سێیەم** | |
| شۆڕشی نیشتمانیی ڕزگاریخوازیی کوردی | ١٨٥ |
| **پاژی چوارەم** | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشڕەوی تێکۆشانی گەلی کورد | ٢٦٩ |
| **پاژی پێنجەم** | |
| نەتەوەی کورد بەرەو کوێ؟ | ٣٦٥ |

# پێشکەشکردن

شاعیری گەورەی عەرەب، مامۆستا محەمەد مەهدی جەواهیری، لە قەسیدە ناوازەکەی "کوردستان یان سەرزەمینی ئازاکان"دا، گوتوویەتی:

**تزهو الحياة بالمعي ثائر یهب الحیاة کأنه لا یفهم**
**إنی لأحسد من یموت مکرما شهما وأرثی من یهان ویسلم**

جا بە هەموو ئەو کەسانەی ژیان پێیان دەگەشێتەوە و بە خوێنیان گەشە دەکات، بەوانەی لە ڕێی گەلەکانیاندا دەژین و دەمرن، بە شۆڕشگێڕە خۆڕاگرەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا ئەم کتێبە پێشکەش بێت.

نووسەر

# وتەیەکی پێویست

لە سەروەختی دانوستانەکانی شاندی کوردی بە سەرۆکایەتیی خۆم لەگەڵ حکوومەتی عێراقی لە ١٩٦٣، هەروەها لە کاتی تاووتوێکردنیشم لەگەڵ سەرکردەکانی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو و کۆماری جەزائیر و هەندێک لە سەرکردە سووری و لوبنانییەکانی ئەوکاتدا، بیرۆکەی نووسینەوەی توێژینەوەیەکی زانستیم دەربارەی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی (کوردایەتی)، لا گەڵاڵە بوو. چونکە بۆم ڕوون بووەوە کە لە لایەکەوە نەزانینی گەلێک ڕاستی دەربارەی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەی، لە لایەکی تریشەوە نەخستنەڕووی دۆزی کوردی بە شێوە پێشکەوتنخوازییەکەی و لە چوارچێوەی هاوخەباتیی عەرەبی - کوردی، لەو هۆکارانەن کە ناهێڵن هەردوو نەتەوەی دەستەخوشکی عەرەب و کورد بە باشی لێک تێبگەن و ڕێگریشن لەوەی هاوکاری و هاوخەمیی دووسەرە لە نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی هەردوو گەلدا، دروست ببێت و مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردیش لە لایەن هێزە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکانەوە دانیان پێدا بنرێت. لە کاتێکدا نەتەوەپەرستی (ناسیۆنالیزم)ی عەرەبی هەڵوێستێکی مرۆیی و پێشکەوتنخوازانەی لە هەمبەر دۆزی گەلانی دوورەدەست هەیە، کەچی لە هەمبەر دۆزی نەتەوەیی کورد، کە سەدان ساڵە بە ئاشتی و برایەتی و خۆشەویستییەوە لەگەڵیدا دەژی، هەڵوێستێکی پێسکەوتنخوازانەی شۆڕشگێڕانەی لێ نابینرێت.

منیش کە لە ئایاری ١٩٦٣ لە قاهیرە بووم، بڕیاری خۆمم دا: دەبوو هەوڵی پێویست بدەم تا ئەو بیرۆکەیە بهێنمە بوون. بۆیە وەک بەشدارییەکی خاکەڕایانە لە پتەوکردنی برایەتیی خەباتگێڕانە لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و عەرەب، هەروەک بۆ

ڕوونکردنەوەی حەقیقەتیش دەربارەی دۆزی کوردی بۆ ڕای گشتیی عەرەبی، کە بڕێکی زۆر دۆزینەوە و جێبەجێکردنی چارەیەکی پێشکەوتنخوازانەی ئاشتییانە و چارەنووسی یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراقیمان و داهاتووی برایەتیی عەرەبی - کوردیمان، لەسەر تێگەیشتنی دروست لەو دۆزە وەستاوە، دەستم بە نووسینی ئەم توێژینەوەیە کرد.

بەڵام وەها ئەرکێک ئاسانیش نەبوو. ئاخر مێژووی کوردی ئاخنراوە بە ناڕوونی، لە ڕووی لێوەکۆڵینی زانستی و شیکاریی چینایەتیی دروستیشەوە بۆ ڕووداو و پێشهاتەکانی، فرە هەژارە. حکوومەتە کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزەکانیش کە کوردستانیان بەسەردا بەش کراوە، دۆزی کوردییان بە چینێکی ئەستوور لە تەم و مژ و هەڵبەست و تۆمەتبارکردنی پووچ داپۆشیوە، بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی دۆزەکە دیزە بە دەرخۆنە بکەن و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بشێوێنن و لە بەرچاوی گەلانی تورکی و ئێرانی و عەرەبی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش، قێزەونی بکەن. بۆیە هاتوون وەک بزووتنەوەی کۆمەڵێک چەتە و ڕێگر و یاخی لە قانون و نیزام، کە دژی چاکسازیی سەردەمییانە و ڕێکخستنە مەدەنییەکانن، یان وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆییخواز، کە بیەوێت قەوارەی دەوڵەتانی خۆرهەڵات هەڵبوەشێنێتەوە و ڕێیان لێ بگرێت کە بە ئاڕاستەی پێشکەوتن و گەشانەوە و ئاوەدانبوونەوەدا بڕۆن، وێنایان کردووە.

هەرچی نوێنەری ناوەندە کوردییە بۆرجوازییەکان و نەتەوەپەرستە ڕاستڕەوەکانیشن لە نووسەران و ئەدیبان، هەوڵیان داوە هەموو بزووتنەوە کوردییەکان، بەوانەشەوە کە خێڵەکی و گومانلێکراون، وەک شۆڕشی ڕزگاریخواز و سەرکردەکانیشیان وەک پاڵەوانی شکۆدار، وێنا بکەن. لەوەشدا گوێیان لە سروشتی چینایەتییانە و جەوهەری کۆمەڵایەتییانەی ئەو بزووتنەوانە و سەرکردەکانیان، خەواندووە. باسی کەموکووڕی و کەلێنەکانیشیان ناکەن، بگرە بەبێ هیچ حیساب و لێکدانەوەیەک، کەوتوونەتە تەپڵلێدان بۆ هەموویان. بەو کارەشیان نەوەی تازەپێگەیشتووی کوردیان لە توێژینەوەی زانستییانە بێبەریی کرد، کە بکرێت خەباتکاری کورد وانەی سوودبەخش و عیبرەتیان لێوە فێر ببێت، تا بتوانێت خۆی لە تەڵەزگە و دووبارەکردنەوەی هەڵە و سەرلەنوێ کەوتنە داوەکانی ئیمپریالیزم و چینی دەرەبەگ و سەرمایەداری تورکی و ئێرانی و عەرەبی و کوردی، بپارێزێت.

ئەوەشی ئەرکەکە قورستر دەکات، لە لایەکەوە کەمیی سەرچاوە و توێژینەوە بیانییە زانستییەکانە، لە لایەکی تریشەوە من ئەو زمانە ئەوروپییانە نازانم کە توێژینەوەیان دەربارەی کورد و کوردستان پێ نووسراوە. سەربارەی ئەوانەش، گەورەیی و ترسناکیی ئەرکەکە، پێویستیی بە لیژنەیەکی شارەزایە، کە ئەندامەکانی ئەو زمانە بیانییانەی توێژینەوە و کتێبیان دەربارەی گەلی کورد و بزووتنەوە زۆرەکانی پێ نووسراوە، بزانن. جا ئەندامانی لیژنەکە خۆیان بۆ کاری جددی و توێژینەوەی زانستی و بنکۆڵکاریی ورد و ڕێک، تەرخان بکەن، نەک ئەوەی ئێستە کەسێک شانی دابێتە بەر ئەو ئەرکە تاقەتپڕوکێنە، کە کاروباری حیزبی و کێشە ئاڵۆزکاوەکانی بزووتنەوەی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا، شەکەتیان کردبێت. هاوکات لە کەشێکی تژی لە بگرە و بەردە و ڕووداوی کتوپڕ و ئازاربەخش و تاسێنەری یەک لە دوای یەکدا، دوور لە کتێبخانە و کەشی توێژینەوەی زانستی، بژی. کاری ئەو کەسە دەبێت چۆن دەرچێت؟ توێژینەوەیەکی ئاوا هەر کەم و کووڕ دەبێت و هەڵسەنگاندنی ناڕێکوپێکیشی تێ دەکەوێت. بەڵام ئەو بەربەست و ترسانە لە بڕیاری خۆم ساردیان نەکردمەوە، لە ویست و سووربوونمیان کە دەبێت ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەشی خوێنەری عەرەبی بکەم، کەم نەکردەوە، بەو ئومێدەی کە لای کەم ڕێگە بۆ زەقکردنەوەی ئەم پرسە ترسناکە و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و هەڵوەستەکردن لە بارەیەوە، خۆش بکات.

**-٢-**

هەوڵم داوە توێژینەوەکە بابەتییانە بێت، بۆیە هەوڵی خۆم لەوەدا بەگەڕ خستووە کە ڕووداوەکان وەک خۆیان نیشان بدەم، هەواڵی بزووتنەوە کوردییەکان لەو ئاڵوواڵایەی پێیانەوە لکێنراون (چ شکۆدارکردن، چ قێزەونکردن و ئوستوورە و خەیاڵ)، هەروا بێتەوە لە زێدەڕەوی و هەڵبەستنیش، پاک بکەمەوە. کورتهێنان و هەڵەکانیشم دەرخستووە، لەکوێشدا ڕەخنەکردن و سەرکۆنەکردنی بزووتنەوە و کەسایەتییە کوردییەکان پێویست بووبێتن، درێغیم نەکردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، پێم وایە ئەم توێژینەوەیە لەو ڕووەوە پێویستیی بە پێداچوونەوەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی مێژووی خەباتی کوردی لە سایەی

توێژینەوەیەکی ڕەخنەگرانەدا، نیشان بداتەوە و ڕووداو و پێشهاتەکانیشی بە شێوەی زانستییانەی چینایەتییانەی شۆڕشگێڕانە، شی بکاتەوە. ئومێدەوارم منیش لەم چاپەی ئێستادا، پاش ئەوە سوودم لە بۆچوون و تێبینیی و ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی خوێنەران و شارەزایان وەرگرتووە، ئەوەم کردبێت.

هاوکات هەوڵم داوە هەڵوێستی ئیجابیی حیزب و کەسایەتییە عێراقییەکانیش بگوازمەوە و بشیاندەم بەسەر هەڵوێستە سەلبییەکان لە هەمبەر پرسی کوردیدا، بۆ ئەوەی خۆ لە پێکدادان دوور بگرم و خزمەتێکیش بە ئەرکی یەکێتیی هێزە پێشکەوتنخوازە عێراقییەکان بکەم، کە بووە بە ئەرکێکی هەنووکەیی و دواخستن قبوڵ ناکات.

## -٣-

هەوڵم داوە وانە و عیبرەتی پێویست لە ڕووداوەکانی مێژووی کوردیی هاوچەرخەوە، هەڵهێنجم و ئەو ڕاستییانەشی لە خوارەوە کورتیان دەکەمەوە، لەبەر چاوی خوێنەر زەق بکەمەوە، بەو ئومێدەی تیشکیان بخرێتە سەر و سەرنجی خوێنەرانیان بۆ ڕابکێشرێت:

**یەکەم**:

هەر لە سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەیەوە وەک ڕاستییەکی ئۆبجێکتیڤ لە مێژوودا، ناوەندە کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێز و چینە فەرمانڕەوا ئیستیغلالکەرەکان لە خۆرهەڵات، خۆیانیان لێ نەبان کردووە، چینێکی ئەستوور لە درۆ و تۆمەتی پووچیان بە دەوردا هەڵچنیوە، زۆر دڵڕەقانە و وەحشییانەش دژی جەنگاون، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە نەتەوەییەکەی گەشە نەکەن و پێش نەکەون و ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانیان بەدی نەهێنن، بەتایبەت پاش ئەوەی فێڵ و پیلانە ئیمپریالییەکان لە بەدەستهێنانی مەرامەکانیان لە ڕێی ئەو بزووتنەوەیەوە، شکستیان هێنا. بە دیدی من ئەوەش چەند هۆکارێکی هەیە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١- بایەخی ناوچەی کوردستان و مەترسیی ستراتیجیی، بەو پێیەی بڕبڕەی پشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، پاشان دەوڵەمەندە و سامانی نەوتیشی زۆرە.

٢- حەتمییەتی هەرەسهێنانی قەوارە کۆنەپارێزەکانی دەوڵەتانی بەکرێگیراو کە

کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە حاڵەتی دۆزینەوەی چارەیەکی دادپەروەرانەی دۆزی کوردیدا.

٣- لەوێشەوە سەرهەڵدانی هێزێکی نوێ کە کار دەکاتە سەر هاوسەنگیی هێزەکانی ناوچەکە. ئەوەش دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیستی و هێزە کۆنزێرڤاتیڤەکان دەترسێنێت و وایان لێ دەکات لە "پاراستنی سەقامگیری" و "ڕاگرتنی دۆخی باو" لە هەمبەر دۆزی کوردیدا، هاوکار بن.

٤- ویست و سووربوونی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیستی لەسەر تاڵانکردن و دزینی خێروبێری کوردستان و لە لایەکەوە ناچارکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە بەوەی تێچووی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و لێکەوتەکانی داگیرکردنی کوردستان بگرنە ئەستۆ، لە لایەکی تریشەوە ویستی ئەو دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستییانە لە هێشتنەوەی ئەم دەوڵەتانە وەک کۆمەڵێک دەوڵەتی بنیات لاواز و قەوارە فشۆڵ و زەمینەیەکی بەپیت بۆ کێشمەکێشە نەتەوەییەکان. چونکە هێشتنەوەی دۆزی کوردی و دۆزی نەتەوە بچووکەکانی تریش بەبێ چارەسەر، وا دەکات یەکبوونی نیشتمانی لە دەوڵەتانی خۆرهەڵاتماندا، بە جۆرێک لاواز و فشۆڵ بێت، کە بەرگەی زریان و باری قورس نەگرێت. لە کاتێکدا چارەسەرکردنی ئەو دۆزە بە شێوەیەکی زانستییانەی دادپەروەرانە، دەبێتە هۆی پتەوکردنی ئەو یەکبوونە و جێگیرکردنی لەسەر کۆمەڵێک پایەی بەهێز و دامەزراو، کە دەرگا بە ڕووی پیلانگێڕیی کۆڵۆنیالیستانە و سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بەی نەفرەتیدا، دادەخات. خوێنەر دەبینێت کە چۆن ناوەندە کۆڵۆنیالیستییەکان هەوڵیان داوە، سوودی زۆر لە هێشتنەوەی دۆزی کوردی بە هەڵپەسێراوی و بێبەشکردنی گەلی کورد لە مافە نەتەوەییەکانی لە چەندان دۆخدا، ببینن. ئەوەش بە مەبەستی لە لایەکەوە ترساندنی چینە بۆرجوازییە فەرمانڕەواکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بە دێوەزمەیەکی وەهمی، لە لایەکی تریشەوە بۆ جووڵاندنی ناوەندی خێڵەکییانە یان ڕاستڕەوانەی بەکرێگیراوی کوردی دژی حکوومەتی ئەو دەوڵەتانە بە پاساوی بەرگریکردن لە نەتەوەی کورد، هەر کاتێک کە بەرژەوەندییەکانی قۆرخکاریی نەوت و هاوپەیمانێتییە کۆڵۆنیالیستییەکان و پیلانگێڕییە شەڕەنگێزییەکان وا بخوازێت. هەر بەریتانیا بوو کە

هەوڵی دا سوود لە بزووتنەوەی نەتەوەیی بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود، ببینێت. کاتێکیش شکستی هێنا لە بەکارهێنانی شێخ بۆ مەرامەکانی و پیلانی خۆیشی بەسەر بۆرجوازیی تورکی و فەرمانڕەوایانی بەغدادا سەپاند، پشتی لە شێخ کرد و هێزەکانی لە دژ جووڵاند.

بەڵام هەوڵەکانی کۆڵۆنیالیزم بۆ سوودوەرگرتن لە باڵی خێڵەکییانەی بزووتنەوەی کوردی – لە کاتێکدا کە ئیمپریالیزم دوژمنی سەرەکیی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەیەتی – نابێتە پاساو بۆ سیاسەتی تاوانکارانەی شۆڤینیزمی عەرەبی و تۆرانیزمی تورکی و ئاریانیزمی شاهەنشاهیی فاشیست، کە لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لە نەتەوەی کورد و خۆنەبانکردن لە مافە ڕەواکانی بەندە. هەروەک ڕەوایەتییش نادات بە جەنگی وەحشییانە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، بگرە بەپێچەوانەوە، ئەم جۆرە سیاسەتە دەیانخاتە خزمەتی پلانی کۆڵۆنیالیستیی – زایۆنییەوە، کە هێشتنەوەی پرسی کوردی بەبێ چارەسەری دادپەروەرانە، شان بە شانی زۆر شتی تریش، بەکار دەهێنێت بۆ خوڵقاندنی کینە و دووبەرەکی لە نێوان گەلانی خۆرهەڵاتمان و سەرگەرمکردنیان بە ناکۆکیی نەتەوەیی ناوخۆییەوە بۆ ئەوەی دوژمنە سەرەکییە هاوبەشەکە – کە کۆڵۆنیالیزمە – ون ببێت و لە بەرچاوان، لای کەم بەرچاوی خەڵکی سادە و سافیلکە، نەمێنێت.

ئیمپریالیزم و داردەستە کۆنەپارێزە بەکرێگیراوەکەشی، هەوڵی خۆیان داوە بۆ ئەوەی گەلانی خۆرهەڵاتمان خەباتی هاوبەش و ڕاستییەکی گرنگیش درک نەکەن، کە هەرچی خەباتی پێکەوەیی و سەرکەوتنی یەکجارەکییانە لەسەر وی بەندە، ئەویش جیاکردنەوەی وردی دۆست و دوژمنە وەک پرسێکی بنچینەیی شۆڕش و مەرجێکی پێویستیش بۆ سەرکەوتنی. چونکە ناسینەوەی دوژمن دەبێتە هۆی یەکڕیزی و گردبوونەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لە دژی و جەنگین لە بەرامبەری، وەک چۆن دەستنیشانکردنی هێزە سەرەکی و هاوپەیمانەکان و یەکبوونی خەباتیان لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، کە ببێتە هۆی سەرکەوتن و دەربازبوون لە کۆتی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و کۆمپرادۆری، ئاسان دەکات. سەرکردەی شۆڕشی مەزنی چینی، ماو تسی تونگ، چاک بۆی چووە کاتێک ئەم جیاکارییەی کردووەتە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ سەرخستنی خەباتی

شۆڕشگێڕانەی گەلان.

هەرچی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییشە، سەردەمانێکی زۆر بە دەست ئەم کەموکوورِییە ترسناکەوە دەیناڵاند، کە ئەوەش یەک لە گرنگترین هۆکارەکانی شکستی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی بووە. تا ئەوەی پارتی هات و ڕاستییەکانی دەربارەی دۆست و دوژمنان بۆ ڕوون کردەوە.

پارتی لە کۆی ڕووداو و پێشهاتە مێژووییەکان و خوێندنەوەی زانستییانەی سروشتی کۆمەڵگەی کوردی و قۆناغە مێژووییەکەیەوە، گەشتە ئەو ڕاستییەی کە ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و داردەستەکانی، زایۆنیزم و چینە کۆنەپارێزە فەرمانڕەواکان (کە نوێنەرایەتیی سەرمایەداریی کۆمپرادۆری و دەرەبەگایەتی و بەکرێگیراوە نامەردەکان دەکەن)، لە پێشەوەی ئەو هێزانەوەن، کە دژایەتیی هێزە کوردییەکان دەکەن. لە کاتێکدا کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان و کاسبکاران و خوێندەواران، سەرچاوەی سەرەکیی هێزن بۆی، هەرچی پلە باڵاکانی بۆرجوازیی بچووک و بەشی نیشتمانیی بۆرجوازییش هەیە، لەم قۆناغە مێژووییەی هەنووکەیدا، قۆناغی ڕزگاربوونی نیشتمانی و دیموکراسیی نوێ، هێزی هاوپەیمانن بۆی. لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشیشدا دژی ئیمپریالیزم و چینی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری و لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتی جەماوەریی دیموکراتی، کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیش مسۆگەر بکات، کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب و ئێرانی و تورک، بە هێزی هاوپەیمان و دەستەخوشک و هاوڕێ دادەنێت. هەروەها نەتەوەی کوردی پێشکەوتنخواز و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزی، بە هاوپەیمانێکی سروشتی و پاڵپشتی بزووتنەوە کرێکاری و شۆڕشگێڕییەکانی ئەو گەلانە دادەنێت. بۆیە پێویست دەکات پشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بگرن و پاڵپشت و هاوخەباتی بن تا سەربکەوێت و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیش، بەدەست بهێنێت. خۆ ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ئەو گەلانە، درکیان بەو ڕاستییە بکردایە کە ماو تسی تونگی سەرۆکی چینی، دەربارەی پێویستیی جیاکردنەوەی وردی دۆست و دوژمن باسی کردبوو، خەباتێکی نەپساوەیان دەکرد بۆ ڕێگرتن لە هێزی شەڕەنگێز و داگیرکەر، کە دژی

نەتەوەی کورد بجەنگن و نکۆڵی لە مافە ڕەواکانیشی بکەن، بەو پێیەی وەها خەباتێک، مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ئەو گەلانە خۆیان.

بەو جۆرە، پشتگرتنی خەباتی نەتەوەیی دادپەروەرانەی کوردان بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، بەهێزکردنی بەرەی خەباتی گەلانی خۆرهەڵاتمانە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و چینی کۆنەپارێزی فەرمانڕەوا.

**دووەم:**

چارەسەرکردنی دۆزی کوردی بە شێوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی دادپەروەرانە، کۆتایی بە چەوساندنەوەی گەلی کورد و بێبەشکردنی لە مافە نەتەوەییەکانی، بە مافی چارەی خۆ نووسینیشەوە، دەهێنێت. هەوڵەکانی کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزمیش بۆ قۆستنەوەی پرسی کوردی، لەبار دەبات و دەبێتە هۆی پتەوبوونی برایەتی و خەباتی هاوبەش لە نێوان گەلی کورد و گەلانی تریشدا. وەها چارەسەرێکیش تەنیا بەمانە بەدیدێت:

١- تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان (بەتایبەت کرێکاران و جووتیاران و سەرجەم زەحمەتکێشانی تریش) دژی کۆڵۆنیالیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری. ئەوەش چونکە ئەرکی ڕزگارکردنی هەر گەل یان چینێکی ستەملێکراو، پێش هەر شتێک بەندە بە تێکۆشانی ئەو گەل یان چینە خۆیەوە. ئینجا بزووتنەوەی نیشتمانییش بەگشتی - بە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردییشەوە - هەر لە یەکەمین جەنگی جیهانییەوە و بەتایبەت پاش سەرگرتنی شۆڕشی سۆشیالیستیی مەزنی ئۆکتۆبەر، لە کرۆکدا بووە بە بزووتنەوەی جووتیاران، وەک چۆن بووە بە بەشێکیش لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی.

ستالین لە وتارێکیدا لە بەردەم کۆمیتەی یوگۆسلاڤیی سەر بە کۆمیتەی تەنفیزیی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمیونیستی لە ٣٠ی ئازاری ١٩٢٥ وتی: "جووتیاران سوپای بنەڕەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیین، بەبێ ئەو سوپایەش بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی بەهێز، نەبووە و ناشبێت. ئەمەیە مەبەست لەوەی کە دەڵێین، پرسی نەتەوەیی لە کرۆکدا پرسی جووتیارانە".

بۆیە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، بەندە بە هەستاندنەوەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانەوە، بەتایبەت جووتیاران و کرێکاران و ڕێکخستن و ڕێبەرایەتیکردنیان لە لایەن پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕی لێهاتووەوە. ئەمەش واتە هەر بزووتنەوەیەکی کوردی، چەکدار یان ئاشتیخوازانە، کە لەو جەماوەرەوە سەرهەڵنەدات و پشتی پێ نەبەستێت، ئاکامی شکست و لەدەستدانە. چونکە بۆ ئەوەی سەربکەوێت، پێویستە حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی سۆشیالیستیی زانستیی هەبێت، کە بتوانێت سەرکردایەتیی تێکۆشانی کۆمەلانی خەڵک بکات و هێزی چینە کۆمەلایەتییە پێشکەوتنخوازەکان یەک بخات و سەرکردایەتیی شۆڕشی جەماوەریی ماوەدرێژ، بە پشتبەستن بە تواناکانی گەلی کورد خۆی، بکات. لە سەرەتاشەوە درکی ئەو ڕاستییانە بکات کە جووتیاران لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، هێزی سەرەکیین و چینی کرێکاریش، ڕۆڵی پێشەنگی تێدا دەگێڕن و دەبێت سەرجەم هێزە کوردییەکانیش، لە شەڕی نیشتمانیدا بەشدار و تێکەڵ بکرێن.

٢- درککردنی ئەو ڕاستییەی کە سەرکەوتنی تێکۆشانی کۆمەلانی خەڵکی کورد، بەندە بە هاوخەباتییەوە لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی عەرەب لە عێراق دژی کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزی. ئەوەش لە چوارچێوەی بەرەیەکی پێشکەوتنخوازانەی یەکگرتوودا، کە کۆڵەکەی سەرەکیی بریتییە لە کۆمەلانی خەڵک و سەرکردایەتیکردنی چینی کرێکاران، بۆ ئەوەی ئەو بەرەیە سەرکردایەتیی خەباتی هاوبەشی کۆمەلانی خەڵکی عەرەبی و کوردی بکات لە پێناو حوکمڕانییەکی دیموکراتیی جەماوەریدا، کە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکانی گەل، دەستەبەر و مافە نەتەوەییەکانیش، بە مافی ئیدارەی خۆسەری (ئۆتۆنۆمی)ی گەلی کوردیشەوە لە چوارچێوەی یەکبوونی نیشتمانیی عێراقیدا، مسۆگەر دەکات.

ئەزموونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردانیش ئەوەی سەلماندووە، کە بۆرجوازیی نەتەوە سەردەستەکان - چ بچووک و چ گەورە - دەستەوەستاون لە چارەسەرکردنی دۆزی کوردی بە شێوەیەکی زانستییانە و لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆ نووسین، چونکە بۆرجوازیی نەتەوە سەردەستەکان، لە سروشتی چینایەتییانەی ئیستیغلالییانەی

خۆی دەربازی نەبووە، ئەمەش وای لێ دەکات ددان بە مافەکانی گەلی کورددا نەنێت. نەک هەر هێندەش، بەڵکو وای لێ دەکات بیچەوسێنێتەوە و بەکاری بهێنێت و هێز و تۆقاندنی لە دژ پێڕەو بکات، وەک ئەوەی لە حاڵەتی بزووتنەوەی بۆرجوازیی کەمالی و حوکمڕانیی بۆرجوازیی سوری و عێراقیدا بینرا.

بۆرجوازیی بچووکیش سەرباری چاوەڕوانییە پێشکەوتنخوازانە و شۆڕشگێڕییەکەی و بانگەوازی بۆ سۆشیالیزمی زانستی (ئەو سۆشیالیزمەی کە لە دروشمەکانی خۆیدا دەربارەی پرسی نەتەوەیی، باوەڕی بە مافی چارەی خۆ نووسین هەیە، بە مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییشەوە) و سەرباری بانگەوازیی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕۆڵگێڕانی گرنگی لە تێکۆشانی نیشتمانییدا، هاتوچۆی لە نێوان خەسڵەتە چینایەتییەکانی و ناڕوونیی بیرکردنەوەی کە ئاسۆیەکی چینایەتییانەی بەرتەسکی هەیە، لەگەڵ بوونی چەندان سەرەداو کە بە بۆرجوازی و خڵتە فیکرییە نەتەوەییە بۆرجوازی و شۆڤینییەکانی و بیرکردنەوەی چینایەتییانەی بەرتەسک و سنووردارییەوە دەبەستنەوە، وایان لێ کردووە، کە دیدی بۆ پرسی نەتەوەیی لە وڵاتانی خۆیدا، لێڵ و شێواو و تەمومژاویی بێت. بەردەوامیش هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانە و شۆڤینییانە تێکەڵ دەکات، بۆیە ناتوانێت لە پرسی نەتەوەییدا دروشمی چینی کارکەر، دروشمی مافی چارەی خۆ نووسین بۆ سەرجەم نەتەوە دوور و نزیکەکان، کە مۆرکی سۆشیالیستییانەی هەیە، پێڕەو بکات.

نموونەی زیندووی ئەوەش، بۆرجوازیی بچووکی پێشکەوتنخوازی عەرەبییە، کە لە گەرمەی هاوارکردن و بانگەشەی سۆشیالیزمی - تەنانەت زانستیی - شۆڕشگێڕانە و بەرهەڵستیکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیدا، سیاسەتێکی شۆڤێنییانە دژی هاوڵاتییە کوردەکانی خۆی، سیاسەتی بەعەرەبکردن و پشتێنەی عەرەبی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی قێزەون و سیاسەتی گەوجاندن، جێبەجێ دەکات.

نابێت لەم ڕاستییانەوە ئەوە هەڵهێنجێنرێت، کە دەبێت تێکۆشان لە پێناو دۆزی کورددا، دوابخرێت و دوابکەوێت، تا کاتێک شۆڕشی سۆشیالیستی، بە سەرکردایەتیی چینی کارکەر لەو دەوڵەتانەی گەلی کوردیان تێدا دەژی، سەردەکەوێت. بەڵکو

بەپێچەوانەوە، دەبێت تێبکۆشین تا هەرچی زووە چارەیەکی دادپەروەرانە بۆ دۆزی کوردی بدۆزرێتەوە و لەگەڵ تێکۆشانی کۆمەلانی زەحمەتکێشی خەڵکی عەرەبدا هاوخەبات بن و چیتر بە بەڵێنە خۆشەکانی بۆرجوازی، نەخەڵەتێن. هەروەها دەبێت کۆمەلانی زەحمەتکێشی خەڵکی عەرەب و پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکانیان، پشتی تێکۆشانی خەڵکی کورد بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بگرن و بە کار و کردەوەش، تەنانەت لە بەرامبەر بۆرجوازیی نیشتمانیی خۆیشیاندا، پشتیوانی بزووتنەوە نەتەوەییەکەی و مافە دیموکراتییەکانی بن.

بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش، لەم ڕاستییەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە، کە پێویستە ڕێچکەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی ئەو نەتەوانەدا بگرێت، کە لەگەڵیاندا دەژی. پێویستیشە خۆی لە تەڵەزگەی گۆشەگیری و تەیکردنی تاکلایەنەی ڕێگەی تێکۆشانی نیشتمانی، بپارێزێت.

چونکە گۆشەگیریی نەتەوەیی، دواجار بزووتنەوەی کوردی دەخاتەوە داوی ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپارێزەکان و بۆسەی ئەوانەی لە پێناو مۆنۆپۆلە نەوتییەکان و هاوپەیمانێتیی سەربازیی کۆلۆنیالیستییانە، یاری بە چارەنووسی گەلان دەکەن. جا ئەم دوورەپەرێزییەش، ڕێباز و ئامرازی چینە ئیستیغلالکەرە کوردییەکانە (چ دەرەبەگایەتی و چ سەرمایەداریش) بۆ ئەوەی رایەڵەکانی تێکۆشانی هاوبەشی جەماوەری زەحمەتکێشی کورد و جەماوەری گەلانی عەرەبی و ئێرانی و تورکی، بپسێنن. هەروەک بۆ ئەوەشیانە کە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردی، لە ڕێگەی ڕاست لابدەن و لەو ڕێگەیەی دەیباتەوە سەر سەرکەوتن، دووری بخەنەوە. پاشان بۆ ئەوەشیانە کە بیرکردنەوەی، ژەهراوی بکەن و وای لێ بکەن، دژایەتیی عەرەب و فارس و تورک و ئازەر و ئەوانی تریش بکات.

ئەزموونی دوا شۆڕشی کوردی، زۆر ئاشکرا ئەم ڕاستییانەی سەلماند و سەرلەنوێ جەختی لەوە کردەوە، کە گۆشەگیریی نەتەوەیی، لە وەها دۆخیکی مێژووییدا، مەترسییەکی کوشندەیە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، بەتایبەت کاتێک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، ڕووبەڕووی حوکمڕانیی بۆرجوازیی نیشتمانیی

دەبێتەوە. چونکە نەبوونی ڕێنوێنییەکی ڕێکوپێک بۆ جیاکردنەوەی هێزی دۆست و دوژمن لە یەکتری لەسەر بنەمایەکی چینایەتییانەی زانستییانە و تێنەگەیشتن لە دژیەکییە سەرەکی و لاوەکییەکان و لایەنی سەرەکی و لاوەکیی دژیەکییەکان، بزووتنەوەی کوردی دەخەنە تەنگژەی تەنگەتاوکەرەوە. بۆرجوازیی فەرمانڕەوا لە کاتێکدا کە دژی نەتەوەی کوردە و مافەکانی قووت دەدات، دژی ئیمپریالیزمیشە و لەگەڵ دەوڵەتانی سۆشیالیستی و دەوڵەتانی ڕزگاربووی جیهانی سێیەمیشدا هاوکاری یەکتر دەکەن. بەوەش دۆخێکی ئاڵۆزکاوی قورس بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دەخوڵقێنێت، بەتایبەت کاتێک تێکۆشانی ئەمەی دوایی بەتینتر دەبێت و مەرجەکانی شۆڕشەکەی زیاتر پێدەگەن، یان کاتێک ڕووبەڕووی دەستدرێژیی چەکدارانە یان سەرکوتکردنی خوێناوییانە دەبێتەوە لە ولاتانێکدا، کە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕیان تێدا نییە. حیزبەیلێک کە بتوانن سەرکردایەتیی تێکۆشانی جەماوەری زەحمەتکێشی گەلانی خۆیان بکەن بەرەو شۆڕشی دیموکراسیی جەماوەریی دژی دیکتاتۆرییەت و بۆرجوازیی ناوخۆیی، کە دەیەوێت حوکمڕانیی دیکتاتۆرییانەی خۆی لە سایەی نیشتمانیبوون یان پێشکەوتنخوازییدا، قایمتر بکات. بەڵکو حیزبی ئەوتۆ هەن، کە ناوێرن خۆیان لە قەرەی بابەتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی بدەن، بگرە لە هەڵە و خەملاندن لەسەر بنەمای تاکتیکی ڕۆژانە و بەرژەوەندیخوازانەی تایبەتەوە، گەوزاون. لەو کاتانەشدا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، دەکەوێتە دۆخێکی قورس و ترسناکەوە. دەبێت پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخوازی لێهاتووی خاوەن دیدی ڕوون بۆ شتەکان و دۆخەکان، سەرکردایەتیی بکات، کە ئاگاداری دیوی شاراوەی شتەکان و پرسە بنەڕەتییەکان بێت و لە دانانی ستراتیجییەکی ڕاست و داڕشتنی نەخشەی هێزە سەرەکی و هاوپەیمانەکان و جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن لە یەکتری، پشت بە تیۆریایەکی سۆشیالیستیی زانستیی ببەستێت. دەبێت وەها پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕ سوود لە بیرۆکە مارکسییە لینینییەکان و ئەزموونی شۆڕشی چینی و بیری سەرکردەکەی، ماو تسی تونگ، بەتایبەت لە بارەی دیموکراسیی نوێ و چارەسەری ڕاستی دژیەکییەکان و جەنگی میللی و ستراتیجی و تاکتیکەکانی

و ڕۆڵی جووتیاران و چینی کارکەر لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتیدا، وەربگرێت. هەروەها گرنگە پێکەوەبەسترانی ئۆرگانیی پتەوی بزووتنەوەی کوردی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و کارکەرانەی عەرەبی و ئێرانی و تورکی، درک بکات و پێگەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لەسەر بنەڕەتێکی دامەزراوی مەبدەئییانە لە بەرەی گەلانی شۆڕشگێڕ دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزی، کە ململانێی ژیان و مردن دەکەن، دیاری بکات. گەر وا نەبێت و نەکات، هەڵەی کوشندە دەکات؛ سەرەتا سەرکەوتنی لەدەست دەردەچێت، دواتر خودی بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبە پێشڕەوەکەی، تووشی لادان و گۆڕانکاریی ڕاستڕەوانە لە سروشت و پێکهاتەیاندا دەبنەوە، کە لەوانەیە بە هۆیانەوە هەموو ئەو دەستکەوتە پێشکەوتنخوازییانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە ساڵانی درێژی پڕ لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی خوێناویدا بەدەستی هێناون، کە لە ڕووی خوێن و فرمێسکەوە زۆر لەسەر گەلەکەمان کەوتوون، لەدەست بچن.

بۆیە بەو پێیەی ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ بردنەوەی خودی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و سەرکەوتنی لە بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورددا، من پێ لەسەر پێویستیی هاوخەباتیبوونی شۆڕشگێڕانەی تێکۆشانی جەماوەری عەرەبی و کوردی لە عێراقدا دادەگرم. بۆیە دەبێت بە توندی و دڵنیاییەوە دژی هەر هەوڵێکی شۆڤینی و گۆشەگیرانە، دژی هەر شتێک کە ببێتە هۆکاری لاوازبوونی برایەتیی عەرەبی - کوردی و گومانکردن لە سوودی تێکۆشانی هاوبەشی عەرەبی - کوردی، جا لە لایەنی عەرەبییەوە بێت یان کوردی، خەبات بکرێت.

ڕێگەی گونجاو و دەستەبەرکەری ئەو هاوخەباتییە شۆڕشگێڕییە، بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازییە، کە پێویستە هەموو چینە پێشکەوتنخوازەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورد و کرێکاران و جووتیاران و بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، لەخۆ بگرێت. سەرکردایەتیی ئەو بەرەیەش لای چینی کارکەر بێت، کە شۆڕشگێڕترین و مرۆڤدۆستترینی هەموو چینەکانە.

هاوکات یەکخستنی تێکۆشانی ڕێکخراوە سەندیکایی و پیشەییەکان، وەک سەندیکای کرێکاران و کۆمەڵەی جووتیاران و یەکێتییەکانی ژنان و گەنجان و خوێندکاران،

بەشدارییەکی بەهاداره لە بەدیهێنان و پتەوکردنی ئەو یەکبوونە شۆڕشگێڕییەی خەباتی عەرەب و کورداندا.

**سێیەم:**

هەرچەندە نەتەوەی کوردیش وەک سەرپاکی نەتەوەکانی تر، مافی ڕەوای چارەی خۆ نووسینی هەیە و سۆشیالیزمی زانستییش بە جۆرێکی وا ئەو مافە لێک دەداتەوە، کە تا ئاستی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ بچێت، کەچی شێوازی پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە جۆرێکە، دەلالەتە لە رەتکردنەوەی لە ئاڕاستەی سەربەخۆییخوازی و ڕووی لە یەکگرتنی خۆویستانە و خەباتی هاوبەشە لەگەڵ نەتەوەی عەرەبیدا لە عێراق. پارتی - پێشڕەوی پێشکەوتنخوازی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی - بەو پێیەی زیان بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلی کورد و خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی برای عەرەب و کورد دەگەیەنێت، ئیدانەی دروشمی جیابوونەوەی لە کۆماری عێراقی ئازاد کردووە.

سەرباری زەقکردنەوەی دروشمەکانی سەربەخۆییخوازی و بڵاوکردنەوەی ژەهری دوژمنایەتیکردنی عەرەب لە ڕێی بانگەشەی ڕاستڕەوەکانەوە، سەرباری هەوڵی نەپساوەی زایۆنیزم و بزووتنەوەی پان-ئێرانیزمی فاشیست بۆ تێکدانی کەشی برایەتیی عەرەبی - کوردی و بڵاوکردنەوەی ژەهری ڕقەبەری و بوغزاندنی عەرەب لە نێو ڕیزی کوردە سافیلکەکاندا، هێشتا هەستی برایەتی و خەباتی هاوبەش لەگەڵ عەرەب لە ڕیزی کۆمەڵانی خەڵکی وشیار لە کوردستاندا، بەهێزە و تا دێت یەکبوونی خەباتی عەرەبی - کوردی، پتەوتر دەبێت.

شێوازی پەرەسەندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتنخوازانە و مشتوماڵکردنی دروشمە دیموکراتی و شۆڕشگێڕییەکانی و مەزنبوونی دەسەڵاتی پێشڕەوی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕی ئەو بزووتنەوەیە، وا لە یەکگرتنی خۆویستانە دەکەن، دروشمێکی ڕوونی نەتەوەی کورد بێت. بەتایبەت لە کاتێکدا کە نەتەوەی عەرەب وەک هێزێکی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕی نەیاری

ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و هاوپەیمانییە کۆڵۆنیالیستییەکان دەربکەوێت و لە نێو ڕیزەکانیشیدا بانگەوازی دیموکراسیی جەماوەری و سۆشیالیزم و بانگەوازی سەلماندنی مافە پێشکەوتنخوازییەکانی گەلی کوردیش، بێنە سەرەوە.

بە سەیرکردنێکی نەخشەی دۆخی سیاسی لە خۆرهەڵاتماندا، ئەم ڕاستییانەی خوارەوە دەردەکەون:

نەتەوەی عەرەب وەک هێزێکی پێشکەوتنخوازی گەشەسەندوو، بە گژ هێزە ئیمپریالیستی و زایۆنیستی و کۆنەپارێزەکاندا دەچێتەوە و شەڕی قورسیان لەگەڵ دەکات. سەرزەمینی عارەبانیش زیاد لە شۆڕشێکی ڕزگاریخوازیی تێدا سەرپێ کەوتووە، کە شۆڕشی فەلەستینیی وەک سەرتۆپی تێکۆشانی سەرجەم گەلانی خۆرهەڵاتمانە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمیش.

چارەنووسی گەلانی خۆرهەڵات بڕێکی زۆر و بۆ ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو، لەسەر ئەنجامی ئەو ململانێیە دەوەستێت. سەرکەوتنی بەرەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆ (CENTO)، گەڕاندنەوەی خۆرهەڵاتمانە بۆ کۆشی ئیمپریالیزم و کۆیلایەتی و تاریکی و تۆقاندنی بێ چەندوچۆن و بێبەشکردن لە گشت مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان و مەزنبوونی دەسەڵاتی کۆنەپارێزی و ئیمپریالیزم و گەڕانەوەی سەردەمی بەکرێگیراوی و کۆڵۆنیالیزم و بەکۆیلەکردن و لەوێشەوە لەکیسچوونی هەموو دەستکەوتە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازییەکان، کە گەلانی خۆرهەڵاتمان لە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانییەوە بەدەستیان هێناوە.

بەڵام سەرکەوتنی بەرەی نەتەوەیی عەرەبی، دەبێتە هۆی وەشاندنی گورزێکی کوشندە لە ئیمپریالیزم - دوژمنی یەکەمی گەلان - و دروستکراوەکانی لە زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراو، بەرتەسکبوونەوەی زیاتری دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیست و کۆنەپارێز، ڕاماڵینی هەموو پاشماوەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە خۆرهەڵاتمان، ڕووخانی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستانەی ماونەتەوە، سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و بڵاوبوونەوەی بیری پێشکەوتنخوازی و شۆڕشگێڕی و دیموکراسی، کە ئەوەش کەشێکی یاریدەدەری لەبار بۆ ڕزگاربوونی هەموو گەلانی تری خۆرهەڵات لە کورد و فارس و ئازەر

و تورک و ئەوانی تریش لە دەستی ڕژێمە کۆنەپارێز و دیکتاتۆرەکان و لە هەژموونی چینی دەرەبەگ و سەرمایەداری کۆمپرادۆری گۆشکراوی دەستی ئیمپریالیزمی جیهانی، دەخوڵقێنێت.

بۆیە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد وا لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی دەخوازێت، کە شان بە شانی گەلانی عەرەبی و ئێرانی، لە بەرەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆدا بێت؛ تەنیا بەوەش بەرژەوەندی و مافە نەتەوەییەکانی کورد مسۆگەر دەکات. ئەم هاوپەیمانییە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب لە شەڕی گەورەی چارەنووسسازانەیدا، لە هەمان کاتدا برایەتیی عەرەبی - کوردی بەهێز دەکات و کەشێکی لەباریش بۆ سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە لایەن نەتەوەی عەرەبەوە، دەخوڵقێنێت. لە کاتێکدا وەستانی لایەنە بەکرێگیراو و کۆنەپارێزەکانی نێو بزووتنەوەی کوردی لە بەرەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆدا، کەشێکی گوماناوی لە هەمبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەسازێنێت و دەبێتە هۆی ژیاندنەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی و دوورەپەرێزیی نەتەوەیی بۆرجوازیی کوردی، کە یەکەمیان نکۆڵی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکات و دووەمیشیان هەوڵ دەدات داوەکانی خەباتی هاوبەشی عەرەبی - کوردی بپسێنێت.

بەو شێوەیە، دەبینین کە وەستانی گەلی کورد لە بەرەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە دژی سەرسەختترین دوژمنەکانی لە ئیمپریالیست و زایۆنیست و سەنتۆییست و کۆنەپارێزەکان، بە هاوپەیمانیی گەلی عەرەبی شۆڕشگێڕ، ئەو ڕێگەیەیە کە دەیگەیەنێتە ڕزگاربوون و بەجێگەیاندنی داواکاری و بەدەستهێنانی مافەکانیشی.

وەها هەڵوێستێک، بەرەی یەکگرتنی خۆویستانە لەگەڵ عەرەب لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بەهێز دەکات و دادەکوتێت، مەیل و بیری سەربەخۆییخوازی و دوورەپەرێزیی نەتەوەییش لەناو دەبات. ئەگەر هێزە عەرەبییەکان ددان بە داواکارییەکانی نەتەوەی کورددا بنێن و تێبکۆشن تا نەتەوەی کورد، مافە نەتەوەییەکانی خۆی، لە ناویاندا مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا، بەدەست بهێنێت، ئەگەر پێشڕەوە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکان، شۆڕشگێڕانە دژی بیری شۆڤینیزمی

عەرەبی و دیدی خۆبەگەورەزانینی نەتەوەیی تێبکۆشن، کە کاری چینە ئیستیغلالکەرە عەرەبییەکان و ئەو کۆمەڵانەیە کە نوێنەرایەتییان دەکات، وەها ئاڕاستەیەکیش زیاتر و زیاتر بەهێز و پتەو دەبێت. تێکۆشانی پێشکەوتنخوازانی عەرەب بۆ ئەوەی گەلی کورد لە عێراقدا ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنێت، بەشدارییەکی بەبایەخە لە بەهێزکردن و پتەوکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکبوونی نیشتمانیدا. هاوکات تێکۆشانە بۆ پاشەکشەپێکردنی بیری سەربەخۆییخوازی و گۆشەگیریی نەتەوەییش لە کوردستاندا. جا ئیتر بۆچی پێشکەوتنخوازە عەرەبەکان ئەم ئەرکە نیشتمانییەیان ڕانەپەڕێنن؟

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی باسم کردن، بەتایبەت گەر چەند ڕاستییەکی دیاریکراو لەبەرچاو بگرین، لەوانەش ڕوووەرگێڕانی گەلان بەرەو یەکگرتنی خۆویستانە لەسەر بناغەی یەکسانیی تەواوەتی و ویستی ئازاد، پەرەسەندنی هەردوو بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی و کوردی بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتنخوازانە و پێویستیی زۆریان بە هاوخەباتی و ئەو پەیوەندییە بەهێز و بەتینەی لێیەوە دەکەوێتەوە، بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییە هاوبەشەکانیان و تێکەڵیی مێژوویی و ئاینیی نێوان کورد و عەرەب، لەگەڵ دۆخی نەتەوەی کورد لە قۆناغی مێژوویی هەنووکەدا و بنەڕەتە ئابووری و چارەنووسسازەکانی یەکگرتنی عەرەبی - کوردی، دەتوانم بڵێم ئاڕاستەی گشتیی بزووتنەوەی کوردی، لە داهاتووشدا هەر یەکگرتنی خۆویستانە لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا دەبێت.

لە کۆتاییشدا پێویستە لەسەرم زۆر سپاسی ئەو برایانە بکەم، کە بۆ چاپبوونی کتێبەکە بەم شێوەیەی ئێستای، ڕێنمایی و یارمەتیی بایەخداریان پێ دام. لەوانەش برایانی پێشمەرگە، چ زیندوو و چ شەهید، کە لە ئەشکەوت و دۆڵەکاندا کەشی کارکردن و بیرکردنەوە و توێژینەوەیان بۆ ڕەخساندم. هەروەها هەموو ئەو برایانەشی لە لەبەرگرتنەوە و چاپکردن و سەرپەرشتیکردنی هێنانەبوونی کتێبەکەدا، پشکدارن.

**جەلال تاڵەبانی**
**١٩٦٩/٩/٩**

# پاژی یەکەم

## چەردەیەکی مێژوویی دەربارەی گەلی کورد

توێژەرانی مێژووی گەلی کورد بە جۆرێک کۆکن لەسەر ئەوەی، کە بنەڕەتی کوردان زۆر ڕوون نییە و دیاریکردنیشی بە وردی، ئاسان نییە. وەک ئەوەی ئارشاک سافراستیان لە کتێبەکەیدا، کورد و کوردستان[١]، دەڵێت:

"ناتوانرێت بنەڕەتی کوردان بە وردی دەستنیشان بکرێت. کۆنترین تۆماری سۆمەرییەکان دڵنیامان دەکەنەوە لەوەی، کە دوو هەزار ساڵ پێش زایین، گەلێک هەبووە بە ناوی (گۆتۆ) یان (کوتی)، کە دواتر ئاشوورییەکان پێیان وتوون (کرتی)، نیشتەجێی ناوچەی ناوەڕاستەکانی دیجلە بوون لە بۆتان و شاخی جودی (کە عەرەب ناویان ناوە دوورگەی ئیبن عومەر) تا دەگاتە زنجیرەکانی زاگرۆس لە خۆرهەڵاتەوە".

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی توێژەران کۆکن کە کورد بەشێکە لە کۆمەڵەی ئاری، بەڵام لە نێو خۆیاندا گفتوگۆکان لەسەر بنەڕەتی کوردان بەردەوامە. وەک ئەوەی دکتۆر شاکر خصباک لە کتێبەکەیدا، کورد و پرسی کوردی[٢]، دەڵێت:

"لەو بەڵگانەی لەبەر دەستن، دەکرێت بگەینە ئەوەی کە کوردەکان نەوەی کوتییەکانن، ئەو گەلەی لە ئەنجامی زەوجاندنی دانیشتووانی ڕەسەنی چیای زاگرۆس و یەکەمین شەپۆلەکانی ئەو ئارياییانەی ڕوویان لە ناوچەکانیان کردووە، پەیدا بووە".

**1- Arshak Safrastian, Kurds and Kurdistan, London, the Harvill Press Ltd, 23, Lower Bologravest ret 198.**

ل ١٦-١٧ لە چاپی یەکەم. بەڕێز عەبدوڵا شاڵی لە ١٩٦٠ ئەم کتێبەی بۆ کوردی وەرگێڕاوە و لە سلێمانی لە چاپخانەی کامەران، چاپ کراوە.

٢- شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، بغداد، مطبعة الرابطة، ١٩٥٩. دکتۆر خسباک نیشتمانپەروەرێکی عەرەبییە، دکتۆراکەی لە لەندەن بۆ توێژینەوەی (الجغرافية الاجتماعية لمنطقة السليمانية – كردستان العراق) بەدەست هێناوە.

هەردوو خۆرهەڵاتناس، نۆلدکە و هارتمان، بۆچوونێکی تریان هەیە. تیۆریاکەی ئەوان، کە پشت بە بەڵگە فیلۆلۆجییەکان دەبەستێت، کورد گرێ دەداتەوە بە کرتییەکانەوە[٣]. لە تیۆریاکەشیاندا دەیانەوێت بیسەلمێنن، کە وشەی (کرتی) گۆڕاوە بۆ وشەی (کاردا)، دواتریش بۆ (کاردۆخی)، کە بۆ یەکەمین جار زینۆفۆنی یۆنانی لە باسی گەڕانەوەی دە هەزار جەنگاوەر بە کوردستاندا لە ساڵی ٤٠١ پ. ز، ناوی هێناون.

## بۆچوونی مینۆرسکی

مینۆرسکیی گەورە زاناش پێی وایە:

"کوردەکان بنەڕەتێکی ئارییان هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕەگەزی تریشدا تێکەڵ بوون"[٤].

تیۆریاکەی مینۆرسکی لەسەر زانیارییە زمانەوانی و مێژووییەکان بەندە. لە ڕێی توێژینەوەی زمانەوانییشەوە دەگاتە ئەوەی، کە زمانی کوردی سەر بە کۆمەڵەی ئارییە، بەو پێیەشی "زمان بەڵگەیەکی گرنگە لە دیاریکردنی بنەڕەتی ئاخێوەرانیدا، کە وایە گومان نامێنێت لەوەی کوردەکان بە بنەڕەت ئاریین"[٥].

مینۆرسکی لەسەر ئەم باسە، بە دیاریکراوی ئەمەی خوارەوە دەڵێت[٦]:

"زۆر ڕێی تێ دەچێت کە گەلی کورد لە بنەڕەتدا لە خۆرهەڵاتی - ئێرانەوە - بەرەو خۆرئاوا - کوردستانی ئێستا - کۆچیان کردبێت و هەر لە دێر زەمانەوە لەوێ نیشتەجێ بووبێتن. ئەوەش مانای وا نییە کە پێش کۆچکردنی ئەوان، لە کوردستانی ناوەڕاست گەلانێکی تری جیاواز نەبووبن، کە ناویان هەرچییەک بووبێت لە ناوی کوردە هاتووەکانەوە نزیک بووبێت، وەک کاردۆ. ئەوجا گەلی هاتوو بەتەواوی لەگەڵ ئەو گەل یان گەلە خۆجێییانە تێکەڵ بووبێت و بە تێپەڕینی ڕۆژگار و سەردەم، پێکەوە بووبن بە یەک نەتەوە".

---

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤.

٤- أمين زكي بك، تأريخ الكرد وكردستان، ط١، القاهرة، مطبعة السعادة، ١٩٣٦، ص ٤١.

٥- بڕوانە توێژینەوەکەی ڤلادیمیر مینۆرسکی لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا بە ناونیشانی «تحقيق أصل الشعب الكردي».

٦- تأريخ الكرد و كردستان، ط٢، بغداد، مطبعة صلاح الدين، ١٩٦١، ص ٣.

## بۆچونی سیدنی سمیس

سیدنی سمیسی بەریتانی، شارەزای کاروباری شوێنەوارە دێرینەکان، لە توێژینەوەیەکدا، کە بەتایبەت لەسەر داوای مێژوونووسی کوردی کۆچکردوو ئەمین زەکی بەگ نووسیویەتی، دەڵێت: گەلی کورد، یەکێکە لە گەل و نەتەوە هیندۆ - ئێرانییەکان، لە کاتێکدا هاتوونەتە کوردستان، کە میدی و فارسەکان هاتوونەتە وڵاتی فارس[٧].

## بۆچوونی مار

بە پێچەوانەی بۆچوونی زانایانی ترەوە کە باس کران، ن. مار، گەورە زانای سۆڤییێت، پێی وایە[٨]: "کوردەکان دانیشتووانی ڕەسەنی چیاکانی ئاسیای بچووکن". مار ئەم بۆچوونەی لەسەر بنچینەی نەریتەکانی گەلی کورد و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی، بنیات دەنێت و دەڵێت نەریتەکانی کورد، نزیکن لە نەریتی گەلانی پێش خۆیەوە، لەوانەش خواستنی کچە مام و گۆڕانیوتن لە قوڕگەوە.

سەرباری ئەوەی مار، نکۆڵی لە ئاریبوونی زمانی کوردیی ئێستا ناکات، بەڵام لە لێکدانەوەیدا پشت بە کاریگەریی ڕەگەزە هیندۆ - ئێرانییەکان لەسەر کوردان، دەبەستێت. ئەمەش لەگەڵ باوەڕی بەوەی کە زمانی کوردی، لە جەوهەردا زمانی دانیشتووانە ڕەسەنەکەیە و بە زۆر خەسڵەتی ڕەسەندا دەناسرێتەوە.

کونیک، زانای ڕووسی[٩]، پاڵپشت بە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، نیشانی دەدات کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کورد و سەرپاکی ئەو گەلە مەدەنییانەی تردا هەیە، کە لە کۆندا نیشتەجێی ئاسیای ناوەڕاست بوون. لەوەشدا پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئێرانی، دەکاتە بەردی بناغەی تیۆریاکەی، کە دەڵێت: "کوردەکان، هاوشێوەی ئێرانییەکان و گەلانی تری ئاسیای بچووک، بنەڕەتێکی ئارییان هەیە". هەریەک لە

---

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، چاپی یەکەمی عەرەبی، ل ٦١.

٨- باسيل نيكيتين، الاكراد، الطبعة العربية الاولى، بيروت، دار الروائع، ص ٢١.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

بەڕێزان ڕێنان، دۆرن، لیرش، کە لە مێژووی کوردیان کۆڵیوەتەوە، هاوڕای مارن.

بێ هیچ گومانێک، لۆجیکی زانستییانە، ئەو بۆچوون و گێڕانەوە خورافییانەی هەندێک نووسەری دێرینی عەرەب و فارس دەبێزێنێت، کە بەم دواییانە کەسێکی وەک بەڕێز ڕەشید فیل دەیانڵێتەوە، گوایە گەلی کورد لە بنەڕەتدا دەچنەوە سەر (کوردی کوڕی عامر)، یان (سامی کوڕی نووح)، یانیش عیفریتەکانی حەزرەتی سلێمان!

بە پێویستیشی نازانم کە بەڵگە مێژوویی و زانستییەکان بۆ هەڵتەکاندنی وەها بۆچوون و گێڕانەوەیەک، ڕیز بکەم، چونکە بەشی پێویست پووچی و بێماناییان ڕوونە و تاوتوێکردنیشیان تەنیا کاتکوشتنە. بۆیە دەچمە سەر باسێکی کورتی بۆچوونی کۆچکردوو ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسی کوردی و دانەری کتێبی مێژووی کورد و کوردستان – لە دێرزەمانەوە تا ئێستا – کە لە ١٩٣١ بە کوردی و لە ١٩٣٦ بە عەرەبی لە قاهیرە چاپ بووە.

ئەو کتێبە، کە بەڕاستی یەکەمین توێژینەوەی زانستیی مێژوونووسێکی هاوچەرخە دەربارەی بنەڕەتی گەلی کورد و مێژووەکەی، مێژوویەک کە باسیل نیکیتین، مێژوونووسی ڕووسی، بە "مێژوویەکی درێژ و ئاڵۆز" ناوی ببات[١٠].

## بۆچوونی ئەمین زەکی

هەندێک مێژوونووس لە توێژینەوەیاندا دەربارەی بنەڕەتی نەتەوەیەک، هەوڵ دەدەن بیبەنەوە سەر بنەماڵە یان ڕەگەزێکی دیاریکراو، وەک ئەوەی هەمیشە دەربارەی بنەڕەتی تاکەکەسێک دەکرێت. جا نازانن یان خۆیان لەو ڕاستییە گێل دەکەن، کە نەتەوە جیاوازەکان لە توانەوەی چەندان بنەماڵە و ڕەگەزی جیاواز لە بۆتەقەی نەتەوە (بە مانا هاوچەرخەکەی) و لە ئەنجامی کارلێکی مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و بە کاریگەریی بار و دۆخە جوگرافی و مێژووییەکان، پێکدێن[١١].

بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو جۆرە کەسانەوە، تیۆریاکەی ئەمین زەکی بەگ، خاکی کوردستان دەکاتە چەقی خۆی، چونکە بەو ڕاستییەی وەرگرتووە کە توێژینەوە لە نشینگەی گەلێک و ئەو کۆمەڵە مرۆییانەی تێیدا نیشتەجێ بوون، بۆ زانینی بنەڕەتی ئەو

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.
١١- عبدالفتاح ابراهیم، في علم الاجتماع، موضوع الأمم والقومیات.

گەلە و لەوێشەوە پێکهاتنی نەتەوە بە مانا زانستییەکەی، زۆر پێویستە. بۆیە دەڵێت[١٢]:

"کوردستان کە یەکەم نیشتمانی دووەمین نەوەی مرۆڤایەتی و خاڵی بڵاوبوونەوەیانە بۆ جێگەکانی تریش بەپێی ڕووداوەکانی مێژوو، لە بەرەبەیانی مێژوودا گەلانی چیای زاگرۆسی تێدا نیشتەجێ بوون، کە ئەوانیش گەلانی (لۆلۆ) و (گۆتی) و (خالدی - کالدی) و (سوبارۆ - هوری)یەکانن. گەلی عیلامی لەوپەڕی خۆرهەڵاتی باشووریدا نیشتەجێ بوون. لەبەر هەندێک لێکچوونی زمانەوانی، بەشێک لە خۆرهەڵاتناسان وای بۆ چوون، کە ئەم گەلانە لە خێزانی قەوقازییەکانن. ئەم گەلانەش، جگە لە گەلی عیلامی، بنەڕەتی زۆر دێرینی گەلی کوردن". ئەمین زەکی زانای گەورە، بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

"وا دیارە لێشاوی کۆچکردنەکانی ڕەگەزی ئاری (هیندۆئەوروپی) سەرەتا بەرەو چیاکانی زاگرۆس و دواجاریش بۆ خۆرهەڵات و خۆرئاوای - باوەڕ وایە کە ئەم کۆچکردنانە لە سەدەکانی دەیەم و نۆیەمی پێش زاین، دەستیان پێ کردبێت[١٣]، وای کرد پاشماوەی دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکانی چیای زاگرۆس و وڵاتی کوردستان، بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەو هاتووە نوێیانە و بەوەش هەموویان بووبن بە ئاری. گەلی میدییش بەهێزترین و گەورەترینی نێو ئەو گەل و کۆمەڵە هاتووانە بووە، کە سەرەتا لە خۆرهەڵاتی دەریاچەی ئورمیە (ڕەزائییە) نیشتەجێ بوون. ئینجا گەلە ئارییەکانی تریش، پارس، مانای، پارسیوی، پارت، کاردشوس، هاوشێوەی ئەوان کۆچیان کردبێت"[١٤].

## بۆچوونی نووسەر

بە بۆچوونی من، گەلی کوردی ئێستا، لە هەزاران، بەڵکو دەیان هەزار ساڵەوە، لە نیشتمانی خۆیدا، کوردستان، نیشتەجێیە. کنە و هەڵکۆڵینە ئاسەوارییەکانی ئەم دواییە لە ئەشکەوتی شانەدەر و دوکان (چەمی ڕەزان - زەرزی) و چەند شوێنێکی تریش،

١٢- الكرد وكردستان، الطبعة العربيط الأولى، ص ٦٣-٦٤.

١٣- کرۆزۆن لە پێشەکیی گەشتەکەیدا بۆ ئێران، دەڵێت ئەگەری زۆرە کە ئەو کۆچکردنە، بیست سەدە پێش زاین بووبێت. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٤- چاپی یەکەمی عەرەبی.

ئەوەیان سەلماندووە، کە نیشتمانی گەلی کورد (کوردستان) هەر لە دەیان هەزار ساڵەوە، خەڵکی لێ ژیاوە. واتە هەزاران ساڵ پێش ئەو کۆچکردنانەی زانای گەورە ئەمین زەکی، باسی کردوون، کۆمەڵەی مرۆیی جیاواز لە کوردستاندا ژیاون. بێگومان ئەو گەل و کۆمەڵە مرۆییانەشی هاتنە کوردستان، ئاسمان هەڵینەلوشین، زەوی قووتی نەدان، بەڵکو بە کاریگەریی فاکتەری ئابووری و سیاسی و ئاینی و سەربازی و هی تریش، لەگەڵ دانیشتووانە ڕەسەنەکەدا تێکەڵ و ئاوێتە بوون.

بە تێپەڕینی کات، ئەو بنەماڵە و گەلانەی هاتنە کوردستان، لەگەڵ دانیشتووانی ڕەسەن لە بۆتەقەی نەتەوەی کوردیی ئێستادا، توانەوە. هەرچەندە ئەو نەتەوەیە یەک بنەڕەتی نەبوو، بەڵکو، وەک ئەوەی توێژینەوەکانی دکتۆر هامی دەربارەی کوردەکان سەلماندویەتی، تێکەڵەیەکی زۆر تێکەڵ بووە، کە لە بنەماڵەیەکەوە بۆ یەکێکی تر هەندێک خەسڵەتی جیاواز بینراوە. بۆیە تیۆریای کۆنەپارێزانەی بێمانای خوێنی پاک، کە کەسانێک دەیانەوێت بیئاخننە نێو مێژووی کوردەوە، لێرەشدا و لە پەیوەندیی بە مێژووی کوردییشەوە، هەر پووچە.

بێگومان هەڵکۆڵین و لێوەکۆڵینی زانستیی ئاسەوارە مێژووییەکانی نێو کوردستان، ئەو ناڕوونییەی لە بنەڕەتەکانی گەلی کورد و هەندێک قۆناغی مێژووە درێژەکەیەوە ئالاوە، دەڕەوێنێتەوە. بەتایبەت گەر بزانین زۆر ناوچەی کوردستان هەن، کە ئاسەواری مێژوویی گرنگیان تێدایە، بەڵام هێشتا بەدواداچوون و لێوەکۆڵینی پێویستیان بۆ نەکراوە و دەستی ئاسەوارناسانیان پێ نەگەیشتووە. وەک ئەوەی باسیل نیکیتین لە کتێبەکەی—کوردەکاندا[١٥] باسی دەکات، "کێڵگەیەکی بەرفراوان هەس، کە هێشتا زانست ناوی نەبردووە. دیکسن کە سەری لەو ناوچانە داوە، گوتوویەتی دەگمەنن ئەو وڵاتانەی کەلاوە و قەڵای ئاسەوارییان وەک ئەوانەی کوردستان تێدا بێت؛ بەڕاستی کوردستان فیردەوسی شوێنەوارناسانە!".

ئەوەی هیچ گومان هەڵناگرێت، ئەو نەتەوەی کوردەی بە هەزاران ساڵ و لەسەر خاکی کوردستان پێک هاتووە، حەقیقەتێکی ئۆبجێکتیڤی ئاشکرایە، کە نکۆڵیکردن و هەوڵی

١٥- چاپی یەکەمی عەرەبی، ل ١٣٩.

سڕینەوەی خەسڵەتەکانی، یان بەعەرەبکردن و بەفارسکردن و بەتورککردن، لەگەڵیدا نایخوات.

بەڵکو بەپێچەوانەوە، نەتەوە وەک لێکەوتێکی مێژوویی بابەتیی، چۆن بە قۆناغەکانی دەستپێکردن و گەشەکردندا تێپەڕیوە، ئاواش هەر دەبێت لە ڕێی ڕزگاربوون لە داگیرکاریی بیانی و کۆڵۆنیالیزم و ئیستیغلالکردنی ناوخۆییەوە، بە قۆناغەکانی پێگەیشتن و کامڵبووندا بڕوات.

ئەوەش ویستی مێژووە و بەراوەژوو ناکرێتەوە، دەبێت قانونەکانی بەسەر نەتەوەی کوردیشدا پێڕەو بکرێن.

# کوردستان یان وڵاتی کوردان

## مانا و سنوور

کوردستان واتە وڵاتی کوردان، لە ڕووی زمانەوانییەوە لە هەردوو وشەی (کورد) و (ستان - وڵات یان جێگە) پێک هاتووە، بۆ نموونە ئەفغانستان واتە وڵاتی ئەفغان، بلوجستانیش واتە وڵاتی بلوج.

لە چەندان سەدە پێش ئێستاشەوە، بە نیشتمانی گەلی کورد وتراوە کوردستان. بۆیە کوردستان ناو یان ڕەمزی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو نییە، هەروەک پاکستان بۆ نموونە، بەڵکو کوردستان ناوێکی جوگرافی و مێژوویی وڵاتی کوردانە[١٦].

## بۆچوونی شاکر خصباک

شاکر خصباک، کە عەرەبێکی عێراقیی پسپۆڕە لە جوگرافیای کۆمەڵایەتیی کوردستانی عێراق، دەربارەی کوردستان و ناوەندی جوگرافیی دەڵێت[١٧]: "ناوەندی جوگرافییەکەی بە چەندان شێوە لێک دراوەتەوە. هەرچەندە لە ڕووی ڕەگەز و نەتەوەوە، وشەی کوردستان واتە ئەو وڵاتەی کوردان نیشتەجێین، بەڵام سنووری جوگرافیی ئەو زاراوەیە، هەموو جارێک لەگەڵ لایەنی ڕەگەز یان نەتەوەدا نەهاتووەتەوە. لەوانەیە کۆنترین ئەو سەرچاوانەی زاراوەی کوردستانیان تێدا هاتبێت، سەرچاوە یۆنانییەکان بن. نووسەرە یۆنانی و ڕۆمانییەکان بە کوردستانیان دەوت (کوردۆنۆس) یان (کوردیای)، سریانییەکانیش پێیان

١٦- بۆیە ئەوە دەڵێم، چونکە هەندێک لە ڕەگەزپەرستە دەمارگیرەکان پێیان وایە، کە کوردستان ڕەمزێکی خوڵقێنراوی دەستی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆییخوازە! بگرە کاری هەندێکیان گەیشتووەتە ئاستێک، کە تەنیا ناوهێنانی کوردستانیش، بە سەربەخۆییخوازی و کوفر دابنێن! ڕاستییەکەی، ئەوە شۆڤینیزمی کوێرانەیە کە قسەڵۆک و وێناکردنی وەک ئەوە دەخاتە سەر زاران و هیچی تر. ئاخر کوردستان وشەیەکە، سەدان ساڵە بۆ ئاماژەکردن بە نیشتمانی گەلی کورد بەکار هاتووە، تەنانەت پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی، کە داوای پێدانی مافە نەتەوەییەکان بە گەلی کورد بکات.

١٧- د. شاکر خصباک، الکرد والمسألة الکردیة، ط ١، مطبعة الرابطة، بغداد، ص ١٣ — ١٤.

وتووە (کاردۆ). مەبەست لەم ناوانەش، مەنزڵگەی کاردۆخییەکان بووە، کە دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان دیاربەکر و نسێبین و زاخۆوە. جگە لەوەی سنوورەکەی زۆر ڕوون نەبووە، ئەو ناوچانەش سەرجەمی ئەو ناوچانە نەبوون کە کوردەکان بە کردەوە تێیدا نیشتەجێ دەبوون. نووسەرە عەرەبە کۆنەکان لە باسی وڵاتی کورداندا، ناوە یۆنانییەکانیان بەکار نەدەهێنا، بەڵکو پێیان دەوت (هەرێمی چیاکان). ئەو هەرێمەش ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە دەکەوتنە نێوان باکووری خۆرئاوای ئێران تا ئورمیە، لە پێدەشتەکانی عێراقەوە درێژ دەبووەوە تا بیابانی گەورەی ئێرانی و ناوچە شاخاوییەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئازەربایجانیشی لەخۆ دەگرت. ڕاستییەکەی، هەرێمی چیاکان ئەو ناوچەیە بوو، کە نووسەرە یۆنانییەکان پێیان دەوت (میدیا). دواتر مێژوونووسە عەرەبەکان هەمان ناوچەیان ناو نا عێراقی عەجەمی، بۆ ئەوەی لە عێراقی عەرەبی جیای بکەنەوە".

دکتۆر خصباک بەردەوام دەبێت و دەڵێت[١٨]: "وا دیارە وشەی کوردستان وەک زاراوەیەکی جوگرافی، بۆ یەکەمین جار لە سەدەی دوازدەیەمی زاینی و لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا، سەری هەڵداوە. سوڵتان سنجەر بەشی خۆرئاوای هەرێمی چیاکانی دابڕیوە و خستوویەتییە سایەی دەسەڵاتی سلێمان شاهی خزمی. ئەم ویلایەتە، خاکی نێوان ئازەربایجان و لوڕستان - سنە، دەینەوەر، هەمەدان، کرماشان و هتد - و ناوچەکانی خۆرئاوای چیای زاگرۆس، وەک شارەزوور[١٩] و کۆیسنجەقی دەگرتەوە.

"دواتر مێژوونووسانی عەرەب ئەو زاراوە جوگرافییەیان بەکار هێناوە. یەکەمین دەرکەوتنیشی لە کتێبی (نزهة القلوب)ی مستەوفی قەزوینیدایە[٢٠]، کە لە ٧٤٠ی کۆچییدا نووسیویەتی. پێدەچێت دواتر ئەو زاراوەیە گشتێنرابێت، بۆ ئەوەی گشت میرنشینە

---

١٨- ل ١٤-١٥.

١٩- شارەزوور زاراوەیەکی دێرینە، وەک ئاماژەدان بە ناوی لیواکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و، بەشێک لە قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و شەهرەبان و، هەندێک جار لیوای موسڵیش، بەکار هاتووە. لە سەردەمی عوسمانییدا تەنانەت لە تۆمارە ڕەسمییەکانیشدا بەکار دەهات. تا ئێستاش لە تۆماری فەرمانگەکانی تاپۆ لە عێراقدا، ئەو زاراوەیە بەو مانایەی پێشتر باس کرا، هەر ماوە.

٢٠- حمدالله المستوفي القزويني، نزهة القلوب، ٧٤٠ هـ راجع كتاب لو سترانج، بلدان الخلافة الشرقية، الطبعة الفارسية، ترجمة محمود عرفان، الفصل السادس ص ٩٣ و الثالث عشر ص ٢٠٠.

فیوداڵییە کوردییەکانی تورکیا و ئێرانیش، بگرێتەوە".

دکتۆر خصباک لە لاپەڕە (١٦)ی کتێبەکەیدا[٢١] دەڵێت: "ڕاستییەکەی، کوردستان لە هەمان کاتدا زاراوەیەکی جوگرافی و ڕەگەزییە". لە باسی سنووری کوردستانیشدا، دکتۆر خصباک هەمان بۆچوونی مەیجەر ئێدمۆندسی هەیە، کە پاش هەندەک باسی دەکەین، دەڵێت: "ئەگەر لوڕەکانیش بە کورد بزانین، وەک ئەوەی زۆر بەڵگەی مێژوویی و زمانەوانی پشتڕاستی دەکەنەوە، ئەوکات سنووری کوردستان تا کەنداوی فارسی و بە درێژایی چیای زاگرۆس، دەڕوات"[٢٢].

دکتۆر خصباک لە درێژەدا دەڵێت: "کە وایە کوردستان وڵاتێکی خاوەن سنووری سروشتی و دانیشتووانێکە لە ڕەگەزێکی جیاواز. بەڵام هەرچەندە سنووری سروشتیی جیاوازی خۆی هەیە، سنووری سیاسیی نێودەوڵەتیی خۆی نییە".

## بۆچوونی نیکیتین

باسیل نیکیتین لەم ڕووەوە دەڵێت[٢٣]: "وشەی کوردستان واتە وڵاتی کوردان، ناوچەیەکی بەرفراوان بەبێ سنووری سیاسی. سنجار کە کۆتا پاشای سەلجوقییەکان بوو، لە سەدەی دوازدەیەمی زاینیدا ئەو ناوەی لە یەکێک لە هەرێمەکانی شانشینەکەی نا. ئەو هەرێمەش چەند ویلایەتێک بوو، کە زنجیرە چیای زاگرۆس لێکی دادەبڕین. لە خۆرهەڵاتی ئەو چیایەوە ویلایەتەکانی هەمەدان و دەیناوەر و کرماشان، لە خۆرئاواشەوە هەردوو ویلایەتی شارەزوور و سنجار هەبوون. پایتەختەکەشی قەڵای بەهار بوو لە باکووری خۆرهەڵاتی هەمەدان. ئەو ناوچەیەش پێش سەدەی دوازدەیەمی زاینی پێی دەوترا چیاکانی جزیرە یان دیاربەکر. یەکەمین مێژوونووسێکیش ناوی کوردستانی هێنابێت، مستەوفی قەزوینییە لە کتێبی (نزهة القلوب)ی ساڵی ٧٤٠ی کۆچیی، واتە سەدەی چواردەیەمی زایینیدا".

---

٢١- ل ١٦.

٢٢- ل ٢٠.

٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٥.

نیکیتین بەردەوام دەبێت و دەڵێت[٢٤] :

"لە سەدەی پازدەیەمدا کوردستان زۆربەی بەشەکانی لەدەست دا، چونکە فارسەکان هەردوو ویلایەتی هەمەدان و لوڕستانیان داگیر کرد. بەوەش لە کوردستانی فارسی، تەنیا ویلایەتی ئەردەڵان و سەنەندەجی پایەختی مایەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمیشدا، عوسمانییەکان ناوی کوردستانی تورکییان نا لە یەکێک لە ویلایەتەکانیان، کە هەریەکە لە لیوای دێرسیم و لیوای مووش و لیوای دیاربەکری دەگرتەوە".

لەوەی ڕابرد دەگەینە ئەوەی، کە مەبەست لە کوردستان، هەرچەندە سنووری سیاسیی نێودەوڵەتیی نەبێت، یان لە نێوان دەوڵەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و بەشێک لە سووریاشدا دابەش کرابێت، هەر نیشتمانی گەلی کوردە. ڕووبەریشی بە حوکمی داگیرکاریی بیانی و هەڵکشانی بنەماڵە عەرەبییەکانەوە بەرەو کوردستان لە عێراق و سووریا، کەمتر بووەتەوە. ئەو شاری مووسڵەی ئێستا مۆرکێکی عەرەبیی زاڵی پێوەیە، لە سەدەی چوارەمی کۆچییدا، زۆرینەیەکی کوردیی ڕەها تێیدا نیشتەجێ بوون. لو سترەینج لە کتێبەکەی (وڵاتی خەلافەتی خۆرهەڵاتی)دا[٢٥] دەڵێت: "خەڵکی مووسڵ، لە سەدەی چوارەمی کۆچییدا بەگشتی کورد بوون". دەکرێت هەمان شت دەربارەی شاری تکریت بوترێت، کە هێشتا کۆمەڵێک خەڵکی بە بنەڕەت کورد، بەتایبەت خێڵی کیکی، تێیدا دەژین[٢٦].

## بۆچوونی نووسەرانی عەرەب

جوگرافیناسە عەرەبە کۆنەکان، سنووری عێراقیان بە هێڵێک دەستنیشان کردبوو، کە بە باکووری ئەنبار بەسەر فوراتدا دەڕوات تا تکریت لەسەر کەناراوی دیجلە. ئەو دوو شارەش سەر بە عێراق بوون.

دکتۆر فازڵ حسێن دەڵێت[٢٧] : "بۆ ئەم مەبەستە، لیژنەکەی کۆمەڵەی گەلان گەڕانەوە بۆ

---

٢٤- ل ٢٥.

٢٥- بلاد الخلافة الشرقية، لندن، ١٩٠٥.

٢٦- بڕوانە کتێبەکەی لو سترەینج، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، بەشی دووەم، ل ٢٦ لە چاپە فارسییەکەی.

٢٧- مشكلة الموصل، ص ٧٨.

زۆرێک لە مێژوونووس و جوگرافیناسە عەرەبە کۆنەکان، زۆر نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی ئەوروپیی نێوان سەدەی شازدە و سەدەی بیستیان بینی، سەفەرنامەی هەموو سەردەمەکان و کتێبی جوگرافیی خوێندنگە ناوەندییە عەرەبییەکانیان لە میسر پشکنی و گەیشتنە ئەوەی کە سێ ناوچەی ڕوون هەن: عێراقی عەرەبی، جەزیرە و کوردستان. عێراق لە باکوورەوە لە هیت - تکریت یان ناوچەی چیای حەمرین تیناپەڕێت. ئەوەشی کە هیچ پارچەیەک لە زەوییە جێناکۆکەکان هەرگیز بەشێک نەبووە لە عێراقی عەجەمی، گومانی نەدەویست. جەختیشیان لەوە کردەوە، کە لە هەموو ئەدەبیاتی جوگرافیی سەروەختی فتوحاتی عەرەبییەوە تا کاتی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە، واتە ١٩٢٥، زەوییە جێناکۆکەکان وەک بەشێک لە عێراق باس نەکراون و دانەنراون و دەرنەکەوتوون. بۆ خەڵکی ویلایەتی مووسڵیش، وشەی (عێراق) وەک ناوێک بۆ وڵاتەکەیان، ئاشنا نەبووە".

بە هەمان شێوە، شاری کەرکووکیش کوردەکان بنیاتیان ناوە و ناوچەکەش نشینگەی (کووتییەکان) بووە، کە پێش هاتنی عەرەب بۆ باشووری عێراق، تێیدا نیشتەجێ بوون.

فایەق سامەڕائی لە ڕۆژانی پەناهەندەیی لە قاهیرە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، توێژینەوەیەکی نووسیوە. تێیدا ئەو ڕاستییە جەخت دەکاتەوە کە سنووری کوردستان لە باشوورەوە، چیای حەمرینە کە دەیان کیلۆمەتر لە باشووری کەرکووکەوەیە. سامەڕائی دەربارەی سنووری کوردستان دەڵێت[٢٨]: "کوردستان بە مانا هەرە فراوانەکەی، واتە ئەو وڵاتەی کە کوردان وەک کۆمەڵەیەکی یەکگرتووی لێکچوو، تێیدا نیشتەجێن. ئەو وڵاتەش لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و هەندێکیش یەکێتیی سۆڤییێت و سووریادا، دابەش کراوە. لە باکوورەوە سنوورەکەی بە یەریڤان و ئەرزڕوم و ئەرزنجاندا دەڕوات، واتە بە کەوانەیەکدا کە لە مەرعەشەوە تا حەڵەب لەخۆ دەگرێت. لە باشووری خۆرئاواشەوە لە دامێنی چیاکانەوە تا ڕووباری دیجلە دەڕوات، دواتریش لە خۆرهەڵاتی دیجلەوە تا بەرەو خوار، ئینجا بەرەو باکوور لەگەڵ هێڵی چیای حەمرین دەکشێت تا مەندەلی لەسەر سنووری عێراق و ئێران". سامەڕائی باسی ئەوەش دەکات، کە تورکمان و نەستوورییەکانیش لە کوردستان دەژین و ئاماژە بۆ بوونی تورکمان لە کەرکووک و تووز و

٢٨- أحمد فوزي، خناجر وجبال – لأحرار العراق، الطبعة العربية الاولى، ص ٢٠-٢١.

کفری و هەولێر و تەلەعفەریش دەکات.

بەڵام عەبدولڕەزاق حەسەنی، مێژوونووسی عێراقی، لە بارەی سنووری کوردستانەوە دەڵێت[29]: "کوردەکان لە چەندان شار و گونددا نیشتەجێن، بە هێڵێکی ڕاست لە سنووری عێراق - ئێرانەوە دەست پێ دەکات، لە چیای حەمرینەوە درێژ دەبێتەوە تا چیای سنجار، تا ئەوەی دەلکێت بە سنووری عێراق-سووریاوە". هیلال ناجیی پارێزەریش لە توێژینەوەکەیدا لە قاهیرە[30] وەک توێژینەوەی نەتەوەپەروەرێکی عەرەبی لە کێشەی کوردی، خۆی لە قەرەی پرسی نەوت داوە و دەڵێت: ڕاشکاوانە قسە بکەین، لەبەر هەبوونی نەوتی کەرکووک لە کوردستان، هەندێک لە نەتەوەپەروەران دژی پێدانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردن. بەڕێز ناجی داوای ڕەتکردنەوەی وەها بیرۆکەیەکی کردووە، بەتایبەت کە نەتەوەی عەرەب سامانێکی نەوتیی زەبەلاحی هەیە و دەڵێت: "ڕاستییەکەی، پرسی کوردی، بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، نەک لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوی کە کوردەکانی لێ نیشتەجێن، لە عێراق جیا دەبێتەوە لەبەر ئەوەی خەڵکەکەی مەیلیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیانە. بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆرینەیەک پێیان وایە، کە سەربەخۆبوونی کوردان واتە لێکردنەوەی چاوگە دەوڵەمەندەکانی نەوت لە عێراقی عەرەبیمان و بێبەشکردنی لێیان. جا لێرەوەیە کە بایەخێکی زۆر بە یەکێتیی فووتێکراوی عێراقی دەدەن و ئەم وەهمەش، هەر لە بنەوە بەراوەژووە.

نەتەوەی کورد حەقیقەتێکی ئۆبجێکتیڤە. کوردانی عێراقیش بنەمای نەتەوەیی ڕوونی خۆیانیان هەیە. لە بەرژەوەندیی نەتەوەی عەرەبە کە ددان بە مافی چارەی خۆ نووسینی کوردان لە چوارچێوەی یەکێتییەکی فیدراڵ یان کۆنفیدراڵیدا، بنێت. ئەمەش ببێتە سەرەتای هاریکاری و برایەتییەکی بەردەوام، نەک ئەوەی خۆگێلکردنمان لە واقیع و مێژوو و چاوەڕوانییەکانی گەل، هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی ئەو گەلە، زوو بێت یان درەنگ، بە زەبری چەک ئازادیی خۆی بەدەست بهێنێت. جا گەر سەریش نەکەوت، ببێتە خەنجەرێکی خیانەت لە پشتی سەرجەم بزووتنەوە نەتەوەییە عەرەبییە ڕزگاریخوازەکان

٢٩- العراق قديما وحديثا، الطبعة العربية، ص ٣٣-٣٤.
٣٠- خناجر وجبال، الطبعة العربية الاولى، ص ٧٠.

لە عێراقدا". سەرباری ئەوەش، شاری کەرکووک لەو ڕاپرسییەی کە بەریتانیا بۆ دانانی میر فەیسەڵ وەک پاشای عێراق، ڕێکی خست، دژی لکاندنی بە عێراقی عەرەبییەوە، دەنگی دا. بۆ ئەوەش زۆر بەڵگەنامەی ڕەسمیی عێراقی و بەریتانی هەن، وەک چۆن هێشتا زۆربەی دانیشتووانی شاری کەرکووک، کوردن و دوای ئەوانیش تورکمان دێن، کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی شار پێکدێنن. عەرەبەکانیش هێشتا کەمینەیەکن، لە ١٠٪ی خەڵکی کەرکووک زیاتر نابن. ئەو ناوچانەشی کە نەوتیان لێ دەرهێنرا، بەتەواوی کوردی بوون، پڕ بوون لە گوندی کورد کە جگە لە خۆیان، کەسی تریان تێدا نەبووە، تا ١٩٦٣ کە حکوومەتی ئەوکات کوردانی لە گوندەکانیان ڕاگواست و خێڵە عەرەبەکانی هێنا و بە بەرچاو و بەرگوێی ڕای گشتیی جیهانییەوە، لەو گوندانەدا نیشتەجێی کردن.

## بۆچوونی ئێدمۆندس

مەیجەر ئێدمۆندس دەربارەی سنوورەکانی کوردستان، لە کتێبەکەی (کورد و تورک و عەرەب)دا[31] دەڵێت: "کوردستان واتە ئەو خاکەی کوردان وەک کۆمەڵەیەکی لێکچوو، تێیدا دەژین. بەسەر هەریەک لە تورکیا و عێراق و ئێران و هەندێکیشی لە سووریا و یەکێتیی سۆڤیێتیدا، دابەش کراوە. سنووری لە باکوورەوە لە هێڵی ئەریڤان – ئەرزڕوم – ئەرزنجانەوە درێژ دەبێتەوە، دواتر بە دەوری مەرعەشدا دەخولێتەوە بەرەو حەڵەب، لە باشووری خۆرئاواشەوە لە گردۆڵکە پلە بە پلەکانەوە بەرەو دیجلە، پاشان تۆزێک باکووری چیای حەمرین تا خاڵی سەرسنووری عێراق و ئێران لە نزیک مەندەلی. لە خۆرهەڵات لە ئێران، سنووری کورد بەرەو باشووری خۆرهەڵاتی ئەریڤان دەکشێت، کە هەرێمی ماکۆ و بەشێک لە خوئی و ڕەزائیە و مەهاباد، سابڵاخ، سەقز، سنە و کرماشان دەگرێتەوە". دکتۆر شاکر خصباک، کە عەرەبێکی پسپۆڕە لە جوگرافیای کوردستانی عێراق، بۆچوونی ئێدمۆندس پشتڕاست دەکاتەوە و لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدایە کە "لوڕەکان کوردن، بۆیە سنووری کوردستان دەگاتە کەنداوی فارسی".

31- Kurds, Turks and Arab, London, 1957, p. 3.

دێرک کینەن-یش دەربارەی هەمان بابەت دەنووسێت[32] : "کوردستان واتە ئەو خاکەی کوردەکان تێیدا زۆرینەیەکی ڕەهان، بە جۆرێک کە ژمارەیان زیاترە لەو کەمینانەی لە نێویاندا دەژین. ئەو خاکە پڕە لە دۆڵی دەورەدراو بە چیا، کە وردە وردە شۆڕ دەبێتەوە بۆ گرد و پاشان پێدەشت. ئەوەش سەرزەمینی کوردە شاخاوییەکانە، کە هەندێکیان تا ئێستاش دەوارنشین و گەڕۆکن، لەگەڵ کوردانی پێدەشتەکان کە دانەوێڵە دەچێنن یانیش لە شارەکاندا دەژین، کە هەندێکیان گەلێک دێرینن.

نەک سامانی کانزایی کەم نییە، بەڵکو کوردستان یەکێک لە گەورەترین و دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتییەکانی جیهانی تێدایە. لە سنووری باشوورەوە ئەو کێڵگانە شاری کەرکووک لەخۆ دەگرن. جگە لە چەند کێڵگەیەکی تریش لە باکوور، لە عەین زالە و بەتمە و زۆر بیری تر لە ناوچەکانی تریش، بەڵام کێڵگەی کەرکووک دەوڵەمەندترینیانە".

بە هەمان شێوە، ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسیش لە کتێبی کورد و کوردستاندا، نەخشەیەکی ئەو ناوچانەی زۆرینەیەکی ڕەهای کوردیان تێدا دەژی، کێشاوە.

## بۆچوونی نووسەر

بە بۆچوونی من، کوردستانی ئێستا - ئەو وڵاتەی کوردان تێیدا نیشتەجێن و چەند کەمینەیەکی نەتەوەییشی تێدایە - کە بە درێژایی مێژوو کەمتر بووەتەوە، دیاریکردنی بە وردی زۆر قورسە. بەڵام دیاریکردنی مومکینە، بەتایبەت کە کوردان هێشتا لەسەری دەژین، جگە لە هەندێک بەش کە زەوت کراون و پاش وەدەرنانی دانیشتووانە کوردەکانیان، خەڵکی تریان تێدا نیشتەجێ بووە.

بە باوەڕی من، پێویست ناکات بابەتی کەرکووک ناکۆکیی بخوڵقێنێت، چونکە یەکەم، گەلی کورد دژی جیابوونەوەیە لە عێراق، پاشان سامانی عێراق، جا لە باکوور، ناوەڕاست یان باشووری بێت، دەبێت بۆ جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش بێت بە عەرەب و کورد و تورکمانەوە.

کوردستان پێگەی بڕبڕەی پشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هەیە. هێڵی سنوورەکەی

32- The Kurds and Kurdistan, London, 1964, p. 1.

لە باکووری خۆرهەڵاتەوە لە چیای ئاراراتەوە دەست پێ دەکات و بە ئاڕاستەی پشتکۆ کە ناوچەکانی خۆرئاوای ئێرانی ئێستای دەگرێتەوە، نەوی دەبێتەوە. وەک چۆن لە باشوور، کوردستانی عێراق لە مەندەلییەوە و بە هاوتەریبی چیای حەمرین تا دەگاتە دووڕیان لەگەڵ دیجلە، دەگرێتەوە. لەو حاڵەتەشدا دەکرێت هێڵێکی ڕاست بە ئاڕاستەی لیوای ئەسکەندەرونە بکێشرێت، کە لەوێشەوە هێڵی سنوور درێژ دەبێتەوە بەرەو ئەرزەڕۆم و لەوێوە تا لوتکەی چیای ئارارات. بۆ ڕووبەری کوردستانیش، بەپێی خەملاندنی زۆر ورد (٤٠٩٦٥٠) کم چوارگۆشەیە و بەپێی هەندێک خەملاندنی تر دەگاتە (٤٥٠٠٠٠) کم٢.

دووەم، لەبەر ئەوەی نەوتەکەی کوردستان، بەبێ عێراق و یەکێتیی عێراقی، سوودی لێ نابینرێت. سێیەم، لەبەر ئەوەی نەتەوەی عەرەبی پێشکەوتنخواز، تەماحی پێکەوەلکاندن و خستنەپاڵی نییە. تا کاتێک عەرەب و کورد سوورن لەسەر پێکەوەژیان لە سایەی یەک دەوڵەتدا، تا کاتێک هەمووان سوورن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی جوداخوازی و توانەوە، پێویستە بابەتی کەرکووک مایەی ناکۆکی نەبێت.

پێم وایە نەخشەکەی ئەمین زەکیی ڕەحمەتی، بۆ ئەوە دەشێت بکرێتە بنەڕەتێک بۆ کێشانی نەخشەی ناوچەکانی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو نەخشەیە ڕەگەزییە، واتە دانیشتووانە کوردەکانی هەنووکەی تێدا دیاری کراوە، نەک ئەو شوێنانەی کە کەمینەی نەتەوەیی تری شان بە شانی کوردیان تێدا دەژی.

بێگومان پرسی سنوور لە نێوان نەتەوە تێکەڵەکاندا، کە چەندان سەدە لە سایەی یەک دەوڵەتدا پێکەوە ژیاون، لە ئاڵۆزترین و قورسترین کێشەکانە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی هاتنە ئارای فاکتەرە ئابووری و نەوتییەکان لە بابەتەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا چارەسەرکردنی مەحاڵ نییە، گەر بێت و ڕەچاوی حەقیقەت و ڕاستییە مێژوویی و مادییەکان بکرێت و بە ڕۆحی لێبووردەیی نەتەوەییەوە، دوور لە چاوتێبڕین و نیازی جۆراوجۆر، مامەڵە بکرێت.

## دانیشتووانی کوردستان

خەملاندنی ڕەسمیی دانیشتووانی کورد لەگەڵ خەملاندنی ناڕەسمی، جیاوازن، چونکە سیاسەتی تۆرانی لە بنەڕەتەوە نکۆڵی لە هەبوونی نەتەوەی کوردی دەکات. هاوکات شاهەنشاهیی ئاری، کورد بە بەشێک لە نەتەوەیەکی ئاریی بانگەشەبۆکراو دادەنێت، کە نکۆڵی لە حەقیقەتی بوونی نەتەوەی کورد دەکات. بەربەستێکی تری بەردەم خەملاندنێکی وردی دانیشتووانی کورد، نەبوونی سەرژمێریی وردی دانیشتووانی کوردستانی پارچە پارچە کراوە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی خۆتۆمارکردن لە لایەن جووتیار و خێڵە کوردییەکانەوە لە سەروەختی سەرژمێریی ڕەسمییدا لەبەر ترسیان لە سەربازی و باجدان.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین خەملاندنی تری دانیشتووانی کورد هەن. بۆ نموونە، ئینسکلۆپیدیای سۆڤییێتی لە ١٩٢٥دا، دانیشتووانی کورد بەم شێوەیە دەخەمڵێنێت:

دوو بۆ سێ ملیۆن لە تورکیا، دوو ملیۆن بۆ دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار لە ئێران، ملیۆنێک و دووسەد هەزار لە عێراق، سێسەد هەزار لە سووریا، دووسەد هەزار لە پاکستان و ئەفغانستان. لە ١٩٣٩ لە ئەرمینیای سۆڤییێتدا ٤٥٨٦٦ کورد هەبوون. بەپێی ئینسکلۆپیدیای سۆڤییێت بێت، کۆی دانیشتووانی کورد نزیکەی حەوت ملیۆنە.

لای خۆیەوە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئاوا باسی ژمارەی کوردان دەکات:

چوار ملیۆن و شەشسەد هەزار لە تورکیا، سێ ملیۆن لە ئێران، ملیۆنێک و چوارسەد هەزار لە عێراق، چوارسەد هەزار لە سووریا. بەو پێیەش، ژمارەی کوردانی کوردستان دەکاتە نۆ ملیۆن و چوارسەد هەزار کەس. دکتۆر قاسملوو ژمارەی کوردانی دەرەوەی کوردستانیش بە زیاتر لە ملیۆنێک دەخەمڵێنێت، بۆیە ژمارەی کۆتایی لای ئەو دەبێتە دە ملیۆن و چوارسەد و پەنجا هەزار کەس. لەگەڵ زیاتر لە ملیۆنێک غەیرەکورد کە لە کوردستاندا دەژین، ژمارەکە دەبێتە نزیکەی دوازدە ملیۆن.

به بەلاوەنانی خەملاندنی زێدەڕۆی هەندێک نووسەری کورد، پێم وایە خەملاندنەکەی دکتۆر قاسملوو نزیکترینە لە ڕاستییەوە. بەڵام ئەو ڕاستییەشمان لەبیر نەچێت، کە کوردانی عێراق، بەو کوردانەشەوە کە لە دەرەوەی کوردستانی عێراق، لە باشوور و ناوەڕاست و شاری بەغدادا دەژین، نزیکەی دوو ملیۆنن. پێشم وایە کوردانی تورکیا شەش ملیۆنن، بۆیە وای دەبینم کە دانیشتووانی کوردستان لە چواردە ملیۆن زیاتر بن. بە جۆرێک کە ژمارەی کوردان لەو ژمارانەی دکتۆر قاسملووو باسیان دەکات، کەمتر نین، بەڵکو لە هەموو جێگەیەکی کوردستاندا زیاترن. هەر بۆ نموونە، دکتۆر کوردانی لوبنان و قەوقازیشی نەژماردووە، کە ژمارەیان بە دەیان هەزار دەخەمڵێنرێت، جگە لەوەش کە دکتۆر هەندێک لە لوڕ بە کورد دانانێت. ئەوەش جگە لە جیاوازیی زیادبوونی ساڵانەی خەڵکی کورد لە ماوەی نێوان چاپبوونی ئەو سەرچاوانەی لە سەروەختی تێزەکەیدا پشتی پێ بەستوون، لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

## گرنگیی ناوچەی کوردستان

کوردستان پێگەی بڕبڕەی پشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە. بە زۆری شاخاوییە، بە تەنیشت شاخەکانەوە پێدەشتی بەپیت هەن و چەندان ڕووباریان پێدا دەڕوات، وەک دیجلە و فورات و لقەکانیان وەک هەردوو زێ و سیروان و چەندان ڕووبار و جۆگەلە و چاوگی دیکەش.

لە پاڵ گرنگیی ستراتیجیی ناوچەی کوردستان و ترسناکیی پێگەکەشی سەرچاوەی کانزایی و نەوتیی زەبەلاحی هەیە، کە گرنگییەکەی زیاتر دەکەن.

باسیل نیکیتین دەڵێت[٣٣]:

"... ناوچەی کوردستان، گرنگییەکی جوگرافی و ئابووریی زۆری هەیە و یەکێکە لە خاڵەکانی پێکگەیشتنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، کانی نەوتی زۆرە کە بۆ جیهان بایەخدارن. بۆیە لە بەرژەوەندیی هەموو جیهانە کە ئاشتی لەو ناوچەیەدا بەرقەرار ببێت... بێگومان ویژدانی جیهانییش دەیەوێت کە بنەماکانی دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ، باڵادەست بن".

کوردستان بە جوانییەکەی و بەپیتیی خاکەکەی و زۆریی میوە و کانزاکانی وەک ئاسنی خاو و مس و گۆگرد و زیو و زێڕ و جیوە و خەڵووزەوە، دەناسرێتەوە. زۆربەی جار شاخاوییە، لوتکەکانی بە جۆریک هەڵکشاون، کە سەرکۆن لە وەسفیاندا گوتوویەتی وەک خەنجەرێکن بە ڕووی ئاسماندا هەڵکێشرابن. بەسەر شاخەکانەوە درەخت و گوڵی هەمەجۆر دەڕوێن، هەندێک جار کانی و تاڤگەشی زۆر تێ دەکەوێت. لە هەندێک جێگەدا دارستان هەن، بە جۆرێک کە ٦٪ی خاکی کوردستانی تورکیا و ٣٢٪ی کوردستانی ئێران و ٨٪ی کوردستانی عێراق دادەپۆشن. لە زستاندا لووتکەی چیاکان و زۆر شوینی تری کوردستانیش، پڕ دەبن لە بەفر. کەشوهەوای فێنکە،

٣٣- باسیل نیکیتین لە کتێبەکەیدا (الاکراد)، ل ١١، چاپی یەکەمی عەرەبی.

هەرچەندە بەرزاییەکان لە زستاندا سارد دەبن و لە هاوینیشدا ناوەندی. لە زستان و بەهار و پایزیشدا باران دەبارێت، لە هاویندا گەرمای پێدەشتەکان زیاتر دەبێت.

بەهاری کوردستان دڵڕفێنە، لە هاوینیشدا زۆرێک لە میوە ناسراوەکانی خۆرهەڵاتی تێدا دەست دەکەون، وەک ترێ، سێو، قەیسی، قۆخ، هەرمێ، هەنار، هەنجیر و ئاڵوو و هی تریش. لە ناوچە شاخاوییەکانیشدا جەوت بەڕوو و چەندان جۆر میوە هەن. لە کوردستاندا بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و برنج و تووتن، هەروەها لۆکە و چەوەندەر و جۆرە جیاوازە ناسراوەکانی سەوزەش زۆرە. بۆیە بێ هیچ گومانێک، گەر کوردستان لە ستەم و چەوساندنەوە ڕزگاری ببێت، گەر دەستی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی پێ بگات، گەر سامانەکەی یان بەشێکی لە جوانکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ئەم وڵاتە وێرانەدا خەرج بکات، دەبێتە یەکێک لە جوانترین شوێنەکانی جیهان و وڵاتیکی گەشتیاریی نایاب. بەتایبەت کە سروشت چەندان دیمەنی سەرنجڕاکێش و هاوینەهەوار و شاخ و خەرەندی جوانی بە کوردستان بەخشیوە، کە وەسفەکەی نووسەری کتێبی (نواعير الفرات او بين العرب و الأكراد)ی بەسەردا دەچەسپێت کاتێک گوتوویەتی "کوردستان وڵاتی ئەفسوون و جوانییە".

مالیباری ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی لە کتێبەکەیدا[٣٤] دەڵێت: "کوردستان وڵاتی ئەفسوون و جوانییە، سەرنج ڕادەکێشێت، ئیلهامبەخشی شیعر و خەیاڵە. تژییە لە گرد و دۆڵ، دیمەنەکانی بێتاقەتی و بێزاری لە چاوی ئەو عێراقییانە دەردەکەن، کە بینینی پێدەشت و بیابانەکانی نێوان هەردوو ڕووبارەکە شەکەتی کردوون. بە شاخی سەرکەش دەورە دراوە، کە بەفر دایپۆشیون و بەسەریانەوە کەڵەکە دەبێت، وەک ئەوەی بیەوێت ئاسۆکانی ئاسمان ببڕێت. زۆر کانی و ڕووباری تێدایە، کە کاتێک ئاو خۆی بۆ نێویان دەکوتێت، مرۆ گوێی لە هاژە و خوڕەی دەبێت، کە لەوە دەچێت شتێک بڵێت یان بچرپێنێت، بەوەش دڵ کێش دەکات و تاسەی خۆشەویستی و شەیدایی تێدا دەوروژێنێت.

لەم ناوچە ئەفسووناوییەدا، کوردان ژیانێکی پڕ لە چالاکی دەژین، ژیانێکی پڕ لە جووڵەی هاوشێوەی هاتنە خوارەوەی ئاو لە بەرزایی چیاکانەوە. کوردان بە فیترەتی خۆیان

٣٤- نواعير الفرات – او بين العرب و الاكراد، ص ٢١٥.

شاعیرن، شەیدای ئازادی و ئاشتیین، نەریتەکانی باپیرانیان زیندوو ڕادەگرن، گۆرانی بەسەر قسە و کرداری خۆیاندا دەڵێن، سوارەی ئازان، تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخیشدا ژیانیان بۆ تێکۆشان لە پێناوی ئازادییاندا بەخت کردووە". لە لاپەڕە ٢١٩شدا دەڵێت: "من باشترین و خۆشترین یادەوەریی کوردانم لەلا ماوەتەوە. وێنەی ئەو وڵاتەی مەنزڵگەی سەرنجبردن و ئەفسوونە، وێنەی ئەو گەلەی بە میوانداری و وەفاداری سەرسامیان کردم، لە یادەوەریمدا دەمێنێتەوە".

هەڵەیە گەر کەسێک پێی وا بێت کوردستان، وڵاتی خێڵی دڕندە و کۆچەرە. ئەو سەردەمە تێپەڕی، کە کوردستان تەنیا وڵاتی دەوارنشین و ئاژەڵدار بوو، ئەمڕۆ زۆربەی زۆری خێڵەکانی کوردستان سەقامگیرن. تەنیا چەند بنەماڵەیەک ماون کە هێشتا نیمچە کۆچەرن. شارە کوردییەکان، چ کۆن و چ نوێ، گەورە بوون. ئەمڕۆ لە کوردستان کرماشان و دیاربەکر و کەرکووک هەن، کە سەدان هەزار کەسیان تێدا دەژی. شاری وەک سلێمانی و خانەقین و ئەرزنجان و ئەرزڕوم هەن، کە چەندان کارگە و پیشەسازییان لێیە. شاری تریش زۆرن، بۆ نموونە هەولێر، بەتلیس، سنە، مەهاباد، وان، کە کۆمەڵە شارێکی بەتەواوی کوردیین و ڕەنگ و بۆی هاوچەرخیشیان هەیە.

نەک هەر ئەوەندە و بەس، بگرە کوردستانی جارانیش هەرگیز تەنیا وڵاتی کۆچەری و ئاژەڵدار نەبووە. ئاخر ئێمە چەند شارێکی زۆر دێرینمان هەیە، لەوانەش هەولێر.

باسیل نیکیتین دەڵێت[٣٥]: "کوردستان تەنیا وڵاتی جووتیار و کۆچەری نەبووە، بەڵکو چەندان گوند و شار هەبوون، کە پیشەسازیی دەستیی هونەرییان تێدا کراوە و بوونەتە بەشێکی زۆر دێرینی نەریتەکانی ئەو شارە، لەوانەش هەولێر، بەتلیس، سنە، مەهاباد، کۆمەڵیک شاری بەتەواوی کوردی کە پیشەسازییە دەستییەکانیان بە هەموو جۆرەکانەوە تێدا بووە، پیشەسازیی پێستە و کانزا و تەختەش.

سەرکیسیان لە وتارێکدا لەسەر عەبدال خان، میری بەتلیس لە نەوەی هەشتەمین، کۆمەڵێک وردەکاریی سەرنجڕاکێش دەربارەی ئەو پارچە هونەری و چەک و موورو و دەستنووسانەی ئەو میرە هەیبوون، دەگێڕێتەوە. لە ڕووی هێڵەکانی پەیوەندییشەوە،

---

٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٤٤-٤٥.

کوردستان لەمڕۆدا هێڵی شەمەندەفەری هەیە، جگە لە هێڵی گواستنەوەی وشکایی تریش بەتایبەت لە کوردستانی عێراق و تورکیادا. لە ئێرانیش هێڵی گواستنەوەی ئۆتۆمبیل هەیە، وەک چۆن قیرتاوی ڕێگەی کرماشان و سەقز و مەهاباد و ڕەزائیە بەرەو کوردستانی تورکیا.

ئێستا ئۆتۆمبیل ئامرازی سەرەکیی گواستنەوە و هاتوچۆیە، دوای ئەوەش شەمەندەفەر و ئینجا ئاژەڵ و وڵاخ دێن. چەندین ڕووبار لە کوردستاندا هەن، ناودارترینیان دیجلە و فوراتن، کە هەرتکیان لە کوردستانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرن. ئینجا زێی بچووک، زێی گەورە، سیروان (دیالە)، ئاراس، بەتلیس، بۆتان، گاماسیاب، جەغەتوو. درێژیی ئەو ڕووبارانەش بەم شێوەیەیە: دیجلە ٦٠٠ کم، فورات ٦٤٧ کم، زێی گەورە ٤٥٠ کم، زێی بچووک ٢٠٠ کم (ئەم دووانەی دوایی دەڕژێنە دیجلەوە)، جەغەتو٢٤٠ کم.

هەروەها لە کوردستان دەریاچەکی گەورە هەیە، کە دەریاچەی وانە. دەریاچەی ئورمییەش دەکەوێتە سەر سنووری نێوان کوردستان و ئازەربایجان. هەروەها دەریاچەی خامزار و زیفار هەن، جگە لە چەند دەریاچەیەکی بچکۆلە کە هەندێکیان بەسەر چیا سەرکەشەکانەوەن.

# زمان و ئەدەب

## زمانی کوردی

گەلی کورد زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە زمانی کوردییە بە سەرجەم شێوەزارە جیاوازەکانەوە. زمانێکی سەربەخۆیە، خاوەنی ڕێزمان و فەرهەنگی تایبەتی خۆی و هاوکات پەرەسەندنی تایبەتی خۆیەتی. ئەو زمانە، وەک ئەوەی شۆڤینییە تورک و فارسەکان دەیڵێن، شێوەزارێکی شێوێنراوی تورکی یان شێوەزارێکی فارسیی بچووک نییە.

ڕاستە زمانی کوردی لە کۆمەڵەی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە و ڕاستە لەوێشدا سەر بە کۆمەڵەی ئێرانییە[٣٦]، بەڵام "زمانێکی بەتەواوی سەربەخۆیە، خاوەنی پەرەسەندنی ڕاستەقینەی دێرینی خۆیەتی. ئێ لەو زمانە فارسییە کۆنەی تاتە ناودارەکەی دارای پێ نووسراوەتەوە، کۆنترە"[٣٧]. سیدنی سمیس، پسپۆڕی بەریتانی لە ئاسەواری دێرین، دەربارەی بۆچوونی زانایانی پسپۆڕ لە بارەی زمانی کوردییەوە، دەڵێت: "ئەو زانا پسپۆڕانەی دەکرێت بۆچوونیان بەهەند بگیرێت پێیان وایە، زمانی کوردی دروستکراو و هەڵگۆزراو و شێوێنراوێکی زمانی فارسی نییە".

مەیجەر ئێدمۆندس، پسپۆڕی زمانی کوردی کە قسەشی پێ کردووە، لە وتارێکیدا لە گۆڤاری ئاسیای ناوەڕاست، ژمارە یازدەدا دەڵێت: "ئێستا ئیتر زۆر ڕوونە کە زمانی کوردی، شێوەزارێکی شێوێنراو و پەشۆکاوی فارسی نییە، بەڵکو زمانێکی ئاریی بێگەرد و ناسراوە،

---

٣٦- باسیل نیکیتین، لە هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٨دا دەڵێت: «زانستی نوێ ئەوەی سەلماندووە، کە زمانی کوردی، بەبێ گومان بە بنەڕەت ئێرانییە» ئەوەش کاتێک خەریکی هەڵتەکاندنی ئەو بۆچوونە بووە، گۆیا زمانی کوردی، بنەڕەتێکی کلدانیی هەیە.

٣٧- بڕوانە کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگ، ل ٦١ لە چاپی عەرەبیی یەکەم.

خاوەنی خەسڵەت و پەرەسەندنی دێرینی خۆیەتی"[38].

بەو شێوەیە دەبینین زمانی کوردی، هاوشێوەی زمانی فارسی، لە بنەڕەتدا سەر بە کۆمەڵەی ئێرانیی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە. ئەوەش زانایانی زمان سەلماندوویانە، وەک ئەوەی باسیل نیکیتین دەڵێت[39]: "زانایانی زمان، بەتایبەت پۆت و رودیگار، ئەو تیۆریایەیان هەڵتەکاندووە، کە پێی وا بوو زمانی کوردی لە بنەڕەتدا کلدانییە، پەیوەندییشیان بە زمانی فارسیی نوێ و زمانی زەندییەوە سەلماندووە، کە دایکی زمانی فارسییە".

گەورە زانای سۆڤییێت، ن. مار[40] بە پێچەوانەی ئەوەوە پێی وایە کورد، گەلێکی ڕەسەنی نیشتەجێی چیاکانی ئاسیای بچووکن، کە زمانەکەشی دروست بووە و لە بنەڕەتە جافتییەکەی خۆیەوە پەرەی سەندووە، کە زمانێکی نزیک لە جۆرجی و خەلدییە، تا ئەوەندەی بوو بە زمانێکی هیندۆئەوروپی لە زمانی ئێرانی و ئەرمەنی. تیۆریاکەی مار لەگەڵ ئەوەی مینۆرسکیدا کۆکە[41]، کە زمانی کوردی لە سەروەختی پەرەسەندنیدا، زمانی میدی کاری تێ کردووە. کەسانێکیش بەو پێیەی پێیان وایە میدییەکان بنەڕەتی سەرەکیی کوردانن، پێیان وایە زمانی کوردی لە زمانی میدییەوە کەوتووەتەوە[42].

لەوانەیە بەسوود بێت، گەر لێرەدا بۆچوونی باوکە پۆڵ بەندەریش دەربارەی زمانی کوردی باس بکەین، کە دەڵێت:

"زمانی کوردی زمانێکی ناسکە، ئاوازەکانی هارمۆنیکە، سادەیە، ڕوونە، دەوڵەمەندە، هەمەجۆرە، فێربوونی ئاسانە. بە نەرمییەکەی دەروون داگیر دەکات، پەندەکانی نێوی

٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٩- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٨.

٤٠- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٢.

٤١- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٩-٢٠.

٤٢- بڕوانە کتێبەکەی دێریک کینەن، کوردەکان و کوردستان، چاپی ئینگلیزییەکەی، لەندەن ١٩٦٤، ل ٣.

زۆرن، زۆریش بەکار دێن، بنەڕەت و تەوەری هەموو دیالۆگ و دەمەتەقێیەکن و یەکێکن لە جیاکەرەوەکانی زمانی کوردی. زمانی کوردی ڕەوانبێژی و فەلسەفەی لێ نابڕێت، زمانێکی شیعرییە، شیعریش تێیدا گشت لقەکان دەگرێتەوە و هەموو سروشتیش لەخۆ دەگرێت"[٤٣]. ڕاستییەکەی، زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە، بوونیشی وەک زمانی نەتەوەیەکی دیاریکراو، لە باری مێژووییەوە جێگیرە و زۆر بەڵگەی زیندوو و مادییش، پشڕاستی دەکەنەوە. ئەوەشی کە زمانی کوردی فرە - شێوەزارە، هیچ لە ڕاستیی ئەو ئەنجامگیرییە کەم ناکاتەوە، چونکە هێندەی من بزانم، هیچ زمانێکی دنیا نییە کە شێوەزاری جیاوازی تێدا نەبێت. لە زمانی کوردییشدا کۆمەڵێک شێوەزار هەن، گرنگترینیان سیانن کە بریتیین لە: کرمانجیی ڕۆژهەڵاتی، کرمانجیی ڕۆژاوایی، لەگەڵ لوڕی.

زمانی کوردی لە پێش ئیسلامەوە، ئەلفبێی تایبەت بە خۆی بەکار دەهێنا. پاش ئەوەی کورد بوو بە موسوڵمان، ئەوسا دەست کرا بە بەکارهێنانی ئەلفبێی عەرەبی. تا بە ئەمڕۆ دەگات، کوردانی سایەی دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق، ئەلفبێی عەرەبی بەکار دەهێنن، لەکاتێکدا کوردانی یەکێتیی سۆڤییێت، ئەلفبێی سۆڤییێت بەکار دەهێنن و کوردانی تورکیا و سووریاش، ئەلفبێی لاتینی. ئەمەی دواییان، بە کۆی دەنگی پسپۆڕانی زمانی کوردی، شیاوە بۆ ئەوەی زمانەکەی پێ بنووسرێتەوە، چونکە ئەلفبێی عەرەبیی هاوچەرخ، لە دەربڕینی هەموو دەنگ و پیتەکانی زمانی کوردیدا، کورت دەهێنێت. شێوەزاری موکریان، کە بنەڕەتی شێوەزاری لۆکاڵیی کوردانی ناوچەی موکریان و سنە و سەقز و سلێمانی و هەولێر و کەرکوکە، لە چاوی زانا و پسپۆڕانی زمانی کوردییەوە، بێگەردترین شێوەزارە، بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی کە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردودا، بە زۆر زاراوە و گەردانکردنی نوێ دەوڵەمەند بووە. کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراق و ئێرانیش هەر بەو شێوەزارە دەنووسرین، کە هاوکات سوودی لە وشە و زاراوەکانی دوو شێوەزارەکەی تریش وەرگرتووە. بە بەراوردکردنی

---

٤٣- بول بندر، الاجرومية الكردية، باريس، ١٩٢٦. راجع كتاب بله ج شيركوه، القضية الكردية، ط ٢، بغداد، مطبعة صلاح الدين، ١٩٦١، ص ٧٢.

زمانی کوردی بە ئاستی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە کوردستاندا، دەبینین بە جۆرێک زمانێکی گەشەسەندووی پێشکەوتووە. هەر بۆ نموونە، گەر بە زمانی فارسی بەراوردی بکەین، دەبینین کەمتر وشەی بیانی و عەرەبیی تێدایە. سەرباری ئەوەش، زمانی کوردی پێویستیی بە چاودێریی تایبەت و بایەخدانی جددیی زماناس و ڕۆشنبیرانی کورد هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە بە پەرەپێدانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، زمانەکەش پەرە دەسێنێت و دەوڵەمەند دەبێت.

بەڕاستی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەت پاش دووەمین جەنگی جیهانی، هەوڵی بایەخداریان داوە و شێلگیرانە خزمەتی زمان و ڕێزمان و نووسینەوە و دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردییان کردووە. یەکەمین ڕۆڵێکیش لەم ڕووەوە، هی گۆڤاری کوردیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی (گەلاوێژ)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر بوو[٤٤]. لەم ڕووەشەوە خزمەتێکی بەرچاوی کرد، زۆر کەسیشی هان دا کار بکەن و بنووسن، لە پێگەیاندنی نەوەیەکی نووسەر و شاعیری کوردیشدا، بەشدار بوو.

ساڵانێکی زۆرە گەورەزانا تۆفیق وەهبی بەگ و پرۆفیسۆر کەناتی کوردۆ، کە کوردی سۆڤییێتیە، خزمەتی زمان و ڕێزمانی کوردی دەکەن. ئەم جووتە زانایەش، کۆمەڵێک نووسینی گرنگیان دەربارەی ڕێزمانی کوردی هەیە.

---

٤٤- گەلاوێژ، گۆڤارێکی کوردیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی گشتی بوو، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر و بەڕێوەبەری ئیدارەکەشی، مامۆستا عەلادین سەجادی بوو. گۆڤارەکە لە ١٩٣٩ بۆ ١٩٤٩ دەردەچوو، تا کاتێک حکومەتی مەلەکی پاش زیندانیکردنی مامۆستا ئیبراهیم بۆ دوو ساڵ بە تۆمەتی شوعیبوون، کە ئەوکات باوی بوو، دایخست. حکومەت بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێکی لەسەر تێکۆشانی چین، کە مامۆستا ئیبراهیم لە ئینگلیزییەوە تەرجەمەی کردبوو، بە هەل زانی تا گۆڤارەکە دابخات و مۆڵەتەکەشی هەڵوەشێنێتەوە. گۆڤارەکە بە تێکۆشانی دژی فاشیزم و کۆلۆنیالیزم، لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دیموکراسی و نیشتمانی لە نێو خوێندەوارانی کورددا، بەشدار بوو. وەکچۆن خزمەتێکی بەرچاوی هەستانەوە و پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی و زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوەیی کوردیشی کرد.

# ئەدەبی کوردی

لە مێژە ئەدەبی کوردی لە شێوەی چیرۆک و داستان و شیعردا هەیە، کە باسی خۆشەویستی و شەیدایی و جەنگ و بەسەرهاتی پاڵەوانان و فەرمانڕەوایان و جوانیی سروشت و خۆشەویستیی کوردان بۆ نیشتمانی خۆیان دەکەن.

باسیل نیکیتین دەڵێت[٤٥]:

"لە کاتی توێژینەوە لە ئەدەبی کوردیدا، یەکەمین شتێک کە مرۆڤ سەرسام دەکات، زۆریی قەسیدە میللیەکانە لەو وڵاتەدا. فیلچیفسکی پێی وایە کە دەوڵەمەندیی قەسیدەی میللی، هیچ نییە جگە لە نەزانینی زمانی دایک لەلایەن زۆرینەوە - واتە بەهۆی بەربڵاویی نەخوێندەوارییەوە لە نێو زۆرینەدا". لویس ماسینیۆن لە پێشەکییەکەی بۆ کتێبەکەی نیکیتیندا دەڵێت: "ئەدەبی میللی لای کوردان زۆر بەرفراوانە. ئەو ئەدەبە با پێشنەگەیشتبێت، بەڵام هێشتا زیندوێتیی لێ دەتکێت".

نووسەری ڕووس ف. دیتتێل[٤٦] کە لە ١٨٤٠دا هاتووەتە کوردستان، دەڵێت: "هەرگیز چاوەڕێ نەبووم ئەدەبیاتێکی ئاوها و بەو زۆرییە، بە زمانی خێڵە کوردییەکان هەبێت".

ناودارترین چیرکی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا، مەم و زینە[٤٧]. شاعیری نەمری کورد، ئەحمەدی خانی، لە شێوەی شیعردا دایڕشتووە و لە چیرۆکی عاشقانەی عاتفییانەی

٤٥- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٣٧.

٤٦- بڕوانە لاپەڕە ٥ی پێشەکیی پرۆفیسۆر کەناتی کوردۆ بۆ کتێبەکەی م.ب. ڕۆدینکۆی ئەدیبی ڕوسی بە ناونیشانی (ئەحمەدی خانی – مەم وزین)، مۆسکۆ، ١٩٦٢.

٤٧- چیرۆکی مەم و زین وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە بیانییەکانی ڕوسی و فەرەنسی و عەرەبی. ئەلیکساندەر زاپا، کونسوڵی ڕوسیا لە ئەرزڕوم،ساڵی ١٨٦٠ لە گۆڤاری (Asiatique Melange)، بەرگی سێیەم، چەند بەشێکی بە فەرەنسی بڵاو کردەوە. چەند خۆرهەڵاتناسێکی بەڕێز، لەوانەش ئە. زاپا، ب. لیرش، ی. ئۆربێلی، ڤ. نیکیتین، ر. لیسکۆ و م.ب. ڕۆدینکۆ بەو چیرۆکەیاندا هەڵداوە. مەم و زین کە شاعیری گەورە ئەحمەدی خانی بە بنزاری کورمانجیی باشووری نووسیویەتی و هەژاری موکریانی وەریگێڕاوەتە سەر بنزاری کورمانجیی خۆرهەڵاتی، شانازی و تاجی سەری ئەدەبی کوردییە.

ڕۆمیۆ و جولییێت دەچێت. چیرۆک و داستانی شیعریی تریش هەن، کە کوردان لە ئاهەنگ و هاوسەرگیری و پرسە، یان کاتی جەنگ و کوشتاردا دەیڵێنەوە، بەڵام حەیف کە بەشێکی زۆریان فەوتان و نەنووسرانەوە و بۆ نەوەی ئێمە نەگوازرانەوە.

ئینسکلۆپیدیای سۆڤییێتی گەورە دەڵێت: "زۆر داگیرکەری بیانی، بەتایبەت تورک و ئێرانییەکان، کە پیلانی نەگریسی تواندنەوەی کوردیان هەیە، بەمەبەست دەستیان بەسەر بەرهەمی مادی و ڕۆحیی شارستانیی کورداندا گرتووە، یانیش دەیانەوێت بەتەواوی لەناوی ببەن".

لەگەڵ سەرهەڵدانی نەتەوایەتیی کوردی و دەسپێکی شۆڕشی نیشتمانیی کوردیدا، ئەدەبی کوردی جارێکی تر و لە سەدەی نۆزدەدا هەناسەی وەبەر هاتەوە. بەڵام هەر شیعر باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ئەدەبی کوردیدا، کێشابوو.

بەڵام هێشتا چیرۆکی درێژ لە ئەدەبی کوردیدا زۆر کەمە. یەکەمین جیرۆکی درێژی کوردییش، چیرۆکی شوانی کورد-ی ئەدیبی کوردی سۆڤییێت، ئەرەبی شەمۆ-یە، کە وەرگێڕاوەتە سەر فەرەنسییش.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش سێ چیرۆکی درێژی هەیە، بەڵام بڵاو نەبوونەتەوە. بەڵام کورتە چیرۆک لە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانیدا و لەسەر ڕووپەڕی گۆڤاری گەلاوێژ و غەیری ئەویش، سەری هەڵدا. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یەکەم باشترین چیرۆکنووسی کورد بوو، کە چیرۆکەکانی بڵاو کردنەوە و ڕووداوەکانی نێویشیان لەسەر خاکی کوردستان و لە نێو کۆمەڵگەکەی و گوندەکانیدا دەقەومان. ئەو هەوڵی داوە باسی تێکۆشانی جووتیاران و هەژارییان و هەروەها باسی تێکۆشانی نیشتمانپەروەرە شۆڕشگێڕەکان، بکات. ئەو چیرۆکەی دەربارەی گیانبازیی سۆڤییێتیەکانە لە سەروەختی جەنگیان دژی نازیزمدا بە ناوی "لە وڵاتی پاڵەوانەکاندا"، ناوداره. عەلادین سەجادی و محەڕەم محەمەد ئەمین و مەم، چیرۆکیان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردان نووسیوە و تێیاندا باسی شێوەژیان و دۆخ و تێکۆشانیان لە پێناو ژیانێکی باشتردا، دەکەن. مامۆستا شاکر فەتاح-یش لە چیرۆکەکانیدا بیری لای لایەنی پەروەردەیی و ئەخلاقی بووە، بایەخی بە ئاڕاستەکردنی گەنجان بەرەو ڕووگەیەکی نیشتمانی و ئەخلاقیی ڕاست

داوە. دکتۆر ڕەحیمی قازییش چیرۆکێکی بە زمانی کوردی دەربارەی پێشمەرگە نووسیوە، کە ڕووداوەکانی لەسەر خاکی کوردستان (ناوچەی موکریان) بەرپا دەبن. ئەمیش چیرۆکێکی درێژی سەرکەوتووە، کە باسی تێکۆشانی جووتیار و زەحمەتکێشی نیشتمانیی کورد دەکات.

بەڵام نەبوونی چیرۆکی درێژ لە ئەدەبی کوردیدا، کەموکووڕییەکی ترسناکە. بەپێچەوانەی چیرۆکەوە، ئەدەبی کوردی لە ڕووی شیعر و شاعیرانەوە دەوڵەمەندە، لە چەند سەدەی ڕابردووشدا چەندان شاعیری مەزن دەرکەوتوون، لەوانەش ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، عەلی حەریری، مەولەوی، نالی، سالم، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەولانا خالیدی شارەزووری.

لە سەدەی بیستەمیشدا نموونەی شاعیرە دیارەکان وەک پیرەمێرد، گۆران، بێکەس، هەژار، جگەر خوێن، کامەران و دەیانی تریش.

هەروەها چەند ئەدیبێکی کورد هەن کە بە زمانی عەرەبی و فارسی، نووسیویانە و دەرکەوتوون، لەوانەش میری شاعیران ئەحمەد شەوقی، شاعیری عێراقیی ناودار جەمیل سدقی زەهاوی، شاعیری گەورەی ئێرانی ئەبولقاسمی لاهووتی، زماننناسی گەورە، کورد عەلیی کوردی سووریا و چەندانی تریش.

بەڕاستی ئەدەبی کوردی لە چیرۆکی درێژ و پەخشانی نووسراوەدا، هەژارە، ئەوەش بەگشتی بەهۆی نەزانیی بەربڵاو و قەدەغەکردنی خوێندنی زمانی کوردی و سەپاندنی زمانی ڕەسمیی نامۆ بەسەر کورداندا بە زەبری چەک و و بەهۆی سیاسەتی گەوجاندنی کوردان و بڵاوکردنەوەی نەخوێندەواری لە نێویاندا. بەڵام ئەدەبی کوردی، لەبەر ئەو هۆیانە، دەوڵەمەندە بە کەلەپووری میللی (فۆلکلۆر). لەو کوردستانەی کە تارمایی نەزانی و نەخوێندەواری دایگرتووە، نەوەکان لە یەکترەوە ئەدەبی میللی کێشداریان بۆ ماوەتەوە، وەک ئەو قەسیدە درێژانەی کە داستانی کوردی و پاڵەوانبازی و بەسەرهاتی عەشق و ناڕەحەتییەکانی گەلی کورد لە بەرگریکردن لە نیشتمانەکەی دەگێڕنەوە، بۆ نموونە ئەو گۆرانییانەی تایبەتن بە پاڵەوانێتیی بەرگریکاران لە قەڵای دمدم.

ئەدەبی کوردی پڕە لە ئەفسانەی میللی، کە ئەوەش نیشانەی بەپیتیی خەیاڵە.

ئەفسانەکانیشی باسی ئاواتی مرۆڤ لە فڕین، گەشتی خێرا، بەدیهێنانی ئاواتی خەڵک بە خێرایی هەورە بروسکە و جیهانێک لە یەکسانی و برایەتی و ئاشتی دەکەن. پیر شالیاری زەردەشتییش، زۆر قەسیدەی بە ناونیشانی (ئامۆژگارییەکان)ەوە جێهێشتووە، کە بە زمانێکی کوردیی پاراو نووسراون.

دکتۆر قاسملوو پێی وایە "سەرجەم خۆرهەڵاتناسانی پسپۆڕ لە توێژینەوەی کوردیدا، کۆکن لەسەر ئەوەی کەلەپووری میلیی کوردی (فۆلکلۆر) زۆر دەوڵەمەندە". مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی، هەوڵی زۆری داوە کە فۆلکلۆری کوردی کۆ و زیندوو و بڵاو بکاتەوە.

ئەدەبی کوردی بەوەدا دەناسرێتەوە، کە گیانێکی مرۆیی و سۆزەکیی تێدایە، بەردەوامیش بە شان و باڵی خۆشەویستی و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و جوانیی سروشت و خۆشویستنی کورد و کوردستاندا، هەڵدەدات. لە دەیەی سییەکانەوە و لەسەر دەستی ئەدیبانی میللی، لەوانەش ئیبراهیم ئەحمەد، بێکەس، ع. و. نوری، گۆران، جگەرخوێن، دڵزار، دڵدار و کامەران و چەندانی تریش، ئاڕاستەی پێشکەوتنخواز و دیموکراتی تێدا دەرکەوتووە. بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر بە چەند ڕاستییەکی ژیانی ئەدیبانی کورد، باسێک دەربارەی هەندێکیان دەنووسین و داوای لێبووردنیش لە ناونەهێنانی ئەوانی تر دەکەین، چونکە بوار زۆر کەمە.

گەر کەسێکیش بیەوێت زیاتر دەربارەی ژیانی ئەدیبانی کۆچکردوو بزانێت، دەبێت بگەڕێتەوە سەر کتێبەکەی مامۆستا عەلادین سەجادی (مێژووی ئەدەبی کوردی) و دیوانی شاعیران و ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ.

## کورتەیەک دەربارەی چەند ئەدیبێکی کورد[٤٨]

### ١- عەلی هەریری

لە ساڵی ١٠٠٩ لە شارۆچکەی هەریر، قەزای شەقلاوە - هەولێر لەدایک بووە. دیوانێکی ناوداری شیعریی هەیە، شیعرەکانی جوانن، شارەزا بووە لە شیعری وەسفی و عاشقانە و سۆفییانە.

### ٢- مەلای جزیری

ناوی شێخ ئەحمەدە، لە بۆتان لەدایک بووە، چەندان شیعری لە غەزەل و ئیلاهیات و سۆفیگەریدا هەیە. دیوانێکیشی هەیە کە لای کوردان خواستی لەسەرە.

### ٣- فەقێی تەیران

ناوی مەحموودە، لە ١٣٠٢ز لە شارۆچکەی موکس، لەدایک بووە. دوو نووسینی گەورەی هەن بە ناوەکانی شێخی سەنعان و حیکایەتەکان، هەروەها نووسینی ئەسپی ڕەشیشی هەیە، هاوکات کتێبێکیشی بە ناوی (میم.هێ) هەیە دەربارەی سۆفیگەری و ئیلاهیات.

### ٤- ئەحمەدی خانی

زانای گەورە و شاعیری عاشق لە خێڵی (خانیان) و خاوەن دیوانی ناوداری مەم و زین-ە، کە شیعرە چیرۆکە (یان شیعرە پەخشانە) و لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە، وەک ئەلیادەی هۆمیرۆس وایە لە ئەدەبی کوردیدا. کتێبی (نەوبەهار)یشی بە هەردوو زمانی

٤٨- پێویستە بڵێم کە زانیارییەکانم دربارەی شاعیرە کۆنەکان لە کتێبی (القضية الكردية)ی نووسەر بلە ج. شێرکۆ وەرگرتووە. بەڵام زانیارییەکانم دەربارەی شاعێرە نوێ و هاوچەرخەکان لە کتێبی (تأريخ الادب الكردي)ی مامۆستا عەلادین سەجادی و چەند سەرچاوەیەکی تریشەوە خواستووە.

عەرەبی و کوردی نووسیوە، زانای سۆڤییێت، ئەی. ئۆربیلی[٤٩] لە بارەیەوە دەڵێت:

"کاتێک دەڵێین شاعیر و ئەدیب بە گەلەوە نووساون و بەرهەمەکانیان لە جەماوەرەوە بن، بەبێ ئەوەی خۆمان بمانەوێت یان مەبەستمان بێت، ناچار دەبین سێ شاعیری گەورەی خۆرهەڵات بەراورد بکەین، کە ئەوانیش فیردەوسیی ئێرانی و ڕۆستاولیی جۆرجی و ئەحمەدی خانیی کوردیین".

ئەو شاعیرە مەزنە ناوی لە نێو کورداندا زۆر ڕۆیشتووە، دیوانەکەشی - مەم و زین - بەربڵاوە و زۆر کەس لەبەری دەکەن و شەوانی نەبڕاوەی زستان لە دانیشتن و چاوپێکەوتنی ئازیزاندا، دەیڵێنەوە. لەم لایەنەوە زانای گەورەی سۆڤییێت، ئەی. ئۆربیلی دەڵێت[٥٠] :

"گەلان ئەحمەدی خانییان لەبیر چووەتەوە. ڕاستییەکەی، ئەحمەدی خانی وەک پێویست ڕێزی نەگیراوە، تەنیا لە نێو کورددا نەبێت کە هەرگیز لەبیریان نەچووە. لە کوردستان زۆر ناودارە، هەموو کوردەکانیش بە شاعیری میللیی خۆیانی دەزانن و وەک شاعیری ژمارە یەکی گەلی کوردستانی دادەنێن".

## ٥- بابا تاهیری هەمەدانی

شاعیرێکی سۆفیگەری ئیلاهییە، شیعری غەزەلیی ناسکی زۆرن، بەڵام هەر زۆر قورس و داخراون و بە شێوەزاری گۆران نووسراونەتەوە.

لە ساڵی ١٠١١ ز. مردووە، شیعرەکانیشی بە باڵادەستیی خەیاڵ و جوانیی ئیلهام و نموونەیەکی ئاگرینی بوون و داگیرسانی سۆز جیا دەکرێنەوە. وەک چۆن بە سۆزی ناسک و سادەیی شێواز لە باسکردنی ئازار و نەهامەتییەکاندا، دەناسرێنەوە.

## ٦- عەلی تەرموکی

لە سەدەی چوارەمی کۆچییدا ژیاوە. یەکێکە لە نەمرانی ئەدەبی کوردی و یەکەمین کەسە ڕێسای گەردانکردنی زمانی کوردیی دانابێت. زۆر نووسینی دەربارەی گەشت

٤٩- پێشەکیی کەناتی کوردۆ- کوردییڤ- ل ٩ بۆ کتێبی (ئەحمەدی خانی - مەم و زین)، کە وەرگێڕانی ڕوسیی ئەو دیوانەیە و ئەدیبی ڕوسی م.ب. ڕۆدینکۆ کردوویەتی و لە مۆسکۆ لە ١٩٦٢دا چاپ کراوە.

٥٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

و ئەزموونەکانی هەیە. کتێبێکی دکتۆر بەدرخان و لوسی پۆڵ مارگرێت، کە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، وەرگێڕانی هەندێک لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەی تێدایە.

### ٧- نالی

ناوی مەلا خدرە، ساڵی ١٨٠٠ز لەدایک بووە، زۆربەی شیعرەکانی لە جۆری خۆرئاوایی ناسکن. لە ئەستانەوە قەسیدەی لە وەسف و پێداهەڵدانی کوردستانی نیشتمانی نووسیوە، کە دەربڕی سۆزە بۆ نیشتمانی دایک. شیعری بە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی داناوە.

### ٨- مەولەوی

ناوی عەبدولڕەحمانە، خەڵکی تاوگۆزییە، لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوە. شاعیرێکی داهێنەری مەزن و هەستناسک، خاوەن سۆزی پاک، سۆفییەکی زۆر دڵسۆز و خاوەن هەستی ڕاستەقینە بووە. شێوازی نووسینی شیعری زۆر داهێنەرانەیە، جگە لە هێزی وشە و کێش و سەروای شیعرەکانی و داهێنانی شێوازی هاوچەرخ لە نووسینی شیعردا.

### ٩- حاجی قادری کۆیی

لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوە و مردووە. وەک ئەوەی ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس دەڵێت، ڕێبەری شاعیرە نیشتمانپەروەرە کوردەکانە. شاعیرێکی نیشتمانپەروەری حەماسی بووە.

لە سەرەتای بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییەوە هاوهەنگاو بووە، بەدەم ئازارەوە هەرەسهێنانی میرنشینە کوردییەکانی لەسەر دەستی عوسمانییەکان و توندکردنی کۆتی کۆیلەیی لە گەردنی گەلی کورددا، بە چاوی خۆی بینیوە. بۆیە بە باڵای شانازییەکانی کورددا هەڵیداوە، داوای لێ کردوون یەک بگرن، خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، بە زانست و مەعریفە پڕچەک بن، بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان شۆڕشگێڕانە تێبکۆشن. شیعرەکانی تۆپەڵێکن لە پەیوەستبوون بە کوردستانەوە، لە خۆشەویستیی قووڵ بۆ کوردان و بایەخدان بە زمانەکەی.

شاعیرێکی جەماوەریی بوو، بە زمانێکی سادە شیعری دەنووسی، باسی ئومێد و هەستەکانی جەماوەر و ئاواتی پێشکەوتن و ئازادییانی دەکرد. عوسمانییەکان زۆربەی شیعرەکانیان سووتاند و ئەوەشی مایەوە لە نێو کورداندا بوون بە باو.

## ١٠- پیرەمێرد[٥١]

ناوی حاجی تۆفیقە، یەک لە مەزنترین شاعیرە کوردەکانی سەدەی بیستەمە. بە هێز و تین و ڕەوانبێژیی دەربڕین بەناوبانگە. شاعیرێکی دیار و بەهرەمەند بووە لە سەرجەم بوارەکانی شیعر و داستان و سروود و وێکچوواندندا. هەروەها شاعیرێکی داهێنەر و خوڵقێنەر و بەرچاوڕوون بووە. شیعری وتووە و پەندی پێشینانی کۆکردووەتەوە، بە درێژایی ژیانیشی لە عێراق سەرقاڵی ڕۆژنامەگەریی کوردیی بووە، هەریەک لە ڕۆژنامەکانی ژین و ژیان و ژیانەوە-ی دەرچوواندووە.

## ١١- گۆران[٥٢]

ناوی عەبدوڵڵایە، مامۆستای شیعری نوێیە لە زمانی کوردییدا. هاوکات گەورەترین شاعیرە لە ڕووی وەسفکردن و جوانی و خۆشەویستییەوە. لەو بوارانەدا داهێنانی نایابی هەیە و پێشی ئەوانی تری داوەتەوە، تا ئەوەی بووەتە سوارەی یەکەمی بوارەکە. شاعیرێکی هەستناسک و زمانپاراو بوو، شێوازی جوان بوو، وەسفکردن و وێکچوواندنی ناوازە بوو. لە بزووتنەوەی نیشتمانییدا کارا بووە و لە دەیەی کۆتایی تەمەنیدا بەرەو چەپڕەوی ڕۆیشت، بۆیە بە باڵای جەژنی کرێکاران و ئاشتیدا هەڵیدەدا. لە بزووتنەوەی لایەنگرانی ئاشتییدا چالاک بوو، تا ئەوەی بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتیی جیهانی. لە ١٩٦١ کۆچی دوایی کرد.

---

٥١-تا ئێستا دیوانەکەی بە تەواوی چاپ نەکراوە. شیعر و قەسیدەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە. بەشێک لە (مەم و زین)ی گواستووەتەوە سەر بنزاری سلێمانی و داستانێکیشی لەسەر دوازدە سوارەی مەریوان نووسیوە، کە لە کوردستاندا دەنگی زۆر داوەتەوە.

٥٢- دیوانی چاپکراوی هەیە، بەڵام هەموو شیعرەکانی لەخۆ ناگرن. زۆرێک لە شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو بوونەتەوە، وەکچۆن چەند قەسیدەیەکیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤارە عێراقییەکاندا بڵاو کراونەتەوە.

## ١٢- ئیبراهیم ئەحمەد[٥٣]

ئەدیبێکی ناوداری کوردە، بەبێ ڕکابەر بە باشترین نووسەر و چیرۆکنووسی کورد دادەنرێت. زۆر شیعری پاراوی دەربارەی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی نووسیوە، کە سەرباری ئەوەی کەمن، بەو پێیەی ڕێگەخۆشکەری ئاڕاستەی پێشکەوتنخوازییە لە ئەدەبی کوردییدا، بەهایەکی ئەدەبیی بەرزیان هەیە. کورتە چیرۆکەکانی چاپ بوون و کاتی خۆیشی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) بڵاو کراونەتەوە. بەڵام چیرۆکە درێژەکانی تا ئێستە چاپ نەکراون. شێوازی نووسینی بە وردی و باشگەیاندن و دەربڕینی نایابدا دەناسرێتەوە. هەروەها مەگەر زۆر دەگمەن، ئەگینا هەمیشە وشەی کوردیی بەکار هێناوە.

## ١٣- فایەق بێکەس[٥٤]

شاعیری میللیی شۆڕشگێڕی ناوداری کوردستانە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیاوە. شیعری بە قەسیدەی نیشتمانپەروەری و هەڵدان بە باڵای کوردستان و بانگەوازی یەکخستنی ڕیزەکان و تێکۆشان دژی داگیرکەران و خۆڕاگری و بەرگریدا، دەناسرێتەوە.

لە تێکۆشانی گەلی کوردماندا بەشدار بووە، لە ڕاپەڕینەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ دژ بە پەیماننامەی هاوپەیمانێتیی بەریتانیا و عێراقدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، چەندان جاریش دەستگیر کراوە.

---

٥٣- لە ١٩٣٣وە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی شیعر و وتارەکانی لە (یادگاریی لاوان) و (گەلاوێژ) و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی تریشدا. وتار و چیرۆکەکانی لە گەلاوێژ، بەڵام وتارە سیاسییەکانی لە ڕۆژنامەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان (ڕزگاری، خەباتی کوردستان، خەبات)دا بڵاو دەکردەوە، کە خۆی لە ١٩٥٩ تا ١٩٦١ سەرنووسەری بوو. لە ١٩٦٠ هەندێک لە کورتە چیرۆکەکانی لە کتێبێکدا چاپ کرد.

٥٤- گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبە کوردییەکان، شیعرەکانیان بۆ بڵاو کردووەتەوە، بەڵام دیوانەکەی لای ئازیزترین هاوڕێی، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە، مابووەوە. ساڵی ١٩٦١ دیوانەکەی لای چاپخانەی سەلاحەدین دانا تا چاپی بکەن، خەریکی چاپکردنیشی بوون، بەڵام پۆلیس دای بەسەر چاپخانەکەدا و دەستی بەسەردا گرت. دواتر دیوانەکە گەڕێنرایەوە، ئێستاش وا خەریکە چاپ دەکرێت.

### ١٤- عەلائەدین سەجادی

نووسەر و چیرۆکنووس و ئەدیبی ناسراو و ناوداری کوردە، کە چەندان چیرۆک و بابەتی تری نووسیوە. بەشدارییەکی گەورەی لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا کردووە، نزیکەی نۆ ساڵ بەڕێوەبەری کارگێڕیی گەلاوێژ بووە، وەک چۆن خاوەنی گۆڤاری هەفتانەی سیاسیی (نزار) یش بوو. شارەزایە لە زمانی کوردییدا و بە باشی جڵەوی گرتووە، بە یەکێک لە باشترین نووسەرە کوردە هاوچەرخەکان دادەنرێت. قاڵە لە ئەدەبی کوردی و مێژووەکەیدا، هاوهەنگاوی ڕابوونی ڕۆشنبیریی کوردی بووە لە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانییەوە تا بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەگات.

### ١٥- جگەر خوێن[٥٥]

شاعیرێکی نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخوازی کوردە لە سووریا، شیعری بۆ کوردستان و تێکۆشانی گەلی کورد نووسیوە. هاوکات شیعری بۆ تێکۆشانی گەلی سوری و ئاشتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانیش وتووە. لە شیعرەکانیدا شەهیدانی کوردستانی شکۆدار کردووە. شێوازی نووسینی سادە و میللییە، ئاسانە، دەربڕینی جوانە، قەسیدەکانی لە نێو کورداندا ناودارن. چەندان جار زیندانی کراوە و ئاوارە بووە و تاڵیی بێبەشبوونی بەهۆی تێکۆشانەوە، چەشتووە.

### ١٦- کامەران[٥٦]

محەمەد ئەحمەد تەها، شاعیرێکی گەنجی نیشتمانپەروەرە. شاعیرێکی بەهرەمەندە،

٥٥- چەند دیوانێکی شیعری چاپ کراوە، بەڵام هەموو شیعرەکانی تێدا نییە. دیوانی دووەمیشی (شۆڕشی ئازادی)، ئاراستەی شیعری چەپڕەویی پێوە دیارە. دوو کتێبی دەربارەی ڕێزمانی کوردی هەیە، کە لە بەغدا چاپ کراون.

٥٦- هەندێک نامیلکەی چاپکراوی هەیە، کە هەندێک لە شیعر و چوارینەکانی لەخۆ دەگرن. بەڵام شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی مەگەر هەندێکیان، ئەگینا چاپ نەکراون. جگە لە شیعر، لەگەڵ مامۆستا جەمال شاڵیی پارێزەر لە ١٩٦٠ بۆ ١٩٦١ لە سلێمانی، گۆڤاری کەلتووریی کۆمەڵایەتیی (ڕۆژی نوێ)یان دەرکردووە. ئەو گۆڤارە خزمەتی بەرچاوی ڕۆشنبیریی کوردی و هۆشیاریی نیشتمانیی کرد، بەڵام حکومەتەکەی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم، پێی داخستن.

زۆربەی جار لەسەر شێوازی نوێ شیعر دەنووسێت. شێوازی جوانە، بەسەر جوانی و تێکۆشانی کوردستان و گەلانی تریشدا دەنووسێت. چەندان قەسیدەی شاعیرانی جیهانی بۆ کوردی وەرگێڕاوە، بەتایبەت پابلۆ نیرۆدا، لۆرکا و ئاراگۆن. قەسیدە جوانەکەی لەسەر تێکۆشانی جەزائیر، لە عێراقدا ناودارە. شاعیرێکی پێشکەوتنخوازە، وەک چۆن یەکێکیشە لە باشترین وتاربێژەکان، چاوەڕێی داهاتوویەکی گەشی لێ دەکرێت.

جگە لەوانەی ناویان هێنران، دەیان شاعیر و ئەدیبی کوردی تریش هەن، کە لەبەر نەبوونی بواری پێویست باسمان نەکردن. بەڵام هێندە بەسە کە ئاماژە بە هەندێک لە ناودارەکانیان بکەین، لەوانەش: ناری، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مەولانا خالدی شارەزووری، مستەفا بەگ، سالار سەعید، مەلا محەمەد جەلی زادە، دکتۆر نورەدین زازا، دڵزار، عوسمان عەونی، ئەحمەد کۆر، بێخود، ساڵح دیلان، عوسمان عوزێری و دەیانی تریش.

چەندان ئەدیبی کوردیش لە یەکێتیی سۆڤییێت هەن، کە خزمەتی بەرچاوی زمان و ئەدەبی گەلی خۆیانیان کردووە، لەوانەش پرۆفیسۆر کەناتی کوردۆ، کوردییێڤ، ئەرەبی شەمۆ، جاسم جەلیل و هی تریش.

ئەدیبی کورد محەمەد تۆفیق وردییش، سەرقاڵی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردییە و چەند نامیلکەیەکی بڵاو کردووەتەوە. لە ئێستاشدا لە نێو ئەدیبانی کورددا، ئەدیبی پێشکەوتنخوازی چیرۆکنووس محەمەد ساڵح و محەمەد نوری تۆفیق و چیرۆکنووس مستەفا ساڵح کەریم و خالد دلێری شاعیر و چەند نووسەرێکی بەتوانا هەن، وەک نەوشیروان مستەفا و بەکر حسێن و فوئاد قەرەداغی و چەندان گەنجی پێشکەوتنخوازی تریش.

# خەسڵەتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد

گەلی کورد وەک نەتەوە، باری دەروونیی و هەستی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەیە. چەند خەسڵەتێکی نەتەوەییشی هەیە، کە پێیاندا دەناسرێتەوە. توێژەرانی ئەم باسە لەسەر ئەوە کۆکن، کە گەلی کورد حەز بە ئازادییە، پێزانە، وەفاداری دڵسۆزە، خانەدان و بەشەهامەتە، لە مامەڵە و پەیوەندیدا سادە و ڕاستگۆیە، بە ئازایەتی و تووڕەیی بەناوبانگە. وەک لە خوارەوە وتەی هەندێکیان دەهێنینەوە، زۆرێک لە خۆرهەڵاتناسانی بیانی لەسەر کورد و خەسڵەتەکانیان نووسیوە:

باسیل نیکیتین لە کتێبی (چەند تێبینییەک لەسەر کوردان)دا دەڵێت[٥٧] :

"بۆ نیشاندانی کورتەیەک دەربارەی ئەخلاقی ئەم گەلە، دەبێت بڵێین کە لەشفرۆشی لە نێو کورداندا بەتەواوی ونە ... پیاوی کورد ماڵی خۆی هەیە، زۆربەی جار تەنیا ژنێکیشی هەیە، ژنەکەشی لە کاروباری ناوماڵدا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و باڵاپۆشیش نییە. هاوسەرگرتن بە خۆشەویستی دەبێت. تاکی کورد چالاکە، مرۆڤ کە دێتە کوردستان سەری دەسووڕمێت لەوەی لە بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی زەویدا، چەند هەوڵ دەدرێت. تاکی کورد ئازایە، ڕەق و سافیلکەیە، دڵگەورەیە، زیرەکە و سروشتی باشە. تاکی کورد ئەخلاقی جوانە، دروشمی شکۆ و شەهامەت و ڕەفتاری باشە، دژی هەموو زۆردارییەکیش ڕادەپەڕێت". نیکیتین لە کتێبی (الأکراد)یشدا دەڵێت[٥٨] : "تاکی کورد بە بنەچە و ڕەچەڵەکی خۆیەوە دەنازێت، بۆ سەرۆکی خۆی دڵسۆزە، لە پێناو خەڵکی خۆیدا خوێنی دەبەخشێت، سوارەیەکی ئازایە، حەزی لە شەڕ و جلی کەشخەیە. بەڵام لە ژیانی تایبەتیدا، باوکێکی

---

٥٧- بلە ج شیرکوە، القضیة الکردیة، ط٢، بغداد، ١٩٦١و ص ٧١. ئەمە ئەو چاپەیە کە حکومەتەکەی قاسم، پێش بڵاوبوونەوەی لە بازاڕەکاندا، دەستیان بەسەردا گرت، کاتێک پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلولی ١٩٦١دا، دەستیان بەسەر هەردوو چاپخانەی خەبات و سەلاحەدینیشدا گرت لە بەغدا.

٥٨- لاپەڕە ١٠ی چاپە عەرەبییەکەی.

بەسۆز و مێردێکی دڵسۆزە، ڕێز لە ژن و منداڵەکانی دەگرێت. لە کاتی بەتاڵیشدا حەزی لە شیعری دڵداری و گۆرانیوتن و سرووده جەنگییەکانە. تاوێک کەللەڕەقە و تاوێکیش سەرشێت، بەڵام هەمیشە زۆر زیرەکە، زۆر دڵگەرمە، زوو هەڵدەچێت، سروشت و شتەکانی نێوی لە چیا و دۆڵ و ئاو و مێرگ، خۆشدەوێت".

لە بەرگی ٢١ی ئینسکلۆپیدیای گەورەدا هاتووە[٥٩]:

"کوردان سۆزی خێزانییان زۆرە، دڵسۆزن، دەروونپاکن، میواندۆستن. ژنیان لە ژنی تورک ئازادترن، کە دەچنە دەرەوە باڵا ناپۆشن، فرەژنی نابینیت، مەگەر لە کن دەوڵەمەندەکانیان. تاکی کورد هەر زۆر حەزی لە مۆسیقا و هەڵپەڕینە".

مسیۆ هازی بێندەر لە کتێبی (گەشتێک بە وڵاتی کورداندا) دەڵێت[٦٠]:

"بەکورتی، کوردەکان پیاوی زۆر باش و بەهێز و زیرەکن. پاش ئەوەشی هەندێک بیریان بە شارستانی ڕۆشن دەبێتەوە، باشتریش دەبن".

ئی.بی. سۆن لە کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان)دا دەڵێت[٦١]:

"تاکی کورد هەمیشە دڵسۆزە، ڕێز لە قسەی خۆی دەگرێت، سۆزی بۆ خزمانی هەیە. مامەڵەی لەگەڵ ژن نایابە، سەلیقەی جوان و ناسکە، شەیدای شیعرە، ئامادەی قوربانیدانە، شانازییەکی جوانیش بە نەتەوە و نیشتمانی خۆیەوە دەکات: ئا ئەوەیە تاکی کورد".

نیکیتین هەر لە زاری ئی.بی. سۆنەوە ئەمەش دەگێڕێتەوە[٦٢]:

"گەر بمانەوێت لە حوکمدان بەسەر کورداندا بەویژدان بین، دەبێت بەراوردی کوردستان

---

٥٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٢ی چاپی عەرەبیی دووەم.

٦٠- مسیۆ پۆل بەندەر لە ١٨٨٧دا هاتووەتە کوردستان، لەم بارەیەشەوە دەڵێت: «کوردەکان هەستی شکۆیان بەهێزە، بەتەواوییش بە بەڵێنەوە پابەندن. گەر کەسێکیان بەڵێنی پێدایت کە بە سەلامەتی دەتگەیەنێتە شوێنێک، بێ هیچ دوودڵییەک متمانەی پێ بکە». بڕوانە کتێبەکەی نیکیتین، الاکراد، ل ٦٥.

٦١- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٧٢.

٦٢- باسیل نیکیتین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣. مەبەستی سۆن ئەو کوردستانەیە کە ئەو پێش یەکەمین جەنگی جیهانی، سەری لێ داوە، پێش ئەو پێشکەوتنەی لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پیشەسازی و تەندروستییەوە، بەدەست هاتووە.

و ئەوروپای پێش ٦٠٠ ساڵ بکەین. تەنانەت گەر لەمڕۆشدا بەراوردی ئەوروپی و کورد بکەین، پێم وا نییە تای تەرازووی کورد زۆر لە خوار بێت. چونکە ئێمە لە نێو هەزار کورددا، جا سەر بە هەر تاقمێک بن، تاوانکاری ئەخلاقیی کەمتر دەبینینەوە بەراورد بە هەمان ژمارە لە نێو ئەوروپییەکاندا[٦٣]. جا ئایا وەها قسەیەک وەڵامێکی دەمکوتکەری هەموو ئەو کەسانە نییە، کە ویستوویانە کورد وەک کۆمەڵێک چەتە و ڕێگری دڕندە وێنا بکەن؟".

پرۆفیسۆر ئاکۆبۆف، پسپۆڕی سۆڤییێت لە کاروباری کوردان، لە تێزەکەیدا دەربارەی کوردان دەڵێت[٦٤]:

"خەسڵەتە تایبەتەکان لە پێکهاتنی دەروونی مرۆڤی کورددا، بریتیین لە هەست بە خۆکردن و شانازیی نەتەوەیی. کورد حەزی بە ئازادییە، خەڵکی خۆی خۆشدەوێت، هەمیشەش ئامادەیە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا تێبکۆشێت. سیفەتی دیاریان یەکگرتن، یەکتر ڕزگارکردن و بەدەم یەکترەوە چوونە. کورد ئەو دیموکراسییەی بە درێژایی مێژوو لایان دروست بووە، ئازایەتی، کارکردن، لێبووردەیی ئاینی، ئەخلاقی جوان، ژیانی خێزانی، گەپجاڕیی خۆڕسکی و بیرکردنەوەی گەشبینانە و ئەرێنییان هەیە".

بزینکرە، نووسەری ڕووسی لە کتێبەکەی (چەند یاداشتێک لە بارەی کوردستان)دا دەربارەی کورد دەڵێت[٦٥]:

---

٦٣- ئی.بی. سۆن لە ١٩٠٩دا بەدزییەوە هاتووەتە کوردستان، خۆی بە فارس لەقەڵەم داوە، بەڵام هەندێک کوردی جاف پێیان زانیوە و ڕێزیان گرتووە. لە ١٩١٢ لە لەندەن کتێبەکەی (Through Mesopotamia and Kurdistan in Disguise) بڵاو کردەوە، تێیدا تێبینی و بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی سەردانەکەی تۆمار کردووە.

٦٤- أکوبوف، مسألة الترصین القومي لأکراد ایران، بڕوانە تێزی دکتۆرای سەید عەزیز سەید عەبدوڵای شەمزینی لە ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییەکان لە لینینگراد بە ناونیشانی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد)، کە خەباتیش چەند بەشێکی لێ بڵاو کردەوە. دکتۆر شەمزینی تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردە، سەر بە بنەماڵەی نەهرییە، کە بە خەباتی نیشتمانیی ناسراون. ڕێبەریان شێخ عوبەیدوڵای نەهری، سەرکردەی شۆڕشی ١٨٨١ بوو. شێخ عەبدولقادری باپیری دکتۆر شەمزینی و شێخ محەمەدی مامی لە شۆڕشی ١٩٢٥ی کوردااندا لە تورکیا، لەسێدارە دران. شەمزینی ئەندامێکی دیاری حیزبی هیوا بوو، لە ١٩٤٥ چووە ڕیزی جووڵانەوەی بارزانەوە، پاشان کۆماری دیموکراتیکی کوردستان کە بۆ تەواوکردنی خوێندنی سەربازیی ناردی بۆ باکۆ و تا ١٩٥٨ کە خوێندنەکەی تواو کرد و گەڕایەوە عێراق، لە یەکێتیی سۆڤێتی مایەوە.

٦٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

"کورد بە سروشتی خۆی، ڕەوشتی جوانە، خەڵکی باشە، بە دڵخۆشی و خوڵکی کراوەدا دەناسرێتەوە. ڕووخۆش و خۆشمەشرەبە، لە قسەکردندا سادەیە، زۆر لە خۆی ناکات، لەگەڵ میوانی خۆیدا تا ئەوپەڕی بەخشندەیە".

جەیمس ڕیچی بەریتانی، کە لە ١٨٢٠دا هاتووەتە کوردستان، دەڵێت[٦٦] :

"کوردەکان گەلێکی ڕووخۆش و زۆر کۆمەڵایەتیین، ئاگای لووتبەرزیی بێمانا نازانن، ئێرەیی بە یەکتر نابەن. گوێم لێ نەبووە کوردێک زەمی دوژمنێکی کردبێت، هەتا ئەگەر زۆریش ناکۆک بووبن. کورد چەکی خۆیانیان خۆشدەوێت و باشیشی لێ دەزانن".

خۆرهەڵاتناس هارتمان لە کتێبەکەی (پێنج وتار دەربارەی ئیسلام) لە ١٩١٢دا، سەبارەت بە کورد دەڵێت[٦٧] :

"لە ڕواڵەتی توندی کورددا، ئاشتی و هەستی قووڵی ناسک پەنهانن. زۆر گێڕانەوە و بەڵگەش ئەوە دەسەلمێنن کە سروشت، زیرەکییەکی بەرچاو و توانای درککردنی خێرا و تێگەیشتن و بڕیاری دادپەروەرانەی بە کورد بەخشیوە".

ویکرامی مژدەبەخشیش (مسیۆنێر) دەڵێت: "کورد گەلێکی بەهێز و بەهرەدار و مامەڵە خۆشن"[٦٨] .

لیرش، کە پەسنی زۆرێک لە فەزیلەتە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردی داوەتەوە، لە توێژینەوەکەیدا ئەم وتەیەی ئابۆڤیان-ی نووسەری ئەرمەنی دەهێنێتەوە[٦٩] :

"دەکرێت بە هەموو مانا و دەلالەتێکەوە بە کوردەکان بڵێین (سوارەی خۆرهەڵات)

---

٦٦- بڕوانە کتێبەکەی بلە ج. شیرکوە، ل ٧٦ی چاپی دووەمی. هاوسەری جەیمس ڕیچی ڕەحمەتی، لە ١٨٣٦ لە لەندەن کتێبەکەی دەربارەی گەشتەکەیان بۆ کوردستان بە ناوی (Narrative of a Resident in Kurdistan) بڵاو کردەوە.

٦٧- بڕوانە کتێبەکەی بلە ج، شیرکوە، ل ٧٦ی چاپی دووەمی، کە ئەو وتەیەی لە کتێبەکەی هارتمان (Funt vortrag uber den Islam)ەوە وەرگرتووە.

٦٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥ی چاپی دووەمی.

٦٩- باسیل نیکیتین، الاکراد، ل ٦٧.

ئەگەر بهاتبا و ژیانێکی تۆزێک شارستانیتر ژیابان. چونکە خەسڵەتە هاوبەشەکانی ئەم گەلە، بریتیین لە ئامادەییەکی هەمیشەیی بۆ شەڕکردن، سەرڕاستی و گیانفیدایییەکی ڕەها بۆ میرەکانیان، ڕێزگرتن لە پەیمان و بەخشندەیی و میواندۆستی و حەزکردن بە سوارچاکی و ڕێزگرتنێکی هێجگار زۆر لە ژنان".

باسیل نیکیتین-یش بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەو وتانە بەم جۆرە دەردەبڕێت[٧٠] :

"من دڵنیام لەوەی ئەم خەسڵەتە باشانەی بەگشتی دراونەتە پاڵ کورد، لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی ئەو گەشتیارانەدا وێک دێنەوە کە ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کورددا ژیاون". هەروەها دەشڵێت[٧١] : "جگە لەوانەش کورد شان بە شانی سروشتی جەنگییان، خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئازادی هەیە و زۆر پاڵەوانانەش دەست بە شکۆی خۆیانەوە دەگرن".

زۆرێک لەو کەسانەی شارەزان، بە خەسڵەتە باشەکانی کوردیاندا هەڵداوە، لەوانەش ئۆربێللی، زانای سۆڤییێتی گەورەی کۆچکردوو و دۆستی نزیکی گەلی کوردمان، ڤیلێجیڤسکی، خۆرهەلاتناسی سۆڤییێتی کۆچکردوو و پرۆفیسۆر پرینتس، لە ئەڵمانیای دیموکراتی و شارەزا لە کاروباری بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی و دکتۆر أدیب معوضی لوبنانی و پییێر بوای فەرەنسی و لوسی پۆل مارگرێت و دەیانی تریش.

---

٧٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

٧١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

# پاژی دووەم

## بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد

### سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی

لە سەدەی شازدەیەمی زاینیدا لە هەمبەر سەپاندنی سەروەری و هەژموون بەسەر وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بەتایبەتیش خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێیەکی توند لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانی (شیعی) و عوسمانی (تورکی - سوننی)دا هەبوو. چەندان جۆر چەک و ئامرازی چەواشەکردن و فێڵکردن و خەڵەتاندن و وروژاندن لەو ململانێیەدا، بەکارهێنرا. ئەوەش بەڵای جەنگ و خاپوورکردن و کوشتن و تێکدانی بەسەر گەلانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی لە فارس و کورد و عەرەب و تورکدا، هێنا. بەو پێیەشی کوردستان، کە خاکی جیاکەرەوەی هەردوو دەوڵەتەکە بوو، بوو بە مەیدانێکی سەرەکی و گەلەکەشی بەو هۆیەوە پشکی شێریان لە بەڵا و نەهامەتیی تاقەتپڕووکێنی جەنگ بەرکەوت. بەتایبەت لە سەروەختێکدا کە خۆی بەسەر چەند میرنشینێکی دەرەبەگایەتیدا دابەش بووبوو، کە هەریەکەیان بە تەنیا لە باریدا نەبوو بەرەنگاری داگیرکەران ببێتەوە و سنوورێکیان بۆ دابنێت.

سیستەمی دەرەبەگایەتیی باوی ئەو سەردەمەی کوردستانیش، ڕێگر بوو لە یەکخستنی گەلی کورد و کۆکردنەوەی میرنشینە کوردییەکان لە سایەی تاکە دەوڵەتێکدا، کە بتوانێت بەرگری لە نیشتمان بکات و پێشی هێرشی بیانییەکانیش بگرێت، یان هیچ نەبێت وڵات لە مەترسیی جەنگەکە دوور بخاتەوە، کە هیچ بەرژەوەندییەکی ئەوانی تێدا نەبوو. هاوکات لەو سەردەمەدا

هێشتا هەستی نەتەوایەتیی (ناسیۆنالیزم)ی کوردی[٧٢] ، بە مانا مۆدێرنەکەی، دروست نەبووبوو تا لە پێناو بەرگریکردن لە نیشتماندا، خەڵک و توێژە جیاوازەکانی گەلی کورد یەک بخات و هەوڵ و هێزیشیان هاوئاهەنگ بکات.

بەڵکو هەستی ئاینیی مەزهەبیی زاڵ بوو، کە ئەوەش تورک و فارسەکان قۆستیانەوە تا کوردەکان بۆلای خۆیان کێش بکەن. بەوەش کوردەکان بوون بە دوو بەرەوە: یەکێکیان دوای دەوڵەتی سـەفەوی - شیعی کەوت و ئەوەکەشیان دوای دەوڵەتی عوسمانی - سوننی.

---

٧٢- هەستی نەتەوەیی بریتییە لە هەستی ئینتیمای تاکەکەس بۆ نەتەوەکەی، پڕ لە خۆشەویستیی گەل و نیشتمان، لە نازین بە سەرکەوتنەکانی، لە ئاگابوون لە بەرژەوەندییەکانی و هاندەرێکیشە بۆ کارکردن لە پێناو ڕزگارکردنی نیشتمان لە هەژموونی بیانی و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان، کە بەپێی چین و توێژە جیاوازەکان ئەویش دەگۆڕێت. هەستی نەتەوەیی لە نەتەوەوە دێت لە سەروەخت و لە پاش پێکهاتنی مێژوویی لە بۆتەقەی تایبەتی خۆیدا. نەتەوە (nation)یش بە مانا مۆدێرنەکەی واتە کۆمەڵێک خەڵک کە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا لەسەر خاکێکی هاوبەش دروست بووە، بە هەمان زمان دەدوێن، ژیانێکی ئابووریی هاوبەش دەژین، بارێکی دەروونیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. بە هەستی نەتەوەیی یەکانگیر و سیفەت و خەسڵەتە نەتەوەییە گشتییە هاوبەشەکان، خۆی دەردەبڕێت. نەتەوەش ناتوانێت پێکبێت، گەر بەربەستە دەرەبەگایەتییەکان (چ ئابووری و چ سیاسی و هی تریش) کە ڕێگرن لەوەی بنەماڵە و کۆمەڵە جیاوازەکانی سەر هەمان خاکی هاوبەش لە بۆتەقەی نەتەوەدا بتوێنەوە، هەڵنەوەشێنەوە. نەتەوە لە ئەورووپا هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی سەرمایەداریدا، دەرکەوت. قانونی کۆمەڵایەتیی نەتەوە وا دەخوازێت، کە پاش ئەوەی بە شێوەی سەرەتایی یان کۆرپەلەیی سەر هەڵدەدات، بە قۆناغەکانی پێگەیشتن و کامڵبووندا بڕوات. ئەوەش بە خۆڕاپسکاندنی لە هەژموونی بیانی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی مافی حوکمکردنی خۆی و دواتریش تەواوکردنی پایەکانی پەرەسەندنی بە ئازادی.

ئەوەش پێمان دەڵێت کە ناسیۆنالیزمی کوردی[٧٣]، بە مانا مۆدێرنەکەی، ئەوکات خەت و خاڵی نەدابوو، بۆیە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی کوردییش نەبوو کە بۆ ئامانجە نەتەوەییە تایبەتەکانی خۆی تێبکۆشێت. ئەوەش ئەرکی تەماحکەرانی لە ملپێکەچکردنی کوردستان و سەپاندنی دەسەڵاتی بیانی بەسەر میرنشینە کوردییەکاندا، ئاسانتر کرد. بەتایبەت کە ئەو میرنشینانە لاواز بوون و نەیاندەتوانی بە تەنیا بەرگری لە قەوارەی خۆیان بکەن، بۆیە بە ئامانجی ئەوەی جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، یانیش لە ژێر کاریگەریی هەستی ئاینیی مەزهەبییدا، ناچار لە یەکێک لەو دوو دەوڵەتە بەهێزە نزیک دەبوونەوە.

سوڵتان سەلیمی عوسمانی، سیاسەتێکی چەواشەکارانەی بۆ ڕاکێشانی سۆزی کورد بە لای خۆیدا، بەکارهێنا. هەوڵی دا سوود لە هەستی ئاینیی مەزهەبی و هەوڵەکانی زانای ئاینی، مەلا ئیدریس، وەربگرێت. مەلای نارد و بە نێو کورداندا دەسووڕایەوە،

٧٣_ ناسیۆنالیزم (نەتەوایەتی) ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەیە، کە تاکەکەس بە لای نەتەوەکەی و خۆشویستنی گەل و نیشتمان، نازین بە سەرکەوتن و کەلتوورەکەی، ئاگابوون لە بەرژەوەندییەکانی و دەستگرتن بە نەریتەکانییەوە کێش دەکات. وەکچۆن هاندەرێکیشە بۆ کارکردن لە پێناو ڕزگارکردنی نیشتمان لە هەژموونی بیانی. نەتەوەایەتی، پاش ئەوەی وەک بیرۆکە و بیرکردنەوە چووە نێو ڕیزەکانی گەل یان هەندێک لە توێژەکانییەوە، بوو بە بزووتنەوە. بەم شێوەیە بزووتنەوەی نەتەوایەتی دروست دەبێت، کە ئامانجی ڕزگارکردنی نیشتمان و گەشەپێدانی کەلتوور و زمان و ئەدەب و بەدەستهێنانی حوکمڕانیی نیشتمانییە. سروشتی کۆمەڵایەتیی نەتەوایەتی، بەپێی جیاوازیی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەیکەنە کۆڵەکەی بیر و کاری خۆیان، دەگۆڕێت. ئەگەر بزووتنەوەی توێژە باڵاکانی کۆمەڵگە (موڵکدارە سەرمایەدارەکان) بێت، ئەوکات سروشتێکی کۆن و هەلپەرستانە و خاوەنی دیدێکی بەرتەسک و بەسەر خۆدا داخراو دەبێت. بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک، یان توێژی پێشکەوتنخواز و زەحمەتکێش بێت، ئەوکات بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی خاوەن سروشتی جەماوەری و مرۆیی دەبێت، کە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان و توورهەڵدانی وەبەرهێنانی بیانی و هەلپەرستیی ناوخۆییشە. بەڕاستی سەرکەوتنی سۆسیالیزم و بەربڵاوبوونی بیری پێشکەوتنخوازانە لە جیهاندا، کاری لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش کردووە، لە ڕووی گۆڕینی سروشت و ناوەڕۆکی بەرەو باشتر. بەتایبەت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی نەتەوە ستەملێکراوەکان، لە خۆیدا هەڵگری تۆوێکی پێشکەوتنخوازانە و خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە کۆلۆنیالیزم و هەلپەرستیی بیانییە.

پەیوەندیی بە میرەکانیانەوە دەکرد، فووی بە هەستی ئاینیی مەزهەبییدا دەکرد، داوای لێ دەکردن بچنە سایەی ئالأی خەلیفەی عوسمانییەوە، کە لای خۆیەوە و بەپێی فەرمانی سوڵتانی لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٥١٥ز، ددانی بە سەربەخۆیی ناوخۆیی میرنشینە کوردییەکاندا نا. بەو شێوەیە، میرنشینە سوننییەکانی کوردستان بە ڕەسمی ملکەچی سوڵتانی عوسمانی کران. ئەو ملکەچپێکردنە ڕەسمییەش سەرەتای سەپاندنی هەژموونی ستەمکارانەی عوسمانییەکان بوو بەسەر کوردستاندا، کە زۆری نەخایاند عوسمانییەکان هەوڵیان دا بیکەن بە ملکەچییەکی ڕاستەقینەی سەرتاپایی، ئەوەش بە لەناوبردنی یەکجاریی هەموو شێوەکانی سەربەخۆیی میرنشینە کوردییەکان و سەپاندنی ناوەندێتی، کە مانای بەتورککردنی ئیدارە و دەزگا فەرمانڕەواکانی کوردستانی دەگەیاند، ئەوەش بە جێگرتنەوەی میر و فەرمانڕەوا کوردەکان بە والی و فەرمانڕەوای تورک و ناردنی هێزی سەربازیی تورکی بۆ کوردستان، پاش تەفروتوناکردنی میلیشیای کوردی. هاوکات سەپاندنی بێگاری و چەوساندنەوە بەسەر هاولأتییە کوردەکان و قورسکردنی ئەرکی سەرشانیان بە باج و ناچارکردنیان بە خزمەتی سەربازی لە سوپای سوڵتان و جەنگین لە پێناویدا.

ئەم ملکەچپێکردنە ناچارییەی جارێک بە فێڵ و جارێکیش بە زۆر، سەرباری بەرەنگاریی کوردان بە هەموو ئامرازێک، بووە هۆی دروستبوونی یەکێتییەکی ناچارییانە لە نێوان کورد و تورکدا، یەکێتییەک کە لەسەر پێکەوەلکاندن و شوێنکەوتنی ناچاری، لە ژێر بەرگێکی ئاینییەوە، وەستاوە. تێیدا مافەکانی گەلی کورد، کە گۆڕا بۆ گەلێکی بێبەش لە هەموو مافێکی سەروەریی نیشتمانیی، زەوت کران. ئیمپراتۆریای عوسمانی لەسەر ئەو یەکێتییە ناچارییەی لەگەڵ هەموو گەلانی ملکەچی وەک عەرەب و کورد و ئەرمەن و یۆنانی و بولگاری و ئەلبانی و ئەوانی تریشدا، بەند بوو.

یەکێتیی ئاوا ناچاری، پێچەوانەی یەکگرتنی نەتەوەکانە لەسەر بنچینەی ئاین یان مەزهەب لەگەڵ هێشتنەوەی حوکمڕانیی ناوخۆیی، وەک ئەوەی کە کوردەکان لە سەروەختی ڕاگەیاندنی ڕەسمیی لایەنگرییان بۆ خەلیفە، لەسەری ڕێککەوتبوون.

وەک چۆن پێچەوانەی یەکگرتنی خۆویستانەی نەتەوەکانی سایەی هەمان

دەوڵەتیشە، چونکە یەکگرتنی خۆویستانە دەبێت لەسەر بنچینەی ویستی ئازادی لایەنەکانی بێت، کە بە مومارەسەیەکی ئازادانەی مافی چارەی خۆ نووسین لە شێوەی یەکگرتندا، دەردەبڕدرێت. هەروەها یەکگرتنی خۆویستانە وا دەخوازێت، کە ڕێزی یەکسانی و مافی هەموو نەتەوەکان، چ گەورە و چ گچکەش، بگیرێت.

لەو پرۆسەی ملکەچپێکردنە درێژ و پڕ لە تۆقاندن و چەوساندنەوە و ستەمەی، کە کوردان بە هۆیەوە تاڵیی زۆریان لە هەڵکوتانە سەر میرنشین و هێرشی چەکدارانەی تورکان بۆ سەر وڵاتەکەیان چەشت، لەو هەموو کوشتار و هێرشانەی عوسمانییەکان کردیان، لەو پرۆسە کۆڵۆنیالیستییە فراوانخوازییەی ئەوانەوە، بۆ یەکەم جار کێشەی کوردی دروست بوو، ئەوەش لە سەدەی نۆزدەوە کە دەوڵەتی عوسمانی ئەو پرۆسەیەی بە زەبری چەک و سەپاندنی ناوەندێتییەکی تورکیی خنکێنەر بەسەر تەواوی کوردستاندا، تەواو کرد. هەروەها پاش ئەوەشی نەتەوەی کورد خۆی کۆ کردەوە و بە شێوەی بەرایی و کۆرپەلەیی، لە بۆتەقەی تایبەتی خۆیدا، پێک هات. بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی بڵێین دۆزی کوردی لە سەرەتای ڕاگەیاندنی لایەنگریی میرنشینە کوردییەکانەوە بۆ سوڵتان، دروست بووە، بەڵکو لە سەروەختی تەواوکردنی ئەو پرۆسە تۆقێنەرەی پێش سێ سەدە و شتێکەوە، لەساڵی ١٥١٥ تا ١٨٤٢، پاش پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە شێوەی کۆرپەلەیەک لە مناڵدانی کۆمەڵگەی کوردییەوە، دروست بووە. چونکە دۆزی کورد لە لایەکەوە دۆزی بەکۆیلەکردن و چەوساندنەوە و داگیرکردنی وڵاتەکەی و زەوتکردنی مافە نەتەوەییەکانێتی، لە لایەکی تریشەوە دۆزی تێکۆشانی دژ بە بەکۆیلەکردن و داگیرکردنی بیانی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و یەکگرتنی ناچارییانەی گەلی کوردە لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانی و بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی و مومارەسەکردنی مافە نەتەوەییەکانی.

بۆیە نەدەکرا دۆزی کوردی پێش یەکگرتنی ناچارییانە، کە بەرجەستەکەری بەکۆیلەکردن و داگیرکردنی کوردستان و چەوساندنەوەی گەلی کورد بوو، کە لە هەموو مافەکانی بێبەش کرا و بوو بە گەلێکی ژێردەستە، دروست بێت. یان پێش ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بە مانای مۆدێرنی نەتەوایەتی، کە لە هەستی نەتەوەییەوە کەوتەوە، خەت و خاڵ

بدات و بیرۆکەکانی بە نێو کورداندا پەرش بێتەوە، یان پێش ئەو پەرەسەندنانەی هاوکاتی دژیەکیی توندی نێوان پێویستییەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئەو هەژموونە بیانییە بوون، کە ڕێی لێ دەگرت. لە ئەنجامی ئەمانەوە بوو، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد سەری هەڵدا.

### سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی

ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە، پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەی کورد و سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی، لە کارلێکی چەندان فاکتەری ئابووری و سیاسی و سەربازی و فیکرییەوە لەگەڵ پێکهێنەرە سەرەتاییەکانی نەتەوەی کورددا[٧٤] ، دروست بووە، کە پێکهێنەرەکان وەک مادەی خاوی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییە گرنگە بوون. دیارترینی ئەو فاکتەرانەش ئەمانەن:

**یەکەم:**

داگیرکردن و بەکۆیلەکردنی کوردستان و لێکەوتە و ئەنجامەکانیان. ئەوەش پاش ئۆپەراسیۆنی سەربازی و لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان و هەموو سیماکانی حوکمڕانیی کورد تێیاندا، ملکەچپێکردنی گەلی کورد بە زەبری ئاگر و ئاسن بۆ حوکمڕانییەکی بە ڕووکەش عوسمانی و لە کرۆکدا تورکی، سەپاندنی نیزامێکی ناوەندی و هەموو پێویستییەکانی لە کۆکردنەوەی باج و بەسەربازگرتن و بێگاری و ناردنی هێز و فەرمانبەرانی تورک بۆ ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، کە پێکەوە بوونە هۆی خوڵقاندنی کاردانەوەیەک کە بریتییە لە:

---

٧٤- پێکهاتنی نەتەوە -بە مانا مۆدێرنەکەی- لە خێڵ و کۆمەڵە مرۆییەکان، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی-مێژووییە کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا ڕووی داوە. خۆ نەتەوەی فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی یان تورکی پێش سەدان یان هەزاران ساڵ، بەم شێوەیەی ئێستایان نەبوون. بەڵام نەتەوەکان ڕیشە و بنەچەیان هەیە لە مێژوودا، پێش پێکهاتنیشیان وەک نەتەوەی مۆدێرن، خاوەنی کۆمەڵێک ڕەگەزی بەرایین، کە وەک مادەی خاوی پرۆسەی پێکهاتنی نەتەوەن. هەمان شت بۆ نەتەوەی کوردیش ڕاستە، کە پێش پێکهاتنی وەک نەتەوەیەک بە مانا مۆدێرنەکەی، هەندێک ڕەگەزی بەرایی هەبووە، وەک خاکی کوردستان، زمانی کوردی و هەندێک نەریت و خەسڵەتی هاوبەش، وەکچۆن بنەچەی هەندێک لە خێڵەکانیشی یەکێک بووە. بە حوکمی دابەشکردنی کار، بە هۆی دۆخی جوگرافی و کەشوهەوای جیاوازەوە، لە ئاستێکی سنوورداردا جۆرێک لە ئاڵوگۆڕ لە نێوان پارچە جیاوازەکانی کوردستانیشدا هەبووە.

**دووەم:**

بەرەنگارییەکی ئاشتییانە و چەکدارانە دژی عوسمانییە زەوتکارەکان و چەندان ڕاپەڕینی چەکداریی کوردی بۆ بەرگریکردن لە ئۆتۆنۆمی، کە بوونە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی بۆ تورکە زەوتکارەکان و ڕقلێبوونەوەیان و لەوێشەوە هەستکردن بە کوردایەتی و بەرگریکردن لە مافەکانی کورد. ئەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە چەکدارییانە گەرمیی پێویستیان بۆ تواندنەوەی ڕەگەزە بەراییەکانی نەتەوە لە بۆتەقەی نەتەوەی کورددا، بەرهەم هێنا. هەروەها بۆ دروستبوونی هەستی نیشتمانیی کوردییش کاریگەریی هەبوو، بەتایبەت کە ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییانە هاوکات بوون بە:

**سێیەم:**

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە قۆناغەکانی کۆتایی پرۆسە ملکەچپێکردنە درێژەکەدا. ئەو گۆڕانکارییانەش تەقینەوە بە هەژموونی بیانیی تورکیدا، کە دژیان دەجەنگا، ڕێی لێ دەگرتن، تەگەرەی دەخستە بەردەم ڕێڕەوی ئاساییان.

ئەم پرۆسەی ملکەچپێکردن و داگیرکردنە تورکییەی کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، کۆتایی هات. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە کردەوە سەربازی و ئیداری و فیکرییەکانی، چالاک و بەهێز و توند بوون، بەو پێیەی لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستاندا سەرەتای پەرەسەندنێکی سەرمایەداریی بازرگانیی دەرکەوتبوو؛ بازرگانیی زۆر و فراوان بوو و چینێکی بازرگان و کاسبکاری دەوڵەمەند، واتە چینی ناوەندی، دەرکەوتن. هاوکاتی ئەوەش نیزامی دەرەبەگایەتی لە ڕووخان و هەڵوەشانەوەدا بوو، کۆمەڵگەی کوردستانیش دەگۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەکی نیمچە دەرەبەگایەتی. سەرمایەداریی تازە-سەرپێکەوتووی نێو پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکانیش بەر چوارچێوە دەرەبەگییەکەی کەوت، ئەو چوارچێوەیەی کە بوو بە کۆتی پەکخەری گەشە و زەقبوونەوەی تۆوی نوێی سەرمایەداری. لەسەر مێژووی ئەو قۆناغە، باسیل نیکیتین دەنووسێت[٧٥]:

"وڵاتی کوردستان بە جۆرێک لە سیستەمی سەرمایەداریی ئاشنا بوو، چونکە ناوەندێکی

٧٥- الاکراد، ل ٤٦ و ٤٧ی چاپی یەکەمی عەرەبی.

گرنگی دابینکردنی ئاژەڵ بوو بۆ بەغدا و قوستەنتینییە و سووریا، وەک چۆن خوری و هەنگوین و سیکۆتین و کەرەستەی بۆیەکردنیشی دەنارد. لە بەرامبەردا کوردستان چەک و چنراوی لۆکە و ئاوریشم و شەکر و کەرەستەی تری بەکارهێنانی دەهاورد. دەکرێت بوترێت کە هەناردەی کوردستان لە هێنراوی زیاتر بوو، کە ئەوەش بووە هۆی کەڵەکەبوونی پارە لای کەسانێک. تەنیا قوستەنتینییە ملیۆنێک یان ملیۆن و نیوێک سەر مەڕ و مانگای لە کوردستانەوە بۆ دەچوو، کە بێگومان ژمارەکە زۆر لەوەش زیاتر بووە.

کوردستان بایی زیاتر لە ٣٥٠٠٠٠ پاوەندی ئیستەرلینی جەوت و خوری، بەتایبەت مووی بزنی (صوف ماعز – الانغورا) دەنارد، کە لە پیشەسازیی پاڵتۆ و شاڵدا بەکار دەهێنرێت. بەپێی خەملاندنەکان، کوردستانی تورکی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ساڵانە بایی ٧٠٠٠٠٠ پاوەندی ئیستەرلینی کاڵای ناردووە. جا خەڵکی کوردستان، بە دزیی حکوومەتی تورکییەوە، هەبوونی ئاسن و قوڕقۆشمیان دەقۆستەوە و پاش بەرهەمهێنانی هەندێک لە ئامرازەکانی خۆیان، ئەوی تریان دەفرۆشت".

نیکیتین بەردەوام دەبێت و دەڵێت[٧٦] : "لە کۆی ئەم زانیارییانە لەسەر ژیانی ئابووری لە کوردستاندا، فیلچێڤسکی دەگاتە ئەوەی کە لە سەدەی نۆزدەدا و پێش فراوانبوونی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی، بازرگانی، بەتایبەت بازرگانیی ناوخۆیی، بەشی پێویست چالاک بووە":

**چوارەم:**

لێکەوتەکانی یەکخستنی میرنشینە کوردییەکان و هەرێمە جیاوازەکان لە سایەی یەک دەوڵەتی خاوەن یەک نیزامدا، لە ڕووی یەکخستنی نەریت و قانون و لێکچوونی دابونەریت و زیادبوونی تێکەڵاویی نێوان کوردان و زیادبوونی مامەڵەی بازرگانی و هاوسەرگیری و پەیوەندیی نێوانیان و لادانی بەربەستەکانی بەردەم یەکگرتنیان.

**پێنجەم:**

دەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکی بە شێوەیەکی زۆر توند و ڕەگەزپەرستانە

٧٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

و هاوکات سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نیشتمانی لە وڵاتە عەرەبییەکان و ئەرمینیا و بولگاریا و یۆنان و ئەلبانیا و سربیا و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوانە بەسەر خوێندەوار و دەستڕۆیشتوو و پیاوانی ئاینیی کوردەوە.

ئارشاک سافراستیان لەم بارەیەوە لە کتێبەکەیدا دەڵێت[٧٧] :

"سەرکەوتنی جەنگی سەربەخۆیی یۆنان لە ١٨٢٨، شکستپێهێنانی تەواوەتیی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە جەنگی ڕووسی - تورکیی ساڵانی ١٨٢٨ - ١٨٢٩ و پەیماننامەی هونکار ئیسکەلەسیی پاشکۆی لە ١٨٣٣، کە بە پراکتیکیی تورکیای خستە ژێر ماندێتی ڕووسییەوە، لەگەڵ کشانی سەرکەوتووانەی ئیبراهیم پاشای سەرکردەی سوپای میسری لە ئاسیاوە تا بەر دەروازەکانی قوستەنتینییە، پێکڕا گڕی ئارەزووی توندی سەربەخۆیی تەواویان بەردایەوە دەروونی هەندێک لە سەرکردەکانی کورد. گەر یۆنانی و میسرییەکان، کە پێشتر ڕەعیەتی بابی عالی بوون، بتوانن سوپای تورکی ببەزێنن و تەفروتونای بکەن و سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، بۆچی کوردان مافیان نەبێت بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت، خۆیان بەڕێوە ببەن".

لەوەی باس کرا دەکرێت تێبینیی ئەوە بکەین کە نەتەوەی کوردی بە شێوە بەراییەکەی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد لە سەرەتاوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا سەریان هەڵداوە. دواتر وردە وردە خەسڵەتەکانی ڕوونتر و دەرکەوتووتر بوون، بە جۆرێک کە هەستی نەتەوەیی لێیانەوە خەت و خاڵی دا و بە نێو خوێندەوار و دەستڕۆیشتووان[٧٨] و نیشتمانپەروەر و خاوەن کارگە و هەناردەکار و هاوردەکارانی کورددا

٧٧- کورد و کوردستان (Kurds and Kurdistan)، ل ٤٩ و ٥٠.

ئارشاک سافراستیان لە لاپەڕە ٤٩ی کتێبەکەیدا لە بارەی زەرەرمەندبوونی دەستڕۆیشتوو و سەرۆک خێڵە کوردییەکان بە هۆی ناوەندگەرایی ساڵی ١٨٢٦ەوە کە سوڵتان فەرمانی لێ دا، دەڵێت «ئەو چاکسازییانەی بابی عالی کردنی، وەک لێدانی زەنگی مەرگی دەرەبەگایەتیی- کوردی- بوو».

٧٨- ئارشاک سافراستیان لە لاپەڕە ٤٩ی کتێبەکەیدا لە بارەی زەرەرمەندبوونی دەستڕۆیشتوو و سەرۆک خێڵە کوردییەکان بە هۆی ناوەندگەرایی ساڵی ١٨٢٦ەوە کە سوڵتان فەرمانی لێ دا، دەڵێت «ئەو چاکسازییانەی بابی عالی کردنی، وەک لێدانی زەنگی مەرگی دەرەبەگایەتیی- کوردی- بوو».

بڵاو بووەوە، ئەوانەی کە هەژموونی تورکی سەری لە کارەکانیان شێواندبوو، هەڕەشەی زیان و لەدەستدانی بەرژەوەندییەکانی لێ دەکردن. تێکۆشانی کوردیش دژی عوسمانییە زەوتکارەکان و هەژموونیان، مۆرکێکی نەتەوەیی بەخۆوە گرت، لەبەر ئەوە نا کە دژی زەوتکارە بیانییەکان و بەرگریکردن بوو لە جۆرێک لە سەربەخۆیی نەتەوەیی، بەڵکو لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتییشی هەبوو.

لێکدانەوەی زانستییش ئەوەیە کە شان بە شانی پرۆسەکانی ملکەچپێکردن و کۆنترۆڵی بیانی و ئاسەوارەکانیان و لێکەوتەی کارلێک و کاریگەریی ڕووداوەکان، نیزامی کۆمەڵایەتیی کوردستانیش گۆڕا، بەوەی پێکهاتەی بۆرجوازی - تۆوی سەرمایەداری - لە کۆمەڵگەدا دەرکەوت. ئەوەش بە هۆ و لە ئەنجامی کێشکردنی خۆرهەڵات - بە کوردستانیشەوە - بۆ خولگەی ئابووریی سەرمایەداریی جیهانی و زیادبوونی بازرگانی و تێپەڕینی کاروانە بازرگانییەکان بە کوردستاندا، کە خاوەنی پێگەیەکی ناوەندییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەت پاش زیادبوونی دەسەڵات و بازرگانیی دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە خۆرهەڵاتدا و دەرکەوتنی ئیشە بازرگانییە کوردییەکانی وەک کڕین و فرۆشتن و هەناردن و هاوردن و سەرهەڵدانی مانیفاکتۆری دروستکردنی سابون و بەرماڵ و پێڵاو و خومکاری و سیکۆتین و جل و چەندانی تریش. لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنانی شمەک و بڵاوبوونەوەی پارە و کەڵەکەبوونی پارە لای بازرگان و ئاژەڵدار و موڵکدارە گەورەکان، پاشان گۆڕانی موڵکدار و سەرۆک خێڵی کورد - بەتایبەت ئاژەڵدارەکانیش - بۆ موڵکدار و بازرگان لە هەمان کاتدا و گۆڕانی هەندێک خێڵی کۆچەری بۆ نشتەجێی گوندەکان و سەرقاڵبوون بە کشتوکاڵەوە، هەرچەندە سەرۆکەکان زەوییەکانیان زەوت کردبوو. واتە گەرچی سەرۆکی خێڵی کۆچەریی کوردی لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا لەدایک بووبوو[٧٩]، بەڵام، وەک ئەوەی فیڵچێڤسکی دەڵێت، نوێنەرەوەی چینێکی تازە بوو غەیری چینی دەرەبەگایەتی. فیڵچێڤسکی و ئاکۆبۆڤ و شەمزینی، ئەو ڕاستییانەیان لە کتێبەکانیاندا باس کردووە و زۆر بە درێژی ڕوونیان کردوونەتەوە. هەر سیانیشیان جەخت لەو ڕاستییە دەکەنەوە کە گەشە و پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی شمەکی بازرگانی لە کوردستاندا، داڕووخانی نیزامی

٧٩- س.ع. شمزيني، الحركة التحررية القومية الكردية.

دەرەبەگایەتیی خێراتر کرد و ڕێگەی بۆ هەرەسهێنانی و دەرکەوتنی پێکهاتەی بۆرجوازی لە نێو پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکاندا، گەر تەنیا لە شێوەی تۆویشدا بێت، خۆش کرد. بەتایبەت پاش سەرقاڵبوونی سەرۆک خێڵەکان بە بازرگانی و هەبوونی مەڕ و ماڵات و بازرگانیکردن بە بەرهەمەکانیانەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی کێڵگەکان یان بەشێکیان لە لایەن خودی موڵکدارەکانەوە و مامەڵەکردنی سەرمایەدارانەیان بە بەروبوومیانەوە. باسیل نیکیتین دەربارەی پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان دەڵێت[٨٠]: "لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا گەیشتبووە ئەنجامی حەتمیی خۆی و کۆمەڵگەی کوردیی هەڵوەشاندبووەوە. هەرچەندە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو کوردستانی لەو هەموو هێرشە دڕندانەیە پاراست، بەڵام بووبووە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم گەشەسەندنی ئابووریی ناوچەکەدا".

فیلچێڤسکی پێی وایە دەرەبەگایەتی لە سەدەی نۆزدەدا، لە پەرەسەندنی توانا ئابوورییەکان کە لە سایەی خۆیدا گەشەیان کردبوو، جێما. هەروەها خێڵی کوردییش بە دەست ئەو پەرەسەندنە جیاوازانەوە دەیناڵاند، ڕۆڵی سەرۆکی دەرەبەگیش، بە کاریگەریی فاکتەری ئابووری، گۆڕا بۆ ڕۆڵی خاوەن سەرمایە. فیلچێڤسکی پێشی وایە شۆڕشە کوردییەکانی سەدەی نۆزدە، دژی دەرەبەگایەتی بوون، کە بەوەش قۆناغی نوێی پەرەسەندنی ئەو گەلەیان تۆمار کرد.

سەید عەزیز شەمزینی لە توێژینەوە مەیدانییەکەی خۆیدا، بەشێک لە بڵاوکراوەیەکی فیلچێڤسکی لە ژمارە ٥ - ٦ی (ئیتنۆگرافیای سۆڤییێت) لە ١٩٣٦ و لە لاپەڕە ١٥٢ (بە زمانی ڕووسی) لەسەر ئەم بابەتە دەگێڕێتەوە کە:

"لەگەڵ دەستپێکی سەدەی نۆزدە و شان بە شانی داڕووخان و هەرەسهێنانی خێرای نیزامی دەرەبەگایەتی لە کوردستان و سەرهەڵدان و چەسپاندنی بنیاتی نیزامی سەرمایەداری، کوردستان بووە مەیدانی تەنگژەی سیاسیی توند. ئەو مەیدانەی کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی کوردیی نەوزاد، بەر بەرژەوەندییەکانی نیزامی داتەپیوی دەرەبەگایەتیی کوردستان کەوتن، چارەنووسی حەتمیی نیزامی دەرەبەگایەتیی

٨٠- الاکراد، ص ١٣٨.

داتەپیویش کەوتە بەر باس و لەسەر کات وەستابوو. بەڵام هەژموونی بیانی و دەستوەردانی کۆڵۆنیالیستەکان لە کاروباری خۆرهەڵاتدا، تەواوبوونی ئەو پەرەسەندنە گرنگەیان پەکخست و نەیانهێشت کۆمەڵگەی کوردستانی بگوازێتەوە و ئەو گۆڕانە بنجییە تەواو بکات، کە ئەگەر سەری بگرتایە و ببووایە، لە هەموو لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە بەتەواوی کوردستانی دەگۆڕی. نەک هەر ئەوەندەش، بگرە هەژموونی بیانی هەوڵی دەدا لە دووتوێی هەڵمەتی سەرکوتکاری و ملکەچپێکردنی خۆیدا، تۆوی تازەپێکەوتووی سەرمایەداری لە منداڵدانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەبار ببات. واتە هەژموونی کۆڵۆنیالیستیی بیانی، بوو بە بەربەستێکی سەخت لەسەر ڕێی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا و کەوتە بەرپەرچدانەوە و ململانێ لەگەڵ هێزە گەشەکردووەکانی نێوییدا ".

## ڕێبازی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی

لەو پێکدادانە توندەی هێزە تازە دەرکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و هێزەکانی هەژموونی عوسمانی، کە بەربەستی گەشەی ئەوانی یەکەم بوون، لەو ململانێ توندوتیژەی حکوومەتی عوسمانی، کە دەیویست بە ئاگر و ئاسن کۆتی کۆیلایەتی و داگیرکاری لە گەردن و دەستی گەلی کورددا توندتر بکات، لەگەڵ ئەو هێزە کوردییانەی کە خوازیاری ئازادی و نەیاری کۆیلایەتی بوون، یەکەمین پریشکی شۆڕشی نیشتمانیی کوردی لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، کەوتەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد تاوی سەند، کە ئامانجی ڕزگاربوونی نیشتمانیی و لەوێشەوە خۆشکردنی ڕێگە بۆ ڕوودانی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی-سەرمایەدارییەکەی ئەوکات بوو. ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە کوردییەی هاتەکایەوە، شۆڕش جمکی بوو، بە جۆرێک کە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، شۆڕش بوو بە ڕێباز و ڕێڕەوی. بە حوکمی بار و دۆخی تایبەتی کوردستان، بە حوکمی دۆخی تۆقێنەری خنکێنەر کە زەوتکاران سەپاندبوویان و لە ئەنجامیشدا هچ بوارێکیان بۆ تێکۆشانی ئاشتییانە و ڕەوا نەهێشتەوە، کە بتوانێت سادەترین مافە نیشتمانییەکان بەدەست

بهێنێت، جگە لە پێویستیی شۆڕشیش وەک بەرگرییەک لە گیان و ماڵی هەمووان، کە هێرش و دەستدرێژیی چەکدارانەی بەردەوام خستبوونیانە مەترسییەوە، شۆڕش هەڵگیرسا. شۆڕش زۆربەی جار بۆ بەرگری بوو، کردنی شۆڕشی چەکدارانەش بە ڕێگە و ڕێبازێکی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد، شتێکی حەتمیی بوو. نیشتمانپەروەرە کوردەکان لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێبازە مێژووییەدا سەرپشک نەبوون، بەڵکو دۆخی بابەتی و مادی و دۆخە تایبەتەکانیش بوون، کە شۆڕشی چەکدارییان وەک ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، کردە شتێکی حەتمیی.

### سروشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە سەرەتایدا

بەو پێیە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد:

بزووتنەوەیەکی مێژوویی بابەتییە، لە جەرگەی کۆمەڵگەی کوردستانەوە و وەک وەڵامدانەوەی پەرەسەندن و پێویستییەکانی پێشکەوتنی، سەری هەڵداوە. بزووتنەوەکە ڕزگاریخوازییە، چونکە دەیەوێت نیشتمان لە هەژموونی کۆڵۆنیالیزم و زەوتکاران دەربهێنێت و ئاواتە نەتەوەییە ڕەواکان، مافی چارەی خۆ نووسین، بەدیبهێنێت. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەشە، چونکە دژی کۆڵۆنیالیزم و هێزە کۆنەپارێزەکانە، کە بەربەستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیین و ئامانجیشی گۆڕانێکی ڕیشەیی کۆمەڵگە و پاڵپێوەنانێتی بۆ پێشەوە. بەم مانایەش بێت، بزووتنەوەکە دەبێتە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز.

دەربارەی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کوردە و ناوەڕۆکەکەی، دکتۆر سەید عەزیز شەمزینی لە تێزەکەی خۆیدا دەڵێت:

"تێکۆشانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانەوەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە دەست پێ دەکات و تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بەپێی دۆخ و قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانیش، شێوە و شێوازی خۆی گۆڕیوە. هەر لەو کاتانەشەوە دۆزی کوردی پەیدا بووە".

ئەوەشی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە سەدەی نۆزدەوە لە لایەن میر، موڵکدار، یان پیاوانی ئاینیی کوردییەوە سەرکردایەتیی کراوە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت[٨١] . ئاخر هێرشی تورکان، ئەوان(یش)ی ڕاستەوخۆ دەگرتەوە، ئەوەش کاتێک هەڕەشەی لەدەستدانی میرنشین و دەسەڵات و قەڵەمڕەو و موڵکەکانی لێ دەکردن. هەروەها چەوساندنەوەی نەتەوەیی ئەوانیشی گرتەوە، بۆیە هەستی نەتەوەییان تێدا زیندوو بووەوە. ئارشاک سافراستیان لە کتێبەکەیدا[٨٢] مەترسیی چاکسازییەکانی سوڵتان لە ئیدارە و سەپاندنی ناوەندێتی بەسەر کوردستاندا بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی میر و دەسەڵاتدارە کوردەکان، باس دەکات. هەروەها ئاماژە بە ویستی کوردان بە نەدانی باج بە ڕۆمە ژێرکەوتووەکان و ئارەزوویان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان بەپێی مەیل و ویستی خۆیانیش، دەکات.

لە هەمووی گرنگتر، گەشەکردنی کرۆکی سەرمایەدارانەیە لە نێو پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکاندا، کە گەشە و پەرەسەندن و کامڵبوونەکەی، بەر هەژموونی تورکیی عوسمانیی پەکخەر کەوت. کۆمەڵگەی کوردستانیش خەسڵەتی خۆی هەبوو، کە سەرمایەداری لە ڕێی چینە باڵاکانیشەوە هاتە نێوانەوە. ئاکۆبۆڤی خۆرهەڵاتناسی

---

٨١- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، لەو ڕووەوە تاقانە نییە. بەڵکو چەندان جار هەبووە کە بزووتنەوەی نیشتمانی لە سەرەتایدا یان لە یەکێک لە قۆناغەکانیدا، لە لایەن میرێکەوە سەرکردایەتیی کراوە، وەک لە پۆڵەندا و بولگاریا و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی. یان لە لایەن خودی پاشای دەرەبەگەوە، وەک ئەفغانستان، کە پاشا ئەمانەڵڵا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی وڵاتەکەی کرد. تەنانەت لە سەردەمی ئێستا و ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینین میر سیهانۆک لە کەمبۆدیا، هەروەها میر سوفانافونک لە لائۆس، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکانیان دەکەن، وەکچۆن میرە عەرەبەکان لە عومان سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی دەکەن. چەندان توێژی موڵکدار و سەرۆک خێڵ و پیاوانی ئاینیی کوردیش، تا بە ئەمڕۆ دەگات، هەرچەندە گرنگی و کارایی و ڕۆڵیشیان بڕێکی زۆر کەمی کردبێت، هەوڵیان داوە پێ بە پێ لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بێن.

٨٢- کورد و کوردستان (Kurds and Kurdistan)، ل ٤٩ و ٥٠ لە چاپە ئینگلیزییەکەی.

سۆڤییێت، لە بارەی ئەو خەسڵەتانەوە دەڵێت[٨٣] :

"کۆمەڵگەی کوردستان، خەسڵەت و جیاکەرەوەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە سەرمایەداری و شێوازەکانی قازانجکردن و وەبەرهێنان، ڕێی خۆیان دۆزیوەتەوە و چوونەتە نێو چینی باڵای کۆمەڵگەی کوردستانییەوە. لە سەرەوە نیزامی دەرەبەگایەتییان داڕووخاندووە".

دکتۆر شەمزینی لە تێزەکەیدا، ئەم قسانە بۆ ئەو ڕاستییە سەربار دەکات:

"ئەو بەشەی دەرەبەگ و پیاوی ئاینیی کوردی کە گۆڕان بە سەرمایەدار، بەهۆی ڕقی زۆریان لە کۆڵۆنیالیزم و ئاسەوارەکانی و خۆشەویستییان بۆ نیشتمان و گەلەکەیانەوە، هەستی نەتەوەییان تێدا ڕوابوو. درکیان بە ئەرکی خۆیان لە هەمبەر گەل و نیشتمانیان کرد و لەوێشەوە خزمەتکردنی گەل و بەشداریی کارا لە تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی شۆڕشگێڕیان لە سایەی دروشمی سەربەخۆیی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی کوردستان لە زەوتکارە بیانییەکان، کرد بە ئامانجی خۆیان".

بەو پێیە دەبینین ئەو توێژە نیشتمانییەی کۆمەڵگەی کوردستانی، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە سەدەی نۆزدەدا بینی، لە واقیعدا نوێنەری توێژێکی کۆمەڵایەتیی بە ڕووکەش خێڵەکی، بەڵام لە ناوەوە هەڵگری تۆوی سەرمایەداری بوو. جگە لەوەش، لەگەڵ سەرپاکی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستاندا، ئەوانیش تووشی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ستەمی بیانی هاتن. ئەوەش پاڵی نان بێنە ڕیزی خەباتەوە دژی زەوتکارە بیانییەکان، بەتایبەت کە هەوڵەکانی سەپاندنی ناوەندێتی، هەڕەشەی لەدەستدانی میرنشینەکانی لێ دەکردن.

دێرک کینەن لە کتێبەکەیدا ئەمەی خوارەوە دەڵێت[٨٤] :

"لە ١٨٢٦دا سوڵتان مەحموودی دووەم، وەک بەشێک لە چاککردنی ئیمپراتۆریا داوەشاوەکەی، دەستی کرد بە فراوانکردنی ئیدارەی ناوەندیی تورکی لە کوردستاندا. میرە

---

٨٣- دکتۆر شەمزینی لەو تێزەیدا کە پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، ئەو چەند برگەیە لە لاپەڕە ٢٨ی کتێبە ڕوسییەکەی ئاکۆبۆڤەوە، دەخوازێت.

٨٤- کوردەکان و کوردستان (The Kurds and Kurdistan)، ل ٢٣ لە چاپە ئینگلیزییەکەی.

کوردەکانیش بەرەنگاری ئەوە بوونەوە، نیو سەدەشی پێ چوو تا لە میرنشینەکانیان داماڵران."
بەڵام سروشتی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییش لای خۆیەوە پەرەی سەندووە، تا لەمڕۆدا بووە بە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی میللی کە وەک ئەوەی دواتر بە وردی ڕوونی دەکەینەوە، ئامانجی چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانە پێکەوە. سروشتی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد لە ناوەڕۆکێکی بۆرجوازی لە سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە، بەتایبەت لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە، گۆڕا بە بزووتنەوەیەک کە ناوەڕۆکێکی جووتیاری و جەماوەریی هەیە. ئەوەش لەبەر چەند هۆیەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، کە دواتر بە وردی ڕوونیان دەکەینەوە. بەو شێوەیەش، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییش چیتر بزووتنەوەیەکی بۆرجوازیی نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە، کە بۆرجوازی سەرکردایەتیی ناکات، بەڵکو پێشڕەوی شۆڕشگێڕی دیموکراتی دەیکات و بەوەش بووەتە خاوەن مۆرکێکی دیموکراتی میللی.

لە ڕووی تێبینی و هەڵسەنگاندنی پەرەسەندنی پلەپلەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردییەوە، گەر دیقەتی زانستییش ڕەچاو بکەین، دەتوانین بڵێین بزووتنەوە چەکدارەکان و ڕاپەڕینە نیشتمانییە شۆڕشگێڕییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، لە کرۆکدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دژی هەژموونی بیانی و پێوەلکاندنی ناچاری و ملکەچپێکردنی بەزۆری کوردستان بوون لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە. سەرباری توێکڵە خێڵەکی و ئاینی و ناوچەییەکانیان، هەموویان تا بە شۆڕشەکەی بەدرخان پاشا دەگات، وەک سەرەتای ڕێخۆشکەر وا بوون بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد، کە شۆڕشەکەی بۆ خۆی کردووە بە ڕێ و ڕێباز.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بزووتنەوە کوردییانە، پرۆفیسۆر فیلچێڤسکی لە بارەی بزووتنەوەکانی ناوچەکانی بایەزید، وان، خۆی، نەخچەوان و چەند ناوچەیەکی تریش لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا و بە بەشداریی کوردانی کۆچەری تێیاندا، دەڵێت: "مەسەلەکە تەنیا پیلانگێڕیی کۆمەڵێک سەرکردە نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی جەماوەریی ڕاست بوو[٨٥]. خەڵکی کورد لە سایەی

---

٨٥- باسیل نیکیتین، الاکراد، ل ١٩٤.

حوکمڕانیی تورکاندا، قێزەونترین جۆرەکانی ستەمی لە لایەن فەرمانڕەوا ملهوڕەکانەوە لێ دەکرا".

لە کاتی باسکردنی بزووتنەوە کوردییەکانی سەروەختی جەنگی ڕووسی - تورکی لە ١٨٢٨ - ١٨٢٩دا دەڵێت[٨٦] :

"شۆڕش سەراپای وڵاتی کوردانی گرتبووەوە، دژی دەرەبەگە تورک و کوردەکانیش پێکەوە. ئەو دەرەبەگانەی بە زۆرداری و قسەسواریی خۆیان، زیانیان بە کۆچەرییە هەژارەکان گەیاندبوو. فاکتەری ئابوورییش بە تەنیا هۆکاری شۆڕش نەبوو، باوەڕی نیشتمانییش کاری زۆری کرد. ئەو باوەڕەش سەرەتا لە ژینگەی دەستەبژێران[٨٧] و لای سەرکردەکان و دەوروبەریانەوە وەدەرکەوت، تا دواتریک گەیشتە جەماوەر".

کە وایە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە قۆناغی یەکەمیدا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە کرۆکدا بۆرجوازیی ڕزگاریخوازی بوو، دواتر پەرەی سەند بۆ بزووتنەوەیەکی بۆرجوازیی دژ بە ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانی و لە قۆناغی هاوچەرخیشیدا پەرەی سەندووە و بووە بە شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتیی نوێ، واتە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی.

شۆڕشێکی نیشتمانییە بەو مانایەی، ئامانجی ڕزگارکردنی وڵاتە لە هەژموونی ئیمپریالیستی و چینە ئیستیغلالکەرە بیانییەکانی وەک دەرەبەگ و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری و پاشان بەرقەرارکردنی جۆرێک لە حوکمی نیشتمانی، بە مومارەسەکردنی مافی چارەی خۆنووسین پاش بەدەستهێنانی.

شۆڕشێکی دیموکراتیشە، چونکە هەر لە سەرهەڵدانەوە ئامانجی لابردنی ئەو بەربەستانەیە کە ڕێگرن لە پێگەیشتنی پەرەسەندنی سەرمایەداری و هاوچەرخانە و کۆتاییهێنان بە نیزامی دەرەبەگایەتیی کۆنەپارێز. لەناوبردنی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و ئازادکردنی ژنان لە کۆتە کۆنەپارێزییەکان و پێدانی مافی خۆبەڕێوەبردن بە گەل لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە، واتە پێدانی ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان بە گەل، کرۆکی

---

٨٦- ل ١٩٤-و ١٩٥ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨٧_ پێشتر هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی باوەڕی نیشتمانیمان لای دەستەبژێر و سەرکردەکان و دەوروبەریان، بە هۆکارە مادی و مێژووییەکانیشەوە، ڕوون کردەوە.

دیموکراتیی شۆڕشی نیشتمانییە بەگشتی و لە نێویشیدا شۆڕشی نیشتمانیی کوردی. بەڵام دیموکراتیبوونی شۆڕش لەم سەردەمەماندا، دیموکراسییەکی بۆرجوازیی کلاسیک نییە، بەڵکو دیموکراسییەکی نوێیە، دیموکراسیی میللی.

وتمان بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە سەرەتاوە، لە سەروبەندی ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەمی کوردستاندا سەری هەڵدا، لە سەروەختێکدا کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیی کوردستان بەهۆی گەشەی بازرگانی و سەرمایەداریی بازرگانی لە کوردستان و گۆڕانی هەندێک لە سەرۆک خێڵەکان بە بازرگان و موڵکدار لە یەک کاتدا و بەهۆی کێشکردنی کوردستانەوە بۆ خولگەی نیزامی سەرمایەداریی جیهانی و گەشەی مانیفاکتۆر و تەشەنەسەندنی بەرهەمهێنانی کاڵا لە کوردستانەوە، دەگۆڕا بە کۆمەڵگەیەکی نیمچە دەرەبەگایەتی. لە دوای ئەوەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، سەری هەڵدا.

# پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی

## شۆڕشی بەدرخان

شۆڕشی ناسراو بە شۆڕشی بەدرخان پاشا، میری جزیرەی بۆتان، لەو ڕووەوە کە داوای ڕزگارکردنی کوردستانی لە هەژموونی بیانیی عوسمانیی دەکرد، هەوڵی دەدا پیشەسازیی جەنگیی تایبەت دابمەزرێنێت، هانی پیشەسازیی دەستی و مانیفاکتۆریی دەدا، نێردەیەکی زانستیی نارده ئەوروپا، پەیوەندیی بە ئیبراهیم پاشای میسرەوە کرد تا هەوڵەکانیان دژی زەوتکارە تورکە عوسمانییەکان یەک بخەن و لەو ڕووەشەوە کە بزووتنەوەکەی ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی دەگرتەوە، هەر لە موکریانەوە تا دیاربەکر (ئامەد)، چەند نیشانەیەکی نەتەوەیی ڕوونی پێوە بوو.

ئەگەر کەرتبوون (ئینشیقاق)ی ناوخۆیی و ناپاکی و دەستوەردانی ئەنگلۆ- فەرەنسی دژی کوردان بە بیانووی پاراستنی مەسیحییانەوە نەبووایە[٨٨]، ئەگەر میر بەدرخان بیتوانیبا هێزەکانی گەل و هێزە چەکدارەکان بە شێوەیەکی باشتر ڕێک بخات، سەردەکەوت و ئاواتی گەلی کورد لە حوکمڕانیی نیشتمانییدا، بەدی دەهات.

٨٨- مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردانی موسوڵمان و برا مەسیحییەکانی کوردستان و گرووپە مەسیحییە غەیرە کوردییەکان، بە درێژایی سەردەم پەیوەندیی خۆشەویستی و برایەتی و هاوخەمی بوون. کوردان دەتوانن بەوەوە بنازن، کە ئەم پەیوەندییانە باشن و تا بە ئەمڕۆش دەگات، بەرەو باشتر هەنگاو دەنێن. سەرباری هەوڵە کۆلۆنیالیستییەکانی بەریتانیا و هەوڵی دوژمنان، ئەم پەیوەندییانە هەر دۆستانە و برایانە ماونەتەوە. لە مێژووی ئەو پەیوەندییە درێژانەدا، تەنیا یەک ڕووداو هەیە کە ئەو برایەتییە مێژووییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێک دەدات، ئەویش ئەو تاوانانەیە کە سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک) دژی برایانی ئاشووریمان کردنی. ئەو کارە تاوانکارییە، پێشکەوتنخوازە کوردەکان ئیدانەی دەکەن و مێژووی کوردیی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی لە هەمبەر برایانی ئاشووری، دەیبێزێنێت. زیاد لە جارێک خوێنی کورد و ئاشووری، لە بۆتەقەی خەباتیان بۆ ئازادیی نیشتمانی هاوبەشیان، تێکەڵ بووە. ئاشووری و برایانی مەسیحیی تریش، چەندان شەهیدی پاکیان لە وێنەی هیرمزی پاشای جیکۆ و ئەوانی تریش پێشکەش کردووە. لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆمەڵەی گەلانیش لە ١٩٢٥دا باسی لەوە کردووە، کە پەیوەندیی نێوان گەلی کورد و مەسیحییەکان، باشترین پەیوەندیی نێوان موسوڵمانان و مەسیحییەکانە.

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکەی بەدرخان پاشا، دێرک کینەن دەڵێت[٨٩]: "لە ١٨٤٣وە میر بەدرخان، میری جزیرەی ئیبن عومەر لە ناوچەی بۆتان، هەوڵی دەدا لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی عوسمانی، ئازاد ببێت. ئەوەش یەکەمین ڕاپەڕین بوو، کە بکرێت بە مانا مۆدێرنەکەی پێی بوترێت نیشتمانی. چونکە بەدرخان پلانی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردیی وای دانابوو، کە ئەو یەکێتییانەی سەرکردایەتییان دەکات، بگرێتەوە. بەدرخان بۆ چوار ساڵ بەرەنگاری سوپای عوسمانیی بووەوە، مژدەبەخشە ئەمەریکییەکانیش وتوویانە کە حکوومەتەکەی بەدرخان، حوکمێکی دادپەروەرانەی قانون و دادوەریی گشتی و نیزامی دارایی سەپاندووە".

بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی کۆلۆنیالیزمەوە، نیزامی بەدرخان پاشا یەکسانیی تەواوی لە نێوان کوردە موسوڵمانەکان و برا مەسیحییەکانیاندا مسۆگەر کردبوو، وەک چۆن ئاسایش و دیسپلین و نیزامێکی دادپەروەرانەی بەڕێوەبردن و کۆکردنەوەی باجیشی سەپاندبوو. ڕاستییەکەی، ئەوە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بوو کە هەر لە ١٨٢٩ وە کاتێک نێردە مژدەبەخشە کۆلۆنیالیستییەکان دەستیان کرد بە ڕشتنی ژەهر لە سایەی پۆششێکی ئاینیدا، هەوڵی دەدا ناکۆکی بخاتە نێوان کوردە موسوڵمانەکان و برا مەسیحییەکانی دانیشتووی کوردستانەوە. پاش ماوەیەک کۆلۆنیالیزمی بەریتانی یەکێک لە سیخوڕەکانی خۆی بە ناوی (گرانت) ناردە کوردستان بۆ ناوچەی هەکاری و کن برا نەستوورییەکان بە دیاریکراوی. ئەو سیخوڕە لە گوندی (تەکومە) نیشتەجێ بوو، قەڵایەکی سەربازیی بنیات نا و پاشان دەستی کرد بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنکاری لە نێوان کوردە موسوڵمانەکان و برا نەستوورییەکانیاندا. مار شەمعونیش بە بانگەشەکانی ئەو سیخوڕە هەڵخەڵەتا و پێکدادانی خوێناوی لە نێوان ئاشوورییەکان و چەند خێڵێکی لایەنگری بەدرخاندا قەوما، کە ئەوەش وای پێویست کرد بەدرخان دەست وەربدات. باڵیۆزی ئەوکاتەی بەریتانیا لە ئاستانە، سێر ستراتفۆرد ڕێدکلیف، ئەوەی قۆستەوە و چووە کن بابی عالی و زۆری لە حکوومەتی تورکی کرد، کە سوپا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی بەدرخان

٨٩- کوردەکان و کوردستان (The Kurds and Kurdistan)، ل ٢٣ لە چاپی یەکەمی ئینگلیزییەکەی، لەندەن ١٩٦٤.

پاشا، بنێرێت. بەو شێوەیەش، لەو کاتەوە کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی دوژمنایەتیی خۆی بۆ بزووتنەوەی کوردی و ئاواتەکانی گەلی کورد، ئاشکرا کرد. باسیل نیکیتین دەربارەی پەیوەندییەکانی کورد و مەسیحییەکانی ئەوکات، دەڵێت: "هەرچۆنێک بووبێت، چەندان بەڵگەنامەی ئەرمەنی دەری دەخەن کە بەدرخان پاشا، سیاسەتێکی ئاینیی نموونەیی پێڕەو دەکرد، خۆیشی بە ڕێبەری ڕۆحیی هەموو ناوچە ئازادکراوەکان لە دەسەڵاتی تورکی، دادەنا".

شۆڕشی بەدرخان لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا قەتیس نەما، بەڵکو چەندان پارچەی جیاوازی کوردستانی لە بۆتانەوە تا موکریان، یەکخست. چەندان کەسێتیی کوردی و سەرۆک خێڵ و دەستڕۆیشتووی کورد، چوونە سایەی حوکمڕانیی نیشتمانیی کوردیی بەدرخانەوە.

شۆڕشەکەی لە سەرەتاوە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا، کە زۆر ناوچەی فراوانی کوردستانی تێدا ئازاد کرا. دواتر ناپاکیی ناوخۆیی، ڕۆڵێکی قێزەونی لە شکستپێهێنانیدا گێڕا. بە دوای شۆڕشی بەدرخانییشدا، چەندان بزووتنەوە و ڕاپەڕینی چەکداری سەریان هەڵدا، کە لەو کاتانەدا و بەهۆیانەوە هەستی پێویستیی ڕێکخستنی هێزەکانی شۆڕش و خۆئامادەکردن بۆی و گشتاندنی (نەک قەتیسکردنی لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا) و پێشوەخت پلاندانان بۆی و سەرپێخستنی پەیوەندیی برایانە لەگەڵ برا مەسیحییەکان لە ئەرمەن و ئاشووری و کلدان، بەتایبەت ئەوانەی دانیشتووی کوردستانن، دروست بوو.

## شۆڕشی شەمزینان

شۆڕشی نیشتمانیی کوردی لە شەمزینان[٩٠] لە ١٨٨١دا هەڵگیرسا، پاش ئەوەی سەرکردەی کۆچکردوو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە تەمووزی ١٨٨٠دا کۆنگرەی خێڵە کوردەکانی لە گوندی (نەهری) بەڕێوە برد، کە تێیدا بڕیار درا (کۆمەڵەی خێڵە کوردییەکان) دابمەزرێنرێت.

٩٠- ئەم کتێبە بە وردی باس لە بابەتی شۆڕشی شەمزینانی دەکات، بۆیە ئێستا بەم کورتەیە واز دەهێنم.

پێش ئەوەش شێخ عوبەیدوڵلا پەیوەندیی لەگەڵ پیاوماقوڵانی کورد گرتبوو، پەیوەندیی باشیشی لەگەڵ ئەرمەن و ئاشووری و برا مەسیحییەکانی تریشدا دامەزراندبوو، پەیوەندیی بە دەوڵەتە بیانییەکانیش - بەتایبەت بە بەریتانیا و ڕووسیا وە - کردبوو بۆ ئەوەی شرۆڤەی دۆزی کوردییان بۆ بکات و سۆز و خۆشەویستییان بەدەست بهێنێت. پاش هەموو ئەوانە، شۆڕش هەڵگیرسا و لە سەرەتاوە سەرکەوتنی گرنگی بەدەست هێنا. بەڵام سەرکردەکەی فریوی خوارد، بەتایبەت پاش دەستوەردانی ڕووسیای قەیسەری و بەریتانیا دژی شۆڕشی کوردی و دواتریش یەکخستنی هەوڵی هاوبەشی ئێران و تورکیا دژی شۆڕشەکە، بۆیە ڕازی بوو کە بۆ دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانیدا بچێتە ئیستانبوڵ، کە ئەوانیش لەبری دانوستان لەگەڵی، خستیانە زیندانەوە.

پاش دەستگیرکردنی سەرکردەکەی، شۆڕش نەیتوانی بەردەوام بێت، چونکە لە ڕووی سەرکردایەتی و پێکهاتەی دەزگاکانییەوە، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی نەبوو. بنکەی جەماوەریی هۆشیار و ڕێکخراویشی نەبوو، بگرە مۆرکی خێڵەکی و تاکەکەسی تێیدا زەق و زاڵ بوو. هەروەها کۆمەڵە و بزووتنەوە خێڵەکییەکان، بە حوکمی سروشتی جەمسەرە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیان، ناتوانن سەرکردایەتیی شۆڕش بەرەو سەرکەوتن بکەن، یان ماوەیەکی درێژ لەسەری بەردەوام بن. هەروەها باڵایی سەربازیی تورکی - ئێرانی و پشتیوانیی ئینگلیز و قەیسەرییەت بۆ ئەو جووتە، زەندەقی زۆرێک لەو خێڵانەی بردبوو، کە سروشتێکی ڕاڕا و ناتوانایان لە بەردەوامبوون لەسەر کاری قورس هەیە. بەڵام هەموو ئەوانە سروشتی نەتەوەیی شۆڕشەکە داناشارن، کە باسیل نیکیتین لە بارەیەوە گوتوویەتی[٩١] : "ئەو شۆڕشە کە پێش شۆڕشی لاوانی تورک هەڵگیرسا، ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بوو". ئەو شۆڕشەی دێرک کینەن لە باسیدا دەڵێت[٩٢] :

"دوایین ڕاپەڕینی گشتیی سەدەی نۆزدە بوو، لە ساڵی ١٨٧٨ تا ١٨٨١ بە سەرکردایەتیی

---

٩١- باسیل نیکیتین، لە کتێبی (کوردەکان)، چاپی یەکەمی عەرەبی، ل ١٩٧.

٩٢- دیریک کینین، لە کتێبی (کوردەکان و کوردستان)، چاپی یەکەمی ئینگلیزی، لەندەن ١٩٦٤، ل٢٤

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەردەوام بوو، کە هێرشی بردە سەر ئێران و چەند جارێک سەرکەوت. لە ژێر فشاری بەریتانی - ڕووسی و هاریکاریی هاوبەشی تورکی - ئێرانیدا، هەوڵەکانی شێخ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، شکستیان هێنا".

سەرباری شکستی یەکەمین ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی شۆڕشی نیشتمانیی کوردی لە ماوەی سەدەی نۆزدە لە بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییە مەزنەکاندا، ئەرکی گەورەی تری بەجێگەیاند. لەوانەش خەت و خاڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی لە قاڵبی نەتەوەیی و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی لە کوردستان و هەڵدانەوەی ڕووی ڕەشی ڕاستەقینەی دژ بە گەلی کوردی فەرمانڕەوا عوسمانییە ستەمکارەکان و پاشان ڕێنوێنیی گەلی کورد بۆ پێویستیی ڕێکخستنی هێزەکانی و یەکخستنی ڕیزەکانی و خۆئامادەکردنی تەواو بۆ شۆڕش پێش دەستپێکردنی. هەروەها جاڕدانی پێویستیی دەستدانە خەباتی نیشتمانی لەسەر ئاستی کوردستان، واتە پێشێلکردنی ئەو چوارچێوە هەرێمییەی لە سەرەتاوە بەسەر ئازادیدا سەپێنراوە.

لە دەیەی نۆیەمی سەدەی نۆزدەمدا چەند هەوڵێکی کوردی بۆ بەدەستهێنانی سۆز و دۆستایەتیی ڕووسەکان دران[٩٣] ، دیارترینیان پێشوازیکردنی قەیسەر نیکۆلای دووەم بوو لە شاندێکی کوردی، کە جەعفەر ئاغای شکاک و چەند سەرکردەیەکی تری کوردی تێدا بوو. بەڵام ئەو هەوڵە کوردییانە لە بە هۆی تەماح و پرۆژەکانی ڕووسیای قەیسەرییدا، ورد و خاش بوون.

### تێکۆشانی فیکریی نەتەوەیی و خەباتی هاوبەش لە پێناو دەستووردا

پاش دامرکاندنەوەی شۆڕشی نیشتمانیی کوردی لە شەمزینان، ڕێگە بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵە جیاوازەکان و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بۆ قۆناغی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ڕێی ڕۆژنامەگەری و ئەدەبەوە، قۆناغی پەیوەندیگرتن و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان

---

٩٣- بڕوانە توێژینەوەکەی پرۆفیسۆر ب. پرینتس مامۆستا لە زانکۆی مارتن لوسەر، شاری هالە لە ئەڵمانیای دیموکراتیک، کە لە ژمارە ١٠/٩ی ساڵی سێزدەیەمی گۆڤاری زانکۆی ناوبراو لە ١٩٦٤دا بە ناونیشانی (لە بارەی چەند پرسێکی مێژوویی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردییەوە) بڵاو بووەتەوە. برای بەڕێز، دارا ئەدیب، ئەو توێژینەوەیەی لە ئەڵمانییەوە بۆ کردم بە عەرەبی.

نیشتمانپەروەرە کوردەکاندا بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕیزەکانیان، وەک سەرەتایەک بۆ ڕێکخستنی هێزە نیشتمانییە کوردییەکان، تەخت بوو. بێگومان بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی بە کاریگەریی بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی و ڕۆچوونی دروشم و ئامانجەکانیان بە نێو ناوەندی پیاوماقوڵانی کورد لە میر و موڵکداری نیشتمانپەروەر و پیاوی ئاینی و سەرۆکی تایفە مەزهەبییەکاندا، پەرەی سەند. ئەو ئەرکەش توێژێکی کوردیی ڕێکخراو، کە لە ئاستانە و ئەوروپا خوێندبووی، لەگەڵ ژمارەیەک ئەدیبی کورد، لەوانەش کۆچکردوو حاجی قادری کۆیی (١٨١٧–١٨٩٧)، لەئەستۆیان گرت. حاجی قادر شاعیر و سوارچاکی ئەو بوارە نیشتمانییە بوو، کە لە ڕێی شیعر و قەسیدە نیشتمانییەکانییەوە هەستی نیشتمانیی کوردیی، کە تازە لە دەروونی کەسانی هۆشیاردا سێڵەی دەهات، دەردەبڕی.

بزووتنەوەی کوردی لە لایەن بزووتنەوەی گەلانی ئەرمەن و بولگاری و عەرەبی و ئەوانی تریشەوە، کە لە سایەی ستەمی عوسمانییدا دەیانناڵاند، کاری تێ کرا.

قاهیرەش لەو سەردەمەدا ناوەندێکی فیکری و ڕۆشنبیریی بزووتنەوەی نیشتمانی و بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی و بۆچوونە ئازادیخوازەکان بوو، کە هەردوو مامۆستا جەمالەدین ئەفغانی و محەمەد عەبدە و بیرمەندانی ئازادیخوازی تریش، ڕایانگەیاندبوو. چەند نیشتمانپەروەرێکی کوردیش کە لە قاهیرە بوون، بەو نیشتمانپەروەرییەی ئەوێندەر، جووڵان، تا ئەوەی یەکێکیان کە کۆچکردوو مەدحەت بەدرخان-ە بە ئامانجی ناساندنی دۆزی کوردی بە خەڵک و بانگەشەکردن بۆی، لە ١٨٩٨دا ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دەرچوواند. ڕۆژنامەکەش ڕۆڵی باشی لە زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و مشتوماڵکردنی و بانگەوازی یەکگرتنی سەرکردە و ڕێبەر و پیاوانی ئاینی و دەوروبەریشیاندا، هەبوو.

نیشتمانپەروەرانی کورد لە لایەن ڕیفۆرمخوازە تورکەکانیشەوە، کە بۆ دەستوور و بەمەدەنیکردنی دەوڵەتی عوسمانی تێدەکۆشان، کاریان تێ کرا. لە ژێر کاریگەریی بانگەوازی نەتەوەیی ئەوکاتی خۆرهەڵات بۆ دەستوور و مافەکانی گەل و پەرلەمان، هەروەها بە کاریگەریی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی ڕووسی، نیشتمانپەروەرە کوردە هۆشیارەکان، بە ئامانجی بەدەسهێنانی مافە دەستوورییەکان و جۆرێک لە ناناوەندێتی بۆ کوردستان،

هاریکاریی تورکە ڕیفۆرمخواز و ئێرانییە دەستووریپەروەرەکانیان دژی زۆرداری و ملهوڕیی کرد.

لە بارەی گوێڕادێرانی کوردان بۆ هەواڵەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی ڕووسی و خرۆشانیانەوە، جێرکۆفی کونسوڵی گشتیی ڕووسی لە شاری خوئی، دەڵێت[٩٤]:

"لە کاتی سەردانی بازرگانە کوردەکان و هاوکارە خوێنەوارەکانیان بۆ (نێژنی نۆڤگۆرۆد) بە مەبەستی ئامادەبوونی پێشانگەی ماکاریۆف، لەوێ چاویان بە دیموکرات و سەربازە ڕووسەکان دەکەوت، کە گرنگترین ڕووداوەکانی پەیوەست بە شۆڕشی ١٩٠٥یان بۆ دەگێڕانەوە".

بەڕاستی نیشتمانپەروەرە کوردەکان لەو قۆناغەی تێکۆشانی هاوبەش لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆ کارکردن لە پێناو دەستوور و شۆڕشکردنیش لە پێناویدا، کارایانە هاریکاریی برا نیشتمانپەروەرەکان و ڕیفۆرمخوازە تورک و ئێرانییەکانیان کرد. وەک چۆن بە جددی و بە شەوقەوە، بەشداریی هەردوو بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازیی تورکی و ئێرانییان کرد.

جا کاتێک شۆڕشی ١٩٠٥ی ئێرانی لە پێناو دەستووری هاوبەشدا هەڵگیرسا، کوردەکان، بەتایبەت خێڵی گەورەی کەلهوڕ، تێیدا بەشدار بوون، کە بە هێزی چەک پشتی شۆڕشیان گرت و بەرەنگاری ئەو سوپایەی ڕووسیا بوونەوە، کە بەمەبەستی کپکردنەوەی شۆڕش، دەستی وەردا. بەو کارەشیان، قوربانیی زۆریان دا. هەروەها وەک ئەوەی پرۆفیسۆر پرینتسی ئەڵمانی باسی دەکات، کاتێک سوپای قەیسەری بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش، دای بەسەر ئازەربایجاندا، زۆرێک لە کوردانی شۆڕشگێڕ چوونە ڕیزی شۆڕشگێڕە دەستوورییە ئێرانییەکانەوە. لە پێشەکیی کتێبی (پێشمەرگە)ی دکتۆر ڕەحیمی قازیدا، کە حەسەن قزڵچی نووسیویە، هاتووە:

"میرزا فەتاح، مامی دکتۆر ڕەحیمی قازی، بەهۆی بەشداریکردنی لە شۆڕشی

---

٩٤- بڕوانە تێزەکەی سەید عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشووتر، کە ئەو چەند بڕگەیەی پەخشنامەی زانیارییەکانی وڵاتانی دراوسێ لە لایەن سەرکردایەتیی سەربازیی ناوچەی قەوقاز ژمارە ٤٠/تەفلیس، ساڵی ١٩١٣، ل ٧٦ بە زمانی ڕوسی، وەرگرتووە.

دەستووریی ئێراندا، کە لە ئێران بە شۆڕشی مەشروتە دەناسرێت، چەندان ساڵی لە زیندانەکانی تاراندا بەسەر برد". ئەوەش مانای وایە خەڵکی ناوچەی موکریانیش لە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی و دەستوورییدا، بەشدار بوونە.

کوردەکان مەیلی هاریکاریی (لاوانی تورک) و سەرکردەکانی تێکۆشانیان لە پێناو دەستووریشدا، هەبوو. لەو بزووتنەوەیەشدا بەشدار بوون کە بووە هۆکاری کودەتای عوسمانی و چالاکانە لە ژیانی دەستوورییدا بەشدار بوون و هێزی خۆیان لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا، ڕێکخست. بەو شێوەیە، ڕێگەی تێکۆشانی دەستوورییان گرت. لە ١٩٠٨دا کۆمەڵەی (تەعالی و تەرەقی)ی کورد پێکهێنرا، کە سەرۆکی بنەماڵە ناودارەکانی کوردی لەخۆ دەگرت، لەوانە شەهید شێخ عەبدولقادری شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان، داماد ئەحمەد زولکەفل پاشا، جەنەراڵ شەریف پاشا و چەندانی تر لە ئەفسەر و ڕۆشنبیری کورد و خوێندکارانی زانکۆ. پاش ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمانییش، ڕۆژنامەی (کوردستان) لە شاری ئینستەنبوڵەوە دەستی بە چاپ کردەوە. دواتر خوێندکارانی کورد لە ١٩١٠، کۆمەڵەی (هێڤی)یان دامەزراند، ئەوەش پاش ساڵێک لە داخستنی کۆمەڵەی (بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد) و داخستنی خوێندنگەی کوردیی (چەمبەرلی تاش) لە لایەن تورکانەوە. کۆمەڵەی هێڤی، گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ی دەردەکرد، کە ڕۆشنبیرە کوردەکان دەیاننووسی. بەو شێوەیە، دەبینین بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی، لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، پێی نایە قۆناغێکی تری نوێوە، کە قۆناغی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی پێشکەوتنخوازانەیە بە شێوازێکی سەردەمییانە لە ڕێی ڕۆژنامەگەری و وەشاندن و ئەدەبەوە. دواتریش لە ڕێی ڕێکخستنی حیزبییەوە، کە قۆناغی تێکۆشانی هاوبەشە لەگەڵ تورکان و ئێرانییەکاندا، دژی زۆرداری و ملهوڕی و لە پێناو دەستوور و ناناوەندێتی بۆ ئەو نەتەوانەی لە سایەی ستەمی عوسمانییدا، دەیانناڵاند. بەو پێیە بزووتنەوەکە بوو بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەردەمییانە، کە باندیت جەواهیر لال نەهرۆ لە بارەیەوە دەڵێت[٩٥]: "کوردەکان پاش شۆڕشی تورکی لە ١٩٠٨دا، دەستیان دایە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، وەک چۆن نوێنەرانیشیان لە کۆنگرەی ئاشتەوایی لە ڤێرسای،

٩٥- لمحات من تاريخ العالم، الطبعة العربية الاولى، ص ٢٥٩.

داوای سەربەخۆییان کرد".

بەڵام لاوانی تورک لێوڕێژ بوون لە بیری تۆرانیزم، بیرێکی ڕەگەزپەرستانەی فراوانخوازانەی دەمارگیر، کە ئامانجی تواندنەوەی نەتەوە نا-تورکەکانە لە بۆتەقەی ئیمپراتۆریای تۆرانیدا و خەون بە ئیمپراتۆریایەکی فراوانتر لە دەوڵەتی عوسمانییەوە دەبینێت. بۆیە بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی، بەو پێیەی نوێنەری بۆرجوازیی نەتەوەی سەردەستە، سیاسەتێکی دوژمنکارانەی دژی ئەو نەتەوانەی لە سایەی حوکمڕانیی عوسمانییدا دەناڵێنن (عەرەب و کورد و ئەرمەن و ...)، گرتە بەر. ئەوەش بووە مایەی کەوتنەوەی ڕق لە نێوان نیشتمانپەروەرانی ئەو نەتەوانە و بزووتنەوەی بۆرجوازیی تورکی، کە (لاوانی تورک) نوێنەری بوون. لەوێشەوە بووە مایەی پچڕانی پەتی هاریکاری و تێکۆشانی هاوبەش لە نێوانیاندا.

وەک کاردانەوەیەک بۆ بزووتنەوەی تۆرانیزم، بزووتنەوەی نەتەوەیی نەتەوە چەوساوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیشەوە، توندتر بوون. بۆیە کرژ بوونەوە یان داکشان، چالاکیی خۆیانیان لە چوارچێوەی تایبەتی نەتەوەیی خۆیاندا قەتیس کرد و دروشمی تایبەتی خۆیانیش بەرز کردەوە. شاعیری ناسراو ئەبو قاسمی لاهوتی لە وتارێکیدا بە ناوی (کوردستان و کورد) لە گۆڤاری سۆڤییێتی (خۆرهەڵاتی نوێ)دا دەڵێت[٩٦]:

"سیاسەتی شۆڤینی (پان - تورکیزم)ی لاوانی تورک - زوون تورک - بوو کە بیرۆکەی نەتەوەپەرستیی توندڕەوانەی خوڵقاند، بە بزووتنەوەی لاوانی کوردیشەوە. هەروەها کاریگەریی نەتەوەپەرستیی پێچەوانەی لای عەرەب و ئەرنائووت و گەلانی تری ئیمپراتۆریای عوسمانی، دروست کرد". کاتێکیش کوردەکان لە سوود و مانای هاریکاری لەگەڵ لاوە تورکە شۆڤێنییەکان نائومێد بوون و ڕێگەی ئاشتیخوازانەی بەدەستهێنانی مافەکانیان بە ڕوودا داخرا و پەتی تێکۆشانی هاوبەشیان پچڕا، ڕێگەی تێکۆشانیان بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵەکانیان و پتەوترکردنی یەکڕیزییان و پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە

٩٦- مقالة كردستان والاكراد، بقلم أبو القاسم اللاهوتي - مجلة الشرق الجديد السوفياتية، الطبعة الروسية، العدد الرابع، ص ٦٥، ١٩٢٣. بڕوانە تێزەکەی دکتۆر شەمزینی.

بۆ ڕاکێشانی سەرنج و سۆزیان، گرتە بەر، بۆ ئەوەی لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و ستەمی کۆمەڵایەتی دەربازیان ببێت. وەک ئەوەی نیکیتین دەیگێڕێتەوە، عەبدولڕەزاق بەدرخان و چەند پیاوماقوڵێکی تری کوردیش، هەوڵیان دا نیازی ڕووسەکان بزانن و کۆمەکیان بەدەست بهێنن. لە سەروەختی یەکەمین جەنگی جیهانییدا، کوردانی بیتلیس و چەند ناوچەیەکی تری کوردستانیش، دەستیان دایە ڕاپەڕینی چەکداری. بەڵام ئەوەی کە تورکیا لە سایەی دروشمێکی فریودەری وەک جیهادەوە چووە جەنگەوە، بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی خستە دۆخێکی زۆر تەنگەتاوکەرەوە، چونکە بانگەشەی ئاینی بە ناوی بەرگریکردن لە ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامییەوە، زۆر بەهێز بوو، سافیلکە و زۆرێک لە پیاوانی ئاینیی کوردیش پێی خەڵەتان. کەچی نیشتمانپەروەر و هۆشیارانی کورد، درکی حەقیقەتی ئەو بانگەوازە سەرلێشێوێنەرەیان کرد، هەندێکیشیان داوای بەدەمەوەهاتنیان لە ڕووسەکان کرد تا لە بەرامبەر پشتگرتنی ڕووسەکان لە جەنگەکەدا، کوردستان لە ژێر چەپۆکی تورکان ڕزگار بکەن.

باسیل نیکیتین، کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە ئورمیە، دەڵێت[٩٧]:

"کەمیل بەگی خەڵکی بۆتان، کە لە بنەماڵەی بەدرخانەکانە، لە ١٩١٦ لە تەفلیس زۆر بە جددی هەوڵی دا دۆزی کوردی بە نیکۆلا، جێگری پاشا لە قەوقاز و سەرکردەی ئەو هێزانەی ڕووسیا لەسەر سنووری تورکیا کۆببوونەوە، ڕوون بکاتەوە. بەڵام بەو پێیەی کێشەی کوردی لەگەڵ خەونی سەربەخۆیی ئەرمینیادا، پێکدا چوون، وا دیارە ڕووسیا لەو کاتەدا سیاسەتێکی ڕوونی لە هەمبەر کوردان نەبووە".

نیکیتین درێژەی دەداتێ و دەڵێت:

"لە سەرەتای ١٩١٧دا لە بارەگای کونسوڵخانە لە ئورمیە، چاوم بە نیردراوێکی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان کەوت، کە نامەیەکی لە سەید تەهاوە دامێ. تێیدا داوای دیداری سەربازە ڕووسەکان دەکات بۆ ئەوەی بە ئامانجی ڕزگارکردنی کوردستان، لەسەر کارێکی هاوبەش دژی تورکان لەگەڵیان ڕێک بکەوێت".

بەڵام هۆکاری ڕوووەرگێڕانی قەیسەرییەت لە یارمەتیدانی کوردان، تەنیا ئەوە نییە

٩٧- الاکراد، ص ٢٠٠.

کە نیکیتین باسی دەکات. بەڵکو هۆکاری سەرەکی، هەبوونی ڕێککەوتنێکی نهێنیی نێوان بەریتانیا و ڕووسیا و فەرەنسا بوو، ئەوەی بۆلشەڤیکەکان پاش سەرکەوتنیان هەم ئاشکرایان کرد و هەمیش لێی کشانەوە، کە بەو پێیە دەبوو کوردستان بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا دابەش بکرێت، بە جۆرێک بەشە ناوەندییەکەی بدرێتە ڕووسیای قەیسەری و کوردستانی باشوور- کوردستانی عێراقی ئێستە - بدرێتە فەرەنسا و کوردستانی ئێرانیش - هەر لە ئەردەڵانەوە - بدرێتە بەریتانیا.

کە وایە بەرژەوەندیی قەیسەرییەت لە وەها حاڵێکدا، پێچەوانەی بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییە، کە ئامانجی ڕزگارکردنی کوردستانە. وەها ڕزگارکردنێکیش دژی ڕێککەوتنە نهێنییە کۆڵۆنیالیستییەکە و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی کۆڵۆنیالیستەکان بوو.

بەڵام یەکەمین جەنگی جیهانی، بەو شێوەیەی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیست خوازیاری بوون، کۆتایی نەهات. ئەوە بوو قەیسەرییەت هەرەسی هێنا و لە جێگەکەشی یەکێتیی سۆڤییێت بە سەرکردایەتیی ڤلادیمیر لینین، بنیات نرا، کە ڕێککەوتننامە کۆڵۆنیالیستییەکانی هەڵوەشاندەوە و دوژمنایەتیی سەرسەختی خۆی بۆ کۆڵۆنیالیزم و پێوەلکاندنی بەزۆر دەربڕی. دەستبەرداربوونی ڕووسیای لە هەموو جیاوگەکانی ڕووسیای قەیسەری ڕاگەیاند، داوای لە گەلانی خۆرهەڵاتیش کرد، دژی کۆڵۆنیالیزم و لە پێناو مافە نیشتمانییەکانی خۆیان و سەربەخۆییدا تێبکۆشن، وەک چۆن پاڵپشتیی دەوڵەتی سۆڤییێتی بۆ مافی چارەی خۆ نووسینی گەلان، چ گەورە و چ گچکەش، دووپات کردەوە.

بەو شێوەیە، کڵپەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هەموو لایەکی ڕووسیای تەنی و دراوسێکانیشی ڕووناک کردەوە، پاڵی بە گەلانی ستەمدیدەی خۆرهەڵات - بە کورد - یشەوە نا، بچنە بەرەی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانییەوە.

بزووتنەوە کرێکاری و شۆڕشگێڕییەکان لە ئەوروپا، مەزنتر دەبوون. گەلانی خۆرهەڵات، بە گەلی کوردیشەوە، بە ئاواتی زۆرەوە دەستیان دایە بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی. گەلانی خۆرهەڵات، بە گەلی کوردیشەوە، داوایان لە هاوپەیمانە براوەکان دەکرد کە بەڵێن و پەیمانەکانیان جێبەجێ بکەن، بەتایبەت ئەوانەی لە سەروەختی

جەنگدا دراون، کە تێیاندا ڕێزی خۆیانیان بۆ مافی چارەی خۆ نووسین و سەربەخۆیی نیشتمانیی گەلانی خۆرهەڵات، دووپات کردووەتەوە.

**نائومێدبوون لە هاوپەیمانان!**

بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی لە پاش جەنگ، لە چەندان ڕێکخراوە و حیزب و گردبوونەوەی جیاواز-لەسەر لاشەی حیزب و کۆمەڵە کوردییە کۆنەکاندا - خۆی ڕێکخستەوە. نیشتمانپەروەرە کوردەکان لە سەرۆک خێڵ، میر، پیاوانی ئاینیی نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیران، پەیتا پەیتا سەرەتا داوای سەربەخۆیی کوردستانیان بە سەرپەرشتیی بەریتانیا و دواتریش، پاش زانینی حەقیقەتی نیازی دوژمنکارانەی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، داوای سەربەخۆیی تەواویان دەکرد.

نیشتمانپەروەرانی کورد، شاندێکیان بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشا، نارده کۆنگرەی ئاشتەوایی لە پاریس (ڤێرسای). شاندەکەش لە لایەن هێزە نیشتمانییەکانی کوردستانی عوسمانییەوە، پشتی دەگیرا. شاندەکە هەوڵی زۆری دا تا ڕەوایەتیی داواکارییەکانی کورد و حەقیقەتی دۆزی کوردی، ڕوون بکاتەوە، کە بەوەش سەرکەوتوو بوو لە دانانی هەرسێ مادەی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ لە چوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەردا[٩٨]. بەپێی ئەو مادانەش جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی درا بە گەلی کورد، کە دەکرێت بگۆڕێت بۆ سەربەخۆیی تەواو و ڕێگەش بە دانیشتووانی کوردستانی باشووری - عێراقی ئەمڕۆ - درا، کە ئەگەر ویستیان، بتوانن بچنە پاڵ ئەو دەوڵەتۆکە کوردییەوە. لە ناوچەی سلێمانی ئیدارەیەکی کوردی بە سەرۆکایەتیی کۆچکردوو شێخ مەحموود بەرزنجی و بە سەرپەرشتیی بەریتانیا، دامەزرا. سیاسەتی ئەوکاتی بەریتانیا مەیلی لەوە بوو چەند ویلایەتێکی کوردی بە سەرپەرشتیی خۆی لە ناوچەکانی سلێمانی و جزیرە و هی تریش، دابمەزرێنێت[٩٩].

---

٩٨- دواتر دێمەوە سەر ئەو مادانە.

٩٩- لە بابەتێکی تردا سیاسەتی بەریتانیا ڕوون دەکەمەوە، کە چۆن دەیویست ڕاستەوخۆ پاش جەنگ، وەک جۆرە تاکتیکێکی کاتی، چەند دەوڵەتۆکەیەکی کوردی بە سەرپەرشتیی خۆی، دابمەزرێنێت

هەرچی ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیاشە، چالاکیی خۆیان لە کوردستانی ناوەندییدا قەتیس کرد. چەقی کاریان پەیوەندیکردن بە هاوپەیمانان و داواکردنی هاریکارییان بوو، کە هەرچۆنێک بێت بە قسەی هاوپەیمانان[100]، کە داوای ئارامی و ئارامگرتنی لێ دەکردن، هەڵخەڵەتان. بەوەش هەلێکی وایان لەکیس چوو، کە دەکرا بۆ دامەزراندنی حوکمڕانییەکی کوردی بقۆزرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەو ڕێکخراوە کوردییانە، بەری گرت و دۆزی کوردی برایە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامەی سیڤەرەوە، کە زۆر بایەخدارە. وەک ئەوەی باسیل نیکیتین دەڵێت[101]: "سەرباری ئەوەی پەیماننامەی سیڤەر وەک مەرەکەبی سەر کاغەزێک مایەوە، گومان هەڵناگرێت کە قۆناغێکی زێدە گرنگی پەرەسەندنی دۆزی کوردی بوو. چونکە بۆ یەکەمین جارێک بوو لە مێژوودا، کە بەڵگەنامەیەکی سیاسیی نێودەوڵەتی، دۆزی سەربەخۆیی خۆجێیی ئەو ناوچە تورکی-عەجەمییانەی کوردەکان تێیدا نیشتەجێن، تاووتوێ بکات. لەو ڕێکەوتەشەوە بەنێودەوڵەتیبوونی دۆزی کوردی، شتێکە نکۆڵیی لێ ناکرێت".

ڕاستییەکەی لە ماوە و لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانیدا، بزووتنەوەی کوردی سەرقاڵی کارکردن بوو بۆ بەدەستهێنانی سۆزی هاوپەیمانان و پشتبەستن بە بەڵێنەکانیان بە ئومێدی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد و هەڵخەڵەتانی سەرکردەکانی بە قسە و بەڵێنەکانی بەریتانیا.

هەرچی کۆمەڵە کوردییەکانیشە، سەرباری ئەوەی پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بوون، نەیاندەتوانی ئەرکی ترسناکی نیشتمانیی خۆیان جێبەجێ بکەن.

---

١٠٠- بەیاننامەی هاوپەیمانان، بەتایبەت بەیاننامەی هاوبەشی بەریتانیا و فەرەنسا لە ١٩١٨دا دەربارەی مافی ڕزگاریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتمانیی نەتەوە غەیرە تورکەکان و چواردە بەندەکەی وودرۆ ویڵسنی سەرۆکی ئەمەریکا دەربارەی مافی سەربەخۆیی گەلان، لە کاریگەرترین بەیاننامەکان بوون. هاوکات وتەکانی مسیۆ کلیمانسو، سەرۆکی فەرەنساش زۆر کاریگەر بوون، کە وتی حکومەتی تورکی ناتوانێت ئیدارەی نەتەوەکانی تر بدات، بۆیە متمانەی پێ ناکرێت و نابێت نەتەوەیەک، کە پێشتر بە دەست ستەم و زۆرداریی تورکانەوە ناڵاندبێتی، بخرێتەوە سایەی دەسەڵاتی تورکی.

١٠١- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٠.

ئەوەش لە لایەکەوە بەهۆی سروشتی پێکهاتە و سەرکردایەتی و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو کە هەمووان لەخۆ بگرێت و سەرکردایەتیشیان بکات. هەروەها بەهۆی نەگۆڕانی هەموویان یان لای کەم دانەیەکیانەوە بۆ حیزبێکی پێشڕەو، کە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد و کوردستان، بتوانێت هێزە بنەڕەتییەکانی تێکۆشانی گەلی کورد، کۆ بکاتەوە و سەرکردایەتییان بکات، بتوانێت دۆست و دوژمن لێک جیا بکاتەوە.

نەبوونی وەها حیزبێکی پێشڕەو و پاشان نەبوونی سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕی چاوکراوە، کە بتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕش و بزووتنەوەی نیشتمانیی بکات، هەلێکی بایەخداری لە کیسی گەلی کورد دا. ئەوەشمان لەبیر بێت، پەرتەوازەیی ئەو کۆمەڵە حیزبە کوردییانە و هەبوونی چەندان سەرکردایەتی بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی، کاری کۆڵۆنیالیست و زۆرداران و لایەنگرانی لە سەپاندنی پیلانگێڕییەکانیان بەسەر گەلی کورددا، ئاسانتر کرد. ئەوەش بووە هۆی داگیرکردنی کوردستان و بێبەشکردنی گەلی کورد لە هەموو مافەکانی، تەنانەت ئەوەشی کە لە پەیماننامەی سیڤەردا هاتبوو، کە دواتر بە پەیماننامەی لۆزان هەڵوەشێنرایەوە.

ئەو حیزب و کۆمەڵە نیشتمانییە کوردییانەی، ڕاستەوخۆ پاش یەکەمین جەنگی جیهانی دروست بوون، جگە لەوەی پەرتەوازە بوون و خەریکی ملشکاندنی یەکتر بوون، وەک ئەوانی پێش خۆیشیان ڕێکخستن و سەرکردایەتییان لاواز بوو. لە ڕووی سەرکردایەتییەوە تەنیا توێژی باڵای کۆمەڵگەی کوردییان تێدا بوو، لە ڕووی بنکەشەوە تەنیا چەند توێژێکی ناوەندی و بەتایبەتیش ئەفسەر و مامۆستایانیان لەخۆ دەگرت. واتە لە ڕووی بنگە و سەرکردایەتییەوە، جەماوەریی نەبوون، ئامانجەکانیشیان سیاسیی ڕووت بوون، خاوەنی ڕێبازێکی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی ڕوون نەبوون. سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕی هۆشیاریان نەبوو، کە بزانێت چۆن لە شەڕی سیاسی و سەربازییدا پێشەنگی هێزە کوردییەکان بێت. وەک چۆن مۆرکی خێڵەکی یان خێزانی و یانیش ناوچەیی لە زۆربەیاندا زاڵ بوو، کە بەوەش هەڵخەڵەتاندنیان بە بەڵێنی کۆڵۆنیالیستەکان ئاسانتر بوو. هەلێکی بایەخداریش لە کیسی گەلی کورد چوو، کاتێک پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، پەیماننامەی سیڤەر مۆر کرا. هەروەها ئەم کەموکوورییانەی حیزب و کۆمەڵە نیشتمانییە

کوردییەکان، درزێکیان خستبووە نێوان ئەوانە و خەڵکی ڕەشۆکی کورد و زۆرێک لە توێژە کۆمەڵایەتییەکانیش. ئەوەش لە ماوەی نێوان ١٩١٩ - ١٩٢٣دا ئەرکی کەمالیستەکانی لە خەڵەتاندنی گەلی کورد و کێشکردنی بۆ ژێر باڵی خۆیان و ئارامکردنەوە و سەرلێشێواندنی، ئاسانتر کرد.

بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردییش، دابەش و دابڕاو بوون لە یەکتر. سەرکردایەتیی شێخ مەحموود لە کوردستانی عێراق، دابڕاو بوو لە بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی ناوەندی و لە زۆرێک لە پرسەکانیشدا ناکۆک بوو لەگەڵیان، گرنگترینیان هەڵوێستیان لە کەمالیستەکان، کە شێخ مەحموود بە کاریگەریی چەند لایەنێکی سەر بە تورکیا، ماوەیەک پێیان خەڵەتا. لە کوردستانی ئێرانیش بزووتنەوەکەی سمکۆ دژ بە کۆنترۆڵی حکومی، لە چەند هەڵەیەکی ئابڕووبەری خۆیدا، کە لاپەڕەکانی ڕەش دەکردەوە، پەلەقاژەی بوو. بەتایبەت ئەو کاری ناپاکی و قڕکردنەی دژی کۆمەڵێک لە برایانی ئاشووریمان پێی هەستا، کە بە درێژایی کات برای کورد و هاونیشتمانی بوون. کارێکی وا شایەنی سەرکۆنە و شەرمەزارکردنی ڕاشکاوانەیە.

## گەڕانەوە بۆ تێکۆشانی چەکدارانە

ئەو پەرتەوازەییە، کەموکووڕییەکی ترسناکی تر بوو لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا، کە هاوکات گرنگترین هۆکاری شکستهێنانیشی بوو لە بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکانی و سوودوەرنەگرتن لە پەیماننامەی سیڤەر. هەروەها یارمەتیی بەریتانیاشی دا، کە گەمەی خۆی بکات و پیلانگێڕیی کۆڵۆنیالیستانەی خۆی بسەپێنێت. پاش ئەوەی بەریتانیا بۆی لوا شۆڕشی ١٩٢٠ دابمرکێنێتەوە و حکوومەتێکی سەر بە خۆی لە بەغدا دابنێت و ناچاریشی بکات پەیماننامەیەک واژۆ بکات، کە عێراق بە بەریتانیاوە دەبەستێتەوە؛ پاش ئەوەی کۆڵۆنیالیستەکان لە ئیستیغلالکردنی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود، کە بە ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراق لە ١٩٢٢دا پشتی قایم بوو[١٠٢]،

١٠٢- دەقی ئەو ڕاگەیاندنە لە جێگەیەکی تری ئەم کتێبەدا بڵاو کراوەتەوە. حکومەتی پاشایی شێخ مەحمودیش لە ١٩٢٢ لە سلێمانی دامەزرا، کە خۆی پاشا و شێخ عەبدولقادری براشی سەرۆک وەزیران بوون.

شکستیان هێنا، کە ئەو ڕاگەیاندنە دانی بە مافی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیاندا نابوو؛ پاش ئەوەی بزووتنەوەی کەمالیزم بەهێز بوو، پشتی گیرا، پەیوەندییەکانی بە یەکێتیی سۆڤییێتیەوە خۆشتر بوون و ئەوەش کۆڵۆنیالیستەکانی دەترساند؛ پاش ئەوەی ئاشکرا دەرکەوت کە پەیماننامەی لۆزان[١٠٣] واژۆ دەکرێت و پرسی مووسڵیش دەنێردرێتە کۆمەڵەی گەلانی لە لایەن کۆڵۆنیالیزمەوە کنۆترۆڵکراو، پاش ئەمانە هەمووی بەریتانیا پشتی لە کورد کرد و شێوەی کۆتایی پلانی دژ بە کوردی ئاشکرا کرد، کە بریتی بوو لە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بە زەبری ئاگر و ئاسن و دژایەتیکردنی پێکهێنانی هەر جۆرە حکوومەتێکی کوردی لەبەر مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە کۆڵۆنیالیستییەکانی خۆی و پەیوەندیی باشی بە حکوومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیاوە. بۆیە بزووتنەوەی کوردی ناچار بەرەنگاری ئەو سیاسەت و دوژمنکارییە چەکدارەی بەریتانیا بە چەک ببێتەوە، لە ساڵانی ١٩٢٣ و ١٩٢٤ پێکدادانی چەکداری لە کوردستانی باشوور، بەتایبەت لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووک قەوما، کە بە داگیرکردنی پایتەختی کوردستان، سلێمانی، لە لایەن هێزەکانی بەریتانیا و بەردەوامبوونی هێزە کوردییەکان لەسەر جەنگ بە شێوەی جەنگی خێڵەکی بە سەرکردایەتیی مەلیک مەحموودی بەرزنجی تا چەند ساڵێک، کۆتایی هات. ئەوەش لە کاتێکدا سیاسەتی بەریتانیا لە سەروەختی ناکۆکیی لەگەڵ نیشتمانپەروەرە عەرەبەکانی عێراق و توندبوونی بەرهەڵستییەکان دژی پەیماننامەی کۆیلایەتی - پەیماننامەی بەریتانیا و عێراق لە ١٩٢٢ - و لە سەروەختی گەڕانەوەی هێزێکی تورکی بە سەرکردایەتیی ئۆزدەمیر پاشا بۆ ناوچەی ڕەواندوز - کوردستانی عێراق - بۆ ئەوەی حوکمڕانیی تورکیی تێدا بچەسپێنن و پاش شکستەکەی هێزەکانی بەریتانیا لە دەربەندی پشدەر، مەیلی لە دداننان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد بوو - بە شێوەی کاتی - بۆ ئەوەی بە مەبەستی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە کوردییەکان و وەدەرنانی ئۆزدەمیر پاشا لە کوردستانی عێراق، سوود لە شێخ مەحموود وەربگرن. بۆیە لە ١٩٢٢ بەریتانیا ڕازی بوو

١٠٣- پەیماننامەی لۆزان لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣دا پەیماننامەی سیڤەر(ئابی ١٩٢٠)ی کە بێگومان بە بەندەکانی مافە نەتەوەییەکانی کوردیشەوە، هەڵوەشاندەوە. بەوەش دەوڵەتانی هاوپەیمان بە ڕەسمییش خیانەتیان لە گەلی کورد کرد و هاوشێوەی هەڵوێستی کۆلۆنیالیستەکان لە هەمبەر نەتەوە بچووکەکاندا، پێیان خستە سەر بەڵێنەکانی پێشووتری خۆیان.

بەوەی بگەڕێتەوە و حکوومەتی کوردی ڕابگەیەنێت و شێخ مەحموودیش بکرێتە پاشا.

بەڵام لە تورکیا، بەریتانیا سەرەتا سیاسەتی ئارامکردنەوەی کوردان و پاشان سیاسەتی هاندانی کوردانی بۆ یارمەتیدانی خەلیفە و دوورکەوتنەوە لە کاری شۆڕشگێڕانەی نیشتمانییانەی کوردانە، پێڕەو کرد، واتە سیاسەتی ئیستیغلالکردنی نەتەوەی کوردان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی. کەچی کەمالیستەکانیش بە ناوی خەباتی هاوبەش دژی داگیرکەر و دوژمنان و پاشان بە ناوی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و هاوچەرخانەوە، هەوڵیان دا کورد بخەڵەتێنن و سەری لێ بشێوێنن. پاش سەرکەوتنیان بەسەر یۆنان و وەرگرتنی دەسەڵات لە سەراپای تورکیادا، بەڵێن و پەیمانی خۆیانیان لەبیر بردەوە و دەستیان دایە سیاسەتی تۆرانییانەی بەتورککردن. سا ئەو تورکیایەی کە سەرکردە کەمالیستەکان جاڕیان دەدا گوایە نیشتمانی تورک و کوردە، بوو بە تۆرانی و بە قەولی بەڕێز مەحموود ئەسعەدی وەزیری داد، غەیرە تورک، جگە لەوەی ببنە کۆیلە، هیچ جێگە و پێگەیەکیان تێدا نەبوو[١٠٤].

بۆیە کوردان بۆ بەرگریکردن لە قەوارە و بوونیان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و بەتورککردنی کوردستانیان، ناچار دەستیان دایە تێکۆشانی چەکداری. شۆڕشی ١٩٢٥ لە دیاربەکر و دەوروبەری - ئەو شۆڕشەی کە کەمالیزم لە دەریایەک خوێن و فرمێسکدا نوقمی کرد و بەوپەڕی دڕندەییەوە دایمرکاندەوە، با وەک ئەوەی نەهرۆ دەیڵێت، بۆ ماوەیەکیش بووبێت - لەمەوە بوو[١٠٥].

---

١٠٤- بەڕێز مەحمود ئەسعەد، وەزیری داد لە وتارێکی ساڵی ١٩٣٠دا کە لە ژمارە ١٦٦٥ی ١٩ی ئەیلولی ١٩٣٠ ڕۆژنامەی (میللییێت)ی تورکیدا، بڵاو کراوەتەوە. چەند برگەیەکی وتارەکەی وەزیرە تورکییەکە لە لاپەڕە ٣١ی چاپی فەرەنسیی کتێبی (Les Kurds Et Le Droit)ی ل. ڕامبۆ-شدا هەیە. ل ٣١ی چاپە فەرەنسییەکە.

١٠٥- جەواهیر لال نەهرۆ، ڕێبەری هیندیی ناسراو و سەرۆک وەزیرانی تا ساڵی ١٩٦٤، لە کتێبی (لمحات من تاریخ العالم) لاپەڕە ١٥١٢ی چاپە فارسییەکەدا دەڵێت: «ئاوەها ئەو تورکانەی بەو دواییە بۆ ئازادییان تێدەکۆشان، کوردانیان لەبەر هەمان ئازادی کە بۆ خۆیانیان داوا دەکرد، قڕ کرد». لە لاپەڕە ٢٦٠ی چاپە عەرەبییەکەشدا دەربارەی هەڵوێستی کەمالیزم لە شۆڕشی کوردی، دەڵێت: «چەند فشۆڵ بێت ئەو نەتەوایەتییەی لە بەرگریکردن لە نیشتمانەوە بگوازێتەوە سەر هێرشکردن بۆ زەوتکردنی ئازادیی ئەوی تر. لە ١٩٢٩دا کوردەکان دیسان ڕاپەڕین، بەڵام شۆڕشەکەیان گەر بۆ ماوەیەکیش بێت، دامرکێنرایەوە، چونکە چۆن دەکرێت گەلێک، کە لە پێناو ئازادییدا خەبات بکات و ئامادەش بێت باجەکەی بدات، جارێکی تر و بۆ ئەبەد دابمرکێنرێتەوە».

وەک ئەوەی جەواهیر نەهرۆ دەڵێت[١٠٦]، کە لە کتێبەکەیدا (لمحات من تاريخ العالم) واقوڕمانی خۆی لە گۆڕانی نەتەوەپەرستیی تورکی نیشان داوە، کە چۆن لە بزووتنەوەیەکەوە بۆ داواکردنی ئازادی، گۆڕا بە بزووتنەوەیەک کە کوردان، لەبەر داواکردنی هەمان ئازادی، دادەپڵۆسێنێت و سەرکردەکانیان، کە لە سەروەختی مەرگدا هاواری سەربەخۆیی کوردستانیان لەسەر لێوان بوو، لەسێدارە دەدات: "چۆن دەکرێت شۆڕشی گەلێک، کە سوور بن لەسەر بەدەستهێنانی ئازادی و ئامادە بن باجەکەشی بدەن، بۆ ئەبەد دابمرکێنرێتەوە". بەڵام خوێنی شەهیدانی کوردستان بەفیڕۆ نەچووە، بگرە ڕێگەی خەباتی بۆ تێکۆشەران ڕۆشن کردووەتەوە، ڕێگەی خەباتی ڕێکخراو، شۆڕشی نیشتمانیی بە پلانی تۆکمە و یەکخستنی سەرجەم هێزە چاکەخوازەکانەوە. بۆیە کۆمەڵە و لایەنە کوردییەکانی کە لە سایەی ستەمی تۆرانییە کەمالییەکاندا دەیانناڵاند، بە مەبەستی یەکگرتن، لە نێو خۆیاندا دەستیان دایە دانوستان. دکتۆر بلە ج. شیرکوە لە کتێبی (دۆزی کورد)دا دەڵێت: "کاتێک ئەو نیشتمانپەروەرە کوردانە، دیقەتی ئەو بەڵا و نەهامەتییانەیان دا، کە لە پاش شۆڕشی ١٩٢٥ەوە بەهۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند و شێوازی مەغۆلییانەی دڵڕەقانە لە لایەن تورکانەوە، تووشی وڵاتە ئازیزەکەیان هاتبوو، بڕیاریان دا لە ١٩٢٦دا کۆنگرەیەکی کوردی ساز بکەن، کە سەرجەم پێکهێنەرە کوردییە سەرەکییەکان لە نوێنەری کۆمەڵەکان و سەرۆک خێڵەکان و ناودارانی وڵاتی تێدا بێت، بۆ ئەوەی بڕیاری چالاکانە لە بارەی دەستپێکردنەوەی تێکۆشان لە بەرامبەر تورکدا بدەن، بۆ ئەوەی کوردستان لە چنگ و چەپۆکیان دەرباز بکرێت، پێش ئەوەی ئەوان بتوانن بە تەواوی خێڵە زۆر بەحەماسەتەکان پەرتەوازە بکەن و پاشماوەی ئەو نیشتمانپەروەرە کوردانەی پەنایان بۆ چیاکان بردبوو، لەناو ببەن. ئەو نیشتمانپەروەرانە ویستیان ئەو کۆنگرە گەورەیە لە ١٩٢٧ و لە چوارچێوەی سنووری تورکیا، واتە لەو پارچەیەی خاکی کوردستان کە لە سایەی داگیرکاریی تورکیدا

---

١٠٦- نەهرۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو. لە هەمان لاپەڕەدا ئەمەش هاتووە: «پاش ئەوە کەمال پاشا بێبەزەییانە کوردەکانی داپڵۆسی، دادگای سەربەخۆیی تایبەت بە دادگاییکردنی هەزارانیان دامەزراند، هەردوو سەرکردەی کوردی شێخ سەعید و دکتۆر فواد و چەندانی تریشیان، کە بە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستانەوە سەریان نایەوە، لەسێدارە دا».

بوو، ساز بکەن. کردیشیان و دانیشتنەکانی مانگ و نیوێکیان خایاند، کە تێیدا ڕستێک بڕیاری گرنگ دران، لەوانەش:

١- هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆمەڵەکانی ئێستا بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نوێ، کە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵە کۆنەکان و هی نوێش لەخۆ بگرێت.

٢- بەردەوامیدان بە شۆڕش و تێکۆشان دژی تورکان، تا کاتێک دوایین سەربازی تورکی خاکی پیرۆزی کوردستان بەجێدەهێڵێت.

٣- پێش دەستکردن بە شۆڕشی گشتی، ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

ا- پێویستیی دانانی سەرکردەیەکی گشتیی بۆ هەموو هێزە نیشتمانییە کوردییەکان.

ب- ڕێکخستنی سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕییەکان لەسەر بنەمای شێوازی سەربازی و جەنگی و پڕچەککردنیان بە نوێترین جبەخانەی شەڕ و جەنگ.

ج- دامەزراندنی ناوەندێکی گشتی بۆ شۆڕش و بۆ سەرکردایەتیی باڵای هێزە نیشتمانپەروەرە کوردییەکان لە یەکێک لە چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا.

لە کۆنگرەکەوە و لە یەکگرتنی کۆمەڵە کوردییە کۆنەکانەوە، حیزبی (خۆیبوون) لەدایک بوو. ئەو حیزبەش سەرکەوتوو بوو لەوەی سەدان لق و ناوەند لە ناوخۆ و دەرەوەی نیشتمان، تەنانەت لە ئەوروپا و ئەمەریکاش، دابمەزرێنێت. پاش دامەزراندنی خۆیبوون، سەرکردایەتیی سەربازیی شۆڕشی کوردی بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا، دەستی دایە ڕێکخستنی پۆلی پشتیوانیی کوردی و دواتر لە ١٩٢٧ سەرلەنوێ شۆڕشی کوردی هەڵگیرسایەوە و تا ١٩٣١ی خایاند.

بەڵام زۆر حەیف کە خۆیبوون لەسەر ستایلی حیزبە تەقلیدییەکان بوو، هەموو کەموکووڕییەکانی ئەو حیزبانەی لە ڕووی سروشتی پێکهاتن و سەرکردایەتی و ئامانجەوە، لەخۆ گرتبوو. بنگەی جەماوەریی تۆکمە و سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕی ئەزموونداری نەبوو، جگە لە نەبوونی بەرنامەیەکی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زاڵبوونی مۆرکی خێڵەکی و ئەریستۆکراسی، بەو پێیەی حیزبی موڵکدار و بۆرجوازیی کوردی بوو.

ئەو شۆڕشە نیشتمانییەی کە چیای (ئاگری)ی کردبووە بارەگای سەرکردایەتی

و هەر بەو ناوەشەوە ناونرا - شۆڕشی ئاگری - لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانیدا، شکستی هێنا و بە هەڵهاتنی سەرکردەکەی، جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا بۆ تاران، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان وەک پەنابەرێکی سیاسی هەر لەوێیە، کۆتایی هات.

سەرەکیترین فاکتەرەکانی شکست، بریتی بوون لە کەموکووڕییە ناوخۆییە خودییەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی و نەبوونی حیزبێکی شۆڕشگێڕیی پێشڕەو کە سەرکردایەتیی بکات و بێبەشبوونی شۆڕش لە هاریکاریی دەرەکی، بگرە دەستوەردانی دەوڵەتانی بیانی، بەتایبەت کۆڵۆنیالیستەکان، دژی شۆڕش و دەستڕۆیشتوویی حکوومەتی تورکی لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە.

لە کوردستانی عێراق، بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی هەر لە ١٩٢٣وە ناچار بوو بۆ بەرگریکردن لە قەوارە و بوونی حکوومەتی نیشتمانیی، کە بە ڕێبەریی مەلیک شێخ مەحموودی حەفید دامەزرابوو، چەک هەڵبگرێت. بۆیە شۆڕشی کوردی وەک کاردانەوە و بەرگرییەک دژی دەستدرێژیی چەکداریی بەریتانیا، هەڵگیرسا، ئەو دەستدرێژییەی کە ئامانجی لەناوبردنی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود و داگیرکردنی سلێمانیی پایتەختی بوو. شان بە شانی تێکۆشانی چەکداری و پێش یان پاش داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەوە، تێکۆشانی فیکری و ئەدەبیی نیشتمانی لە نێوان خوێندەواران و خەڵکی شاردا گوڕی پەیدا کرد. ئەوە بوو حکوومەتی شێخ مەحموود ڕۆژنامەیەکی کوردیی دەرکرد، چەندان بڵاوکراوەی تریش پەخش بوونەوە کە لێوانلێو بوون لە هەواڵی حوکمڕانیی نیشتمانی و ئەدەبیاتی نەتەوایەتیی شۆڕشگێڕانە. لەوکاتەشدا کەسانێک پەیدابوون لە نێو کورددا، کە هەواڵەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و حکوومەتی سۆڤییێتیان بڵاو دەکردەوە. بۆیە ئەوانە بە بۆلشەڤیک ناسران، بەبێ ئەوەشی کە بەڕاستی بۆلشەڤیک بن و لە بیرۆکە مارکسی و لینینییەکان یان کۆمۆنیزم، تێبگەن. بەڵکو توێژێک بوون زۆرینەیان ئەو دیلە کوردانە بوون، کە بۆڵشەڤیکەکان ئازادیان کردبوون. خوێندەواریشیان تێدا هەبوو، کە کۆچکردوو جەمال عیرفان بوو، کە بە پیلانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و کۆنەپارێزانی کورد، لە شاری سلێمانی تیرۆر کرا. ئەو بۆڵشەڤیکە کوردانە، بانگەشەیان بۆ حوکمڕانیی سۆڤیێت دەکرد، کە ئەوەش

بەریتانییەکانی تۆقاندبوو.

ئی.بی. سۆن، ئەو سیخوڕە بەریتانییەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتە کوردستان و لە ١٩١٩ بە پلەی مەیجەر گەڕایەوە سلێمانی، لە شوباتی ١٩٢٠ نووسیویەتی و دەڵێت: "بەداخەوە ناوی بۆلشەڤیک، بەدەر لەوەی بە چ مانایەک، لێرە لە سلێمانی برەو پەیدا دەکات، کە ئەوەش بە بۆچوونی مەیجەر سۆن، پێویستیی بە چارەسەری خێرایە. جگە لە سلێمانی، لە کۆیسنجەقیش تاقمێک دیلی کوردی گەڕاوە لە ڕووسیا هەبوون، کە بانگەشەیان بۆ حوکمڕانیی سۆڤییێت دەکرد، بۆیە لە نێو خەڵکدا بە بۆلشەڤیک ناسران و لەگەڵ ئەو دەرەبەگانەشدا کە هەوڵیان دا بیانکوژن، بوو بە ناکۆکییان.

دواتر کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردستان[١٠٧]، کە ئامانجی یەکخستنی هەوڵەکانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و کاسبکارە نیشتمانپەروەرە کوردەکان بوو، دەرکەوت. هەرچەندە کۆمەڵەیەکی بچووک بوو، بەڵام لە سلێمانی چالاک بوو و هەڵگری کۆمەڵێک بیرۆکەی ماقوڵ بوو دەربارەی پێویستیی کردنی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود بە حکوومەتێکی نیشتمانیی کوردی و لێکردنەوەی مۆرکە بنەماڵەیی و خێزانییەکەی.

پرۆفیسۆر بوخارد پرینتس دەڵێت[١٠٨]: "سەرکردە سیاسییەکانی خەڵکی شارەکان،

---

١٠٧- مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێت کە ئەو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیەکی کوردی بە ناوی (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان). دەکرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە ڕێکەوتی دامەزراندنەکەی ١٩٢٠ز. ڕەفیق حیلمی دەڵێت کە کۆچکردووان مەحمود جەودەت و ماجد مستەفا و سەید عەبدوڵا حاجی سەید حەسەن، چالاکترین ئەندامی کۆمەڵەکە بوون. کۆمەڵەکە هەوڵی داوە بەڕێز حەمدی بەگی بابان بکاتە سەرۆک، بەڵام ئەو ئومێدەیان بۆ نەچووە سەر. کۆمەڵەکە لە کاسبکاران و خوێندەواران و گەنجانی نیشتمانپەروەر و هەندێک لە سەرۆک خێڵەکانی جاف و پشدەر و ساداتی بەرزنجە و سەرۆکانی هەورامان و هەمەوەند و جەباری، لەخۆ دەگرت. بەڵام کۆمەڵەکە، وەک مامۆستا حیلمی باسی دەکات، ماوەیەکی کورت پاش دامەزراندنی و لە تەمەنیکی کورتدا، هەڵوەشایەوە، چونکە خوێندەوارانی کورد پاش پەیداکردنی وەزیفە، پەرتەوازە بوون. بۆ نموونە، مامۆستا حیلمی کە چالاکترین ئەندامی بوو، بوو بە مامۆستا.

١٠٨- هەمان سەرچاوەی پێشووتر. بڕوانە توێژینەوەکەی پرۆفیسۆر برینتس کە لە گۆڤاری زانستی زانکۆی مارتن لۆتزی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی ((دەربارەی هەندێک لە گیروگرفتە مێژکووییەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیی..)) کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە.

پەیوەندیی بنەماڵەییان بە شێخ مەحموودەوە نەبوو، بەڵکو لە کۆمەڵەی کوردستان-دا کاریان دەکرد[١٠٩]، کە وەک دەوترێت لە ١٩٢٢ تا ١٩٢٥ چالاک و ڕێبەرەکەیان مستەفا پاشای یامولکی بوو، وەزیری پەروەردە لە حکوومەتەکەی شێخ مەحمووددا، کە پێشتریش حاکمێکی سەربازیی گشتی بووە لە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیدا.

ڕۆژنامەی زمانحاڵی کۆمەڵەکە، بانگی کوردستان، ماوەی سێ ساڵ بە زمانەکانی کوردی و تورکی و عەرەبی دەردەچوو. کۆمەڵەکە ڕەخنەی لە هەوڵەکانی شێخ مەحموود گرت کە دەیەوێت بوار بۆ باڵادەستبوونی ئەریستۆکراسیی خێڵەکی لە شارەکەدا بکاتەوە و داوای دەرچوواندنی قانونی بنەڕەتی (دەستوور) و نوێکردنەوەی ئیدارەی دەکرد.

لایەنی چەپڕەو ڕۆڵێکی کەمتریان هەبوو، دیارترینیان جەمال عیرفانە، کە دەوترێت گوایە بانگەشەی بۆ دیموکراسی و بێباوەڕی کردووە. لە سەردەمی شێخ مەحمووددا، وەک ئەوەی باس دەکرێت، لە لایەن ئەو دەرەبەگانەی بە دەوری حوکمدارەوە بوون، کوژراوە".

ڕۆژنامەی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود، (ڕۆژی کوردستان) بوو، کە لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لە سلێمانی، دەرچوو.

بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی لە کوردستانی عێراق، کە شان بە شانی پارچەکانی تری کوردستان هەڵگیرسا، توندتر و بەهێزتر بوو. پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، ڕاپەڕی و داوای ئازادی و مافی چارەی خۆ نووسینی دەکرد. پشتی بە بەڵێنەکانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی بەست، کە زۆری نەبرد، لە کاتێکدا بزووتنەوەی نیشتمانی چاوەڕێی یارمەتیی هاوپەیمانانی دەکرد، حەقیقەتی خەڵەتێنەر و سەرلێشێوێنەری ئەو بەڵێنانە ئاشکرا بوو. بەریتانیا بە ڕوویدا وەستایەوە، دژی جەنگا، هێزە چەکدارەکانی، کە زرێپۆش و تۆپهاوێژیان هەبوو و لە لایەن هێزی ئاسمانیی پاشایەتییش پشتیان دەگیرا، بۆ داپڵۆسینی کۆ کردەوە.

١٠٩- کۆمەڵەی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژی ٢١ی تەموزی ١٩٢٢ لە مزگەوتی سەید حەسەن لە سلێمانی، هاتە دامەزراندن. سەرۆکەکەی، مستەفا پاشای یامولکی بوو، کە وتارێکی حەماسیی نیشتمانیی خوێندەوە و داوای دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردستانی کرد، کە کۆمیتەی سەرکردایەتیی لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو: مستەفا یامولکی، ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ساڵح ئەفەندی قەفتان، حاجی ئاغا فەتحوڵا، فایەق بەگی عارف بەگی عیزەت بەگی عوسمان پاشا، ئەدهەم ئەفەندی یوزباشی، شێخ محەمەد گولانی، ئەحمەد بەهجەت ئەفەندی، عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا و شوکری ئەفەندی عەلەکە.

ئەوکات و پاش ئەوەی هاوپەیمانان بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردییان نائومێد کرد و ڕووی ڕاستەقینەی کۆڵۆنیالیستەکان دەرکەوت و دوژمنایەتییان بۆ گەلی کورد ئاشکرا بوو، بزووتنەوەی کوردی ڕێچکەی شۆڕشی دژی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی گرت، کە بووبووە دوژمنی یەکەم و سەرسەختی. دوژمنایەتیی بەریتانیای کۆڵۆنیالیست و گەلی کورد، کە ڕووبەڕووی هەڵمەتی سەرکوتکردنی سەربازیی بەریتانی بووەوە، بەردەوام بوو و هێزی ئاسمانیی ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی قێزەونی گێڕا لە لێدانی شار و گوندە کوردییەکان بە بۆمب و ڕووخاندنیان بەسەر سەری دانیشتووانە بێچەکەکانیاندا.

هێزی ئاسمانیی بەریتانی، ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییە فراوانەکانی خۆی هەر لە کۆتاییهاتنی جەنگەوە تا پاش بوونە ئەندامی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٣٢دا، درێژە دایێ. هەرچی چەکی جۆراوجۆریشە کە هەیەتی، دژی گەلی کورد تاقیکردنەوە و ڕاهێنانەکانی بە چەک و فیشەک بەسەر جەماوەری کوردستانییەوە تەواو کرد، تا گەشتە ئەوەی شێخ مەحموودی حەفید، سەرکردەی شۆڕشی کوردی، بە ڕاستی لە لایەن ئینگلیزەوە نازناوی ڕاهێنەری نارەسمیی هێزی ئاسمانیی بەریتانیای، پێ ببەخشرێت و شایەنی بێت. لە باشییەکانی ئەو هێرشە ئاسمانییانەی سەر کوردستان (باشی بۆ کۆڵۆنیالیست و لایەنگرانیان بێگومان) جەواهیر لال نەهرۆ دەڵێت[١١٠]:

"وڵات لە هەڵچوونێکی بەردەوامدا دەژیا، ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئینگلیز و حکوومەتەکەی مەلیک فەیسەڵیش نەبوو. چونکە بەردەوامیی شۆڕشەکان مانای وایە ئەو گەلە بەو حکوومەتەی بەریتانییەکان بەسەریاندا سەپاند، ڕازی نەبوو. بۆیە پێیان باش بوو کە کۆمەڵەی گەلان هیچ لە بارەی ئەو شۆڕشانەوە نەزانێت، بۆیە بڕیاریان دا بە زەبری هێز و تۆقاندن کۆتاییان پێ بهێنن. بۆ ئەو مەبەستەش، هێزی ئاسمانیی بەریتانییان بەکار هێنا. باشترین باسکردنێکی ئەنجامی هەوڵەکانیان لە سەپاندنی ئاشتی و نیزام لە ڕێی هێزەوە، قسەی کۆلۆنێل سێر ئارنۆڵد ویلیس-ە لە محازەرەیەکی کۆمەڵەی ئاسیایی مەلەکی بوو لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٢ لە لەندەن، کە وتی:

" لە بۆردومانکردنی کوردەکان لە دە ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت کۆتا شەش مانگ،

١١٠- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٣٣٤.

پێکانی وەستایانە، سەرباری هەر قسەیەک کە لە جنێڤ دەکرێت، کاری هێزی ئاسمانیی مەلەکی بوو. گوندی وێران، وڵاتی کاولکراو، ژن و منداڵی شێواو، وەک ئەوەی پەیامنێری ڕۆژنامەی تایمز دەڵێت، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر مۆدێلێکی ناوازەی شارستانییەت". جەواهیر نەهرۆ بەردەوام دەبێت و لە باسی دڕندەیی ئاسایی (نەک ناوازەی) کۆڵۆنیالیستەکان لە بۆردومانکردنی خەڵکی بێچەکی کورد بە بۆمبی تەوقیتکراودا، دەڵێت[111]:

"کە بینییان گوندنشینەکان لە کاتی نزیکبوونەوەی فڕۆکەکاندا، هەڵدێن و خۆ دەشارنەوە و بە ڕۆحێکی وەرزشییەوە چاوەڕێی بەربوونەوەی بۆمبەکانیان نەدەکرد، بڕیاریان دا جۆرێکی نوێی بۆمب بەکار بهێنن، کە بۆمبی تەوقیتکراوە. ئەوەش بۆ ئەوەی گوندنشینەکان بخەڵەتێنن و پاش ڕۆیشتنی فڕۆکەکان، بگەڕێنەوە ماڵەکانیان و سا ئەوکات بۆمبەکانیان پێدا بتەقێتەوە. ئەوانەی لەو هێرشانەدا دەمردن، بە بەختەوەر دادەنران بەراورد بەوانەی دەشێوێن و دەست یان قاچیان دەپەڕێت، یان تووشی کەمئەندامییەکی ترسناک دەبن، بەتایبەت کە لەو گوندە دوورەدەستانەدا خزمەتگوزاریی پزیشکیی نەبوون".

ئاوەهاش ڕووداو و ئەزموونەکان سەلماندیان، کە کۆڵۆنیالیستە ئینگلیزەکان، سەرسەختترین دوژمنی گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەین، وەک چۆن بەربەستی هەرە گەورەش بوون لە بەردەم ئازادبوونی کوردستاندا، بۆیە گەلی ئێمەش زیاتر ڕقی لەوانە و بە دوژمنیان دەزانێت. لەو قۆناغە مێژووییەدا ئینگلیز توانییان هەموو گوند و شارەکانی کوردستانی باشوور داگیر بکەن، تەنیا چەند شوێنێکی دیار و سنووردار لە ژێر کۆنترۆڵی شۆڕشدا مانەوە. دواتر کۆڵۆنیالیستەکان دەستیان دایە پیلانگێڕی دژی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور، بەوەی خستیانە ژێر حوکمڕانیی فەیسەڵی سەر بە خۆیانەوە و مافەکانی گەلی ئێمەشیان بەلاوە نا و ویستیان لە ڕزگاریی نیشتمانییدا، بەهەند نەگرت. هاوکات هەرچی بەڵێن و پەیمانی پێشتریشیان هەیە، خستە ژێر پێ و بە دوای ئەم

١١١- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٣٣٥.

تاوانەشیاندا دەرهەق بە گەلی کورد، بڕیارێکیان بە کۆمەڵەی گەلان دەرکرد بۆ ئەوەی گەلی کورد لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەش بکەن[112]، هەرچەندە بەپێی بڕیارەکە دەبوو ڕێز لە مافە ئیداری و کولتوورییەکانی کورد بگیرێت، بە پێویستیی دامەزراندنی فەرمانبەری کوردەوە، مەگەر پاساوی هونەری و پسپۆڕی هەبێت، هەروەها دانانی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی و بەکارهێنانی لە خوێندنگە و فەرمانگە و دادگاکان، هەروەک دەبوو کورد و عەرەب لە ئەرک و مافدا یەکسان بن. لە ژێر فشاری بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی کە بەبێ پسانەوە داوای مافە نەتەوەییەکانی و پێڕەوکردنی ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی لە بارەی کوردەوە، دەکرد، حکوومەتی عێراق ناچار بوو بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بدات و ڕێزی مافە ئیداری و کولتوورییەکانی کوردان بگرێت. بەرپرسەکانیش، هەر لە مەلیک فەیسەڵەوە تا سەرۆک وەزیرانی حکوومەتەکەی و بەرەو خوارتر تا فەرمانبەرە ئیدارییەکانیش، لێدوانی دۆستانەیان دەربارەی "برا کوردەکان"یان دەدا و پەیمانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان و زیاتریشیان لە ڕووی ئیداری و کولتوورییەوە، دا. هەر بۆ نموونە، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە شوباتی ١٩٢٦ لە بەغدا لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا وتی[113]:

"دەبێت مافەکانی کورد بدەن، دەبێت هەلی کار لە ناوچەکانیاندا بدرێت بە ڕۆڵەکانی خۆیان، دەبێت زمانی ڕەسمییشیان زمانی کوردی بێت و دەبێت منداڵەکانیشیان لە خوێندنگەکاندا، فێری ببن".

لەو کاتەدا هەندێک کەس ئومێدێکیان بەوە هەبوو کە حکوومەتی عێراقی بەوەی ئۆتۆنۆمییان بداتێ، دڵی کوردان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. چەند هەوڵێکیش لە پەرلەمانی

---

١١٢- بۆ وردەکاریی زیاتر دەربارەی لکاندنی کوردستانی عێراق بە حکومەتی بەغداوە، بڕوانە: فاضل حسين، مشكلة الموصل و عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية. هەروەها کتێبەکەی ڕامبۆ، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، لەگەڵ کتێبەکەی مەیجەر ئێدمۆندس، هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

١١٣- باسیل نیکیتین، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٢٠٣.

عێراقەوە دران[١١٤] بۆ ئەوەی حکوومەت ناچار بکەن، جۆرێک ئۆتۆنۆمی بە کوردان بدات. ئەوەش لە کاتێکدا کە دانوستانی عێراق و بەریتانیا بۆ کۆتاییهێنان بە ماندێتی بەریتانی و گۆڕینی بە سەربەخۆییەکی شکڵی، پێی نایە قۆناغی جددییەوە. بەڵام کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و نوری سەعیدی بەکرێگیراوی و فەرمانڕەوا عێراقییە لایەنگرەکانی کۆڵۆنیالیزم، ئەو داوایەی هەندێک نوێنەری کورد بۆ پێدانی مافە نەتەوەییەکانی پێشکەشیان کردبوو، ڕەت کردەوە. ئەوکاتیش بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی، سەرباری دامرکاندنەوەی تێکۆشانی چەکداریی، فراوانتر بوو تا ئەوەی زۆرێک لە ڕۆشنبیران، کاسبکاران، بازرگانان و فەرمانبەرانی کورد لە شارەکاندا بگرێتەوە. ئەو شارانەی وردە وردە دەگۆڕان بۆ ناوەندی بزووتنەوەی نیشتمانی، کە دەستی کرد بە گواستنەوەی چەقی قورسایی و سەرکردایەتییەکەی بۆ شار و خەڵکە تێکۆشەرەکەی، ئەوەش بە حوکمی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی بەسەر بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا هاتن، لەگەڵ فراوانبوونی بنگە جەماوەرییەکەی. ئەوەش لە ڕاپەڕینی جەماوەری پاڵەوانی سلێمانی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠دا بەدی کرا[١١٥]، کە کاسبکار و زەحمەتکێش و بازرگان و خوێندکار و مامۆستا و سەرکردە ڕۆشنبیرەکانی، خەڵکی شارەکان بوون، کە ئەوەش پەرەسەندنێکی نوێیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییدا.

---

١١٤- نوێنەرە کوردەکان، هەریەکە لە سەیفوڵا خاندان، محەمەد جاف، جەمال بابان، حازم شەمدین ئاغا، ئیسماعیل بەگی ڕواندوزی، محەمەد ساڵحی محەمەد عەلی لە ١٩٢٩ پێشنیازیان دایە پەرلەمان بۆ پێدانی جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بە کوردان، بەڵام نوری سەعید دژی ئەوە بوو، بۆیە هەوڵەکەیان بێ بەرهەم بوو.

١١٥- بە پێچەوانەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی ناو گوندان بە سەرکردایەتیی پیاوانی ئاینی و میرەکان و موڵکدارە کوردەکان، ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە لە شار—سلێمانی—دا قەوما. کاسبکار و خوێندکار و ڕۆشنبیر و زەحمەتکێش و بازرگانانی کوردیش، تێیدا بەشدار بوون. تێشیدا کرێکار و نووسەر و خوێندکار، شەهید بوون. دیارترین سەرکردەکانی ئەو ڕاپەڕینەش، کۆچکردوو فایەق بێکەس (مامۆستای سەرەتایی) و ڕەمزی فەتاح (ئەفسەری خانەنشین) و تۆفیق قەزاز (بازرگان)، بوون.

## پەرەسەندنێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییدا

ڕاپەڕینەکە دژی پەیماننامەی ١٩٣٠ بوو، کە کۆمەڵێک کۆتی لەوانەی ماندێت قورستری بەسەر عێراقدا دەسەپاند و لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە، دەیبەستەوە بە ڕەوڕەوەی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانییەوە؛ مافی کوردیان خستە پشت گوێ و خۆیان لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان و ڕاسپاردەی ئەو لیژنەیەش، کە کۆمەڵەی گەلان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی ویلایەتی مووسڵ ناردی، نەبان کرد. خەڵکی شاری سلێمانی و ڕۆڵە کاسبکار و خوێندکار و مامۆستاکانی، پێی هەستان و سەرکردە و چەند دەموچاوێکی تری دیاری شارەکە، بروسکەیان بۆ کۆمەڵەی گەلان نارد و داوای چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان کرد.

ڕاپەڕینە جەماوەرییەکە بە مانگرتنێکی جەماوەریی سەرتاپایی دەستی پێ کرد، کە تێیدا بازاڕ و خوێندنگەکان پەکخران و کاروبار لە سلێمانیدا بەگشتی، وەستێنرا. پاشان مانگرتنی گشتی گۆڕا بۆ خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە کە جەماوەری شارەکە و خوێندکارانیش بە حەماسەتەوە، تێیدا بەشدار بوون.

پۆلیسیش بە فەرمانی ئینگلیز، دەستڕێژیان لە خۆنیشاندەران کرد کاتێک گەیشتنە مەیدانی بەردەم سەرای حکوومەت، بەوەش ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا و زۆریشیان لێ بریندار بوو. ئەوە هەموو شاری تووڕە و پەست کرد، خەڵکەکەی دەستیان دایە بەرەنگاری و بەردبارانکردنی پۆلیس. ئەو کوشتنە بەکۆمەڵە هەموو کوردستانیشی تووڕە کرد، بۆیە شۆڕشی کوردی، کاتێک شێخ مەحموودی حەفید لە شاخ دابەزی و دەستی دایەوە جەنگی پارتیزانی دژی حکوومەت، سەرلەنوێ هەڵگیرسایەوە.

بەو شێوەیە، ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوول یەکەمین بزووتنەوەی نیشتمانیی جەماوەریی بوو لە شارەکەدا بە سەرکردایەتیی توێژێ نوێ، بۆیە بزووتنەوەیەکی نوێ بوو بە سەرکردایەتییەکی مۆدێرنەوە و هەر ئەمەش پەرەسەندنە گرنگەکە بوو. بڵاوکراوەی ڕۆژنامەیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی سۆڤییێت لە ژمارەی ١٠- ١١ی ١٩٣١دا لەم بارەیەوە دەڵێت:

"حکوومەتی عێراقی و کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، کە ئەو هێرشە خوێناوییەیان بۆ سەر کوردان ڕێک خستبوو، لە هەڵسەنگاندنیاندا هەڵەیان کرد، چونکە تەقەکردن لە

خۆنیشاندەرانی کورد نەک هەر دانیەمرکاندنەوە و کپی نەکردنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەنزینی بە ئاگردا کرد. بەڵام ئەو ماڵوێرانی و نەهامەتییە توندەی کە قەیرانی ئابووری، لەسەر دەستی حوکمڕان و کۆنەپارێزانی عەرەب، بەسەر جووتیاری کورددا هێنای، لەگەڵ فشاری هەموو ئەوانە بۆ سەر گەلی کورد و تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە تورکیا و ئێران دژی تورک و ئێرانییەکان، ئەمانە هەموو کەشێکی شۆڕشگێڕانە و بارگاوی و نیگەرانکەری هاوشێوەی بەرمیلێکی باروتیان لە نێو کوردانی عێراقدا دروست کرد، کە بۆ گڕتێبەردانی، پریشکێکی ئاگری بەس بوو".

## بایەخی مێژوویی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠

ڕاپەڕینە نیشتمانییەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بزووتنەوەی کوردیدا، چونکە لە ڕووی سروشت و بنگە و سەرکردایەتییەوە، بارگۆڕینێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا هێنایە ئارا. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نوێی کورددا، ڕاپەڕینێکی نیشتمانی لە شارەکەدا دەقەومێت، کە کاسبکار و خوێندکار و زەحمەتکێش و بازرگانی کورد پێی هەڵدەستن. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، ڕۆشنبیران و کاسبکاران لەبری پیاوانی ئاینی و میرەکان، سەرکردایەتیی ڕاپەڕینێکی جەماوەری دەکەن. پاش ڕاپەڕینەکە ناوەندی قورسایی و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە گوندەوە گواستییەوە بۆ شار و لەوێش فراوانتر بوو، چونکە بە پلەی یەکەم بنگەی جەماوەرییان لە زەحمەتکێشی شار و خوێندکاران و کاسبکاران و خوێندەواران و بازرگانان، پێکدەهات. لەو ساتەشەوە، توێژی خوێندەواری کوردی وەک پێشەنگی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی، دەرکەوت و بەوەش جاڕی کۆتاییهاتنی ڕۆڵی سەرکردایەتیی خێڵەکیی تەقلیدیی لە کوردستاندا، دا.

ئەمەیە بایەخی مێژوویی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، کە لە مێژووی تێکۆشانەکانی گەلی کورددا، بە زیندوویی هێشتوویەتییەوە و پێگەی باڵای لە دڵ و یادەوەریی کوردانا پێ بەخشیوە. شاعیران و ئەدیبانی کورد بە باڵایدا وتوویانە، گۆرانیبێژان لە سەرانسەری وڵاتدا هەواڵ و ناخۆشییەکانیان چڕیوە. تا ئێستاش کوردان بە ئازار و ناڕەحەتییەوە و

وەک ڕۆژێکی تێکۆشان، یادی (ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول) دەکەنەوە، وەک یادەوەریی ڕاپەڕینێکی جەماوەری کە گۆڕان و ڕێگۆڕین و گۆڕانکارییەکی بایەخدار لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، وەک ڕۆژێک کە بە (سەرکوتکردنی ڕاپەڕین)ی شۆڕشێکی تری کوردان ڕووناک بووەوە، ئەو شۆڕشەی کە پاڵەوانی نیشتمانیی نەمر، شیخ مەحموودی حەفید، سەرکردایەتیی کرد و هاوشێوەی ئەوەی پێش خۆی، لە لایەکەوە بەهۆی دەستوەردانی کۆڵۆنیالیستە ئینگلیزەکان و غەیری ئەوان لە دژی بە بەکارهێنانی زرێپۆش و فڕۆکەکانیان بۆ سەرکوتکردنی، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی کەموکووڕییە خودییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردییەوە، لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل و نیشتماندا، شکستی هێنا.  سەرباری نیشتمانیبوون و دڵسۆزیی سەرکردایەتییەکەی، دەکرێت ئەو کەموکووڕییانە لە سروشتە کۆمەڵایەتییە ئاینییە خێڵەکەییە خێزانییەکەیدا ببینرێت. تا پێش ڕاپەڕینەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، زەقترین و سەرەکیترین بزوێنەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە سەرۆک خێڵ و دەستوپێوەندیان و پیاوانی ئاینی و دەوڵەمەندانی گوند، پێکدەهات. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییش بنگەی جەماوەریی هۆشیار و سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕی ئەزموونداری لە تێکۆشاندا نەبوو، کە هێزە بنەڕەتییەکان بناسێتەوە و لە دوژمنیان جیا بکاتەوە و بەرنامەیەکی وا دابنێت، کە بەرجەستەکەری پێکەوەبەستراویی ڕزگاریی بێت بە پرسە زیندووەکانی گەل و دۆزە بنچینەییەکانەوە، بەوەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی بکات، نەک لە چەند دروشمێکی سیاسیی پەتیدا کورت ببێتەوە. کەموکووڕیی تریش زۆر بوون، لە جموجووڵ و ڕێکخستنی سەربازییەوە تا دەگاتە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش و شێواز و تاکتیکەکانی شەڕکردن. جگە لە دەورەدانی شێخ مەحموود لە لایەن کۆمەڵێک هەلپەرستی نامەردەوە، کە پێکەوە ئەڵقەیەکی پشتیوانییان پێکدەهێنا و ڕۆڵێکی شەرمەزارکەریان لە لاوازکردن و تێکدانی شۆڕش و بازرگانیکردن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییەوە، گێڕا؛ ئەوانەش پێکەوە بەشدار بوون لە شکستپێهێنانی شۆڕشی کوردی لە بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیدا.

ڕاپەڕینی جەماوەریی ئەیلوول کاریگەرییەکی نێودەوڵەتیی هەبوو، لەو ڕووەوە کە کۆمەڵەی گەلان، وەک وەڵامێک بۆ ئەو چەندان بروسکەیەی کە کوردان لە سەرەوەختی

ڕاپەڕینەکەدا، لە سلێمانییەوە دەیاننارد، بڕیارێکی دەرکرد. لاپەڕە (٨٩)ی لە کتێبەکەی بەڕێز ئەحمەد فەوزیدا (خناجر و جبال) هاتووە، کۆمەڵەی گەلان دیقەتی ئەوەی دا کە پاڵپشت بە دوایین زانیاریی دەوڵەتانی ماندێت، چەند بڕیارێک هەن وا دەکەن مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ کورداندا بکرێت، بەڵام جێبەجێ نەکراون و تا ئێستاش هیچ گەرەنتییەکیان لای کەم لە بارەی ئیدارەی خۆجێییەوە، پێ نەدراوە. بۆیە کۆمەڵەکە پێشنیازی کرد:

١- ئەوەی لەو داوکارییانەدا هاتووە لە هەمبەر دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی بە سەرپەرشتیی کۆمەڵەی گەلان، ڕەت بکرێتەوە.

٢- داوا لە دەوڵەتی ماندێت بکرێت، کە بە هەندەوە لەو ڕێوشوێنە تەشریعی و ئیدارییانە بڕوانێت، کە بۆ مسۆگەرکردنی ئەو دۆخ و پێگەیەی کوردان شیاون بۆی، دانراون و بەبێ هیچ کەموکووڕی و فەرامۆشکردنێکەوە بچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣- سەیری حیکمەتی بەمەرجدانانی گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانە بکرێت، کە مانەوە لە وەها دۆخێکدا بۆ کوردان مسۆگەر دەکەن، ئەگەر هات و عێراق دواجار لە سەرپەرشتیاریی دەوڵەتی ماندێت ڕزگاری بوو.

## لاوازیی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی خۆرهەڵات

هەرچی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییە لە کوردستانی خۆرهەڵات (ئێران)، لاواز و ڕێکنەخراو بوو، خەڵکی هەردوو بەشی باکوور و ناوەڕاستی پشتیان بە حکوومەتی شێخ مەحموود و بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی باشوور بەستبوو و هەندێکیشیان تێیدا بەشدار بوون. لە بەری باکووری خۆرهەڵاتیشەوە، کوردەکان بەرەنگاری حوکمڕانیی ڕەزا شا و هەوڵەکانی لە سەپاندنی ناوەندێتی و حوکمی تاران بەسەریاندا بە زەبری هێز، دەبوونەوە، بەڵام بێ ئەوەی ڕێبازێکی نیشتمانیی ڕوون یان داخوازیی نەتەوەیی کوردیی دیاریکراویان هەبێت. بزووتنەوەی ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ)ش شێوەی بزووتنەوەیەکی خێڵەکیی توندڕەوی بەخۆوە گرت و ماوەیەکیش لەسەر ئەم ڕێڕەوە بەردەوام بوو، تا دواتر لەبەر نەگۆڕانی بۆ بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی خاوەن

ئامانجەیلی نەتەوەیی ڕوون، بەهۆی هەڵە و مەیلی تاکڕەوانەی سمکۆ و کار و ڕەفتارە زیانبەخشەکانی و دەرکەوتنی لە شێوەی دەرەبەگێکی ملهوڕدا، لاواز بوو و پووکایەوە.

ئەو کردەی غەدر و تاوانکارییەی سمکۆ دژی برا ئاشوورییەکانمان کردی، لاپەڕەیەکی ڕەشە و سەرئێشەی زۆری بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی خوڵقاندووە کە هێشتا ئاسەوارەکانی ماوە.

دواکەوتوویی ئابووریی کوردستان و بەردەوامیی پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی تێیدا، پاشان ژیاندنەوەی دەرەبەگایەتی لەسەر دەستی ئینگلیز و زەوتکارانی تری کوردستان، هەروەها نەبوونی پیشەسازی و بازرگانییەکی گەشەکردوو لە سەروەخت و لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانی - و لێکەوتەکانی لە بوونی چینێکی کرێکاری مۆدێرن - و بەربڵاویی نەخوێندەواری و نەزانینی سیاسی لە نێو عەوامدا، پێکڕا ڕۆڵی گرنگیان دیت لە دروستنەبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد بە شێوەیەکی نوێ و پەرەسەندوو و لەوێشەوە، شکستی شۆڕشی کوردی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا.

بۆیە دەبینین دوژمنانی گەلی کورد لە کۆڵۆنیالیست و زەوتکارانی چینی دەرەبەگ و سەرمایەداری کۆمپرادۆریی فەرمانڕەوا، هەمیشە کنە دەکەن بۆ ئەوەی کوردستان لە ڕووی پەرەسەندنی پیشەسازی و کشتوکاڵی و کولتوورییەوە، بە دواکەوتوو بهێڵنەوە و دەستیش دەگرن بە دەرەبەگایەتی و خێڵپەروەرییەوە، تا لەو ڕێگەیەوە بەردەوامیدان بە داگیرکردنی کوردستان، ئاسانتر بکەن.

## خوێندکاران و ڕۆشنبیران دەبنە پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی

گەر بگەڕێینەوە سەر بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی پاش ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ٦ی ئەیلوول، دیاردەیەکی نوێی تێدا دەبینین، کە ئەویش مایەپووچبوونی سەرکردە خێڵەکی و موڵکدارەکان و دەرچوونی جڵەوی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردییە لە دەستیان و دەرکەوتنی توێژی خوێندەواری کوردە لە سەرەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا.

هەروەها دەشبینین زۆربەی میرە کوردەکان و سەرۆک خێڵەکان، لە بەرامبەر وەرگرتنی پۆستی حکومی یان پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و بەڕێکردنی کاروباریان، خۆیان دەهاوێنە کۆشی کۆڵۆنیالیست و فەرمانڕەوایانی کوردستانەوە. ئەوەش بوو شێخ مەحموودی حەفیدی ناچار کرد کە لە ئاشتبوونەوەیەکی وەک تەسلیمبووندا، مەرجەکانی حکوومەتی عێراقی پەسەند بکات، کاتێک ڕازی بوو بڕوات لە بەغدا لە ژێر چاودێریی حکوومەتدا بژی. لەو لاشەوە توێژی خوێندەواری کورد، لەوانەش خوێندکاران، دەبینین کە لە سەرەتای دەیەی چوارەمی سەدەی بیستەمەوە لە عێراق، چالاک دەبن. حیزبی خۆیبوونیش لە تورکیا و سووریا، درێژە بە چالاکی و تێکۆشانی خۆی دەدات. خوێندکارانی پەیمانگەکانی بەغدا، کۆمەڵێکی کولتووریی کۆمەڵایەتیی تا ڕادەیەکیش سیاسییان هەبوو بە ناوی (کۆمەڵی لاوان)، کە کۆی دەکردنەوە. هەرچەندە ئەو کۆمەڵە، ڕێکخراوەیەکی خاوەن ئامانج و بەرنامەی سیاسی یان پێڕەوی ناوخۆیی نووسراوە نەبوو، بەڵام کۆکەرەوەی چالاکی و کارەکانی خوێندکارانی کورد و برەوپێدەری ڕۆحی هاریکاری و پشتیوانی و خزمەتکردنی کولتووری کوردی بوو لە ناویاندا.

کۆمەڵی لاوان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییدا، کە ئەوکات وردە وردە لە نێو ڕیزی خوێندەوار و کاسبکارانی کورددا برەوی پەیدا دەکرد، هاوکار بوو. ئەدیبان و شاعیران لە شارەکان و لە گوندەکانیش لە نێو پیاوانی ئاینی و خوێندەوارانی تردا، بیری خۆیانیان بڵاو دەکردەوە. کۆمەڵی لاوان لە ١٩٣٣ یەکەمین ژمارەی (یادگاریی لاوان)ی دەرچوواند ((تێبینی نووسەر: یادگاری لاوان وەک زمانحاڵی کۆمەڵی لاوان بوو. ئەوانەی بەشداربوون لە دەرچواندنی ژمارەی یەکەم ئەمانە بوون: ئیبراهیم ئەحمەد، فازڵ ڕەئوف تاڵەبانی، حامید فەرەج، شاکر فەتاح، لەو ژمارەیەدا هۆنراوەی نیشتمانیی بۆ شاعیران حاجی قادر و فایەق بێکەس، گۆران و هی تریش بڵاوکردەوە))، کە کۆمەڵێک توێژینەوەی ئەدەبی و شیعری نیشتمانی و وتاری پەروەردەیی و کولتووریی تێدا بڵاو کرایەوە. ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتیی چالاکیی گەنجانی کوردی کرد و ئەو ژمارەیەی دەرچوواند و چالاکیی تری کوردییشی ڕێکخست، چەند خوێندکارێکی کورد بوون: فازڵ ڕەئووف تاڵەبانی، کە بە تەمەن لەوانی تر گەورەتر و ئەمینداری سندووق بوو، ئیبراهیم ئەحمەد (سکرتێری لیژنە

و سەرنووسەری ژمارەی یەکەم)[١١٦] ، حامد فەرەج، کە خوێندکارێکی چالاک بوو، لەگەڵ شاکر فەتاح کە ساڵی دواتر و لە ١٩٣٤دا، بوو بە سکرتێری لیژنە و سەرنووسەری ژمارە دووی یادگاریی لاوان.

بەداخەوە چالاکیی لاوانی ڕۆشنبیری کوردیی ئەوکات، خۆی لە کاری کولتووری و کۆمەڵایەتی و دەرچوواندنی ساڵانەی نامیلکەیەک و گرتنی وێنەیەکی خوێندکارە کوردەکان پێکەوە، دەبینییەوە. ئەو بیرۆکەیەی کۆچکردوو ئەمین زەکی بەگ بوو بە باو، کە بە پاساوی ئەوەی تەنیا ئەوە بەسوودە، بانگی لە گەنجانی کورد دەکرد تەنیا بایەخ بە خوێندن و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی مەعریفە بدەن و سەرقاڵی سیاسەت نەبن. ئەم بیرۆکەیە هەروا ڕەواجی زۆر بوو تا کەمێک پێش دووەمین جەنگی جیهانی، کاتێک حیزبی هیوا دامەزرا، کە خوێندکاران پایەی سەرەکی و کارای بوون.

بزووتنەوەی کولتوورییش بەردەوام بوو؛ لە سووریا هەردوو میر جەلادەت بەدرخان و دکتۆر کامەران بەدرخان و کەسانی تری بنەماڵەی بەدرخانەکان، گۆڤاری (هاوار)یان دەردەچوواند و ئەلفبێیەکی لاتینییشیان بۆ زمانی کوردی دانا.

گۆڤاری هاوار، سەرباری ئاڕاستە بۆرجوازی و بیرۆکە ڕاستڕەوەکانی، ڕۆڵی بەرجەستەی خۆی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی و بڵاوکردنەوەی مەعریفە و گەشەپێدانی زمانی کوردیدا، گێڕا.

ساڵی ١٩٣٥ سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیری دیموکراسی و چەپڕەوییە لە نێو گەنجانی کوردی عێراقدا. ڕۆشنبیرانی کورد لە وێنەی هەمزە عەبدوڵڵا و ڕەشید عارف و ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدولسەمەد محەمەد و حەسەن تاڵەبانی و هی تریش، پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ کۆمەڵەی (ئەلئەهالی)ی دیموکراسی لە عێراقدا، دروست کرد، کە هەریەکە لە کامل چادرچی[١١٧]

---

١١٦- مەبەست لە هەمان ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دیموکراتیکی کوردستانە، کە ئەوکات لە بەغدا دەیخوێند.

١١٧- مامۆستا کامل چادرچی، ڕێبەرێکی نیشتمانیی دیموکراتیکی عێراقی بوو، کە بە دڵسۆزیی بۆ گەل و تێکۆشانی درێژی لە پێناو ڕزگارکردنی عێراق و دیموکراسی و بە دەستپاکیی لە ژیاندا، دەناسرا. لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە، بووە سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتیک. مامۆستا چادرچی لە لایەن هەموو نیشتمانپەروەر و دیموکراسیخوازانی عێراقەوە، بە دیموکراسیخوازە کوردستانییەکانیشەوە، ڕێزی لێ دەگیرا.

و عەبدولفەتاح ئیبراهیم[118] و محەمەد حەدید[119]، دیارترین کەسەکان و خالید جەعفەر ئەبو تممەنی ڕێبەری نیشتمانییش، پێشەنگی ڕۆحییان بوو. بەڵام گەنجانی کورد لە نێو خۆیاندا زۆر کۆک نەبوون. مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا و عەبدولسەمەد محەمەد بوونە ئەندامی یەکەمین ڕێکخراوی مارکسیستی کە دامەزرابوو، لە کاتێکدا ڕەشید عارف و حەسەن تاڵەبانی لە کۆمەڵەی ئەلئەهالی-یەوە نزیک بوون، بەڵام مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەک پێشکەوتنخوازێکی سەربەخۆ مایەوە و پەیوەندیی باشی لەگەڵ پێشکەوتنخوازان و دیموکراتیە عەرەبەکاندا هێشتەوە. هەرچەندە ژمارەی کوردی خاوەن بیری پێشکەوتنخواز و دیموکراتی کەم بوون، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بزووتنەوەی کوردیدا گێڕاوە. مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵای پارێزەر بوویە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێری فیعلییشی بۆ نزیکەی چوار ساڵ، دواتریش بوو بە ئەندامێکی سەرکردایەتیی بەرچاو تا ئەوەی لە ١٩٥٩ لە لایەن کۆنگرەی چوارەمی حیزبەوە دوور خرایەوە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری ئێستای حیزبیش، ڕۆڵی دیاری خۆی لە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی و لە بواری فیکری و ڕۆشنبیرییشدا، گێڕاوە. لە ١٩٣٧دا نامیلکەیەکی خۆی بە ناوی کورد و عەرەب (الأكراد والعرب)، کە بنچینە زانستییەکانی پایەی برایەتیی عەرەب و کورد و خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی دژی

١١٨- مامۆستا عەبدولفەتاح ئیبراهیم یەکێکە لە دیارترین ڕۆشنبیران و یەکەمین یاوەرانی دیموکراسی لە عێراقدا. بە تێکۆشانی درێژی دژی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و لە پێناو سەربەخۆیی عێراق و دیموکراسیدا، بەناوبانگە. لە ١٩٤٥ بوو بە سەرۆکی حیزبی یەکێتیی نیشتمانی، کە حکومەتەکەی ساڵح جبر لە ١٩٤٧، هاوکات لەگەڵ حیزبی گەلدا، دایخست. لە سەردەمی کۆمارییشدا بوو بە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری حیزبی کۆماریی عێراقی، کە قاسم ڕازی نەبوو مۆڵەتیان پێ بدات.

١١٩- مامۆستا محەمەد حەدید، ئابووریناسی ناسراوی عێراق، نزیکەی سی ساڵ هاوخەباتی مامۆستا چادرچی بوو. جێگری سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتیک بوو، تا کاتێک لە ١٩٦٠دا لە مامۆستا چادرچی جیابووەوە و حیزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی دامەزراند. تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢ یەکێک بوو لە بەهێزترین پشتیوانانی قاسم، کە لەو کاتەدا وازی لەوە هێنا و چالاکییەکانی و حیزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازیشی سڕ کرد. سەرباری گلەییەکان لە دوایین هەڵوێستەکانی لە سەردەمی قاسمدا، مامۆستا حەدید لە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتیدا ڕۆڵی دیارە.

کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی، دانا. هاوکات ڕستێک بیرۆکەی زانستییشی بۆ گۆڕینی یەکێتیی خۆنەویستانە و پێویستیی پشتیوانیی عەرەب و کورد بۆ خەباتی یەکتر دژی کۆڵۆنیالیزم، لەخۆ گرتبوو، وەک چۆن دوژمنی ڕاستەقینەی عەرەب و کورد - کۆڵۆنیالیزم و پشتیوانە کۆنەپارێزەکانیشی - دەستنیشان کردبوو. دواتر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ماوەی دە ساڵ، گۆڤاری (گەلاوێژ)ی دەرچوواند. ئەو گۆڤارە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی و دیموکراسی و تێکۆشان دژی فاشیزم و گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و خزمەتکردنی ئەدەب و زمانی کوردی و پەروەردەکردنی نەوەیەک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد بە شێوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و دیموکراتی، ڕۆڵێکی پرشنگداری گێڕا. بەو شێوەیە دەبینین کە سەرەتای دەوڵەمەندکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بە بیری پێشکەوتنخوازانە و دیموکراتی لە لایەن گەنجانی ئازادیخوازەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٣٧ کە هەر ئەوکات بزووتنەوەی دیموکراتی لە عێراقدا سەری هەڵدابوو.

پرۆفیسۆر بوخارد پرینتس لەو بارەیەوە دەڵێت[١٢٠]:

"بە کاریگەریی ململانێ سیاسییەکان و کاریگەریی فیکریی کۆمەڵەی ئەلئەهالی، لە نێو خوێندکارە کوردەکانی بەغدادا ئەڵقەی نیشتمانپەروەرە هۆشیارە کوردەکان بە دەوری ئیبراهیم ئەحمەددا دروست بوو، کە (یادگاریی لاوان)ی دەرچوواندبوو و تێیدا ئاڕاستەیەکی دژە - فاشیزم لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا، دەرکەوت؛ زۆر جاریش وتاری دژە- فاشیزمی ڕۆژنامەکانی بەریتانیاشی تێدا بڵاو دەکرایەوە. لە هەمان کاتدا گرووپی کۆمەڵەکەی دەوری ئیبراهیم ئەحمەد، بۆ یەکەمین جار بیرۆکەی خەباتی هاوبەش و یەکگرتنی عەرەب و کوردی دژی کۆڵۆنیالیزم، پێڕەو کرد. لە ساڵی ١٩٣٧یشدا ئیبراهیم ئەحمەد کتێبی کورد و عەرەب-ی بڵاو کردەوە، کە تا ئێستا وەک نەخشەڕێگای بزووتنەوەی کوردییە لە پەیوەندییەکانیدا بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبییەوە".

پرۆفیسۆر پرینتس لە درێژەدا دەڵێت:

"کەسانی ڕاستڕەو کە هاتنە سەر حوکم، نووسەری ئەو کتێبەیان دەستگیر کرد، بەڵام نەیانتوانی ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکە لە سەرانسەری کوردستاندا، بگرن. خەڵکی

١٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

کوردستانیش بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە هەبوو. سەرۆک خێڵەکان و بۆرجوازیی شۆڤینی، یەکێتییە پێشنیازکراوەکەیان ڕەت کردەوە و ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانیشی تانەی خیانەتکردن لە پێناوی عەرەبیان لێ دەدرا. ئاوەهاش باڵێکی دیموکراتی لە بزووتنەوەی کوردیدا، شان بە شانی باڵی ڕاستڕەوی کەنارگیر، دروست بوو. هەر لە ١٩٣٥یشەوە ڕێکخستنی حیزبی شیوعیی عێراقی لە نێو کورداندا، هەبووە و دیارترینی ئەوانەش هەمزە عەبدوڵڵا و سەمەد محەمەد بوون".

لە ماوەی پاش کودەتای فەریق بەکر سدقی، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی خۆی کۆ کردەوە، بەتایبەت کە جۆرێک کرانەوە لە کەشی سیاسی لە پاش پێکهێنانی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی حیکمەت سلێمانەوە، دروست بوو، کە چەند وەزیرێکی نیشتمانپەروەر و دیموکراتی لەخۆ دەگرت، لەوانەش کۆچکردوو جەعفەر ئەبو تممەن و کامل چادرچی و یوسف ئیبراهیم. لەو ماوەیەشدا لە سلێمانی کۆمەڵەی (برایەتی) بە سەرۆکایەتیی شێخ لەتیف، سێیەمین کوڕی ڕێبەری کورد شێخ مەحموودی حەفید، پێکهات. بەڵام فراوان نەبووەوە و چالاکییەکانیشی لە سلێمانی و بەتایبەتیش لە ناو شارەکەدا، کورت دەبوونەوە. لە ١٩٣٩ ڕێکخراوەیەک پێکهات، کە دواتر بوو بە حیزبی (هیوا)، کە فراوان بووەوە و لە ساڵانی سەرەتای دووەمین جەنگی جیهانیدا، بوو بە حیزبێکی گەورە. ڕێبەری حیزبەکەش، کۆچکردوو ڕەفیق حیلمی بوو. ئەو حیزبە جگە لە سەدان ئەندام لە کاسبکار و بازرگان، زۆرینەی خوێندکارانی کورد و ئەفسەر و خوێندەوارانی تریشی تێدا بوو. حیزبێکی نەتەوەیی بوو، تێکەڵەیەک بوو لە گەنجانی نەتەوەیی خاوەن بیری نەتەوەیی ڕاستڕەوانە و دیموکراتی و سەربازی. توێژی ڕۆشنبیری خاوەن بیری سیاسیی چەپڕەوانە، هەر لە ١٩٤٥ەوە لەو حیزبەوە دوور بوون، بەو پێیەی بە حیزبێکی ڕاستڕەوانەیان دادەنا. بەڵام ڕاستییەکەی، حیزبی هیوا لە سەرەتاکانیدا، حیزبێکی نەتەوەیی نیشتمانیی خاوەن مەیلی ڕاستڕەوانە بوو. لە بڵاوەپێکردنی هەستی نەتەوەیی و فراوانکردنی بنگەی جەماوەریی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی و لە دامەزراندنی حیزبی (ژێ. کاف) لە مەهاباد، کە دواتر گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆڵی زۆری گێڕا.

بە ڕای من، ئەوە دیارترین دەستکەوتی ئەو حیزبە نەتەوەییە کوردییەیە، کە دواتر

ناکۆکیی زۆر کەوتە نێوانیان و چەند باڵ و پارچەیەکیان لێ بووەوە. زۆربەیان چوونە ڕیزی حیزبی (ڕزگاریی کورد)ی هاوپەیمانی حیزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق، کە دایمەزراند و پێشی کەوت و هەر بە ناوی ڕۆژنامەکەشییەوە، (شۆڕش)، ناسرابوو.

خۆییبوون لە هەڵوەشانەوە و کۆتاییهاتندا، پاش ئەوەی لاوازی و ناکۆکی، ڕیزەکانی تەنی و چالاکییەکانی لاواز کرد و لقەکانیشی کەم بوونەوە، پێشی حیزبی هیوا کەوتبوو.

هەردوو حیزب لە ڕووی سروشت و نەبوونی ئامانجی ڕوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەگۆڕانیان بۆ دوو حیزبی جەماوەری و پشتکردنیانەوە لە تیۆریا زانستییەکان و بیرە دیموکراتییەکان، کەموکووڕیی هاوشێوە و هاوبەشیان هەبوو. هەردووک لەسەر سروشتی کۆنیان مانەوە، هەرچەندە سەرکردایەتیی هیوا، تاکەکەسیی بوو و بیرێکی ڕێبەرایەتیی هاوشێوەی بیری (ڕێبەر و سەرکردە)ی نازی هەبوو. ناکۆکیی کەسی و هەلپەرستییش ڕۆڵی خۆیان لە هەڵوەشانەوەی هەردوو حیزب بینی، بە جۆرێک کە هەردوو حیزب نەیاندەتوانی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و لە هاوهەنگاوبوون لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا، دواکەوتن. بۆیە هەڵوەشانەوە و بڵاوەیان لێ کرد، بەتایبەت کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانییەوە، پەرەی دەسەند، بە جۆرێک کە سروشت و ئامانج و سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە، گۆڕا و پێشڕەوێک هاتە مەیدانەوە. ئەوانەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیری ڕزگاری و دیموکراسی لە سەروەختی جەنگەکەدا و بە کاریگەریی مەزنبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و شۆڕشگێڕیی گەلانی ئاسیا و ئەورووپا و بەهۆی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دووەمین جەنگی جیهانی، کە سەرمایەداری گەشەی کرد و بازرگانی بووژایەوە و چینی کرێکار دەرکەوتن و خوێندن لە کوردستان پەرەی سەند، ڕوویان دا. ڕووداوەکانی ئێرانیش لەوەدا ڕۆڵیان زۆر بوو، کە ڕەزا شای لایەنگری ئەڵمانیا، ڕووخا و سوپای سووری سۆڤییێت و سوپای ئینگلیزی و ئەمەریکی هاتنە نێو خاکی ئێران – بە کوردستانیشەوە – کە ناوچەی موکریانی لە سایەی داگیرکاریی سۆڤییێتدا بوو.

### بەرەوپێشچوون لە کوردستانی ئێراندا

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە کوردستانی ئێران، لاواز و لە نێو ژمارەیەک لە دەموچاوانی ناوچەی موکریاندا، قەتیس مابوو. ئەو کەسانەش لە ساڵانی ١٩٢٩ - ١٩٣٠ لەگەڵ شۆڕشی ئارارات بە سەرکردایەتیی ئیحسان نوری پاشا، لە پەیوەندیدا بوون. لە ماوەی ١٩٣٥ - ١٩٣٨ ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەرە کوردەکان، پەیوەندییان لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەری کوردی عێراقدا هەبوو، لەوانەش کۆچکردوو ئەمین ڕەواندزی و فایەق کاکە ئەمین. لە ساڵانی ١٩٣٩ - ١٩٤١یش ڕێکخراوەیەکی چکۆلە بە ناوی (حیزبی ئازادانی کوردستان) بە سەرکردایەتیی ئەزیز زەندی، تێدەکۆشا. ئەو ڕێکخراوەیە هیچ بڵاوکراوە یان ڕێبازێکی لە پاش بەجێنەما، جگە لە یەک بڵاوکراوەی بە بۆنەی هاتنی سوپای سوورەوە بۆ باکووری ئێران، کە تێیدا ئەو سوپایەی بەخێر هێنابوو و داوای مافی چارەی خۆ نووسینی بۆ گەلی کوردی لە ئێران، کردبوو. کۆی ئەو چالاکی و جموجوڵە نیشتمانییانە، پاش باشبوونی دۆخەکە و هەڵکردنی شنەی ئازادی لەگەڵ هاتنی سوپای سۆڤییێت بۆ بەشێکی کوردستانی ئێران، ڕێگەیان بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵەیەکی سیاسیی نیشتمانیی تایبەت خۆش کرد.

دواتر کۆمەڵەی ژێ.کاف (ژیانەوەی کوردستان) لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢، پاش سەردانی میر حاجی ئەحمەد، ئەندامی دیاری حیزبی هیوا بۆ شاری مەهاباد و پەیوەندیگرتنی نهێنیی لەگەڵ ژمارەیەک نیشتمانپەروەری کورددا کە لە بزووتنەوەی کوردییدا خەریک بوون، دامەزرا.

ویلیەم ئیگڵتن لە بارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێ.کافەوە دەڵێت[١٢١] :

"لە ٢٥ی شەهریوەری ١٣٢١، ڕێکەوتی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢ ژمارەیەک لە خەڵکی

---

١٢١- بەڕێز ئیگڵتن دیپلۆماتێکی ڕۆشنبیری ئەمەریکییە، یەکێکە لەو کەسانەی ئاگاداری دۆخی کوردستانن. بە خۆشحاڵییەوە بۆ خۆم لە ١٩٦٥ لە لەندەن چاوم پێی کەوت و ناسیم. بینیم کە ئاداداری کاروباری کوردستانە و هاوسۆزی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە ڕەواکەیەتی. بڕوانە:
**William Eagletom Jr. The Kurdish Republic of 1996.**

چینی ناوەڕاست لە مەهاباد، چوونە باخچەکەی حاجی داود نزیک بە ڕووباری سابڵاخ. گەنجترینیان عەبدولڕەحمان حەلەوی بوو (١٩ ساڵ) و گەورەترینیشیان مەلا عەبدوڵڵای داودی بوو (٥٠ ساڵ)، یەکەمیان دەرچووی خوێندنگەی ڕەزائییە بوو و دووەمیشیان توتنفرۆش.

هەموو نزیکەی پازدە کەسێک بوون، ئەو ڕۆژە بۆ تاووتوێکردنی دۆخی گەلی کورد و ڕێکخستنی حیزبێکی سیاسی، کۆ بوونەوە. مەبەستەکەیان پێویستیی بە هیچ ئیلهامێکی دەرەکی نەبوو، چونکە هەریەکە و بە شێوازی خۆی، چەندان ساڵ خەریکی تاووتوێکردن و کارکردن بوون لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە چاوی لە خۆیان زیاتر لە کوردانی عێراقیان دەڕوانی، بەو پێیەی ئەمانەی دوایی لە ڕووی سیاسییەوە پەرەسەندووتر بوون و دەکرێت سوود لە ڕێنماییە زانستییەکانیان وەربگیرێت. هەڵگری ئەو ڕێنماییانەش، میر حاجی ئەحمەد بوو، نوێنەری حیزبی هیوا-ی لە کوردستانی عێراق دامەزراو. دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیەش، وەک ئەوەی ویلیەم ئیگڵتن باسیان دەکات، ئەمانەن[١٢٢]:

عەبدولڕەحمان حەلەوی، محەمەد ئەمین شەریفی، محەمەد نانەوازادە، عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵڵا داودی، قادری مودەڕریسی، ئەحمەد ئیمامی، عەزیز زەندی، محەمەد یاهوو. زۆری نەبرد ژێ. کاف فراوانتر بوو، لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچەی موکریان و خۆرئاوای ئازەربایجان، لق و پەلی تری بۆ دروست بوو. دواتر لە عێراق و تورکیا لقی دروست کرد، گۆڤاری (نیشتمان)ی بە زمانی کوردی و بە نهێنییەوە دەردەکرد و دەرچوواندنیشی لە ناوەندە جەماوەرییەکاندا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو.

لە نیسانی ١٩٤٢دا پاش ئەوەی ڕێکخستنەکانی ژێ.کاف دروست بووبوون، نزیکەی

١٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣. پێم وایە زانیارییەکانی بەڕێز ئیگڵتن لەسەر دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێ.کاف، ڕاست نییە. چونکە مامۆستا زەبیحی لە نامەیەکیدا بۆ خۆم، دەڵێت کە دامەزرێنەران بریتی بوون لە: حەسەن زەرگەری، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەڕریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سدیق حەیدەری و قاسم قادری.

سەد کەس (ئەندام)ی لە دەرەوەی شاری مەهاباد لەسەر گردی (خوداپەرست) بە بیانووی چوونە پیاسەوە، کۆ بوونەوە و مەبەستیشیان ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی حیزبی بوو، کە تێیدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبیان هەڵبژارد. ڕاستییەکەی، کۆمەڵەی ژێ.کافی سیاسیی نیشتمانی، یەکەمین کۆمەڵەی جەماوەریی کوردی بوو، کە ژمارەیەک نیشتمانپەروەری کوردی لە هەناوی جەماوەری میللیی کوردییەوە هەڵقولاو، دایمەزرێنن و سەرکردایەتیی بکەن. چونکە تەنانەت لە حیزبی هیوا-ی نەتەوەیی میللیدا، سەرباری سەرکردایەتیی تاکڕەوانەی لە لایەن "ڕێبەر"ی کۆچکردوو ڕەفیق حیلمی ــ یەوە، موڵکدار و سەرۆکی خێڵ و دەموچاوی بۆرجوازیی کوردی، دەسەڵات و پێگەیان هەبوو تێیدا. لە کاتێکدا کۆمەڵەی ژێ.کاف بنگەکەی لە جەماوەری شار و گوندەکان بوو ــ کاسبکار، خوێندکار، خوێندەوار، پیاوی ئاینی، جووتیار و زەحمەتکێش ــ و سەرکردایەتییشی میللی بوو، دیارترینیان تێکۆشەری جەماوەریی، عەبدولڕەحمان زەبیحی[١٢٣] بوو، کە ڕۆشنبیرێکی زەحمەتکێشی نێو هەناوی جەماوەری خەڵکە. هەروەها ژێ.کاف یەکەمین کۆمەڵەی سیاسیی کوردی بوو، کە ڕەخنە لە نیزامی دەرەبەگایەتی بگرێت و گاڵتەش بە سەرۆک خێڵە چاوچنۆکەکان بکات و خیانەتی ئەوانەشیان کە سازش دەکەن، هەڵبداتەوە. کۆمەڵەی ژێ.کاف لە سەرەتایدا لە هەوڵی بەلاوەنانی ڕۆڵی سەرۆک خێڵەکان لە بزووتنەوەی کوردی و گۆڕینی بە بزووتنەوەیەکی میللیی بەرفراواندا، سەرکەوت. بەوەش بیری نیشتمانی، چووە نێو هەموو ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە و بەوەش دەستکەوتێکی نیشتمانیی

١٢٣-زەبیحی، تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕە، لە هەناوی جەماوەری خەڵکەوە سەری هەڵدا و وەک تێکۆشەرێکی لەخۆڕابینیش، خۆی خۆی پەروەردە و ڕۆشنبیر کردووە. هەر لە لاوێتییەوە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بەشدار بووە، یەکێکیشە لە چالاکترین دامەزرێنەرانی ژێ.کاف و حیزبی دیموکراتیی کوردستان و ئەندامێکی دیاری سەرکردایەتییەکەی. پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، پەنای بۆ عێراق هێنا و لەگەڵ پارتی کاری دەکرد، بەڵام دواتر ناچار کۆچی بەرەو سوریا کرد و لەوێش بە خۆشاردنەوە و خۆدزینەوەوە ژیا. لە پێناو سەرهەڵدانی هۆشیاریی نیشتمانیی کوردییشدا لە سوریا و تورکیا، تێکۆشاوە. پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز، گەڕایەوە عێراق و لە حیزب و ڕۆژنامەی (خەبات) و دواتریش ڕۆژنامەی (کوردستان) دا کاری کرد. لە کۆنگرەی چوارەمیشدا وەک ئەندامی کۆمیتەی پارتیی دیموکراتیکی کوردستان (پارتی) هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی پێنجەم و شەشەمیشدا، هەڵبژێردرایەوە. زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و تۆزێکیش ڕوسی، دەزانێت.

مەزنی بەدەست هێنا. کۆمەڵەکە بە باشی لە سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش تێگەیشتبوو، بۆیە سوودی لە هەڵوێستی دۆستانەی یەکێتیی سۆڤییێت لە هەمبەر کورد و کوردستان، وەرگرت. دۆزی کوردییشی بە شێوەیەکی مۆدێرن، وەک دۆزی نەتەوەیەکی ستەملێکراو و چەوساوە، کە سەرەتا و لە بنەڕەتەوە پەیوەندیدارە بە کۆمەلانی خەڵکەکەیەوە، خستە بەر باس. بەڵام نەبوونی تیۆریایەکی زانستی کە کۆمەڵەکە لە سایەیدا سیاسەت و هەڵوێستی جیاواز و شێوازەکانی خەبات و تاکتیکە جیاوازەکانی، دابڕێژێت و پێنەگەشتوویی سیاسی و فیکریی زۆرینەی سەرکردەکانی، وایان کرد هەندێک موڵکدار و دەسەڵاتدار بچنە حیزبەوە و پاشان بە هاوکاریی قازی محەمەدی شەهید[١٢٤]، بچنە ڕیزەکانی پێش و سەرکردایەتیی حیزبەوە و دواتریش بچنە حکوومەتی دیموکراتی کوردستانەوە.

بە کاریگەریی حەزی زۆر بە بەدەستهێنانی سەرنج و هاوکاریی سۆڤییێت بۆ بزووتنەوەی کوردی و بەهۆی لاوازیی ئاستی زانستی و تیۆریایی سەرکردایەتیی ژێ.کافەوە، سەرباری ناڕەزایی هەندێک سەرکردەی هۆشیار، کە لە زاڵبوونی قازی محەمەد بەسەر کۆمەڵەکەدا دەترسان، بەتایبەت کە ئەو پشتیوانیی سۆڤییێت هەبوو، کۆمەڵەکە قازیی وەک ئەندام لە ڕیزەکانیدا، قبوڵ کرد.

بەڕاستییش گومانی ئەو توێژە هۆشیارەی ژێ.کاف بەدیهات، چونکە پاش ئەوەی قازی محەمەد لە ١٩٤٤ بووە ئەندامی کۆمەڵە، بەهۆی کەسێتیی بەهێز و پێگەی کۆمەڵایەتیی و جەماوەریبوون و پشتیوانیی سۆڤییێتەوە بۆی، توانی کۆمەڵە و گشت دەزگا و چالاکییەکانی، کۆنترۆڵ بکات و ببێتە سەرۆک و ئاڕاستەکەری حیزبەکە. بە ئامۆژگاریی یەک لە هاوڕێیانیشی، جەعفەر باگیرۆڤ-ی سەرۆکی کۆماری سۆڤییێتی

١٢٤- پرۆفیسۆر بوخارد پرینتس لەو بارەیەوە دەڵێت: « بەئەندامبوونی سەرکردە دەوڵەمەند و خێڵەکییەکانی شار بە سەرکردایەتیی قازی محەمەد، زۆرێک لە مەیلە شۆڕشگێڕییەکانی کۆمەڵەی ژێ.کافی سڕ کرد. جگە لەوەشی کە سەرکردایەتی کەوتە دەست سەرۆک خێڵی دەرەبەگی خاڵی لە هەر ڕێ و ڕێبازێک - بە ڕێبازی حیزبی دیموکراتیی کوردستانیشەوە، کە لە خودی ژێ.کافەوە کەوتبووەوە - کە داواکاریی کۆمەڵایەتیی تێدا بێت. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

ئازەربایجان[١٢٥] و هاوشێوەی گۆڕانی لقەکانی حیزبی توودە بۆ حیزبی دیموکراتی ئازەربایجانی لە ئازەربایجانی ئێرانی، هەستا بە گۆڕینی کۆمەڵەی ژێ.کاف بە حیزبی دیموکراتیی کوردستان. هەر خودی شەهید قازی محەمەد، بووە سەرۆک و ئاڕاستەکەر و سەرکردەی هەموو چالاکی و سیاسەتەکانی حیزب، کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێشی سەپاند کە زۆرینەی ئەندامانی لە موڵکدار و سەرۆک خێڵ و پیاوانی ئاینی و هەندێک لە ئەندامە کۆنەکانی سەرکردایەتیی ژێ. کاف بوون، لەوانەش مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی.

ئەم گۆڕینە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕێکخراوەیی کوردیدا، شان بە شانی لایەنە درەوشاوە و گرنگەکان و دەستکەوتە نیشتمانییە گەورەکانی، لایەنێکی تاریکیشی هەبوو، کە گەڕاندنەوەی باڵێکی خێڵەکی و ئاینییە بۆ ڕیزەکانی پێشەوە لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا و ڕادەستکردنی سەرکردایەتییە بە هەندێک لەو کەسانە. ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە بە حوکمی مێژوو و دۆخە تازەکەی کوردستانیش، ناتوانێت ئەرکی ئەو سەرکردایەتییە لەئەستۆ بگرێت، چونکە وەها ئەرکێک، دەبێت لەسەر شانی کەسانی شۆڕشگێڕی جەماوەریی ئەزموونداز لە تێکۆشان و هۆشیار و خاوەن تیۆریایەکی زانستیی شۆڕشگێڕانە بێت و هەر ئەوانیش پێی هەستن. بۆیە ئەو هەنگاوەی ئەوان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، کۆنەپارێزانە و لە مەودای دوور و ستراتیجیشدا،

١٢٥- باگیرۆڤ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی سۆڤیێتی و سەرۆککۆماری سۆڤیێتیی ئازەربایجان بوو، لە ١٩٥٤ لەگەڵ لاڤرنتی بیریادا بە تۆمەتی بەشداریکردنی لە چەندان تاوان و هەڵەدا، لەسێدارە درا. ئەو سیاسەتەی سۆڤیێت، کە باگیرۆڤ بۆ کوردستانی دانابوو، هەڵە بوو. چونکە کۆمەڵگەی کوردستانیی وەک کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی وێنا کردبوو، کە پیاوانی ئاینی دەسەڵاتێکی زەبەلاحیان تێیدا هەیە. بۆیە هەوڵی ئەوەیان دەدا سەرکردایەتییەک بۆ بزووتنەوەی کوردی بخوڵقێنن، کە لەو کەسانە پێکهاتبێت، خۆیشیان لە پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و گۆڕانی بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری، نەبان دەکرد. ئەو سیاسەتە سۆڤیێتییە هەڵەیەی، کە دواتر باگیرۆڤی داڕێژەری لەسێدارە درا، هەوڵی سەپاندنی سەرکردایەتیی قازی محەمەدی بەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ئێران و سەپاندنی هەندێک موڵکداری گەورە بەسەر پارتیی دیموکراتیکی کوردستان لە عێراقیشدا، دا. لە کاتێکدا ئەرکی مەبدەئیی ئەوان، پشتگرتنی ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردییەکان بوو تا ببن بە حیزبی دیموکراتیی کوردستانی و پاڵ بەو کەسایەتی و پیاوماقوڵانەوە بنێن، لە بزووتنەوەی کوردیدا بەشدار بن - بەبێ ئەوەی وەک تاکە سەرکردە بیانسەپێنن - و لەگەڵیشیدا هەوڵی دروستکردنی کادری شۆڕشگێڕیی جەماوەری و بەشداریکردن لە پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ئەو کادرانە و یارمەتیدانیان لە هەستان بە ئەرکە نیشتمانییەکانیاندا، بدەن.

لاوازکردنی بوو. هاوکات سەپاندنی شەهید قازی محەمەد، باڵێکی خێڵەکی بەسەر پارتیدا بە شێوەی فەرمان، جاڕدانی گۆڕانکارییەکی ترسناک بوو بە شێوەیەکی نادیموکراتی و دەستپێکی ملهوڕیی تاکە سەرکردە و دیکتاتۆرییەتی پراکتیکیی تاکەکەسی شاراوە لە ژێر پەردەیەکی ڕازاوەدا بوو. هەروەها هێنانەوەی باڵێکی خێڵەکی بۆ سەرکردایەتیی حیزبی پێشڕەو، یەکێک بوو لە گرنگترین هۆکارەکانی لاوازکردن و گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم پەرەسەندن و گەشەکردنی و دواتریش نزیکبوونەوەی لە سەرکەوتنی تەواو.

ڕاستەگۆڕانی ژێ.کاف بۆ حیزبی دیموکراتیی کوردستان، لە ڕووی بنچینە و پرەنسیپەوە، کارێکی پێویست و ڕاست و گونجاو بوو لەگەڵ پلەی پەرەسەندن و پێویستییەکانی سەرکەوتنی، کە هەر دەبوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی ئەوکاتدا بکرێت، چونکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی پێویستییەکی لە ڕادە بەدەری بە حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، حیزبێکی دیموکراتی لەسەر مۆدێلێکی نوێ هەبوو، بتوانێت هێزەکانی گەل و جەماوەر ڕێکبخات و لە تێکۆشانی ڕزگاریخوازی و دیموکراتی نیشتمانییشدا، سەرکردایەتیی بکات.

بەڵام سەپاندنی سەرکردایەتییەکی خاوەن مۆرکی خێڵەکی، یان ئاینی، بەسەر حیزبی پێشڕەودا، دژی سروشتی حیزبەکەیە و ڕێگە لە بەجێگەیاندنی پەیام و گێڕانی ڕۆڵ و ئەرکە گەورەکانیشی، دەگرێت. لە کاتێکدا، لەبری ئەو ڕێوشوێنانە کە زۆر لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردی کەوتن، دەکرا یارمەتیی ژێ.کاف و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستانی عێراقیش بدرێت، کە بگۆڕێن بە کۆمەڵێک حیزبی پێشڕەو. بەتایبەت کە پەرەسەندنە گرنگەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانییەوە، یارمەتیدەر بوون کە بە ئاڕاستە ڕاستەکەدا بڕوات. ئەی ئەو پەرەسەندنانە چی بوون؟

لە سەروەختی جەنگی جیهانی و پاش فراوانبوونی بازرگانی و سەرهەڵدان و فراوانبوونی پیشەسازیی نەوت و دەرکەوتنی چەندان ئامێری مۆدێرن و زۆربوونی ژمارەی کرێکار و ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کوردستان و چالاکبوونی بازاڕی ناوخۆیی و بە تۆکمەیی بەستنەوەی بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانییەوە و گەشەی چینی ناوەندی و کاسبکار

و بڵاوبوونەوەی هەژاری و داماوی و هەموو نەهامەتی و ناڕەحەتییەکانی جەنگەکە لە ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵک و لەژێر کاریگەریی بڵاوبوونەوەی بیری دیموکراتی دژ بە فاشیزم و بیری پێشکەوتنخواز و مەزنبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئەوروپی و ئاسیایی و ئەفریقی و فراوانبوونی چالاکییەکانی چینی کرێکاری جیهانی، بیری دیموکراتی و پێشکەوتنخواز لە نێو خوێندەوار و کاسبکارانی کوردیشدا برەوی پەیدا کرد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی پێ موتوربەکرا. ئەو بزووتنەوەیەش فراوان و بەهێز و بوو بە بزووتنەوەیەکی خاوەن ئامانجی دیموکراتی، کە لە بنەوەی کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕیشەی بۆ دروست دەکرد، دروشم و ئامانجەکانی بە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردیدا تەشەنەیان دەکرد، کە بووبووە بنگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و پایە و چاوگی بزووتن و چالاکییەکانیشی. مایەپووچیی توێژی دەسەڵاتخواز و حەز بە سازشکردن لەگەڵ کۆڵۆنیالیزم و زەوتکاران و تەریقکردنەوەیان لە نێو نیشتمانپەروەرە کوردەکان و گەلیشدا، بواری بۆ توێژێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی هەڵقولاو لە کۆمەڵانی خەڵکەوە، خۆش کرد، کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بکات.

بۆیە گرتنەبەری وەها شێوازێکی بیرۆکراسی لە سەپاندنی سەرکردایەتییەک بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بە کۆمەڵێک توێژی خێڵەکی و موڵکدارەوە، دژی سروشتی ئەو پەرەسەندنانە و پێچەوانەی ناوەڕۆکیان و دژی پەرەسەندنە خودییەکانیشن. ئەوەش دەیکاتە شێوازێکی کۆنەپارێزانە، چونکە لە باشترین حاڵدا، مانای خوڵقاندنی دوالیزمێکە لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، بەو پێیەی شان بە شانی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕە زەحمەتکێشەکان، کۆمەڵێک موڵکدار و سەرۆک خێڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەیان دەکرد. زۆربەی جاریش تای بەهێزە دەسەڵاتدارەکان - یاوەرانی پارە و شوێنکەوتوو و چەک - بەسەر تای یاوەرانی قەڵەم و فیکر - هەژاران و زەحمەتکێشان، بەتایبەت لە سەروەختی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی چەکداریدا - زاڵ دەبوو. ڕێک هەمان شتیش ڕووی دا، کاتێک ژێ. کاف لە تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا گۆڕا بە حیزبی دیموکراتیی کوردستان و قازی محەمەد کرا بە سەرۆکی

و ئەویش سەرکردایەتیی خۆی، کە زۆرینە موڵکدار و بازرگان بوون، بەسەریدا سەپاند[١٢٦].
هەر ئەو کەسانەش دەستیان بەسەر کۆماری دیموکراتی کوردستاندا گرت، کە شەهید قازی محەمەد لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ لە گردبوونەوەیەکی جەماوەری لە مەیدانی چوارچرا، دامەزراندنی ڕاگەیاند. لە هەمان ئەو مەیدانە و لە کۆتایی ئازاری ١٩٤٧دا، پاش گەڕانەوەی هێزە داگیرکەرەکانی ئێران بە هاوکاریی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و بەریتانی، قازی محەمەد و چەند سەرکردەیەکی تری کۆمارەکەی، لەسێدارە دران.

بە باوەڕی من، کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی مەهاباد بوو، بەو خێراییە و بەبێ بەرگری نەدەکەوت، گەر سەرکردایەتییەکەی جەماوەری و شۆڕشگێڕ بووایە، گەر حیزب و حکوومەتیش لە لایەن سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە، بەڕێوە ببرایە، سەرکردایەتییەکی هۆشیار و ئەزمووندار لە

---

١٢٦- بە سەیرکردنێکی ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و سەرکردەکانی کۆمارەکە، ئەم ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە:
- قازی محەمەد، زانای ئاینی و موڵکدار، سەرۆکی حیزب و کۆمارەکەش.
- حاجی بابە شێخ، پیاوی ئاینی و موڵکدار، سەرۆک وەزیران.
- محەمەد حسێن سەیفی قازی، موڵکدار، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری.
- مەناف کەریمی، موڵکدار و بازرگان، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری مەعاریف.
- سەید محەمەد ئەبو بەیان، دەرمانسازی بێلایەن، وەزیری تەندروستی.
- عەبدولڕەحمان ئاغا ئیلخانی زادە، موڵکدار، وەزیری دەرەوە.
- ئیسماعیل ئاغا ئیلخانی زادە، موڵکدار، وەزیری گەیاندن.
- ئەحمەد ئیلاهی، کوتاڵفرۆش، وەزیری ئابووری.
- خەلیل خوسرەوی، بازرگان، وەزیری کار.
- کەریم ئەحمەدیان، فەرمانبەری حکومی، وەزیری بروسکە و تەلەگراف و تەلەفۆن.
- حاجی مستەفا داودی، بازرگان، وەزیری بازرگانی.
- محەمەد ئەمین موعینی، بازرگان، وەزیری ناوخۆ.
- مەلا حسێن مەجدی، پێشنوێژ و وتارخوێن، وەزیری داد.
- مەحمود دوەلی زادە، کوتاڵفرۆش، وەزیری کشتوکاڵ.
- عەبدولڕەحمان زەبیحی.
- محەمەد ئەمین شەریف.

بڕوانە کتێبەکەی ویلیەم ئیگڵتن (**The Kurdish Republic of 1946**)، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٣٤.

تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراودا، کە پشت بە هێزەکانی گەلی زەحمەتکێش ببەستێت و ئامۆژگارییەکانی باگیرۆڤ وەک ئایەتی دابەزیو سەیر نەکات، کە نەشێت لێیان دەربچیت.

مێژوو جارێکی تر ئەو ڕاستییەی دووپات کردەوە، کە زۆر و قورس لەسەر گەلی کورد کەوتووە، ڕاستیی ناتوانایی توێژی موڵکدار لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، تەنانەت گەر لە دەرەوەشەوە پشتی بگیرێت و ئەوەشی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هێزی بنەڕەتی و سەرەکیین لەو بزووتنەوەیەدا، یارمەتی و پشتگرتنی دەرەکی – سەرباری گرنگییەکانی و هەموو سپاس و پێزانینێکی گەلی کورد بۆی – هیچ نین جگە لە فاکتەرێکی لاوەکی لە فاکتەرەکانی بردنەوە و سەرکەوتن، تەنیا فاکتەرێکە بۆ پشتگرتنی ئەو هێزە بنەڕەتییە و چالاککردنی کردەوەکانی و ئاسانکردنی، نەک کردنی بە جێگرەوەیەک بۆی.

سەرباری ئەو کەموکوورییانەی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دامەزراندنی لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە خەباتی ڕێکخراوی گەلی کورددا و سەردەمێکی نوێی تێدا کردەوە، سەردەمی ڕێکخستنی حیزبە پێشڕەوە دیموکراتیە کوردییەکان. بەوەش بناغەیەکی ڕاست و پتەوی بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی گەلی کورد لە تێکۆشانیدا، چەسپاند. وەک چۆن سەرهەڵدانی حیزبەکەش وەڵامگۆیەکی لۆجیکیی پێویستییەکی مێژوویی بوو، پێویستیی هێنانەبوونی حیزبێکی پێشڕەو لە کوردستاندا. ئەو حیزبە زۆر دەستکەوتی گەورەی هەن، لەوانەش جاڕدانی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دنەدان و هاندانی شۆڕشگێڕە کوردەکانی کوردستانی عێراق – لە سایەی کاریگەریی ئەنجامەکانی دامەزراندنی ئەو حیزبە و چالاکییەکانی – کە حیزبی دیموکراتی کوردیی عێراقی دابمەزرێنن، کە دواجار ناوەکەی گۆڕا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. هەروەها بوونی وەها حیزبێک لە کوردستان وەک حیزبێکی دیموکراتی پێشڕەوی خاوەن ڕێبازێکی ڕوون، سەرەتای سەردەمی تێکۆشانی ڕێکخراو بوو بۆ بەدەستهێنانی بە کردەوە و بە قسەی ئامانجەیلی ڕوون و دیاریکراو لە کوردستاندا.

گرنگترین خاڵەکانی ئەو ڕێبازەش ئەمانەی خوارەوە بوون[١٢٧] :

١- گەلی کورد لە ئێران، حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمیی خۆی هەبێت، کە کارە ئیدارییەکان و کاروبارە نەتەوەییەکانی تریشی بەڕێوە ببات.

٢- زمانی کوردی، زمانی ڕەسمیی بێت و لە خوێندندا بەکار بهێنرێت.

٣- پەلە بکرێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی یاسادانان لە کوردستان بەپێی دەستووری ئێران و دەبێت مومارەسەی دەسەڵاتەکانیشی لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری گشتیدا، بکات.

٤- فەرمانبەرانی ناوچەکانی کوردستان، کورد بن.

٥- داهاتەکانی کە لە کوردستان کۆ دەکرێنەوە، هەر لەوێشدا خەرج بکرێن.

٦- حیزبی دیموکراتیی کوردستان هەوڵ دەدات باشترین پەیوەندیی برایانە لەگەڵ گەلی ئازەربایجانیی برا و ئەو کەمینانەشی لەگەڵیدا دەژین، بنیات بنێت.

٧- حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدات باری کولتووری و تەندروستی و دۆخی ئابووریی گەلی کورد باشتر بکات، فێرکردن و تەندروستیی گشتی و بازرگانی و کشتوکاڵیش گەشە پێ بدات.

بەو جۆرە دەبینین ڕێبازی نیشتمانیی ڕوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرباری کەلێنەکانی لە بواری چاکسازیی کشتوکاڵی و بەپیشەسازیکردندا، کە یەکەمین بەرنامەی ڕوونی دیموکراتیە حیزبێکی کوردستانی بیخاتە ڕوو، ئامانجەیلی کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەندروستییشی تێدایە. حیزبەکەش بە کردنەوەی خوێندنگە بە زمانی کوردی و وتنەوەی مێژوو و ئەدەبی کوردی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخدا، بەرنامە کولتوورییەکەی خۆی جێبەجێ کرد. هەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان)ی بە زمانی کوردی دەرچوواند و خانەیەکی چاپ و وەشاندنیشی لە مەهابادی پایتەخت دامەزراند و نێردەیەکی ڕۆشنبیریی لە ١٩٤٦دا ناردە یەکێتیی سۆڤییێت. حیزب بنگەیەکی پتەوی بۆ پەیوەندیی برایانە جێگیر کرد بەوەی دەرگای لەسەر دۆستایەتیی سۆڤییێت-کوردی خستە سەر پشت و ڕێسای پتەویشی بۆ ئەو هاوڕێیەتییە دانا، بەوەش نەریتێکی گەلی کوردی زیندوو هێشتەوە و

١٢٧- ویلیەم ئیگڵتن، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٥٧ی چاپی یەکەمی ئینگلیزییەکەی.

یەکێتییەکی نایابی بەدەست هێنا، کە ئەوسا و ئێستاش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، بەسوودە. هاوکات حیزب لە تێکەڵاوکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و بیری مارکسی – لینینی و بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە لە نێو ڕۆشنبیرە کوردەکان و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبە پێشڕەوە کوردییەکانیشدا، پشکی هەبوو.

بوونی حیزبەکە و دەستکەوتەکانی و تێکۆشانی و دامەزراندنی کۆماری کوردستانیش، هەستی نیشتمانیی گەلی کوردیان لە ئاستی هەموو کوردستاندا، بەخەبەر هێنایەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی فراوان و بەهێز کرد، لە گۆڕینیشی بە بزووتنەوەیەکی میللیی جەماوەریدا، ڕۆڵی هەبوو، لە دەروونی هەموو کورداندا ئومێدی ڕزگاری و ئازادیی نیشتمانی و دیموکراسیی زیندوو کردەوە. ئەوەش لە لایەکەوە کۆڵۆنیالیستان و زەوتکارانی کوردستانی لە عێراق و تورکیاش ترساند، لە لایەکی تریشەوە هانی ناوەندە نیشتمانییە کوردییەکانی لەو دوو وڵاتەدا دا و مۆراڵ و ڕۆحییەتی شۆڕشگێڕییانی بەرز کردەوە و لە بواری تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەشدا گوڕی پێ بەخشین. لە دەروونی کوردانیشدا ئاگری ڕق و تووڕەیی لە ئینگلیز و هاوپەیمان و لایەنگرانیانی جۆش دا، کە دژی گەلی کورد و بزووتنەوە دیموکراتیە نوێیەکەی وەستانەوە و ژێربەرەی گشت کۆڵۆنیالیستانی هەڵدایەوە، بەو پێیەی سەرسەختترین دوژمنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بوون، کە ئەوەش جاڕدانی مایەپووچبوونی ئەو توێژی ڕیبەرایەتییەی لایەنگری بەریتانیا بوون یان داوای دەکرد لەگەڵ بەریتانیا و زەوتکارانی تریشدا سازش بکرێت، خێراتر کرد.

ئێستاشی لەگەڵ بێت، بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی خۆرهەڵات، لە ژێر کاریگەریی ئەو بزووتنەوەیەدایە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکی خست و سەرکردایەتیی کرد و ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەر مۆرکی ئەو بزووتنەوەیە و دەستکەوت و ئاسەوارەکانی پێوەیە.

## پەرەسەندن لە کوردستانی عێراقدا

لە کوردستانی عێراقدا، ئەو بیرە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەی لە سەروەختی جەنگدا بڵاوبووبوەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕوویان دا و پێشتر باس کران، هۆکاری پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بوون، بەتایبەت پاش دامەزراندنی حیزبی ڕزگاریی کورد و حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق، کە بە ناوی ڕۆژنامەکەی - شۆڕش - ەوە ناسرا. حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق لە پاییزی ١٩٤٥دا دامەزرا، پاش ئەوەی حیزبی شیوعیی عێراقی - گرووپی یەکێتیی تێکۆشان -هەڵوەشایەوە و باڵە عەرەبییەکەی بوونە دوو بەش، یەکیان چووە پاڵ حیزبی شیوعیی عێراقی و یەکێکیشیان چوونە پاڵ حیزبی گەل (الشعب). بەڵام باڵە کوردییەکەی، پاش شکستی دانوستان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقیدا، حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراقیان دامەزراند[١٢٨]. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراقیش لەم بەڕێزانە پێک هــات:

---

١٢٨- مامۆستا ساڵح حەیدەری، سکرتێری (شۆڕش) لە دەستنووسی داداشتەکانیدا دەڵێت، پاش هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەی یەکێتیی تێکۆشان، لقی کوردیی ئەو ڕێکخراوە سەرقاڵی دانوستان بوو لەگەڵ کۆچکردوو فەهد-دا بە ئامانجی چوونە پاڵ حیزبی شیوعی. دەڵێت پاش دیداری شاندێکی ئەو لقە کە لە ساڵح حەیدەری و عەلی عەبدوڵا و نافع یونس پێکهاتبوو لەگەڵ کۆچکردوو فەهد و زەکی بەسیم لە حیزبی شیوعی، سەرکردەکانی (یەکێتیی تێکۆشین) لەسەر هێشتنەوەی ڕێکخراوەکەیان بڕیاریان دا. چونکە فەهد لە وەڵامی داواکاریی ڕێکخستنی لقی کوردیی حیزبی شیوعیدا پێی وتبوون، ئێوە کە لقن، بەشێکن لە ئەسڵەکە، واتە ڕێکخراوەی یەکێتیی تێکۆشین، لەبەر ئەوەشی ئەسڵەکە بەبێ مەرج و کۆت و بەند خۆی هەڵوەشاندووەتەوە و لەبەر ئەوەشی کە لق شوێنکەوتەی ئەسڵە، لەم حاڵەتەدا ئێوە وەک تاکەکەس بەبێ مەرج وکۆت و بەند، دەبنە ئەندامی حیزبەکە، واتە ئێمە ڕێگەپێدراو نین کە ئەم باسە تاووتوێ بکەین و وتی: «ئەمەش بڕیاری لێوە دراوە و پێویست بە قسە ناکات». مامۆستا حەیدەری بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «فەهد پێشنیازێکی بۆ کردین، کە حیزبێکی جەماوەریی کوردی دابمەزرێنین، هەموو کوردێکی دڵسۆزی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی لەخۆ بگرێت». مامۆستا حەیدەری درێژەی دەداتێ و دەڵێت: «لە پاییزی ١٩٥٥دا، خوێندکارە کوردەکانی کۆلێژ، گەڕاینەوە بەغدا و بڕیارمان دا ڕێکخراوەکەی پێشوومان بە ناوی (یەکێتیی تێکۆشین)، کە لقێکی کۆمەڵەی یەکێتیی تێکۆشین-ی عێراقی بوو، بگۆڕین بە حیزبێکی شیوعی کە لە چوارچێوەی کوردستاندا کار بکات» و حیزبێکی جەماوەریی دیموکراتیکی تریش دابمەزرێنین تا بتوانین سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیک لە کوردستانی عێراقدا بکەین. مەبەستی لەوەش، وەک لە شوێنێکی تردا باسی دەکەین، حیزبی ڕزگاریی کوردە کە شۆڕش دایمەزراند.

ساڵح حەیدەری (سکرتێری حیزب)، عـەلی عەبدوڵڵا، ڕەشید عەبدولقادر، عەبدولسەمەد محەمەد، نافع یونس، کەریم تۆفیق و نوری محەمەد ئەمین، هەموو ڕۆشنبیری کورد و زۆربەشیان ئەوکات خوێندکار بوون. بە دەستپێشخەری و سەرپەرشتیی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق (شۆڕش)، حیزبی ڕزگاریی کورد دامەزرا، کە ڕۆژنامەی (ڕزگاری)ی بە زمانی کوردی دەردەچوواند. شۆڕش-یش پاش ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەک نیشتمانپەروەری کوردی وەک مامۆستای شەهید عەلی حەمدی و دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و پارێزەر ڕەشید باجەلان و چەندانی تریشدا لەسەر دامەزراندنی وەها حیزبێک ڕێک کەوت، داوای لە کوردانی عێراق کرد بچنە ڕیزی حیزبی ڕزگاریی کوردەوە. ئەمەی خوارەوەش دەقی بەیاننامەی شۆڕشە لەو بارەیەوە[١٢٩]:

### بەیاننامەی حیزبی شیوعی بۆ کوردانی عێراق

بۆ دامەزراندنی حیزبی ڕزگاریی کورد، یەک بگرن؛ بۆ شکستپێهێنانی پلانی کۆڵۆنیالیست و کۆنەپارێزان، تێبکۆشن.

لەم ڕۆژانەدا کە جەنگ، بەهۆی زاڵبوونی بنەماکانی ئازادی و نزیکبوونەوەی هەرەسهێنانی هێزە کۆڵۆنیالیست و کۆنەپارێزەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاواش بەهۆی تیاچوونی هێزی دەوڵەتانی فاشیستەوە، تێکڕای ئەو نەتەوە بچووک و چەوسێنراوانەی جیهان، خوێنی پاکیان بۆ پێشکەوتن بەخشیوە، بەپێی دۆخی باوی جیهانی و ئەو بەڵگەنامانەی دەوڵەتانی یەکگرتوو ڕایانگەیاندووە، چاو دەدێرن و داوای ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی و مافی چارەی خۆ نووسین دەکەن.

١٢٩- لە کتێبی (قاسم والاکراد: خناجر وجبال)ی مامۆستا ئەحمەد فەوزییەوە، کە بەیاننامەکەی لە کتێبی (نضال الاکراد)ەوە وەرگرتووە، کە پارێزەری کورد زەید ئەحمەد عوسمان، گەنجێکی خوێندەواری هەولێر و ئەندامی پەرلەمانی یەکێتیی هاشمی، کە ئەوکات لە زانکۆی قاهیرە دەیخوێند، لە ژێر ناوی محەمەد شێرزاد چاپی کرد. مامۆستا ساڵح حەیدەری لە دەستنووسی یاداشتەکانیدا دەڵێت کە سەرکردەکانی یەکێتیی تێکۆشین، لە ماڵی مامۆستا عەلی حەمدی، هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک نیشتمانپەروەری کورددا بە ئامانجی دامەزراندنی حیزبێکی جەماوەریی کوردی، کۆ بوونەتەوە. حەیدەری دەڵێت: «هەندێک ئەندامی حیزبی هیوا و هەندێک کەسی سەربەخۆ، هاوکارمان بوون و بڕیارمان دا حیزبە نوێیەکە ناو بنێین (حیزبی ڕزگاریی کورد) و ئۆرگانەکەشی ناو بنێین (ڕزگاری).

زۆریش پێویستە کە باش بزانین، پیلانگێڕیی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی لە ئێستادا بەوپەڕی هێزی خۆیانەوە دەجووڵێن، بۆیە نابێت ئازادییەکان بەگاڵتە بگیرێن، بەڵکو دەبێت بە هێزی جەماوەری گەل و نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانەوە، دەستیان پێوە بگیرێت، ئەم بیرۆکەیەش بە کردەوە لە زۆرێک لە دەوڵەتانی خۆرئاوادا دەرکەوتووە.

بە ناوی (بەرەی بەرەنگاری) لە فەرەنسا، (بەرەی ڕۆژگار) لە یۆنان و (بەرەی ڕزگاریی وڵات) لە یوگۆسلاڤیاوە خەبات و تێکۆشان دژی هێزە کۆڵۆنیالیست و کۆنەپارێزەکان، دەستی پێ کردووە.

نەتەوەی کورد بەپێی پلان و خواستی کۆڵۆنیالیستەکان، دابەش کراوە، لەسەریەتی لە پێناو چارەی خۆ نووسین و ڕزگارکردنی کوردستانی گەورەدا تێبکۆشێت، ئەوەش بە نەهێشتن و بڕینی دەستی ئینگلیز و نۆکەرەکانی، بە بەگەڕخستنی هێزێکی ڕێکخراو لە ناوخۆی هەموو ناوچە کوردییەکانەوە، کە لە نێو خۆیاندا بەتەواوی یەکگرتوو بن.

لەم ڕۆژانەشدا حیزبی هەمووان بە ناوی حیزبی ڕزگاری لە زۆرێک لە کۆمەڵە کوردییە بچووکەکانی عێراق و لە ئەنجامی هەوڵەکانی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق و ئەوانی تریشەوە، دروست بوو.

لەگەڵ پارێزگاریی حیزبی شیوعی لە قەوارەی خۆی، بەتەواوی هاوکاریان دەبێت بۆ ئەوەی بە ئامانجە هەنووکەییەکان بگەن. ئەو حیزبە، تێکۆشا و ئێستا و داهاتووش لە تێکۆشان بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی وڵات ڕزگار بکات.

لە کۆتاییدا حیزبی شیوعی داوا لە کۆمەڵانی ئازیزی خەڵکی کوردستانی عێراق دەکات، لە پێشکەوتن و سەرخستنی حیزبی ڕزگاریی کورددا هاوکار بن.

بە دەنگی بەرزیش داوا لە نیشتمانپەروەران لە هەموو جێیەک دەکەین، کە لە بەهێزکردنی حیزبی ڕزگاریی کورددا درێغی نەکەن.

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق**

پاش ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی (حیزبی ڕزگاریی کورد)، دەستەی دامەزرێنەری حیزب بەیاننامەیەکی دەرچوواند کە تێیدا ئامانجە دوورمەودا و هەنووکەییەکانی

حیزبەکەی ڕوون کردەوە. ئامانجی نەتەوەیی دوورمەودای حیزب، ڕزگارکردن و یەکخستنی کوردستان بوو؛ ئامانجی هەنووکەییش، تێکۆشان بوو بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە کۆڵۆنیالیزم و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق لە ناو یەکێتیی عێراقیدا. ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەی دەستەی دامەزرێنەرە[130] ، کە لە کیتابی (قاسم و کوردەکان – خناجر و جبال) ی ئەحمەد فەوزییەوە وەرگیراوە:

### بەیاننامەی حیزبی ڕزگاریی کورد لە دەستەی دامەزرێنەرەوە

یەکەم: ئامانجی باڵامان، یەکخستن و ڕزگارکردنی کوردستانی گەورەیە. بەو پێیەی ناوەندی حیزبەکەش لە کوردستانی عێراقە، هەوڵ بۆ ڕزگاریی عێراق لە چنگی کۆڵۆنیالیزم و حکوومەتە کۆنەپارێزەکان دەدەین، کە ئێستاشی لەگەڵ بێت یەکێکن لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی کوردانی عێراق تا بە ئامانجە مەزنەکە بگەن، کە ئەویش ئازادی و مافی چارەی خۆ نووسینە.

دووەم: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئیداریی کوردستانی عێراق، کە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد.

سێیەم: هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە و جیاکاریی نەتەوەیی دژی گەلی کورد و کەمینەکانی تریش.

چوارەم: هەوڵدان بۆ بنیاتنان و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ حیزب و ناوەندە کوردییەکانی دەرەوەی عێراق بە مەبەستی یەکخستنی سەرلەبەری هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە باڵاکە ــ ڕزگاری و مافی چارەی خۆ نووسین.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ چاکسازییەکی سەرتاپاگیری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ڕێی دابینکردنی مافە دیموکراتییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بڵاوکردنەوەی مەعاریف و زیندووکردنەوەی مێژوو و ئەدەبی کوردییەوە.

شەشەم: گشتاندنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سەرجەم فەرمانگە و خوێندنگەکانی ناو چوارچێوەی ناوچە کوردییەکاندا.

---

١٣٠- ئەحمەد فەوزی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، چاپی یەکەمی عەرەبی، ل ١٠٢.

حەوتەم: کارکردن بۆ ڕوونکردنەوەی دۆزی کوردی بۆ هەموو نەتەوەکان، بەتایبەت ئەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

هەشتەم: کارکردن بۆ بنیاتنانی پەیوەندی و هاریکاری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا.

نۆیەم: کارکردن بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پلانەکانی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و بەکرێگیراوەکانیان کە دەیانەوێت پەیماننامەی سەعد ئاباد زیندوو بکەنەوە. هەروەها بەرەنگاربوونەوەی گردبوونەوە کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزەکان کە بەگشتی بەربەست بۆ ئازادییەکان و بەتایبەتیش ئازادیی کوردان، دروست دەکەن.

ئەو بەیاننامەیە وەک ڕێباز و پەیماننامەی نیشتمانیی حیزبەکە وا بوو. پاش ماوەیەکی کورت لە کارکردن، زۆربەی ئەندامانی (هیوا)، کە لە ١٩٤٥دا بە یەکجاری کۆتایی هات، چوونە ڕیزەکانی حیزبی ڕزگاریی کوردەوە. هاوکات، شان بە شانی ئەندامانی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق - شۆڕش - زۆریک لە کوردانی تری دیموکراتیش بوونە ئەندام تێیدا و سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکانی ئەو حیزبەیان گرتە دەست، کە وەک بەرەیەکی نیشتمانیی کوردیی بوو.

لە سەردەمی شۆڕش و ڕزگاریدا[١٣١] بزووتنەوەی کوردی دروشمی تێکۆشانی دژی کۆڵۆنیالیزم و حکوومەتە کۆنەپارێزەکان، لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی ڕزگاربوو لە کۆڵۆنیالیزم و دیموکراتیدا، بەرز کردەوە. باوەڕی ئەو دوو حیزبە وا بوو کە ڕزگاریی گەلی کورد لە عێراق، بەندە بە ڕزگاربوونی عێراق لە کۆڵۆنیالیزم و سەرپێخستنی حوکمڕانییەکی دیموکراتیەوە تێیدا. ئەوەش لە بروسکەیەکی حیزبی ڕزگاریی کورددا بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە گەورەکان لە مۆسکۆ لە پاش کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانییەوە، هاتووە، کە دەڵێت[١٣٢]:

١٣١-حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق بە ناوی ڕۆژنامەکەی (شۆڕش) و حیزبی ڕزگاریی کوردیش بە ناوی ڕۆژنامەکەی (ڕزگاری)یەوە دەناسرێت. بۆیە کە دەوترێت شۆڕش و/یان ڕزگاری، مەبەست حیزبەکانیانە.

١٣٢- ئەحمەد فەوزی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٠٤.

"بۆیە داوای بەدەمەوەهاتنی داواکارییە نیشتمانییەکانی کوردان لە عێراقدا، دەکەین، بەڵام پێشمان وایە ئەوە بەدی نایەت، تەنیا بە نەهێشتنی کۆڵۆنیالیزم و حکوومەتە کۆنەپارێزە خۆجێییەکان نەبێت، کە لە جێی ئەوان حکوومەتی تری دیموکراتی ڕاستەقینە دەستبەکار بێت و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا، مسۆگەر بکات".

لەژێر کاریگەریی (شۆڕش و ڕزگاری)، بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلی کورد بە بیری پێشکەوتنخوازی نوێ ئاشنا بوو، مارکسیزم - لینینیزمیش بوویە فەلسەفەی دڵخوازی گەنجانی ڕۆشنبیر و سەرقاڵ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییەوە. ئەوەشی ڕێی بۆ وەها شتێک خۆش کرد، بوونی سۆڤییێت بوو لە بەشێکی کوردستانی ئێران و پشتیوانییان بۆ تێکۆشانی گەلی کوردی ئەوێندەر، تا وای لێ هات تێکۆشەرانی کورد وا بیریان دەکردەوە کە تەنیا لە ڕێی یەکێتیی سۆڤییێت و یارمەتییەکانی و بەڕێوەچوون لە سایەی فەلسەفەی سۆڤییێت (مارکسیزم - لینینیزم)ەوە، دەشێت کورد ڕزگاری ببێت، بەتایبەت کە دوژمنکاریی کۆڵۆنیالیستە ئینگلیزەکان بۆ گەلی کورد، بەردەوام زیاتر دەبوو.

ئەوەی ئەو هەستەی تۆختر دەکردەوە، ڕۆڵی ئینگلیزەکان بوو لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە عێراق و ئێران و دنەدانی دەوڵەتانی عێراق و تورکیا و ئێران، کە لە نێو خۆیاندا دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی ڕێک بکەون.

هەردوو حیزبی هاوپەیمانی شۆڕش و ڕزگاری، ڕۆڵی گەورەیان لە قووڵکردنەوە و فراوانکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و پەرەپێدانی بەرەو بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕووی بنگە و سەرکردایەتییەوە، هەبوو، بە جۆرێک کە شان بە شانی ئامانجە نیشتمانییە گەورەکان، ئامانجیان چاکسازیی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووریش بوو و لە کارکردنیشدا تیۆریای شۆڕشگێڕییان دەکردە ڕێنما.

هەردوو حیزب بۆ خستنەڕووی دۆزی کوردی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و پێدانی یاداشت بە دەستە نێودەوڵەتییەکان و کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی چوار دەوڵەتە مەزنەکە و کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ و دەرچوواندنی بڵاڤۆچکە و نامیلکە، هەوڵی زۆر چاکیان دا. ئەمەی خوارەوە دەقی یاداشتێکە بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤییێت و ئەمەریکا، کە لە مۆسکۆ بوو[١٣٣]:

١٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

"کۆتاییهاتنی جەنگ و بردنەوەی هێزانی دیموکراتی و تیاچوونی قێزەونترین شێوەکانی کۆڵۆنیالیزم - فاشیزم لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، مژدەیەک بوون بۆ مرۆڤایەتی. گەلی کوردی پارچەکراو و مافخوراویش زۆر دەمێکە لە ژێر ستەم و چەوسانەوەدا دەنرکێنێت، لە ئەنجامی پلان و بەرژەوەندییەکانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و حکوومەتە کۆنەپارێزە فاشیستەکانی ئێران و تورکیا و عێراقیشەوە، لە هەموو مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی بێبەش کراوە.

بە بۆنەی کۆتاییهاتنی جەنگ و بردنەوەی هاوپەیمانانەوە، گەلی کورد خوازیارە بە چاوی دادپەروەرییەوە سەیری دۆزەکەی بکرێت و لە بەڵێن و پەیماننامەکانی هاوپەیمانان بۆ گەلانی بچووک، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی ڕزگاری و مافی چارەی خۆ نووسینی، بێبەش نەکرێت.

"ئێستاش کە وەزیرانی هەر سێ دەوڵەتی مەزن لە مۆسکۆ کۆ بوونەتەوە، ئومێدەوارین بە ئینسافەوە لە دۆزی نەتەوە و گەلان بڕوانن.

حیزبی ڕزگاریی کورد پێی خۆشە ئەم خاڵانە بخاتە بەردەمی بەڕێزتان، کە پەیوەندییان بە دۆزی گەلی کورد و ئاشتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە:

١- ئێمە پشتیوانی تێکۆشانی برایانی کوردمانین لەگەڵ برا ئازەربایجانییەکاندا لە ئێران لە پێناو ئۆتۆنۆمی و حوکمڕانیی دیموکراتی و خەبات دژی حکوومەتی کۆنەپارێز و لایەنگرانی.

٢- بە بایەخەوە دیقەتی باری گەل لە تورکیا بدرێت، چونکە حکوومەتی فاشیستی تورکی بە مەبەستی لەناوبردنی یەکجاری و بەتورککردنی بەزۆر، چەندان شێوازی وەحشییانە بەکار دەهێنێت.

٣- گەلی کورد لە عێراقدا حاڵی گەلێک خراپە، بەهۆی بوونی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و حکوومەتی کۆنەپارێزی ئێستا و شێوازە فاشییەکانییەوە، لە گشت مافە دستوورییەکانی بێبەش کراوە. سووتاندنی گوندە بارزانییەکان و ناوچەکانی نزیکی و بەربوونە گیانی خەڵک و بەندکردنیان، کۆمەڵێک بەڵگەی کردەیین لەسەر ئەوە. بۆیە خوازیارین داواکارییە نیشتمانییەکانی کوردانی عێراق، جێبەجێ بکرێن.

بەڵام ئێمە پێمان وایە کە بەدیهێنانی ئەوە ئاسان نابێت، تەنیا بە لەناوبردنی کۆڵۆنیالیزم و حکوومەتە کۆنەپارێزەکانی ئێستا نەبێت، کە بگۆڕدرێن بە حکوومەتی دیموکراتی ڕاستەقینە، تا بتوانێت مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا مسۆگەر بکات. بۆیە سەرنجمان بۆ

ئەو ڕاستییانە ڕاکێشان و ئومێدەوارین بە ڕۆحێکی مرۆڤدۆستانەوە چارەسەریان بکەن، چونکە چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی واقیعیی ڕاستەقینە هۆیەک دەبێت بۆ گەشانەوەی مەدەنییەت و ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا".

**کۆمیتەی جێبەجێکاریی حیزبی ڕزگاریی کورد**

هەردوو حیزب هەوڵی زۆر بەنرخیان لە بواری تێکۆشانی فیکرییدا داوە، کە داکۆکییان لە مافەکانی گەلی کورد و پێویستیی بوونی حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکان، کرد. وەک چۆن هەردوو حیزب هەوڵی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی – عێراقیان دا، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بە پارتی دیموکراتی کوردستان. بەڵام هەردوو حیزب لە ئاستی ئەرک و ڕووداوەکاندا نەبوون، کۆمەڵێک دروشمی خەیاڵی و ئامانجی دوور و نامومکینیان هەبوو و پێکهاتەی چینایەتی و فیکرییشیان فشۆڵ بوو.

بە تەنیشت ئەم دوو حیزبەوە، لقێکی حیزبی ژێ. کاف بە سەرکردایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد، لە کوردستانی عێراق هەبوو. ئەو لقەی حیزبەکەش لە سلێمانی و کەرکووک و کفری دەستڕۆیشتوو بوو، کۆمیتەکەشی جگە لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، هەریەک لە مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس و فایەق بێکەسی شاعیری میللی و خاتوو زەکییە بابان و هەندێکی تریشی لەخۆ دەگرت.

لقێکی کوردیی حیزبی شیوعیی عێراقییش بە سەرکردایەتیی مەلا شەریف ئەربیلی، هەبوو و ڕۆژنامەی (ئازادی)ی بە کوردیی دەردەکرد. بەڵام ئەم لقە هێندە لاواز بوو، کە جگە لە چەند ڕێکخستنێکی بچووک لە شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر، هیچی تری نەبوو.

ئەمە لە بواری سیاسییەوە. بەڵام لە بواری سەربازییەوە لە ١٩٤٥ بزووتنەوەیەکی چەکداری لە ناوچەی بارزان بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، دروست بوو، کە لە مەنفا هەڵهات و بە دزییەوە خۆی گەیاندە ناوچەی بارزان و چەند بنکە و بارەگایەکی داگیر کرد و چەند پۆلێکی چەکداری لە بارزانییەکان پێکەوە نا. ئامانجی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە، نەهێشتنی ستەم و ناڕەحەتیی سەر شانی بارزانییەکان بوو، کە لە سایەی

حوکمی پاشایەتیدا لە خراپترین دۆخدا بوون. هەرچەندە ئەو بزووتنەوەیە هیچ ئامانجێکی نەتەوەیی کوردیی گشتیی نەبوو، نیشتمانپەروەرە کوردەکان بە چاوی بزووتنەوەیەکی ڕەواوە سەیریان دەکرد، کە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ستەمی بیانی و کۆڵۆنیالیستییە، بۆیە پشتیان گرت و ویستیان بیقۆزنەوە و پەرەی پێ بدەن و بیکەن بە بزووتنەوەیەکی خاوەن داواکاریی نەتەوەیی کوردی، کە نیشتمانپەروەرە کوردەکانیش تێیدا بەشدار بن و کوردانی نیشتمانپەروەری پارچەکانی تری کوردستانیش، ڕۆڵیان تێدا هەبێت. بۆیە ویستیان بارزان بکەنە دەستپێکی شۆڕشێکی نیشتمانیی کوردیی نوێ، حیزبی هیوایش هەوڵی زۆری بەم ئاقارەدا دا و چەند ئەفسەرێکی ئەو حیزبە، وەک عەزیز عەبدوڵڵا شەمزینی و میر حاج ئەحمەد و کۆچکردوو موقەدەم ئەمین ڕەواندزی و هەریەک لە شەهیدان ڕەئیس مستەفا خۆشناو، ڕەئیس ڕوکن عیزەت عەبدولعەزیز، مولازمی یەک خەیروڵڵا عەبدولکەریم و مولازم محەمەد قودسی، پەیوەندییان بەو بزووتنەوەیە و مەلا مستەفای سەرکردەیەوە کرد، کە ئامادەیی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆیان و حیزبەکەشدا دەربڕی. هەر وایش بوو، بزووتنەوەی بارزانی لە ١٩٤٤ەوە کۆمەڵێک داواکاریی نەتەوەیی کردە ئامانج، ئەوەش بە کاریگەریی حیزبی هیوا و ئەو ئەفسەرانە کە لە ١٩٤٥ و پاش هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا، (کۆمیتەی ئازادی)یان لەگەڵ مەلا مستەفادا دامەزراند بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی تێکۆشانی چەکداری و کار بۆ فراوانکردنی ناوچەکانی شۆڕش و گشتاندنی جووڵە چەکدارییەکان بکات، لە حاڵێکدا ئەگەر پێکدادانەکان دروست بوونەوە. مەلا مستەفای بارزانییش پەیوەندیی بە ژمارەیەک سەرۆک خێڵە کوردەکانەوە کرد، ئەوانیش بەڵێنیان دا کە لە دژی حکوومەتی عێراقی، هاوکاری بن.

بەڵام کاتێک حوکمڕانیی مەلەکی بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی بەریتانی و بە سەرپەرشتیی خودی جەنەراڵ (ڕینتن) لە ١٠ی ئابی ١٩٤٥دا پەلاماری بارزانیان دا، موڵکدار و ئاغا کوردەکان بەڵێنی خۆیانیان نەبردە سەر و بەدەم بارزان و جەنگاوەرانەوە نەچوون، کە تەنیا ماوەیەکی دیاریکراو توانییان خۆ ڕابگرن و دواتر کشانەوە بەرەو دیوی کوردستانی ئێران - ئەو ناوچەیەی سوپای سووری سۆڤییێتی تێدا بوو - و دواتریش خۆیان خستە سایەی حکوومەتی دیموکراتی کوردستانەوە، کە لەوێش هێزێکی چەکداری بارزانیی

١٢٠٠ کەسییان بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی لێ پێکهێنرا، کە شان بە شانی هەندێک سەرۆک خێڵی وەک حەمەڕەشید خان و عومەر ئاغای شکاک، پلەی جەنەراڵی پێ درا. لەو کاتەوە هەندێک کەس برەو بەو بانگەشەیە دەدەن کە گوایە جەنەراڵ مستەفا بارزانی، لە سوپای سووری سۆڤییێتدا جەنەراڵ بووە. لەوانەیە لێکچوونی جلی ئەفسەرانی سوپای کوردستان لەگەڵ جلی ئەفسەرانی سوپای سووردا، کاریگەریی هەبووبێت لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو بانگەشەیە، کە کۆڵۆنیالیستان و کلکەکانیان برەوی پێ دەدەن.

کوردانی عێراق و لە پێش هەمووشیانەوە ئەفسەرانی نەبەردی وەک ڕەئیس ئەوەل ڕوکن عیزەت عەبدولعەزیز، ڕەئیس میرحاج ئەحمەد، ڕەئیس بەکر عەبدولکەریم، ڕەئیس مستەفا خۆشناو، مولازمی یەکەم نوری ئەحمەد تەها، مولازمی یەکەم خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مولازم محەمەد قودسی و مولازم جەلال ئەمین، ڕۆڵێکی شکۆداریان لە بەرگریکردن لە کۆماری دیموکراتی کوردستاندا بینی.

فاکتە مێژووییەکان جارێکی تر حەقیقەتی ڕۆڵی توێژی موڵکدار و خێڵی کورد و مایەپووچیی ئەو توێژەی لە بواری سەرکردایەتیی شۆڕشدا، دووپات کردەوە. ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ هەڵدانەوەی بیرکردنەوەی کۆن و بنەماڵەیی و گۆڕینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری.

ئەو فاکت و ڕووداوانەی هاوکاتی بزووتنەوەی بارزانی ١٩٤٥ بوون، بەشدار بوون لە گۆڕینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد بە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و بەزۆر لکاندن، لە شێوازدا شۆڕشگێڕانە و لە سروشت و ئامانجدا پێشکەوتنخوازانە و لە کرۆک و بنگە و سەرکردایەتییشدا جەماوەری. بەتایبەت پاش مایەپووچیی توێژی دەسەڵاتخوازی خێڵەکی و بۆرجوازی و هەمیشە حەز بە تەماهیکردن لەگەڵ کۆڵۆنیالیزم و داگیرکەراندا، کە ناکارایی خۆی لە سەرکردایەتی و ناتوانایی خۆی لە بەردەوامیدان بە تێکۆشاندا دەسەلماند. بەو جۆرە، پێویستیی بە سەرکردایەتییەکی جەماوەریی هۆشیار، شۆڕشگێڕ و خۆڕاگر، هەڵقوڵاو لە دڵی گەلەوە، هەنووکەیی بوو، بە جۆرێک کە لە پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، تێبگات و بەرپرسیارێتیی گەورەی خۆی درک بکات، تا لەوێشەوە پێشڕەوێکی

شۆڕشگێڕی دیموکراتی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، دروست بێت. بۆیە حیزبەکانی ئەوکاتی ناو کوردستان، پەیوەندییان کرد بەو نیشتمانپەروەرە کوردانەوە کە لە کوردستانی سایەی داگیرکاریی سۆڤییێتدا دەژیان.

سەرکردایەتیی شۆڕش، مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵای پارێزەری نارده ئێران تا لەوێ پەیوەندی بە سۆڤییێت و کوردە نیشتمانپەروەرەکانەوە بکات. ئەویش پەیوەندیی بە ئەفسەرە کوردەکانی وەک میرحاج و مستەفا خۆشناو و هەندێکی تر و مەلا مستەفا بارزانییشەوە کرد، کە لەگەڵیاندا گەیشتە بڕیارێکی گرنگ بۆ کارکردن بۆ دامەزراندنی حیزبێکی پێشڕەوی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق، هاوشێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان، کە بەو دواییە لە کوردستان و ئازەربایجانی ئێران دامەزرابوون. مامۆستا هەمزە گەڕایەوە کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕزگاری و لقی ژ.ک.کافەوە بکات و لەسەر هەمان بابەتیش، ڕایان وەربگرێت. سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕزگاری پێیان باش بوو، بۆ بەجێگەیاندنی وەها ئەرکێکی نیشتمانییش هانیان دابوو، پاش ئەوەی کە خۆی لە ئێران دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد - عێراقی پێکهێنابوو.

## دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان[١٣٤]

مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا لە ئێران، بیرۆکەی پێکهێنانی حیزبێکی پێشڕەوی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق، هاوشێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، گەڵاڵە کرد، پاش ئەوەی لەگەڵ بەڕێزان میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو و عەزیز شەمزینی و چەند نیشتمانپەروەرێکی تری کورد، دەستەیەکی دامەزرێنەری بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی پێکهێنابوو.

دەستەی دامەزرێنەریش بەیاننامەیەکی بۆ گەلی کورد لە عێراق دەرکرد، کە لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد، چاپ کرا و بانگەوازێک بوو بۆ هەموو نیشتمانپەروەر و کۆمەڵە کوردییەکانی عێراق تا تێبکۆشن و بە مەبەستی دامەزراندنی ئەو حیزبە پێشڕەوە دیموکراتییە نوێیەش، یەک بگرن.

---

١٣٤- مامۆستا ساڵح حەیدەری لە بارەی چۆنێتیی پێکهێنانی پارتییەوە، لە دەستنووسی یاداشتەکانیدا دەڵێت: «پاش ئەوەی برایانی تێکۆشەر لە کۆماری کوردستان، بڕیاریان دا حیزبێکی نوێ هاوشێوەی حیزبی دیموکراتیکی کوردستان دابمەزرێنن، کە قازی محەمەد سەرۆکایەتیی دەکرد و دەسەڵاتی کۆماری کوردستانی لە دەستدا بوو، نوێنەرێکیان نارده بەغدا بۆ دانوستان لەگەڵماندا لەو بارەیەوە، کە ئەویش مامۆستا هەمزە عەبدوڵا بوو. ئەویش لای خۆیەوە بۆچوونی برا تێکۆشەرە کوردەکانی عیراقی لە کۆماری کوردستان، ئەوانەی لەگەڵ بارزانییدا کشابوونەوە، پێ ڕاگەیاندین، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

پێویستە حیزبێکی دیموکراتیکی نەتەوەیی فراوان دابمەزرێت، کە هەموو لایەنە کوردییە دڵسۆزە نەتەوەیی و دیموکراتیک و شیوعییەکانی تێدا بێت، کە سەرکردایەتیی تێکۆشانی گەلی کوردی کوردستانی عێراق بکات و ببێتە پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی. بۆ بەدەستهێنانی ئەوەش، دەبێت هەرچی ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراقە، خۆیان هەڵبوەشێننەوە و لە حیزبێکی دیموکراتیکدا یەک بگرن». مامۆستا حەیدەری لە زاری مامۆستا هەمزە عەبدوڵاوە دەیگێڕێتەوە کە: «بڕیارە چەند کەسێتییەکی کۆمەڵایەتیی موڵکدار و چەند خێڵەکییەکی کوردیش، بەهۆی دەسەڵاتی زۆریان لە هەندێک ناوەنددا، لە سەرکردایەتیی حیزبە نوێیەکەدا بن، کە ئەوانیش شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود و کاکە زیاد ئاغا-ن».

پێش دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە، مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا چەند نووسراوێکی دەربارەی ئەو بیرۆکەیە بۆ سەرکردە نیشتمانپەروەرەکان – سەرکردەکانی شۆڕش و ژێ. کاف – لە عێراق ناردبوو، داوای لێ کردبوون لە پێناو سەرخستنی بیرۆکەکەدا، لێک تێبگەن و یەک بگرن. لەسەر پێشنیازەکەی ئەویش، عەلی عەبدوڵڵای موهەندیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شۆڕش، چووە سلێمانی بۆ دیداری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی لقی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە پێشتر لقی کۆمەڵەی ژێ.کاف بوو، بەڵام گۆڕا بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان.

لەو دیدارەدا، کە دیداری تریشی بەدوادا هات، باسی دامەزراندنی ئەو حیزبە دیموکراتییە کوردستانییە کرا. پاش گەشتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ بەغدا، چاوی کەوت بە بەڕێزان ساڵح حەیدەری و نافع یونس و عەلی عەبدوڵڵا. لەو دیدارانەشدا، ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی وەها حیزبێکی پێشڕەوی دیموکراتی، زۆر نزیک بوو. بەڵام مامۆستا ئیبراهیم لە هەڵوەشاندنەوەی لقی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، پەلەی نەبوو و دەیویست ڕەزامەندیی قازی محەمەدی سەرکردە بۆ ئەو کارە، بەدەست بهێنێت. لە بەهاری ١٩٤٦دا مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا لە کوردستانی ئێرانەوە گەڕایەوە سلێمانی و پەیوەندیی بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردایەتیی حیزبی شۆڕشیشەوە کرد، کە ئەوان نافع یونسیان بۆ دیداری ناردە سلێمانی. لەو دیدارەدا لەسەر هێڵە گشتییەکانی پێکهێنانی حیزبە نوێیەکە، کە سەرکردەکانی شۆڕش لە ڕووی پرەنسیپەوە لەسەر پێکهێنانی کۆک بوون، ڕێک کەوتن. لە هاوینی ١٩٤٦دا مامۆستا هەمزە چووە بەغدا و میوانی هەندێک لە سەرکردەکانی شۆڕش بوو، هەر لەوێشەوە پەیوەندییە بەراییەکانی دامەزراندنی حیزبە نوێیەکەی لەگەڵ هەردوو حیزبی شۆڕش و ڕزگاریدا، تەواو کرد، کە دەستیان بە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی خۆیان کردبوو. بەڵام بەداخەوە، ناکۆکییەکی چکۆلە لە نێوان مامۆستا هەمزە، نوێنەری دەستەی دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کورد – عێراق (پارتی دیموکراتی کورد) و بریکاری مەلا مستەفای بارزانی و خاوەن دەسەڵاتی ڕەها و ساڵح حەیدەری و چەند سەرکردەیەکی تری شۆڕشدا دروست بوو، لە سەر بابەتێکی لاوەکیی پەیوەست بە هێنانە پێشەوەی دوو موڵکداری

نیشتمانپەروەری گەورەی کورد[135] لە سەرکردایەتیی حیزبە نوێیەکدا. مامۆستا حەیدەری دژی هێنانەپێشەوەیان بوو بۆ سەرکردایەتیی حیزب، لە کاتێکدا مامۆستا هەمزە سوور بوو لەسەر ئەو کارە و کردنیان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. ئەوە باڵباڵێنی خستە نێو کۆنگرەی حیزبی شیوعیی کوردستان لە ئابی ١٩٤٦دا لە بەغدا. مامۆستا ساڵح حەیدەری و هەریەک لە بەڕێزان نافع یونس و حەمید عوسمان و جەمال حەیدەری و عەلی پێشکەوتن، ئەندامانی کۆنگرەی شۆڕش، جیا بوونەوە و چوونە ڕیزی حیزبی شیوعیی عێراقییەوە بە سەرکردایەتیی فەهد-ی کۆچکردوو. بەڵام بەڕێزان عەلی عەبدوڵلا و کەریم تۆفیق و عەبدولسەمەد محەمەد و نوری محەمەد ئەمین و محەمەد ئەمین مەعروف و ڕەشید عەبدولقادر، هاتنە ڕیزی پارتی دیموکراتی کورد - عێراقەوە. هەرچی کۆنگرەی حیزبی ڕزگاریی کوردیشە لە ئابی ١٩٤٦دا، بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بچنە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردەوە. بەو شێوەیە، کۆنگرەی حیزبە نوێیەکە لە ئەندامانی هەردوو کۆنگرەی ڕزگاری و شۆڕش، کە بڕیاریان دا پارتی دیموکراتی کورد پێکبهێنن، دروست بوو.

مامۆستا هەمزە لە مامەڵەکردنی بەو شێوەیە لەگەڵ مامۆستا حەیدەری و هاوڕێیانیدا، ئەو نەرمییەی بۆ پاراستنی یەکێتیی شۆڕش پێویست بوو، نەنواند.

---

١٣٥- مەبەست لەو دوو موڵکدارە، بەڕێز شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود بوو، کە مامۆستا هەمزە بەزۆر کردی بە جێگری سەرۆک، لەگەڵ بەڕێز محەمەد زیاد ئاغای غەفوری وەک جێگری دووەمی کۆمیتەی ناوەندی. دەربارەی بۆچوونیان لەم بارەیەوە، مامۆستا ساڵح حەیدەری لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: «سەرکردایەتیی حیزبە نوێیەکە دەبێت لە کەسە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکان و لەسەر بنچینەی لێهاتوویی زەینی و سیاسی و زانستی، پێکبێت، نەک لەسەر بنچینەی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم ئەندام و ئەو ئەندام، کە پەیوەست بێت بە موڵکدارییەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش، ئێمە بوونی ئەو دوو کەسەمان لە لیستی شاندی نێردراودا وەک ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبە نوێیەکە، ڕەت کردەوە و نێردراویش سوور بوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخستنەکانی ئێستای کوردستان و وتی هیچ پێویست نییە لە ئێستادا شیوعییەکان، ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت. بنەڕەتی ئایدیۆلۆجیی ئەو قسەیەشی ئەوە بوو کە: چینێکی کرێکاری کوردی، نییە و کۆمەڵگەی کوردییش کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی خێڵەکییە، هێزی سەرەکی لە شۆڕشی کوردیدا، خێڵە دڵسۆزەکانن بۆ ئامانجە نەتەوەییە کوردییەکان».

بۆیە دەستی لێ بەردان، لە کاتێکدا ئەوان لە باشترین گەنجە ڕۆشنبیرەکانی هەولێر بوون و لە پێکهێنانی شۆڕش و ڕزگاری و پەرەپێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و بڵاوکردنەوەی بیری پێشکەوتنخوازانە و دیموکراتیدا، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.

لە کاتێکدا ئەرک و کاری ڕاستیش ئەوە بوو، ئەندامانی کۆنگرە سەرپشک بکرێن، نەک ئەو دوو موڵکدارە کوردە بسەپێنرێن و لەبەر خاتری ئەوان، دەست لەو توێژە ڕۆشنبیر و هۆشیارە بەر بدرێت.

بەوجۆرە دەبینین سەرکردایەتیی پارتی کارەکانی خۆی بە جیابوونەوەیەکی ترسناک لە ڕیزەکانی "شۆڕش"دا[١٣٦] دەست پێ دەکات. لە کاتێکدا ئەرکی ئەو، پاراستن و هێشتنەوەی یەکێتیی شۆڕش و قبوڵکردنی دیدی ئەو سەرکردانە بوو. ئەو جیابوونەوەیە بووە هۆی دابڕانی هەردوو ڕێکخراوەی شۆڕش لە هەولێر و ڕەواندز لە حیزبی دیموکراتی نوێ و چوونە پاڵ حیزبی شیوعیی عێراقییەوە، کە ئەوەش کاریگەریی خراپی کردە سەر ڕیزەکانی حیزبە نوێیەکە لەو دوو شارەدا، بزووتنەوەی حیزبیی کوردییش کەسانێکی لێهاتووی لەدەست دا.

بە بۆچوونی من، هەڵوێستی سەرکردەکانی شۆڕش، کە وەک پرەنسیپ ڕازی بوون بە دامەزراندنی حیزبە نوێیەکە، بەڵام بەهۆی سەپاندنی دوو موڵکداری نیشتمانپەروەری کوردەوە نەچوونە ڕیزەکانییەوە، لەو ڕووەوە کە ئەندامێتیی ئەو دووەیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا ڕەت کردەوە، ڕاست بوو. چونکە پێویست بوو باڵی خێڵەکی نەهێنرێتەوە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕێکخراوی کوردییەوە، کە سەرکردە خێڵەکی و بۆرجوازییەکانی

---

١٣٦- پرۆفیسۆر بوخارد پرینتس لەو بارەیەوە دەڵێت: «هەوڵەکانی هەمزە عەبدوڵا بۆ کۆکردنەوەی کەسە ڕاستڕەوەکانی بزووتنەوەی کوردی لە حیزبەکەدا، یەکێتیی حیزبەکەی لەت کرد. ئەو سوور بوو لەسەر هەڵبژاردنی دووان لە نوێنەرانی ئەریستۆکراسیی کوردی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە نوێیەکە لەسەر خواستی مەلا مستەفا، کە پێشنیازی محەمەد زیاد و شێخ لەتیفی وەک جێگری سەرۆکی حیزب کردبوو و هەڵبژێردران». شێخ لەتیف کوڕە بچکۆلەی شێخ مەحمودە.

«... پێنج لە چالاکترین سەرکردەکانی شۆڕش، لە نێویاندا ساڵح و جەمال حەیدەری، کردنی ئەریستۆکراتانی وڵاتیان بە ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبەکە، بە خیانەت دژی شۆڕش لەقەڵەم دا و هاتنە ڕیزی ڕێکخراوە نوێیەکەشیان، ڕەت کردەوە».

توورڕ هەڵدابوو و موڵکدارە نیشتمانپەروەرە کوردەکان لە ڕێی ڕێکخستنێکی تایبەت بە خۆیانەوە، بە پارتی دیموکراتەوە ببەسترێنەوە، وەک ئەوەی لە سەردەمی "ڕزگاری"دا هەبوو، کە لقێکی خێڵەکیی تایبەتیان هەبوو.

بەڵام هەڵەی ئەو توێژە شۆڕشگێڕە، سەرباری ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی و سەرباری پشتیوانی و بۆچوونیان لەسەر پێویستیی هەبوونی وەها حیزبێک، جێهێشتنی حیزبە نوێیەکە بوو، چونکە دەبوو بمێننەوە و لە ناوخۆی حیزبەکەدا بۆ سەرخستنی لیستی شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان، تێبکۆشن. ئەو تێکۆشەرانە، بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیی کەرتبوونی بزووتنەوەی پێشڕەوی شۆڕشگێرییان لە کوردستانی عێراقدا، دەکەوێتە ئەستۆ. وەک چۆن مامۆستا هەمزە-ش، بەشێکی دیاری بەرپرسیارێتیی گەڕاندنەوەی باڵی خێڵەکی بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕیی نوێی لەسەرە، چونکە لە ڕووی پێکهاتن و بیرکردنەوە و هەڵوێستەوە، دوالیزمێکی لە سەرکردایەتیدا خوڵقاند. ئەو دوالیزمەش حیزبی دیموکراتی نوێی، کە تا ڕادەیەک بە نەخۆشی لەدایک بوو، لاواز کرد.

سەرباری جیابوونەوەی ئەو توێژە گرنگەی حیزبی شۆڕش و ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی نوێ ئەگەر داواکانیان جێبەجێ نەکرێن، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندن لە بەغدا، بە نهێنی بەسترا. دەیان نوێنەر و ئەندامێکی چاودێری لقی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو، تێیدا بەشدار بوون. کۆنگرە، دەستوور و ڕێباز و پێڕەوی ناوخۆی پەسەند کرد و کۆمیتەیەکی ناوەندییشی هەڵبژارد، بڕیاری دەرچوواندنی ڕۆژنامەی (ڕزگاری)یش درا تا ببێتە زمانحاڵی حیزب، کە مانگانە و بێگومان بە نهێنی دەردەچوو. مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا بووە دامەزراندنی سەرکردایەتیی نوێ و سکرتێری فیعلیی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش دەسەڵاتداری یەکەم تێیدا. بەم شێوەیە، حیزبی پێشڕەوی کوردستانی[١٣٧] هاتە بوون، تا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی

١٣٧- - ناوی یەکەمی حیزبەکە، پارتیی دیموکراتیکی کورد- عێراق بوو. وشەی پارتی ـ ی لاتینی خرابووە شوێنی وشەی حیزب ـ ی عەرەبی و لەبەر نامۆیی و ناباویی وشەی پارتییش لە ناوەندە کوردیەکاندا، حیزبەکە هەر بە ناوی پارتییەوە ناسرا. بۆیە تا ئێستاش کە دەوترێت

ڕزگاریخوازیی کوردی بکات، کە لە کرۆکی کوردستانەوە هەڵقوڵابوو، ئامانج و ئومێد و دروشمە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوی بەرز کردبووەوە، بەرگریی لە سروشتی دیموکراتی و جەماوەریی دەکرد. سەرباری هەندێک کەموکووڕی[١٣٨] کە هاوکاتی لەدایکبوونی حیزبەکە بوون، لە گشت بوارەکانی خەباتی نیشتمانیدا، وەک ئەوەی دواتر باس دەکرێت، ڕۆڵێکی گرنگ و شکۆداری گێڕاوە.

پەیڕەو و پڕۆگرامی نیشتمانیی حیزبەکە، جەختکردنەوە بوو لە مافەکانی گەلی کورد لە بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانییدا لە عێراق، کە حیزبەکە داوای دەکرد لەسەر بنچینەیەکی ئارەزوومەندانەی برایانەی ئازاد، بەرپا بکرێت، نەک لەسەر پێوەلکاندنی بەزۆر کە کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی سەپاندی. دەستووری نیشتمانیی حیزب، جەختی لە برایەتیی کورد و عەرەب کردەوە، داوای خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی کورد و عەرەبیشی کرد دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و حوکمڕانیی لایەنگری کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و لە پێناو ڕزگاریی عێراق و سەربەخۆیی دەستبەجێی و بەرپاکردنی نیزامێکی دیموکراتی پەرلەمانیی ڕاستەقینە لە عێراقدا. بەو شێوەیە، حیزبێکی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕی کوردستانی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تێکۆشانی نیشتمانیی کوردیدا، بەرنامەیەکی سەرتاپاگیر دەخاتە ڕوو، کە خزمەتی ئامانجەکانی هەردوو گەلی کورد و عەرەبیش دەکات و دژی جیابوونەوە و پێوەلکاندنیشە، بانگەواز بۆ تێکۆشانی هاوبەشی نیشتمانپەروەرە کورد و عەرەبەکان دەکات. حیزب ئەو دروشمە ناسراوەی بەرز کردەوە، کە دواتر هەموو بزووتنەوەی

پارتی، مەبەست حیزبی دیموکراتیکی کوردستانە. بۆیە بەو شێوەیە پارتی بووە جێگرەوە و ئاماژەپێدەری ناوی حیزبەکە. کۆنگرەی سێیەمیش ناوی حیزبەکەی کرد بە پارتیی دیموکراتیکی کوردستان-عێراق. لە سەروەختی مۆڵەتپێدانی حیزبەکەشەوە لە سەردەمی لیوا قاسم-دا، بوو بە حیزبی دیموکراتیکی کوردستان.

١٣٨- دیارترین کەموکووڕییەکان بە باوەڕی من، جگە لە سەپاندنی دوو ئەندامی موڵکدار، نەبوونی دەقێک بوو لەسەر چاکسازیی کشتوکاڵی و ڕیشەکێشکردنی دەماری دەرەبەگایەتی و نەبوونی سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ، پشت بە کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ ببەستێت، پاشان نەبوونی دەقی ڕاشکاو لەسەر بانگکردنی هەموو هێزە دیموکراتیک و شۆڕشگێڕەکانی سەرتاسەری عێراق بۆ یەکێتیی نێشتمانی.

دیموکراتی عێراقی بەرزیان کردەوە ئەویش ئەمە بوو:

کۆڵۆنیالیزم و پرۆژە و کلکەکانی، بەسەربەردی یەکێتیی کورد و عەرەبەوە، تێکدەشکێن. هاوکات بەرنامەکە داوای چاکسازیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی و ئابووریی دەکرد، هەروەها جەختی دەکردەوە لەسەر خۆماڵیکردنی پیشەسازییە قورسەکان و سەرچاوە پیشەسازی و کانزاییەکان و بانکەکان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بڵاوکردنەوەی خوێندنی باڵا و دامەزراندنی زانکۆی کوردستان. هەروەها داوای پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە کوردستان و بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە خوێندنگە و فەرمانگەکاندا دەکرد.

بەڵام ئاڕاستەی خێڵەکی لە نێو سەرکردایەتیدا، کە مەیلی زۆری لە گرنگیدان بە موڵکدارە کوردەکان و سەرۆک خێڵەکان هەبوو[١٣٩]، ڕێگر بوو لە دانانی دەقێک لە نێو پرۆگرامی حیزبدا دەربارەی چاکسازیی کشتوکاڵی و لەناوبردنی یەکجاریی نیزامی دەرەبەگایەتی. وەها بەندێک لە کۆنگرەی سێیەمی حیزب لە ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٥٣دا دانرا، پاش ئەوەی حیزب لە ١٩٥١ هەڵوێستی دروستی لە بارەی بابەتەکەوە وەرگرت.

### ململانێی فیکری لە نێوان پارتی و حیزبی شیوعیدا

بەداخەوە ململانێیەکی توند لە نێوان حیزبی شیوعیی عێراقی و پارتیدا دروست بوو. لەو کاتەشەوە و بە بڕوای من ئەگەر جیابوونەوەی ئەو دەستە شیوعییە و هەڵوێستی

---

١٣٩- پرۆفیسۆر بوخارد پرینتس لەو بارەیەوە دەڵێت: «ڕەخنەی سەرەکی لە سیاسەتی شکستخواردووی یەکێتیی کۆمەڵایەتیی هەمزە عەبدوڵا و تێگەیشتنی عەفەوییانەی نەتەوەیی بوو بۆ شۆڕش. قەتیسکردنی ڕەخنەکان لە کەسی سکرتێردا، تا ڕادەیەک ڕەوا بوو، چونکە بەرپرسی یەکەم و تەنیای کاروباری ئیداریی حیزبیی بوو. هەمزە و لایەنگرانی پێیان وا بوو کە سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە باکووری عێراق، نزیکە و سەرکردایەتییشی لە دەستی سەرۆک خێڵەکاندا دەبێت. بۆیە وازیان لە پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری هێنا و ڕێباز و داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانیان مسۆگەر نەکرد. هەرچەندە زۆر ڕێکخراوی خۆجێیی بۆ حیزبە نوێیەکە دروست بوون، بەڵام حیزبەکە فەلسەفە و سەرکردایەتییەکی سیاسیی ڕوونی نەبوو». ساڵح حەیدەری کە باسی بۆچوونی مامۆستا هەمزە عەبدوڵا دەربارەی خێڵە دڵسۆزەکان بۆ نەتەوەی کورد دەکات، وەک ئەوەی هێزی سەرەکیی شۆڕشی کوردی بن، ئەنجامگیرییەکەی پرۆفیسۆر پرینتس دووپات دەکاتەوە.

هەڵەی سەرکردایەتیی هەردوو حیزبی شیوعی و پارتی لە هەمبەر یەکتر نەبوایە، دەکرا بگەنە لێکتێگەیشتنێکی ڕیشەیی پتەو لە نێوانیاندا، بەتایبەت کە یەکێتیی سۆڤییێت، پێشڕەوی بێ ڕکابەری ئەوکاتی بزووتنەوەی شیوعیی جیهانی، جەختی لە بوونی وەها حیزبەیلی پێشڕەوی دیموکراتی دەکردەوە، وەک ئەوەی لە ئازەربایجان و کوردستاندا هەبوو. هەروەها لەبەر ئەوەشی کە کۆچکردوو فەهد - یوسف سەلمان یوسف - سکرتێری ئەوکاتی حیزبی شیوعیی عێراقی، لە وتارێکیدا کە ڕۆژنامەی (القاعده) لە نیسانی ١٩٤٥دا بڵاوی کردەوە، بانگی نیشتمانپەروەرە کوردەکانی کرد، کە وەها حیزبێک دروست بکەن. لە بانگەوازەکەیدا هاتبوو:

هاونیشتمانییانی هۆشیاری گشت توێژەکانی گەلی کورد، دۆزی گەلەکەتان ڕاسپاردەیەکە لە گەردنتاندا، ئەرکی خۆتان بەرامبەر گەلی دایک جێبەجێ بکەن، بەرەو ئەو ڕێگەیانەی دەیبەنە سەر ڕزگاربوونی لەو دۆخە خراپەی تێیدایە، سەرکردایەتیی بکەن. ڕێکخراوەی جەماوەریی کوردی بە جۆرێک پێکبهێنن، کە لەگەڵ دۆخی گەلی کورددا بێتەوە؛ ڕێکخراوەیەک کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەل بکات، ئێوە کار بکەن و حیزبی ئێمەش هەموو پشتیوانی و هاوکارییەکتان پێشکەش دەکات".

بەڵام بەداخەوە ئەو بانگەوازە، لە لایەن شیوعییەکانەوە نەگۆڕا بۆ واقیعێکی بەرجەستە و بەو شێوەی دەبوو و چاوەڕێ دەکرا، کاریان بۆ نەکرد. نەک هەر ئەوەندە، هەڵوێستی کردەییشیان پێچەوانەی بانگەوازەکە بوو. پاش چوونی بەشێک لە حیزبی شیوعیی کوردستان- شۆڕش - بۆ ناو حیزبی شیوعیی عێراقی و چوونی ئەوانی تریشیان بۆ ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان - پارتی - ناکۆکی نێوان ئەو دوو حیزبە پەرەی سەند، تا کار گەیشتە ئەوەی شیوعییەکان نکوڵی لە پێویستیی هەبوونی وەها حیزبێکی دیموکراتی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و نکوڵی لە حەقیقەتی ئەوەی کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازە و لەوێشەوە مافی چارەی خۆ نووسینی هەیە، بکەن. ناکۆکی و ململانێی هەردوو حیزب لەسەر ئەو خاڵانە بوو، ئەم شێوانەی خوارەوەشی هەبوو:

١- مشتومڕ لەسەر بوونی نەتەوەیەکی کوردی، بە مانای مۆدێرنی نەتەوە. شیوعییەکان بەردەوام نکوڵییان لێ دەکرد، تا لە ١٩٥٢ دەستوورێکی نوێ بۆ حیزبی شیوعیی عێراقی

دەرچوو، کە بە دەستووری باسم ناسرا – ناوی خوازراوی سکرتێری نوێی حیزب، بەڕێز بەهادین نوری. تێیدا بە توندی ڕەخنەی لە هەڵوێستی حیزب لە هەمبەر دۆزی کوردی گرت و بەهۆی هەبوونی مادەیەکەوە لە بەرنامەی حیزبی شیوعیی سەردەمی فەهد، کە کورد و تورکمان و ئێزدی پێکەوە بە کەمینەی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدات[١٤٠] ، بە هەلپەرستانە ناوی برد. چونکە کورد نەتەوەیەکی تایبەتن، با نەتەوەیەکی بچووکیش بن لە چوارچێوەی عێراقدا. ئێزدییەکانیش هەر کوردن، جیاوازییان لەگەڵ کوردانی تردا تەنیا ئاینەکەیانە. باسم ڕەخنەی لە دەستووری فەهد گرت، چونکە دەقێکی تێدا نەبوو کە ددان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چارەی خۆ نووسیندا بنێت.

ڕەوایە گەر بوترێت، هەڵوێستی فەهد لە دۆزی کوردی، دۆستانە بوو. سەرباری ئەو هەڵەیەی لە پەیڕەوەکەی حیزبی شیوعیدا و باس نەکردنی مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کورد، فەهد وتارێکی لە (القاعده)دا بڵاو کردەوە و پشتگیریی خۆی بۆ مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کورد دووپات کردەوە. لە ژمارەی تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا، ئەلقاعیدە نووسیبووی: مافی چارەی خۆ نووسین بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک، یەکێکە لە بنەما و ئامانجە بنەڕەتییەکانی حیزبە شیوعییەکانی سەرانسەری دنیا، بە حیزبی شیوعیی عێراقیشەوە. حیزبی شیوعیی عێراقیمان، حیزبی کرێکار و جووتیارانە، حیزبی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی عێراقە و لە پێناوی بەرژەوەندیی هەموو کۆمەڵانی خەڵک، لە پێناوی ئازادیی هەمووواندا، تێدەکۆشێت. بەوەش ڕێکخستنە دیموکراتیە پێویستەکان بۆ گەلی کورد و جەماوەرە خەباتگێڕەکەی مسۆگەر دەکات، کە یارمەتیی دەدەن بۆچوونی خۆی دەربارەی مانەوەی ئارەزوومەندانە یان جیابوونەوە لە عێراق، دەرببڕێت، کاتێک کە وڵات

١٤٠– ئەو ڕاستییە لە مادەی دەیەمدا دەردەکەوێت:
«١٠– بۆ بەرقەرارکردنی یەکسانییەکی ڕاستەقینە لە مافدا بۆ کەمینەی نەتەوەیی کورد، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی کۆمەڵە نەتەوەیی و ئیتنییە بچووکەکانی وەک تورکمان و ئەرمەن و ئێزدی، تێدەکۆشین «. بڕوانە: فهد، قضیتنا الوطنیة، مطبعة نجوم، بغداد، ١٩٥٩، ص ١٥. لە دەقی ئەو مادەیەوە، ئەم هەڵانە بەدیدەکرێن: یەکەم، ئەژماردنی کورد وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی، لە کاتێکدا ئەوان نەتەوەن؛ دووەم، لەبری باسکردنی مافی چارەی خۆ نووسین، باسی تێکۆشان لە پێناو یەکسانیدا دەکات، وەک ئەوەی پرسەکە پرسی یەکسانی بێت؛ سێیەم، نەزانینی ئەو ڕاستییەی کە ئێزدییەکان لە ڕووی نەتەوەییەوە کوردن. جێی داخە حیزبێکی سیاسی هێندە لە کۆمەڵگەی خۆی بێئاگا بێت.

لە چنگی کۆڵۆنیالیزم ڕزگاری دەبێت، یان لە دۆخێکدا کە بۆ گەلی کورد بگونجێت و لە بەرژەوەندیی جەماوەرە خەباتگێڕەکەیدا بێت... بەڵام بەداخەوە، دەستووری ناسراو بە دەستووری فەهد، هیچ مادەیەکی تێدا نەبوو کە باسی مافی نەتەوەیی چارەی خۆ نووسین یان ئۆتۆنۆمیی گەلی کورد بکات، لە کاتێکدا دەبوو لە سایەی بیرۆکەکانی لینیندا، کە مافی چارەی خۆ نووسین بە موتڵەقی بە هەموو گەل و نەتەوەیەک ڕەوا دەبینێت، دەقێکی ڕاشکاوانە دەربارەی دۆزی کوردی، جێگیر بکرایە. نەبوونی وەها مادەیەک لە پەیڕەوەکەدا، هۆکار و پاساوی ئەوە بوو، کە شیوعییە کوردەکان بۆ هەمیشە لە بانگەشەکانیان دژی ئەژماردنی کورد وەک نەتەوەیەک، سوور و بەردەوام بن.

٢- لە بابەتی پێویستیی بوونی حیزبێکی پێشڕەوی کوردستانی و بوونی ڕێکخراوەیلی دیموکراتی کوردستانی. شیوعییەکان خۆیان لە بانگەوازەکەی فەهد - کە باس کرا - نەبان کرد و دژی بوونی حیزبێک وەستانەوە، کە ئەرکەکەی سەرکردایەتیکردنی گەلی کورد بێت لەو ڕێگەیانەی دەیبەنەوە سەر ڕزگاربوونی، بەو پێیەی کە حیزبی شیوعی هەیە و ئەویش، بە بانگەشەی ئەوان، سەرکردایەتیی تێکۆشانی هەموو گەلی کورد دەکات، بە عەرەب و کوردیشەوە. هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆر و لەسەر هەمان بنچینە، دژی بوونی ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکانی تایبەت بە ژنان و گەنجان و خوێندکارانیش بوون.

بەڵام پارتییەکان، بانگەوازی پێویستیی بوونی وەها حیزبێک و وەها ڕێکخراوەیلی دیموکراتیان دەکرد. لەوەشدا حەقیقەتی ئەوەی، کە کورد نەتەوەیەکن و کۆمەڵگەی کوردستانییان هەیە، کە بە خەسڵەت و خاڵی جیاکەرەوەی خۆیدا دەناسرێتەوە، کە کوردستان لە ئەنجامی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی و پێوەلکاندنەوە، چەوسێنراوەتەوە و دابەش کراوە، هیچ لەو حەقیقەتە ناگۆڕێت. بۆیە هەر دەبێت بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی کورد لە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، تێبکۆشرێت. وەها تێکۆشانێکیش، گەر بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ دۆخی گەلی کورددا بگونجێت، ڕێک نەخرێت و لە سایەی سەرکردایەتیی حیزبێکی پێشڕەودا نەبێت، بەرهەمدار و بەسوود نابێت. کە وایە دەبێت وەها حیزبێک هەبێت، بەتایبەت کە بوونی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕیی گەلی کورد، کە بە درێژایی مێژوو هەبووبێت و بابەتییانەش

پەرەی سەندبێت، لە لایەکەوە بۆ سەرکەوتن و بردنەوەی و لە لایەکی تریشەوە بۆ پاراستنی ئاراستە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکەی و مسۆگەرکردنی سەلامەتیی ئاراستە دژە - کۆڵۆنیالیزمەکەی، بوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ دەخوازن.

ئەو مارکسیستە کوردانەی هاتنە ڕیزەکانی پارتییەوە جەختیان کردەوە، کە تا کاتێک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، بزووتنەوەیەکی بابەتی و دژە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و خاوەن وزەی شۆڕشگێڕانە بێت، دەبێت بەرگری لە ئامانجە پێشکەوتنخوازی و دیموکراتییەکانی بکرێت، لە ڕیزەکانی و لە سایەشیدا کار بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ سەرکردایەتیکردنی بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵک و لە ڕێگەی تێکۆشانی هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلان دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و لە پێناو ڕزگاریی هەمووان و دیموکراسیدا، خۆش بکرێت. بەپێچەوانەشەوە، وازهێنان لەو بزووتنەوە مێژووییە بابەتییە و چوونە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراقییەوە، بێ هیچ گومانێک بوار بۆ لایەنە نەتەوەییە ڕاستڕەوەکان و ئەو لایەنانەی مەیلیان بە سازشکردن و بازرگانیکردنە دەڕەخسێنێت، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و هەستە نەتەوەییەکانی بەرەو ڕووگەیەکی هەڵە ئاراستە بکەن، کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب و کوردیش بگەیەنێت.

هەرچی شیوعییەکانە، سەرباری دژایەتییان بۆ بوونی حیزبێکی پێشڕەوی دیموکراتی، مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت مارکسیستە عێراقییەکان، بەبێ گوێدانە نەتەوەیان، لە یەک حیزبی شیوعیدا کۆ ببنەوە. سەرباری ئەوەشی کە بوونی لقێکی حیزبی شیوعی لە کوردستان، داهێنراوێکە جیاوازە لە ڕێکخستنە شیوعییەکانی یەکێتیی سۆڤییێت یان چیکۆسلۆڤاکیا، کە هەر گەلێک حیزبێکی شیوعیی هەیە و بەشێکە لە حیزبی شیوعیی گەورە لە نێو دەوڵەتەکەدا. بۆ نموونە لە چیکۆسلۆڤاکیا، حیزبی شیوعیی سلۆڤاکی هەیە، کە ئەندامە لە حیزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکی و سەرکردایەتییەکی خۆیشی هەیە، کە بە سەرپەرشتیی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکی کار دەکات.

شیوعییەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە حیزبێکی بۆرجوازیی نەتەوەیی لەقەڵەم دا، لە کاتێکدا پارتی خۆی وەک حیزبێکی پێشڕەوی دیموکراتی دەناساند، کە

نوێنەری بەرژەوەندیی جووتیار و زەحمەتکێشان و کاسبکاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕە. شیوعییەکان کاریان بۆ یارمەتیدانی نیشتمانپەروەرە کوردەکان نەکرد تا (ڕێکخراوەی جەماوەری)ی خۆیانیان هەبێت – ئەوەی فەهدی کۆچکردوو داوای دەکرد – بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی تێکۆشانی گەلی کورد بکات. بگرە بەپێچەوانەوە، بەتەواوی بانگەوازەکەیان پشتگوێ خست.

بەو شێوەیە، دوو هەڵوێستی دژ بە یەک دەبینین. هەڵوێستی کۆچکردوو فەهد، کە داوای لە هاوڵاتییانی هۆشیاری هەموو توێژەکانی گەلی کورد دەکرد، ڕێکخراوەی جەماوەریی خۆیان دروست بکەن. واتە داوای حیزبێکی جەماوەرییان بۆ دەکات و داواشیان لێ دەکات، لەو ڕێگەیانەی دەیبەنەوە سەر ڕزگاربوونی لەو دۆخە خراپەی تێیدایە، سەرکردایەتیی گەلی کورد بکەن. بۆیە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی گەلی کورد دەدات بەو نیشتمانپەروەرە کوردانە، نەک بە لقی حیزبی شیوعیی عێراقی. ئەو نیشتمانپەروەرانە گەر لە چوارچێوەی حیزبێکی جەماوەریدا خۆیان ڕێک بخەن، حیزبی شیوعی، وەک ئەوەی سکرتێرەکەیان بەڵێنی دابوو، هاوکارییان دەکات. ئەوەیە هەڵوێستی کۆچکردوو فەهد، وەک ئەوەی لە وتارەکەیدا باسی کرد. بەڵام هەڵوێستی کردەیی شیوعییەکان، دژایەتیکردنی پارتی بوو، کە نیشتمانپەروەرە هۆشیارە کوردەکان دایانمەزراندبوو.

جا ئەو هەڵوێستە دۆستانە و زانستی و ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانە، لەکوێی هەڵوێستی کردەیی دواتری شیوعییە کوردەکاندایە، کە دژی هەر جۆرە ڕێکخستنێکی دیموکراتی و حیزبی و پیشەیی بوون؟

٣- شیوعی و پارتییەکان لە هەڵوێستیشیاندا دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، کە لە کوردستان بە (کوردایەتی) ناسراوە، ناکۆک بوون. شیوعییەکان لە ڕووی کردەییەوە نکۆڵییان لێ دەکرد و پشتگوێییان دەخست، لە ڕووی تیۆرییشەوە وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بۆرجوازی – دەرەبەگایەتییەکی درەنگوەخت — سەیریان دەکرد. پارتییەکانیش جەختیان دەکردەوە، کە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزییە، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بابەتییە، کە ناکرێت و ناگونجێت نکۆڵی لە ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازانە و جەوهەری شۆڕشگێڕانەی بکرێت. بەڵکو

بەپێچەوانەوە، دەبێت لە ڕیزەكانیدا كار بكرێت و لەباوەش بگیرێت و داكۆكی لە دروشم و داواكارییە ڕەواكانی بكرێت و خۆ لەگەڵ خەسڵەتە شۆڕشگێڕی و پێشكەوتنخوازییەكەیدا، بگونجێنرێت، تا وردە وردە ڕێک بخرێت و لە لایەن حیزبێكی شۆڕشگێڕی كوردستانییەوە، كە گشت شۆڕشگێڕە ماركسیست و پێشكەوتنخوازە كوردەكانی كوردستان لەخۆ بگرێت، سەركردایەتیی بكرێت.

شیوعییەكان لە كۆنفرانسی ١٩٥٦ی حیزبەكەیاندا، ڕیشەییانە هەڵوێستی خۆیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی كورد - كوردایەتی - گۆڕی. ململانێی فیكریی نێوان حیزبی شیوعیی عێراقی و حیزبی دیموكراتی كوردستان لەسەر ئەو سێ خاڵەی باس كران، بە شێوەی جیا جیا بەردەوام بوو. ململانێ لەسەر گرنگترینی ئەو خاڵانەش، بە سەركەوتنی بۆچوون و بیركردنەوەی دروست كۆتایی هات. دواجار شیوعییەكان ددانیان بەوەدا نا كە كورد، نەتەوەیە، هەروەها ددانیان بە مافی گەلی كورد لە چارەی خۆ نووسین و مافی هەبوونی حیزبێكی دیموكراتیشدا، نا؛ هەندێک جاریش مافی هەبوونی ڕێكخراوەی دیموكراتیشیان دەسەلماند. كۆنفرانسی حیزبی شیوعی لە ١٩٥٦دا ددانی بەو ڕاستییانەدا نا و پێویستیی خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی كورد و عەرەبی دژی كۆڵۆنیالیزم، جێگیر كرد، ئەوەش لە پێناو ددانپێدانانی دوولایەنە بە مافی چارەی خۆ نووسین و ڕەوایەتیی خواستی هەردوو گەلی كورد و عەرەب لە ڕزگاربوون و یەكێتیی نەتەوەیی. هاوكات كۆنفرانسەكە ئۆتۆنۆمیی كوردستانی عێراقی پەسەند كرد، بەوەی ڕایگەیاند كە: "ئۆتۆنۆمی بەپێی یەكگرتنێكی ئارەزوومەندانەی خەباتگێڕانەی برایانە، ڕێوشوێنێكە پەیوەستە بە دۆخێكەوە كە بەرژەوەندیی هەردوو گەلی كورد و عەرەب، بە دیاریكراوتر بەرژەوەندیی خودی گەلی كورد، دەیخوازێت. بەم مانایەش بێ، وەها ڕێوشوێنێک چارەسەری كۆتایی پرسی نەتەوەیی كوردی نییە و ناشبێت ببێتە جێگرەوەی مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەی كورد"[١٤١].

دواتریش شیوعییەكان ددانیان نا بە چەند ڕاستییەكی تری گرنگدا دەربارەی

---

١٤١- ڕاپۆرتی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراقی، كە كۆنفرانسی حیزبیی دووەم لە ئەیلولی ١٩٥٦دا، پەسەندی كرد.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد - کوردایەتی - و ئەوەشیان لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراقی لە ئازاری ١٩٦٢دا، جێگیر کرد، کە تێیدا هاتووە:

"بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بزووتنەوەیەکی خاوەن کرۆکێکی دیموکراسیی گشتییە"[١٤٢]، چونکە ڕەنگدانەوەی خواستی نەتەوەی کوردە لە ڕزگاربوون و ئازادبوون و یەکێتیی نەتەوەیی، چونکە بریتییە لە بزووتنەوەیەک دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆڵۆنیالیزم و نۆکەرەکانی. هەروەها ئەو بزووتنەوەیە، هاوپەیمانێکی پێویستە بۆ تێکۆشانی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵک و گشت هێزە دیموکراتییەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە خەباتیاندا دژی کۆڵۆنیالیزم و لە پێناو دیموکراسیدا".

هەرچەندە هەڵسەنگاندن و خەملاندنی شیوعییەکان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، لە هەڵسەنگاندن و خەملاندنی پارتی دەچێت، بەڵام شیوعییەکان تا ئێستا بەتەواوی و بە باشی لێی نەکۆڵیونەتەوە، چونکە ئێستاشی لەگەڵ بێت، جاروبار هەڵسەنگاندنی کۆن لە ئەدەبیاتیاندا سەرهەڵدەداتەوە.

خاڵی سەرەکیی ناکۆکییەکە پەیوەست بوو بە هەڵوێستی مارکسیستە کوردەکانەوە، کە ئایا باشترە بچنە ڕیزەکانی پارتییەوە، یان لە حیزبی شیوعیدا بمێننەوە.

کۆچکردوو سەلام عادیل لە ١٩٥٦ لە دیداریدا لەگەڵ سەرکردەکانی پارتیدا، بیرۆکەیەکی خستە ڕوو کە کورتەکەی بەم شێوەیەیە: هەموو شیوعییە کوردەکان بچنە ڕیزەکانی پارتیەوە، بەو مەرجەی هەندێک لە مارکسیستەکان - لەوانەی لە نێو پارتی و حیزبی شیوعیشدان - لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیدا بمێننەوە. واتە مانەوەی کەسانێکی مارکسیستی دیاریکراو لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیدا، شان بە شانی ڕۆڵی سەرکردایەتییان لە پارتیدا. هەروەها ئامادەیی حیزبی شیوعییشی ڕاگەیاند، کە کەسانێکی سەر بە پارتی، لە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیدا قبوڵ دەکەن. بەڵام پارتی بیرۆکەی یەکخستنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی لە کوردستان، خستە ڕوو، ئەوەش بە

---

١٤٢- بڕوانە: سیاستنا وطریقنا لحل المسألة القومية الكردية في العراق حلا ديمقراطيا عادلا، بغداد، اذار ١٩٦٢، ص ٣٢.

بەئەندامبوونی شیوعییە کوردەکان لە پارتیدا و بەوەی پارتی وەک حیزب لە کۆمیتەی هاریکاری و یەکگرتنی تێکۆشەرانە لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقیدا، بەشدار بێت. ئەوکاتیش پەیوەندیی پارتی بە حیزبی شیوعیی عێراقییەوە، باش بوو.

## پارتی و حیزبە نیشتمانییەکان

ئەوە دەربارەی پەیوەندیی پارتی بە حیزبی شیوعییەوە، کە هەندێک جار تەنگژەی تێ دەکەوت و کاتی تریش باش دەبوو. بەڵام هەردوو حیزبەکە لە کوردستان، لە ڕووی دروشم و بیرکردنەوەی سیاسی و ئامانجە هەنووکەییەکانەوە، دوو نزیکترین هێز بوون لە یەکتری.

هەرچی پەیوەندیی پارتییە – پاش دامەزراندنی – بە حیزبە دیموکراتییە عێراقییەکانەوە، وەک حیزبی گەل بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەزیز شەریف، حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی مامۆستای کۆچکردوو کامیل چادرچی و حیزبی یەکێتیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەبدولفەتاح ئیبراهیم، بەگشتی پەیوەندییەکی باش و تۆکمە بوو. بۆ نموونە حیزبی یەکێتیی نیشتمانی لە ١٩٤٧ەوە لەسەر بنچینەی دداننان بە مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کورددا، داوای چارەسەری دۆزی کورد دەکات. بەوەش دەبێتە یەکەمین حیزبی سیاسیی عێراقی کە ئاشکرا و بە فەرمی، داوای ئەو چارەسەرە زانستییە بۆ دۆزی کوردی بکات. لە ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٤٧ هەڵوێستی هەموو حیزبە چەپڕەو و دیموکراتییەکان، دەربارەی کۆمەڵێک پرسی گرنگ، بەگشتی لێک نزیک و هاوشێوە بوون، بەتایبەت لە ڕووی بەرهەڵستییان بۆ نوێکردنەوەی بەستنەوەی عێراق بە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و خواستیان لە ڕزگاربوونی وڵات لە کۆتە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی کۆلۆنیالیزم و بەرپاکردنی ژیانێکی دیموکراتی پەرلەمانیی دروست. پارتیش بە تەنیا ئاڵای بەرگریکردن لەو بارزانییانەی لە سەرەتای ١٩٤٧دا هاتنەوە عێراق و حکوومەت نەفیی کردن، بەرز کردبووەوە. بەڵام حیزبە عێراقییەکانیش – ڕاستی بڵێین – لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانیان، هاوسۆزیی خۆیانیان بۆ دەربڕین و داوایان کرد حکوومەت باشتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

بارزانییە ئاوارەکان، پاش هەرەسی کۆماری دیموکراتی کوردستان و داگیرکردنی پایتەختەکەی لە لایەن ئێرانەوە لە کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا، ناچار بە گەڕانەوە بۆ عێراق کران. کەوتنی ئەو کۆمارەش گورزێکی کوشندە بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و هێدمەیەکی توند بوو بۆ گشت هاولاتییانی کورد لە هەموو لایەکی کوردستانەوە. بەتایبەت بۆ کوردانی ئێران، کە ڕێکخستنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان هەرەسی هێنا، پەرتەوازە بوون. پاش لەسێدارەدانی شەهید قازی محەمەدی سەرۆککۆماریش، کە هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک نیشتمانپەروەری تری کورددا خۆیان ڕادەستی دەسەلاتدارانی ئێران کردەوە[١٤٣]، گورزی بەهێزتریان بەرکەوت.

بەلام لە کوردستانی عێراق، کوردانی نیشتمانپەروەر بە خۆڕاگرییەوە بەرگەی ئەو هێدمە بەهێزەیان گرت و لێنەگەڕان ئەو هێدمەیە - سەرباری کوشندەییەکەی - باوەڕیان بە ڕەوایەتیی دۆزی گەلەکەیان و حیزبەکەیان و پێویستیی بەردەوامیدان بە تێکۆشانی نیشتمانی، کاڵ بکاتەوە. بە هێزێکی زیاتر و سووربوونەوە درێژەیان بە خەبات دا و ڕووبەڕووی دۆخە نوێیەکان بوونەوە. لە ١٩٤٧ پارتی و لقی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دانوستانیان بوو، کە بە توانەوەی لقی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو پارتیدا، کۆتایی هات و مامۆستاش بووە سەرۆکی کۆمیتەی ناوچەی سلێمانیی حیزبی دیموکراتی کورد (پارتی). ئەو یەکگرتنەش بەهێزبوونی پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بوو، لەو کاتەشەوە پارتی تاکە نوێنەری ڕووی گەشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و سەرکردایەتییەتی لە کوردستانی عێراقدا. دیوە شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیش هەر لە نێو پارتیدا دەنوێنرانەوە، بەو شێوەیەی پارتی ئامانج و داواکارییەکانیانی دەردەبڕی تا بوو بە نوێنەریان.

بۆ چوار ئەفسەرەکەش، ڕەئیس ئەوەل ڕوکن عیزەت عەبدولعەزیز، ڕەئیس مستەفا خۆشناو، مولازمی یەک خەیروڵلا عەبدولکەریم و مولازم محەمەد قودسی، کە خۆیان

---

١٤٣- خۆڕادەستکردنی شەهید قازی محەمەد بە حکومەتەکەی تاران، هەڵەیەکی سیاسیی گەورە بوو و لەو نەدەوەشایەوە. چونکە ئەو تێکۆشەرەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکات، دەبێت لە هیچ دۆخ و حاڵەتێکدا ڕیزەکانی جێنەهێڵێت.

ڕادەستی حکوومەتی عێراقی کردەوە، بەرەبەیانی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لەسەر دەستی حکوومەتەکەی ساڵح جبر، لەسێدارە دران. ئەو کارە تاوانکارییە، گەلی کوردی ورووژاند، بۆیە لە شاری سلێمانی و چەند شوێنێکی تریش، چەندان گرووپ وەک نارەزاییەک دژی کۆنەپارێزیی حکوومەتی عێراقی، کە تاوانێکی نوێی دەرهەقی گەلی کورد کردبوو، گرد بوونەوە و خۆپیشاندانیان رێکخست.

حیزب سەرکردایەتیی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانەی کرد و هەڵمەتێکی نارەزایی لە هەموو کوردستاندا دژی لەسێدارەدانی چوار لە باشترین ئەفسەرانی کوردستان و کۆنترین ئەندام و دامەزرێنەری حیزب، ڕێکخست. ئاوەهاش حیزب بەو چالاکییانەی، گڕی لە حەماسەتی جەماوەری کوردی بەردا، کە کۆنەپارێزە عێراقییەکان دەیانویست بە خوێنی شەهیدانی کوردستان، هەر چوار ئەفسەرەکە، تۆقاندنی خۆیان بگەیەننە لوتکە و ورەی تێکۆشانیان بڕووخێنن. خۆپیشاندانەکانی جەماوەری پاڵەوانی سلێمانی، وەلامێکی بەهێز بوو بۆ کۆنەپارێزیی عێراقی، کە دەستی بە خوێنی ئازادانی ولاتەکەمان سوور بوو.

ئەو چوار ئەفسەرە نیشتمانپەروەرە، لە لایەن سەرکردایەتیی خێڵەکیی بزووتنەوەی بارزانەوە و لە ژێر هەڕەشە بە کوشتن و پاش سووکایەتی و لێدانی زۆر، ناچار کران بگەڕێنەوە عێراق و خۆیان ڕادەستی دەسەلاتداران بکەنەوە. ئەوان پێیان باشتر بوو وەک شەهید بۆ گەلەکەیان و بە دەستی دوژمنانی گەل، بمرن، نەک لەبەر تۆمەتێکی پووچ بە دەستی هاونیشتمانییانی خۆیان بکوژرێن.

وەستانی ئەو تێکۆشەرانە وەک شۆڕشگێڕی قارەمان لە بەردەم پەتی سێدارەدا، وەک ئەوەی لە وتەکانیان لە کاتی سەرکەوتنیان بۆ لای قەنارەکە و لە ڕاسپاردە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت، کە لە خوارەوە دەقەکەی بە وەرگێڕدراوی دانراوە، باشترین بەڵگەیە لەسەر ڕۆحییەتی تێکۆشەرانە و دڵسۆزییان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان.

ڕاسپاردەی (وەسێتنامەی) چوار شەهیدەکە

لە شەهیدانی نیشتمان، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵلا عەبدولکەریم و محەمەد قودسییەوە، بۆ برایانمان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی ئازیزمان ... پاش ئاگادارکردنەوەمان بەوەی کە لە کاتژمێر ... لەسێدارە دەدرێین

برایان ...

لە ژیانی کۆیلایەتی و ژیان لە سایەی کۆنترۆڵی کۆڵۆنیالیستیدا، تەنیا سەعاتێکمان لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەوە ماوە، دواتر دەچینە دنیای ئازادییەوە و ڕۆحمان دەچێتە پاڵ ڕۆحی شەهیدانی ڕێگەی نیشتمان.

برایان...

بەڕاستی دڵخۆشین کە لە بەجێگەیاندنی ئەرکی نیشتمانیماندا، کەمتەرخەم نەبووین. تاقە ئامۆژگارییشمان ئەوەیە کە نیشتمانپەروەر و گەنجانی کورد، خۆیان لە خۆپەرستی داماڵن و یەکگرتن لە تێکۆشاندا بکەنە ئامانجیان، بۆ ئەوەی کۆتی کۆیلایەتیی کۆڵۆنیالیستی تێکبشکێنن و گشت گەلانی ستەملێکراو بەبێ جیاوازی، ئازاد بکەن.

برایان...

دوژمنی نەزانین بن، بە هەموو هێزی خۆیشتان بەرەنگاری ببنەوە و هەرگیز دوای نەزانی مەکەون. ئێمە ڕەمزی تێکۆشانی گەلەکەمانین بۆ ساڵی ١٩٤٧. برایانی خۆڕاگریشمان لە ڕێگەی شەرەفمەندا، درێژە بە تێکۆشان دەدەن و پاڵپشت بە خوای گەورەش سەردەکەون و گەل ئازاد دەبێت.

برایان...

وەستانمان لە بەردەم سێدارەدا، لە سەرشۆڕی و دوودڵی لە تێکۆشاندا نەبووە، بەڵکو ئێمە وەک سەربازی بە وەفا ماینەوە و بە هەموو هێز و وزەی خۆمانەوە تێکۆشاین تا بەم ئەنجامە گەیشتین... جا بۆیە بەرەو یەکگرتن... بەرەو ئازادی...

**بژی کورد و کوردستان...**

گەلی کورد بە سەرکردایەتیی پارتی، شان بە شانی گەلی عەرەبی برای، درێژەی بە تێکۆشان دا دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزیی فەرمانڕەوا. حیزبی دیموکراتی کورد لە لوتکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، هاوڕێ لەگەڵ هەموو نیشتمانپەروەرانی تری عێراقدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پووچەڵکردنەوەی پرۆژە کۆڵۆنیالیستییەکان بەگشتی و پەیماننامەی پۆرتسماوس بەتایبەت. حیزب لەگەڵ حیزبی گەل و حیزبی شیوعی و باڵی جیابووەوەی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی کۆچکردوو کامیل قازانچی، لە خۆپیشاندانی ڕاپەڕین دژی پەیماننامەکەدا بە گوڕەوە بەشداری کرد و لەگەڵ ئەو هێزانەشدا، کۆمیتەی هاریکارییان دروست کرد، کە سەرکردایەتیی ناڕەزایەتییە شکۆدارەکەی ١٩٤٨ی کرد و پەیماننامەی کۆڵۆنیالیستیی (جەبر- بیڤن)ی پووچەڵ کردەوە، کە ئامانج لێی نوێکردنەوەی کۆتی کۆیلایەتیی عێراق و سەرلەنوێ بەستنەوەی بوو بە ڕەوڕەوەی ئیمپراتۆریای بەریتانییەوە. کۆمیتەی هاریکاری، یەکەمین کۆمیتەیەک بوو کە هێزی چەندان حیزبی چەپڕەو کۆ بکاتەوە و ئومێد دەکرا بکرێتە ناوکێک بۆ بەرەیەکی نیشتمانی، کە هەموو حیزبە دیموکراتییەکان لەخۆ بگرێت. بەڵام ئەو ئومێدە بەدی نەهات، بگرە بەپێچەوانەشەوە، کۆمیتەی هاریکارییش هەڵوەشایەوە.

پاش سەرکەوتنی یەکەمی هاریکاریی نیشتمانی، کە کۆمیتەکەی پێک هاتبوو لە بەڕێزان کۆچکردوو عەبدولڕەحیم شەریفی پارێزەر[١٤٤] لە حیزبی گەل و پارێزەر ڕەشید

[١٤٤]- عەبدولڕەحیم شەریف، یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبی گەل و برای سەرۆکی حیزبەکە، مامۆستا عەزیز شەریف بوو. بەهۆی خیانەتەکەی مالک سەیف-ەوە بە سێ ساڵ کاری قورس حوکم درا. دوای ئازادبوونی، بوویە یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبی یەکێتیی شیوعییە عێراقییەکان، پاشان کە ئەو حیزبە لە ١٩٥٦ چووە نێو حیزبی شیوعیی عێراقییەوە، بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی. بەدەم خۆشاردنەوە و زیندانیکردن و گرتنەوە بەردەوام بوو لە خەبات، تا سەروەختی شۆڕشی ١٤ی تەموز. لەوە بەدوا گۆڤاری (الثقافة الجدیدة)ی دەردەکرد، دواتر بوویە سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە دەستەی ئیداری، کە مامۆستا جەواهیری سەرۆکی بوو (نووسەری ئەم دێڕانەش ئەندام بوو تێیدا).

عەبدولقادر[١٤٥] لە پارتی دیموکراتی کورد و مالک سەیف لە حیزبی شیوعیی عێراقی و کۆچکردوو پارێزەر کامل قازانچی لە باڵی جیابووەوەی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی. پەیوەندیی هەردوو حیزبی گەل و پارتی دیموکراتی کورد، باشتر و بەهێزتریش بوو.

پارتییەکان چالاکانە لەو خۆپیشاندانانەدا بەشدار بوون، کە گوڕیان بە ڕاپەڕینی نیشتمانیی بەخشی و پێشڕەوی پارتی، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە خۆپیشاندانەکانی سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٤٨ی کۆلێژی مافدا هەبوو و تێکۆشەری شۆڕشگێڕ، پارێزەر عومەر مستەفا دەبابە - هەنووکە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانە - کە لەو خۆپیشاندانانەدا ڕۆڵێکی دیاری هەبوو، بریندار بوو.

جەماوەری سلێمانییش لەو خۆپیشاندانانەی پارتی وەک پشتوانیی بۆ جەماوەری تووڕەی بەغدا ڕێکی خستن، بەشدار بوون. محەمەد زیاد ئاغا، نوێنەری کۆیسنجەق، کە ئەوکات ئەندامی پارتییش بوو، وەک ناڕەزاییەک دژی ئەو کوشتوبڕەی حکوومەتی ساڵح جەبر دەرهەقی نیشتمانپەروەران، لەگەڵ بەشێک لە نوێنەرانی نیشتمانپەروەردا، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە نوێنەرایەتی ڕاگەیاند. دواتر حیزب چەندان خۆپیشاندان و فێستیڤاڵ و گردبوونەوەی جەماوەریی ڕێک خست بۆ بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلی عێراق لە ڕاپەڕینەکەی، کە لە هێرشی پێچەوانەی کۆنەپارێزیی عێراقیدا تێدا چوون. ئەوەش بە قۆستنەوەی جەنگی فەلەستین و حوکمی سەربازی و بە سوودوەرگرتن لە پەرتەوازەیی حیزب و هێزە نیشتمانپەروەرەکان و خلیسکانی حیزبی سەربەخۆیی نەتەوەیی عەرەبی بەرەو وەرگرتنی هەڵوێستی تیرۆریستانە، کە ئازاری بزووتنەوەی نیشتمانی دا و زیانێکی زۆریشی پێگەیاند، پاشان خیانەتەکەی نێو سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی

١٤٥-ڕەشید عەبدولقادر، لە گەنجە ڕۆشنبیرەکانی هەولێر و یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕش و پارتی. پاش خیانەتەکەی مالک سەیف، کە لە دادگا دژی ئەم شایەتیی دا، سێ ساڵ زیندانی کرا. پاش ئازادبوونیشی وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی تا ١٩٥٥ درێژەی بە تێکۆشان دا، دواتر حیزبەکەی بەجێهێشت. مامۆستا ساڵح حەیدەری لە بارەیەوە دەڵێت، کە یەکەمین خوێندکاری هەولێری بووە، فەلسەفەی مارکسی-لینینی قبوڵ کردووە و لەگەڵی هاوکار بووە تا لەو شارەدا بڵاوی بکەنەوە. وازهێنان و دەرچوونی لە حیزب، جێی داخی گرانی ئەو کەسانە بوو کە ئاگایان لە خەبات و ئەخلاقی جوان و دڵسۆزییەکەی بوو، بەتایبەتیش کە لە باشترین گەنجە ڕۆشنبیرەکانی هەولێر بوو.

عێراقی، کە بە مالک سەیف[146]، بەرپرسی یەکەم لە دەرەوەی زیندان دەستی پێکرد و کۆنەپارێزیی عێراقییش قۆستییەوە و لە ڕێیەوە هەڵمەتێکی فراوانی گرتن و پاشان پیلانگێڕیی تیرۆرکردنی سەرکردەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی، فەهد و زەکی بەسیم و حسێن محەمەد شەبیبی بەدوادا هات، کە نوری سەعید لە ساڵی ١٩٤٩دا جێبەجێی کردن.

لەو ماوە کورتەی عێراق کە هەندێک ئازادیی دیموکراتی بەخۆوە بینی، حیزبی دیموکراتی کورد هەوڵی دا ئەو دۆخە بقۆزێتەوە تا سوود لە هەموو شێوەکانی تێکۆشان وەربگرێت، بە تێکۆشانی ئاشکرا و ڕۆژنامەگەریی ئاشکراشەوە.

هەر لەو ماوەیەدا حیزب لە بەیاننامە و بڵاوکراوەکانیدا و لە ڕێی بەشداریی ئەندامانییەوە لە خۆپیشاندان و گردبوونەوەکاندا، لە پشتیوانیی تێکۆشانی گەلانی عەرەب دژی کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانیی کۆڵۆنیالیستی لە پێناو سەربەخۆیی دەستبەجێدا بەردەوام بوو.

حیزب لە دەرکردنی گۆڤارە ناوەندییەکەشی - ڕزگاری - بەردەوام بوو، کە پاش ڕاپەڕینەکە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێکەوە، کە تێیدا بەهۆی هەڵوێستیەوە دژی گەل و ئامانجە نیشتمانییەکانی، ڕەخنە لە میر عەبدولئیلاهی سەرپەرشتیاری تەختی پاشایەتی گیرا، دەنگدانەوەیەکی باشی لە ناوەندە نیشتمانییەکاندا هەبوو.

لەو هەڵبژاردنەشی لە سایەی تۆقاندندا کرا، سەرلەنوێ پاڵێوراوێکی پارتی دەرچوو، کە مامۆستا مەسعود محەمەد بووە ئەندامی پەرلەمان و لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی و حیزبی سەربەخۆییدا هاریکار بوو بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دروست بکەن.

چالاکی و کردەوە نیشتمانییەکانی حیزب، سەرئێشەی زۆری بۆ نایەوە و کۆڵۆنیالیستان و فەرمانڕەوایانی کۆنەپارێز، ڕقیان نایە سەری و بە مەبەستی گرتنی ئەندام و سەرکردە

---

١٤٦- مالک سەیف، تا ڕۆژی خیانەتەکەی لە ١٩٤٨-١٩٤٩ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراقی بوو، دواتر بوو بە کارمەندی ئاشکرای لێکۆڵینەوەی تاوان و دواتریش کارمەندی فەرمانگە ئەمنییەکانی عێراق.

ناسراوەکانی، چەند هەڵمەتێکی فراوانی گرتنیان دژی بەڕێوە برد. ئەوە بوو حکوومەت، پاش ئەوەی ڕەگەزنامەکەشی لێ سەندەوە، دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریمی لە عێراق وەدەرنا. هەریەکە لە مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و ڕەشید عەبدولقادر و سەدانی تر لە سەرکردە و کادر و ئەندامانی چالاکی حیزبیشی دەستگیر کرد. تۆقاندن تارمایی قورسی خۆی دابوو بە سەر عێراقدا، بە کوردستان و ناوەڕاست و باشوورەوە و بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی لاواز بوو، هەزاران ئازادیخواز لە زیندان توند کران. لەبری ڕزگارکردنی فەلەستین و ڕێگرتن لە دامەزراندنی ئیسرائیل تێیدا، حکوومەتی عێراقی هەموو توانای دەوڵەتی عێراقی لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی تازەباودا، خستبووە گەڕ. چالاکیی پارتیش لە ئەنجامی هەموو ئەوانەوە، کزتر و ڕێکخراوەکانی کەمتر و سنووری کارکردنیشی بچووکتر بووەوە. لە ١٩٥٠دا مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا دەستگیر کرا، بەوەش یەکەمین کۆمیتەی ناوەندی، کە زۆرینەی ئەندامانی یان وازیان لە کاری حیزبی هێنابوو، یان زیندانی کرابوون، یانیش پەرتەوازە بوون، کۆتایی هات.

## پەرەسەندنەکانی ناو پارتی

پاش دەستگیرکردنی مامۆستا هەمزە، کۆنفرانسێکی حیزبیی بەسترا، کە سەرکردایەتییەکی کاتیی لێکەوتەوە و دواتر زۆرینەی ئەندامان و ڕێکخستنەکان پێی ڕازی نەبوون، بۆیە کۆنگرەی دووەمی حیزب لە ١٩٥٢ لە ماڵی شەهید عەلی حەمدی لە بەغدا بەسترا. کۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردرا، کە سکرتێرەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو. ڕێککەوتن لەسەر دەستنیشانکردنی ئەویش، لە ئەنجامی کۆدەنگیی بۆچوون و ئاڕاستە جیاوازەکانەوە بوو. بەڵام کۆنگرە خۆی لە قەرەی بابەتی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ نەدا و جێهێڵران بۆ کۆنگرەی سێیەم، کە لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٥٣ لە کەرکووک بە نهێنی بەسترا و تێیدا ناوی حیزبەکە لە پارتی دیموکراتی کورد - عێراقەوە گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق.

سەرکردایەتیی حیزب بە سکرتارییەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، چەپڕەوییەکی ڕوونی پێوە دیار بوو و بەراورد بەوەی پێش خۆیشی، لە گرنگترین بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێشکەوتنخوازتر بوو. لە ئاستی ناوخۆدا، چاکسازیی کشتوکاڵی و

دژایەتیکردنی دەرەبەگایەتی و خێڵگەریی کردە ئامانج، سیاسەتی بەرگریکردن لە جووتیاران و پێکهێنانی کۆمەڵە نهێنییەکان بۆیان و هاندانیشیانی بۆ تێکۆشان دژی دەرەبەگایەتیی کوردی، پێڕەو دەکرد؛ داوای خۆماڵیکردنی نەوت و پیشەسازییە گرنگە سەرەکییەکانی کرد، بەرگری لە مافی چینی کرێکار و تێکۆشان لەگەڵیان و شۆڕبوونەوە بۆ نێو ڕیزەکانیان دەکرد. لەسەر ئاستی سیاسی، سەرکردایەتیی نوێ، داوای دەکرد لە بەرامبەر بلۆکی کۆڵۆنیالیستیدا، پشتی بلۆکی سۆشیالیستی بگیرێت و بیرۆکەی بێلایەنیی ڕەت کردەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکانی لەگەڵ بەریتانیا و ڕووخاندنی حوکمڕانیی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی میللیی لە عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد کرد لە چوارچێوەی ئەو کۆمارە دیموکراتییە میللییەی عێراقدا.

لە ئاستی جەماوەرییشدا، حیزب بۆ دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، تێکۆشا، کە لە ١٩٥٣ بە سەرۆکایەتیی شەهیدی نەمر ئەحمەد عەبدوڵڵا، دامەزرا. هەروەها هەوڵی دا یەکێتیی لاوانی کوردستان و یەکێتیی دیموکراتی ژنانی کوردستان و چەند ڕێکخراوەیەکی تری کوردستانیی دیموکراتی، دابمەزرێنێت. لە بارەی دەستکەوتەکانی کۆنگرەی سێیەمەوە، پرۆفیسۆر بوخارد پرینتس دەڵێت:

"حیزب بڕیاری دا ڕێکخستنەکانی خۆی بە جۆرێک بینا بکات، کە گرنگی بدرێتە کادر و کاری بانگەشە و هاندانی جەماوەر. ئەوەی بەتایبەت سەرنج ڕادەکێشێت، پرۆژەی بەرنامەی بڕیارلێدراوی کۆنگرەیە..".

ناوبراو بەردەوام دەبێت و خاڵە سەرەکییەکانی نێو بەرنامەکە بەم جۆرە باس دەکات: دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی میللی، دەرپەڕاندنی هێزە بەریتانییەکان، ڕووخانی پاشایەتی، هاریکاری لەگەڵ بلۆکی سۆشیالیستی، بنیاتنانی ڕژێمێکی دیموکراتی نوێ لە عێراق، ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا، چاکسازیی ڕیشەیی کشتوکاڵی، خۆماڵیکردنی نەوت، دامەزراندنی کێڵگە هەرەوەزییەکان، فێرکردنی تەوزیمی و بەخۆڕایی. لە دواییشدا دەڵێت: "بۆ یەکەم جار بەرنامەکە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بە بەشێکی یەکسان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عێراقی، دادەنێت، بۆیە پێویستی کردووە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، کە

بەپێی بەرژەوەندیی کۆی بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی و هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان، کار بکات".

ڕاستییەکەی، ئاڕاستەی پێشکەوتنخوازانەی چەپڕەوانەی نوێی حیزبەکە، ناسنامەی جەماوەریی شۆڕشگێڕیی حیزب و مۆرکی بزووتنەوەی نەتەوەیی دژ بە کۆلۆنیالیزم و پاشایەتی و کۆنەپارێزی و تێکۆشانی دژی تواندنەوە و جیابوونەوەش، دووپات کردەوە. هەروەها هێڵی پێکەوەیی خەباتی هاوبەشی عەرەب و کوردی لە چوارچێوەی بەرەیەکی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشگێڕانە و بێزاندنی وەهمە بۆرجوازی و ڕاستڕەوییەکان دەربارەی دیموکراسیی لیبراڵی و چاککردنی دەستووری پاشایەتی، دووپات کردەوە. هاوکات حیزب سیاسەتێکی ڕاشکاوانەی گرتە بەر لە دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم و پاشکۆکانی، بانگەواز بۆ برایەتیی عەرەب و کورد و یەکگرتنی خۆویستانەی هەردوو نەتەوەی برا، بەستنەوەی چارەنووسسازانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقییەوە و دانانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی خۆرهەڵاتی، کە هەرگیز لێیان جیا نابێتەوە.

زاڵبوونی ئەو ڕەوتە پێشکەوتنخوازە لەحیزبدا بووە مایەی بەشداریکردنی حیزب لە چالاکیی یەکگرتووانە لەگەڵ توخمە چەپڕەو کۆمۆنیستییە عیراقییەکان لە بزووتنەوەکانی ئاشتی و ڤیستیڤاڵە نێو دەوڵەتییەکان، هەروەها بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەی کە بەرەی نیشتمانیی بەشداریی تیادا کردو پاڵێوراوێکی پارتی سەرکەوتنی بەدەستهێنا و پاڵێوراوەکانی تریشی، سەرەڕای تەزویر و دەستتێوەردانی حکومەت، هەزاران دەنگیان بە دەستهێنابوو.

حیزب تێکۆشانێکی سەرسەختانەی دژی کۆلۆنیالیزم و هاوپەیمانە شەڕفرۆشەکانی، بەتایبەت هاوپەیمانیی بەغدا - سەنتۆ - گرتەبەر، کە ئامانجی لێی دژایەتیکردنی نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد و هەڕەشەکردن لە ئاسایش و سەربەخۆیی گەلان و یەکێتیی سۆڤییێت و توندکردنی دەستی قۆرخکاریی کۆلۆنیالیستی لە خۆرهەڵات و هێشتنەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بوو. یەک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی هاوپەیمانیی

سەنتۆ، دژایەتیکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و تێکشکاندن و هێشتنەوەی گەلی کورد بە بێبەشکراوی لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی بوو. دواتر بەڵگەنامەکان ئاشکرایان کرد، کە ئەو هاوپەیمانییە تاوانکارییە، ویستوویەتی بە بۆمبی ئەتۆمی لە کوردستان بدات، تا شوورایەکی ئەتۆمی بە ڕووی هێزە سۆڤیێتیەکاندا دروست بکات. دەبێت ئەو ڕاستییە دەربارەی هاوپەیمانیی سەنتۆ، شان بە شانی سروشتی کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزیی تاوانکارانەی، لەبەر چاوی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورددا بدرەوشێتەوە، تا چاویان بۆ بینینی حەقیقەتی نیازی ئەو هاوپەیمانییە بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە پیلانگێڕی و هەوڵە چەپەڵەکانی بۆ قۆستنەوەی ناکۆکیی کوردان لەگەڵ حکوومەتە عێراقییەکاندا، نەخەڵەتێن، چونکە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانەکەی - سەنتۆ- سەرسەختترین دوژمنانی گەلی کوردن.

ئەو فرمێسکە تیمساحییەی سەنتۆ بۆ نەتەوەی کوردی دەڕێژێت، تەنیا بۆ لادانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لە ڕاستەڕێی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە و کڕینی بەشێکی بە مەبەستی بەکارهێنانی دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردی و لەباربردنی کرۆکە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیەکەی و لەوێشەوە پەکخستنی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کوردی. ئەو یارمەتییانەشی پێشکەشی هەندێکی دەکات، هاوشێوەی هەنگوینێکە، کە ژەهری بکوژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی تێدا حەشار دراوە.

لە سەروەختی توندبوونی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب دژی کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانەکانی و دەرکەوتنی قاهیرەی پایتەختی کۆماری میسری - دژ بە کۆڵۆنیالیزم - وەک قەڵای تێکۆشانی عەرەب دژی کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانەکانی، نەتەوەی کوردیش گورج لە توندکردنی تێکۆشانی هاوبەش لەگەڵ عەرەب، دەستوبردی کرد و پێشڕەوە پێشکەوتنخوازەکەی - پارتی- هەر لە ١٩٥٦ەوە کاری جددیی کرد بۆ نزیککردنەوەی هەردوو بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب و کورد لە پێناو یەکگرتنی خەباتی شۆڕشگێڕییاندا. لە ١٩٥٦ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی، کە میسری ناسریی کردبووە بنگەی خۆی، چالاک بوو و، دەستیشی دایە شەڕێکی ئاشکرا دژی کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانیی کۆڵۆنیالیستیی بەغدا.

پاش خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس و گرێبەستی ئەو چەکانەی میسر لە یەکێتیی سۆڤیێت و چیکۆسلۆڤاکیای کڕیبوون، لە عێراقیش جووڵانەوەیەکی هاوخەمیی نیشتمانی لەگەڵ

میسردا بەرپا بوو، کە حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان تێیدا بەشدار بوو. تێکۆشانی هەڵکشاوی عەرەبەکان، گڕی لە تێکۆشانی گەلی کوردیش بەردا، کە نەسڵەمییەوە لەوەی خەباتی هاوبەشی لەگەڵ گەلی عەرەب دژی کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانە سەربازییەکانی و لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانی و پشتیوانیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبدا، توندتر بکات.

لە کاتی هێرشی کۆڵۆنیالیستی - زایۆنی بۆ سەر میسری ڕزگاربوو لە ١٩٥٦دا، خۆپیشاندانی هاوخەمی لەگەڵ میسری یاخیبوو لە کۆڵۆنیالیزم بە سەرکردایەتیی جەمال عەبدولناسری پاڵەوانی نیشتمانی، ڕێک خران، کە گەنجان و خوێندکارانی کورد تێیدا بەشدار بوون.

نیشتمانپەروەرانی کورد، لە پێش هەمووشیانەوە سەرکردە و ئەندامانی پارتی دیموکراتی، پشتی تێکۆشانی گەلی نەبەزی میسریان گرت و بەو هۆیەشەوە، ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان و چەوسانەوە بوونەوە. لە ١٩٥٦یش هەریەکە لە تێکۆشەران ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا، حلمی عەلی شەریف بە تۆمەتی پشتیوانیی میسر و تێکۆشانەکەی، درانە دادگای سەربازی و بە خستنە ژێر چاودێریی پۆلیس سزا دران و لە کەیسی مەلا عەبدوڵڵاشدا، دەستەبەریی داراییش داوا کرا.

لە ١٩٥٧ەوە حیزب هەوڵی دا پەیوەندیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبیی تازە سەرهەڵداوی میسر و سووریاوە بکات، لە هەمان ساڵیشدا شاندێکی گەنجانی کورد لە فێستیڤاڵی گەنجان و خوێندکاراندا لە مۆسکۆ، بەشدار بوون.

لە سووریا شاندێکی حیزبیی پێکهاتوو لە جەلال تاڵەبانی، عەبدولڕەحمان زەبیحی و کەمال فوئاد[١٤٧]، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی سوریدا، دانوستانیان بوو، لەوانەش مامۆستا ئەکـــرەم حـــۆرانی، سەرۆکی پەرلەمانی سووریا، لەگەڵ موقەددەم عـــەبدولحـەمید سەراج، کەسایەتیی سەربازیی دەستڕۆیشتووی ئەوکات. هەروەها چەند هەوڵێک دران بۆ پەیوەندیگرتن بە میسریشەوە.

هاوینی ١٩٥٧ سەرکردەکانی لقی کوردستانی حیزبی شیوعیی عێراقی، لەوانەش

١٤٧- کەمال فواد، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپا و بەرپرسی لقی حیزبی دیموکراتیکی کوردستانیش بوو هەر لە ئەوروپا. یەک لە چالاکترین و هۆشیارترین گەنجانی کوردە لەوێ، پێش ئەوەی لە ١٩٥٧ ببێتە پارتی، بەرپرسی لقی سلێمانیی حیزبی شیوعی عێراقی بوو.

بەڕێزان ساڵح حەیدەری و حەمید عوسمان - سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی شیوعیی عێراقی - و کەمال فواد، لەگەڵ چەند شیوعییەکی تری کورددا، هاتنە ڕیزی حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانەوە. ئەوەش پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە حیزبی شیوعیی عێراقییەوە، تێکدا، کە وای لە حیزبی شیوعی کرد نامیلکەیەکی پڕ لە تۆمەت و هێرشی توند بۆ سەر پارتی، بنووسێت.

هەر لەو ساڵەدا بەرەی یەکێتیی نیشتمانی دروست بوو، کە لەم حیزبانە پێکهاتبوون: حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی، حیزبی شیوعی، حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی و حیزبی سەربەخۆیی. پارتی لەو بەرەیە دوور خرابووەوە، بەڵام پەیوەندیی پارتی بە حیزبی نیشتمانیی دیموکراتییەوە باش بوو. لە ١٩٥٧یش حیزب پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی سەربەخۆییدا دروست کرد و هەردوو حیزب تاوتوێی بابەتی ناردنی شاندێکی کوردییان بۆ قاهیرە بۆ دیداری سەرۆک جەمال عەبدولناسر کرد، تا دۆزی کوردیی بۆ ڕوون بکرێتەوە و لەسەر هەماهەنگکردنی پەیوەندیی هەردوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی و کوردی، لەگەڵی ڕێک بکەون.

بە شێوەی سەرەتایی ڕێک کەوتن، حیزبیش هەوڵی دا پاسپۆرت بۆ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دابین بکات، تا بە مەبەستی دیداری سەرۆک عەبدولناسر، سەفەری میسر بکات. بەڵام حکوومەت پێدانی پاسپۆرتی ڕەتکردەوە، تەگەرەی خستە کارەکەیەوە. بۆیە بڕیار درا دۆستێکی حیزب بنێردرێت، کە پاسپۆرتی هەیە، بەڵام شۆڕشی ١٤ی تەمووز کە ڕژێمی پاشایەتیی لەناو برد و ئەندامێتیی عێراقی لە هاوپەیمانیی بەغدا و ڕێککەوتنە کۆڵۆنیالیستییەکانی تریش، کۆتایی پێ هێنا و حوکمڕانییەکی کۆماریی ئازادیخوازی دامەزراند، وایان خواست ناردنی ئەو کەسەش دوابخرێت.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی نیشتمانیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانیی بەغدا و دەرەبەگایەتیی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد چەند هەنگاوی گەورە چووە پێشێ، زیاتر و زیاتریش لەگەڵ بزووتنەوەی عەرەبیی دیموکراتی لە عێراقدا تێکەڵ بوو و خۆی خزاندە بۆتەقەی خەباتی هاوبەشی هێزە نیشتمانییەکانەوە لە پێناو پتەوکردن و پاراستنی کۆماری نەوزادی عێراقی - کۆماری عەرەب و کورد - و بەرگریکردن لە

بەرژەوەندییەکانی گەل تێیدا. ناکۆکییەکانی پارتی و حیزبی شیوعیی عێراقی کەم بوونەوە، پێکەوە پەیمانێکیان بەست بۆ هاریکاری لە نێو خۆیاندا، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بووە ئەندامی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی، کە لەوە بەدوا پێنج حیزبی لەخۆ دەگرت و بەوەش دروشمەکانی تێکۆشانی هاوبەشی عەرەب و کوردی بەرجەستە دەکرد.

شۆڕشی ١٤ی تەمووز وزەکانی گەلی عێراقی بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردیشەوە، تەقاندەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، کە بە گەرمی و حەماسەتەوە پشتی شۆڕش و ڕژێمی کۆماریی گرت، فراوانتر بوو، بزووتنەوەی لاوان و خوێندکاران و ژنانیش بەهێزتر بوون. لە کوردستان بزووتنەوەیەکی جووتیاریی بەرفراوان سەرپێ کەوت، بزووتنەوەی سەندیکایی کرێکاری پەرەی سەند، حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانیش هەر زۆر گەورە و بەرفراوان بوو و بوویە حیزبێکی جەماوەری. جەماوەریبوون و دیموکراتیبوون، بوون بە خەسڵەتی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و وەک هێزێکی مەزن لە پاراستن و پەرەپێدانی کۆماری عێراقی بە ئاڕاستەیەکی دیموکراتیدا، دەرکەوت.

هەر لە ڕاگەیاندنی کۆمارەوە، حیزب هەڵمەتێکی بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دەست دابوویێ و لە سەروەختی نووسینەوەی دەستووری کاتییشدا، هەوڵی دا دەقێک بەو مانایەی تێدا جێگیر بکرێت. بەڵام عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف بە توندی بە ڕووی هەوڵەکانی حیزبدا وەستانەوە، تەنانەت بەرەی یەکێتیی نیشتمانییش پشتی ئەو داواکارییە ڕەوایەی نەگرت. بۆیە دەقی مادە سێی دەستوور تەنیا ئەوەی تێدا هاتبوو، کە عەرەب و کورد لە نیشتماندا هاوبەشن و دەستووریش مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقیدا، مسۆگەر دەکات.

لە کاتی دانوستان لەسەر پەیمانی هاریکاری لە نێوان پارتی و حیزبی شیوعیی عێراقیدا، شیوعییەکان پشتی داواکاری ئۆتۆنۆمی و بەڵکو مافی چارەی خۆ نووسینیشیان گرت، بەڵام ئەو دەقەی لەسەری ڕێککەوتبوون، ڕەتیان کردەوە و دواتر دەقێکی لاوازتریان پێشنیاز کرد.

لە بەرەی یەکێتی (الإتحاد)دا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نوێنەری پارتی بوو، کە هەوڵی زۆر بەنرخی دا بۆ دانانی دەقێک لە دەستووری نوێی بەرەکەدا، کە مافە

نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەخۆ بگرێت. بەڵام بەداخەوە، بەرەی یەکێتیی نیشتمانی بەهۆی ناکۆکییەوە لەسەر هەڵوێستیان دەربارەی بانگەوازێکی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستییەوە، لاواز بوو، کە بەبێ هیچ چاوەڕوانی و شەنوکەوکردنێکی لەسەرخۆ، داوای یەکگرتنی دەستبەجێی عێراق و کۆماری عەرەبیی یەکگرتووی دەکرد.

شیوعییەکان بە دروشمی یەکگرتنی فیدراڵ، وەڵامی بەعسیان دایەوە. بەڵام جێی داخ و ئازارە، کە ئەو جیاوازییانە وای لە هێزە نیشتمانییە هاوپەیمانەکانی نێو بەرەی یەکێتیی نیشتمانی کرد، لە نێو خۆیاندا بجەنگن و کوشتارگە بۆ یەکتر بسازێنن. ئەو جیاوازییانەشی کە دەبوو وەک جیاوازیی نێو ڕیزەکانی گەل قەتیس بکرێن، کە بکرێت بە ئامرازی برایانە و دیموکراتی چارەسەر بن، گۆڕان بە ناکۆکیی نێوان کۆمەڵێک دوژمن کە هێزی چەکداری تێدا بەکار هێنرا.

## تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد

لەوەی ڕابورد، باسی پەرەسەندن و گەشەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردمان کرد. بەسوود دەبێت گەر لە خوارەوە کورتەی تایبەتمەندییەکانی ئەو بزووتنەوە مێژووییە باس بکەین. ئەو تایبەتمەندییانەی لەژێر کاریگەریی فاکتەرە تایبەتەکانی کوردستان و کاریگەریی نێودەوڵەتی و عێراقی و ئێرانی و تورکی و بەهۆی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ماوەی پەرەسەندن و بزاوتیدا، دروست بوون.

لە خوارەوە کورتەی ئەو تایبەتمەندییانە باس دەکەم، کە پێشتر لە کتێبەکەمدا (کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانە) باسم کردوون:

یەکەم: بزووتنەوەیەکی مێژوویی بابەتییە. بەو مانایەی، کە بزووتنەوەیەکی کتوپڕ، یان هەڵچوو نییە، کە خواستی چەند کەسێک یان حیزبێکی دیاریکراو هێنابێتییە بوون. بزووتنەوە و ئەنجامی پێویستییەکانی پەرەسەندنی کوردستانە، ئەو پەرەسەندنەی هێزە هەژموونداره بیانییە کۆنەپارێزەکان، تەگەرەیان تێ خست. گەشەکردنی (تۆوی بۆرجوازی) لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان و گەشەکردن و هەوڵدانی بۆ شکاندنی ئەو چێوە دەرەبەگایەتییەی دەوری دابوو، لە گرنگترین فاکتەرەکانی هێنانەبوونی بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازیی کوردییە.

وەک چۆن هەوڵی زەوتکارانی بیانی، کە ئامانجیان توندکردنی کۆتی کۆیلایەتی لە گەردنی گەلی کورد و سەپاندنی ناوەندێتییەکی بەهێز بوو لە هەموو لایەکی کوردستان و بێبەشکردنی گەلی کورد لە هەموو شێوەکانی حوکمڕانیی کوردی، وەک کاردانەوەیەکی سروشتی، بەرگرییەکی کوردیی هێنایە ئارا، کە ئامانجی بەرگریکردن بوو لە مافە زەوتکراوەکانی کوردان. ئەوەش لە هێنانەبوون و بووژاندنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، ڕۆڵی گێڕا.

لە پێکدادان و دژیەکیی نێوان هێزە نوێیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، کە دەیانویست گەشە بکەن و پێبگەن، لەگەڵ هێزە بیانییە کۆنەپارێزەکان، کە ڕێگەیان لەو گەشەکردنە دەگرت و دژایەتیی هێزە نوێیەکانیان دەکرد؛ لە پێکدادانی هەوڵی بیانییان بە مەبەستی بەکۆیلەکردنی کوردستان و بێبەشکردنی گەلەکەی لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی؛ لە پێویستیی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی حەتمی، کە بێگومان هێزگەلێک دەبن بۆ کارئاسانیکردنی و نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەمی؛ لە هەموو ئەوانەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە دۆخە مێژووییە تایبەتەکەی خۆیدا، سەری هەڵدا.

بەو شێوەیە دەبینین (ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی) لە کوردستاندا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لەخۆ دەگرێت و خۆی تێدا دەبینێتەوە و شان بە شانی مۆرک و ڕووکەشە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییەکەی، کرۆکێکی کۆمەڵایەتییشی پێ دەدات.

بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، بزووتنەوەیەکی سیاسیی پەتی نییە، کە ئامانجی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی گەلی کورد و ڕزگاربوون بێت لە هەژموون و پاشکۆیەتیی بیانی، بەڵکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بابەتییشە، واتە:

دووەم: بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتییە. بەو مانایەی کە دەیەوێت شان بە شانی خەباتی ڕزگارکردنی نیشتمان لە هەژموونی بیانی، چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فیکری بکات. ئەوەش بە حوکمی چوونە پێستی ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و نواندنەوەی و بە حوکمی گۆڕانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بەگشتی بۆ بزووتنەوەیەکی خاوەن کرۆکێکی جووتیاری لە سەروبەندی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە

و بەهۆی بەستنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییەوە بە بیر و پرەنسیپی دیموکراتی و پێشکەوتنخواز لە سەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانییەوە، ئامانجی بەدەستهێنانی جۆرێک لە حوکمڕانیی نیشتمانیی کوردییە، لە ئێستادا لە شێوەی ئۆتۆنۆمیدا، وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ بەرپاکردنی ڕژێمێکی دیموکراتی، کە چاکسازییە پێویستەکان جێبەجێ بکات، لەوانەش چاکسازیی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە و بڵاوکردنەوەی مەعریفە و ڕۆشنبیری و پێدانی ئازادییە دیموکراتییەکان و...هتد.

بەو شێوەیەش، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی چیتر ئامانجەکانی لە زنجیرەیەک داواکاریی سیاسیدا قەتیس ناکات، بەڵکو ئامانجەکانی داواکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و هی تریش دەگرێتەوە.

سێیەم: بزووتنەوەیەکی میللیی جەماوەرییە. نەک لەبەر ئەوەی کە سەدان هەزار لە هاوڵاتییانی کوردستانی لە سایەی خۆیدا کۆ کردووەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەشی کە بەرگری لە داواکاری و ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی جەماوەریش دەکات... لەبەر ئەوەشی کە بنیات و سەرکردایەتیشی لە قووڵایی گەل و جەماوەرەوە هەڵقوڵیون.

چوارەم: بزووتنەوەیەکی دژی کۆڵۆنیالیزم و زەوتکارانە. بەپێی ئەو خەسڵەتانەشی کە باس کران، بزووتنەوەیەکی خەباتکارانەی شۆڕشگێڕانەیە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە کۆڵۆنیالیست و داگیرکەران بە هەموو ئامرازێکی تۆقاندن و دڕندانە، دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییان کرد و نەیانهێشت هیچ مافێکی هەبێت، تەنانەت بە جۆرێک حوکمڕانیی ناوخۆیی پشتیوانی کۆڵۆنیالیزمیشەوە؛ بگرە کورد و کوردستانیان دابەش کرد و لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی، بێبەشیان کرد. نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو بەوپەڕی دڕندەییەوە سەرکوتیان کرد، ئەوەش دوژمنکارییەکی توندی لە نێوان کۆڵۆنیالیست و داگیرکەران لە لایەکەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە لایەکی ترەوە، دروست کرد. دوژمنی هەرە سەرسەختی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، ئەوسا و ئێستاش، هەر کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانی کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزانی نۆکەرە.

بەو پێیەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، بزووتنەوەیەکی مێژوویی بابەتیی

حەتمییە و بەو پێیەشی گەلی کورد زۆر بە حەسرەتی بەدەستهێنانی ئازادی و مافە نەتەوەییەکانەوەیە، بەو پێیەشی کۆڵۆنیالیست و کۆنەپارێزان هەموو شێوەکانی تۆقاندن و سەرکوتکردنی دڕندانە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بەکار دەهێنن و لە هەموو شێوەکانی تێکۆشانی ئاشکرا و ڕەوا، بێبەشی دەکەن، جگە لە ئامراز و شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕی و زۆربەی جاریش نهێنی، هیچی تری بۆ نەماوەتەوە.

مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، پڕە لە دوژمنایەتیی کۆڵۆنیالیست و داگیرکەران و بەرەنگاربوونەوە و هەوڵی نەپساوەیان دژی ئەو بزووتنەوەیە، تێکۆشانی گەلی کوردیش پڕە لە قوربانیدان و بەڕوودا وەستانەوەیان.

مێژووی تێکۆشانی گەلی کورد پێمان دەڵێت، کە لە نێو هەموو ئامراز و شێوازەکانی خەباتی شۆڕشگێڕیدا، شۆڕشی چەکداری ئامرازی سەرەکیی بووە. ئەوەش شان بە شانی فاکتەرەکانی تری کە باس کران، لەبەر پەنابردنی کۆڵۆنیالیست و زەوتکارانیش بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکدار. هەروەتر لەبەر هۆیەکی مێژووییش، ئەویش جمکێتیی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییە هەر لە سەرهەڵدانەوە، ئەوەش بە حوکمی کۆمەڵێک بار و دۆخی تایبەتی کوردستان.

ئاشکرایە نیشتمانپەروەرانی کورد نەبوون، کە شۆڕشیان وەک ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەڵبژاردبێت، بەڵکو وەک ئەوەی پێشتر باس کرا، ئەوە دۆخەکە بووە ئەوەی بەسەردا سەپاندوون.

پێنجەم: بزووتنەوەی کوردی، کۆت و شێوە کۆنەکانی تووڕ هەڵداوە و پێشڕەوی دیموکراتی سەری هەڵداوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە سایەی سەرکردایەتیی پیاوانی ئاینی و میرە کوردەکاندا، دەستی پێ کرد. تا بزاوتی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، کە ناوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە گوندەوە گواستەوە بۆ شار و توێژی ناوەندیی کورد هاتە پێشەوە و سەرکردایەتی کەوتە دەستی توێژی ڕۆشنبیر، کە هەڵقوڵیوی نێو جەماوەر و چینی ناوەندی بوو، هەر توێژی هەڵقوڵیوی کوڕی خێزانە دەستڕۆیشتووەکانی چینی ناوەندی لە سەرکردایەتیدا بوون.

لە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانی و دواتریش، توێژی ڕۆشنیری کۆمەڵانی خەڵک، سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەی گرتە دەست، هاوڕێ لەگەڵ باڵێکی خێڵەکیدا، کە وەک ئەوەی باسمان کرد، هێنرابووەوە بۆ سەرکردایەتی.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد پاش دووەمین جەنگی جیهانی، گۆڕا بۆ بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵک، خاوەن مۆرکێکی دیموکراتی، سەرکردایەتیی دەرەبەگ و موڵکدار و بۆرجوازیی حەز بە سازشکردنیشی تووڕ هەڵدا، بەتایبەت پاش دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ و مایەپووچیی سەرکردایەتیی خێڵەکی و بۆرجوازیی سازشکار.

وەک ئەوەی باسمان کرد، ئەوەیە هێڵکاریی ڕوونکردنەوەی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد.

## پارتی[١٤٨] و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی

حیزبی دیموکراتی کوردستان - پارتی - لە ئەنجامی موتوربەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بە بیری پێشکەوتنخوازی و شۆڕشگێڕییەوە، هەروەها لە ئەنجامی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بۆ بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵک و وەک وەلامدانەوەیەکی لۆجیکی بۆ پێویستییەکانی ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی لە ڕێگەی بەرەو سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئامانجی ڕزگاریخوازی و دیموکراتی، لەدایک بوو. بۆیە بەو مۆرکەوە و بە خۆگونجاندنی لەگەڵ جەوهەر و شێوەیدا و بە هەڵگری ئامانج و داواکارییەکانی، مایەوە.

بەلام پارتی لای خۆیەوە، بەردەوام لە ڕووی پەرەپێدانی و داڕشتنەوەی بۆچوون و بیر و هەڵوێستەکانی لە قاڵبێکی زانستی و دیموکراتیەوە، لە ڕووی هەماهەنگکردنی هەوڵەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە عێراق و داڕشتنی سیاسەتێکی زانستی

---

١٤٨- پارتی، ناوی میللیی باوی حیزبی دیموکراتی کوردستانە لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەت.

و دیموکراتی و دانانی ستراتیجییەکی دروست و تاکتیکی زانستیی شیاوەوە، لە ڕووی ناسینەوەی دۆست و دوژمنانی خۆی و لە ڕووی پاککردنەوەی ڕیزەکانی لە کەسانی هەلپەرست و سازشکار و بازرگان و ڕاڕا و ڕووهەڵماڵینی نۆکەر و لایەنگرانی سەرەڕۆ و دەست کەشفەکان بۆ کۆڵۆنیالیست و زەوتکاران و دوورخستنەوەیان لە سەرکردایەتی و ڕیزەکانیشییەوە، کاری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەکرد.

پارتی هەوڵی زۆری دا لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، ڕووی گەشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، نیشان بدات و هاوڕێ و لایەنگر بۆ خۆی کۆ بکاتەوە، درۆکانی کۆڵۆنیالیست و زەوتکارانیش، کە دەیانویست لە کۆمەڵێک بوختان و تۆمەتی پووچەوە بیئاڵێنن، پووچەڵ بکاتەوە. پارتی بنگەیەکی پتەوی دانا بۆ برایەتیی عەرەب و کورد و خەباتی هاوبەش لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و پەروەردەکردنی جەماوەری کورد بە ڕۆحییەتی برایەتی لەگەڵ جەماوەری عەرەبدا و بە ڕۆحییەتی پێکەوەیی و خەبات دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێز و دوژمنی هاوبەشدا. پارتی بەشدار بوو لە مشتوماڵکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵانی خەڵک، کە خاوەنی دروشمی دیموکراتی و ئاڕاستەی پێشکەوتنخوازانە و داواکاریی کۆمەڵایەتییە، وەک چاکسازیی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مەعریفە و بەوەش فراوانکردن و قووڵکردنەوەی بزووتنەوەکە و ڕۆچوونی زیاتر و زیاتری ڕیشەکەی بە نێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا. پارتی ڕێبازی شۆڕشگێڕیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی پاراست و درێژەی بە ڕۆشنگەریی جەماوەر و هۆشیارکردنەوەشی دا، تا لە ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی مێژوویی شۆڕشگێڕیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەردەوام بێت.

لە بواری هزریشدا، پارتی سەرکەوتووانە بە ڕووی بیرە خۆرئاواییەکانی وەک کۆسمۆپۆلیتیزم و گۆشەگیریی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستیی وەستایەوە، کە دەیانویست دزە بکەنە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییەوە.

پارتی بەسەر بیری پاکتاوسازیشدا (التصفوية) زاڵ بوو، کە دژایەتیی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕێکخراوەی دیموکراتی

و حیزبێکی پێشڕەوی دیموکراتیدا، دەکرد؛ بەهۆی پارتییەوە ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردستانییەکانی گەنجان و خوێندکاران و ژنان، دامەزرێنران.

پارتی هۆشیاریی چینایەتی و نیشتمانییشی بە نێو جەماوەردا بڵاو کردەوە و لە ڕووی ئۆرگانییەوە و بە شێوەیەکی دروست، پێکەوەی بەستنەوە. ئەوەشی خستە ڕوو کە تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی کوردی، لە بنەڕەتەوە تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکە لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتیدا. هەروەها ئەوەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، پێش هەر شتێک، بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە. سەرکردایەتیی تێکۆشانی جووتیارانی دژی دەرەبەگایەتی کرد، تێگەیشتنی دروستی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بڵاو کردەوە، کە توێژە موڵکدارەکەی کورد دەیویست بیقۆزێتەوە تا ململانێی چینایەتیی جەماوەری زەحمەتکێش، پەردەپۆش بکات. ئەو ڕاستییەی، کە تێکۆشانی زەحمەتکێش و بەدەستهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانیان، جەوهەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییە. هاوکات پارتی وەک ڕۆڵگێڕی سەرەکی بەشدار بوو لە ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردی لە کوردستانی عێراق لە ١٩٦٢ تا ١٩٦٤ و تا ئێستاش هێزی سەرەکییە تێیدا.

شەشەم: هەستی نەتەوەیی کوردی، بەهێز و سەرتاپاگیرە. لە ئەنجامی ئەو تایبەتمەندییانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی کە باس کران و بەهۆی سیفەتە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە و وەک کاردانەوەیەک بۆ چەوسانەوەی نەتەوەیی توند، کە گەلی کورد بە دەستییەوە دەناڵێنێت و لە ئەنجامی بێبەشکردنی گەلی کوردەوە لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی، بە مافە کولتوورییەکان و تەنانەت بە مافی جاڕدانی کوردبوونیشەوە، هەستی نەتەوەیی کوردی، بەهێزە و سەرجەم چینەکانی گەلی کورد دەگرێتەوە. ئەو هەستە نەتەوەییەی کە شۆڕشە کوردییە یەک لە دوای یەکەکان و بێئابڕوویی و تاوانە دڕندانەکانی کۆڵۆنیالیست و داگیرکەران دژی گەلی کورد، گڕیان تێ بەرداوە. مێژووی گەلان سەلماندوویەتی کە هێزی هەستی نەتەوەیی لە کن هەر نەتەوەیەک، ڕاستەوانە پەیوەستە بە ڕێژەی توندی و دڕندەیی چەوسانەوەی نەتەوەییەوە؛ تا هەڵمەتەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، زیاتر و توندتر بن، هەستی نەتەوەیی وەک کاردانەوەیەک

لە بەرامبەریدا بەهێزتر و توندتر دەبێت و هێزی هەستی نەتەوەیی کوردیش، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوە.

ئاشکرایە ئەو هەستی نەتەوەییەی کە بە ئەدەبیات و شیعر و کەفوکوڵی نەتەوەیی دەردەبڕدرێت، هەندێک جار تەنیا وەک هەست نامێنێتەوە، بەڵکو دەگۆڕێت بە بزاوتێک کە خەڵک لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، ئەگەر بێت و ڕۆبچێتە نێو ڕیزەکانی خەڵکەوە. جا ئەگەر بیرەکانی ڕۆبچنە نێو جەماوەریشەوە، ئەوە دەبێتە هێزێکی مادییش.

هەستی نەتەوەیی ئەگەر بە شێوەی دروست ئاڕاستە بکرێت، بخرێتە نێو قاڵبێکی دیموکراتییەوە، بە شێوەی پێشکەوتنخوازانەی میللی دابڕێژرێتەوە، دەبێتە یەکێک لە کاریگەرترین چەکەکانی خەبات دژی کۆڵۆنیالیزم و داگیرکەران و کۆنەپارێزانی بەکرێگیراو.

حەوتەم: لەژێر کاریگەریی ئەو خەسڵەتانەی باس کران، لەگەڵ گۆڕانی هەستی نەتەوەیی بە هێزێکی مادی لە ئەنجامی شۆڕبوونەوەی بە نێو ڕیزەکانی جەماوەردا، بەهۆی سیاسەتی بەکۆیلەکردن و تاڵانکاریی کۆڵۆنیالیستانە کە زیان بە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەگەیەنێت، بەهۆی بوونی سیاسەتێکی توندی چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە کە گەلی کورد بە ئاگرەکەی دەسووتێنێت، وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەوە و بۆ هەوڵەکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بە کاریگەریی هەستی نەتەوەیی بەهێز، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە لایەکەوە خاوەنی بەرەی فراوانی خۆیەتی، کە هەموو چینە نیشتمانییەکانی گەلی کورد لەخۆ دەگرێت، لە لایەکی تریشەوە هەڵگری چەندان ئامانجە، بە مافی چارەی خۆ نووسین و مافە کولتوورییەکان و مافی بانگەشەکردن بە کوردییشەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێزی سەرەکی لە تێکۆشانی نیشتمانییدا، کۆمەڵانی خەڵکە لە جووتیار و کرێکار و زەحمەتکێش و کاسبکار و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان. هەرچی خەڵکە موڵکدار و بۆرجوازییەکەشە، هاوپەیمانی ئەو جەماوەرە زەحمەتکێشەیە لە خەباتی نیشتمانییدا، بەڵام ناتوانایە لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەکە یان بەشداریکردن لە تێکۆشاندا بە ڕۆڵێکی کارایانە، ئەوەش بەهۆی لاوازیی چینایەتی و گەشەنەکردنی بۆرجوازیی کوردی و بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی و مایەپووچیی مێژوویی لەو

بوارەدا. هەروەها بەهۆی ئەو پەرەسەندنە گرنگانەی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا هاتن و پێشتر باس کران.

بۆیە حیزبی پێشڕەوی دیموکراتی، نوێنەرەوەی ئەو جەماوەرە زەحمەتکێشەیە و لەوانەوە هەڵدەقوڵێت و ڕێکخستنەکانیشی هەر لەوان پێکهاتوون. کە وایە ئەو حیزبە، حیزبی ئەو کۆمەڵانی خەڵکەیە، کە زۆرینەی زۆری گەلی کوردیان لێ پێکدێت.

هەشتەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بایەخ و سوودی تایبەتی بۆ گەلان هەیە. بێگومان سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، گورزێکی بەهێزە لە نێوتەنگەی هێزە کۆلۆنیالیستەکان و سەرکەوتنە بۆ دۆزی گەلان، بۆ دۆزی ئازادی کە بۆ هەموو گەلانی دنیا گرنگە. بۆیە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیش، سەرکەوتنی گەلانیشە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی تایبەتی ناوچەی ستراتیجیکی کوردستان و سامانی نەوتی و بە حوکمی ژێردەستەیی کوردستان بۆ سێ حکوومەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەبێتە هۆکاری هەرەسهێنانی ڕژێمە کۆنەپارێزەکانی گرنگترین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دروستبوونی تەنگژەیەک، کە ڕێگە بۆ سەرکەوتنی هێزە دیموکراتییەکانی ناوچەکە خۆش بکات. وەک چۆن گەورەترین زیانیش بە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمان و پیلانگێڕییەکانی دەگەیەنێت، لە جێگەی ئەو قەڵا کۆنەپارێزانەش قەڵایەکی دیموکراتی بنیات دەنێت، بۆیە دەبینین کۆڵۆنیالیزم بە هەموو هێزی خۆی و بە شێوازی جیاواز، بەرەنگاری سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دەبێتەوە.

نۆیەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لەگەڵ بیری شۆڤینی و کۆسمۆپۆلیتیدا ناسازێت. بە دیقەتدان لە خەسڵەتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەتایبەت مەیلی گەلی کورد لە یارمەتیدانی گەلانی دراوسێی نزیک و مامەڵەکردن لەگەڵی، بە حوکمی ئەوەی گەلی کورد، نەتەوەیەکی بچووک و چەوساوە و مەحکومە، بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لەگەڵ بیری شۆڤینی و بیری نەتەوەیی تەریک و کەنارگیرانەدا ناسازێت.

بۆ کۆسمۆپۆلیتیزم-یش کە پاش دووەمین جەنگی جیهانی، بیرۆکە و تێزەکانی بە نێو پێشکەوتنخوازە چەپەکانی کورد و خوێندەوارانی کورددا بڵاو بووەوە، بەهۆی تێکۆشانی

پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ڕووی فیکرییەوە بەزێنرا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییش لە خڵتە و پاشەڕۆکانی پاک کرایەوە، کە ئێستا ئیتر زیاتر لەگەڵی ناکۆکە. مەترسیی سەرهەڵدانی هەندێک بیرۆکەی نەتەوەیی کەنارگیرانە لە سەرەتای شەڕکردن لە کوردستانەوە، دەرکەوت. بۆیە نابێت لە ئاستیدا کارئاسانی بنوێنرێت، بەڵکو دەبێت تێکۆشانی توندی لە دژ بکرێت بۆ ئەوەی هەرچ بنجکێکی کە هەوڵ دەدات ئەقڵییەتی برایەتیی عەرەبی و کوردی ژەهراوی بکات، هەڵبکێشرێت.

ئەرکێکی لەوەش گەورەتر دەکەوێتە ئەستۆی هێزە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکان، کە ئەرکی پەروەردەکردنی جەماوەری عەرەبییە بە ڕۆحییەتی برایەتی لەگەڵ نەتەوەی کورد و ددانانان بە بوون و مافەکانیدا. ئەوەش ئەرکی پێشکەوتنخوازانی کورد لە هێشتنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە پاکی و دوور لە دڕکوداڵی بیری کەنارگیریی نەتەوەیی و هەڵەکانی و هەروەها دەستگرتنی بە خەباتی هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبیدا، ئاسان دەکات.

دەیەم: هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی عەرەبیدا. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد زۆر دەمێکە ڕێگەی هاوخەباتیی لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقیدا، دژی کۆڵۆنیالیزم و حوکمڕانیی کۆنەپارێزی خزمەتکاری و لە پێناو ئازادبوون و حوکمڕانیی دیموکراتی شۆڕشگێڕانەدا، گرتووەتەبەر.

کەس و لایەنە کوردییە هۆشیارەکان زۆر دەمێکە درکیان بە گرنگی و پێویستیی خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی برای عەرەب و کورد کردووە، بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەو بیرە هۆشیارانە خۆی تەیار کردووە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد درکی بەوە کردووە، کە بەرژەوەندیی نیشتمانی لە هاوخەمیی خەباتگێڕانەدایە لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی عەرەبیدا. چەندان ئامانج و ساتی هاوبەش هەن، کە بەرەو لای یەکتر کێشیان دەکەن، بەتایبەت کە بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی عەرەبی، بەردەوام داوای برایەتیی لەگەڵ کورداندا کردووە و بەرهەڵستی هەوڵەکانی تواندنەوە و نکۆڵیکردن لە نەتەوەیان بووە، هەرچەندە چەند لایەنێکی بزووتنەوەی دیموکراتی عەرەبی، زۆر باش لە سروشت و کرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی تێنەگەیشتوون.

بەوجۆرە یەکێتیی ئامانج و یەکێتیی دوژمن و بەرژەوەندی و لێکچوونی بار و دۆخەکان و بارە مێژوویی و جوگرافییەکان، خەباتی هەردوو گەلی عەرەب و کوردیان، یەک خستووە و چەندان پەیوەندی و پەیوەستیی بۆ خوڵقاندوون، کە بەرەو لای یەکتر کێشیان دەکەن و پێکەوەیی خەباتگێڕانەیان بەسەردا دەسەپێنن.

ڕاستە هەڵوێستی شۆڤینیی توێژە کۆنەپارێزەکان، کە نکۆڵی لە بوونی گەلی کورد لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی، کوردستان، دەکەن و دژی سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردن، دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کوردن، دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردن، زیانی کوشندەی بە برایەتیی عەرەبیی کوردی گەیاندووە و زیانی بە دۆخی خەباتی هاوبەشیان گەیاندووە. بەڵام پارتییەکان و شیوعییەکان ڕۆڵی کاریگەریان لەگەڵ هێز و لایەنە پێشکەوتنخوازەکاندا گێڕاوە، کە پشتی دۆزی گەلی کوردیان گرتووە و بەرگرییان لە مافەکانی کردووە لە پێناو پتەوکردن و توندکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و پتەوکردنی پێکەوەیی خەباتگێڕانەیان. ئاشکرایە بارتەقای ئاڵوگۆڕی هاریکاری و یارمەتی و پشتیوانیی دوولایەنە لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە تێکۆشانی نیشتمانیی لە پێناو مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکاندا، برایەتیی خەباتگێڕانە لە نێوان هەردوو گەلدا بەهێز و پتەو دەبێت. بە پێچەوانەشەوە، هەڵوێستیی شۆڤینیی عارەبان، زیانی کوشندە بەو برایەتییە دەگەیەنێت. وەک کاردانەوەیەکیش دژی ئەو هەڵوێستە شۆڤینی و دوژمنکارانەی شۆڤینیست و کۆنەپارێزان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لێیان دوور کەوتووەتەوە و زیاتر لە بزووتنەوەی دیموکراتی عەرەبی، نزیک بووەتەوە.

# پاژی سێیەم

# شۆڕشی نیشتمانیی ڕزگاریخوازیی کوردی

## سروشتی شۆڕشی کورد

پێشتر ئەو ڕاستییەمان ڕوون کردەوە، شۆڕشی چەکداری، ڕێبازی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردە، بەو پێیەی هەر لە سەرهەڵدانەوە بەر هەڵمەتی سەرکوتکردن و تۆقاندنی عوسمانی کەوتووە، کە ئامانجی توندکردنەوەی کۆتی کۆیلایەتی بوو لە گەردنی گەلی کورد و لەناوبردنی دوایین نیشانەکانی سەربەخۆیی هەندێک لە میرنشینە کوردییەکان. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە شێوەی شۆڕشێکدا سەری هەڵدا، کە بەرگری لە مافەکانی کورد دەکات و بەرەنگاری هێرشی چەکداریی تورکی دەبێتەوە. ئاوەهاش شۆڕشی کوردی، تێکەڵ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بوو، تا ئەوەی لە ڕووی ئۆرگانییەوە پێوەی پەیوەست بێت، بە جۆرێک کە شۆڕشی کوردی بووە هاومانای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، کە هەمیشە لە شێوەی شۆڕشی چەکداریدا دەرکەوتووە. ئەوەش خەسڵەتێکی تایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییە، کە کۆڵۆنیالیست و زەوتکاران هەموو ڕێگەکانی تێکۆشانی پەرلەمانی، یان ئاشتیخوازانە، یانیش ڕێگەپێدراویان لێ داخستووە و چەندان جار ڕووبەڕووی هەڵمەتی سەرکوتکردنی چەکدارانە بووەتەوە، کە پێکرا هەڵبژاردنی شۆڕشی چەکدارییان وەک ڕێبازێکی مێژوویی کردووە بە حەتمی بە سەرییەوە. ئەوەش واتە شۆڕشی چەکداری، شێوازی سەرەکیی تێکۆشانی گەلی کورد بووە. بەڵام بەو پێیەی شۆڕش ئامانجی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بووە وەک ئەوەی ڕێباز بوو، بۆیە تەنیا وەک شێوازێکی تێکۆشان نەمایەوە و تەواو، بەڵکو بوو بە هەڵگری دروشم و ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییش. دواتریش بوو بە شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی، کە خاوەنی

ناوەڕۆکێکی نیشتمانیی دیموکراتی بێت. بەو مانایەی، ئامانجی بەدەستهێنانی ئەو چاکسازییە کۆمەڵایەتییانەیە، کە دەبنە کرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی. لێرەدا پێویستە بوەستین تا باسی مانای کۆمەڵایەتیی شۆڕش و شۆڕشی کورد بە دیاریکراوی، بکەین.

## مانا و ناوەڕۆکی شۆڕشی کورد

کاتێک باسی شۆڕش دەکەین، یەکسەر بزووتنەوەی چەکداری یان ڕاپەڕینێکی چەکداری و خوێناویمان بە بیردا دێت. بەڵام بێگومان ناکرێت هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی چەکداری، شۆڕش بێت؛ لەوانەیە بزووتنەوەیەکی چەکداری، هەڵگەڕانەوەیەکی کۆنەپارێزانە بێت. کە وایە شۆڕش چییە و مانای چییە؟

شۆڕش، بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، زنجیرەیەک گۆڕینی ڕیشەییە لە کۆمەڵگەدا، بە جۆرێک کە بنچینە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە و بنیاتە سیاسییەکەی هەڵدەتەکێنرێن و لە جێگەشیان نیزامێکی کۆمەڵایەتیی نوێی پێشکەوتووتر و باڵاتر، بنیات دەنرێت. بەو مەرجەی ئەو گۆڕانکارییانە پێشکەوتنخوازانە و خێرا بن، لە شێوەی بازێکدا، بەو مانایەی کە گۆڕینەکە بە ئاڕاستەی پێشکەوتن بێت بەرەو باشتر و باڵاتر و نوێتر. شۆڕش وەک ئەوەی لینین دەڵێت، بریتییە لە "ڕووخاندنی سەرخانێکی سیاسیی کۆنی ماوە بەسەرچوو لە ڕێی توندوتیژییەوە، کە دژوەستانەوەی لەگەڵ پەیوەندییە نوێیەکانی بەرهەمهێنان لە ساتێکی دیاریکراودا، بووەتە هۆی مایەپووچبوونی".

ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە قووڵ و بنەڕەتییانە بەبێ تێکۆشانێکی شۆڕشگێڕانەی سەخت، نابن، هەر دەبێت لە ڕێی تێکۆشانێکی شۆڕشگێڕانەی چەکدارییەوە ببێت.

گەر بمانەوێت ڕەگەزەکانی شۆڕش شیبکەینەوە، بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم: پرۆسەی گۆڕینێکی کۆمەڵایەتیی ڕیشەیی و بنچینەیی چۆنایەتی و پێشکەوتنخوازانە، بە جۆرێک کە ڕژێمی کۆن لە بنەوە دەڕووخێنرێت و ژیانێکی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە جێگەی بنیات دەنرێتەوە، کە هاوکات پێشکەوتنخوازانە و گونجاویش بێت لەگەڵ پێویستییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە

قۆناغە مێژووییەکەدا.

دووەم: گۆڕانی چۆنایەتی بەرەو باڵاتر و باشتر، بەرەو باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و پەرەپێدانی بەرەو پێشەوە.

سێیەم: گۆڕانکاریی خێرا و چالاکانە لە شێوەی بازداندا.

چوارەم: گەرەنتیکردنی بەرژەوەندیی گەل، یان لای کەم زۆرینەیان.

بۆیە هەر بزووتنەوەیەکی چەکداری یان ڕاپەڕینێک، کە ئەو گۆڕینە جۆرییە بنەڕەتییەی کۆمەڵگە بەرەو باڵاتر و باشتر و بەپێی بەرژەوەندیی زۆرینەی گەل، نەکاتە ماڵ بەسەر خۆیەوە یان نیازی ئەوەی نەبێت بیکات، شۆڕش نییە و بە شۆڕشیش دانانرێت بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی. دەڵێم گەر نیازی ئەوەی نەبێت، چونکە لەوانەیە شۆڕشی ڕاستەقینەش شکست بهێنێت و بە مەرامەکانی نەگات، بەڵام ئەوە خەسڵەتی شۆڕشی لێ ناسێنێتەوە.

ئەو تێکۆشانە چەکدارییانەی ئامانجیان ئەو گۆڕینە چۆنایەتییە کۆمەڵایەتییانەیە، بازنەی شۆڕشن، با گەر ئەرکەکەشیان تەواو نەکەن، هەرچەندە شۆڕشێکی شکستخواردوو یان نیوەناچڵن. بۆیە دەتوانین بڵێین شۆڕشیش، وەک ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، سەرەتا و پەرەسەندن و کۆتایی هەیە. کۆتایی شۆڕشی ڕاستەقینە، بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، تەنیا شکست یان سەرکەوتنی سەربازیی نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی ئامانجەکانە، واتە ئەو گۆڕانکارییە جۆرییە کۆمەڵایەتییانەی، پێویستیی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لەو قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەدا، دەیانخوازێت.

لەوانەیە شۆڕشێکی چەکداری هەر لە یەکەمین سەرهەڵدانەوە، یان لە سەرەتاکانییەوە، دابمرکێتەوە و بە مەرامەکانی نەگات. بەڵام سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوەشی، بە بەردەوامیی شۆڕشەکە دادەنرێت، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی ئەڵقەکانی. وەک چۆن سەرهەڵدانە زۆرەکانیشی بەشێکن لە پەرەسەندنەکانی، چونکە شۆڕشیش ملکەچی قانونی پەرەسەندن و قانونی سەرهەڵدان و گەشەکردن و گۆڕان و پێشکەوتنە. ئەمە لە باسی شۆڕشدا بە گشتی. بەڵام مانای شۆڕشی کوردی چییە و ناوەرۆکی وەها شۆڕشێک چی بێت؟ بە دەربڕینێکی تر، سروشتی شۆڕشی کورد چییە؟

پێشتر ئەوەمان باس کرد، کە شۆڕشی کوردی، ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و هەڵگری دروشم و ئامانجەکانی بوو، لەوێشەوە بووە بە شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی، بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی و ڕزگارکردنی وڵات لە هەژموونی بیانی و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەل. واتە شۆڕشێکی خاوەن ناوەڕۆکی نیشتمانی و دیموکراتی بووە، واتە ئامانجی تەنیا بەدیهێنانی حوکمی نیشتمانی نەبووە، بەڵکو چاکسازیی کۆمەڵایەتییش، کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو باڵاتر پەرە پێ بدات، دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری، کۆتایی پێ بهێنێت و کۆمەڵگەیەکی کوردستانیی پێشکەوتوو و سەردەمیانە بنیات بنێت.

کە واتە شۆڕشی کوردی، شۆڕشێکی نیشتمانییە، واتە ئامانجی ڕزگارکردنی گەلی کوردە لە:

١- ئیمپریالیزم و درێژبوونەوە سیاسی و ئابووری و سەربازی و فیکرییەکانی. لە هەژموونی بیانی کە حکوومەتە زەوتکارەکانی کوردستان دەیسەپێنن، کە بریتییە لە هاوپەیمانیی دەرەبەگ و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری و بۆرجوازیی بیرۆکراسیی گەورە.

کە وایە شۆڕشی کوردی، بزووتنەوەیەکە بۆ ڕزگاریی نیشتمانی، دژی ئیمپریالیزم بە هەموو شێوە و جۆرەکانییەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیمپێریالزمی ئەمەریکی. هەروەها دژی چینی دەرەبەگ و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری و ئەو حکوومەتانەشە، کە لەو وڵاتانەی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی قەوارەیانەوە، نوێنەرایەتیی دەکەن.

شۆڕشی کوردی، شۆڕشێکی دیموکراتیشە. واتە ئامانجی لەناوبردنی دەرەبەگایەتی و ڕیشەکێشکردنی و ڕاماڵینی هەموو پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانی و ڕزگارکردنی ژنان و ڕەهاکردنی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانە و لەوێشەوە، چاکسازییەکی کشتوکاڵیی شۆڕشگێڕانەی ڕیشەیی و ڕزگارکردنی جووتیاران لە کۆتی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و بەرقەرارکردنی یەکسانیی ڕاستەقینەی نێوان ژن و پیاو بۆ ئەوەی ژن، بەو پێیەی نیوەی کۆمەڵگەیە، لە کردەی شۆڕشگێڕانەی ڕووخاندنی کۆمەڵگەی کۆن و بنیاتنانی کۆمەلگەی دیموکراتی نوێدا، بەشدار بێت.

دیموکراتیە، چونکە ئامانجی بەرقەرارکردنی جۆرێک لە حوکمڕانیی نیشتمانییشە

بۆ گەلی كورد بەپێی بنەمای مافی چارەی خۆ نووسین و لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان، یان یەكێتیی فیدراڵ لە چوارچێوەی ڕژێمێكی دیموكراتی میللی بۆ ئەو وڵاتەی لەگەڵیدا دەژی. پرسی یەكخستنی كوردستانیش بە لێكدانی هەموو پارچە ڕزگاركراوەكانی لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا، دەكرێت بۆ داهاتوو بێت. چونكە دەكرێت ئەو یەكێتییە لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی دیموكراتی میللیی عەرەبی یان هەر شێوەیەكی تردا بێت. دەشكرێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی سەربەخۆ، یان یەكێتییەكی فیدراڵی گەلانی شۆڕشگێڕی ڕزگاریخوازی خاوەن ڕژێمی سۆشیالیستی یان دیموكراسیی میللیدا بێت. ناكرێت شێوەی یەكێتیی كوردان لە ئێستاوە بە وردی دیاری بكرێت، هەرچەندە یەكخستنی پارچەكانی نەتەوەی كورد بەشێكە لە مافی چارەی خۆ نووسین، كە گەلی كوردیش وەك هەموو گەلانی تر، هەیەتی. دواجار دیموكراتیبوونی شۆڕشی كوردی، شان بە شانی بەرقەراركردنی حوكمڕانییەكی نیشتمانی - كە بەڕاستی نوێنەرەوەی گەلی كورد بێت بە هەر چوار چینەكانییەوە، كرێكاران و جووتیاران و بۆرجوازیی بچووك و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشكەوتنخواز- مانای دابینكردنی ئازادی و مافە دیموكراتییەكانی كۆمەڵانی خەڵك و ڕێكخراوە و پێشڕەوەكەیانە.

ئەگەر لەو پەرەسەندنە چۆنایەتییەی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد وردببینەوە، كە پێشتر باسم كردن، ئەگەر لەو ڕۆڵە كاریگەرەی پێشڕەوی دیموكراتی وردببینەوە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورددا، لەو دروشمانەش تێدەگەین كە شۆڕش دەیەوێت لەم قۆناغە مێژووییەدا بەدییان بهێنێت. دەكرێت بەم شێوەیە كورتیان بكەینەوە:

١- بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان لە چوارچێوەی عێراقێكی دیموكراتی میللی، واتە بەرقەراركردنی ڕژێمێكی دیموكراسیی میللی تێیدا.

٢- پەرەپێدانی كۆمەڵگەی كوردستان بەرەو باڵاتر و باشتر، بە لەناوبردنی یەكجارەكیی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی سەدەكانی ناوەڕاست، كۆتاییهێنان بە دواكەوتوویی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كولتووری، بنیاتنانی پیشەسازیی نیشتمانی و ئاوەدانكردنەوەی وڵات، بڵاوكردنەوەی مەعریفە و ڕۆشنبیری تێیدا لەسەر ئاستێكی میللیی بەرفراوان و چاكسازیی كۆمەڵایەتیی پێویست.

بەو شێوەیە دەبینین شۆڕشی کوردی، شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتییە. بەڵام ئایا شۆڕشێکە بە مۆدێلە نیشتمانییە کۆنەکە؟ واتە ئایا دەیەوێت حوکمڕانییەکی نیشتمانی بەرقەرار بکات، کە بۆرجوازی و توێژە موڵکدارە نیشتمانییەکان بەڕێوەی ببەن؟

وەڵامەکە نەخێرە... شۆڕشی کوردی شۆڕشێک نییە بە مۆدێلە نیشتمانییە کۆنەکە، بەڵکو شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتی نوێیە. بەو مانایەی دەیەوێت حوکمڕانییەکی دیموکراتی میللی بنیات بنێت، کە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێی نوێنەرەکانییەوە، وەک هێزێکی سەرکردە، بەڕێوەی ببەن و لارییان نەبێت لە بەشداریی توێژە نیشتمانییەکانی تریش وەک هێزی هاوپەیمان، بەو مەرجەی دوژمنایەتیی نەکەن و ڕێ لە چاکسازییە کۆمەڵایەتییە دیموکراتیە پێویستەکانیش نەگرن.

پاشان شۆڕشی کوردی، خوازیاری کۆمەڵێک گۆڕانکاریی قووڵە لە کۆمەڵگەدا، کە توێژی موڵکداری نیشتمانی و بۆرجوازیی نیشتمانی - کە دوو توێژی کۆمەڵایەتیی لە ڕووی چینایەتییەوە لاواز و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوو و لە ڕووی مێژووییەوە دوور لە سەرکردایەتیکردنن - تەنانەت ناشتوانن بیری لێ بکەنەوە، چ جای بگات بەوەی پێی هەستن و جێبەجێی بکەن. ئەوەش پێشڕەوی کۆمەڵانی خەڵک ناچار دەکات، سەرکردایەتیی بکات بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییە کۆمەڵایەتییە قووڵانە، لەوێشەوە ئەم ئەرکە مێژووییە، جێبەجێ بکات.

سەرباری ئەوەی کە لینین دەڵێت: "بێگومان هەموو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی، هەر دەبێت بزووتنەوەیەکی بۆرجوازیی دیموکراتی بێت، چونکە بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتانی دواکەوتوو، جووتیارانن کە نوێنەری پەیوەندییەکانی سەرمایەداری - بۆرجوازیین"، بەڵام شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی بووەتە بەشێک لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانیی دژ بە بۆرجوازیی نێودەوڵەتی و ئیمپریالیزمی جیهانی. هاوکات بۆرجوازیی نیشتمانی بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی و سروشتی شۆڕشی نیشتمانیی نوێ و سروشتی ئەم سەردەمەی ئێستامان، چیتر ناتوانێت بە سەرکەوتوویی تا کۆتایی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی بکات. وەک چۆن جووتیارانیش بوونەتە سوپای سەرەکیی بزووتنەوە و شۆڕشی نیشتمانی، ئەوان و کرێکارانی هاوپەیمانیان هێزی

سەرەکیی پشتەوەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتین. چونکە جووتیاران هێزی سەرەکیین لە شۆڕشی نیشتمانیدا، لە کاتێکدا کرێکاران هێزی پێشڕەون تێیدا. بۆیە لە چاخی هەرەسهێنانی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی سۆشیالیزم، لە سەردەمی سەرهەڵدانی پێشڕەوی شۆڕشگێڕیی نوێ و ناتوانایی بۆرجوازی لە بەردەوامیدان بە تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی درێژمەودا لە سەرووی گەلەوە، لە سەردەمێکدا کە بۆرجوازی تەنانەت ناتوانایە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی بۆرجوازیی دیموکراتیش، بە جۆرێک کە مێژوو ئەرکی سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و بەدیهێنانی ئامانجە ڕزگاریخوازییە دیموکراتییەکانی خستووەتە ئەستۆی چینی کرێکار، بەو پێیەش شۆڕشی نیشتمانی بووە بە شۆڕشێکی دیموکراتی نوێ لە هەموو وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو و نیمچە کۆلۆنیزەکراودا، ئەوا شۆڕشی کوردییش بووە بە شۆڕشێکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بە مۆدیلێکی نوێوە، شۆڕشێکی دیموکراتی میللی. پاشان ئەو کرێکار و جووتیارانەی کە هێزی سەرەکین لە پشتییەوە، ئەوانەی دەتوانن بەردەوام بن لە شۆڕش تا ئەوەندەی هەموو ئەرکە ڕزگاریخوازی و دیموکراتییەکانی بەجێ دەگەیەنێت (لە کاتێکدا بۆرجوازی و لایەنە نیشتمانییە موڵکدارەکان تەنیا لە قۆناغێکی دیاریکراویدا بەشداری شۆڕش دەکەن و مەیلیشیان لە سازشکردن و چارەی ناوەندی وەستانە لە نیوەی ڕێگەکەدا)، ناشکرێت بە سەرکردایەتیی بۆرجوازی یان حیزبی نەتەوەیی بۆرجوازی تا کۆتایی، ڕازی ببن، بەڵکو بەرژەوەندییە چینایەتی و نیشتمانییەکانیان و بەرژەوەندییەکانی شۆڕش و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیشی وا پێویست دەکەن، شۆڕشی کوردی ببێتە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی، کە چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی پڕچەک بە تیۆریای سۆشیالیزمی زانستی، سەرکردایەتیی بکەن. بۆیە ڕژێمی حوکمڕانی لە داهاتووی کوردستاندا، دەبێت حوکمڕانییەکی دیموکراتی میللی بێت، حوکمڕانیی کرێکاران و جووتیاران و بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار، تا ئەو حوکمڕانییە بێ هیچ وەستان و خاوەخاوییەک بگۆڕێت بۆ سۆشیالیزم.

بەڵام ئایا ئەوە مانای وایە کە شۆڕشی کوردی، شۆڕشێکی سۆشیالیستییە؟

وەڵامی ئەمەشیان هەر نەخێر، شۆڕشی سۆشیالیستی نییە. چونکە ئامانجی بەرقەرارکردنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نییە، ناشیەوێت هەموو کەرتەکانی ژیان خۆماڵی بکات، بەتایبەت کێڵگە و زەوییەکان. هەروەها لەبەر ئەوەشی، کە پایە مادییەکانی بنیاتنانی ڕژێمی سۆشیالیستی لە کوردستاندا، بەدی ناکات. بێگومان ئەوەش مانای وا نییە کە جەماوەری کورد و پێشڕەوە دیموکراتییەکەی، دژی سۆشیالیزم بن یان نەیانەوێت بنیاتی بنێن. بەڵکو زۆر بە سادەیی واتە: مەرجە مادییەکانی بنیاتنانی ڕژێمی سۆشیالیستی، لە قۆناغی هەنووکەدا بەردەست نین. چونکە وەک ئاشکرایە، سۆشیالیزم بە ئومێد و ئاوات و تەنیا بە خۆماڵیکردنیش بنیات نانرێت، هەر دەبێت بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتیدا تێپەڕ بێت بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ بنیاتنانی سۆشیالیزم خۆش ببێت. دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگیرێت، کە شۆڕشی کورد هەندێک لەو دەستکەوتانەی بۆ سۆشیالیزم پێویستن، بەدەست دەهێنێت، وەک خۆماڵیکردنی پیشەسازییە قورسەکان و کانزاکان و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و دارستانەکان و ڕێگەی پەرەپێدانێکی شۆڕشگێڕانەش دەگرێتە بەر لەگەڵ هەستانی بە چەندان چاکسازیی دیموکراتی وەک چاکسازیی کشتوکاڵی و حوکمڕانیی دیموکراتی، کە هەموو ئەمانەش لە ناوجەرگەی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی بۆرجوازیین. هەروەها شۆڕشی کوردی بە بەدیهێنانی دیموکراسیی میللی، بەبێ پسان بنچینەکانی گواستنەوە بەرەو سۆشیالیزم دادەنێت.

دەبێت کە باسی مانای شۆڕشی کوردی دەکەین، هەمیشە ڕاستییەکی گرنگمان لەبیر بێت، ئەویش بوونی حیزبێکی پێشڕەوی دیموکراتی شۆڕشگێڕی - نابۆرجوازییە، کە لە سەرەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و لە پێشەوەی ڕیزی شۆڕشگێڕەکانییەوە بێت. هەروەها لاوازیی حیزبی بۆرجوازیی خێڵەکی لە کوردستان ومایەپووچیی توێژە موڵکدار و بۆرجوازییە کوردەکان لە بواری سەرکردایەتیی مێژوویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردی و لە ئەنجامی ئەو پەرەسەندنانەی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا هاتن، وەک ئەوەی باسمان کرد.

بە کورتی، شۆڕشی کورد بریتییە لە:

شۆڕشێکی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی دیموکراتی میللییە، کە لەگەڵ دۆخی تایبەتی کوردستاندا دەگونجێت و هەماهەنگە، ئامانجیشی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی کوردستانە بەرەو بالاتر و باشتر لە ڕێگەی دیموکراسیی میللییەوە بەرەو سۆشیالیزم. گەر بگەڕێینەوە سەر شۆڕشی کوردی وەک ڕووداوێک لە کوردستان، دەبینین لە شۆڕشێکی نیشتمانیی خاوەن ئامانجی سیاسیی پەتییەوە، گۆڕاوە بۆ شۆڕشێکی سەردەمییانەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. شۆڕشی کوردی بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و بەپێی پێویستییەکانی سەرکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردستانیش پەرەی سەندووە.

شۆڕشی کوردی لەو شۆڕشانەیە، کە چەندان جار لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا سەری هەڵداوەتەوە، کە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیە، واتە شۆڕشێکە خاوەن چەندان ئەڵقەیە. بۆ ئەوەشی بیرۆکەیەک دەربارەی شۆڕشی کوردی و هەندێک لە سەرهەڵدانەکانی و وردبوونەوە لە پەرەسەندنەکانی، بەدەستەوە بدەین، هەندێک زانیاری لە بارەی ئەم سەرهەڵدانانەی خوارەوە بە خوێنەری بەڕێز دەدەین:

# شۆڕشی نیشتمانیی کورد
# بە سەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری
# ١٨٨٠ - ١٨٨١

ئەو شۆڕشە کوردییەی بە سەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە شەمزینان، سەری هەڵدا، بە یەکێک لە گرنگترین بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دادەنرێت، ئەوەش لەبەر بەرفراوانیی و لەخۆگرتنی ناوچەیەکی زۆر و گرنگی کوردستان و ئامانجە نەتەوەییە ڕوونەکانی. دکتۆر شاکر خصباک لە بارەیەوە دەڵێت[١٤٩] :

"ساڵی ١٨٨٠ شۆڕشێکی تری کوردی لە ناوچەی شەمزینان بە ڕێبەرایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا سەری هەڵدا، کە لە ناوچەکەی خۆیدا دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو. شێخ عوبەیدوڵڵا ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بوو، بەو مەرجەی هەر بە ناو لە سایەی سەرپەرشتیاریی تورکیادا بێت. عوبەیدوڵڵا لە سەپاندنی هەژموونی بەسەر ناوچەیەکی بەرفراواندا، سەرکەوت و زۆر چاکسازیی جێبەجێ کرد، کە لە باریاندا بوو ڕاوڕووت و تاڵانکاری بنبڕ بکەن و هانی کشتوکاڵ و کاری بنیاتنەریش بدەن".

شێخ عوبەیدوڵڵا پێش دەستپێکی شۆڕش، بە مەبەستی ڕاوێژ پەیوەندیی بە زۆرێک لە پیاوانی ئاینی و سەرۆک خێڵەکانەوە کرد. وەک جۆرێک لە ئامادەسازییش، شێخ عوبەیدوڵڵا سەرۆکایەتیی کۆنگرەیەکی کەوتە دەست، کە نوێنەری خێڵەکان لە ١٨٨٠ لە گوندی نەهری بەستیان وەک ڕێخۆشکردن بۆ شۆڕش. لەوێدا بڕیار درا کۆمەڵەی خێڵە کوردییەکان پێک بهێنرێت، کە بە سوودوەرگرتن لە هەستی ئاینی و ئەو دۆخەشی ئیمپراتۆریای عوسمانیی تێکەوتبوو، ئاڵای تێکۆشانی دژی داگیرکەرە تورک و فارسەکان بەرز کردەوە. ئەوەش بە وردبوونەوە لە وتارەکەی عوبەیدوڵڵا لە کۆنگرەی ناوبراوی

---

١٤٩- هەمان سەرچاوەی پێشووی دکتۆر خەسباک، بە گواستنەوە لە:
**Parliamentary Papers, Turkey, no. 1881 ,11, pp. 375-310.**

خێڵەکاندا، ڕوون دەبێتەوە، کە تێیدا وتی[١٥٠] :

"ئیمپراتۆریای عوسمانی پێش ٥٥٠ ساڵ دامەزرا، عوسمانییەکان بە ڕێگەیەکی ناڕەوا حوکمڕانییان گرتە دەست. حکوومەتی عوسمانی پاش ئەوەی ٤٠٠ - ٥٠٠ ساڵ حوکمی کرد، وازی لە ئاینی ئیسلام هێنا و ڕێچکەی کوفری گرت. لەو کاتەشەوە بەردەوام لاواز دەبێت و لە ڕووخان و تیاچوون، نزیک دەبێتەوە. بۆیە ئەی ڕۆڵە ئازیزەکانم، گەر بەپێی ڕاسپاردەی باب و باپیرانیشمان بێت، بەرگەگرتنی ئەم ستەم و بەکۆیلەکردنە سەپاوە ئیتر بەسە لە لایەن تورکانی ملهوڕەوە. دەبێت نەک هەر ئێمەی کورد لە تورکیای عوسمانیدا، بەڵکو کوردانی ئێرانیش لە چنگی ئەو دوو حکوومەتەی بەربەست و ڕێگرن لە ڕابوونمان، ڕزگارمان ببێت. بۆیە باپیرانمان فەرمانیان پێداوین، کە هەمووان خوێنی خۆمان لە پێناو ئاین و ئازادیی نیشتمانەکەماندا، بکەینە قوربانی".

هەروەها چەند لایەنێکی ڕەهەندی نیشتمانیی شۆڕشەکەی شەمزینان، لەو نامەیەی سەرکردەی شۆڕشەکە، شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ کونسوڵی بەریتانی لە ئورمیە، دەردەکەوێت، کە تێیدا هاتووە[١٥١] :

"کورد گەلێکی ئازا و ئازادن، چەندان خەسڵەتی چاکیان تێدایە، دابونەریتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. سەرباری ئەوەش، دوژمنان دەیانەوێت وەک مرۆڤکوژ و دڕندە ناویان ببەن.

پیاوە دەسڕۆیشتووە کوردەکانی تورکیا و ڕووسیا و ئێران، لەسەر یەک ئامانج کۆکن. بۆیە دەبێت چارەیەکی خێرا بۆ مەرگەساتیان بدۆزرێتەوە، ئەگینا کوردان خۆیان چارەی گونجاو دەدۆزنەوە، چونکە چیتر بەرگەی ئەو ستەم و کوشتوبڕەی دوژمنانیان ناگرن. ئێمە هەرگیز لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا کەمتەرخەم نابین، هەرچیشمان هەیە بە ڕۆحی خۆیشمانەوە دەیکەینە قوربانی، دوایین دڵۆپی خوێنی خۆمان دەڕێژین بۆ

---

١٥٠- بڕوانە تێزی پێشووی دکتۆر شەمزینی، کە ئەو چەند پارچەیەی وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵای لە ک.ب. کامسارکان، کونسوڵی گشتیی ڕوسیا لە شاری وان- لە سەروبەندی شۆڕشەکەدا- وەرگرتووە، لە کۆی ئاماری مادەکانی جوگرافیا و تۆپۆگرافیا دەربارەی ئاسیا، چاپی ١١، سەینت پیترسبۆرگ، ١٨٨٤، ل ٣٤ی چاپە ڕوسییەکەی.

١٥١- ئارشاک سافراستیان، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٦٢.

ئەوەی بەرەنگاری هەردوو دەوڵەتی تورکی و ئێرانی ببینەوە و داوای مافی سەربەخۆییمان بکەین".

بەو شێوەیە دەبینین ئامانجەکانی شۆڕش، بریتیین لە نەهێشتنی ستەمی تورک و فارس لەسەر گەلی کورد و ڕزگاریی کوردستان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. ئامادەیی بۆ قوربانیدان و بەرگەگرتنی پێویستییەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەش، دەبینین. لە بارەی ئامانجەکانی شۆڕشەکەوە، (ئا. ئا. ئاراليكيەن) لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی کوردانی ئێران، دەڵێت[١٥٢] :

"بیرۆکەی پێکهێنانی کۆنگرەی خێڵە کوردییەکان، لە نێو گەلی کوردەوە سەری دەرهێنا، بەو پێیەی شێخ عوبەیدوڵلا بەڕاستی هەوڵی دا کە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێنێت".

پاش تەواوبوونی کۆنگرەی خێڵە کوردییەکان و کاتێک نیشتمانپەروەران شکستی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ فەرمانڕەوا و دەوڵەتانی بیانی و لە بەدیهێنانی تەنانەت بەشێکی ئامانجەکانیشیاندا دیت، بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، کە پیاوێکی ئاینیی گەورە و خاوەن دەسەڵات و ڕێزی زۆر بوو لە سەرانسەری کوردستاندا، ڕاپەڕیین. لە هەموو لایەکی کوردستانەوە خۆبەخشان پەیوەندییان بە ڕیزەکانی سوپای شۆڕشەکەوە دەکرد، لە کوردانی شەمزینان و موکریان و سۆران (شارەزوور) و بادینان و وان و هی تریشەوە. شۆڕش لە سەرەتاکانیدا چەند جارێک سەرکەوتنی سەربازیی تۆمار کرد و شارەکانی مەهاباد و ئورمیە و هەموو ناوچەکانی خۆرئاوای ئازەربایجان و ناوچەی موکریان و شەمزینان و چەند بەشێکی ناوچەی بادینانیشی، ئازاد کرد. نیشتمانپەروەرانی کورد، دەستیان کرد بە ڕێکخستنی ئیدارەی نیشتمانی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا.

پاش ئەوەی لە چەند شەڕێکدا کوردان سوپای ئێرانییان بەزاند، شۆڕشگێڕانی کورد ڕوویان لە شاری تەورێز کورد بۆ ئازادکردنی، حکوومەتی ئێرانییش هاواری بۆ هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و ڕووسیای قەیسەری برد. ئەوانیش بەدەمییەوە و بە هانایەوە هاتن، ڕووسیای قەیسەرییش بە مەبەستی لێدانی شۆڕش، سوپای خۆی کۆ کردەوە.

---

١٥٢- بڕوانە تێزەکەی دکتۆر شەمزینی.

پاش دەستوەردانی بیانی و هەڕەشەی بەکارهێنانی سوپای قەیسەری و ڕێککەوتنی تورکیا و ئێران دژی شۆڕشەکە و کۆکردنەوەی بەشێکی زەبەلاحی سوپاکانیان، شۆڕش ناچار بوو بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی دەربارەی داواکارییە کوردییەکان، ڕازی بێت. شێخ عوبەیدوڵڵا هەڵخەڵەتا و بە سەرۆکایەتیی شاندێکی کوردی، چووە پایتەخت. لەوێش دەستگیر کرا و لەبری دانوستان لەگەڵی، خرایە زیندان. فشاری ئینگلیز و قەیسەرییەت کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر هەڵخەڵەتانی شێخ و چوونی بۆ ئاستانە.

دەستگیرکردنی شێخ، بووە هۆی کۆتاییهاتنی ئەو گەڕەی شۆڕشی کوردی، چونکە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکە ڕێکخراو و خاوەن سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ نەبوو، بەڵکو مۆرکی خێڵەکی و دەسەڵاتی تاکەکەسی بەسەریدا زاڵ بوو.

بەڵام شۆڕشەکەی شەمزینان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی بە شێوەیەکی باشتر مشتوماڵ کرد و پێویستی و ڕێگەکانی یەکخستنی هێزە نیشتمانییە کوردییەکانی، دەرخست. بەوەش ڕێی بۆ دەرکەوتنی گردبوونەوە و کۆمەڵە کوردییەکان خۆش کرد، وەک چۆن هەستی نەتەوەیی کوردیی مشتوماڵ کرد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی لە چێوەی ناوچەگەرایییەوە دەرهێنا بۆ چوارچێوەی هەموو کوردستان. پەڕەیەکی نوێیشی لە پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن هەڵدایەوە، کە شێخی سەرکردە پەیوەندیی باشی لەگەڵیاندا هەبوو و بە کردەوەکانیشی پەیوەندیی کورد - ئەرمەنی پتەوتر کرد.

شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتیی شێخ مەحمود و سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی بەریتانیا

هێشتا جەنگی جیهانی کۆڵ و باری نەخستبوو، توێژ و دەستە نیشتمانپەروەرە کوردییە جیاوازەکان، هاوشێوەی گەلانی تری ئیمپراتۆریای عوسمانی، کە داوای مافی خۆیانیان دەکرد، دەستیان دایە داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردان بۆ ئەوەی ئازاد و سەربەخۆ بن. کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی بە ڕێککەوتن لەگەڵ فەرەنسا، بەڵێنی دابوو کە جارێکی تر، ڕێگە بە گەڕانەوەی هەژموونی تورکی بەسەر گەلانی غەیرە تورکی وەک کورد و عەرەب و ئەوانی تریشدا، نەدەن. لەوەش زیاتر، بەریتانیا و فەرەنسا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە، تێیدا پەیمانی هاریکارییان لە پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان، لە سایەی سەرپەرشتیی خۆیاندا بێگومان، بەو گەلانە دا!

نیشتمانپەروەرانی کوردیش ویستیان سوود لە دۆخی باوی پاش جەنگەکە وەربگرن، بۆیە بە ئومێدی گەیشتن بە جۆرێک لە ڕێککەوتن، کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد مسۆگەر بکات، تەنانەت گەر لە سایەی سەرپەرشتیی بەریتانیاشدا بێت، پەیوەندییان بە بەریتانیاوە کرد. نیشتمانپەروەرە دڵپاکە کوردەکان هێشتا ئاگایان لە فرتوفێڵ و شێوازەکانی کۆلۆنیالست نەبوو، بەڵکو گومانی سوودی هاوبەشی کوردستان و بەریتانیاشیان لێ دەکرد. بەتایبەت کە بانگەشەی ئازادی و مافی چارەی خۆ نووسینی گەلان و پرەنسیپەکانی ویڵسن-ی ئەمەریکی، لە هەموو گوێیەکدا دەزرینگانەوە و هەروەها لەبەر ئەوەشی، کە سروشتی چینایەتیی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی، موڵکدار، بۆرجوازی، یان ئاینی بوو.

لە شاری سلێمانی - پایتەختی میرنشینی کوردیی ناسراوی بابان - شێخ مەحموودی حەفیدی کاک ئەحمەدی شێخ، ناودارترین پیاوی ئاینی، ناوبانگ و دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، بەتایبەت کە تورکان کردبوویانە حاکمی سلێمانی و چەک و جبەخانەی ئەوێشیان ڕادەست کردبوو، کە ئەوەش بەهێزتری کرد. ئەوانە لە سەروبەندی کۆتاییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا بوون. لە کاتی نزیکبوونەوەی ئینگلیز لە ناوچەکە، پاش داگیرکردنی کەرکووک و دەرپەڕاندنیان ڕووەو باشوور، سەرۆکە کوردەکان کۆبوونەوەیەکیان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود ڕێکخست و بڕیار درا بە نێردەیەکی تایبەتدا، نامەیەک بدرێتە حاکمی ئینگلیز لە عێراق و داوای حوکمڕانییەکی کوردی بە سەرپەرشتیی ئینگلیز، بکرێت. هەرواش کرا، نامەیەک نێردرا بۆ کفری[١٥٣] ، کە درایە دەستی ئەفسەرە ئینگلیزەکان. کاتێکیش نامەکە گەیشتە دەست سێر ئارنۆڵد ویڵسن، حاکمی سەربازیی بەریتانی لە

١٥٣- مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەشی یەکەمی یادداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات، کە شێخ مەحمود لە کاتی گەیشتنی ئینگلیز بە کەرکوک، نامەیەکی بۆ ناردن، داوای لێ کردن لە پیکهێنانی حوکمڕانییەکی کوردیدا بە سەرپەرشتیی بەریتانیا، یارمەتیی بدەن. بەڵام پاش کشانەوەی ئینگلیز لە کەرکوک و گەڕانەوەیان بۆ کفری، نامەیەک بە واژۆی ژمارەیەکی زۆری سەرۆکانی کورد، بە شێخ مەحمودیشەوە، نێردرا بۆ ئینگلیز. سوپای ئینگلیز بۆ یەکەم جار لە ٧ی نیسانی ١٩١٨ بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ مارشاڵ، کەرکوکی داگیر کرد. بڕوانە یادداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٦، ل ٥١. مامۆستا حیلمی لە لاپەڕە ٥٧ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێت، کە شێخ مەحمود، دووەم نامەی بۆ ئینگلیز بە هەردوو بەڕێز عیزەت تۆپچی و ئەحمەد فایەقدا ناردە کفری.

بەغدا، ڕازی بوو کە مەیجەر نۆئێل بە کۆمەڵێک ڕێنمایی تایبەتەوە، بنێرێتە سلێمانی. ئەویش لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ گەیشتێ، کۆبوونەوەیەکیشی ڕێکخست کە پیاوانی ئاینی و سەرۆک خێڵەکان و پیاوماقووڵانی شارەکە ئامادەی بوون. تێیدا بە ناوی حکوومەتی بەریتانیاوە، دانانی شێخ مەحموودی وەک (حوکمدار)، واتە فەرمانڕەوای گشتیی کوردستانی باشوور بە مووچەی پازدە هەزار ڕوپێ و دانانی مەیجەر نۆئێل - واتە خۆی - وەک ڕاوێژکاری شێخ مەحموودی حوکمدار ڕاگەیاند.

ئەوەش هەنگاوێکی زیرەکانەی ئینگلیز بوو لە کوردستان، کە بەریتانیای کۆڵۆنیالیستی، بەو پێیەی سوپای ئینگلیزی یان تورکیی تێدا نەبوو، سەرەتا دەیویست لەو ڕێیەوە هەژموونی خۆی بەسەر کوردستانی ڕزگارکراو [١٥٤] لە سوپای بیانیدا، بسەپێنێت. پاشان هەر لەو ڕێیەشەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر عێراقدا بچەسپێنێت و زەمینەیەکیش بۆ خۆی لە کوردستاندا بخوڵقێنێت و هەندێک لە سەرۆک خێڵ و دەسترۆیشتووەکانیش، بکڕێت. ئەوەش بۆ ئەوەی کە دەسەڵات لە کوردستاندا پەیدا بکات و بیخاتە ژێر سەرپەرشتیی خۆیەوە، تا لە دانوستانی لەگەڵ فەرەنسادا، تای تەرازووی خۆی قورستر بکات. چونکە بەپێی ڕێککەوتننامەی کۆڵۆنیالیستیی نهێنیی سایکس- پیکۆ، کوردستانی باشوور پشکی فەرەنسا بوو. ئینجا بۆ ئەوەی کوردستانی باشوور بکاتە خاڵی دەستپێکی سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر کوردستانی خۆرهەڵات و ناوەندیدا، کە نیشتمانپەروەرانیان داوای مافی چارەی خۆ نووسین و سەربەخۆییان دەکرد و بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئاشتەوایی و داواکردنی سەربەخۆیی کوردستانیش، شاندێکیان بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشا ناردبووە پاریس. هەروەها و لەوەش زیاتر، وردەکاریی پلانی کۆڵۆنیالیستیی بەریتانیا و چۆنێتیی جێبەجێکردنی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، شێوەی کۆتایی وەرنەگرتبوو و کێبڕکێی کۆڵۆنیالیستییش لەسەر دابەشکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەستی پێکردبوو. لە کاتێکدا بە پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی کۆڵۆنیالیستیی سایکس - پیکۆوە، بەریتانیا پیلانی دەستگرتنی بەسەر پشکەکانی فەرەنسای دادەنا لە ڕێی دەستگرتنی بەسەر سووریا و

١٥٤- مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە لاپەڕە ٦١ی هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: «نۆئێل و لە پشتیشەوە وێڵسن، ویستیان سوود لە دەسەڵاتی شێخ مەحمود وەربگرن و بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی، قەڵەمڕەویی بەریتانیا لەو ناوچەیەدا بسەپێنن»

کوردستانی باشووردا، فەرەنسا و ئیتالیا و ئەمەریکا زوو زوو داوای پشکی خۆیانیان دەکرد.

کاتێک بەریتانیا چووە مەیدانی سات و سەودا و سازش و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان، لوەید جۆرج، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، توانی کلیمانسۆ، هاوتا فەرەنسییەکەی، بخەڵەتینێت و لە چوارچێوەی پەیماننامەی (سان ڕیمۆ)دا سازشی لە کوردستانی باشوور بۆ بەریتانیا، پێ بکات. لە بەرامبەردا بەشێک لە نەوتەکەی پێ بدات و وەک بەشێک لە ڕێککەوتنێکیش بوو، کە تێیدا بەریتانیا سەرلەنوێ ددانی نا بە سەپاندنی هەژموونی فەرەنسا بەسەر سووریا و لوبناندا. دواتر کلیمانسۆ، پەشیمانیی خۆی بۆ لەدەستدانی کوردستانی باشووری دەوڵەمەند بە نەوت و کانزا و سامانی تریش، دەربڕی. بەو شێوەیە، مەیدانی کێبڕکێ لەسەر کوردستانی باشوور بۆ بەریتانیا یەکلا بووەوە، بەڵام پەیوەندیی دۆستانەی نێوان بەریتانیا و شێخ مەحموود درێژەی نەکێشا، چونکە پاش گواستنەوەی مەیجەر نۆئێل و دانانی مەیجەر سۆن[155] لە پۆستی ڕاوێژکاری حوکمدار، ناکۆکییەکان دەرکەوتن. ، کاتێکیش مەیجەر سۆن دەستی دایە پیلانگێڕی دژی شێخ مەحموود، ئاغاوات و دەسترۆیشتووانی کوردی دەکڕی و دژی شێخ مەحموود دنەی دەدان، ناکۆکییەکان توندتر بوون. مەیجەر نۆئێلیش ئینگلیز ناردبووی تا بە کوردستانی ناوەندیدا بگەڕێت، کە تا ئەوکاتیش هاوپەیمانان هەڵوێستێکی دیاریان لە بارەیەوە نەبوو. چونکە پێشتر بەشێک بوو لە پشکەکانی ڕووسیای قەیسەری، کە ڕووخا و ڤلادیمیر لینین، سەرکردەی شۆڕشەکەی، وازهێنانی ڕووسیای سۆڤیێتی لە هەموو جیاوگەکانی ڕووسیای قەیسەریی ڕاگەیاندبوو. ڕێبەرە کوردەکانی ئەو ناوچانەش، بەردەوام سەریان لە هاوپەیمانان دەدا و داوای حوکمڕانیی کوردییان دەکرد.

---

١٥٥- مەیجەر سۆن (E. B. Soane) پێش یەکەمین جەنگی جیهانی بە نهێنی سەری لە کوردستان دابوو، وردەکاریی سەردانەکەشی لە کتێبەکەیدا باس کردووە:
To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise

مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەگێڕێتەوە، کە سۆن کۆلۆنیالیستێکی لووتبەرز بووە، زۆر ڕقی لە شێخ مەحمود و حوکمڕانییەکەی بووەتەوە. هەر لە هاتنیشییەوە بۆ سلێمانی لە شوباتی ١٩١٩وە پاش گواستنەوەی مەیجەر نۆئێل، دەستی دایە پیلانگێڕی دژی حوکمڕانیی شێخ مەحمود. بیڵ، حاکمی بەریتانیی کۆیسنجەق و هەندێک لە ئەفسەرە ئینگلیزەکانی تریش، ڕۆڵیان لە دنەدانی ئاغاواتی کورد دژی شێخ مەحمود و حوکمڕانییەکەی، گێڕا. لە کاردانەوەی هەوڵەکانی سۆن و ئەفەسەرانی تری ئینگلیزیشدا دژی حوکمڕانیی کوردی بە سەرکردایەتیی شێخ مەحمود، خەڵک لە شێخ بێزار بوون و شێخیش لەوان تووڕە بوو (یادداشتەکانی مامۆستا حیلمی، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم).

کۆمیسیاری باڵا(مەندوبی سامی)ی بەریتانیا لە ئیستانبوڵ لە بروسکەیەکیدا بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا لە ١٨ی نیسانی ١٩١٩، هەڵوێستی سەرکردە کوردەکان بەم شێوەیە باس دەکات[١٥٦] :

"عەبدولقادر- هەرچەندە سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتە - دەستپێشخەر بوو لە نوێنە

رایەتیکردنی کۆمیتەی کوردان لێرە و داوای سەربەخۆیی کوردان و ڕزگاریی لە کۆیلایەتیی بێزراوی تورکان دەکات".

لە بروسکەیەکی تردا لە ٣ی ئایار، دەڵێت "ئەوان دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیانیان دەوێت. دەیانەوێت بۆ هەمیشە لە دەست تورکان ڕزگاریان ببێت، کە بە قسەی ئەو، واتە عەبدولقادر، هیچیان نەکردووە. زۆر بە ناخۆشییش باسی دەکردن".

بەڵام بەریتانیا لەسەر سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی خۆی بەردەوام بوو، لە لایەک بە هاریکاری لەگەڵ حوکمی خەلیفە لە ئیستانبوڵ، لە لایەکی تریشەوە بە دژایەتیکردنی حوکمی شێخ مەحموود لە کوردستانی عێراق. ئەم دوژمنایەتییەش بووە هۆی دروستبوونی پێکدادانی چەکداری لە نێوان ئینگلیز و کورددا. پاش ئەوەی نیازی دوژمنکارانەی ئینگلیز دژی حوکمی شێخ مەحموود ئاشکرا بوو و هەوڵەکانیشیان لە دژی ئەو زیاتر و توندتر بوون، شێخ مەحموود فەرمانی بە مەحموود خانی دزڵی، یەکێک لە نزیکترین پشتیوانانی دا، کە سلێمانی داگیر بکات. ئەویش لە شەوی ٢١/٢٠ی ئایاری ١٩١٩ فەرمانەکەی جێبەجێ کرد و ئەو ئەفسەر و سەربازانەی ئینگلیزیش کە لە شارەکەدا بوون، دەستگیر کران. کاتێکیش هێزێکی بەریتانی بە مەبەستی داگیرکردنی سلێمانی هـاتن[١٥٧] ، هـێزێکی شۆڕشگێڕی کـوردی لـە ناوچەی تاسلوجەی نزیکی سـلێمانی،

١٥٦- صلاح سعدالله، كردستان والحركة الوطنية الكردية، بغداد، ص ٢٢.

١٥٧- لە ٢٣ی ئایاری ١٩١٩، هێزێکی بەریتانی بە سەرکردایەتیی کۆلۆنێل بریجس کە پێکهاتبوون لە هێزی پیادە و ژمارەیەک زرێپۆش، هەوڵی دا جارێکی تر سلێمانی داگیر بکاتەوە، بەڵام هێزێکی کوردی بە سەرکردایەتیی شێخ مەحمود لە تاسڵوجەی نزیک سلێمانی، بەرەنگاریان بوونەوە و تووشی شکستێکی گەورەیان کردن. لە ٢٥ی ئایار، هێزە بەریتانییەکە گەمارۆ درا و پاش شەڕێکی سەختیش، کۆلۆنێل شکا. دواتر هێزێک بە سەرکردایەتیی کۆلۆنێل کیندی بە هانایەوە هات. سەرچاوە ئینگلیزییەکان ددانیان بەم زیانانەی خوارەوەدا ناوە: کوژرانی مولازم پۆل لە کەتیبەی ٣٢، برینداربوونی کاپتن جیسۆلیم و مولازم دیکسن، کوژرانی هەشت لە ئەفسەران و سەربازان، دوازدە بریندار و چواردە بێ سەروشوێنی تر کە فەرمانده تۆمسن-یشیان تێدا بووە. بڕوانە یادداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ل ١٢٠.

ڕووبەڕوویان بوونەوە و تووشی شکستێکی گەورەیان کردن و زیانی زۆری مادی و گیانیی لێدان – بە کوژراو و برینداریشەوە – و بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنییشیان دەست بەسەردا گرت. جەنگی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و کۆلۆنیالیزمی بەریتانی تا ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٩ بەردەوام بوو، تا کاتێک لە (دەربەندی بازیان) شەڕێکی گەورە هەڵگیرسا و هێزەکانی بەریتانیا، جگە لە هێزی پیادە، زرێپۆش و فڕۆکە و تۆپهاوێژیشیان دژی هێزە کوردییەکان بەکار هێنا، کە خودی شێخ مەحموود سەرکردایەتیی دەکردن[١٥٨] . لە ئەنجامی خیانەتی هەندێک لە ئاغاکانی هەمەوەندەوە، هێزەکانی ئینگلیز دزەیان کردە پشتەوەی هێزە کوردییەکانەوە. پاش شەڕێکی سەخت، کە خودی شێخ مەحموود تێیدا بریندار بوو، ئینگلیز سەرکەوتن و هێزە شۆڕشگێڕە کوردییەکەیان پەرتەوازە کرد و شێخ مەحموودیشیان بەدیل گرت، کە گواستیانەوە بۆ کەرکووک و پاشان بۆ بەغدا و درایە دادگای سەربازیی

١٥٨- سەرکردایەتیی گشتیی سوپای بەریتانی، فەرمانی دا بە فیرقەی ١٨ بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ فرایزەر لە موسڵ، کە بچن و شۆڕشی کوردی بە سەرکردایەتیی شێخ مەحمود سەرکوت بکەن. پاش شکستی ئینگلیز لە تاسلوجە، شێخ پەنای بردە بەر دەربەندی بازیان و هێزێکی ٥٠٠ سوارەیی چەکداری بە سەرکردایەتیی شێخ قادری برای، نارد بۆ (بنە) لە باکووری چەمچەماڵ بۆ ئەوەی ڕێگەی کەرکوک-چەمچەماڵ ببڕن. کاتێکیش هێزێکی بەریتانی لە ٣٠ی ئایار هەوڵی دا بچێتە چەمچەماڵ، هێزێکی کوردی بەرەنگاریان بووەوە و پەرتەوازەی کردن. هێزێکی کوردیی تر بە سەرکردایەتیی مەحمود خانی دزلی، لە (قەرەهەنجیر)ی نزیک کەرکوک هێزێکی ئینگلیزیی گەمارۆ دا، کە مەیجەر فرایزەر سەرکردەی بوو. فیرقەی هەژدەی بەریتانییش بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ فرایزەر، دەیویست بگاتە کەرکوک بە مەبەستی پاراستنی هێزێکی تر بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ ساندوس لە هەولێر و ئاڵتون کۆپری. لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٩دا ئەو هێزە بەریتانییەی گەشتبوونە چەمچەماڵ، ئامادەکارییان بۆ هەڵکوتانە سەر دەربەندی بازیان، تەواو کردبوو. ئینگلیز لە ١٩ی حوزەیران لێزانانە فێڵێکی سەربازییان جێبەجێ کرد، کاتێک هێزێکیان بە چاوساغیی یەکێک لە ئاغاکانی هەمەوەند، دزەی کردە پشتەوەی حەشارگەکانی شێخ مەحمود. بەوەش شێخ کەوتە تەنگژەوە، چونکە هێزەکانی بەریتانیا لە دواوە بە ڕەشاش هێرشیان کردە سەری و لە پێشەوەش بە تانک و تۆپهاوێژ. کوردان لە بەرگریکردن ماندوو بوون، ٤٨ کەسیان لێ شەهید بوون، لە نێویاندا حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ و تاهیر ئەفەندیی بەڕێوەبەری پۆلیسی شێخ هەبوون. ئەو ئەفسەرە کوردانەشی لە سوپای تورکیاوە هاتبوونەوە و دابوویانە پاڵ هێزەکانی شۆڕش، لەگەڵ شێخدا دەستگیر و دیل کران، لەوانەش قادر ئەفەندی قەرەداغی و عیزەت مەدفەعی و عەبدولقادر عایشە خان و ڕەشید جەودەت و ڕەشید غەفور و ئەدهەم ئەفەندی و عەلی یاوەر ساڵح، کە برانە زیندا¬¬نی بەغدا. بڕوانە یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧-١٢٨.

بەریتانی. شێخ ڕەتی کردەوە ددان بە دەسەڵاتی دادگا لە دادگاییکردنیدا بنێت، بەو پێیەی ئەو حوکمداری کوردستانە و ئینگلیز یان دادگایەکی سەربازیی بەریتانی، کە بیانییە، هیچ دەسەڵاتێکی وای نییە. بەڵام دادگا بە لەسێدارەدان سزای دا، دواتر حوکمەکەی گۆڕی بە زیندانیکردنی هەمیشەیی و شێخ مەحموود بۆ هندستان دوورخرایەوە.

پێش پێکدادانی چەکدارانەی شێخ مەحموود لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیدا، بنەماڵەی (گۆیان)ی کوردی دانیشتووی باکووری زاخۆ، بە گژ هێزەکانی بەریتانیادا چووبوون. لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٩ لە نزیک گوندی (بیجو)، کاپتن (پیەرسن)ی حاکمی سیاسیی بەریتانیا لە شەڕێکی نێوان ئینگلیز و شۆڕشگێڕانی گۆیاندا، کوژرا.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات، کە بێزاری لە ڕەفتاری ئینگلیزە لووتبەرزەکان گەشتبووە ئەوپەڕی و خەڵک لە حوکمی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، تەواو بێتاقەت بوون، هیواشیان بە بەریتانیا نەما، کە پێشتر پێیان وا بوو ڕزگارکەری گەلانە. بەڵکو ڕوون بووەوە کە دەوڵەتێکی کۆڵۆنیالیستییە و لە دڕندەییشدا، هیچی لە دەوڵەتی عوسمانی کەمتر نییە.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی، کە وەک هاریکار و وەرگێڕی بێڵ ئان سۆنی ئەفسەری بەریتانی، تێکەڵی ڕووداوەکان بوو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوبراو، بەپێی ڕێنماییەکانی (ویڵسن)ی حاکمی گشتیی عێراق، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی لەناوبردنی حکوومەتی شێخ مەحموودی داوە و خێڵەکانیشی لە دژ هان داوە، کە ئەوەش حەقیقەتی نیازەکانی ویڵسن دژی کوردان ئاشکرا دەکات.

### هۆکارەکانی کۆتاییهاتنی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموود

هەڵە سەربازییەکانی سەرکردایەتیی شێخ مەحموودی حەفید، لە گرنگترین هۆکارەکانی زوو کۆتاییهاتن و بەردەوام نەبوونی شۆڕشەکەی بوو دژی بەریتانیا. شێخ مەحموود هانای بۆ شەڕی دەستەویەخە (ڕووبەڕوو) برد لەبری تاکتیکی جەنگی پارتیزانی، کە ئەگەر شێخی پاڵەوان پێڕەوی بکردایە، بەرهەمی دەبوو، بەتایبەت کە شۆڕشەکەی سۆز و پشتیوانیی فراوانی زۆربەی خەڵکی لەگەڵ بوو. هەروەها بەشداریی شێخ لە

سەرکردایەتیکردنی یەکە سەربازییەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا، سەرباری ئەوەی نیشانەی ئازایەتی و پاڵەوانێتیی بوو، بەڵام پاش برینداربوون و دەستگیرکردنی، بووە هۆی کۆتاییهاتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی چەکدار، کە ئەگەر مەسەلەی برینداربوون و بەدیلگیرانی شێخ نەبوایە، بەو خێراییە کپ نەدەبووەوە.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت، لە سەروەختی پێکدادانی شێخ مەحموود لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیای کۆڵۆنیالیستیدا، هاوەڵی بێڵ، ئەفسەری ئینگلیزی بووە. تێبینیی کردووە کە خەڵکی ناوچەکانی ڕەواندز و شەقڵاوە و ڕانیە و کۆیسنجەق، سۆز و دڵگەرمییەکی زۆریان بۆ شۆڕشی کوردیی ڕزگاریخوازیی شێخ مەحموود هەیە و زۆرێکیش ئامادە بوون بچنە ڕیزی شۆڕشەوە ئەگەر شێخ بەشێک لە هێزەکانی بنێرێتە ناوچەکانیان. لە شوێنێکی تر و لە ژێر ناونیشانی هەڵەی شێخ مەحموود لە شۆڕشەکەیدا، مامۆستا حیلمی دەڵێت[١٥٩] :

"شێخ ئازایەتی و پاڵەوانێتیی خۆی لەو شۆڕشەدا نیشان دا، بەڵام ڕاوێژکار و یارمەتیدەری دڵسۆز و لێهاتووی نەبوو. گەر پاش شکستی بەریتانیا لە شەڕی تاسلووجە، شێخ مەحموود هێزەکانی لە شێوەی یەکەی چەکداری پارتیزاندا بە ناوچە جیاوازەکاندا بڵاوە پێ بکردایە، تا هەرچی لایەنگرانی شۆڕش هەیە لەخۆی بگرێت، لەبری ئەوەی هێزەکانی بە سەرکردایەتیی خۆی لە دەربەندی بازیاندا کۆ بکاتەوە، ئەوە دەبووە هۆی بێزاری و ڕەتاندنی هێزەکانی بەریتانیا و دووریش نەبوو کە شۆڕشەکەی سەربکەوێت."

جگە لەوەی باس کرا، نەبوونی بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی ڕێکخراو، کە هەموو لایەکی کوردستانی عێراق بگرێتەوە و نەبوونی حیزبێکی نیشتمانی، کە هێزی گەلی کورد لە ناوچە جیاوازەکاندا کۆ بکاتەوە و هێزە کوردییە چەکدارەکانی دژی بەریتانیا، کە ئەوکات هەر زۆریش بوون، هەماهەنگ و کۆ بکاتەوە، ئەوانەش سەرباری باڵادەستیی بەریتانیا لە ڕووی ژمارە و چەک و تانک و فڕۆکەوە، هۆکار بوون بۆ لەناوبردنی خێرای شۆڕشی کورد.

ئاشکراشە کە ئەو بزووتنەوە نیشتمانییەی مۆرکێکی تاکەکەسی یان خێڵەکی لە سەرکردایەتییەکەیدا وەردەگرێت، ئەگەر سەرکردە تاقانەکەی بکوژرێت، بەدیل بگیرێت

١٥٩- یادداشتەکانی، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ل ٣٨.

یان بخەڵەتێنرێت، ناتوانێت زۆر ملەجەڕێ بکات و بمێنێتەوە، هەروەک ئەوەی لە یەکەم شۆڕشی نیشتمانیی شێخ مەحموودا بینیمان.

**ڕاستیی سیاسەتی بەریتانیا و مانۆڕەکانی**

جەوهەری سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی بەریتانیا لە هەمبەر کوردستان، بەکۆیلەکردن و تالانکردنی کوردستان بوو. بەڵام ناکۆکی لەسەر چۆنێتیی ئەو ئەرکە، تا ماوەیەک لە نێو کارمەندان و بەرپرسانی ئینگلیزدا مایەوە. سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی بەریتانیا لێزانانە و بە خێرایی خۆی لەگەڵ دۆخی گۆڕاو و پێشهاتە نوێیەکاندا، دەگونجاند. لەسەر شێوازی حوکمڕانیی کوردستانی باشوور و هەڵوێستی لە بارەی کوردستانەوە بەگشتی، تا ساڵی ١٩٢٣ و ١٩٢٤ نەگیرسایەوە، کاتێک بە شێوەی کۆتایی بڕیاری دا کوردستانی باشوور بلکێنێت بە عێراقی عەرەبییەوە و کوردستانی ناوەندییش بخاتە بەردەم بەزەیی کەمالیستەکان و کوردستانی خۆرهەڵاتیش بەردەم بەزەیی تاران.

مانۆڕ و گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتی بەریتانیادا بەم شێوەیە بوون: لە سەرەتاوە سیاسەتی بەریتانی بەرەو ئەوە دەچوو، ژمارەیەک ویلایەتی کوردی لە ژێر هەژموونی سەرۆکانی کوردی دەستڕۆیشتوودا و بێگومان بە سەرپەرشتیی بەریتانیا، دروست بکات. ئەوەش لەو کاتدا، شێوازی دڵخوازی وەزارەتی کۆڵۆنییە بەریتانییەکان بوو.

چونکە وەها شێوازێک، هەندێک ئارەزووی خەڵک، بەتایبەت دەستڕۆیشتووان، تێر دەکات و لە ڕێی دابەشکردنی وڵاتیشەوە بۆ چەندان یەکە، ڕێگە لە بەدیهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی دەگرێت. هەروەها پێڕەوکردنی سیاسەتی (پەرت بکە و زاڵ ببە) لەگەڵیدا، ئاسانتر دەبێت و بەریتانیاش لە بەردەم جیهان و کۆمەڵەی گەلاندا وا خۆی نیشان دەدات، کە گەلان بۆ حوکمکردنی خۆیان بە خۆیان، ڕادەهێنێت. وەک چۆن ئەم شێوازە بەڕێوەبردنی ئەو گەلانەی لە سایەی حوکمی بەریتانیادان، ئاسانتر دەکات، ئەوەش بە ئیستیغلالی کەسانی لۆکاڵی یان دروستکراوی تایبەتی خۆی. لەوانەیە هەندێک لە خەڵکی ناوخۆییش، بە ئامانجی پەرەپێدانی ئەو ئیدارە خۆجێییە بەرەو حوکمڕانییەکی نیشتمانی لە داهاتوودا، حەز بکەن بچنە سایەی ئەو حوکمڕانییە بەریتانییەوە.

لە کاتێکدا کە بەریتانیا بەنیازی بەدیهێنانی ئامانجە کۆلۆنیالیستییەکانی خۆی و کردنی نیشتمانپەروەرە کوردەکان بە بازیچەی دەستی و کردنی ئەو دەوڵەتۆکە کوردییانە بوو بە داوێک بۆ گرتنی نیشتمانپەروەرە کوردەکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی سەربازیی بەریتانی و هاوکات سوودوەرگرتن لێی بۆ ترساندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لە عێراق و تورکی لە تورکیا، کوردەکان ئومێدیان وا بوو، کە ئەو ئیدارە و دەوڵەتۆکە کوردییانەی بەریتانیا بەنیازە دایانبمەزرێنێت، بگۆڕن بە حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆ.

لە کاتی پێکدادان و ناکۆکیی بەریتانیا و شێخ مەحموودا، سەید تەهای نەهری، نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بە ئومێدی ڕازیکردنیان بە یارمەتیدانی کوردان لە دامەزراندنی حکوومەتێک بە سەرپەرشتیی بەریتانیا، گەیشتە بەغدا تا پەیوەندی بە ئینگلیزەوە بکات. نوێنەری سیاسیی بەریتانیا لە بەغدا، لە ١٢ی ئایاری ١٩١٩ بروسکەی ژمارە ٥٣٥٤ی بۆ سکرتێری وەزارەتی هندستان لە لەندەن نارد، کە تێیدا گوتوویەتی[١٦٠] :

"بەڕێز تەها گەیشتە بەغدا و دیدارێکی درێژم هەبوو لەگەڵی. بەڕێز تەها ڕایگەیاند، کە نیازی ئەو لە هاتن بۆ بەغدا، داواکردنی کوردستانێکی یەکگرتووە - کوردانی ئێرانیشی لە نێودا - لە سایەی پارێزگاریی بەریتانیادا. کاتێکیش پێم ڕاگەیاند کە هێندەی پەیوەندیی بە کوردانی ئێرانەوە هەیە، چاوەڕێی هاوکاریی ئێمە نەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا، نائومێدییەکی گەورەی پێوە دیار بوو. بەشێک لە داواکارییەکانی بریتی بوون لە لێبووردنی گشتی و دروستکردنی چەند ئیدارەیەکی کوردیی خاوەن ئۆتۆنۆمی، هەروەها پێشکەشکردنی یارمەتیی مادی لە لایەن حکوومەتی بەریتانییەوە، وەک ئەوەی لە عێراقدا هەیە".

لە ٥ی حوزەیرانی ١٩١٩دا سکرتێری وەزارەتی هندستان لە لەندەن بە بروسکەیەکی خێرای ژمارە ١٩٢ وەڵامی دایەوە و تێیدا وتی: "پێشنیاز دەکەم بەڵێنی لێبووردن نەدرێت"، هەروەها وتیشی "دڵخۆش دەبم ئەگەر هەرچی زووە بۆچوونی خۆتم لەسەر ناوچە دیاریکراوەکان پێ بڵێیت. تکایە ئەگەر هێشتا لەسەر ئەو بۆچوونەی کە دیاربەکر و ئورفا

---

١٦٠- ئەو بروسکانەی نێوان لەندەن و بەغدا کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێ دەکەم، لە کتێبەکەی ئەندازیار سەلاحەدین سەعدوڵڵا (كردستان والحركة الوطنية الكردية)وە وەرمگرتوون، بۆیە بەو تۆزە ئاماژەپێکردنە دەسەکنێم.

لە دەوڵەتی عێراق بەدەر بکرێن، پێم بڵێ".

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە بەریتانیا بە دوای شێوەیەکی پەسەندی سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر کوردستاندا، دەگەڕێت و لەو بارەیەشەوە چەند بۆچوونێکی جیاواز هەبوون.

بۆچوونی یەکەم: بەپێی بۆچوونی حاکمی بەریتانی لە بەغدا[١٦١]، پێویستە کوردستانی باشوور بلکێنرێت بە عێراقەوە و لەو حکوومەتەی کوردستان، کە ئەوکات بابەتی قسە و تاوتوێ بوو، دەربهێنرێت، بەتایبەت کە لەو سەروبەندەدا شاندێکی کوردی لە پاریس بوون و سوور بوون لەسەر داوای سەربەخۆیی کوردستانی ناوەندی. ئەو بۆچوونەش بە ڕوونی لە بروسکەی نوێنەری بەریتانی لە بەغدا بە ناونیشانی (کوردستان) لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩١٩ بە ژمارە ٦٦٦٦ دەردەکەوێت، کە تێیدا هاتووە:

---

١٦١ – سێر ئارنۆڵد وێلسن، حاکمی بەریتانی لە بەغدا، یەکێک بوو لە سەرسەختترین دوژمنانی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، وەکچۆن لە سەرسەختترین دوژمنانی سەرکردەی شۆڕشی کوردی، شێخ مەحمودیش بوو. وێلسن لە کتێبەکەیدا دەڵێت، نەیاری گۆڕینی حوکمی لەسێدارەدانی شێخ مەحمود بووە بۆ زیندانیکردن لە لایەن لەندەنەوە، کە دادگایەکی سەربازیی بەریتانی لە ١٩١٩ لە بەغدا بەسەریدا سەپاندبوو، دەڵێت: «مانەوەی شێخ مەحمود بە زیندێتی، ئومێدیکە بۆ لایەنگرانی و تۆقینێکە بۆ دوژمنانی. چونکە لایەنگرانی، بە ئومێدی گەڕانەوەی ئەو، لە هەڵوێنستەکانیان پاشگەز نابنەوە. دوژمنانیشی لە ترسی ئەو، ئاسوودە نابن. بەکورتی، تا کاتێک شێخ زیندوو بێت، ئاسایش لە کوردستاندا بەرقەرار نابێت». بڕوانە یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

بەڵام وێلسن سەرباری دوژمنایەتیی بۆ شێخ مەحمود، ددان بە پاڵەوانێتییدا دەنێت کە دەڵێت: «لە نەخۆشخانە لە بەغدا سەرم لە شێخ مەحمود دا، بە بوێری و حەماس و ئازایەتییەوە وتی، کە هیچ دادگایەکی بەریتانی و غەیری بەریتانی، بۆی نییە دادگایی بکات. چونکە ئەو بەپێی مافی شەرعی کە هاوپەیمانان ددانیان پێدا ناوە، شەڕی ئینگلیزی کردووە، ئامادەشە گیانی پێشکەشی کورد و کوردستان بکات». وێلسن لە درێژەدا ئەمەش دەڵێت: «شێخ چواردە بەندەکەی وێلسن-ی سەرۆکی ئەمەریکی، کە بۆ کوردی وەرگێڕدرابوون، بەبیر هێنامەوە و پاش ئەوەی قورئانێکی دەرهێنا کە بەندەکانی لە نێودا دانابوو، بۆی خوێندمەوە. هەروەها دەقی ئەو بەیاننامەیەشی پێ بوو، کە بەریتانیا و فەرەنسا پێکەوە لە ١٩١٨ لە بارەی مافی نەتەوە بچووکەکانەوە دەریانکردبوو و بڵاویان کردبووەوە». بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو کە پشتی بە کتێبەکەی وێلسن (**Loyalties Mesopotamia, 1914-1920**) بەستووە.

"لەبەر مسۆگەرکردنی سوودەکانی هەبوونی ناوچەیەکی شاخاوی بۆ دەوڵەتی عێراق، کە درەختی زۆر بێت و شیاو بێت بۆ پەرەپێدانی گەورە، دەبێت سنووری تورکی - فارسی بە لای زۆرەوە سنووری خۆرهەلاتی ئەو ناوچانە بێت، کە لەبەر هۆکاری ئابووری و ستراتیجی، بە زۆرینە کوردی دادەنرێن. وا باشترە سلێمانی و ڕانیە و کۆیسنجەق لە چوارچێوەی سنووری ئیدارەی نێوان دوو ڕووبار- میسۆپۆتامیا - بن، هەولێریش یەکێکە لە خاڵەکانی پێکهێنانی هێڵی ئاسنین بەرەو مووسڵ، بۆیە دەبێت وەک ئاکرێ بەدەر بکرێت لە کوردستان. هەروەها دەبێت دهۆک و زاخۆ لە چوارچێوەی میسۆپۆتامیادا بن، بەڵام عیمادیە نا. من وای دەبینم کە سنووری جوگرافیی ئەو هەرێمەی زۆرینەی کوردن، تۆزێک باکووری جزیرە بێت، باکووری نسێبین، باشووری ماردین و باکووری ڕەئسولعەین بە هێڵی پانی ٣٧دا تا برحیک لەوێوە تا فورات و دواتر بەپێی سنووووری ویلایەتەکانی خەرپوت و مەعمورییەی عەزیز و بەتلیس و وان. ئاواش ئەرزنجان و ئەرزڕوم بەدەر دەکرێن، ویلایەتەکانی مووسڵ و بەغدا و بەسرەش دەوڵەتێکی عەرەبی بن لە سایەی سەرپەرشتیی بەریتانیدا".

هەرئەم بۆچوونەش بووکە دواترسەرکەوت، چونکە بەتەواوی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیدا هەماهەنگ بوو و لەگەڵ پیلانگێڕی و گەمەکانیشیدا دەهاتەوە.

بۆچوونی دووەم: بۆچوونی مەیجەر نۆئێل بوو، کە کوردستان دابەش نەکرێت و دەوڵەتی کوردستان دروست بکرێت. ئەو بۆچوونە لە یاداشت و بروسکەکانی مەیجەر نۆئێل بۆ حکوومەتەکەیدا، دەردەکەوێت، کە سکرتێری وەزارەتی هندستان لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لە بروسکەیەکدا بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا، کورتی دەکاتەوە و دەڵێت:

"دەبێت دەست لە چارەنووسی کوردستان نەدرێت، ئەرکی کرداری ئەوەیە کە چۆن بە شێوەیەکی جێگیر و بە ئاشتی و ئارامی لەسەر سنوورەکانی میسۆپۆتامیا، ئەمە جێبەجێ بکرێت. نۆئێل ئامۆژگاریمان دەکات کە سێ مەرج هەن: یەکەم، دەبێت دەسەلاتی تورکی لە کوردستان دوایی پێبهێنرێت؛ دووەم، نابێت کوردستان دابەش بکرێت؛ سێیەم، دەبێت سنوورەکەی هێندەی دەکرێت، بەپێی هێڵی نەتەوەیی - ئیتنۆلۆجی - نێوان کورد و

عەرەب بێت. بە بۆچوونی نۆئێل گەردەست لە چارەنووسی کوردان نەدرێت، دەبنە لایەنگری بەریتانیا، پێویستییشیان بە یارمەتی یان هاندان نابێت تا ڕێگە لە هاتنەناوەوەی تورکان بگرن. هەروەها پێی وایە کە دابەشکردنی وڵاتەکە بە لکاندنی دەوڵەمەندترین پارچەی، واتە کوردستانی باشوور بە میسۆپۆتامیاوە، هەلێک دەبێت بۆ بانگەشەی نەتەوەیی دژ بە بەریتانیا". وەزیرە بەریتانییەکە ئەمەش دەڵێت: "هەرچی دەربارەی خودی کوردستانیشە، هێشتا پێمان وایە کردەیی دەبێت، پشتی پێکهێنانی فیدراڵیزمی دەوڵەتۆکە کوردییەکان کە خاوەن ئۆتۆنۆمیین، بگیرێت، کە لەوانەیە لە نێو خۆیاندا ناکۆک بن، بەڵام نابنە مایەی کێشە بۆ میسۆپۆتامیا".

بەڵام بۆچوونەکانی مەیجەر نۆئێل لە لایەن حاکمی مەدەنیی بەریتانییەوە لە بەغدا، بەرپەرچ درانەوە، کە بە سکرتێری وەزارەتی هندستانی ڕاگەیاند:

"لەسەر سێ مەرجەکەی نۆئێل ڕازی نیم"، ئەوەش لە بروسکەیەکی ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا.

بۆچوونی سێیەم: بۆچوونی ئەو کۆنگرەیە بوو کە بە سەرۆکایەتیی سێر ئی.هێچ. هێرتزل لە ڕۆژی شەممە، ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ لە فەرمانگەی هندستان-دا لە لەندەن، بەڕێوە چوو، کە بەو پێیە:

"بە باوەڕی کۆنگرە - کۆنفرانس - دەبێت ویلایەتێکی کوردی لە سلێمانی لە سایەی سەرپەرشتیی بەریتانیادا هەبێت، ئەنجومەنێکیش بۆ چارەسەری کاروباری نێوان هەردوو زێ. بەڵام دەبێت ڕەواندز بەدەر بکرێت تا کاتێک داوای هاتنەپاڵ دەکات، جزیرەش ناوەندی دەوڵەتێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی بێت لە سایەی سەرپەرشتیی کەسێکدا لە بنەماڵەی بەدرخانەکان".

**بەو شێوەیە، دەشێت لە هەناوی خودی بروسکە ڕەسمییە بەریتانییەکانەوە، حەقیقەتی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی بەریتانیا لە هەمبەر کوردستان لە نیوەی دووەمی ١٩١٩دا، هەڵبهێنجین، کە دەکرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:**

**یەکەم**: هەوڵی بەریتانیا بۆ سەپاندنی دەسەڵات و هەژموونی بەسەر کوردستان بەگشتی و کوردستانی باشوور -عێراق-دا بەتایبەت بە ئاسانترین ڕێگە و کەمترین

سەرئێشە، لەگەڵ ئامادەکاری بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بە هێزی چەکداریش. چونکە پاش پێکدادانی بەریتانیا و شێخ مەحموود و دەرکەوتنی ڕقی کوردان بۆ بەریتانیا وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی، دەبینین سکرتێری وەزارەتی هندستان لە لەندەن لە ٢٢ی ئابی ١٩١٩دا بروسکەیەک بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا دەنێرێت، کە تێیدا دەڵێت:

"حکوومەتی خاوەن شکۆ بە وردی لە پرسی هێڵی ئاسنین لە قزڕەباتەوە بەرەو کفری و کەرکووک، کۆڵیوەتەوە. بەبێ گوێدانە بەکارهێنانی کۆتایی ئەو هێڵە، داواکارین لەبەر هۆکاری ستراتیجی و بۆ پاراستن و ئارامکردنەوەی کوردستانی باشوور، دەستبەجێ دروست بکرێت. حکوومەتی خاوەنشکۆ تا ئێستا پشتیوانی سیاسەتی فراوانکردنی هەژموون بووە لە کوردستانی باشوور، چونکە پێی وا بووە کە خەڵک پێشوازیی لێ دەکەن، بۆیە بە پێشنیازی نێو بروسکەی ٩ی ئایارتان، دەربارەی دروستکردنی کۆمەڵێک دەوڵەتۆکەی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی بە فەرمانڕەوایی سەرۆکە کوردەکان، ڕازی بووە. وا دیارە کە ئەو باوەڕەمان هەڵە بووە، خەڵکیش لەبری پێشوازی لە دەسەڵاتی بەریتانی، دوژمنایەتیی توند نیشان دەدەن، بۆیە ئەو هێڵە ئاسنە ستراتیجییانە، بۆ جڵەوکردنیان زۆر پێویستن".

**دووەم:** ڕەزامەندی و ئارەزووی بەریتانیا لە دابەشکردنی کوردستان بە وازهێنان لە کوردستانی خۆرهەڵات لە سایەی حوکمڕانیی تاران و جیاکردنەوەی کوردستانی باشوور لە پرۆژەی کوردستان، کە دامەزراندنی حکوومەتەکەی پێشنیاز کرابوو و بە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی پێکهێنانی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان، تەنانەت گەر لە سایەی سەرپەرشتیاریی بەریتانیاشدا بێت. بۆیە بینیمان بەریتانیا بە پەیماننامەی (سیڤەر)، کە دەقی لەسەر دامەزراندنی حکوومەتی کوردستانی ناوەندی دابوو، ڕازی بوو، بەڵام هەوڵی دەدا سیاسەتێکی تر لە هەمبەر کوردستانی باشوور جێبەجێ بکات، کە لە ڕووکەشدا ڕەزامەندیی بەراییە لەسەر دامەزراندنی ژمارەیەک دەوڵەتۆکەی کوردی و لە کرۆکدا سەپاندنی هەژموونی بەریتانییە لە ڕێگەی سەرۆکە کوردەکانەوە.

**سێیەم**: گرنگیدانی زیاد بە چەسپاندنی هەژموونی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا (دۆڵی دوو ڕووبار) و پاراستنی سنوورەکەی و فەراهەمکردنی ئاسایش و ئارامی لەسەر سنوورەکان، لەگەڵ هەبوونی پێشنیازێک بۆ لکاندنی چەند بەشێکی کوردستانی باشوور بە حکوومەتە عەرەبییەکەی بەغداوە (کە بڕیارە دابمەزرێنرێت)، بەتایبەت لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە، کە هەریەک لە لیواکانی مووسڵ و هەولێر و کەرکووک و سلێمانیی لەخۆ دەگرت.

ئەم بۆچوونە بوو کە دواتر بوو بە کرۆکی سیاسەتی حکوومەتی بەریتانیا لە هەمبەر کوردستانی باشوور، بەتایبەت پاش ئەوەی شێخ مەحموود ڕەتی کردەوە ببێتە یاری بە دەستی کۆڵۆنیالیستە ئینگلیزەکانەوە و سووریش بوو لەسەر بەدەسهێنانی ئۆتۆنۆمیی تەواو و سنووردارکردنی سەرپەرشتیاریی ئینگلیز بەسەر کوردستانەوە، هەروەها پاش ئەوەی کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیزی بینی، کە گەلی کورد دژی هەژموونی تەواوەتییە. مامۆستا عەزیز شەریف لەو بارەیەوە دەڵێت:

"بەڵام لە کوردستانی باشوور، سیاسەتی بەریتانی ڕاڕا بوو، تا ساڵی ١٩٢٦ لەسەر بۆچوونێک نەگیرسایەوە. ئەوە بوو لە ئایاری ١٩١٩ حکوومەتی بەریتانی فەرمانی بە حاکمی مەلەکیی گشتیی لە عێراق دا، کە چەند دەوڵەتۆکەیەکی ئۆتۆنۆمی بە سەرۆکایەتیی سەرۆک خێڵە کوردەکان، دروست بکات، بەو مەرجەی ئەوانە لە سایەی ڕێنوێنیی ئەفسەرانی ئینگلیزدا کار بکەن. هاوکات هۆشداری کردەوە هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنێت، کە نیشانەی جێگیریی سیاسەتی بەریتانیا بێت. لە سلێمانی حکوومەتێکی بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود دامەزراندبوو، لە سەروەختی نووسینەوەی پەیماننامەی (سیڤەر)یشدا لە ١٩٢٠، پرۆژەی دەوڵەتی کوردیی هێنایە ناوانەوە، پاشان لە بەرامبەر بەرهەڵستیی تورکاندا، لەو پرۆژەیە پاشگەز بووەوە. لە ١٩٢٢ حکوومەتی بەریتانیا لەگەڵ حکوومەتی عێراقی دەستکردی خۆیدا، کە لە سایەی ماندێتی بەریتانیدا بوو، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا پشتیوانیی خۆی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوور، دەربڕی، بەڵام لە ١٩٢٣ لەو پرۆژەیە پاشگەز بووەوە. هۆکاری ئەو ڕاڕاییە لە سیاسەتی بەریتانیدا، جگە لەو دانوستانانەی کە تێیاندا کۆڵۆنیالیزمی فەرەنسی بەپێی ڕێککەوتننامەی سان ڕیمۆ لە

١٩٢٠، وازی لەو ناوچانە هێنا بۆی، دەکرێت بۆ دوو هۆکاری سەرەکی بگەڕێتەوە:

ا- متمانەنەکردنی سیاسەتمەدارانی ئیمپراتۆرییەکە بە کوردێکی خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ، کە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا پشتی پێ ببەستن.

ب- دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی هەڵوێست لەگەڵ حکوومەتی نوێی تورکی - کەمالی - و دیاریکردنی ئاڕاستە سیاسییەکانی.

بۆ هۆکاری یەکەم، بینیمان کە کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی ڕووی لە شێخ مەحموود، دەسەڵاتدارترین سەرۆک خێڵە کوردەکان، نا و کردی بە حوکمداری سلێمانی و ڕایگەیاند، کە لارییان نییە لەوەی دەوڵەتەکەی، خێڵە کوردییەکانی ناوچەی زێی گەورە تا ڕووباری دیالە لەخۆ بگرێت. بەڵام خواستەکانی شێخ و شێوازەکانی، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا نەدەهاتنەوە. یەکێک لە موعتەمەدەکانیان لە بارەی شێخەوە دەڵێت: "سەرئێشەی سەرەکیمان بوو، پیاوێکی نەزانە، بەڵام سافیلکەیەکی پەریئاسا نییە. لە حاڵەتی نەبوونی حامییەشدا، زۆر توندە. ڕابردووشی لە سەردەمی حوکمڕانیی تورکیدا، جێی متمانە نییە، چونکە لە یاخیبوونێکی هەمیشەییدا بوو دژی حوکمڕانیی تورکی". جا ئەم تاوێرە ڕەقە لەکوێ و مەڕمەڕەکەی فەیسەڵ لەکوێ، کە بە دڵی بیناکارانی ئیمپراتۆرییەت و بەگوێرەی ئامانجەکانیان بوو؟!

هەرچی هۆکاری دووەمیشە، واتە هەڵوێستی حکوومەتی تورکی و سازشکردنەکان، ئەو دڕندەیەی شۆڕشی کوردیی ١٩٢٥ی پێ سەرکوت کرا، ئاڕاستە فاشییەکەی دیاری کرد. لە هەمان ساڵیشدا بۆ لکاندنی ویلایەتی مووسڵ، کە کوردستانی باشووری لەخۆ دەگرت، بە عێراقەوە، بەریتانیا بڕیارێکی لە کۆمەڵەی گەلان وەرگرت. لە ١٩٢٦ لە پەیماننامەی سێقۆڵیی ئەنقەرەدا، کە لە حوزەیران و لە نێوان بەریتانیا و عێراق و تورکیادا مۆر کرا، لێکتێگەیشتنی تەواو فەراهەم بوو، ڕەنگی دایەوە و نووسرایەوە" [١٦٢].

لە ساڵی ١٩٢٠یش بەریتانیا لەسەر هەمان سیاسەتی بەردەوام بوو، بەتایبەت پاش تەقینەوەی بە ڕووی بەرگرییەکی نیشتمانیی عێراقیدا، کە لە شۆڕشی ١٩٢٠دا گەیشتە لووتکە و پاش ئەوەشی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیی مستەفا کەمال، دژ بە بەریتانیای سەری هەڵدا

---

١٦٢- بڕوانە تێزەکەی مامۆستا عەزیز شەریف (المسألة الكردية في العراق). نقلًا عن رسالة الاستاذ عزيز شريف – المسألة الكردية في العراق.

و زیاتر لە سۆڤییێت نزیک دەبووەوە. بۆیە بەریتانیا دژی بەندەکانی سیڤەر نەوەستایەوە، کە ددانی بە مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ناوەندی و ئەگەری چوونەپاڵی کوردانی کوردستانی عێراقیشدا دەنا، پاش ئەوەی ئەو کوردستانەی لە سایەی هەژموونی تورکیدا بوو، سەربەخۆ دەبێت.

لە کاتی ڕاپرسییەکەش بۆ هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ وەک پاشای عێراق و دواتریش هەڵبژاردنی پەرلەمان، حاکمی سەربازیی بەریتانی لە عێراق، ناوچەی کوردستانی لە عێراقی عەرەبیی بەدەر کرد - کە دەویسترا حکوومەتە عەرەبییەکەی پێک بهێنرێت - تا کاتێک چارەنووسی کوردان یەکلا دەبووەوە، کە ئەو لە نێوان بەشداری و ڕەتکردنەوەدا سەرپشکی کردبوون.

وەک چۆن مادەی ١٦ لە بەڵگەنامەی ماندێتیش ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتبوو:

"هیچ شتێک کە لەم ماندێتەدا هاتووە، ڕێگە لە لایەنی ماندێتکراو ناگرێت کە حکوومەتێکی سەربەخۆ لە ڕووی ئیدارییەوە لە ناوچە کوردییەکاندا، بەو شێوەیەی بۆی دەلوێت، دابمەزرێنێت".

لە کتێبەکەی بەڕێز ئەحمەد فەوزیدا هاتووە[١٦٣] :

"کاتێک لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا حکوومەتی کاتیی عێراق پێکهات و دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و حکوومەتی کاتیی عێراقیش بە سەرۆکایەتیی نەقیب، سەرقاڵی ئامادەکاری بوون بۆ ڕاپرسی لەسەر دانانی فەیسەڵ وەک پاشای عێراق، بەریتانییەکان هەوڵیان دا چارەیەکی تایبەت بۆ کوردان بدۆزنەوە. بۆیە نوێنەری باڵای بەریتانی نووسراوێکی بڵاو کردەوە، کە تێیدا هاتبوو:

نوێنەری باڵا بە کردەوە لەو ڕێوشوێنە ئیدارییانە ورد دەبێتەوە، کە دەبێت لە داهاتوودا لە هەمبەر ئیدارەی ناوچە کوردییەکاندا بگیرێنە بەر. پێی گەیشتووەتەوە کە کەسانێک ترسیان هەیە لەوەی بە حکوومەتی بەغداوە بلکێنرێن و بەو هۆیەشەوە، داوای جۆرێک لە سەربەخۆیی دەکەن. هەروەها ئەوەشی پێ گەیشتووەتەوە کە سەرکردەکانی ڕای گشتیی کوردی، هەست بەو پەیوەندییە ئابووری و پیشەسازییانە دەکەن، کە بە عێراقیانەوە دەبەستن. لەم حاڵەتەدا جەنابی نوێنەری باڵا پێی خۆشە شتێک ببێت، کە بە لای بەدیهێنانی خواستە ڕاستەقینەکانی کورددا بچێت. گەر ئەوان پێیان باشترە لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقدا بمێننەوە، ئەو ئامادەیە بەم شێوەیەی خوارەوە پێشنیازی چارەسەر بۆ دەوڵەت بکات:

---

١٦٣- قاسم والاكراد، خناجر وجبال، ل ٨٣.

١- لە پەیوەندی بە ناوچە کوردییەکانی لیوای مووسڵەوە، کە بەشێکن لە سنووری ماندێتی بەریتانی، لیوایەکی لاوەکی لە قەزاکانی زاخۆ و ئاکرێ و دهۆک و عیمادیە پێکدێت، کە ناوەندەکەی دهۆکە.

٢- جەنابی نوێنەر مشوری پرسی بەشداریی ئەفسەرانی بەریتانی لە ئیدارەی هەولێر و کۆیسنجەق و ڕەواندزدا دەخوات، پەیمانیش دەدات ڕەچاوی خواستی خەڵکی ناوچەکە لە پرسی دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا، بکات.

٣- سلێمانی وەک موتەسەریفیە مامەڵە بکرێت، کە موتەسەریفێک بەڕێوەی ببات، بەو مەرجەی خودی نوێنەر دەستنیشانی بکات و ڕاوێژکارێکی ئینگلیزییشی بۆ دابنرێت. تا کاتێکیش موتەسەریفێک دەستنیشان دەکرێت، حاکمی سیاسیی بەریتانیا لە جێگەکەی دەبێت".

بەرگریی کوردی دژی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، لە دۆخێکدا کە هیچ لە بەرژەوەندیی بەریتانیادا نەبوو، بەردەوام بوو، چونکە لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی شۆڕشی عێراق و بزووتنەوەی مستەفا کەمال-یش دەبووەوە. لە ١٩١٩ لە هەموو لایەکی کوردستانی باشوورەوە، ڕاپەڕینێکی کوردیی چەکداری دژی بەریتانیا سەری هەڵدا. لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٩ چەکدارە کوردەکانی بنەماڵەی کۆیان، کاپتن (پیەرسن)یان کوشت. لە ١٥ی تەمووزیش خەڵکی عیمادیە بە ڕێبەرایەتیی حاجی شەعبان ئاغا، ڕاپەڕین و ماکدۆناڵد، حاکمی سیاسیی بەریتانی و بەڕێوەبەری پۆلیسیان، کوشت. خەڵکی بەرواریی باڵا-ش لە ڕاپەڕینەکەدا بەشدار بوون. لە ٨ و ٩ی ئابی ١٩١٩ شۆڕشگێڕانی عیمادیە بە سەرکردایەتیی حاجی ڕەشید بەگ، لە تەنگەی (مزورکە) ڕێیان لە هێزێکی گەورەی بەریتانی گرت و پاش شەڕێکی قورسیش، هێزە بەریتانییەکەیان لەناو برد. پاش هەفتەیەک لەو شەڕەش، دۆسکییەکان بە سەرکردایەتیی تاهیر ئاغا و بە هاوکاریی سادق برۆ و سلێمان قەتێ لە ڕێبەرانی گلی و سیندی، پریان دایێ و لە تەنگەی (سوارە تووکە) بەرۆکی هێزێکی بەریتانییان گرت و زیانی زۆریان پێ گەیاندن. لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ چەکدارە کوردەکان لە ناوچەی ئاکرێ، ڕێیان لە هێزێکی بەریتانی گرت و کۆلۆنێل (بیڵ) و کاپتن (سکۆت)یان لە نزیک (پیرە کەپرە) کوشت. لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩یش هێزێکی کوردیی چەکداری پێکهاتوو لە بارزانی و زێبارییەکان، شاری ئاکرێیان داگیر کرد.

ئەوەی جێی داخە، ئەم ڕاپەڕینە کوردییە چەکدارییانە، سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو یان هەماهەنگی یان هاریکارییان نەبوو، بەڵکو لێکتر دوور و بێئاگا بوون.

لە ۱۹۲۱ ئۆزدەمیر پاشا لە ڕەواندز دەرکەوت و بە ناوی تورکیاوە حوکمی دەکرد، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ویلایەتی مووسڵ بەشێکە لە خۆی، بەتایبەت کە لە کاتی مۆرکردنی ئاگربەستی (مۆندۆرۆس)دا، داگیر نەکرابوو، کە بەپێی ئەو ئاگربەستەش هێڵی سنوور بەو شوێنانە دیاری کرا کە هێزەکانی بەریتانیا پێیان گەیشتوون. ئەوەشی سەرئێشە و کێشەکانی بەریتانیای زیاتر کرد، ناجێگیریی دۆخی عێراق و کوردستانی باشوور بوو، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە سەرۆک خێڵەکانی لایەنگری شێخ مەحموود دەستیان دابووە ئۆپەراسیۆنی جەنگی دژی هێزەکانی بەریتانیا.

دۆخەکە بۆ بەریتانیا تا دەهات خراپ دەبوو، کاتێک لە ۱۹۲۲ هێزی خێڵەکانی پشدەر و ڕانیە بە سەرکردایەتیی کۆچکردوو عەباس مەحموود ئاغای پشدەری و غەفور خانی ناودەشت و کەریم بەگی هەمەوەند، هێزی بەریتانیای کۆڵۆنیالیستیان لە دەربەندی پشدەر تێکشکاند و زیانی جەرگبڕیان پێ گەیاندن، کە بە هۆیەوە هێزەکەیان بەرەو کۆیسنجەق هەڵهاتن، دواتریش ناچار کران کۆیسنجەق و سلێمانییش چۆڵ بکەن[١٦٤] . دەسەڵاتی ئۆزدەمیر پاشا لە ڕەواندز تا دەهات زیاتر دەبوو، هاوکات ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانییش لە بەغدا، دژی مۆرکردنی پەیماننامەیەک بوو لەگەڵ بەریتانیا کە بە توندی عێراق بە ڕەوڕەوەی ئەوەوە ببەستێتەوە.

دۆخی لیوای سلێمانی شڵەژا بوو، جارێکی تر شۆڕشگێڕی جەربەزەی نیشتمانی، مەحموود خانی دیزلی لەوێندەر دەرکەوتەوە و داوای حوکمڕانییەکی کوردیی بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود دەکرد. چەند گرووپێکی بچووک بچوکیش لە ڕۆشنبیران و کاسبکارانی شار، دروست بوون و بێزاریی خەڵکیش لە حوکمڕانیی ئینگلیز زیاتر دەبوو. کەریم بەگی فەتاح، سەرۆکی خێڵی هەمەوەند، کاپتن (بۆند) و ئەفسەرێکی تری ئینگلیزی، ئەو کاپتنەی شێخ مەحموودی گواستەوە بۆ بەغدا تا لە بەردەم دادگایی سەربازیی بەریتانیدا ئامادە بێت، لە نزیک چەمچەماڵ کوشت. ماوەیەکیش لە ناوچەکانی قەرەداغ و سەنگاو و چەمچەماڵ و چەند ناوچەیەکی تری سلێمانی،

١٦٤- شەڕەکە لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٢ لە نزیک دەربەندی پشدەر بوو، جگە لە هێزی کوردانی ڕانیە و پشدەر، هێزێکیش بە سەرکردایەتیی کەریم بەگی فەتاح بەگ، سەرۆکی هەمەوەندیش بەشدار بوون.

مایەوە و سووڕایەوە. دواتر چووە ڕەواندز بۆ لای ئۆزدەمیر پاشا، پاشان لە شەڕی تەنگەی پشدەر لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٢، کە تێیدا هێزێکی کوردانی پشدەر و ڕانیە سوپای بەریتانیایان بەزاند، بەشدار بوو. کۆچکردوو کەریم بەگ لە نزیکترین لایەنگران و خۆشەویستانی شێخ مەحموود بوو.

لەو سەروەختەدا گەلی بەریتانی، پێی لەسەر گەڕاندنەوەی ڕۆڵە سەربازەکانی بۆ دوورگەی بەریتانی، دادەگرت و دژی سەپاندنی خەرجیی سەربازیی نوێ بوون. وەک چۆن هەر ئەوکات خەزێنەی بەریتانی کورتی هێنابوو، لەبەر ئەوانە هەمووی، بەریتانیا لە باریدا نەبوو کە دۆخەکە بە هێزی چەکداری یەکلا بکاتەوە. بەڵکو ڕێگەی خۆنزیککردنەوەی لە بزووتنەوەی کوردی و سەرکردەکەی لە کوردستانی باشوور، شێخ مەحموودی حەفید، گرتە بەر، کە بۆ هندستان نەفی کرابوو. بۆیە بانگیان کردە کوێت، پاشان بەغدا و دواتریش بە ڕێزەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی حکوومەتی کوردیی سەربەخۆ پێکبهێنێت، کە هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عێراقی لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا بە واژۆی هەردوو لایان لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢، ددانیان بە پێکهێنانیدا ناو گوتیان:

"حکوومەتی خاوەنشکۆ و حکوومەتی عێراقی، ددان بە مافی کوردانی دانیشتووی نێو چوارچێوەی عێراقدا دەنێن، کە لەو سنوورانەدا حکوومەتێکی کوردی پێک بهێنن. هەروەها ئومێد دەخوازن کە لایەنە کوردییە جیاوازکان بتوانن لە نێو خۆیاندا لەسەر شێوەی خوازراوی حکوومەتەکە و سنوورەکانی، ڕێکبکەون، هاوکات نوێنەری بەرپرسی خۆیشیان بنێرن تا لەگەڵ حکوومەتی خاوەنشکۆ و حکوومەتی عێراقیدا، پەیوەندییە ئابوورییەکان تاوتوێ بکەن".

ددانانی بەریتانیا بە حکوومەتێکی کوردی لە کوردستانی باشووردا، گۆڕانێک بوو لە سیاسەتیدا، کە جگە لەو خاڵانەی باس کران، مانۆڕەکانی خودی بەریتانیاش وایان دەخواست، کە دەیویست بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی و بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکی بترسێنێت، چونکە سەرکردەکانی یەکەمیان چاویان بڕیبووە کوردستان و سەرکردەکانی دووەمیشیان، هەڵگری بیری شۆڤینیی فراوانخوازی بوون لە هەمبەر گەلی کورد و ئەرمەنیدا. بۆیە بەریتانیا ویستی لە لایەکەوە هەردوو بزووتنەوە بۆرجوازییەکەی کەمالیست و عەرەبەکان بە کوردستان بترسێنێت، لە لایەکی تریشەوە کامەکامەیان پێ بکات. سا ئەگەر گوێیان بۆ داواکارییەکانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی شل کرد، کوردستانیان وەک غەنیمەیەک پێ دەدات تا دابەشی بکەن. گەر ڕەتیشی بکەنەوە، ئەوکات کوردستان موڵکی گەلی خۆی دەبێت و بەوەش ئەو غەنیمەیەی ئاو دەزێنێتە دەم، لەدەست دەدەن.

بەداخەوە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە کوردی و تورکی و عەرەبییەکان لە نێو خۆیاندا لەسەر تێکۆشانی هاوبەش دژی دوژمنی هاوبەش - کۆڵۆنیالیزم - ڕێک نەکەوتن. مەیلی فراوانخوازی لە کن سەرکردایەتیی بۆرجوازی و ڕاستڕەو لەسەر حسابی گەلی کورد و ڕێلێگرتنی لە مومارەسەی مافە نەتەوەییەکانی، لە گرنگترینی ئەو هۆکارانە بوو، کە نەیهێشت ئەو بەرە هاوبەشەی دژی کۆڵۆنیالیزم پێک بێت.

بە گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان، بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی چالاکتر و گەورەتریش بوو، کە بە ڕاگەیاندنی حکوومەتێکی پاشایەتیی کوردیی سەربەخۆ و کردنی سلێمانی بە پایتەخت و شێخ مەحموودی حەفید بە پاشای، بردنەوەی خۆی ڕاگەیاند. شێخ مەحموودیش شێخ قادری برای بە پیکهێنانی وەزارەت، ڕاسپارد، کە کۆچکردوو مستەفا یامولْکی، سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردستان، کرا بە وەزیری مەعاریف و کۆچکردوو عەبدولکەریمی عەلەکە - لە برایانی مەسیحی - بە وەزیری دارایی و شێخ محەمەد غەریبیش بە وەزیری ناوخۆ و مەلا سەعید کەرکووکلییش بە وەزیری داد.

بەو شێوەیە لە سەرەتای تشرینی ١٩٢٢دا، پاش تێکۆشانێکی سەختی ناخۆش، کە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان وەک هەمیشە ئازایانە بەرگەی لێکەوتەکانیان گرت، یەکەمین حکوومەتی کوردی پێکهێنرا و ئاڵای کوردی هەڵدرا [١٦٥].

بەڵام ئەو حکوومەتە، کە بەریتانیا دەیویست بەکرێگیراو و یاریی بێت بە دەستییەوە

١٦٥- لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا، حکومەت بە سەرۆکایەتیی شێخ قادری حەفید، بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهات:

١- عەبدولکەریم عەلەکە – وەزیری دارایی.
٢- مستەفا یامولْکی – وەزیری مەعاریف.
٣- شێخ محەمەد غەریب – وەزیری ناوخۆ.
٤- ساڵح زەکی ساحێبقڕان – وەزیری بەرگری.
٥- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ – وەزیری گومرک.
٦- حەمە عەبدولڕەحمان ئاغا – وەزیری نافیعە .
٧- حاجی مەلا سەعید – وەزیری داد.

هاوکات ژەنەراڵ سدیق قادری وەک پشکنەری گشتیی هێزەکانی کوردستان و ئەحمەد بەرزنجی وەک بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، دامەزران.

نامەکەم لە وەرگێڕانە ڕوسییەکەوە وەرگرتووە، بڕوانە تێزەکەی د. عەزیز شەمزینی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

و شێخ مەحموودی پاشاش دەیویست حکوومەتێکی نیشتمانیی خزمەتکاری گەلی کورد بێت، لەگەڵ بەریتانیا نێوانیان تێکچوو، چونکە مەلیک مەحموود ڕەتی کردەوە، کە بە ڕەهایی ملکەچی بەریتانیا بێت و لەبری شەڕفرۆشتن بە تورکیای تازە ڕزگاربووش، هەوڵی دا پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ مستەفا کەمالی سەرۆکیدا دروست بکات. بۆیە چاوی بڕیبووە ڕووسیای سۆڤییێت و نامەشی بۆ ناردن، تێیدا داوای هاریکاری و بەدەمەوەچوون و بنیاتنانی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ڕووسیای سۆڤییێتدا، کردووە، چونکە مەلیک مەحموود ئەو دەوڵەتەی وەک دۆستی گەلانی تێکۆشەر لە پێناو ئازادی و خزمەتکاری ماف و خواستی گەلانی ڕابوو، وەسف دەکرد.

## نامەکەی مەلیک مەحموود بۆ سۆڤییێت

شێخ مەحموود، پاش پێکهێنانی حکوومەتی کوردی و هەڵکردنی ئالآی نیشتمانیی کوردی، نامەیەکی بۆ دەوڵەتی سۆڤییێت نارد، کە لە خوارەوە دەقەکەیمان داناوە:

نامەی مەلیک مەحموود بۆ سۆڤییێتەکان[١٦٦] ، ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٣

بۆ ڕێزدار جەنابی کونسوڵی ڕووسیای شکۆدار لە ئازەربایجان... سلاّو و ڕێز،

لە ساڵی ١٩١٧ کاتێک دەنگی ئازادیی ڕاستەقینە و ڕزگاریی گەلان لە کەڵبە و چڕنووکی ملهوڕ و جینایەتکاران گەیشتە گوێی خەڵک، هەموو نەتەوە و گەلانی بەکۆیلەکراوی سەر زەوی، بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد و لە پێناو ئازادیدا، تێ کۆشان و قوربانییان دا و لە شەرەف و نیازپاکیی گەلی ڕووسیدا، بەدیهێنانی ئومێد و داخوازییەکانیان دەبینی.

هەرچی مافەکانی ئێمەشە، لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا باس کراوە، کە چۆن بەریتانییە تینووەکان بە ڕشتن و مژینی خوێنی گەلان، ئەو هەموو گورزە بەهێز و کوشندانەیان لە لوولەی تۆپهاوێژ و چەکەکانی تریانەوە، بەبێ جیاوازی لە نێوان ژن و منداڵ و پیاودا، لە گەلی کورد وەشاند. ئەوەش لە ١٩١٩ واتە پێش چوار ساڵ، کاتێک گەلی کوردی بەکۆیلەکراو،

١٦٦- نامەکەم لە وەرگێڕانە ڕوسییەکەوە وەرگرتووە، بڕوانە تێزەکەی د. عەزیز شەمزینی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

ویستی ماف و داخوازییە ڕەوا و یاساییەکانی لە سلێمانیی پایتەختدا بەدیبهێنێت. بۆ بەدبەختیی گەلی کورد، دۆخی ناوخۆیی حکوومەتی شکۆداری ڕووسیا بە جۆرێک بوو، کە ڕێگەی پێ نەدەدا بە دوای دۆخی گەلانی تری بەکۆیلەکراوی چەوساوەدا بچێت. ئەو حاڵەش بەردەوام بوو، تا ئەوەی گەلی ڕووسیی بەهێز بە فیترەت و نیازپاکی و ڕاستگۆیی خۆی - سپاس بۆ خوا - توانی توانای مەزنی نیشانی هەمووان بدات.

گەلی کوردی بەکۆیلەکراوی چەوساوە، بە خۆشحاڵییەوە ئەم پرسانەی خوارەوەتان پێ ڕادەگەیەنێت: هەموو گەلی کوردستانی باشوور، تامەزرۆی دۆستایەتی و یارمەتیی حکوومەتی شکۆداری ڕووسیا و قوربانیدانە لە پێناو ئەو دۆستایەتییە و جێبەجیکردنی بە دڵ و گیان بەو شێوەیەی ئەو دۆستایەتییە دەیخوازێت، وەک مەرجێکی بنەڕەتی و پێویست بۆ دداننانی ڕەسمی بە مافە نەتەوەیی و ڕەسمییەکانماندا. لە پێناو نیشاندانی ئەم پەیوەندییە بە ڕای گشتیی جیهانی و بەهێزکردنی توانا و دەسەڵاتمان بەگشتی و لاوازکردنی تواناکانی دوژمن، پێویستیمان بە هەندێک تۆپهاوێژ و ڕەشاش و فڕۆکە و چەک و کەرەستەکانیانە. دەشتوانن وردەکارییەکان بە شێوەی زارەکی لە سەرکردەی سوارە، عەقید ڕەشید ئەفەندی و سکرتێرەکەم، عارف ئەفەندی، وەربگرن.

دواجار ئومێدەوارین مافە نەتەوەیی و یاساییەکانی گەلی کورد، کە هەر ئێستا دەستی دۆستایەتی و برایەتیتان بۆ درێژ دەکات، بەدیبێن؛ دۆستایەتی و برایەتی و یەکگرتنێک، کە زۆر جدی و لە دڵەوە ئارەزووی دەکات. لای هەمووشتان ئاشکرایە، کە بۆچی ئاگربەست مۆر کراوە و شۆڕشی ئێمە لە کوردستانی باشوور دژی کێ بووە و حکوومەتەکانی دراوسێ پەیوەندییان بە هەموو ئەوانەوە چی بووە.

بێگومان، بەو پێیەی تا ئێستا لە نێوان ئێمە و حکوومەتی سۆڤیێتدا، کە ئێمە پشتی پێ دەبەستین و وەک پایەیەک سەیری دەکەین، پەیوەندیی دیپلۆماتیک نییە، ناتوانین بە وردی دەربارەی هەموو کارەکانمان بۆتان بنووسین. بەڵام دەتوانم شتێک بڵێم، گەلی کورد بە هەموومانەوە، گەلی ڕووسی بە ڕزگارکەری خۆرهەڵات دەبینین، بۆیە ئامادەین چارەنووسمان بە چارەنووستانەوە گرێ بدەین.

گرنگترین شتێک کە لەبیرمان بێت، پرسی یارمەتیدانمانە. گەلی کورد بەوپەڕی

پەرۆشییەوە دەیەوێت پەیوەندیی دووقۆڵیمان هەبێت، کە ئەگەر ئەو پەیوەندییە دامەزرا و ئەو تەواوکاری و هاوسۆزییە دروست ببێت کە من خەونی پێوە دەبینم، ئەوکات گەلی کورد ڕزگاری دەبێت. شایەنی باسە، ئەگەر ئەو ڕووداوە گرنگە سەرپێ بکەوێت، ئەوکات گشت هەوڵ و تێکۆشانمان بە پیتی زێڕین لە مێژوودا دەنووسرێنەوە[١٦٧] .

**ئیمزا**

**مەلیکی کوردستان**

**مەحموود**

١٦٧- بڕوانە د. شەمزینی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، کە ئەویش لە ٣ی ئازاری ١٩٢٨ لە پاشکۆی ژمارە (١٢) لە بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانیی نوێنەری کۆماری ڕوسیای سۆڤێتیی فیدراڵی خاوەن دەسەڵاتی تەواو لە ئێران، بڵاو کراوەتەوە.

## شیکردنەوەی سیاسەتی بەریتانی لە هەمبەر کوردستان
## ١٩١٩ - ١٩٢٤

هەڵوێستی سەربەخۆییخوازانە و نیشتمانپەروەرانەی شێخ مەحموود، بەریتانیای ترساند، کە بۆ هەلێک دەگەڕا تا بیپرووخێنێت. لە ساڵی ١٩٢٣ دۆخی بەریتانیا، کاتێک دڵنیا بووەوە لە سەپاندنی پەیماننامەی کۆیلایەتی بەسەر عێراق و ڕازیبوونی حکوومەتی مستەفا کەمال بە بردنی کێشەی مووسڵ بۆ کۆمەڵەی گەلان، کە وەک ئامرازێک وا بوو بە دەست بەریتانیاوە، باشتر بوو. ئەوەش بەریتانیای گەیاندە ئەو باوەڕەی کە بە ئاسانی عێراق و کوردستانی باشووریش بەدەست دەهێنێت، بەتایبەت کە فەرمانڕەوایانی بەغدا و لە سەرووی هەمووشیانەوە پاشا، زۆر بەحەماس بوون لە کارکردن بۆ ڕازیکردنی گەورەترین هاوپەیمانیان.

بەو شێوەیە، کۆمەڵێک پاساوی دیاریکراو کە وای لە بەریتانیا کرد شێخ مەحموود بهێنێتەوە و ددان بە حکوومەتە کوردییەکەیدا بنێت، نەمان. بەڵکو دژایەتیکردنی حکوومەتەکەی کوردستان، بوو بە یەکێک لە مەرج و پێویستییەکانی خۆنزیککردنەوەی لە هەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق، واتە مەرجی سازشکردنی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە و ڕازیبوونیان بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە کۆڵۆنیالیستییەکانی. بۆیە لە بەرژەوەندیی کۆڵۆنیالیزم نەبوو کە لەبەر حکوومەتێکی کوردی، کە ئامرازێکی گوێڕایەڵ نییە بە دەستییەوە، هەموو ئەو دەوڵەتانە بێزار بکات. بۆیە بەرژەوەندیی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی وای دەخواست، کە حکوومەتی کوردی لەناو ببات، بەتایبەت پاش ئەوەی کۆنگرەی قاهیرە بە سەرۆکایەتیی وینستن چێرچڵ، سیاسەتی بەریتانیای لە خۆرهەڵات بەگشتی و لە عێراق و کوردستان بەتایبەت، دیاری کرد. ئەو سیاسەتە کۆڵۆنیالیستییەشی لە هەمبەر کوردستان بڕیاری لێوە درا، ئاوا بوو: لکاندنی

کوردستانی باشوور بە عێراقەوە[١٦٨] و کردنی بە بەشی باکووری دەوڵەتەکە و ڕازیبوون بە مانەوەی کوردستانی ناوەندی و خۆرهەڵات لە سایەی هەژموونی تورکیا و ئێران و پاشگەزبوونەوە لە بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر دەربارەی کورستان و دانانی ئەوەش وەک مەرجێکی دانوستانی چاوەڕوانکراو لەگەڵ تورکیای کەمالیدا. بەریتانیا بڕیاری دابوو، کە بۆ سەپاندنی ئەو سیاسەتە و لەناوبردنی حکوومەتی کوردستان، هێز و هەموو ڕێگە و ئامرازەکانی تریش بگرێتە بەر. بۆیە کاتێک شێخ مەحموود مەرجەکانی تەسلیمبوون بە بەریتانیای ڕەتکردەوە، ئەویش دەستی کرد بە کارە شەڕەنگێزییە سەربازییەکانی دژی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود.

لە ٤ی ئازاری ١٩٢٣، سەرباری ئەوەی شێخ مەحموود شارەکەی جێهێشتبوو بۆ ئەوەی تووشی بۆردومانی ئاسمانیی نەبێت و هاوکات وەک خەمێکیش بۆ شارەکە و خەڵکەکەشی، کەچی فڕۆکەکانی بەریتانیا دڕندانە شاری سلێمانییان بۆردومان کرد، خەڵکێکی مەدەنیی زۆریان کوشت. بەڵام هێزە کوردییە شۆڕشگێڕەکان لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٣ گەڕانەوە پایتەخت و تا ١٩ی تەمووزی ١٩٢٤ تێیدا مانەوە، کە ئیتر ئەوکات هێزی داگیرکەری بەریتانی هاتنە شارەکەوە و حوکمڕانیی خۆیانیان بەسەردا سەپاند.

مامۆستا عەزیز شەریف، سەرۆکی حیزبی گەل (الشعب) لە ١٩٤٥ - ١٩٤٧، لە نامیلکەکەیدا دەربارەی پرسی کورد لە عێراقدا، ئەو فاکتەرانەی ڕیز کردوون - جگە لەوانەی باسمان کردن - کە بوونە هۆی لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە بە زەبری هێز و دەڵێت:

"مەبەستی پشتەوەی ئەم لکاندنە، سیاسەتێکی کۆڵۆنیالیستیی ڕیسوای ستراتیجی و چاوچنۆکییە".

کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیاش سوودی زۆری وەرگرت، چونکە سەرباری سەپاندنی هەژموونی بەسەر کوردستانی باشووری دەوڵەمەند بە نەوت و خاوەن پێگەی ستراتیجیی

١٦٨- کاتێکیش پرۆتۆکۆلی ٣٠ی نیسانی ١٩٢٣ لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆر کرا، بەتەواوی وازی لە هێشتنەوەی ناوچەی سلێمانی لە سایەی هەژموونی نوێنەری باڵای بەریتانیا، هێنا و کردی بە لیوایەک وەک هەموو لیواکانی تری عێراق، کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بەو مەرجەی لە ژمارە و هەڵوێستی فەرمانبەراندا، ڕەچاوی هەستی کوردان بکرێت. بڕوانە ئەحمەد فەوزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

گرنگ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە حکوومەتی عێراقی بوو کە تێچوو و ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای لە کوردستانی باشوور دەگرتە ئەستۆ، بە جۆرێک کە حکوومەتی عێراقیی کۆنەپارێزی کردبووە ئەو پۆلیسەی، ئەرکی پاسەوانی بەسەر عێراقەوە، بە کوردستانیشەوە، جێبەجێ دەکات، وەک ئەوەی مامۆستا عەزیز دەڵێت:

"بەو شێوەیە، سیاسەتی بەریتانیا لە هەمبەر کوردستانی باشوور، بەوەی بلکێنرێت بە عێراقەوە و بواری هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەک نەدرێت، چەسپا. ئەو لکاندنەش لە چەندان بەیاننامە و وتاری نووسەرە کاپیتالیستییەکاندا وا لێکدراوەتەوە، کە پەیوەست بووە بە پێویستییە جوگرافی و بازرگانییەکانەوە. بێگومان لە نێوان کوردستانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا، زیاد لە پەیوەندییەکی لەو جۆرە هەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییانە پێویستییان بە لکاندنێکی کۆڵۆنیالیستانە نییە. مەبەستی پشتەوەی ئەم لکاندنەش، کۆڵۆنیالیستیی ڕیسوای ستراتیجیک و ئیستیغلالییە". تەنانەت خودی نوێنەرانی ئیمپراتۆرییەکەش، نەیانتوانی ئەو ڕاستییە بشارنەوە. ئەوەتا لە وتارێکدا لە ١١ی ئابی ١٩٣٠ لە سلێمانی، نوێنەری باڵای بەریتانیا دەڵێت:

"دەبینم هەندێک کەس و لایەنی نابەرپرس، پێیان وایە سیاسەتی حکوومەتی خاوەنشکۆی بەریتانی بریتییە لە هاندانی نەتەوەی کورد، کە ئەوەش ڕاست نییە، نەک هەر لەبەر ئەوەی کە سەر لە حکوومەتی عێراقی دەشێوێنێت، بەڵکو چونکە هەردوو دراوسێ ئازیزەکەشی، حکوومەتی تورکیا و حکوومەتی ئێران، دەشڵەژێنێت. هیچ شتێک هێندەی ئەو گومانە، لە ڕاستییەوە دوور نییە.

"بەڵام هۆکاری بەڕێوەنەبردنی ڕاستەوخۆی کوردستانی باشوور بە شێوەی داگیرکردنی ڕاستەوخۆ لەبەر ئەوەیە، کە خۆ لە تێچوونە زۆرەکەی داگیرکردن دوور بگرن. کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی لە فەرمانڕەوایانی عێراقدا ئەو پۆلیسەی دەبینی، کە ئەرکی پاسەوانیی هەموو عێراقی، بە کوردستانیشەوە، لەسەرە. تێچووی خۆی و پڵیشاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش، لە جەماوەری زەحمەتکێشی عێراق وەردەگرێت، نەک بیخاتە ئەستۆی دارایی بەریتانیا".

هاوکات بەو کارەشی تورکیا و ئێرانیشی دڵنیا کردەوە، کە لەسەر پارچەکانی کوردستان

سازشیان لەگەڵ دەکرد.

دواجاریش هێشتنەوەی حوکمڕانیی لایەنگری بەریتانیا لە عێراق، لەگەڵ هێشتنەوەی گەلی کورد وەک بەشێک لێی بەبێ دۆزینەوەی چارەیەکی دادپەروەرانە بۆ دۆزەکەی، وا دەکات عێراق لە بنیات و پێکهاتەیدا لاواز بێت، بەدەست دۆزی کوردی و دەرهاویشتەکانییەوە بناڵێنێت. بە دەربڕینی تر، مەبەست لە یەکێتیی عێراق، هەرگیز پاراستنی بەرژەوەندییەکانی عەرەب نەبووە، بەڵکو مەبەست لێی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیا بووە.

دکتۆر شاکر خصباک دەڵێت[١٦٩] :

"کە یەکەمین جەنگی جیهانی بە تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی هات، ئومێدی کورد و عەرەب یەکێک بوو، کە بەتایبەت لە سێبەری حوکمڕانیی عوسمانی و بەگشتییش حوکمڕانیی بیانی، ڕزگاریان ببێت و بۆ خۆیان حوکمی خۆیان بکەن. گەر کوردانیش لە سەرەتای ئەو سەردەمەدا داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەکرد، مانای وا نییە کە بەرژەوەندییەکانیان دژی بەرژەوەندییەکانی عەرەب بووبێت، چونکە عەرەب هیچ ڕۆژێک هەژموونکردنیان بەسەر کوردستان و لکاندنی خاکەکەیان بە خاکی خۆیانەوە بەبێ ڕەزامەندیی دانیشتووانەکەی، نەویستووە".

سەرباری هەموو ئەوانەی باس کران، بەریتانیا وای دەبینی، کە دروستکردنی هەر جۆرە حوکمڕانییەکی نیشتمانیی کوردی، دواجار سەر بۆ ڕزگاریی دەستبەجێ و دەرچوونی کوردستان لە ژێر هەژموونی ئەو، دەکێشێت، بەتایبەت کە ئەو توێژێکی کوردیی لایەنگری وای نەبوو، بتوانێت لە ئیدارەدان و حوکمڕانیدا پشتی پێ ببەستێت، وەک ئەوەی لە عێراق هەیبوو، کە پایەکانی حوکمڕانی لایەنگر و بەکرێگیراو و دروستکراوی بەریتانیای مەزن بوون.

بەو شێوەیەش، کوردستان بوویە قوربانیی کۆڵۆنیالیزم و پیلانگێڕییەکانی، وەک چۆن کۆڵۆنیالیزم بوویە سەرسەختترین دوژمنی سەرەکی و بەربەستی یەکەم لە بەردەم گەلی کورد و مافە نەتەوەییەکانیدا.

١٦٩- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٨١.

## بەریتانیا و پەیماننامەی سیڤەر

بەریتانیا پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، لە ڕووی تیۆری و ڕەسمییەوە دژی هێنانەکایەی حکوومەتێکی کوردی نەبوو لە کوردستانی ناوەنددا، کە هێشتا لە سایەی حوکمڕانیی تورکیدا بوو، هەرچەندە خواست یان مەیلیشی نەبوو کە پێکی بهێنێت. چونکە گەر مەیلی لەسەر بووایە، دەستبەجێ دەیهێنایە بوون، بەتایبەت پاش ئەوەی بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەر (کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە شاری پاریسی فەڕەنسا مۆرکرا) لەسەر مافی کوردانی سایەی هەژموونی تورکی بوون لە پێکهێنانی حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمیدا، کە لە باریدا بێت بگۆڕێت بە حکوومەتێکی بەتەواوی سەربەخۆ. ئەوەش لە کاتێکدا کە نیشتمانپەروەرەکانی ئەوێ تەنانەت ئامادەش بوون سەرپەرشتیاریی بەریتانیا بەسەر حکوومەتەکەیانەوە، قبوڵ بکەن. بەریتانیا بە هیچ شێوەیەک پلانی هێنانەبوونی حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆی لە کوردستانی سایەی هەژموونی تورکیدا، نەبووە، بەڵام لە قۆناغێکی دیاریکراو و لە دۆخێکی دیاریکراویشدا دژی هێنانەکایەی حکوومەتێکی کوردیی خاوەن حوکمڕانیی ئۆتۆنۆمی نەبوو، واتە بەریتانیا دژی دانانی بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەر، نەبوو.

بەڵام ئەوەی کە بۆچی بەریتانیا دژی ئەوە نەبوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١- ئەو بەشەی کوردستان، کە بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر باسی کردوون، بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ، پشکی ڕووسیای قەیسەری بوون. دواتر گۆڕا بە ناوچەیەک، کە بەریتانیا و دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکانی هاوپەیمانی، بەتایبەت فەرەنسا، نەتوانن لەسەری ڕێک بکەون. بۆیە بەریتانیا نەیدەتوانی بە بەرچاوی دنیا و بە کێبڕکێی ئیتالیا و فەرەنساوە لەگەڵیدا، قووتی بدات. ئومێدی بەریتانیا هەر ئەوە بوو کە لە ڕێی بەدەستهێنانی لایەنگرەوە لە کوردستان، شوێنی خۆی خۆش بکات و لەو پارچەیەی کوردستاندا، دەسەڵات پەیدا بکات و لەوێشەوە هەژموونی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. بەتایبەت کە وا چاوەڕوان دەکرا دۆخەکە، ئەو حکوومەتە کوردییە ناچار بە مەرایی و خۆنزیککردنەوە لە بەریتانیا بکات، تا بوونی خۆی لە مەترسیی تورکی بپارێزێت.

٢- باسكردنی دۆزی ئەرمەنی و دۆزی كوردی لە لایەن كۆنگرەی ئاشتەوایی پاریسەوە، پاش ئەوەی بانگەشەی دەوڵەتانی هاوپەیمان دەربارەی مافی چارەی خۆ نووسینی گەلان و مافی گەلانی سایەی توركیا كە دەیانویست لە ستەمی ڕزگار بن، گەیشتبوونە هەموو جیهان، پاش بڵاوبوونەوەی بنەماكانی سەرۆكی ئەمەریكی - ویڵسن - پاشان ڕوونیی ڕەوایی داواكارییەكانی شاندی كوردی و هەستانی بە چالاكیی بەرفراوان و هەماهەنگیی لەگەڵ شاندی ئەرمەنیدا[١٧٠] لەسەر پێشكەشكردنی پرۆژەیەكی هاوبەش و نەبوونی بەرهەڵستییەكی توركیی بەهێز، هەموو ئەوانە پێكەوە دەوڵەتانی كۆڵۆنیالیستییان ناچار كرد كە بەندەكانی پەیوەست بە كورد لە پەیماننامەی سیڤەردا دابنێن.

٣- سیاسەتی بەریتانیا بریتی بوو لە لاوازكردنی توركیا و نەدانی بواری ئەوەی جارێكی تر، وەك دەوڵەتێكی بەهێز دەربكەوێت، بۆیە مەبەستی بوو ئیمپراتۆرییە دێرینەكەی پارچە پارچە بكات. باشتریشە بۆ بەریتانیا گەر بانگەشەی ئەوە بكات، كە دابەشكردنی هەندێك بەشی ئیمپراتۆرییەتەكە، كۆكە لەگەڵ ئاواتی خەڵكەكەی و مافی چارەی خۆ نووسین، كە بانگەشەی بەریتانی بۆ پێدانی مۆركێكی مرۆڤدۆستانەی درۆزنانە بە سیاسەتی كۆڵۆنیالیستیی دژ بە گەلان، بەكاری دەهێنێت.

٤- بەریتانیا بەنیاز بوو بەندەكانی نێو پەیماننامەی سیڤەر وەك چەكێكی ترساندنی حكوومەتەكانی توركیا و ئێران و توێژی كۆنەپارێزی عەرەبی و ناچاركردنیان بە چۆكدادان، بەكار بهێنێت. بۆیە ڕزگاریی كوردستان یان چارەكردنی دۆزی كوردی بە شێوەی دیموكراتی و دادپەروەرانە، هەمان كات مانای داختستنی دەرگاش بوو بە ڕووی پیلانگێڕیی كۆڵۆنیالیستانەدا.

٥- دەیویست ئەوە بقۆزێتەوە بۆ سەپاندنی هەژموونی بەسەر میسۆپۆتامیا - وڵاتی

---

١٧٠- لە ١ی ئازاری ١٩٢٠ هەردوو نوێنەری كوردی و ئەرمەنی، یاداشتێكیان بە ناوی هەردووكیانەوە دایە ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانان، لە نێویشیدا ڕێككەوتننامەی نێوان هەردوو لایان. ئەنجوومەنەكە وەك بنەما، بەو یاداشتە ڕازی بوو. ژەنەراڵ شەریف پاشا لە ٢٢ی ئازاری ١٩١٩ یاداشتێكی دایە ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانان، كە تێیدا داوای سەربەخۆیی كوردستان و یەكێتیی گەلی كوردی كرد، بەم ناوەی خوارەوە:

Memorandum sur les revendications du peuple Kurde

یاداشتێك دەربارەی گەڕاندنەوەی مافەكانی گەلی كورد.

دوو ئاوان یان نێوان دوو ڕووبار - و کوردستانی باشووریشدا. بەتایبەت دەیویست دوورخستنەوەی هەموو بەرهەڵستییەکی تورکی و لەناوبردنی هەر بانگەشەیەکی تورکی لەسەر ویلایەتی مووسڵی بە نەوت دەوڵەمەند، مسۆگەر بکات. بەو پێیەی تورکیا، کە ئەو کوردستانەی پێشنیازی کردنی بە دەوڵەتی سەربەخۆ هەبوو، لە ویلایەتی مووسڵی جیا دەکردەوە، ناتوانێت بانگەشەیەکی باوەڕپێکراو لەو بارەیەوە بکات. بەریتانیاش سوود لەو بەندانە وەردەگرێت، تەنانەت لە حاڵەتی جێبەجێ نەکردنی ئەو بەندانەشدا، کە دەتوانێت بیانکاتە باجی دانوستان لەگەڵ تورکیا. وەک چۆن دەکرێت ئەو بەندانە بەکار بهێنرێن بۆ ترساندنی بزووتنەوەی کەمالیستی و ناچارکردنی بە دانوستان لەگەڵ بەریتانیا و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی ڕزگاریخوازیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم، چونکە بزووتنەوەی کەمالیزم بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بوو، کە دەیویست لەسەر داروپەردووی ئیمپراتۆرییە ڕووخاوەکەی، هەستێتەوە، بۆیە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بۆرجوازیی خاوەن ویستی فراوانخوازی و ئیستیغلالی بوو دژی گەلی کورد.

٦- کردنی دۆزی کوردستانی ناوەندی بە دۆزێکی نێودەوڵەتی، کە سیاسەتی بەریتانی لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ تورکیا بەتایبەت و لە دەرچوواندنی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەی بڕیارە جێگەی سیڤەر بگرێتەوە بەگشتی، بەکاری بهێنێت. بەڕاستییش بەریتانیا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆرجوازیی کەمالیزم بۆ دامرکاندنەوەی تەماحەکانی بە کوردستان، سوودی لەوە بینی، بۆ ئەوەی لە دۆستایەتیی ڕووسیای سۆڤییێت دووری بخاتەوە و لە دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیستی نزیک بێتەوە. لەوێشەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی تورکی، بگەڕێننەوە نێو تەویلەی بزووتنەوە کۆنەپارێزە شۆڤینییەکان، وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ سەرلەنوێ پەلکێشکردنی تورکیا بۆ نێو کامپی کۆنەپارێزیی جیهانی. بەریتانیا پاشتر، بە سوودوەرگرتن لەو بەندانە، ئەو ئەرکە کۆڵۆنیالیستییەی بەجێگەیاند، کاتێک چووە دانوستانێکەوە، کە ڕێککەوتننامەی ناسراو بە پەیماننامەی (لۆزان)ی لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ی لێ کەوتەوە. ئەم پەیماننامەیەی کە بەندەکانی تایبەت بە مافەکانی گەلی کوردی لە سیڤەر-دا سڕییەوە و نواندنەوەی ترۆپکی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستیی بەریتانیا بوو لە هەمبەر کوردستان، بەوەی بەتەواوی نکۆڵیی لە مافەکانی گەلی کورد کرد

و ڕەزامەندیی کۆتایی لەسەر بەکۆیلەکردن و دابەشکردنی کوردستان نیشان دا، کە بەوەش لاپەڕەیەکی نوێ لە نێوان عێراق و تورکیا و بەریتانیا دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، هەڵدرایەوە و لە بەرامبەریشدا تورکیا بە فیعلی وازی لە بانگەشەکانی لە هەمبەر ویلایەتی مووسڵ هێنا، بەوەی کە ڕازی بوو دۆزەکە ببڕێتە کۆمەڵەی گەلان، کە بە لایەنگیریی بەریتانیا ناوی دەرکردبوو.

هاوکات بەریتانیا هەردوو حکوومەتی بەغدا و تارانی بە دۆزی کوردی، دەترساند و لە ڕێی قبوڵکردنی ڕستێک پەیماننامەی ئابوورییەوە، کە سەرلەبەریان پەیوەست بوون بە تالانکردنی نەوتی ئێران و عێراق و سەپاندنی ماندێتیش بەسەر عێراقدا، بە ڕەسمی بەرەو ئامێزی ئیمپراتۆریای بەریتانی پاڵی نان.

بەڵام ئەوە هەرگیز مانای وا نییە، کە دۆزی کوردی دروستکراوی بەریتانیا بێت، وەک ئەوەی شۆڤینییەکانی ئەمڕۆ بانگەشە دەکەن، یان وەک ئەوەی کۆنەپارێزیی تورکی تا دوێنێ بانگەشەی دەکرد.

ڕووداو و ڕاستییەکان ئاشکرا پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن، چونکە بەریتانیا بەربەستی بەردەم ڕزگاریی کوردستان و نەیاری دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆی بوو. هەر ئەویش بوو فڕۆکە و تانک و تۆپهاوێژ و سوپای ئینگلیزی بۆ سەپاندنی هەژموونی بەسەر کوردستان و لەناوبردنی حکوومەتە نیشتمانییەکەی بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود، بەکار دەهێنا.

## کۆمەڵەی گەلان و دۆزی کوردی

کۆمەڵەی گەلان لە ڕاستیدا، کۆمەڵەی دز و چەتە کۆڵۆنیالیستییەکان بوو، ئەوانەی جگە لە مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆڵۆنیالیزم هەر لە تالانکردن و بەکۆیلەکردنی گەلانی خۆرهەلات و ئەفریقی و دابەشکردنی خاک بەسەر دەوڵەتانی براوەدا، هیچی تریان بۆ گرنگ نەبوو. بۆیە چارەنووس و مافی گەلی کوردیشی بۆ گرنگ نەبوو، بەلام دۆخ و سیاقی نێودەوڵەتی و خۆرهەلاتی، ناچاری کرد هەندێک بڕیاری سڕکەرانە دەربکات تا کاتێک گەلی کوردی لە مەزنترین مافی خۆی، مافی چارەی خۆ نووسین، بێبەش کرد. کاتێک کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دا لیژنەیەک لە ئەندامانی بنێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ناکۆکیی بەریتانیا و تورکیا لەسەر مووسڵ، ئەوانیش لە ١٩٢٥ هاتنە عێراق و لە ڕاپۆرتەکەیاندا لە بارەی کوردانەوە دەڵێن[١٧١] : دەبێت ڕەچاوی خواستی کوردان لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد، بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن کاروباری دادگا و خوێندنی خوێندنگەکان بەڕێ بکەن و زمانی کوردییش زمانی ڕەسمی بێت لەو کارانەدا. کاتێکیش کۆمەڵەی گەلان لە ناکۆکیی بەریتانی - تورکی ورد بووەوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەی بۆ دەرکرد: "حکوومەتی بەریتانی وەک دەوڵەتی ماندێت ناو دەبرێت تا کاتی نیشاندانی ئەو ڕێوشوێنانە بە ئەنجومەن، کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی بەڵێنی پەیوەست بە ئیدارەی خۆجێیی لە لایەن کوردانی دانیشتووی عێراقەوە، کە ڕاسپاردەی کۆتایی لیژنەی سنوور بوون". وەک چۆن کۆمەڵەی گەلان هەندێک بڕیاری تریشی دەرکرد، کە لە سەروەختی باسکردنی بایەخی نێودەوڵەتیی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠دا باسم کردن. بەڕێوەبەری هۆبەی ماندێت وێنەیەکی ئەو بڕیارەی لەسەر یاداشتی حەپسە خانی نەقیب زادە بۆ کۆمەڵەی گەلان، ناردەوە و وا لە خوارەوە دەقەکەی بلاو دەکەینەوە:

وێنەی بڕیار لەسەر یاداشتی خاتوو حەپسە خانی نەقیب زادە، کە لە ٧ی ئەیلوولی

١٧١- ئەحمەد فەوزی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٨٦.

١٩٣٠ پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی کردبوو[١٧٢] :

کۆمەڵەی گەلان

جنێڤ، ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

ژمارە ٦ئەی/٢٢٤١٣/٦٥٥

خاتوون...

کۆمەڵەی گەلان لە بڕیارەکانی ٤ی ئەیلوولی ١٩٣١دا وەک کارکردن بە پێشنیازەکانی لیژنەی هەمیشەیی ماندێت، ڕایسپاردم کە پێتان ڕابگەیەنم، یاداشتی ڕۆژی ٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بەڕێزتان، بینراوە و کۆمەڵەی گەلانیش تا هەنووکە لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە مافەکانتان بە سۆزێکی زیادیشەوە ڕێزیان دەگیرێت، بەو پێیەی باوەڕێک دروست بووە کە کوردەکان ئەرکەکانیان بەتەواوی جێبەجێ دەکەن، بۆ ئەوەی ئاسایشی شانشینەکە و سەرکەوتنی حکوومەتی عێراق مسۆگەر بکەن. بۆ ئەوەشی کە ئاگادارتان بکەمەوە، وێنەیەکی بڕیاری سەر یاداشتەکەتان بۆ دەنێرم، کە مستەر ڕاپارد بە لیژنەی هەمیشەیی ماندێتی داوە و کراوەتە پاشکۆی پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی بیستەمی لیژنەکە.

خاتوونی بەڕێز، شەرەفمەندم کە خزمەتکاری گوێڕایەڵتان بم.

**بەڕێوەبەری هۆبەی ماندێت**

---

١٧٢- کورتەی پرۆتۆکۆلی دانیشتنی بیستەمی لیژنەی هەمیشەیی ئینتیداب، ژمارە سی ٤٤٢م ١٦٧ و ١٩٣١ پی.پی ٢٢٠-٢٢٢ سی.پی ١١٩٨.

# عێراق

یاداشتێکی کوردانی عێراق بۆ لیژنەی ماندێت لە لایەن حکوومەتی بەریتانییەوە لە ٣٠ی شوباتی ١٩٣١ و یاداشتێکی تر لە لایەن تۆفیق وەهبی بەگەوە لە نیسانی ١٩٣١.

ڕاپۆرتی مستەر ڕاپارد

لەسەر بنەمای ویستی سەرۆکی لیژنە، شەرەفمەندم ئەم تێبینییانەی خوارەوە بدەمە هاوکارەکانم، کە پاش خوێندنەوەی یاداشتە زۆرە کوردییەکان بۆم دروست بوون، کە داوام لێ کراوە لێیان و لە تێچێنی دەوڵەتی ماندێتیش لەسەریان، ورد ببمەوە.

هەرچەندە ئەو بابەتانەی خرابوونە بەردەستم، لە قەبارەی چەند بەرگێکدا بوون، بەڵام تێبینیی من لەسەریان زۆر کورت دەبن. بۆیە بە پێویستی نازانم کە لە کاتی ئەو تێبینییانەدا، ناوەڕۆکی هەموو یاداشتەکان و تێچێنی دەوڵەتی ماندێتیش لەسەریان، بخەمە ڕوو. چونکە ئەوە سەر دەکێشێت بۆ دووبارەکردنەوەی بێسوود و هاوکارانیشم دەتوانن خۆیان هەموو یاداشتەکان ببینن، بۆیە قسەکانم لەمانەی خوارەوەدا قەتیس دەکەم:-

١- لیستێکی یاداشتەکان، لەگەڵ ڕێکەوت و سەرچاوەکانیان.

٢- باسکردنی گرنگترین سکاڵای خاوەن یاداشتەکان.

٣- کورتەی تێبینییەکانی دەوڵەتی ماندێت.

٤- خستنەڕووی چەند ئەنجامگیرییەکی کورت.

**١- لیستی یاداشتەکان**

| پەیام | ڕێکەوت | سەرچاوە |
|---|---|---|
| سی. پی. ئێم | ٣- ٢٤ی ئابی ١٩٣٠ | سەرۆکی خێڵی داودە |
| ١١٤٠ ، ١١٥١ | ب — ٣١ی ئابی ١٩٣٠ | کۆمەڵەی نیشتمانیی ناوەندیی خەڵکی کوردستانی باشوور |
| | پ — ٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠ | حەپسەی نەقیب زادە |
| | ت — ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ | سەرۆکی خێڵی مەریوان و خێڵی فەتاح عەلی بەگ |
| | چ- ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ | ڕێبەرانی کوردان |
| | خ- ٩ی تشرینی دووەمی ١٩ ٣٠ | شێخ مەحموود و سی سەرۆک خێڵی پشدەر |
| | ح — ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ | جەعفەر سوڵتان و نۆزدە کەس لە گەورانی کورد |
| سی.پی.ئێم | د — ١٩ی نیسانی ١٩٣١ | تۆفیق وەهبی بەگ |
| ١١٩٢ | | |

**٢- سکاڵای خاوەن یاداشتەکان**

ئەو یاداشتانەی لێیان ورد بوومەتەوە، لە درێژی و شێوەزار و ناوەڕۆکیاندا، جیاوازن. بەڵام سەرجەمیان تووڕەیی گەلی کوردی دانیشتووی عێراق نیشان دەدەن و خاوەنی یاداشتەکان و ئەوانەشی بە ناویانەوە دواون، بە پلەی جیاواز لۆمەی ئەو سیاسەتە دەکەن کە پێیان وایە سیاسەتی حکوومەتی عێراق و دەوڵەتی ماندێتە بۆ ئەوەی بلکێنرێت بە سەرپاکی تری خەڵکی دەوڵەتی ماندێتکراوەوە. تا کاتێکیش کوردان لە ڕەگەز و زمان و دابونەریت و شێوازی ژیان و خواستی سیاسییانەوە جیاوازن لە خەڵکی دەشتاییەکان، تا کاتێک هەست بە کۆکیی بەرژەوەندیی تایفەیی بکەن لەگەڵ کوردانی دانیشتووی

دەرەوەی عێراقدا، پێم وایە لە بەردەم دۆزێکی تایفەیی ڕەگەزیداین، کە خەسڵەتی ئەوەی هەیە کە زۆرجار پێی دەوترێت کەمینەکان.

سکاڵای هەندێک لە خاوەن یاداشتەکان، زۆر ناڕوونن، هەندێک سکاڵایان لە دڵڕەقی و تۆقاندنی دەسەڵاتدارانی عێراق تێدایە. بەڵام هەندێکیشیان زۆرتر ڕوونن، هەندێکیان گلەیی لەوە دەکەن کە فەرمانبەرانی غەیرە کوردی بەرپرسی ئیدارەی ناوچەکانیان، زاڵن، هەرچەندە حکوومەت بەڵێنی پێچەوانەی ئەوەی داوە. هەندێکیان گلەیی لەوە دەکەن، کە ڕسوماتی زۆر خراوەتە سەر ئاژەڵ و وڵاخ و بەروبوومیان. زۆرێکیشیان گلەیی ئەوە دەکەن، کە کۆتا پەیماننامەی هاوپەیمانیی نێوان عێراق و بەریتانیا، هیچ ماددەیەکی تێدا نییە کە مافەیلی تایبەت بۆ کورد مسۆگەر بکات. هەندێکیشیان ناڕەزایی لەو توندوتیژییە دەردەبڕن، کە لە سەروەختی هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییەی سلێمانییدا، بەرۆکی جەماوەری کورد، بگرە سەرۆکانی کوردی گرتووە. دواجاریش دوو یاداشتم بە زمانێک بینی، کە زۆر لێک دەچوون، گلەییان لە وەڵام نەدانەوەی ئەو یاداشتانە دەکرد، کە بۆ نێردراوی بەریتانی لە عێراق نێردراون.

**٣- داواکاریی خاوەن یاداشتەکان**

جگە لە هۆکارەکانی تووڕەیی کە لە سەرەوە ناوم هێناون، ئەو یاداشتانە کۆمەڵێک داواکاریی دیاریکراویشیان تێدایە کە ئاماژەن بۆ پێکهاتە ئیداری و سیاسییەکان لەو بەشەی عێراقدا، کە کوردان لێی نیشتەجێن. لەوەشدا زۆر جیاوازن و زۆر بەر یەکتر دەکەون، چونکە هەندێکیان دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆیان دەوێت لە سایەی ماندێتی بەریتانیادا یان هەر دەوڵەتێکی تر، کە کۆمەڵەی گەلان دەستنیشانی بکات. هەندێکی تریان داواکارن کە ئەو ناوچەیە بکرێتە شانشینێکی سەربەخۆ و شێخ مەحموود، لە سایەی پارێزگاریی دەوڵەتی بەریتانیادا، حوکمی بکات. هەرچی تۆفیق وەهبی بەگیشە، لە نامە و یاداشتە زۆرەکانیدا داوای ئیدارەیەکی نایابی ڕاقی بۆ ناوچەی کوردی لە عێراقدا، دەکات. سەرباری ئەو داواکارییە گشتییانەش دەربارەی ڕێکخستنی ناوچەی کوردی، ئەو یاداشتانە دوو داواکاریی تر لەخۆ دەگرن: یەکەمیان، ئازادکردنی

ئەو کەسانەی لە پشێوییەکانی ئەو دواییەی سلێمانیدا، گیراون یان دوور خراونەتەوە؛ دووەمیان، گواستنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان لە ناوچە عەرەبییەکانەوە بۆ ناوچە کوردییەکان.

### ٤- کورتەی تێبینییەکانی دەوڵەتی ماندێت

دەوڵەتی ماندێت کە ئەو یاداشتانەی بۆ لیژنەکە بەرز کردووەتەوە، بە باشی پشکنیونی و لێیان ورد بووەتەوە. هەڵوێستی خۆیشی لەو یاداشتانە، لە وتەی نێردراوە پلە باڵاکان و لەو تێبینییانەشدا بەیان کردووە، کە دەربارەی گەشە و پێشکەوتنی عێراقی لە ساڵانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٣١ نووسراون و هاوپێچی چەندان مادەی ڕاپۆرتەکەی کردووە. بەبێ ڕۆچوونە نێو خاڵە زۆرەکانی ناکۆکییەوە، پێویستە بزانرێت دەوڵەتی ماندێت ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ئەو مافەی خاوەنی یاداشتەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، نوێنەرایەتیی بۆچوونی زۆرینەی گەلی کورد ناکات. هەروەها ئەوەش ڕەتدەکاتەوە، کە ئەو پەیماننامانەی مۆر کراون، هیچ بەڵێنێکی ئەوتۆیان تێدا نییە کە ئاماژە بە سەربەخۆیی کوردان یان پێدانی ئیدارەیەکی نایاب، بکات و وەها بەڵێنێکیش لە سەروەختی دامەزراندنی سیستەمی ماندێتدا لە عێراق، نەدراوە. دەوڵەتی ماندێت ددان بەوەدا دەنێت، کە مافی کوردانی لە بەکارهێنانی زمانەکەیان و دامەزراندنی فەرمانبەری کوردا مسۆگەر کردووە، بەڵام پێشی وایە کە حکوومەتی عێراق جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارانەی دەست پێ کردووە، یانیش بەو زووانە کار دەکات بۆ جێبەجێکردنیان بە جۆرێک کە لەگەڵ سیاسەتی گشتیدا وێک بێتەوە. بەڵام هەبوونی تووڕەییەکی گشتی لە نێو کوردانی عێراقدا، ڕەت دەکاتەوە و لەوەشدا سوپاس بۆ حیکمەتی زۆرینەی گەلی عێراق، چونکە متمانەی تەواومان بەوە هەیە، کە ماف و پێگەی کەمینەی کوردان، هەمیشە ڕێزلێگیراو دەبێت، تەنانەت پاش ئەوەشی کە عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دەچێتە تەویلەی نێودەوڵەتییەوە. هەر ئەمەشە کە لیژنەکە بە توندی پێشنیازی دەکات.

### ٥- خستنەڕووی چەند ئەنجامگیرییەکی کورت

بەو پێیەی ڕژێمی حکوومەتی عێراقی بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە پلەی باشبوونێکی مەزندایە، لەخۆڕا هەوڵی دانانی بنچینەیەک دەدەین، کە بکرێت بڕیارگەلی جۆراوجۆری لە بارەی داواکاریی خاوەن یاداشتەکانەوە لەسەر بنیات بنرێت. چونکە زۆرترین و گرنگترینی ئەو یاداشتانە، دەربارەی دامەزراندنی شانشینێکن، کە لە وزەی ڕێککەوتننامە و پەیماننامەکانی عێراق و بەریتانیا نییە تا لەبری ماندێت پێویستییەکانی بۆ فەراهەم بکات.

بۆیە ئەو یاداشتانە بە شێوەی ڕاستەقینەیان، پەسەندکراو نین و پێویست بە هیچ جۆرە کۆمێنتێکی لیژنەکەش ناکەن. بەڵام بۆ ئەو یاداشتانەی پەیوەستن بە بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە، دەوڵەتی ماندێت ڕایدەگەیەنێت کە زۆر نزیکە لەوەی بگاتە پلەیەکی دڵخۆشکەر، چونکە سیاسەتی گشتی ڕێگە دەدات کە لێیان بڕوانرێت. هاوکارانم بۆیان گرنگ دەبێت کە بزانن دەوڵەتی ماندێت، بڕیارەکانی حکوومەتی عێراقیی لە هەمبەر هەڵوێستی لە دۆزی کوردی، پەسەند کردووە.

وەک چۆن بریکاری سەرۆک وەزیران لە ١٩ی ئابی ١٩٣٠دا ڕایگەیاند، کە حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە لە داهاتوودا بایەخ بە داواکاریی کوردان بدات، بەوەی پێ لەسەر فەرمانبەرانی حکوومەت دابگرێت، جا هەر جۆرێک بن، کە شارەزاییان لە زمانی کوردیدا هەبێت. ئەوەش زۆر باشترە لەوەی ئیدارەی ناوچە کوردییەکان، بدرێت بە فەرمانبەرانی کورد.

لیژنەکە ناچارە ئەوە پەسەند بکات، بەو پێیەی وەها بڕیارێک خواستی ئاسانکردنی بۆنەکانی نێوان دانیشتووانە کوردەکە و ئیدارە، نیشان دەدات و لە ناوچە غەیرە کوردییەکانی شانشینەکەشدا، بوار بە فەرمانبەرانی پیکهاتەی کوردی دەدات.

لە لایەکی تریشەوە، لیژنەکە ناتوانێت بەبێ ئاوڕدانەوە لە نیازی پشتەوەی، ئەو بیرۆکەیە پەسەند بکات، ئەگەر بێت و ببێتە هۆی داماڵینی کوردان لە بوونی کۆمەڵێک فەرمانبەر، کە حاڵیان هاوتایە لەگەڵ خواستە ڕەواکانیاندا.

لە لایەکیشەوە دەوڵەتی ماندێت دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەو کردەوەی ستەم و

توندوتیژییەی دووچاری خاوەن یاداشتەکان و ئەوانەش بوون کە بانگەشەی بەرگریکردن لە ناوچەکانیان دەکەن، یان خەیاڵییە، یانیش هۆی خۆیان هەبووە کە ڕەفتاری قوربانییەکانە.

ئەو ژمارە زۆرەی یاداشت لە لایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە، کە چیتر بەدەستهێنانی پێگەکانیان مەحاڵە، جگە لەو هەموو ڕوونکردنەوە ورد و درێژەی لیژنەی ماندێت، لیژنەکە دەخەنە دۆخێکی زۆر شەرمهێنەرەوە. هەرگیز هێندە هەستم بە لاوازیی لیژنەی ماندێت لە بابەتی وردبوونەوە و تێڕوانینی یاداشتەکان نەکردووە، زیاتر لە شەڕکردنی لە نێوان ئەو هەموو خواستە شاراوەیەدا، کە پێچراون بە ڕستێک ڕوونکردنەوە و ڕەتکردنەوە و لێدوانەوە. هەروەها پێنەدانی بوار بە ئەگەری بەکارهێنانی پێویستییەکانی لێکۆڵینەوە. لیژنەکە ناچارە لێدوانی دەوڵەتی ماندێت پەسەند بکات، کە وەک سەرەداوێک بوو دەربارەی دۆزەکە.

لە حاڵێکی وادا و بەگوێرەی ئەوەی یاداشتەکان، زیاتر پەیوەستن بە عێراقەوە وەک ئەوەی لە حکوومەتی بەریتانیای مەزنەوە و تا ئەوەندەشی سکاڵای خاوەن یاداشتەکان بە وردی سەیر کراون و لێیان کۆڵروەتەوە، دەتوانین بەبێ هیچ دوودڵییەک ئەوە بکەین. پشکنین و وردبوونەوە لەو سکاڵایانە لە لایەن لیژنەی خراپ بەکارهێنانەوە بووە، کە خاوەنی یاداشتەکان بانگەشەی دەکەن و وا دیارە ئەو دەسەڵاتەش لە ڕێی دەستوەردانی لە کاروباری ئیدارییەوە، ئەو دیاردەیەی کەمتر کردبێتەوە.

کە وایە ئایا پێویستە لیژنەکە داواکاریی خاوەن یاداشتەکان بەتەواوی ڕەت بکاتەوە و بە خۆی بڵێت کە بەتەواوی باوەڕی بە تێبینییەکانی دەوڵەتی ماندێت هێناوە؟ پێم وا بێت نەخێر. چونکە سەرباری ئەوەی ئەو یاداشتە زۆرانە مایەی ڕەخنەی زۆرن، لەبەر یەکەم، نادیاریی پێگەی خاوەنەکانیان و دووەم، جۆری ناوەڕۆکیشیان مایەی گومانە؛ کەسێکی چاودێری بێلایەن ناتوانێت ئەو بیرۆکەیە وەلا بنێت، بەڵکو دەڵێت دۆزی کوردی لە عێراق، دۆزێکی ڕاستەقینەیە، تەنانەت گەر تووڕەیی کوردانیش کەم یا زۆر نیشتبێت، لەوەش زیاتر بڵاوە کە خاوەنی یاداشتەکان بانگەوازی بۆ دەکەن. دیارە کە هەیە و دەوڵەتی ماندێتیش دووبارەی نەکردووەتەوە.

کە وایە گەر تووڕەیی هەموو ئەو ماوەیە، بەردەوام هەستی پێ کرابێت، کە تێیدا حکوومەتی بەریتانی سەرباری لێهاتووییەکەی، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆی لە ڕێگەی

دادەوە بەکار هێنابێت و نەترسێت لەوەی تووڕەییەکی لەو جۆرە بتەنێتەوە گەر لێگەڕێت حکوومەتی عێراق خۆی بەڕێوە ببات. هەمیشەش ئەگەری وروژاندنی ئەو تووڕەییە دەبێت و ڕۆحییەتی شەڕەنگێزانەی نیشتمانییش لای ڕەعیەتی عەرەب ئامادە دەکات.

گەر هاوکارانم بەو بۆچوونەم ڕازی بن، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی خێرام لەو بەڵگەنامانەی سەرەوە پێی گەیشتووم، دەتوانن ئەو ڕاستییە تۆمار بکەن بەوەی ئەم بڕیارەی خوارەوە بخەنە بەردەم ئەنجومەن.

لیژنەی ماندێت، پاش وردبوونەوەی لە یاداشتی کۆمەڵە و کەسایەتیی زۆری کورد لە عێراق، لەگەڵ ئەو تێبینییانەشی دەوڵەتی ماندێت داونی، شەرەفمەندە کە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بداتە ئەنجومەن:

١- سوپاسی دەوڵەتی ماندێت بکات بۆ ئەو بایەخپێدانە زۆرەی، کە لە لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی تێبینییەکانی لەسەر ئەو یاداشتە زۆرانە، نیشانی دا.

٢- داوا لە دەوڵەتی ماندێت بکات، کە لەسەر حکوومەتی عێراقی سوور بێت بۆ ئەوەی داناتر بێت و بە ڕۆحییەتی بەرگەگرتن و سنگفراوانیی لە هەمبەر کەمینەیەک، مامەڵە لەگەڵ ڕەعیەتی کوردیدا بکات، کە مافی خۆیەتی ڕێزی بگیرێت و دڵسۆزییشی بۆ حکوومەتەکەی، بەگوێرەی دەربازبوونی لە هەر شتێک، کە مافە بنەڕەتییەکانی پێشێل دەکات، گەشە دەکات، ئەو مافانەی هەم دەوڵەتی ماندێت و هەمیش کۆمەڵەی گەلان، ددانیان پێدا ناوە.

٣- بە خاوەنی یاداشتەکان ڕابگەیەنێت، کە کۆمەڵەی گەلان هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکات مافەکانیان ڕێزلێگیراو بن. ئەوەش بە سۆز و خواستێکی زۆرەوە دەکات، گەر لیژنەکە بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە کوردان بە دڵسۆزیی تەواوەوە کار لە مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەرکەوتنی دەوڵەتی عێراقیدا دەکەن.

٤- بایەخی تەواو بەو نیگەرانییەی هەموو دانیشتووانی کورد بدات، کە پەیوەستە بە ناڕوونیی چارەنووسیانەوە لە پارێزگاریی حکوومەتی بەریتانیاوە بە هێزە مانەوییەکەیەوە، کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووی کشانەوەی ئەو هێزانەدا، سوودی زۆرتریان لێ وەرگرتووە.

## شۆڕشی کورد دژی شۆڤینیزم و فراوانخوازیی بزووتنەوەی کەمالیزم
## ١٩٢٥ - ١٩٣١

"چەند سەیرە نەتەوەیەک لە بەرگریکردن لە نیشتمانەوە بچێتە سەر هێرشبردن بۆ زەوتکردنی ئازادیی ئەوانیتر". دەربڕینی ڕاستی جەواهیرلال نەهرۆ، ڕێبەری دیاری هیندی بوو لە کاتی باسکردنی گۆڕانی بزووتنەوەی کەمالیزم لە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییەوە بۆ بزووتنەوەیەکی شەڕەنگێز، کە دژایەتیی گەلی کوردی تێکۆشەر لە پێناو ڕزگاریی خۆیدا، دەکات. لە بزووتنەوەی بەرگریکردن لە تورکیاوە دژی کۆڵۆنیالیزم و زەوتکاران بۆ بزووتنەوەیەکی کۆنەپارێزی زەوتکار، کە ئازادی لە کوردان دەسەنێتەوە و کوردستانی نیشتمانیان بە هێزی ئاگر و ئاسن، بە هەمان شێوازی کۆڵۆنیالیستان، داگیر دەکات. ئەوەش ڕێک ئەوەیە، کە بزووتنەوەی کەمالیزم پاش سەرکەوتنی، بە کوردانی کرد، سەرکەوتنێک بڕێکی زۆر قەرزاری کوردە، کە لە بەدیهێنانیدا کارایانە بەشدار بوون. چونکە لە سەروەختی داگیرکردنی چەند بەشێکی تورکیا لە لایەن سوپای بەریتانی و فەرەنسی و یۆنانییەوە، کاتێک کەمال پاشا داوای ڕزگارکردنی تورکیا - نیشتمانی هەمووانی - دەکرد، کوردان بەدەم بانگەوازەکەوە چوون و دژی کۆڵۆنیالیزم هاوکاریی بزووتنەوەکەیان کرد. تەنانەت تێکەڵی بزووتنەوەکەی بوون و سەرکردایەتیی خۆیانیان پێ بەخشی، لەبیریان چووەوە کە نابێت گەلێکی ستەملێکراوی داگیرکراو، سەرکردایەتیی هێزەکانی خۆی بداتە دەستی بۆرجوازیی نەتەوەی سەردەست. بەڵکو دەبێت هێزە نیشتمانییەکانی خۆی لە سایەی سەرکردایەتیی پێشڕەوی خۆیدا ڕێک بخات و لەگەڵ بزووتنەوە نیشتمانییەکانی نەتەوەکانی تردا، خەباتی دژی کۆڵۆنیالیزم لە بەرەیەکی نیشتمانییدا، یەک بخات. ئەوەش بۆ ئەوەی داهاتووی خۆی مسۆگەر بکات و هێزی ڕێکخراوی خۆیشی هەبێت، کە بتوانێت لە کاتی پێویستدا بەرگریی لێ بکات، کاتێک نەتەوەپەرستیی بۆرجوازیی نەتەوەی سەردەست هەڵدەگەڕێتەوە و لایەنی ئاسایی نێگەتیڤی، زاڵ دەبێت - لایەنی چاوبڕینە خاکی خەڵکی تر و فراوانخوازی لەسەر حسابی نەتەوەکانی تر و حەزکردن لە

هەژموون.

گەر ئەمە بکرایە، بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆرجوازیی کەمالیزم، نەیدەتوانی بەو ئاسانییە هەڵگەڕێتەوە و پشت بکاتە بەڵێنەکانی، کە پێشتر بە کوردانی دابوو، بەوەی ڕێزی مافەکانیان دەگرێت. هەروەها هەموو قوربانیدانە زۆرەکانی کوردان لە پێناو ڕزگاریی تورکیادا، بەفیڕۆ نەدەچوون. ئەو قوربانیدانەی هێندە مەزن بوون، کە وەزیری بەرگریی تورکیا لە کاتی خوێندنەوەی وتارەکەیدا لەسەر گۆڕی سەربازی ون، وتی بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەم سەربازە، کوردە. فیلْچێڤسکی، پرۆفیسۆری سۆڤییێت، دەربارەی یارمەتییە بەنرخەکانی نیشتمانپەروەرانی کورد بۆ بزووتنەوەی کەمالیزم دەڵێت[١٧٣]: "بەڕاستی کوردان لە سەروەختی شۆڕشی کەمالییەکاندا هاوسۆزیی توندی خۆیانیان لەگەڵ شۆڕشی کەمالیستەکاندا دژی بێگانە، سەلماند. لە کۆنگرەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی، کە لە هەمان کاتی کۆنگرەی کەمالیستەکان - ناسراو بە (کۆنگرەی بەرگری لە هەق) - بەسترا، کۆنگرەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی، هاوسۆزیی خۆی بۆ بزووتنەوەی کەمالیزم و هاریکاری و هاوخەمیی توندوتۆڵی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی تورکیدا، دووپات کردەوە. وەک جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی کۆنگرەش، هێزە چەکدارە کوردییەکان لە سەروەختی جەنگی دژی ئینگلیز و فەرەنسی و یۆنانییە زەوتکارەکاندا، بەشی سەرەکیی سوپای تورکی بوون". لە سەرووی ئەوەشەوە، سەرکردە تورکەکان خۆشیان، لە نێویاندا مستەفا کەمال پاشا و عیسمەت پاشا ئینۆنو و فەتحی بەگ و حوسێن عەونی بەگ، بە ڕۆڵی شکۆداری کوردان لە ڕزگاریی تورکیادا، هەڵیاندا و ئەمەی دواتریشیان لە وتارێکیدا لە ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا، وتی: مافی قسەکردن لە سەر ئەم سەکۆیە، بۆ هەردوو نەتەوەی تورک و کوردە. سەرکردەی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورک، مستەفا کەمال پاشا-ش بەڵێنی پێدانی حوکمڕانییەکی ئۆتۆنۆمی بە کورد دا، کە ڕووبەرەکەی زۆر لەو ڕووبەرە فراوانتر بێت کە لە پەیماننامەی سیڤەر-ی ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە لایەن هاوپەیمانانەوە و پاش هەوڵی بێ وچانی شاندی کوردی بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشا - نوێنەری کۆمەڵەی تەعالیی کورد و

١٧٣- لە تێزەکەی دکتۆر شەمزینییەوە وەرم گرتووە.

کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەلایەتی و هەموو ڕێکخراوە کوردییەکانی تر و شێخ مەحموود و سەرۆکانی تری کوردی عیراقیش[١٧٤] – دیاری کراوە. پاش ڕێککەوتنی شەریف پاشا لەگەڵ بۆگۆس پاشا، سەرۆکی شاندی ئەرمەنی لە پاریس و پێشکەشکردنی یاداشتێکی هاوبەش لە ١ی ئازاری ١٩٢٠ بە ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان، هاوپێچ لەگەڵ ڕێککەوتنەکەیاندا، هاوپەیمانان پەیماننامەی سیڤەریان ئیمزا کرد.

کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، هۆکاری یەکەم و سەرەکیی نەهامەتییەکانی گەلی کوردە لە دابەشکردن و بەکۆیلەکردنی وڵاتی کوردستان و زەوتکردنی هەموو مافە نەتەوەییەکانی. چونکە گەر کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی نەبووایە، گەلی کورد دەیتوانی نیشتمانەکەی، کوردستان، ڕزگار بکات، کە بەشی باشوورەکەی لە سایەی هەژموونی هیچ کەس و لایەنێکدا نەبوو و هێزی چەکداری پێویستیشی هەبوو تا ڕێ لە هەر لایەنێک بگرێت کە بیەوێت هەژموونی خۆی بسەپێنێت. واتە گەر کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی نەبووایە، دۆزی کورد چارەسەری دادپەروەرانەی خۆی هەر دەدۆزییەوە.

بەو شێوەیە دەبینین کە دۆزی کورد، کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی نەیخوڵقاندووە، بەڵکو ئاڵۆزکاندوویەتی و بەربەستی خستووەتە بەردەم و دژی ئەو لایەنانە جەنگاوە، کە بۆ چارەسەری دادپەروەرانەی تێکۆشاون.

دۆزی کوردی، وەک ئەوەی لەم کتێبەدا باس کراوە، بەو پێیەی دۆزێک بووە لە ڕووی مێژووییەوە پێک هاتووە، پێش ئامادەیی سەربازیی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی لە خۆرهەڵات، بە عێراق و کوردستانیشەوە، هەبووە. تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی کوردییش

١٧٤– پێش پێکهێنانی شاندی کوردی، چەند هەوڵێکی هاوبەشی کوردی و عوسمانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ دۆزی کوردی لە نێو تورکیادا، دران. بڕیار درا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتیی شێخولئیسلام ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری و ئەندامێتیی میر ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری گەیلانی، ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان، پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی تاوتوێی پرسی کوردی بکەن. لیژنەکەش گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە: ١، دداننان بە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردستاندا لە نێو کۆمەڵەی عوسمانیدا؛ ٢، دەستکردن بە ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێت دەستبەجێ ئۆتۆنۆمیی وەربگرێت. کەچی وەزارەتەکەی شەریف پاشا ئەو پێشنیازانەی ڕەت کردەوە، کە ئەوەش کۆمەڵە نیشتمانییە کوردییەکانی ناچار کرد، شاندێک بەرەو پاریس بنێرن. بڕوانە یادداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، ل ١٩٥ – ١٩٦.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، لە نێویشیدا چارەسەری دادپەروەرانەی دۆزی کورد، سەدەیەک پێش ئامادەیی سەربازیی بەریتانیا لە عێراق و کوردستاندا هەبووە.

لەوانەیە هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردی دژی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، کە هەر لە هاتنییەوە بۆ عێراق تا وەدەرنانی، هێزی یەکەم بووە لە سەرکوتکردنیدا، دەشێت بەڵگەی دەمکوتکەر بێت بۆ هەڵبەستی شۆڤینییە فارس و تورکەکان و بەڵگەی یەکلاکەرەوەش بێت لەسەر دوژمنایەتیی بەریتانیای کۆڵۆنیالیستی بۆ گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی و هەوڵە زۆرەکانی بۆ ڕزگاریی کوردستان و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆ نووسینی. گوندە ڕووخاوەکان بە بۆردومانی ئاسمانیی بەریتانی، گۆڕی شەهیدانی گەلی کورد، کە کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی کوشتوونی، مانەوەی کوردستان بە دابەشکراوی و بێبەش لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی و بە دواکەوتوویی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵگەی زیندوون لەسەر حەقیقەتی سیاسەتی بەریتانیا لە هەمبەر دۆزی کوردیدا. بەڵام بەریتانیا، هەروەک دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستییەکانی تر، هەوڵی داوە و دەشیدات، کە هەموو دۆز و جیاوازییەکانی نێوان نەتەوە و حکوومەتەکان بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەڕێوە ببات و پیلانە کۆڵۆنیالیستییەکانی بچەسپێنێت. بەڵام دۆزی گەلان دژی کۆڵۆنیالیزمن، بۆ ڕێگرتن لە هەوڵ و تەڵەکەشی، دەبێت بەپێی بنەماکانی مافی چارەی خۆ نووسین و برایەتی و بەرژەوەندیی هاوبەشی گەلان، چارەسەر بکرێن.

## بەندەکانی پەیوەست بە گەلی کوردەوە لە پەیماننامەی سیڤەردا

لە بەشی سێیەمی پەیماننامەی سیڤەر و لە ژێر ناونیشانی کوردستاندا، ئەم بەندانەی خوارەوە پەسەند کران:

بەندی ٦٢: لە ماوەی شەش مانگدا لە ڕێکەوتی جێبەجێکردنی پەیماننامەی ئۆتۆنۆمییەوە لە هەمبەر ئەو ناوچانەی کە کوردنشینن و دەکەونە خۆرهەڵاتی فورات و سنووری باشووری ئەرمینیاوە، بەو شێوەیەی کە دواتر دەستنیشان دەکرێت، لیژنەیەکی سێ کەسی کە ناوەندەکەی قوستەنتینییە دەبێت، پێک دەهێنرێت و هەریەک لەوانەش لە لایەن حکوومەتەکانی ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیتالیاوە دەستنیشان دەکرێت. هەمان سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا و عێراقیشدا پێڕەو دەکرێت، بەپێی ڕوونکردنەوەی نێو هەردوو دەقی دووەم و سێیەمی بڕگەی دووەمی بەندی ٢٧. لە حاڵەتی ڕێک نەکەوتنیش لەسەر هیچ بابەتێک، ئەوکات بە ئاگاداریی هەرکام لە ئەندامان بۆ حکوومەتی خۆیان بەرز دەکرێتەوە. دەبێت ئەو پرۆژەیەش گەرەنتیی پێویستی پاراستنی کلدان و ئاشووری و کەمینەکانی تریش لە ڕووی ڕەگەز و ئاینەوە لەو ناوچانەدا، لەخۆ بگرێت.

بۆ ئەو مەبەستەش، لیژنەیەک لە نوێنەرانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و عەجەم و کورد، ئەو ناوچانە دەبینێت بۆ ئەوەی بیانپشکنێت و بڕیاریان لێوە بات. گەر وا بە باش دانرا کە بەسەر سنووری تورکیادا بچەسپێت، پاڵپشت بە بەندەکانی پەیماننامەکە، هەمان سنووری باسکراو لەگەڵ عەجەمدا، دەچەسپێت.

بەندی ٦٣: حکوومەتی عوسمانی لەمڕۆوە بەڵێن دەدات، کە لە ماوەی سێ مانگدا لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەیەوە، بڕیارەکانی هەردوو لیژنەی کۆمسیۆنی باسکراو لە بەندی ٦٢دا، پەسەند و جێبەجێ بکات.

بەندی ٦٤: گەر لە ماوەی ساڵێکدا لە ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەوە، گەلی کوردی نیشتەجێی ئەو ناوچانەی لە بەندی ٦٢دا باس کراون، بۆ کۆمەڵەی گەلانی

بسەلمێنێت، کە زۆرینەی گەلی ئەو ناوچانە دەخوازن لە تورکیا سەربەخۆ بن، گەر کۆمەڵەی ناوبراویش دڵنیا بووەوە، کە ئەو گەلە دەتوانێت سەربەخۆ بێت، بڕیاری لێ دەدات. لە ئێستاشەوە تورکیا بەڵێن دەدات، ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات و واز لە هەموو ماف و جیاوگێکی بەسەر ئەو ناوچانەوە بهێنێت. وردەکاریی ئەو وازهێنانە لە ڕێککەوتنێکی تایبەت لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان و تورکیادا، ڕێک دەخرێن.

لە حاڵەتی وازهێناندا دەوڵەتانی هاوپەیمانی باسکراو، هیچ جۆرە بەرهەڵستییەک بە ڕووی کوردانی دانیشتووی بەشێکی خاکی کوردستان کە ئێستا ویلایەتی مووسڵە، نیشان نادەن لەوەی بەوپەڕی ویستی خۆیانەوە لەگەڵ حکوومەتە کوردییە سەربەخۆکەدا، یەک بگرن".

ئەوانەن بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر پەیوەست بە گەلی کورد و کوردستانەکەیەوە، کە مستەفا کەمال پاشا بەڵێنی ئۆتۆنۆمییەکی لەوە فراوانتری پێ دابوون. بەڵام ئەو بەڵێنەی مستەفا کەمال پاشا، جگە لە مانۆڕێکی فێڵبازانە، هیچی تر نەبوو. مەبەستیشی لە لایەکەوە بریتی بوو لە دڵنیابوونەوە لە بەرەی خۆرهەڵات کاتێک خۆی لە بەرەی خۆرئاواوە دەجەنگا، لە لایەکی تریشەوە بەدەستهێنانی پاڵپشتیی کوردان بۆ تورکان لە جەنگدا. بەداخەوە ئەو مانۆڕەش بەسەر نیشتمانپەروەرە کوردەکاندا تێپەڕی، کە بەبێ هیچ کۆت و مەرج و ڕێککەوتنێکی پێشوەخت، لەگەڵ کەمال پاشا ڕێک کەوتن و پشتیان گرت. هیوادارم خوێنەر وا لەم قسانەم تێنەگات کە من دژی هاریکاریی کوردان بم بۆ بزووتنەوەی کەمالیزم دژی کۆڵۆنیالیزم، یان بە هەڵەی بزانم. نا، بەپێچەوانەوە، پێم وایە ئەو هاریکارییە ئەرک بوو، بەڵام نەدەبوو کوردان بەبێ کۆت و مەرج، سەرکردایەتییان بە بزووتنەوەکە بسپێرن؛ بەڵکو دەبوو یەکگرتن لەگەڵ کەمالیستەکاندا، یەکگرتنی تێکۆشان بێت دژی دوژمنی هاوبەش و لە پێناو مافەکانی هەردوو گەلی تورک و کوردیش پێکەوە.

## هاوپەیمانان کوردان سڕ دەکەن

بەپێچەوانەوە، دەبوو کوردان سوود لەو دۆخە گونجاوە وەربگرن و حکوومەتی نیشتمانیی سەربەخۆیان دابمەزرێنن و لێنەگەڕێن کۆڵۆنیالیستە ئینگلیزەکان بە بەڵێنی درۆ و چەواشەکار، بیانخەڵەتێنن و سڕیان بکەن و لە بزووتن و شۆڕشیش لە پێناو مافەکانیاندا، ساردیان بکەنەوە. وەک ئەوەی دکتۆر بلەچ شێرکۆە لەم بارەیەوە دەڵێت[١٧٥] :

"سەرۆکی هاوپەیمانان لە پاریس ئەوەیان بۆ جەنەراڵ شەریف پاشا، سەرۆکی شاندی کوردی لە کۆنگرەی ئاشتەوایی، دووپات دەکردەوە، کە هێمنی و ئارامیی کوردان بۆ بەدیهێنانی ئومێدە نەتەوەییەکانی کوردان، پێویستن و هەر هەوڵێکیش بۆ تێکدانی ئەو ئارامییە، داواکارییە نیشتمانییەکان دەخاتە مەترسییەوە. ڕێنیشاندەران و نوێنەرانی باڵای هاوپەیمانانیش لە ئاستانە، هەمان شتیان بە گوێچکەی نوێنەری کۆمەڵە کوردییەکاندا دەدا.

هاوکات سەرکردەی ئەوکاتی هێزەکانی بەریتانیا لە کوردستان، جەنەراڵ ماک ئاندرو، نامیلکەیەکی بە زمانی کوردی بڵاو کردەوە، کە تێیدا هاتبوو:

"بەو پێیەی کە چارەنووسی ئەو زەوییە عوسمانییانەی زۆرینەی دانیشتووانیان کوردن، لە کۆنگرەی ئاشتیدا یەکلا دەبێتەوە، کە ئومێدە نەتەوەییەکانی کورد و مافە سروشتییەکانی کورد و کوردستان بەدی دەهێنێت، لەم حاڵەدا دەبێت کوردان پابەندی پاراستنی هێمنی و ئارامی بن و لە دادپەروەریی ئینگلتەرا دڵنیا بن، کە مافەکانی کورد دەپارێزێت". لە حەڵەب، پریکادێر- عەمید - بێڵ، سەرۆکی هەواڵگریی ئینگلیزی، ڕێگەی لە بڵاوکراوەیەکی کوردی گرت، کە داوای وریایی و هۆشیاری و کاری فیعلیی بۆ بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی لە کوردان دەکرد، بەبێ پشتبەستن بە هیچ بەڵێنێک. بە دکتۆر سورەییا بەدرخان، سەرۆکی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستانیشی وت، کە مەزنترین خزمەتێک بە گەلی کورد بکرێت، داواکردنی هێمنی و ئارامییە لێیان. لەوەش زیاتر، کاتێک هۆشیارانی کوردی بەئاگا لە فێڵ و تەڵەکەی

١٧٥- هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

دوژمنان، هەوڵیان دا هێزێکی چەکدار ڕێک بخەن و لە چیای (کاختە) بە مەبەستی پێکهێنانی سوپایەکی کوردی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی کەمالیی چاوەڕوانکراو، گردبوونەوە، هەر ئەو پریکادێرە، مەیجەر نۆئێلی ناردە لای نوێنەرانی کورد تا بە ناوی حکوومەتی بەریتانیاوە داوایان لێ بکات، کە دەبێت هەرچی زووە هێزە کوردییەکان بڵاوەی لێ بکەن.

لە قۆناغێکی دیاریکراویشدا - سەرەتای ڕووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالیزم - کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی هەوڵی دەدا لە دژی مستەفا کەمال، پشتی خەلیفە بگرێت و کوردانیشی دنە دەدا بچنە پاڵ خەلیفە و ڕێگەشی نەدەدان هیچ کارێک بکەن، بە هەماهەنگییان لەگەڵ دەسەڵاتە لاوازەکانی خەلیفەدا نەبێت. نوێنەری باڵای بەریتانی لە بروسکەیەکدا بە ژمارە ١٤٣٧ لە ١٠ و ١١ی تەمووزی ١٩١٩ بۆ وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن، پاش ئاماژەکردن بە داخستنی یانەی کوردی لە دیاربەکر لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، دەڵێت[١٧٦] : "وا دیارە سەرکردە کوردەکان زۆر لە چالاکییەکانی مستەفا کەمال تووڕەن. لە حاڵەتی هەستانیان بە هەر کارێک دژی مستەفا کەمال، دەیانەوێت بزانن کە ئایا نوێنەری باڵا، چاو لەو کارەیان دەپۆشێت یان نا. پێیان ڕاگەیەنراوە، کە نابێت هیچ کارێک دژی مستەفا کەمال بکرێت، تەنیا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە تورکییە ددانپێدانراوەکانی ئێستادا نەبێت". هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن، کە چۆن کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی لە ورەی نیشتمانپەروەرانی کوردی، داشکاندووە و لە هەستان بە کاری فیعلی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان، ڕێی لێگرتوون.

هەرچی (دادپەروریی بەریتانی)شە، کە بەگوێرەی بەڵێنی جەنەراڵ ماک ئاندرو دەبوو مافەکانی کوردی بپاراستایە، گەلی کورد ڕاستییەکەیان بە چاوی خۆیان دی، کە چۆن جگە لە ستەمێکی کۆڵۆنیالیستی و هێرشی چەکداری و فریودان بۆ پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کورد و دابەشکردنی کوردستان، هیچی تر نەبوو.

بەڵێ، گەلی کورد دادپەروەریی بەریتانیای دی، لە شێوەی بۆمبی تەوقیتکراو و سووتێنەر و تێکدەردا، کە فڕۆکە بەریتانییەکان بەسەر شار و گوندەکانی کوردستاندا بەریان دەدایەوە بۆ ئەوەی ژنان و منداڵان بکوژن.

---

١٧٦- بڕوانە کتێبەکەی ئەندازیار سەلاحەدین سەعدوڵا، ل ٢٤. کوردستان و بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی – چاپی یەکەمی عەرەبی.

## هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردی

دادپەروەریی ئینگلتەرا، کە نیشتمانپەروەرانی کوردی سڕ کرد و نەیهێشت بە کاری شۆڕشگێڕیی کارا، ئامانجەکانیان بپێکن، هەر هەمان دادپەروەری بوو، کە دواتر بە ڕێککەوتن لەگەڵ مستەفا کەمال لەسەر پەیماننامەی لۆزان، غەدری لێ کردن. بەو شێوەیە، پاش فێڵی هاوپەیمانان و کەمالییەکانیش پێکەوە، هیچ ڕێگەیەک جگە لە ڕێگەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی، پاش ئەوەی کۆمەڵێک هەلی بەنرخیان لە کیس چوو، لە بەردەم کورداندا نەمایەوە. ئەو ڕێگەیە تاکە ڕێگە و ڕاستترین ڕێگەیە بۆ بەدەسهێنانی ماف، پاش ئەوەی نیشتمانپەروەرانی کورد درکیان بەوە کرد، کە پێش چەند ساڵێک چیبیان لەدەست چووە. بۆیە هاتنەوە سەر ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانیان و کۆکردنەوەی هێزەکانیان و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش، ڕێکخراوە کوردییەکانیش دانانی پلانی شۆڕش و ئامادەکردنیان لە ساڵی ١٩٢٥دا بە جەنەراڵ خالید جوبرائیلی سپارد، کە دواتر تورکەکان لەسێدارەیان دا. ئەویش دەستی کردە دابەشکردنی هێز و ڕێبەرەکان، بڕیاریش درا دەستکردن بە شۆڕشی سەرتاسەری لە بەرەبەیانی ڕۆژی نەورۆز (٢١ی ئازاری ١٩٢٥)دا بێت، تا نەوەکانی کاوەی ئاسنگەر - پاڵەوانی ئەفسانەیی کوردی، کە دەوترێت لە هەمان ڕۆژدا سەرکردایەتیی شۆڕشێکی جەماوەریی کردووە - شکۆی شۆڕشگێڕییان بە باشترین و جوانترین شێوە، کە لە ئاستی سەردەم و ئەرک و ئومێدەکاندا بێت، بگەڕێننەوە. بەڵام هێزێکی تورکی چوونە گوندی (پیران) - بارەگای شێخ سەعید، دیارترین سەرکردەی شۆڕشی پلان بۆ داڕێژراو- و شوێنکەوتووانیشی وایان زانی بۆ دەستگیرکردنی شێخ هاتوون. شەڕ لە نێوان هەردوو لایەندا هەڵگیرسا، بەو هۆیەشەوە شۆڕش لە ٧ی ئازار دەستپێکرا، دوو هەفتە پێش وادەی دەستنیشانکراو. جەنەراڵ خالید و زۆرینەی ئەو ئەفسەرانەی ئەرکی سەرکردایەتیی سەربازیی شۆڕشی چەکدارییان پێ سپێردرابوو، لە دەرەوەی ناوچەکانی شۆڕش بوون. ئەوە بوو دەسەڵاتدارانی تورک، زۆرینەیانی لەناوبرد و بەبێ دادگایی،

کوشتنی. دکتۆر بلەچ شێرکۆ لەو بارەیەوە دەڵێت: "سەرباری ئەوەی ئەو شۆڕشە، کە پێش وادەی دیاریکراوی خۆی تەقییەوە، لە دەستی ڕێکخەران و ڕێبەرانی، کە شارەزاییان لە هونەری جەنگیدا هەبوو، دەرچوو و سەرباری ئەوەشی لە دەستی ئەوانەدا مایەوە، کە هیچ لە بارەی هونەرەکانی جەنگ و نهێنییەکانی شۆڕش نازانن، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا چوارچێوەکەی فراوان بوو بۆ ڕووبەرێکی هێندە بەرین، کە زۆرینەی وڵاتی کوردانی ژێر هەژموونی تورکی، بگرێتەوە". دکتۆری ناوبراو ڕەخنە لە شێوازی جەنگی و ستراتیجیکی شۆڕشگێڕانی کورد لەو شۆڕشەدا، دەگرێت و دەڵێت: تێکۆشەرانی کورد لەو شۆڕشەدا، کاتی بەنرخی خۆیانیان بە ڕشتنی خوێنی پاکی خۆیان لە پێناو دەستگرتن بەسەر شارە گەورە و ناوچە پەرژینکراوەکاندا، بەفیڕۆ دەدا، چونکە پێیان وا بوو کە ئەوە تاکە ڕێگەی سەرکەوتنە بەسەر حکوومەتی تورکیدا. لە کاتێکدا تورکان لە هەموو بەرەکانەوە سوپایان بەرەو کوردستان پەلکێش دەکرد، بە دابەشکردنی هێزەکانیشیان لە قۆڵی سیواس و ئەرزڕوم و کەناراوەکانی دەریای ڕەشەوە نەوەستان، بەڵکو لەشکرکێشییەکی بەهێزیشیان لە ڕێی هێڵی ئاسنینی سووری لە حەڵەبەوە کرد، کە ژمارەیان ٢٥ هەزار سەرباز بوو". ئەوانەش ڕستێک هۆکاری بەجێن بۆ پاساودانی ڕەخنەکەی دکتۆر بلەچ شێرکۆ، هەر ئەوەش بوو هۆکاری ئاسانکردنی ئەرکی تورکان لە سەرکوتکردنی شۆڕشدا، ئەگەر تا ماوەیەکیش بێت. تورکە کەمالیستەکان بەوپەڕی دڕندەیی و دڵڕەقییەوە، ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕیی کوردیان سەرکوت کرد، هەڵمەتێکی لەناوبردنی دڕندانەیان دژی کورد و تێکدانی نیشتمانەکەی، واتە کوردستان، بەڕێوەبرد.

ئارمیسترۆنگ لە کتێبەکەی - مستەفا کەمال: گورگە بۆرەکەدا - دەڵێت[١٧٧]: "ئاگر و شمشێر کاریان لە کوردستان کرد تا ئەوەی بوو بە وێرانە... پیاوەکانیان پاش ئەشکەنجەدانیان، کوشت. گوندەکان سووتێنران و کێڵگەکان تێکدران و حورمەتی ژنان و منداڵان ئەتک کران و دواتریش سەربڕدران. تورکانی مستەفا کەمال لە تۆڵەدا، کوردانیان بە هەمان توندی و دڵڕەقیی تورکانی سوڵتان سەربڕی، کاتێک یۆنانی و ئەرمەنی و بولگارییان سەردەبڕی. مستەفا کەمال کۆمەڵێک دادگای سەربازیی تایبەتی دامەزراند، کە

---

١٧٧- ئەحمەد فەوزی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٩١.

ناوی نان دادگاکانی سەربەخۆیی؛ کوردانیان دەکوشت، هەزارانیشیان لێ دەخرایە زیندان و ژمارەیەکی زۆریشیان ئەشکەنجە دەدران". بەپێی ئاماره بەراییەکانیش، هێزە تورکییەکان زیاتر لە ٨٧٥٨ماڵیان ڕووخاند، ٢٠٦ گوندی کوردییان وێران کرد و نزیکەی نیو ملیۆن کوردیشیان کوشت. کەمالیستەکان شێوازی تۆقێنەریان لە کوشتن و ئەشکەنجەداندا بەکار دەهێنا. با گوێ لە س. وێستن کۆل، تێکۆشەری پێشکەوتنخوازی تورکی بگرین، کە چۆن لە یاداشتەکانیدا باسی تاوانە ترسناکەکانی دژ بە کوردان دەکات. ئەو نیشتمانپەروەرە تورکە دەڵێت[١٧٨] : "هێزە کەمالیستەکان بە سەرانسەری وڵاتدا دەهاتن و دەچوون، ئەوکات من لەگەڵ ژمارەیەک شیوعیی تر لە یەکێک لە قەڵاکاندا، زیندانی بووم. ڕۆژانە ژمارەیەک زیندانیی کوردیان لە قەڵاکە دەبردە ئەو شوێنەی گولەباران دەکران، لە خەرەندێکی تەنیشت دیجلە. جەندرمەی تورکیش لە زیندانەکەدا، بازرگانییان بە پێڵاوی ئاوریشمیی زیندانییە کوردە کوژراوەکانەوە دەکرد.

چاک لەبیرمە ڕۆژێک گەنجێکی کوردی دەوروبەری بیست ساڵیان هێنایە ژوورەکەی تەنیشت ژوورەکەی من، کە بە تۆمەتی کوشتنی چەند ئەفسەرێکی تورک کە لە کاتی شەڕ لەگەڵ هێزە چەکدارە کەمالیستەکاندا، دەستگیر کرابوو. جەندرمە بۆ چەندین ڕۆژ زۆریان ئەشکەنجە دا، بە لوولەی تفەنگەکانیان لەشیان داخ دەکرد، بەڵام یەک وشەیان لێوە دەست نەکەوت. لەشی ئەو گەنجە کوردە یەک پارچە بووبووە برین و سووتان، کرمێکی زۆر تێی دابوو. ئەو گەنجە کوردە بوێرە بۆ چەندین ڕۆژ، بەرگەی ئازاری زۆری گرت، بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە بەرەنگاری مەرگ بووەوە، بە جۆرێک بەردەوام و بەبێ پسانەوە هەمان وشەی دووبارە دەکردەوە: تۆڵە، تۆڵە، تۆڵە".

ئەوە یەک نموونەیە لەو هەڵمەتەی، کە نیشتمانپەروەرانی کورد پاش ئەو ڕاپەڕینە تووشی هاتن، کە تێیدا هەزاران کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی گەلی کورد و سەرکردەکانی، تێدا چوون. لە ١٢ی نیسانی ١٩٢٥ سەرکردەکانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، لەوانەش سەرۆکی کۆمەڵەکە و شەهیدی نیشتمان شێخ عەبدولقادر، دکتۆر فوئاد، پارێزەر محەمەد تۆفیق، پارێزەر حاجی ئەختی و چەندانی تریش، دەستگیر کران. پاش دادگاییەکی ڕووکەش، دادگای سەربازی حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر ئەو ٩١ کەسەی ئەندامی کۆمەڵەکەدا سەپاند. لە ٢٧ی ئایاری

---

١٧٨- لە تێزەکەی دکتۆر شەمزینییەوە وەرم گرتووە.

١٩٢٥ هەموویان لە مەیدانی بەردەم مزگەوتی گەورەی دیاربەکر - ئامەددا - لەسێدارە دران[١٧٩] .

لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دادگا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەستەی دووەم، کە ژمارەیان ٤٧ نیشتمانپەروەر بوو، دەرکرد و حوکمەکەش جێبەجێ کرا. لە نێویشیاندا شێخ سەعید و حاجی خالید و جەنەراڵ ئیسماعیل و یوزباشی فەخری هەبوون. لە ٢٨ی حوزەیرانیش دادگا حوکمی دەستەی سێیەمی دا، کە ژمارەیان ٩٣ نیشتمانپەروەری کورد بوو؛ دەستبەجێ هەر لە هەمان مەیدانی بەردەم مزگەوتی گەورەی دیاربەکر، لەسێدارە دران.

جەواهیر لال نەهرۆ باسی ئەو قەسابخانانەی بۆ ئەندیرای کچی کردووە و دەڵێت: دواتر کەمال پاشا بێ بەزەییانە کوردانی لەناوبرد، دادگای سەربەخۆیی تایبەتی بۆ ددگاییکردنی هەزارانیان دامەزراند و هەردوو ڕێبەری کورد، شێخ سەعید و دکتۆر فوئاد و چەندینی تریشی، لەسێدارە دا، کە بەدەم وتنەوەی وێردی سەربەخۆیی کوردستانەوە مردن. بۆ پاساودانی ئەو قەسابخانانە و ژەهراویکردنی مێشکی گەنجانی تورک و ڕێبزرکردن لە ڕای گشتیی تورکی، مەکینەی بانگەشەی تۆرانی کەوتە کار، کە لە بنەڕەتەوە بوونی نەتەوەی کوردی ڕەت دەکردەوە و بە کوردانی دەوت (تورکی شاخاوی). لەوەش زیاتر، ئەو بانگەشەیە مۆرکێکی دەستووریی وەرگرت، کاتێک مادەی ٨٨ لە دەستووری تورکیا ڕاشکاوانە دەڵێت، هەموو دانیشتووانی تورکیا، بەبێ گوێدانە ئاین و نەتەوەیان، تورکن.

ڕۆژنامەی تورکییش ئەو مادەیەی لێکداوەتەوە و ڕاشکاوانە گوتوویەتی[١٨٠] :

"دەبێت بێگانەکان - غەیرە تورکەکان - یان لەگەڵ ڕەوتی گشتیدا تێکەڵ بن، یان بمرن...".

لەگەڵ ئەو هەموو ستەم و دەستدرێژییە تۆرانییەشدا، نەتەوەی کورد سەرباری ئەوەی بریندار بوو، بەڵام هەر زیندوو مایەوە، چونکە وەک بوونەوەرێکی مێژوویی، مەحاڵە لە ڕێی زەبروزەنگ و کوشتنەوە لەناوبچێت. ساڵی ١٩٢٧، پاش پێکهاتنی حیزبی خۆیبوون، شۆڕشی نیشتمانیی کوردی، خوێنی تێ گەڕایەوە و سەرەتا لە چیاکانی ئارارات بە سەرکردایەتیی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا و ئەشرافی حیزبی خۆیبوون، سەری هەڵدایەوە. ئەو شۆڕشە تا ١٩٣١ بەردەوام بوو،

---

١٧٩- ناوی مێژوویی شاری دیاربەکر، ئامێد-ە.عەرەب لە پاش فەتحی ئیسلامییەوە، ناوی شارەکەیان کرد بە دیاربەکر.

١٨٠- ڕۆژنامەی (ئێللەری)ی پان-تورکی، ژمارە حەوت، ساڵی ١٩٢٥، بە گواستنەوە لە گۆڤاری خۆرهەڵاتی نوێی سۆڤێتی.

کە هێزەکانی تورکیا، شۆڕشگێڕانی کوردیان ناچار کرد، پاش ئەوەی خۆراک و کەرەستەی جەنگییان لێ بڕا، پەنا بۆ ئێران ببەن.

جارێکی تریش تۆرانییەکان هەڵمەتی دڕندانەیان بۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشەش، دەست دایێ. ڕۆژنامەی سۆڤیێتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٣١ باسێکی کورتی ئەو هەڵمەتە تۆرانییەی کردووە، کە دەڵێت[١٨١]: "کەمالیستەکان لە کوردستان، هەموو جۆرەکانی چەکی نوێی کوشندەیان لە دامرکاندنەوەی ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە کوردییەدا، بەکارهێنا. تۆپخانە و فڕۆکە، گوندە کوردییەکانیان لە بنەڕەتەوە وێران کرد، ئاژەڵ و وڵاخەکان بەتاڵان بران، بەبێ جیاوازی چەکداری شەڕکەر و تەنانەت منداڵی بچووک و پیرەژنیشیان وەک یەک دەکوشت".

تۆرانییەکان تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ و سووتاندنی گوندەکانیان بە سەدان ئەنجام دەدا. لە ناوچەیەکی نزیکی چیای ئاگریدا، ٢٢٠ گوندی کوردیان وێران کرد و دانیشتووانی ئەو گوندانەش، نزیکەی دە هەزار ژن و منداڵ و کچ و پیریان لە دۆڵی زیلان کۆکردەوە و بە چەکی سووتێنەر لە فڕۆکە و تۆپهاوێژەکانەوە، دەستڕێژیان لێکردن و سووتاندنیان و بە قێزەونترین شێوە لەناویان بردن، بەپێی ئامارێک کە ڕۆژنامەی "الأحوال"ی بەیرووتی لە ١٣ی ئابی ١٩٣٠ بڵاوی کردەوە. لە ناوچەی (وان)یش، حکوومەتی تورکی نزیکەی سەد ڕۆشنبیری کوردی دەستگیرد کرد، دەست و پێی بەستنەوە و هەڵیدانە بنەوەی دەریاچەی وانەوە تا بە زیندوویی نوقم بن و بمرن. لە نزیک چیای (تەندەرەک)یش نزیکەی چوارسەد گوندی کوردیان وێران کرد، لە ویلایەتی وان ئەو هێزە تورکییەی کەمال سامی پاشا سەرکردایەتیی دەکرد، لە سەروەختی داکشانیان بەرەو چاڵدێران، ٨٣ گوندیان وێران کرد و ٥٩٠ کەسیان کوشت.

ئەو قەسابخانە و جەنگی لەناوبردنە، هەستی مرۆیی لای نیشتمانپەروەرە عەرەب و فارس و تورکەکان جووڵاند و سەرکۆنەیان کرد، وەک چۆن هەرکەسێک هەواڵەکانی دەبیست، پێی تووڕە دەبوو. هەر بەو هۆیەشەوە دەنگە باش و بەویژدانەکانی ئەورووپا و خۆرهەڵاتیش، دژی ئەم کردەوانە بەرز بوونەوە.

١٨١- بڕوانە تێزەکەی دکتۆر شەمزینی.

کۆمیتەی جێبەجێکاری بیرۆی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتیی کرێکاران لە زیوریخ، لە ٣٠ی ئابی ١٩٣٠ بڕیارێکی ناڕەزایی دەرکرد، کە لە خوارەوە بەو شێوەیەی لە ژمارەی ٩ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی ڕۆژنامەی (ئەلئەهرام)ی میسریدا بلاو بووەتەوە، دایدەنێین:

## کورد و بیرۆی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتیی کرێکاران

کۆمیتەی تەنفیزیی نووسینگەی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتیی کرێکاران لە ٣٠ی ئابی ١٩٣٠ لە زیوریخ، کۆبووەوە و ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد ... کۆمیتەی جێبەجێکاری بیرۆی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتیی کرێکاران سەرنجی جیهان بۆ ئەو قەسابخانانە ڕادەکێشێت، کە حکوومەتی تورکی، نەک دژی ئەو کوردانەی لە پێناو ئازادییاندا تێدەکۆشن، بەڵکو دژی گەلی کوردی ئاشتیخواز کە لە بزووتنەوەکەدا بەشدار نەبووە، کردوونی. بۆیە تورکان دەیانەوێت هەمان تالاوی کە ئەرمەنەکان بە دەستی ئەوانیان چەشت، بکەن بە گەرووی کوردانیشدا. ئەوەش بەبێ ئەوەی ڕای گشتیی لە نەتەوە گەورەکاندا، دژی ئەو دڕندەییە ناڕەزایی دەرببڕێت ... کۆمیتەکە هاوکات سەرنج بۆ ئەو مەترسییە جیددییانەش ڕادەکێشێت، کە ڕەنگە بەهۆی بەزاندنی حورمەتی خاکی فارسی لە لایەن سوپای تورکیاوە، هەڕەشە لە ئاشتی بکەن. دەستەی تەنفیزییش داوای نیشاندانی ناڕەزایی لە بەرامبەر ڕووداوەکانی نێو کوردستان، لە جیهان دەکات، کە ڕووداوی خوێناویین و گەلی کورد تێیاندا دەبنە قوربانی. بەڵام تۆرانییەکان باکیان بە ڕای گشتی و بڕیارەکانی نەبوو، بە مەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد و بزووتنەوە نیشتمانییەکەشی، هەموو بەها و نەریت و بنەما مرۆیی و یاسا نێودەوڵەتییەکانیان پێشێل کرد. بەڵام دڕندەیی تۆرانی لە لەناوبردنی گەلی کورددا، شکستی هێنا، نەشیتوانی هیممەتی تێکۆشەرانەی کوردان بشکێنێت. باشترین بەڵگەش لەسەر ئەوە، وتەکانی شەهیدی نیشتمان، شێخ عەبدولقادر بوو، کە کاتێک بەرەو پەتی سێدارە هەنگاوی دەنا، بە ڕووی ستەمکاراندا هاواری کرد و وتی[١٨٢] : "ئەی جەلادینە، شەرەفە بۆ ئێمە

---

١٨٢-   وتەی شەهیدەکان لە تێزەکەی دکتۆر شەمزینییەوە وەرم گرتوون.

لە پێناو ئازادیی نیشتمانەکەماندا، سەرکەوینە سەر سەکۆی سێدارە. بە لەسێدارەدانی ئێمە، جگە لە تووڕەیی گەلی کورد، هیچی ترتان دەست ناکەوێت و زیاتریش لەسەر تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی خۆی، سوور دەبێت. بژی کوردستان، بژی تێکۆشانی گەلی کورد".

بەڕاستی ڕووداوەکان قسەکانی شەهیدی نەمر دکتۆر فوئادیان سەلماند، کە لە سێدارە نزیک بووەوە خۆی پەتەکەی کردە ملی و هاواری بژی کوردستانی دەکرد و بە ڕووی پیاوکوژەکاندا نەڕاندی:

"هەی خوێنمژینە، هەرگیز پێتان وا نەبێت کە چەکی تورکی، دۆزی کورد لەناو دەبات. گەلی کورد بە سووربوونێکی زیاترەوە تێدەکۆشێت و پێتان خۆش بێت یان ناخۆش، ئازادی و سەربەخۆیی خۆی هەر دەباتەوە. بەڵام ئێوە هەی خوێنمژینە، جگە لە لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژوودا، هیچی ترتان پێ نابڕێت".

هێزە کوردییە شۆڕشگێڕەکان، جارێکی تر وەخۆکەوتنەوە و ڕیزەکانیان ڕێکخستەوە و کەوتنە پەیڕەویکردنی وتەکانی شەهید شێخ سەعیدی پیران، کە بە جەللادەکانی وتبوو: "شەرەفمەندین کە لەبەر تێکۆشان بۆ ڕزگاریی وڵاتمان لە کۆیلایەتیی ئێوە، سەرکەوینە سەر سێدارە. تێکۆشانمان ئەرکێکی نیشتمانی بوو، ئێمەش بە شەرەفەوە بەجێمانگەیاند. ئەرکیشە لەسەر هەر کوردێکی بەشەرەف، لە پێناو ڕزگاریی کوردستانی نیشتمانی ستەملێکراو، تێبکۆشێت، کە ستەمێکی وای لێدەکەن، لە وزە وتوانا بەدەربێت".

چەند ساڵێکی زۆر بەسەر شۆڕش لە ئاراراتدا تێنەپەڕی، کە لە ١٩٣٧ لە دێرسیم شۆڕش بەرپا بووەوە. بۆ دوو ساڵ، خەوی لە چاوی سوپای تورکیا زڕاندبوو، لە کاتێکدا بە بەهێزترین و قورسترین چەک لە لایەن دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیزمەوە، پڕچەک کرابوون.

## شۆڕشی کورد و کۆماری دیموکراتی کوردستان لە موکریان
## ١٩٤٥ - ١٩٤٧

ناوچەی موکریان لە کوردستانی خۆرهەڵاتە، بەشێکە لە ویلایەتی ڕەزائیە - ئورومیەی ئێستا - و ویلایەتی ئازەربایجانی حکوومی، کە وەک موتەسەریفیەت وایە. موکریان لە سەروەختی شۆڕشی شەمزینانەوە، بە ڕۆحییەتی نیشتمانیی کوردی ناودارە. کاریگەریی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیی سەرهەڵداوی پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، بەتایبەت شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموودی حەفید، بەسەر موکریانەوە دیار و هەبوو. دیکتاتۆرییەتی ملهوڕ، دەستی خستبووە بیناقاقا و ڕێگەی پەرەسەندنی لە ڕووی هۆشیاری و ڕێکخستنەوە گرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەڵقەی نیشتمانپەروەرانی کورد، لەوانەش مەلا داودی و عەبدولڕەحمان زەبیحی و حسێن فروهەر هەبوو، کە پێش جەنگ لە ژێر ناوی (ئازادیخوازی کوردستان) چالاک بوون و بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی لە نێو ئەوانەی پشتیان پێ دەبەسترا، بایەخیان بە ئەدەب و شیعر دەدا. سەرباری سستیی لە چالاکی و کارەکانی ئەو کۆمەڵەیەدا، هێشتا وەک ئەڵقەیەکی چالاک مایەوە کە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، بەڵام بە هیممەتێکی شۆڕشگێڕانەوە لە شاری مەهاباد (سابڵاخ)، پایتەختی ناوچەی موکریان، لە تێکۆشان بەردەوام بێت.

### دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێ. کاف

کاتێک سوپای هاوپەیمانان لە ١٩١٤دا چوونە ئێرانەوە و دەسەڵاتی ناوەندی، کە بە دەستێکی ئاسنین ناوچە و ویلایەتە جیاوازەکانی ئێرانی گرتبوو، هەرەسی هێنا و تێگەشتنە دیموکراسییەکانی دژی فاشیزم، بڵاو بوونەوە، بەتایبەت لە ناوچەی داگیرکاری سۆڤییەت، کە تێیدا بیری مافی چارەی خۆ نووسینی گەلانیان بڵاو دەکردەوە و باسی جیهانێکی بێ کۆڵۆنیالیزم و ئیستیغلالیان دەکرد و سۆزێکی قووڵیان لە هەمبەر گەلی

کورد لە ناوچەی کوردستان - موکریان - کە لە سایەی هەژموونی خۆیاندا بوو، نیشان دەدا، ئەوکات ئومێدەکان زیندوو بوونەوە و کوردەکان بەو بیرانە ورووژان، چونکە وەڵامدەرەوەی خواست و هیواکانیان بوون.

ئەوە بوو نیشتمانپەروەرانی کورد، چالاک بوون و ئەو ئەڵقە شۆڕشگێڕە نیشتمانییەی لە کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان مابووەوە، لە مەیدانی کاری نیشتمانیدا دەرکەوتن. پاش پەیوەندیگرتن لەگەڵ حیزبی (هیوا)ی چالاک لە عێراق لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢، نیشتمانپەروەرانی کورد بە ئامادەیی میرحاج ئەحمەد، ئەندامی حیزبی هیوای کوردی لە عێراق، لە باخچەکەی حاجی داود لەسەر ڕووباری سابلاخ لە دەوروبەری شاری مەهاباد، کۆبوونەوە و کۆمەڵەی (ژیانەوەی کوردستان)یان دامەزراند کە دواتر بە ژ.ێ. کاف ناسرا، کە لە جێگەیەکی تری ئەم کتێبەدا بە وردی باس کراوە و لەسەر ڕێباز و سیاسەتی کۆمەڵەکە و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی حیزبی هیوا ڕێککەوتن. کۆمەڵەی ژ.ێ. کاف دەستی بە چالاکیی کرد و بە نهێنی گۆڤاری (نیشتمان)ی دەرکرد بۆ ئەوەی بیر و تێگەیشتنی نیشتمانیی کوردی و بیری دیموکراسی و شیعر و قەسیدەی نەتەوەیی هەستبزوێنانە، بڵاو بکاتەوە. کۆمەڵەکە بە خێرایی فراوان دەبوو، چەند لقێکی لێوە پێکهات، پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ کوردانی تورکیا و عێراق، پتەوتر کرد. نوێنەرێکی بە ناوی محەمەد ئەمین شەرەفی، نارده عێراق و دواتر نوێنەری توێژێکی نیشتمانپەروەری کوردی لە تورکیا، کە قازی مەلا وەهاب بوو، لەگەڵ نوێنەری کۆمەڵەکە و دواتریش سەرکردەکانیدا لە مەهاباد، کۆبووەوە. لە ئەنجامی ئەوەشەوە، لەسەر سنووری تورکیا - عێراق - ئێران لەسەر خاکی کوردستانی دابەشکراو بەسەر ئەو وڵاتانەدا، کۆبوونەوەیەک ساز کرا، کە بە کۆبوونەوەی (سێ سنوور) ناسرا [١٨٣]؛ لە عێراقەوە شێخ عوبەیدوڵڵا و لە کوردستانی تورکیاشەوە قازی مەلا وەهاب و لە ئێرانیشەوە کۆمەڵەی ژ.ێ. کاف و قاسم قادری، کە تێیدا بڕیار درا لەسەر گۆڕینەوەی هاریکاری و بەهاناوەچوونی نێوان نیشتمانپەروەرانی کوردستان.

پاشان ژ.ێ. کاف لقێکی لە عێراق دامەزراند، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکی

---

١٨٣- ویلیەم ئیگڵتن، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٣٦.

بوو و هەریەکە لە ئیسماعیل شاوەیس و عوسمان دانشی نارده مەهاباد تا پەیوەندی بە سەرکردەکانی کۆمەڵەکەوە بکەن و پەیوەندییەکانیش توندوتۆڵ بکەن. هەروەها لقیکیشی لە کوردستانی تورکیا دامەزراند، بەڵام بەهێز نەبوو.

هێشتا دووەمین جەنگی جیهانی بنە و باری نەخستبوو، کە کۆمەڵەی ژێ. کاف بوو بە کۆمەڵەیەکی بەهێز و تۆڕی ڕێکخستنەکانی هەموو ناوچەی موکریانی گرتبووەوە و لە ڕیزەکانی گەلی کورددا خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوو، ئامانجەکانیشی لە بەرپاکردنی حوکمڕانییەکی نیشتمانیی دیموکراتی کوردی لە کوردستانی ئێران و بایەخدان بە ئەدەب و زمان و کولتووری کوردی و ڕستێک چاکسازیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا گەڵاڵە بوون.

سەرباری ئەوەی کۆمەڵەکە میللی بوو و سەرکردەکانیشی ڕۆڵەی جەماوەر و کاسبکاران بوون، بەڵام کورتهێنانی هۆشیاریی نیشتمانی و ڕۆشنبیریی زانستیی پێوە دیار بوو. وەک چۆن لە هەمان کاتدا کۆمەڵەکە، تیۆرییەکی زانستیی نەبوو و نەدۆزیبووەوە، کە ئەوەش خستییە داوی ئەزموونگەراییەوە.

### ئەندامێتیی شەهید قازی محەمەد

شەهید قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی قاسم، کە یەکێک بوو لە بەهێزترین کەسێتییەکانی مەهاباد، لە سەرەتاوە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ. کاف نەبوو، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەیدا کەسێتییەکی ڕێزگیراو بوو. پەیوەندیی پتەوی بە بەرپرسانی سۆڤییێتیەوە هەبوو، کە بە کەسێکی ڕۆشنبیریان دەزانی، بێجگە لەوەش زمانەکانی ڕووسی و فارسی و عەرەبی و ئازەری دەزانی و خاوەنی دەسەڵاتێکی جەماوەری و هەڵگری بیری دیموکراسی بوو، بۆیە چاوەڕانی ئەوە بوون ببێتە چەقی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و ئەوکات لە موکریان زۆر ناسراو نەبوو. لە ژێر کاریگەریی خواستی بەدەستهێنانی هاریکاریی فیعلیی یەکێتیی سۆڤییێتدا، کۆمەڵەکە لە کۆچکردوو قازی محەمەد نزیک بووەوە و هەوڵی دا بیکاتە ئەندام. ئەوەش سەرباری بەرهەڵستیی توێژێکی هۆشیاری سەرکردایەتی، کە پێشوەخت درکی بەوە کردبوو، کەوا قازی بەهۆی دەسەڵات و کاریزماکەیەوە، دەست بەسەر کۆمەڵەکە و بەسەر سەرکردایەتییە

میللییەکەیدا دەگرێت، کە پارە و پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزی نەبوو، تەنیا توێژێکی نیشتمانپەروەری هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵانی خەڵک بوون. پاش ڕاگۆڕینەوەی بەرایی لەگەڵ قازی محەمەد، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤دا بانگ کرایە ماڵی ئەحمەد ئیلاهی لە شاری مەهاباد، کە گرووپێک لە ئەندامە دیارەکانی ژێ. کاف کۆبووبوونەوە و چاوەڕوانی سوێندخواردنی قازی بوون بە سوێندی ژێ. کاف. هەمان ڕۆژ ئەوە کرا و لەو ڕۆژەشەوە قازی محەمەد بوو بە ئەندامی کۆمەڵەکە، هەر زوو دەستیشی گرت بەسەر ئۆرگانە جیاوازەکانی کۆمەڵەکەدا و بەبێ ئەوەشی ئەندامێکی سەرکردایەتی بێت، بوو بە بەرپرسی دەسەڵاتداری هەموو شتێک لە کۆمەڵەکەدا. ناسناوی قازی محەمەد لە کۆمەڵەکەدا، (بینایی) بوو.

## حیزبی دیموکراتیی کوردستان
## تشرینی دووەمی ١٩٤٥

لە ساڵی ١٩٤٥ و پاش کۆتایی جەنگی دژ بە فاشیزم بە بردنەوەی بەرەی دیموکراسی و مەزنبوونی دەسەڵاتی کۆمەڵەی ژێ. کاف و پاش دەستکردنی لقی حیزبی توودە-ی ئێرانی لە ناوچەی ئازەربایجان بە گۆڕان بۆ حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان، شەهید قازی محەمەد بیرۆکەی گۆڕینی کۆمەڵەی ژێ. کافی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دروست بوو. پاش ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردایەتیی ژێ. کاف و هەندێک کەسێتیی دەستڕۆیشتووی سەربەخۆ لەسەر ئەوە، لە خانەی دامەزراوەی کولتووریی سۆڤییێت لە مەهاباد، کۆبوونەوە و باس لە پێویستیی دیموکراسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و گۆڕینی کۆمەڵەی ژێ. کاف بە حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا، بۆ ئەوەی بتوانێت بەو ئەرکە نیشتمانییانەی هەستێت کە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دەبنەوە. ئەوەش لە تشرینی دووەمی ١٩٤٥ بوو، کە کۆبوونەوەکە پێشنیازەکانی قازی محەمەدی پەسەند کرد. ئامادەبووانیش سەرکردەکانی ژێ. کاف و ژمارەیەک کەسێتیی خێڵەکیی دەستڕۆیشتوو بوون. پاش ماوەیەک پێڕەوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەنرا، کە پێش ڕوونکردنەوەی کەوت و کۆمیتەیەکی ناوەندی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد هەڵبژێردرا، کە بوو بە سەرۆک و سەرکردە و ئاڕاستەکەری سیاسەت و دەستڕۆیشتووی یەکەمی حیزبەکە.

## ڕاگەیاندنی کۆماری ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی کوردستان
## ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦

پاش دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆماری ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی ئازەربایجان[١٨٤]، نیشتمانپەروەرانی کورد بە سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتیی قازی محەمەد، بە مەبەستی ڕاگەیاندنی کۆماری ئۆتۆنۆمیی کوردستان، کەوتنە خۆیان. پاش ڕاوێژ و ئامادەکاری، لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد لە مەیدانی (چوارچرا)، کۆبوونەوەیەکی میلڵیی گەورە بەسترا، کە سەکۆیەکی دارینی تێدا دانرا و شارەکە بە ئالاّی نیشتمانیی کوردی و دروشمی نەتەوەیی ڕازێنرایەوە، وەک ئەوەی شارەکە جلی جەژنی گەورەی پۆشیبێت. قازی محەمەد لەسەر سەکۆ وەستا بۆ ئەوەی، پاڵپشت بە مافی چارەی خۆ نووسینی هەموو گەلان، کۆماری دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی قەوارەی گشتیی ئێراندا، ڕابگەیەنێت.

ویلیەم ئیگڵتن دەڵێت[١٨٥] :

"قازی چووە سەر سەکۆ و لەسەرخۆ جیاوازیی گەلی کوردی دووپات دەکردەوە، کە لەسەر خاکی خۆی دەژی و ئەویش وەک سەرپاکی نەتەوەکانی تر، مافی چارەی خۆ نووسینی هەیە. کوردان ڕا بوون و دۆستێکی بەهێزیان پەیدا کردبوو، لەو کاتەشدا کۆماری ئۆتۆنۆمیی کوردستان ڕاگەیەنرا".

پێکهێنانی حکوومەت

پاش هەڵبژاردنی قازی محەمەد وەک سەرۆککۆمار، دەستی کرد بە هەوڵی پێکهێنانی حکوومەت. لە سەرەتاکانی شوباتی ١٩٤٦ لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و ژمارەیەک کەسێتیی دیار، کۆبووەوە بۆ ئەوەی بابەتی پێکهێنانی

---

١٨٤- کۆماری ئازەربایجان لە ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ لە شاری تەبریز-ی پایتەختی، ڕاگەیەنرا.

١٨٥- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٦٣.

حكوومەتیان لەگەڵدا باس بكات. لە ١١ی شوباتی ١٩٤٦ بڕیار لە پێكهێنانی حكوومەت درا و بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاگەیەنرا:

حاجی بابە شێخ - سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.

محەمەد حسێنی سەیفی قازی - جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری.

مەناف كەریمی - جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری مەعاریف.

سەید محەمەد ئەیوبیان - وەزیری تەندروستی.

عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە - وەزیری دەرەوە.

ئیسماعیل ئاغا ئیلخانی زادە - وەزیری گەیاندن.

ئەحمەد ئیلاهی - وەزیری ئابووری.

خەلیل خوسرەوی - وەزیری كار.

كەریم ئەحمەدیان - وەزیری پۆستە و تێلێگراف و تەلەفۆن.

محەمەد ئەمین موعینی - وەزیری ناوخۆ.

مەلا حوسێن مەجدی - وەزیری داد.

مەحموود وەلی زادە - وەزیری كشتوكاڵ.

لە پێكهێنانی حكوومەتەكەوە دەردەكەوێت، كە كۆماری كوردستان، هەرچەندە ئەوەشی قبووڵ كردبوو كە شاهەنشا، شای هەموو ئێران بێت بە هەردوو كۆماری ئازەربایجان و كوردستانیشەوە، دراوی ڕەسمییش هەر هەمان دراوی ئێرانی بوو، كۆمارێكی ئۆتۆنۆمی نەبوو، بەڵكو لە ڕاستیدا جۆرێک بوو لە كۆماری فیدراڵ. كۆماری كوردستان و ئازەربایجان، ئامادەیی خۆیانیان دەربڕی كە بە مەبەستی هەماهەنگیی پەیوەندییەكانیان، لەگەڵ حكوومەتی تاراندا بچنە دانوستانەوە. ڕاستییەكەشی، شاندێكی كوردستان بە سەرۆكایەتیی قازی محەمەد و شاندێكی ئازەربایجانیش چوونە تاران و وەک بنەما لەسەر ددانانان بە مافەكانی كوردستان و ئازەربایجان لە چوارچێوەی یەكێتیی ئێراندا ڕێككەوتن. دواتر حكوومەتی ئێران، لەو ڕێككەوتننامەیە پاشگەز بووەوە.

## ڕێککەوتن لەگەڵ ئازەربایجان

حکوومەتی هەردوو کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان، لە ٢٣ی نیسانی ١٩٤٦ لەسەر ئاڵوگۆڕی هاریکاری و بەرگریی هاوبەش، ڕێک کەوتن. مادەی ٤ی ڕێککەوتنەکە تایبەت بوو بە هاوپەیمانیی سەربازیی هەردوو حکوومەتەکە و پێوستیی گۆڕینەوەی هاوکاری لە نێوانیاندا. وەک چۆن بەپێی مادەی ٣ی ڕێککەوتنەکەش، لیژنەیەکی هاوبەشی ئابووری پێکدەهێنرێت؛ بەپێی مادەی ٥یش دەبوو دانوستان لەگەڵ تاراندا بە ڕەزامەندیی هەردوو حکوومەتەکە بێت؛ بەپێی مادەی ٢ و ٦یش کەمینەی کوردی لە ئازەربایجان و کەمینەی ئازەری لە کوردستان، مافە ئیداری و کولتوورییەکانیان پارێزراو دەبێت؛ مادەی ٧یش تایبەت بوو بە سزادانی هەر کەسێک، کە هەوڵی هەڵتەکاندن یان لاوازکردنی یەکێتیی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی کورد و ئازەری بدات.

ئەو شاندە کوردییەی بەرپرسی دانوستانەکان بوون، پێکهاتبوون لە بەڕێزان قازی محەمەد، محەمەد حوسێن سەیف، عەبدوڵڵا گەیلانی، عومەر خانی شکاک، ڕەشید بەگی هەرکی، زێرۆ بەگی هەرکی، محەمەد خزری - قازیی شنۆ، شاندی ئازەربایجانیش لە جەعفەر پێشوەری، حاجی میرزا عەلی شایستەری، سادق پادگان، سەلاموڵڵا جاوید و محەمەد بیریا پێکهاتبوون.

## دەستکەوتەکانی تر

کۆماری کوردستان کۆمەڵێک دەستکەوتی ناوخۆیی گرنگی هەبوو. ئیدارەیەکی نیشتمانیی کوردی بەسەر سەرتاسەری وڵاتدا سەپاند، ئارامی و ئاسایشی پاراست، خویندنگەی لە شار و گوندەکانی بە زمانی کوردی کردەوە، خانەیەکی چاپ و وەشاندنی دامەزراند، ڕۆژنامەی (کوردستان)ی بە زمانی کوردی دەرچوواند تا زمانحاڵی حکوومەت و حیزبیش بێت، گۆڤاری تریشی بە زمانی کوردی دەرچوواند، نێردەیەکی ڕۆشنبیریی لە نزیکەی پەنجا خوێندکار نارده یەکێتیی سۆڤیێت و هەروەها دەیان خوێندکاریشی نارده زانکۆی تەبرێز.

یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان (یەکیەتی یایانی دیموکراتی کوردستان) و

یەکێتیی لاوانی کوردستان (یەکیەتی جوانانی دیموکراتی کوردستان) دروست بوون و هەردوو ئەو ڕێکخراوەش، دەستیان دایە کار و چالاکیی نیشتمانی و پەروەردەیی خۆیان. حکوومەتیش کێشەی خۆراک و هاوردن و ناردنی بە دانایی چارەسەر کرد، تووتنی بە یەکێتیی سۆڤییێت دەفرۆشت و کەرەستەی خواردن و پزیشکیی پێویستی لە بازاڕدا مسۆگەر کرد و لە هەندێک ناوچە و گوندیش، بنکەی تەندروستیی کردەوە.

## ڕووخانی کۆماری کوردستان
## ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦

هێزە چەکدارەکانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە خۆبەخشی خێڵەکان پێکهاتبوو، وەک چۆن کۆمار دەستی کرد بە پێکهێنانی چەند یەکەیەکی سەربازی لە ناوچەی مەهاباد، کە شەهیدی موقەددەم لە سوپای شۆڕشگێڕیی کوردستان، مستەفا خۆشناو، فەرماندەی مەوقیعی مەهاباد و فەوجی ڕاهێنانی ئەوێ بوو، بەڵام ئەو یەکانە بەهێز نەبوون.

هەرچی هێزە خێڵەکییەکانە، هەمیشەیی نەبوون. واتە لە کاتی پێویستی و بانگکردندا، دەهاتنە بەرەکان و لە سایەی فەرماندەیی ئاغا و سەرۆک خێڵەکان بوون، کە زۆرێکیان ڕاڕا بوون و لە کاتی پێویستیدا، خیانەتیان کرد. یەکە خێڵەکییەکان لە شەڕی گرنگدا بۆ بەرگری لە کۆمار بەشدار نەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کاتێک هێزە چەکدارەکانی ئێران، پاش کشانەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤییێت لە بەهار و هاوینی ١٩٤٦دا، بەرەو کوردستان و ئازەربایجان جوولان، زۆرێک لە سەرۆک خێڵەکان پەیوەندیی نهێنییان لەگەڵ سەرکردەکانی سوپای ئێرانیدا دروست کرد و پشتیان کردە کۆماری دیموکراتی کوردستان.

هەر بەڕاستییش، کاتێک هێزەکانی ئێران گەیشتنە کوردستان، سەرۆک خێڵەکان دایانە پاڵیان و ناپاکیی مێژوویی خۆیانیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دووپات کردەوە.

لە کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا هێزەکانی ئێران دەستیان بە هێرش بۆ سەر کوردستان و

ئازەربایجان، کرد و لە ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا پاش هەڵهاتنی سەرکردەکانی، بەبێ بەرگری چوونە شاری تەبرێزی پایتەختی ئازەربایجانەوە.

قازی محەمەد ڕەتی کردەوە، کە هاوشێوەی جەعفەر پیشوەری و هەندێک لە لایەنگرانی، پەنا بۆ یەکێتیی سۆڤییێت ببات. پێی باش بوو ڕادەستی حکوومەتی تاران بێت، پاش ئەوەی بە بەڵێنی لێخۆشبوونەکەیان هەڵخەڵەتا، چونکە پێی وا بوو کە پێویستە لەگەڵ خەڵکی مەهاباد بمێنێتەوە و وەک چۆن کاتی خۆشیی لەگەڵیان بوو، کاتی ناخۆشییش هەر لەگەڵیان بێت.

هێزەکانی ئێران لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا، بەبێ بەرگرییەکی شایەنی باس، چوونە شاری مەهابادەوە و بەوەش کۆماری دیموکراتی کوردستان هەرەسی هێنا.

حکوومەتی ئێران پاش دوو ڕۆژ لە چوونە ناوەوەی شارەکەش، سەرکردە و کەسێتییەکانی کۆمارەکەی دەستگیر کرد و خستنیە زیندان. ژمارەیەکی کەمی سەرکردەکانی حیزب، ڕایانکرد بۆ عێراق، کە پاش ئەوەی ملکەچی و خۆڕادەستکردنەوەیان ڕەتکردەوە، ویستیان گیانی خۆیان ڕزگار بکەن.

کاتێک قازی محەمەد خۆی ڕادەستکرد و دەستگیر نەکرا، هەندێک پێیان وا بوو کە حکوومەتی ئێرانی سیاسەتێکی ژیرانە پێڕەو دەکات، بەڵام زۆری نەخایاند قازی محەمەدی دەستگیر کرد. پاش دادگاییەکی ڕووکەشییش لە بەردەم دادگایەکی سەربازیدا، بە لەسێدارەدان حوکم درا. بە هەمان شێوەش حوکمی لەسێدارەدان دەرچوو بۆ سەیفی قازیی وەزیری بەرگری و سەدری قازیی نوێنەری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران، کە بەڕێز ئیگڵتن بە پشتگرتنی بەردەوامی نوێنەرانی حیزبی توودە و بەرگری کردن لێیان، تۆمەتباری دەکات.

### لەسێدارەدانی قازی محەمەد و هاوەڵانی

حوکمی لەسێدارەدانی شەهید قازی محەمەد و هاوەڵانی، بەرەبەیانی ٣١ی ئازاری ١٩٤٧ لە مەیدانی چوارچرا لە ناوجەرگەی مەهاباد، هەمان ئەو مەیدانەی کە قازی محەمد لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا کۆماری دیموکراتی کوردستانی تێدا ڕاگەیاند، جێبەجێ

کرا. قازی وەک پاڵەوان لە پەتی سێدارە نزیک بووەوە، پەتەکەی بە دەستەوە گرت و بە ڕووی جەلادەکانیدا هاواری کرد: ئێوە بە لەسێدارەدانی من، یەک قازی محەمەد دەکوژن بەو ئومێدەی گەلی کورد لەناوببەن، بەڵام نەخێر ئێوە هەڵەن، چونکە هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورد، قازی محەمەدێکە لە تێکۆشاندا. نیشتمانپەروەران ئەرکی جێبەجێکردن و درێژەدان بە تێکۆشان تا سەرکەوتن، دەگرنە ئەستۆ. دڵنیاش بن لەوەی کە بەزەییان بە جەللادەکانی گەلی کورددا نایەتەوە. شەهید محەمەد حسێن خان سەیفی قازییش، کاتێک لە سێدارە نزیک دەبووەوە وتی: شانازییە لە ڕێگەی نیشتماندا شەهید ببم، بژی کوردستان. دوای ئەوانیش، دەیان نیشتمانپەروەری کورد، لە نێویشیاندا چەند سەرۆکێکی نیشتمانپەروەری بەگزادە و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لەسێدارە دران.

لەوانەشی کە لە ٧ی نیسانی ١٩٤٧دا لە مەهاباد لەسێدارە دران: سەرۆک حەمید مازووچی، سەرۆک ڕەسووڵ نەغەدەیی، مولازم عەبدوڵڵا ڕۆشنفکر، مولازم محەمەد نازمی.

لە بۆکانیش ئەمانە لەسێدارە دران: سەرهەنگ عەلی شێرزادی، سەرهەنگ ئەمین کەسنەزانی، ئەحمەد خانی فارووقی و برایانی لە سەرۆکانی فەیزوڵڵا بەگی، محەمەد بەگی شێرزادی، ئەحمەد خانی کەڵتەکی، مەحموود خانی تورکمان کەندی، محەمەد خان بابە خان بەگ، ئاغا سدیقی یازبلاخی، عەلی ئاغا تەموتە، ڕەسووڵ ئاغای میرەدێ.

## هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی کورد لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نیشتماندا

سەرباری هەڵگیرسانی چەند جارە و قوربانیدانێکی زۆر و ڕۆڵی پاڵەوانبازی و گیانفیدایی شۆڕشگێڕان، شکستی شۆڕشی نیشتمانیی کوردی لە بەدەستهێنانی ئامانجە ڕزگاریخوازییە دیموکراتییەکانی گەلی کورددا، هۆکاری زۆری هەیە. لەوانەش ڕۆڵی کۆڵۆنیالیستان، بەتایبەت ئینگلیز، کە چەندان سەدەیە دژی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردان دەجووڵێتەوە. هەروەها بەرژەوەندیی دەوڵەتە گەورەکان، لە ڕووسیای قەیسەرییەوە بۆ بەریتانیا و میرەکان وای خواستووە، کە دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بکرێت و ڕێگەش لە ڕزگاریی کوردستان بگیرێت. هاوکات زیاتر لە جارێک، دۆخ و هەلومەرجی نێودەوڵەتی، دژ و پێچەوانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕزگاریخوازیی کوردستان بووە.

پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی بوو بە دوژمنی سەرەکی و سەرسەختی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و ڕێگری یەکەم لە ڕزگاریی کوردستان. کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی نزیکەی چل ساڵی مانەوەی لە عێراق، هەرچی سوپای پڕچەکی هەیە بە چەکی قورس و فڕۆکە و تانک و تۆپهاوێژی قورس لە دژی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بەکاری هێناون. ئەوەش سەرباری دژایەتیی کۆڵۆنیالیستان بۆ گەلی کورد لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵەی گەلان و ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

بەڵام جگە لەوانە، هۆکاری تریش هەن، کە پەیوەستن بە خودی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و دۆخ و هەلومەرجی تایبەتی گەلی کورد و کوردستانەوە. هەندێک هۆکار ئەرکی دوژمنیان لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، ئاسان کردووە، کە هەندێکیان گرنگن و هەندێکیشیان لاوەکین. لەو هۆکارانەش چەند دانەیەک باس دەکەین:

١- شۆڕش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەهۆی سەپاندنی بەسەر گەلی کورددا لە لایەن دوژمنانەوە، بەهۆی دەستدرێژیی چەکدارییەوە بۆ سەری یان پێشێلکردنی مافە

سروشتییەکانییەوە، هەڵگیرساوە. واتە شۆڕشی کوردی بەبێ پێگەیشتنی هەموو پێویستییەکانی و دەستەبەربوونی هەموو مەرجە پێویستەکانی سەرکەوتن و بەبێ تەواوکردنی ئامادەکارییە پێویستەکان، هەڵگیرساوە.

کاتێکیش شۆڕش لە ناوچەیەک سەری هەڵدەدا، ناوچەکانی تری کوردستان بەهانایەوە نەدەچوون، بگرە لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا یارمەتیشیان نەدەدا. ئەوەش ئەرکی چڕکردنەوەی هێزەکان و سوودوەرگرتنی لە باڵادەستی و گەمارۆدانی شۆڕش لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، ئاسان دەکرد. کاتێکیش شۆڕش لە ناوچەیەک دادەمرکێنرایەوە، لە ناوچەیەکی ترەوە سەری هەڵدەدا.

ئەوەش واتە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردی، یەکگرتوو و لە سایەی یەک سەرکردایەتییشدا، نەبوو. بەڵکو پارچەپارچە و بەسەر خۆیدا دابەش بووبوو، کە ئەوە - سەرباری هەڵگیرسانی لە ناوچە و لە کاتی جیاجیادا - چەندان دەرفەتی سەرکەوتنی لە دەست دەرکردووە.

٢- قەتیسمانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، بەتایبەت سەرکردایەتییەکەی تا دووەمین جەنگی جیهانی، لە دەستی توێژی خێڵەکی و باڵای کۆمەڵگەی کوردستانیدا. جووتیاران بەبێ هۆشیاری و بەبێ گرێدانی بەرژەوەندیی زەمینییان بە دۆزەکەوە و بەبێ ئەوەی وەک پێویست تێبگەیەنرێن، بەبێ ئەوەی شۆڕش هەڵگری دروشمگەلێکی دەربڕی بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان بێت، بەشداریی شۆڕشیان دەکرد. بۆیە بزووتنەوەکە ئامانجەکانی خۆی لە لایەنی سیاسیی گشتیی پەتیدا، کورت دەکردەوە، بەرنامەیەکی نەبوو بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی و دەربڕینی ئومێدەکانی جەماوەر و داواکارییە ڕۆژانەییەکانی تر. ئەوەش واتە درکنەکردنی ئەوەی جووتیاران، هێزی سەرەکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیین، سەرباری درکنەکردنی ئەوەشی چینی کرێکار، پێشڕەوی شۆڕشگێڕن. بەوەش بەرزکردنەوەی داواکارییەکانی کرێکار و جووتیار و زەحمەتکێشانی تریش، پشتگوێ خرا.

٣- نەبوونی حیزبێکی پێشڕەوی ئەزموونداری خاوەن سەرکردایەتییەکی چاوکراوەی هۆشیار، کە هێزەکانی جەماوەری خەڵک، یەک بخات و لەگەڵ هێزەکانی گەل و توێژە

نیشتمانییەکاندا، یەکیان پێ بگرێت و لە شۆڕشی دژ بە کۆڵۆنیالیست و زەوتکارانیشدا، پێشیان بکەوێت. ئەمەش گرنگترین فاکتەری شکستی شۆڕشە لە بەدیهێنانی ئەرک و ئامانجەکانی و نەزانین و دەستنیشاننەکردنی هێزە سەرەکی و هاوپەیمانەکان و لەوێشەوە پشتنەبەستن بە جووتیار و کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوپەیمانەکانیان لە بۆرجوازیی بچووک و نیشتمانی، لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕی و ڕێکنەخستنیشیان لە تێکۆشاندا.

٤- سەرکردایەتیی لە دەستی ئەو کەسانەدا نەبوو، کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش و تەقاندنەوەی وزەکانی گەل و پاڵنانی جەماوەرەوە بۆ ڕیزەکانی شۆڕش و بەردەوامبوون لەسەریدا، شارەزا بوون. سەرکردایەتییەکان هۆشیار نەبوون، وەک پێویست درکیان بە ئەرکی خۆیان نەدەکرد و ئەهلی قاڵبوونەوە نەبوون تێیاندا. چەند جارێکیش ڕووی داوە، کە بە بەڵێنی دوژمنان خەڵەتابن، تەڵەکە و پیلانگێڕیی دوژمنانیان بەسەردا تێپەڕیوە، توانای پەیداکردنی پێویستییەکانی بەردەوامبوونیان لە شۆڕشدا نەبووە. بەڵکو زۆربەی جار بیرکردنەوەی وەرزانە وەک مۆرکێک، زاڵ بووە، کە ئەوەش هەمیشە خەسڵەتێکی خێڵگەرایی و بزووتنەوەکانی بووە. بەو شێوەیە، توێژە باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستان - لە موڵکدار و پیاوانی ئاینی و سەرۆک خێڵەکان - بە کردەوە ناتوانایی خۆیانیان لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش، نەشیاوییان بۆ وەها ئەرکێکی ترسناک، نائاگایی و ناهۆشیاریی سیاسی و سەربازیی پێویستیان سەلماندووە.

٥- دەرکەوتنی توێژی دەرەبەگ، یان موڵکدار و یانیش ئاینیی خیانەتکار، کە هاوکاریی دوژمن دەکات و لە ڕێی بانگەشەی خەڵەتێنەر و قۆستنەوەی هەستی ئاینی بە شێوەیەکی ناڕاستەوە، بەشێکی گەلی کورد شان بە شانی دوژمنەکانی، لەگەڵ خۆیدا بۆ بەرەی جەنگ دژی شۆڕشی نیشتمانیی کوردی، پەلکێش دەکات.

٦- ڕادەستکردنی بێ هیچ کۆت و مەرجی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی لە بوارەکانی خەباتی هاوبەشدا، بە هێزە بێگانەکانی خاوەن سروشتی ئیستیغلالیی چینایەتییانە، وەک ئەوەی لەگەڵ کەمالیزمدا ڕوویدا. هەروەها ڕێکنەخستنی هێزە کوردییەکان لە سایەی دروشمی تایبەت و بە سەرکردایەتیی تایبەت بە خۆی لە بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ هێزی گەلانی دراوسێدا، مەگەر بە توانەوە لە نێویدا نەبێت. ئەوەش لێکەوتەی جیانەکردنەوەی وردی دۆست و دوژمنە، جیانەکردنەوەی چینە کۆمەڵایەتییە

ئیستیغلالییە دوژمنەکان و چینە زەحمەتکێشە هاوپەیمانەکانە. جیاکردنەوەی وردی دۆست و دوژمن لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، گرنگترین پێویستیی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییە.

٧- لاسەنگیی هێزەکان، چ وەک ژمارە و چ وەک جۆریش، لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و کۆڵۆنیالیستان و زەوتکارانی تری کوردستاندا. چەک و جبەخانەی شۆڕشگێڕان کەمە و گەر هەشبێت، سادەیە، لە کاتێکدا سوپای دوژمنان کە دەیان هێندە لەمان زیاترن، باشترین و نوێترین چەکی قورسی کوشندەیان هەیە. جگە لەوەشی دوژمن، زۆربەی جاران لە ڕووی ڕاهێنانی سەربازی و هونەرەکانی جەنگەوە، باڵادەستە.

٨- مانەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دواکەوتوویی کوردستان لە ڕووی ئابووری - پیشەسازی، کشتوکاڵی و تەکنیکی - کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، کە وای کردووە یەکخستنی هێزەکان و پلاندانانی شۆڕش، ئەرکێکی قورس بێت و پرچەککردن و پارەپێدانی، نەکردە بێت. ئەوەش وای کرد جێبەجێکردنی پیلانی پیلانگێڕان و پلانی پەرت بکە و زاڵ بە و خوڵقاندنی ناکۆکی و تێکدانی ڕیزەکان، ئاسانتر بێت.

٩- لاوازیی هێزە نوێیەکانی کۆمەڵگە، چ وەک ژمارە و چ وەک جۆریش، واتە کرێکاران و ڕۆشنبیران و بۆرجوازیی نیشتمانی و چینی نوێی کرێکار-پرۆلیتاریا-.

١٠- یەکنەخستنی پارچەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی شۆڕشگێڕیی کوردی، کاتێک دوژمنان بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو بزووتنەوەیە، هێز و هەوڵەکانی خۆیانیان لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە، یەک خست.

١١- بێبەشبوونی بزووتنەوەی نیشتمانیی شۆڕشگێڕیی لە کوردستان لە پاڵپشتیی دەرەکی و سەپاندنی کۆتێک بەسەریدا لە لایەن کۆڵۆنیالیست و دوژمنانەوە.

١٢- هەڵخەڵەتانی کوردان بە عوسمانییەکان بەهۆی بانگەشە و فێڵی ئاینییەوە، هاوشێوەی بەڵێنی هاوپەیمانان - کۆڵۆنیالیستە ڕۆژئاواییەکان - لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانی. هەروەها گومانی باش و هەڵخەڵەتانیان بە کەمالیست و ڕۆژئاواییەکان لە سەرەتاوە و درک نەکردنی سەرکردایەتییان بە حەقیقەتی هەڵوێستی ئەو دوژمنانە و جەوهەری پلانی دۆزەخییان دژی گەلی کورد.

# پاژی چوارەم

## پارتی دیموکراتی کوردستان
## پێشڕەوی تێکۆشانی گەلی کورد

### کورتەیەک دەربارەی حیزبەکە

لە گەرمەی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی بەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستاندا دەهاتن، کە کردیانە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی میللیی لە ڕووی کرۆک و ناواخنەوە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانە و لە ڕووی پێکهاتن و بنگەشەوە جەماوەری، پاش بەرکەوتنیشی لەگەڵ بیرە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازییەکان و خۆراکپێدانی بەو بیرانە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەک وەڵامدانەوەیەکی لۆجیکیی پێویستییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و جۆشدان و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی هێزە شۆڕشگێڕییە دیموکراتییەکانی جەماوەر، هاتە پێشێ.

پاش دووەمین جەنگی جیهانی، بزاوتی دیموکراتی مەزنتر بوو، بیری پێشکەوتنخواز لە ڕیزەکانی گەلی کورددا بڵاو بووەوە و حیزبە کوردییە تەقلیدییەکان، حیزبی بۆرجوازیی نەتەوەیی، مایەپووچ بوون و سەرکردایەتییە سازشکارەکان ئاشکرا بوون. ئیتر پێویستیی هەبوونی حیزبێکی کوردستانیی بە ستایلێکی نوێ، کە لەگەڵ پلەی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی دیموکراتی گەلی کورد و پێشکەوتنیدا بگونجێت و بتوانێت بە ئەرکی پێشڕەویی هەستێت، حاشاهەڵنەگر بوو. ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەردوو حیزبی (ڕزگاری و شۆڕش) و ژمارەیەک شۆڕشگێڕی تر دامەزرا، هاوشێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران، وەک ئەوەی لە جێگەی تردا باس کرا.

ڕاستە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە،

لە حیزب و کۆمەڵە کوردییەکانەوە کەوتەوە و حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکانیش لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، نوێ نین. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕووی پێکهاتن و ئامانج و سەرکردایەتییەوە، هاوشێوەی حیزب و کۆمەڵە کۆنەکانی پێشوو نەبوو. بە حوکمی هەڵتۆقینی لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و گۆڕانیەوە بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی میللی و دەوڵەمەندکردنی ئەو بزووتنەوەیە بە بیرە دیموکراتی و شۆڕشگێڕییە پێشکەوتنخوازییە زانستییەکان و بە حوکمی ئەو ئەرک و قۆناغەی تێیاندا هاتە بوون، حیزبێک بوو بە شێوازێکی نوێ؛ حیزبێکی پێشڕەویی جەماوەری و دیموکراتی شۆڕشگێڕ. بەرنامەکەی پێشکەوتنخوازانەی زانستی بوو، دەربڕی پێویستییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بوو لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیدا.

شێوازی کارکردنی، شۆڕشگێڕانە و دیموکراتی بوو. دروشمەکانی بەرجەستەکەری برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکێتیی خەباتی هەردوو گەلی عەرەب و کورد بوو دژی کۆڵۆنیالیزم و موڵکدارێتی و کۆنەپارێزی، لە پێناو عێراقێکی دیموکراتی ئازاددا.

ئامانجەکانی حیزبەکە خۆیان لە تێکۆشان بۆ ڕزگاریی عێراق لە کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانێتی و پەیماننامە ستەمکارەکان و حوکمڕانیی کۆنەپارێزی ئۆتۆکرات و پێکهێنانی کۆمارێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا، دەبینییەوە، کە ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ گەلی عێراق و ئۆتۆنۆمییەکی پێشکەوتووش بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی گەلی عێراقدا، مسۆگەر بکات.

لە لایەنی ئابوورییەوە، حیزب داواکاری خۆماڵیکردنی کانزا و سامانی زەمینی و نەوت و وەبەرهێنانیان لە لایەن دەوڵەت و بنیاتنانی پیشەسازیی قورسی خۆماڵیکراوە، کە ببێتە بنگەی سەرەکیی پیشەسازیی سووکی نیشتمانی، کە دەبێت هانی بۆ بدرێت، لەگەڵ سەپاندنی باجی هەڵکشاو، بەرەنگاربوونەوەی قۆرخکاری، خۆماڵیکردنی بانکەکان و قەتیسکردنی بازرگانیی ناوخۆیی. هەروەها حیزب هەر لە ١٩٥٠وە داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و لەناوبردنی پاشماوەکانی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران و گرنگیدان بە کۆمەڵەی هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکان و دامەزراندنی کێڵگەی حکوومی و یارمەتیدانی پەرەپێدان و بەپیشەسازیکردنی کشتوکاڵ دەکات.

لە لایەنی پەروەردەشەوە، حیزب هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری و بەناچاریکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و زیادکردنی کردنەوەی خوێندنگەی ناوەندی و پیشەیی و کردنەوەی کۆلێج و پەیمانگە بالاکان لە کوردستاندا وەک ڕێخۆشکردن بۆ کردنەوەی زانکۆی کوردستان و کردنی زمانی کوردی بە زمانێکی ڕەسمی و وتنەوەی ئەدەب و مێژووی کوردی لە خوێندنگەکاندا.

حیزب لە پێناو ئازادکردنی ژن لە کۆتە کۆنەپارێزییەکان و یەکسانیی تەواوی بە پیاوان لە هەموو بوارەکاندا و کردنی بە هاولاتییەکی کارا، هەروەها لە پێناو مافەکانی کرێکاران و باشترکردنی هەلومەرجی ژیانیان و دامەزراندنی سەندیکاکان بۆیان و بلاوکردنەوەی هۆشیاریی چینایەتی و نیشتمانی لە ڕیزەکانیاندا، تێکۆشاوە.

بە هەمان شێوە، بەرنامەکەی بایەخی تەواوی داوە بە بزووتنەوەی جووتیاران و دامەزراندنی کۆمەڵەی جووتیاران و هۆشیارکردنەوەیان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی خۆیان لە کشتوکاڵ و بواری نیشتمانییشدا جێبەجێ بکەن. هەر لە بەرنامەکەیدا سوورە لەسەر داوای ژیانی پەرلەمانیی ڕاست و فەراهەمکردنی هەموو ئازادییە دیموکراتییەکانی، وەک ئازادیی ڕێکخستنی سیاسی بۆ هێزە نیشتمانییەکان و ڕێکخستنی سەندیکایی و پیشەیی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و وەشاندن و کۆبوونەوە و کردنی ئیدارە خۆجێیییەکان بە ئیدارەی دیموکراتی، کە ئەنجومەن و شارەوانییەکانیان لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردرێن.

حیزب هەر لە ڕۆژی دامەزراندنەوە، باوەڕی بە پێویستیی دامەزراندنی بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی عێراق، هەبووە. لە سیاسەتی دەرەوەشدا بانگەوازی کردووە بۆ دژایەتیکردنی کۆڵۆنیالیزم و جەنگی کۆڵۆنیالیستی و جیهانی، پشتگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلان، بەهێزکردنی پەیوەندیی تێکۆشەرانەی عێراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیی ڕزگاریخواز و هەموو گەلانیاندا، باوەڕهێنان بە بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و کۆنگرەی باندۆنگ و لائیحە یان چارتەری مافەکانی مرۆڤ و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی بەرەی سۆشیالیستی بەگشتی و یەکێتیی سۆڤیێت و چینی میللی بەتایبەت. پێڕەوی ناوخۆیی حیزبیش – ژیانی ناوخۆیی – لەسەر بنەماکانی دیموکراسیی ناوەندی و ئازادیی ڕەخنەگرتن و

خۆڕەخنەکردن و سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و پلەبەندیی بەرپرسیارێتی و دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئەندامان و چاودێریکردنی جێبەجێکردن و پاشکۆیی کەمینە بۆ زۆرینە لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئازادیی کەمینە لە دەربڕینی دیدی خۆی بەپێی پێڕەوی ناوخۆیی، بەندە. هەرچی پێکهاتەی حیزبەکەشە، ئەوە جەماوەرییە، بەو پێیەی حیزبەکە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان و کاسبکاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان دەکات. زۆرینەی ئەندامانی حیزب لە جووتیاران و کرێکارانن و پاشانیش خوێندەواران - خوێندکار و مامۆستا و پارێزەر و فەرمانبەر و پزیشکان - دێن، ئەوجا کاسبکاران و زەحمەتکێشە شۆڕشگێڕەکان. کادرانی حیزب سەر بە کۆمەڵانی خەڵکن، سەرکردایەتییەکەشی لە ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان پێکدێن، کە نەوەی توێژە زەحمەتکێش و ناوەندییەکەن.

حیزب لە دامەزراندنەوە تا هەنووکە، شەش کۆنگرەی بەستووە. چەندان جار لە سەرکردایەتییدا گۆڕانکاری بووە، کە ئەوەش مانای وایە حیزب لە لایەن توێژێکەوە کۆنترۆڵ نەکراوە؛ نوێبوونەوە لە سەرکردایەتییدا، بەشێکە لە پێویستییەکانی گەشەی حیزب و شۆڕشگێڕی و لە خەسڵەتەکانی پارتیشە.

تا ئێستا حیزب چەندین ڕۆژنامەی نهێنی و ئاشکرای دەرچوواندووە. گۆڤاری زمانحاڵی حیزب تا ساڵی ١٩٥٦، گۆڤاری (ڕزگاری) بوو، کە بە عەرەبی و کوردییش دەردەچوو. دواتر گۆڕا بە (خەباتی کوردستان) و لە سەردەمی ئاشکرایی حیزبیشدا، زمانحاڵی حیزب بوو بە (خەبات).

بە تەنیشت ئەو گۆڤارە نهێنییانەوە، حیزب گۆڤارەکانی (مرۆڤ) و (نرکەی جووتیار) و (ڕێگەی نوێ) و (پێشڕەو) و (خەباتمان) و (نداء كردستان) و (ڕزگاریی کوردستان) و (تیشک) و (دەنگی پێشمەرگە)ی دەرکردووە.

حیزب لە ساڵانی چالاکیی ئاشکرایدا لە ١٩٥٩ بۆ ١٩٦١، ڕۆژنامەی خەبات - ی بە زمانی عەرەبی و کوردستان- ی بە زمانی کوردی، دەردەکرد. ئەندامانیشی لە سەردەمی پاشاییدا، گۆڤاری (گەلاوێژ) و (الثقافة) و (نزار)ی سیاسیی کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیرییان دەردەکرد. حیزب چواردە ساڵ بەبێ مۆڵەت و بە نهێنی، کاری کرد و لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەش

بەردەوام بوو، بەبێ ئەوەی تیرۆر و لەسێدارەدان و ترساندن و ڕاوەدوونان، سارد و پاشگەزی بکەنەوە. لە ساڵی ١٩٦٠دا مۆڵەتی پێدرا، تا ئەیلوولی ١٩٦١، کە حکوومەتی قاسم دایخست، بە ڕێگەپێدراوی مایەوە. تا بە ئەمڕۆش دەگات، چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی لەسەر تێکۆشان بەردەوامە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، جێگیر بووە و پرەنسیپ و بیرۆکەکانی، لە گەرمەی ناکۆکی لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکان و ململانێی ناوخۆییدا، لە نێو ڕیزەکانی جەماوەردا ڕیشەیان داکوتاوە. حیزب بەسەر چەند کوتلەیەکی جیابووەوەدا زاڵ بووە، کە هەندێکیان لە لایەن هەندێک لە سەرکردە دیارەکانی پێشوویەوە سەرکردایەتیی کراون. پارتی دیموکراتی کوردستان، بە تۆکمەیی جەماوەرەکەی و دەستگرتنی توندی بە حیزب و ئامانج و بنەماکانی ڕێکخستنیەوە، دەناسرێتەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتیی تێکۆشانی گەلی کورد دەکات و سەرکردایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی لە ١٩٦١ بۆ ١٩٦٤ کردووە و لەسەر ڕێچکەی شۆڕشگێڕیی مێژوویی بزووتنەوەی گەلەکەمان، بەردەوام بووە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی لە لادان و هەڵخەڵەتان، پاراستووە و هەمیشە و لە هەلومەرجی جیاوازیشدا، پارێزگاریی لە جەوهەری پێشکەوتنخوازانە و دیموکراتی کردووە.

## دەستکەوتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بواری تێکۆشانی نیشتمانییدا

ڕاستە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجامی پێشکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی میللی لە کوردستان و دەوڵەمەندکردنی بە بیری پێشکەوتنخوازانە، سەری هەڵداوە و زادەی موتووربەکردنی بە بیری شۆڕشگێڕیی پێشکەوتنخوازانەوە، شۆڕشی کوردی لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە، ژان گرتوویەتی و خستوویەتیەوە. بەڵام ئەو ڕاستییانە ناتوانن ڕاستییەکی تر بشارنەوە، ئەوەی کە حیزبەکە لای خۆیەوە کاری لەو بزووتنەوە میللییەی لێوەیەوە هەڵتۆقیوە، کردووە و بۆیە هاتووەتە بوونیش، تا ئەو بزووتنەوەیە ڕێکبخات و سەرکردایەتیی بکات. لەوێشەوە لە ڕێی کارتێکردن لە پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکان و خەباتی هاوبەشی هەردوو گەلی عەرەب و کورد دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و لە ڕێی دیاریکردنی هەڵوێستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە دۆزە عەرەبییەکان و یەکێتیی عەرەبییەوە، کاری لە بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقییش کردووە. حیزب سەرکەوتووانە کاری بۆ ئەوە کرد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی پێشکەوتنخواز، بەوەی دروشمەکانی بە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشدا ڕۆبچن، کرێکار و جووتیاران هۆشیار بکرێنەوە و بەرەو چوارچێوەی خەباتی نیشتمانی، پەلکێش بکرێن و لەوێشەوە هۆشیاریی چینایەتی و نیشتمانیی ڕاست لە ڕیزەکانیاندا، پەخش بکرێت و ڕۆڵی پێشڕەوی و سەرەکییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، تێبگەیەنرێت. لەو ڕێگەیەوە حیزب بە شەرەفەوە ئەرکی لەکۆڵکردنەوەی یەکجاریی پاشماوەکانی سەرکردایەتیی دەرەبەگی و شێوە خێڵەکەییەکانی تێکۆشان و کاریگەریی لایەنە بۆرجوازییە سازشکەرەکان لەگەڵ کۆڵۆنیالیست و زەوتکاران لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، جێبەجێ کرد.

لەسەر دەستی حیزب، سەدان کادر و کەسی شۆڕشگێڕی هەڵقولاو لە ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە، پەروەردە کران، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەش سەرکردایەتیی حیزب و

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بکەن. لەوەش زیاتر، حیزب کۆمەڵانی خەڵک، کرێکاران و جووتیارانی تێگەیاند، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان داواکاری و بژێوی و ئامانجە ڕۆژانەییەکانی ئەوان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا هەیە و بە خۆڕاگرییەوە لە پێناو داواکارییە ڕۆژانەیی و گرنگەکانی جەماوەردا، تێکۆشا. حیزب دەیان هەزار جووتیاری لە کۆمەڵەی جووتیاران و هەزارانی تری لە ڕیزەکانی حیزبدا، ڕێکخست، وەک چۆن هەزاران کرێکاری لە سەندیکای کرێکاران و حیزبیشدا، ڕێک خست. بە دەستپێشخەری و سەرپەرشتیاریی حیزب، یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کە دەیان هەزار لاوی لەخۆ دەگرت، دامەزرا؛ بە هەمان شێوە، یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، کە هەزاران خوێندکاری لەخۆ دەگرت و یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و چەندان ڕێکخراوەی تری جەماوەری و ڕۆشنبیری، دامەزران. چاکەی گەورە لە پاککردنەوەی بزووتنەوەی کوردی لە بیری گۆشەگیرانەی نەتەوەیی کۆنەپارێز، کە گاڵتەی بە برایەتیی و خەباتی هاوبەشی عەرەب و کورد دەکرد، هەر بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە کاتێکدا دروشمێکی ناودار هەبوو، کە (کۆڵۆنیالیزم و پرۆژە و کلکەکانی، بەسەر بەردی یەکێتیی کورد و عەرەبەوە، تێکدەشکێن). هاوکات تێکۆشانی حیزب بیری کۆسمۆپۆلیتیی تووشی شکستی گەورە کرد، کە لە ژێر ماسکێکی چەپڕەوانەدا خۆی حەشار دەدا، بۆ ئەوەی نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد و مافی چارەی خۆ نووسینی بکات و بوونی بزووتنەوەیەکی مێژوویی بابەتی، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردە، ڕەت بکاتەوە و بەڵگەنەویستیشە، کە نکۆڵیی لە پێویستیی هەبوونی حیزبێکی پێشڕەو و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی لە کوردستاندا دەکرد.

حیزب دروشمی برایەتیی عەرەبی - کوردیی گۆڕی بۆ واقیعێکی بەرجەستە، بەوەی بە نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد و بە هاریکاریی لەگەڵ حیزبە دیموکرتیکە عێراقییەکاندا، بەشداریی لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان کرد و بەپێی توانای خۆیشی، پشتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە عەرەبییەکانی گرت. هەروەها بە نیشاندان و باسکردنی دۆزە کوردییەکان لەگەڵ هێزە نیشتمانییە عێراقییەکاندا، کە بە گرتنەبەری هەڵوێستی ڕاست لە بارەیانەوە، برایەتیی عەرەبی - کوردی و خەباتی هاوبەشی هەردوو گەل دژی کۆڵۆنیالیزم و

کۆنەپارێزی، بەهێز و پتەو دەکات.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی خاوەن سروشتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازانە، بە سەرکردایەتیی پارتی، باڵێکی دیموکراتی بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی پێک هێناوە، کە بەشدارییەکی بەهاداری لە قورسکردنی تای دیموکراسی لە بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقیدا کردووە.

پارتی هەمیشە هێزێکی کارا بووە لە تێکۆشان دژی کۆڵۆنیالیزم و هاوپەیمانەکانی و لە هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لە پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییەکان و پلانە دۆزەخییەکانی.

یەک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی پارتی، گۆڕینی گردبوونەوەی چەکداریی ساڵی ١٩٦١ی کوردستان بوو بە شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتی کوردی، هەروەها پێکهێنانی یەکەکانی پارتیزانە چەکدارەکان لە کوردستان، داواکردنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد و مافە دیموکراتییەکان بۆ گەلی عێراق بەگشتی و تێکۆشانی قارەمانانە دژی دیکتاتۆری و کۆنەپارێزی.

پارتی هەمیشە لە پێناو بەرەیەکی یەکێتیی نیشتمانیدا تێکۆشاوە، کە هەموو هێزە چاکخوازەکانی تێدا بێت بۆ ئەوەی بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی قۆناغی هەنووکەیی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتی و ڕزگاریخوازییەکانی گەل، هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکان لە یەک بەرەی یەکگرتووی تێکۆشاندا، کۆبکرێنەوە.

حیزبەکە لەگەڵ حیزبی گەل و حیزبی شیوعیی عێراقیدا هاوکار بوو، بەردەوامیش پەیوەندیی باشی لەگەڵ حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی و بەرەی یەکێتیی نیشتمانی هەبووە، کە حیزب لە ساڵی ١٩٥٨دا چووە ڕیزەکانییەوە و هەریەکە لە حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی و حیزبی سەربەخۆیی و حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی و حیزبی شیوعیی عێراق، لەخۆ دەگرت. تا ئێستەش حیزب دروشمی بەرەی پێشکەوتنخوازی هەڵگرتووە و وەک تاقە ڕێگەی گەیشتن بە یەکخستنی هێزە نیشتمانییەکانی گەل و بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، بانگەوازی بۆ دەکات.

## پارتی و شۆڕش و کۆماری ١٤ی تەمووز

حیزب شان بە شانی حیزب و هێزە نیشتمانییە عێراقییەکانی تر، دژی کۆڵۆنیالیزم و پەیماننامەکانی و دژی حوکمڕانیی کۆنەپارێزی لایەنگری، تێکۆشاوە، هەردەمیش هەوڵی داوە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە کۆڵۆنیالیزم و کۆت و پێوەندەکانی و سەربەخۆیی تەواوی عێراق و دامەزراندنی حوکمڕانییەکی دیموکراتی تێیدا.

بەو پاڵنەرەوە حیزب لە هەموو بزووتنەوە و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، کە لە سەروەختی دامەزراندنیەوە ڕوویان داوە، بەشدار بووە و بەپێی توانا و بۆ گەیشتن بە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەش، هاریکاریی حیزب و هێزەکانی تری کردووە. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی هەندێک لە حیزبە نیشتمانییەکانەوە، گەیشتە ئەنجامێکی زۆر گرنگ، ئەوەی کە بەبێ شۆڕشێکی چەکداری، ناکرێت حوکمڕانیی کۆنەپارێزی لایەنگری کۆڵۆنیالیزم، لەناو ببرێت یان لە هاوپەیمانیی بەغدا و پەیماننامە کۆڵۆنیالیستییەکان، دەرباز بین و بەبێ ڕزگارکردنی عێراقیش، ناکرێت ڕژێمێکی دیموکراتی تێدا بنیات بنرێت. بۆیە ناشکرێت ئومێدەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورد بە ئازادی و دیموکراسی، بەدیبهێنرێن.

بۆیە کاتێک لە بەرەبەیانی ١٤ی تەمووزدا، سوپای عێراقی هەڵیکوتایە سەر حوکمڕانیی پاشایی، حیزب دەستی پێشخست و پشتی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی گرت و دواتریش لەگەڵ حیزب و هێزە نیشتمانییەکانی تردا، لە هەوڵەکاندا بۆ ئەوەی بیگۆڕن بە شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتی ڕاستەقینە، بەشدار بوو. ئەوەش کاتێک چووە سەر، کە ڕاپەڕینە سەربازییە چەکدارییەکە، پاش لەناوبردنی ڕژێمی پاشایی و ڕاگەیاندنی کۆمارەوە، ڕووی کردە چاکسازیی کشتوکاڵی و ڕێگەدان بە ئازادییە دیموکراتییەکان لە قۆناغێکی دیاریکراودا و پاشانیش کۆمەڵێک گۆڕینی ڕیشەیی لە بنیاتی کۆمەڵایەتیدا.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دەڵێت:

"پاش ڕاگەیاندنی شۆڕشەکە بە کەمتر لە سەعاتێک، سەرکردەکانی حیزب لە کەرکووکەوە بروسکەیان بۆ سەرکردایەتیی هێزە چەکدارە نیشتمانییەکان نارد، پشتیوانیی ئەو شۆڕشە پیرۆزەیان کرد و هیواشیان خواست سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێت لە بنیاتنانی پردی پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکاندا، بە جۆرێک، کە خێری هەردوو گەل و پێشکەوتنیانی تێدا بێت".

لە ١٦ی تەمووزیش حیزب ئەو بەیانەی بڵاو کردەوە، کە کۆمیتەی ناوەندیی بە کۆی دەنگ، لە کۆبوونەوەی هەمان ڕۆژیدا، دەریکردبوو و تێیدا هاتبوو:

## بەیانێک بۆ گەلی کورد

"پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، بە هەندەوە چاو لە ئەرکە مێژووییەکانی خۆی دەکات و لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردیشدا، ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت، کە مەزنبوونی هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی عەرەب و سەرکەوتنی و ڕزگاریی عێراق لە حوکمڕانیی پاشایی گەندەڵ و بێزراو و بنیاتنانی ڕژێمێکی کۆماریی ڕزگاریخواز و کشانەوەی عێراق لە هاوپەیمانیی بەغدا، کە تیرەکانی ڕوو لە دڵی نەتەوەی کورد کردوون، هەموو ئەوانە پتەوترین بنچینە دەڕەخسێنن بۆ بنیاتنانی کۆشکی ژیانی پڕ لە بەختەوەری و ئازادی و یەکسانیی هەردوو گەلی عەرەب و کورد. بۆیە حیزب بڕیاری داوە بە هەموو هێز و توانایەوە تێبکۆشێت بۆ بەرگریکردن لە کۆماری عێراقی و جێگیرکردن و گەشەسەندنی. بۆ ئەو مەبەستەش، هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە بەردەست سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە شکۆدارە، هەرچی ئەندام و لایەنگریشی هەن، وەک گیانفیدای کۆماری عێراقی و بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم و پیلانگێڕی و کلکەکانی، ناونووس دەکات".

پارتی دیموکراتی کوردستان، هەرچەندە سەرکردە هۆشیارەکانی هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە، حەقیقەتی عەبدولکەریم قاسمیان زانی و درکیان بە مەیلی تاکڕەوی و دیدی کۆسمۆپۆڵیتیی دژ بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، کرد، لە تێکۆشانی خۆی بۆ پاڵپشتیی کۆماری عێراقیی لاو، بەردەوام بوو. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پاش چەند دیدارێک لەگەڵ قاسمدا، هەموو ئەم قسانەی لە بەردەم کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا درکاند.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و زۆریی پیلانگێڕییە سەربازییەکان بۆ لەناوبردنی حوکمڕانیی قاسم بەبێ وەرگرتنی بۆچوونی گەل و لە پشتییەوە، ناچاربوونی قاسم بە پێدانی ئازادییە دیموکراتییەکان، بە ئازادیی ڕێکخستنی سەندیکایی و پیشەیی و پاشان حیزبییشەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی مەلا مستەفا بارانی، سەرۆکی ئەوکاتی حیزب، کە خۆی وەک

سەربازێکی عەبدولکەریم قاسم دانا، هەروەها هەستانی سەرۆکی حیزب بەوەی دەشێت وەک کوودەتایەکی نێو حیزبەکە ناوببرێت، بەوەی مەکتەبێکی سیاسیی پشتیوانی هێڵەکەی خۆی دانا، هەموو ئەوانە وایان کرد وەرگرتن و کارکردن بە بۆچوونەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە لایەن حیزبەوە، نەکردەنیی بێت.

لە چەند هەفتەی سەرەتای شۆڕشدا، حیزب چەند شاندێکی لە شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە، ڕێک خست و شاندی کوردستانی پێکهێنا، کە لە شێوەی خۆپیشاندانداندا چوونە بەردەم وەزارەتی بەرگری و لە ٢٧ی تەمووزی ١٩٥٨دا کەسە دیارەکانی حکوومەتی نوێیان بینی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی شاندی کوردستانیش، وتارێکی خوێندەوە، کە تێیدا پشتیوانیی تەواوی گەلی کوردی بۆ شۆڕشەکە و ئامادەیی بەرگریکردن لێی بە هەرچی خۆشەویست و بایەخدارە، دەربڕی و دەستگرتنی گەلی کوردی بە برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکێتیی خەباتی هەردوو گەلی عەرەب و کوردی دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی، لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی کۆماری عێراقیدا، دووپات کردەوە.

## وتارەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

**دەقی وتارەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە وەزارەتی بەرگری، ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ١٩٥٨:**

**جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی**

**جەنابی سەرۆک وەزیران، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان**

بە نیگایەک لە ڕەوتی پەیوەندییەکانی عەرەب و کورد لە ساتی موسڵمانبوونی کوردانەوە، ڕوون دەردەکەوێت، کە هەردوو گەلی دراوسێ هەمیشە پەیوەندییەکی دۆستانەی توندوتۆڵیان هەبووە و پەیوەندییەکانیان پڕ بوون لە ئاشتی و گونجاوی. لە سەردەمی ئیسلامییدا پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەما ئیسلامییەکانی تایبەت بە یەکسانیی موسوڵمانان ڕێک خرابوو- عەرەب و عەجەم هیچ جیاوازییان نییە، مەگەر بە تەقوا و کاری چاکە نەبێت. لە سەردەمی عوسمانییشدا، هەردوو گەل لە چەشتنی هەموو جۆرەکانی ستەم و برسێتی و سووکایەتی و بێبەشبوونیان بە دەستی دوژمنێک، کە وڵاتەکەی کردبوون بە سەرچاوەی داهات و گەلانیشیانی کردبوو بە ڕەبیە بۆ ئەوەی هەمیشە بەدەم جەنگە نەبڕاوەکانییەوە بچن، هاوبەش بوون. پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستە براوەکان، وڵاتی عەرەب و کوردیان لە نێو خۆیاندا بە تالانی دابەش کرد و دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، ئینگلیز ئەوەی پێی دەگوترا ویلایەتی مووسڵ، کە زۆرینەی زۆری دانیشتووانەکەی کورد بوون، داگیر کرد و ئەوەی ناونرا کێشەی مووسڵ، سەری هەڵدا. ئەوکات وەک ئاشکرایە بە ڕاپرسییەکی گشتیی کوردان چارە کرا، تێیدا هەندێک لە کوردان ڕای خۆیانیان نیشان دا، هەندێکیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و هەندێکیش بۆ ژیان لەگەڵ عەرەبدا بە مەرجی هەبوونی جۆرێک لە ئیدارەی ناناوەندی. بە ڕەسمی لە ١٩٢٦دا ویلایەتی مووسڵ و لە نێویدا کوردستانی باشوور، لکێنرا بە عێراقەوە. بەو پێیەی دەستووری کۆنی عێراقیش ماوەیەک پێش ئەو ڕووداوە نووسرابووەوە، هیچ دەقێکی تایبەت نەبوو بە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئیدارەی تایبەتی ئەو کوردانەی

دەیانویست لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقیدا بژین. مافەکانی کورد و گەرەنتییەکانی تەنیا بریتی بوون لە کۆمەڵێک وتاری کاربەدەستانی ئینگلیز و عێراقی لە بۆنەکاندا، یان هەندێک بەڵێنی بەریتانیا کە لە بەردەم کۆمەڵەی گەلاندا پێیدابوون بەو پێیەی دەوڵەتی ماندێت بووە و حکوومەتی عێراقییش پاش چوونە کۆمەڵەی گەلانەوە لە ساڵی ١٩٣٢دا پێیانەوە پابەند بوو، بێجگە لە یاسایەک بە ناوی یاسای زمانە خۆجێییەکانەوە. بەڵام سەرباری هیچێتیی ئەو مافانە، ئینگلیز و کەمینەی فەرمانڕەوای عێراقیی ئەڵقەلەگوێی ئەوان، لێنەگەڕان کوردەکان ئەو مافانەیان هەبێت. بۆیە کوردەکان بە درێژایی ساڵانی زۆری حوکمڕانیی وڵات لە لایەن پیاوانی ڕژێمی لەناوچووەوە، بەر دوو جۆر ستەم و چەوساندنەوە کەوتوون. یەکەم، ئەوان هەروەک هەموو گەلی عێراق بە دەست هەژاری و نەزانین و نەخۆشی و نرکاندن لە سایەی ستەم و زۆردارییەوە، دەیانناڵاند. دووەم، چەوساندنەوەی نەتەوەیی تایبەت و بێبەشکردنیان لە مافە نەتەوەییەکانیان. ئەو دۆخەش سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشە کوردییەکان، کە خۆتان پێیان ئاشنان و کۆڵۆنیالیست و کلکە بەکرێگیراوەکانیشی چەندان ناو و ناتۆرەیان بۆ داتاشیبوو؛ جارێک پێی دەڵێن بزووتنەوەی جوداییخوازی، جارێک بزووتنەوەی ئینگلیزی و جارێکیش شیوعی. لە کاتێکدا لە هیچ حاڵێکدا هیچکام لەوانە نەبوون، بەڵکو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بوون، کە ئامانجیان دەربازکردنی وڵات بوو لە کۆڵۆنیالیزم و کلکە خیانەتکارەکانی و بنیاتنانەوەی پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکان لەسەر بنچینەی پتەوتر لە لایەن هەردوو گەلەوە بەبێ دەستوەردانی کۆڵۆنیالیست، کە بە سیاسەتی (پەرت بکە و زاڵ بە)ی کۆڵۆنیالیستی، درێژە بە خۆی دەدات. ئەمە و کۆڵۆنیالیست و کلکەکانی لە هەموو کەس باشتر دەیانزانی، کە ئەو شۆڕشانەی کوردان، جوداییخوازانە نەبوون، چونکە کوردان دەزانن کە جیابوونەوە زیان بە دۆزەکەیان دەگەیەنێت و پێگەشیان لاواز دەکات، وەک چۆن زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی عەرەب دەگەیەنێت و پێگەی لاواز دەکات. کۆڵۆنیالیست لە هەر کەسی تر باشتر دەیزانی، کە ئەو شۆڕشانە دروستکراوی دەستی خۆی نەبوون، ئەگەرنا بۆچی بەوپەڕی دڕندەیی و دڵڕەقییەوە لەناویاندەبات و بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی تواناکانی هەیە، دەخاتە بەردەست فەرمانڕەوا خزمەتکارەکانی لە عێراق. پاشان

دەبێت مەبەستی ئینگلیز لە وروژاندن و هاندانی کوردان دژی خزمەتکارەکانی، چی بێت، لە کاتێکدا لە ڕۆڵەکانی خۆیان گوێڕایەڵترن بۆیان. یان بۆچی دژی دۆخێک ڕەفتار بنوێنن، کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کۆڵۆنیالیستییەکانیان، باشترین شتێکە بە بیریاندا هاتبێت. ئینجا گەر ئەو شۆڕشانە لە لایەن هێزە کۆڵۆنیالیستییەکانەوە پشتیان گیرابێت، چی وای کردووە کە سەرنەکەون؟ ئەی هەر خودی هێزە کۆڵۆنیالیستییەکان نەبوون، کە وڵاتی کوردانیان دابەش کرد؟ کۆڵۆنیالیست و خزمەتکارانیشی لە هەر کەسی تر باشتر دەزانن، کە ئەو شۆڕشانە شیوعی نەبوون، چونکە پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلی کورد، لە قۆناغێکدا نەبوون، ڕێگە بۆ هەستان بە شۆڕشی شیوعییانە خۆش بکات. بەڵام کە ئەم بانگەشانە لە لایەن کۆڵۆنیالیست و کلکەکانییەوە دەکران، بۆ پاساودانی ئەو دڕندەییەی لە لەناوبردنی شۆڕشەکاندا نیشانیان دەدا، هەروەها بۆ شێواندنی ناوبانگی شۆڕشەکان و جووڵاندنی ڕقی عەرەب بوو لە کورد بەپێی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بەی کۆڵۆنیالیستی. گەلی کورد هەر بۆ خۆی نا، بەڵکو لە هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلی عێراقدا بەگشتی بەشدار بووە. بەهۆی ئەو بەشدارییانەوە خراوەتە زیندان، دوور خراوەتەوە، ماڵی ڕووخاوە، کوژراوە، جگە لەو هەموو کوشتن و ئاوارەبوونە بەکۆمەڵانەی لە ئەنجامی شۆڕشەکانی خۆیەوە تووش بووە. قێزەونترین نموونەش بۆ ئەوانە، ئەوەیە کە بەسەر خێڵی خۆڕاگری بارزانییەکان و وڵاتە جوانەکەیاندا هات، لە ئەنجامی هەستانیان بە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دژی کۆڵۆنیالیستی ستەمکار و دۆخی گەندەڵ و توێژی فەرمانڕەوای داڕزیوەوە.

توێژی فەرمانڕەوا لە ڕژێمی لەناوچوودا، سەرباری سەرکوتکردنی تاوانکارانەی بزووتنەوەکانی گەلی کورد، هانای بۆ ئامرازی تری بەرەنگاربوونەوەی ئەو بزووتنەوانەش بردووە. سەرەتا لە پەیمانی (سەعد ئاباد)دا بەشدار بوو، پاشان پەیماننامەی تورکی - عێراقیی ساڵی ١٩٤٦ و دواتریش پەیمانی بەغدای مۆر کرد. ئامانجی ئەو پەیمان و ڕێککەوتنانەش، بە جیا لە هەر ئامانجێک کە هەیانبووە، زۆرهێنان بووە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە هەموو لایەک و لەناوبردنی بەکۆمەڵی. لە لایەکی تریشەوە پەنای بۆ پەکخستنی پێشکەوتنی کوردان بردووە، ئەوەش بە پێڕەوکردنی سیاسەتی

چەوساندنەوەی ڕەگەزپەرستانە دەرهەقیان، کە کاریگەریی ئەو سیاسەتەش لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت، کە لە خوارەوە تەنیا وەک نموونە دەیانهێنمەوە:

یەکەم: ئامێزکردنەوە بۆ توێژێکی کەمی بەکرێگیراوە خیانەتکارەکانی کورد و ڕازیکردنیان و پشگوێخستنی گەلی کورد.

دووەم: هەوڵدان بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی بە بەکارنەهێنانی وەک زمانێکی ڕەسمی لە فەرمانگەکاندا، لەگەڵ جێبەجێنەکردنی یاسای زمانە خۆجێییەکان، تەنیا لە هەندێک شوێنی کەمدا نەبێت و دانانی بەربەستی زۆر بۆ جێبەجێکردنی و تەسککردنەوەی چوارچێوە دیاریکراوەکەی.

سێیەم: بوارنەدان بە خوێندن و وتنەوەی ئەدەب و مێژووی گەلی کورد، تەنانەت لە خوێندنگەکانی کوردستانیشدا.

چوارەم: گۆڕینی ناوی کوردستان بە (باکوور) و کوردەکانیش بە باکوورییەکان لە هەموو بۆنەکاندا.

پێنجەم: ناردنی ژمارەیەکی زۆر کەمی کوردان لە نێو نێردەکان و وەرگرتنی خوێندکارانی کەم لە کۆلێجە عێراقییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێژەی دانیشتووانی کورد. ئەوەش بووەتە هۆی کەمیی ژمارەی کوردانی ڕۆشنبیر، کە بۆ پڕکردنەوەی پۆستە حکومییەکان پێویستە.

شەشەم: پێڕەوکردنی سیاسەتی جیاکاریی ئیتنیکی هێندەی پەیوەندیی بە دامەزراندن و وەزیفە حکومییەکان، بەتایبەت پۆستە وەزارییەکانەوە هەیە.

حەوتەم: پێڕەوکردنی سیاسەتی جیاکاری لە سوپادا، هێندەی پەیوەستە بە پلەبەرزکردنەوە بۆ هەندێک پلەی دیاریکراو و وەرنەگرتنی کوردان لە کۆلێجی ئەرکان، مەگەر زۆر بە کەمی.

هەشتەم: بوارنەدان بە کوردان بە بەکارهێنانی هیچ مافێکی سیاسی، تەنانەت دەرچوواندنی ڕۆژنامەیەکی سیاسیی کوردی، جا بە هەر ڕەنگ و ئاڕاستەیەکەوە بێت. ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستی و هەڵە و بەمەبەستە، بووەتە هۆی دواکەوتنی گەلی کورد لە کاروان، بۆیە گەلی کورد لە عێراقدا لە سەردەمی ڕژێمی لەناوچوودا، بە دوو شێوە دەچەوسێنرایەوە و بۆ بەدیهێنانی دوو ئامانج تێدەکۆشا؛ یەکێکیان ڕزگارکردنی عێراق لە

کۆڵۆنیالیزم و ڕژێمی حوکمڕانیی گەندەڵ، ئەوی تریشیان بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی.

ڕزگاریخوازانی کورد، شان بە شانی ڕزگاریخوازانی عەرەب لە هەموو بوارەکان و هەموو شەڕەکاندا تێکۆشاون، بۆیە هەر لەگەڵ ئەوانیشدا خراونەتە زیندان، لێیان کوژراوە، دوور خراونەتەوە و سەرتاپاشیان ئومێد و ئیمان بووە بەوەی لەناوبردنی کۆڵۆنیالیزم و یارمەتیدەرە خیانەتکارەکانی، دەبێتە زەمینەخۆشکەری پتەوترین بنچینە بۆ بنیاتنانی پردی پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد بەو گیانی برایەتی و یەکسانییەوە، کە بە درێژایی مێژوویان مۆرکی دیاری پەیوەندییەکانیان بووە. ڕزگاریخوازانی کورد باوەڕی تەواویان بەوە هەبووە، کە هەر سەرکەوتنێکی نەتەوەی کورد لە تێکۆشانی ڕزگاریخوازییدا، سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی عەرەب بەشێوەیەکی گشتی، لەناوبردنی کۆڵۆنیالیزم و کلکەکانیشی لە عێراقدا، سەرکەوتنی دۆزی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردە بەتایبەت.

لەسەر ئەم بنچینەیە و بەم باوەڕەوە، کورد لە شۆڕشە پیرۆزەکەی سوپای عێراقی بە هاریکاریی گەلی عێراق، بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی گرۆی گەندەڵی فەرمانڕەوایی بەشداریی کرد.

لەسەر ئەم بنچینەیە و بەم باوەڕەشەوە، ئامادەن بە خوێن و گیانی خۆیان، بەرگریی لەو ئازادییە نەوزادەیان بکەن. ئەوەشی لە دەستووری کاتییدا هاتووە لەسەر دانانان بە مافە نەتەوەییە کوردییەکان و دانانی عەرەب و کورد وەک هاوبەش لەو نیشتمانەدا، بەرهەمی تێکۆشانی هاوبەشمانە و جەخت لەوەش دەکاتەوە و ئەو قسەیەی ڕزگاریخوازانی عەرەب و کورد پشڕاست دەکاتەوە، کە تێکۆشانی گەلان زنجیرەیەکن، ئەڵقەکانی پێکەوە پەیوەستن و ئێمەش چاوەڕێی خێر لەم دەستپێکە دڵخۆشکەرەی سەردەمی نوێی کۆماریمان دەکەین و ئومێد دەکەین یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەقانەی دەستوور، دەربچوێنرێن. هاوکات سەرتاپا ئومێد و باوەڕین بەوەی هەر هەنگاوێکی کۆمارە لاوەکەمان لە هەمبەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییە ڕزگارکراوەکاندا، بێگومان لەگەڵیدا فراوانبوونی زیاتری مافە نەتەوەییەکانی کوردی لێ دەکەوێتەوە، بە جۆرێک، کە هەر

هەنگاوێکی نەتەوەی عەرەب بەرەو ئامانجەکانی، هاوکات دەبێت بە نزیکبوونەوەی نەتەوەی کورد لە ئامانجەکانی. تەنیا بەوەش دەبێت، کە هەموو کەلێنەکانمان بە ڕووی کۆڵۆنیالیست و کلکەکانیدا داخست و نموونەیەکمان پێشکەش کرد، کە لە ڕووی چۆنێتیی پێکەوەژیانی دوو نەتەوەی برا لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراتی ئازاددا، چاوی لێ بکرێت.

منیش لە کاتێکدا سپاسی زۆری گەلی کورد لە ڕێی شاندەکانییەوە بۆ ئەو دەقەی دەستووری کاتیمان دەردەبڕم، ئەوپەڕی هەستی دڵسۆزانەی گەلی کورد لە هەمبەر کۆمارە لاوەکەمان و سەرکردە ڕزگاریخوازەکانی و سوپا خۆڕاگرەکەی، دەردەبڕم و کوردانیش ئامادەن بە خوێن و ڕۆح و سەر وماڵیش، بەرگری لە کۆمارەکەیان و مافە نەتەوەییە بەدەستهێنراوەکانیان بکەن.

**بژی کۆماری عێراق، کۆماری عەرەب و کورد.**

**٢٧ی تەمووزی ١٩٥٨**

*ئەوە دەقی ئەو وتارە بوو، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وەزارەتی بەرگری بە ناوی شاندەکانی کوردستانەوە، کە پاش شۆڕشی تەمووز و بۆ پیرۆزبایی لە سەرکردەکانی کۆمار و دەربڕینی پاڵپشتیی گەلی کورد بۆ شۆڕشەکە، چووبوونە بەغدا.

## پارتی و حوکمڕانیی عەبدولکەریم قاسم

لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا، جەماوەری سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و کۆیسنجەق و زاخۆ و ئامێدی، بە سەرکردایەتیی ڕێکخستنەکانی حیزب، خۆپیشاندانی جەماوەرییان بۆ پشتیوانیی حیزب، ڕێکخست و جەماوەریش، بەتایبەت لە کەرکووک و سلێمانی، زۆریان بۆ یەکە چەکدارەکانی سوپا و پۆلیس هێنا، کە لایەنگرییان بۆ ڕژێمی نوێ، دەربڕن. ئەم هەڵوێستەی گەلی کورد، گرنگیی زۆری لە پووچەڵکردنەوەی مانۆڕ و پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییەکاندا هەبوو، کە دەیانویست بە عەرەبچێتیی هەڵکشاو، کوردان بتۆقێنن. بەداخەوە، بزووتنەوەی نەتەوەیی یەکێتیخوازی عێراقیی ئەوکات، هەڵوێستێکی خراپی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، نیشان دا، کە ئەو هەڵوێستەش کوردانی زۆر ترساند لەوەی ببنە کەمینە لە دەوڵەتێکی عەرەبیی گەورەدا و چارەنووسیشیان وەک چارەنووسی کورد بێت لەسەر دەستی ناسیۆنالیستە تورکەکان.

سەرباری ئەوەی پارتی دیموکراتی کورستان، هەوڵی زۆری دا و بە ئومێدی ڕازیکردنیان بە دداننان بە مافەکانی گەلی کورد و ڕازیکردنیان بە لێکەوتەکانی هەڵوێستی نکۆڵیکردن لە بوون و مافەکانی گەلی کورد و زیانەکانی بۆ سەر دۆزی هاریکاریی عەرەبی - کوردی و خودی بزووتنەوەی یەکێتیی عەرەبی، پەیوەندیی بە سەرکردەکانی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی و کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو و حیزبی سەربەخۆییەوە کرد، بەڵام ئەوکات هەڵوێستە ڕاستەکەی لێ وەرنەگرتن. بەڵکو تەنیا کۆمەڵێک لێدوانی دۆستانە و باشی دەستکەوت لە سەرکردەکانی حیزبی بەعس و سەرکردەکانی حیزبی سەربەخۆیی لە بارەی گەلی کوردەوە. پارتی و سەرکردە هۆشیارەکانی دەیانویست باشترین جۆری پەیوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیدا هەبێت و هەوڵیان دا پەیوەندیی باش لەگەڵ هێزە نەتەوەییەکان، بەتایبەت حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستیدا، بنیات بنێن. هەرچی هەڵوێستیشە لە بارەی دۆخەکەوە، پارتی وای بینی کە دروشمی ڕاست، پاراستنی

کۆماری عێراق و پتەوکردنێتی لەسەر بنچینەی دیموکراسیی ئاڕاستەکراو. ئەو دروشمەش وەک زەقترین دروشمی پارتی مایەوە، تەنانەت پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردیش دژی حوکمڕانیی قاسم. لە کۆتا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە دەورانی ئاشکرایی لە نیسانی ١٩٦١دا و کاتێک حیزب گواستییەوە بۆ بەرهەڵستیی حوکمڕانیی عەبدولکەریم قاسم، کۆمیتەی ناوەندی ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

کۆمیتەی ناوەندی بڕیار دەدات، کە ئەرکی سەرەکیی حیزبمان و هەموو هێزە نیشتمانییەکانی تریش لە ئێستادا، پتەوکردنی کۆمار و دامەزراندنی حوکمڕانییە تێیدا لەسەر بناغەی دیموکراتییەکی دروست، کە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکانی گەلی عێراق مسۆگەر بکات؛ ئازادیی ڕێکخستنی حیزبی بۆ هەموو لایەنە نیشتمانییەکان، ئازادیی سەندیکایی و ڕۆژنامەگەری و وەشاندن و باوەڕ. نەتەوەی کوردیش مافی پێڕەوکردنی مافە نەتەوەیییەکانی خۆی هەیە، لەوانەش مافە ئیداری و ڕۆشنبیرییەکان، بە جۆرێک، کە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی پیشەسازی و کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتییەوە مسۆگەر بکات. لە کۆبوونەوەی کانونی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی لە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی نیشتمانیی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، لە گوندی عەودالان، کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بنچینەی پتەوکردنی کۆمار و چەسپاندنی حوکمڕانی تێیدا لەسەر بنچینەگەلی دیموکراتی و لە نێویشیدا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، بڕیاری درێژەدان بە تێکۆشانی دا. بڕیاریشی دا دروشمەکانی حیزب، کە ڕۆژنامەی (خەبات) هەڵگریان بوو، ئەمانە بن: هیچ گرەنتییەک بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و سەقامگیری و گەشەسەندنی وڵات و پێشکەوتنی نییە، تەنیا بە دیموکراسی نەبێت. دیموکراسییش نابێت، تەنیا بە ژیانی پەرلەمانی و ئازادییە گشتییەکان و چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی دۆزی کورد نەبێت.

- جەماوەری گەلەکەمان، لە پێناو بەرەیەکی یەکێتیی نیشتمانی و بۆ کارکردن دژی کۆڵۆنیالیزم و پرۆژە و هاوپەیمان و یارمەتیدەرانی، بۆ سەرپێخستنی ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانیی دروست، بۆ مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد، بە ئۆتۆنۆمییشەوە بۆ کوردستانی عێراق، تێبکۆشن!

پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتی شۆڕش و حکوومەتی یەکەمی عەبدولکەریم قاسمی گرت، کە نوێنەری هەموو حیزبە نیشتمانییەکانی تێدا بوو، جگە لە پارتی و حیزبی شیوعیی عێراقی، کە لایەنگرێکی، مامۆستا ئیبراهیم کوببە، لە حکوومەتەکەدا وەزیری ئابووری بوو؛ حیزبیش تا کاتێک حکوومەت سیاسەتی دیموکراتی بوو، پشتیوانی بوو. لە هەموارکردنەوەیەکی وەزاریدا، مامۆستا عەونی یوسف، ئەندامی تازە گەڕاوەی ئەوکاتی حیزب، بەبێ ڕاوێژ و ڕەزامەندیی حیزب، چووە وەزارەتەوە، بۆیە لە حیزب دوور خرایەوە. کاتێکیش قاسم دەستی کرد بە نکۆڵیکردن لە مافە دیموکراتییەکانی گەل و چەسپاندنی بنەماکانی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی تاکەکەسیی خۆی، حیزبیش سەرباری ئەوەی هێشتا پشتیوانی لایەنی نیشتمانیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم بوو لە سیاسەتیدا، بەرهەڵستیی ئەو هەوڵەی کرد. تا سەرەڕۆیی و بەهەندنەگرتنی قاسم بۆ گەل و مافەکانی گەیشتە ئاستێک، کە بەرگە نەدەگیرا و دیکتاتۆرییەت و دژایەتیی بۆ دیموکراسی، تەواو ئاشکرا بوو. خەباتیش وەک ڕۆژنامەی ناوەندیی حیزب، هەڵگری ئالآی ئەو بەرهەڵستییە بوو، کە گیانی بابەتی و زانستیی بەسەردا زاڵ بوو و داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمڕانیی عورفی و دۆخی ئاوارتەیی و کۆتاییهێنان بە قۆناغی گواستنەوە و دەستکردن بە ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی ئازاد لە کەشێکی ئازاد و دیموکراتیدا، دەکرد. هەروەها حیزب داوای ئازادکردنی زیندانییان و حوکمدراوە سیاسییەکان و وازهێنان لە ڕاوەدوونانی ژیانی حیزبی و سەندیکایی و کۆمەڵەی جووتیاری و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی دەکرد.

ئەو تێکۆشانەی پارتی دژی دیکتاتۆرییەت بەڕێوەی برد، بووە هۆی گرژبوونی پەیوەندییەکانی پارتی و قاسم، کە لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا ملەیەکی سەخت بوو لە ڕێگەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکەیدا و کەم کەم کاری بۆ چەسپاندنی دەکرد. حوکمڕانیی قاسمیش بە داخستنی ناوەندەکانی و ڕاوەدوونانی سەرکردەکانی و دەستگیرکردنی ئەندامانی و دواتریش گێچەڵکردن بە جەماوەری جووتیارانی پشتیوانی پارتی کە لە دەوری کۆبووبوونەوە، وەڵامی پارتیی دایەوە. قاسم ڕۆژنامە بەکرێگیراوەکانی هاندەدا، تا هێرش بکەنە سەر نەتەوەی کورد و جاڕی تواندنەوەی بدەن. تۆقاندن لە عێراقدا توندتر بوو، قاسم ڕۆژنامەی حیزبی داخست، پاش ئەوەی هەوڵی وەرگرتنی حوکمێک لە

ئەنجومەنی عورفییەوە، کە خەبات بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی وتارێک و تاووتوێکردنی هەردوو مادەی دووەم و سێیەمی دەستوور برابووە بەردەمی، شکستی هێنا. لەساڵی ١٩٦١دا گرژیی نێوان قاسم و کورد گەیشتە ئەوپەڕی و قاسم هێزە چەکدارەکانی نارد بۆ لێدانی گردبوونەوە چەکدارییەکەی کوردستان، کە وەک ناڕەزایەتییەک دژی باجی زەویوزار و سیاسەتی حوکمڕانیی قاسم، سەری هەڵدابوو.

لە هەمبەر ئەو حاڵەدا، کە نیشانەی خراپبوونێکی درێژخایەن و گەورە و هەڕەشەش بوو بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانی و نەتەوەی کوردیش، پارتی بە ئەرکی نیشتمانیی خۆی زانی داوا لە حکوومەت بکات، کە پێویستە دەست لەو سیاسەتە هەڵە زیانبەخشەی بە بەرژەوەندییەکانی عێراق، هەڵبگرێت و سیاسەتێکی دیموکراتی پێڕەو بکات، کە ددان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا دەنێت و مسۆگەریشیان دەکات. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبیش هەر ئەمەی کردە بڕیار دەربارەی دۆخەکە و داوای پێدانی یاداشتێکیشی بە قاسم کرد. مەکتەبی سیاسیی پارتییش لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٦١دا، یاداشتێکی دایە سەرۆک وەزیران، عەبدولکەریم قاسم.

## یاداشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی ترسناکیی دۆخەکە لە کوردستان

**جەنابی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لیوا ڕوکن عەبدولکەریم قاسمی بەڕێز..**

لای هەمووان ئاشکرایە کە گەلی کورد، هەر لە ساتی ڕاگەیاندنی شۆڕشەوە، لەگەڵی تێکەڵ بووە و پێشڕەوەکەشی، پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە هەموو تواناکانی خۆی خستووەتە بەردەم سەرکردەکانی شۆڕش، کە ئەوەش بە ددانپێدانانی دۆست و دوژمنیش، کاریگەریی گەورەی لە پووچەڵکردنەوەی پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییەکانی دژی کۆمارەکەمان هەبووە. گەلی کوردیش ئومێدەوار بوو کە شۆڕش، دەستپێکی سەردەمێکی نوێی پەیوەندییەکانی هەردوو گەلی برای عەرەب و کورد بێت، بەوەی بنچینەی یەکسانیی تەواوی نێوانیان دابنرێت، بە جۆرێک بۆ هەردووکیان ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و بواری فراوان بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییە ڕەواکانیان لە چوارچێوەی یەکێتییەکی عێراقیی ڕاستەقینەدا، بڕەخسێنێت. بینا لەسەر ئەو خواستە جەماوەرییە پاکەش، حیزبمان هەر لە سەرەتاوە دروشمی بانگەوازی بۆ ژیان و چەسپاندنی زیاتری برایەتیی عەرەب و کورد لە سایەی کۆماری دیموکراتی عەرەب و کورداندا، بەرز کردەوە، کە هاوکات بانگەوازیش بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیابوونەوە و جوداییخوازی.

هەمووان بە دانانی بنەمای هاوبەشێتیی عەرەبی - کوردی و ددانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووری کۆماری عێراقدا وەک دەقێک کە مادەی سێیەمە تێیدا، زۆر دڵخۆش بووین و چاوەڕێ بووین دەقی ئەو مادانە بگۆڕێن بە کۆمەڵێک ڕاستیی مادی، کە ئاسەوارەکانیان لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان و لە پەرەپێدانی گەلی کورد بە زووترین کاتدا، بەرجەستە بن. کەچی هیچکام لەوانە ڕوویان نەدا، پرۆژەی خوێندنی کوردییش کە حکوومەت پاش کاتکوشتن و دواخستنی بۆ یەک ساڵی ڕەبەق،

پەسەندی کرد، بە ئیفلیجی و بەسەرچوویی و ناکارایی و بێزراوی هاتە بوون. ئەوەی تێدا نەبوو کە گەلی کورد لە پشتی دامەزراندنییەوە دەیویست بەدیبهێنێت، تەنانەت ناوەکەشی. واتە ناوەکەشی بەو شێوەیە نەبوو، کە گەلی کورد دیویست و دەیخواست.

هەڵبەت ڕاستە گەلی کورد بۆ ماوەیەک ئەو مافە دیموکراتیانەی هەبوو، کە شۆڕش بۆ هەموو گەلی عێراقی فەراهەم کردبوون، بەڵام ئەوەش زۆری نەخایاند. وەک چۆن ئاسەواری ئەو هەڵنووتانەی بەرۆکی دیموکراسیی گرت لە وڵاتدا، لە پەیوەندی بە گەلی کوردەوە دوو هێندە بوو، چونکە وای هەست دەکرد نەک هەر لە هەموو مافە نەتەوەییەکانی بێبەش بوو، بەڵکو کراوەتە ئامانجی هەڵمەتێکی توندی چەوساندنەوەی نەتەوەیی. هەر بۆ نموونە، لە خوارەوە چەند ڕووکارێکی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، کە دژی گەلی کورد لە عێراقدا پێڕەو دەکرێت، دەخەینە ڕوو:

١- سڕکردنی تەواوەتیی مادەی سێیەمی دەستوور و پشتگوێخستنی، بەمەبەستی ئەوەی کە کۆماری عێراقی، کۆماری عەرەب و کوردە لە هەموو ئەو بۆنانەدا، کە دەبێت ئەوە باس بکرێت.

٢- سڕکردنی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی بەکردەوە و گۆڕینی بۆ تەنیا فەرمانگەیەکی پەیوەندی لە نێوان وەزارەتی مەعاریف و هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی سلێمانی و هەولێردا.

٣- بێبەشکردنی خوێندکاری کورد لە خوێندن بە زمانی نەتەوەیی لە خویندنگە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا بەو جۆرەی مافەکانی مرۆڤ و مافە ددانپێدانراوەکانی دەستووریش، وا دەخوازن.

٤- پشتگوێخستنی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی لە فەرمانگە حکومییەکانی لیوا کوردییەکاندا، لە کاتێکدا تەنانەت حکوومەتی ڕژێمی لەناوچووش نەیوێرا کورد بەتەواوی لەو مافە بێبەش بکات.

٥- دانەمەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە ناوچەی کورستان و ڕەخساندنی ڕێژەیەکی زۆر کەم بۆیان لە بواری دامەزراندندا بەگشتی و لە وەزیفە باڵا و هەستیارەکاندا بەتایبەت.

٦- گواستنەوە و دوورخستنەوەی فەرمانبەرانی کورد بۆ باشووری عێراق و تەنانەت

جێبەجێکردنی ڕێسای گواستنەوە بەسەر پۆلیسیشدا، کە وەک نەریت بە فەرمانبەری خۆجێیی دادەنرێن. لە دوو ساڵی ڕابردوودا چ بە کۆمەڵ و چ بە تاک و سەدانیان بۆ بەغدا و شوێنی تریش گواستراونەتەوە.

٧- تایبەتنەکردنی ڕێژەیەک لە پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەکانی تری پلانی ئابووری بۆ لیوا کوردییەکان، زیاتر لە ٩٠٪ی ئەو پرۆژانەشی حکوومەت خۆی بە جێبەجێکردنیانەوە لەو لیوایانەدا هەڵدەکێشێت، پرۆژەی کۆنترن؛ لە سەروەختی ڕوودانی شۆڕشدا بەڵێنیان درابوو یان تەواوکردنیان زۆری نەمابوو. نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو حکوومەت لە تەواوکردنی هەندێکی ئەو پرۆژانە، سەرباری گرنگییان و تێپەڕینی ماوەیەکی زۆریش، کەمتەرخەم بووە. وەک چۆن هەندێک پرۆژەی تریشی هەڵوەشاندووەتەوە، بۆ نموونە پرۆژەی کارگەی شەکر لە سلێمانی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە تاکە پرۆژەی پیشەسازی بدەین، کە حکوومەت بڕیاری دامەزراندنی لە هەولێر دابوو، بەڵام گواستیەوە بۆ لیوایەکی تری دەرەوەی کوردستان، ئەویش پرۆژەی کارگەی گۆرەوی و جلی ژێرەوە و ئەوانەیە.

٨- قورسکردنی وەرگرتنی بەتایبەت خوێندکارانی کورد لە کۆلێجی سەربازی و بەرزنەکردنەوەی پلەی ئەو ئەفسەرە کوردانەی شایەنی پلەبەرزکردنەوەن، لەگەڵ هەستانیان بە ڕێوشوێنی ناهەق دژی ئەوانی تر، ئەوەش وای لە زۆربەی ئەفسەرە کوردەکان کرد، نامەی وازهێنان بدەنە سەرووی خۆیان، کە دەستبەجێ پەسەند دەکران.

٩- کردنەوەی ئامێزی هەندێک لە دەزگا حکومییەکان بۆ دەرەبەگە کوردەکانی لایەنگری کۆڵۆنیالیزم و هەڵڕشتنی پارە و چەک بۆیان - خزمەتکارانی نوری سەعید و عەبدولئیلاە، کە گەلی کورد بە خیانەتکاریان لەقەڵەم دەدات - لەگەڵ هاندانیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێگەی دژبەری بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و بەرژەوەندییەکانی کۆماری عێراقی.

١٠- بەرزنرخاندنی هەندێک لە دەزگاکانی دەوڵەت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی دوژمنایەتییان بۆ نەتەوەی کورد دەسەلمێنن، دەستپێوەگرتنیان و پێشخستنیان بەسەر فەرمانبەرانی تریشدا. مەبەستیشمان ئەو فەرمانبەرانەیە کە جگە لە گەورەکردنەوەی درزی ناکۆکیی نێوان گەلی کورد و حکوومەتی ئێستا و بڵاوکردنەوەی گیانی بوغزاندن و ڕقلێبوونەوە لە

نێوان عەرەب و کورددا بە کارکردنی پێچەوانەی یاسا و دژی ئامانجەکانی گەل لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز، هیچ خەمێکی تریان نییە.

١١- چەوساندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانمان، پێشڕەوی گەلی کورد، تێکۆشەر لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دڵسۆز بۆ یەکێتیی ڕاستەقینەی عێراق و ئامانجە ڕزگاریخوازییە دیموکراتییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، کە زۆر لە چەوسانەوەی ڕژێمی لەناوچوو زیاترە.

١٢- بنبڕکردنی رۆژنامەگەریی کوردی و داخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەک (خەبات) و (کوردستان) و (ئازادی) و (صوت الأكراد) و (ڕاستی) و (هەتاو) و ... هتد.

١٣- وەستان بە دیار ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی بانگەواز بۆ تواندنەوەی گەلی کورد و نکۆڵی لە مافە نەتەوەییەکانی دەکەن، لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی ستەمکارانەدا کە ناو بە ناوێک ئەو ڕۆژنامانەی پەیوەندیی توندیان بە یەکێک لە دەزگا بەرپرسیارەکانی دەوڵەتەوە هەیە، ئەنجامی دەدەن.

١٤- سووکایەتی بە گەلی کورد لە ڕێی وەسفکردنی شۆڕش و هەوڵە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکانی، کە لە پێناو ڕزگاریی خۆیدا بەتایبەت و گەلی عێراقیش بەگشتی جێبەجێی کردوون، بەوەی ئەجێندای کۆڵۆنیالیزم و بە هاندانی ئەوانە و هیچیتر.

١٥- گرنگینەدان بە هەستی گەلی کورد و کەرامەتی و دژایەتیکردنی لە سەیرکردنی خۆی وەک گەلێکی خاوەن خەسڵەتی نەتەوەیی جیاواز و نیشتمانی تایبەت بە خۆی، سووککردنی و شکاندنەوەی هەستی نەتەوەیی بە ڕێگە و ئامرازی جۆراوجۆر.

١٦- پێرەوکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بەی کۆڵۆنیالیستی بە ڕوونی لە لایەن هەندێک لە دەزگا حکومییەکانەوە. یەک لە دیاردەکانی ئەوەش، گواستنەوەی کوردانی ڕاسپێردراوە بە خزمەتی ئالاّ بۆ لیواکانی باشوور و برایانی عەرەبیشمان بۆ لیوا کوردییەکان، لەگەڵ گواستنەوەی سەربازە کوردەکان بۆ باشوور و عەرەبەکانیش بۆ کوردستان و بەکارهێنانیان لە سەرکوتکردنی پشێوییەکانی دانیشتووان‌دا. دیارترین نموونەی ئەوەش، بەکارهێنانی سەرباز و پۆلیسەکانی کوردە لە دامرکاندنەوەی مانگرتنی شۆفێری ئۆتۆمبیلەکاندا، بەتایبەت لە ناوچەی ئەعزەمییە.

١٧- ڕاگرتن و دوورخستنەوە و گلدانەوەی بەکۆمەڵی نیشتمانپەروەرانی کورد، بەتایبەت مامۆستایانیان، بە جۆرێک کە هەندێک لە خوێندنگەکان ستافی مامۆستایان و تەنانەت بەڕێوەبەرەکەش دەستگیر کراون، بۆیە دەرگەی خوێندنگەکە بە ڕووی خوێندکاراندا داخراوە، وەک ئەوەی لە خوێندنگەی (بیبۆ)ی ناوچەی عیمادیەدا ڕووی دا.

١٨- جیاوازیکردن لە نێوان عەرەب و کورددا، تەنانەت لە مەسەلەی بەردانی ڕاگیراوان و دوورخراوەکان و گلدراوەکاندا، کە دەسەڵات بێ هیچ پاساوێک لە زیندانەکاندا توندیان دەکات. کاتێکیش حکوومەت دەیەوێت هەندێکیان بەرەڵا بکات بۆ ئەوەی جێگەی هەندێکی تر بکەنەوە، بە ئاشکرا لە نێوان ڕاگیراو و دوورخراوە و گلدراوەی عەرەب و کورددا جیاوازی هەیە. تا ئێستا هیچکام لە لیستەکان، بەردانی هیچ کوردێکی تێدا نەهاتووە، مەگەر کەسێک گومان و هەڵە لە ڕەگەزنامەکەیدا هەبووبێت.

١٩- بێدەنگیی حکوومەت لەو دەستدرێژی و تیرۆرکردنانەی بەرۆکی کوردان دەگرن، بەتایبەت لە کەرکووک و نەنواندنی هیچ هەڵوێستێکی کردەیی و بگرە هاندانیشیان. ئەو کارانە و غەیری ئەوانەش، بە ئاشکرا نیشانەکانی سیاسەتی دوژمنکارانەی هەندێک لە دەزگاکانی حکوومەت لە بەرامبەر گەلی کوردی دڵسۆز بۆ ئامانجەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی دیموکراتی ١٤ی تەمووز و برایەتیی عەرەبی - کوردی و خەباتگێڕ دژی کۆڵۆنیالیزم و کلکەکانی و پیلانگێڕییەکانی، نیشان دەدەن. لە کاتێکدا گەلی کورد لە لایەکەوە بە دەست ئاسەواری وەها سیاسەتێک و لە لایەکی تریشەوە بە دەست بێبەشیی سەرلەبەری گەلی عێراق لە مافە دیموکراتییەکانییەوە، دەناڵێنێت، جارێکی تر ورووژاندنەکانی بەکرێگیراوانی کۆڵۆنیالیزم دەبینرێن، کە باسمان کرد چۆن هەندێک لە دەزگاکانی دەوڵەت لەئامێزیان دەگرن و نازیان دەدەنێ و پارە و چەکیشیان بۆ دابین دەکەن. هەرچی سەردان و سکاڵاش هەبووە، لە هەموو حاڵەتەکاندا، هاوشێوەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیی ئەو مافیایانە، دراون بە دەم باوە. بگرە فەرمانبەرە بەرپرسەکان ڕاپۆرتی ساختەیان لە بارەیانەوە دروست کردووە و ناردوویانن بۆ لایەنە باڵاکان لە بەغدا، بۆ ئەوەی هاوڕێیانیان بشارنەوە و درزی ناکۆکیی نێوان حکوومەت و لایەنە کوردییە دڵسۆزەکانیش، گەورەتر بکەنەوە.

لەم سەروبەندەشدا دەسەڵاتە حکومییەکانی ئەوێ، ئەرکی خۆیان جێبەجێ نەکردووە لە بەرقەرارکردنی ئاسایش و دڵنیاکردنەوەی هاوڵاتییان، بگرە هەندێکیان کاری وایان کردووە، کە ئاگری ئاژاوەکە خۆشتر بکەن. پاش تەواوبوونی شەڕ و گەڕانەوەی خەڵک بۆ شوێنەکانیان، بیستمان کە حکوومەت هێزی زۆری لە ناوچەکە و دەوروبەریدا کۆکردووەتەوە، شان بە شانی ئەوەش کۆمەڵێک واتەوات و دەنگۆ هەیە کە باسی نیازی حکوومەت دەکەن بۆ لێدانی خەڵکی هەندێک لە ناوچە کوردییەکان و لەناوبردنی نەتەوەی کورد بە دیاریکراوی. بێجگە لە چەندین دەنگۆی تر، کە دۆخێکی زۆر شلۆق و پەشێو و هەستیاریان خوڵقاندووە، وا لە هەر هاوڵاتییەکی دڵسۆزی ئەم نیشتمانە و هەر کەسێکیش دەکات کە دوورخستنەوەی مەترسی بۆ سەر یەکێتیی عێراقی بەلاوە گرنگە، کە دەستپێشخەری بکات بۆ چاککردنی دۆخەکە و گەڕاندنەوەی بارەکە بۆ دۆخی پێشتر، تا کاتێک کێشەکانی ناو قەوارەی عێراقی، برینی قووڵتریان لێ نەکەوتووەتەوە. پارتی دیموکراتی کوردستانی گیانفیدا لە بەرگریکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دڵسۆزی یەکێتیی ڕاستەقینەی عێراق و ڕزگاری و دیموکراسی و ئاشتی، بە دیاریکراوی لە وەها کاتێکدا بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە ناسکیی دۆخەکە و گەورەیی بەرپرسیارێتییەکە و مەترسیی دۆخەکە لە کوردستان، بە بیری بەرپرسان بهێنێتەوە و زۆر ڕاشکاوانەش ڕاییگەیەنێت، کە بەردەوامبوون لەو سیاسەتەی پێشتر هەندێک لە ڕووەکانیمان باس کرد و پشتیوانیی لێی بە گردبوونەوەی سەربازی و کاری وروژێنەرانە، مەترسیی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی لە وڵاتدا دروست دەکات، کە تەنیا کۆڵۆنیالیزم و کلکەکانی و پیلانگێڕییەکانی لێی سوودمەند دەبن و زیانەکانیشی بۆ هەردوو گەلی عەرەب و کورد دەبن، کە لاپەڕەی پەیوەندییە دێرینەکانیان تا ئێستا بە سپێتی ماوەتەوە.

ئێمەش لە کاتێکدا گەلی عەرەب لە لێکەوتەی دوژمنکارییەکانی هەندێک لە دەزگا حکوومییەکان و فەرمانبەرانی عەرەب بەپێی پلانی کۆڵۆنیالیزم، بەبێتاوان دەبینین، پێمان وایە هیچ کەس یان حکوومەتێک ناتوانێت و بۆی نییە برایانی عەرەب ناچار بکات، ڕووی لوولەی تفەنگ بکەنە سنگی برا کوردەکانیان، وەک چۆن پێشمان وایە کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە ناوچەی کوردستانی دڵسۆز بۆ کۆمار، لە کاتێکدا هێزەکانی

کۆڵۆنیالیزم و لایەنگرانیان، هەرِەشە لەهەندێک شوێنی تری کۆمارە ئازیزەکەمان دەکەن، کارێکی هەڵەیە و زیان بە بەرژەوەندیی وڵات دەگەیەنێت. چونکە باوەڕ ناکەین هیچ حکوومەتێکی جیددی لە دژایەتیکردنی کۆڵۆنیالیزمدا، بە وەها کارێک هەستێت، پشت بکاتە کۆڵۆنیالیزمی دوژمنی گەل و ڕووی تفەنگیشی لە گەل و هێزە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانی، تەنیا مەگەر بەرەی کۆڵۆنیالیزمی مسۆگەر کردبێت. ئێمەش تا ئەم کاتە، داواکارین حکوومەت لە ئاستی گەورەیی دۆخ و هەڵوێستەکەدا بێت. بۆ دەربازکردنی وڵاتیش لە مەترسییەکی هەنووکەیی بێ گومان، کە لە قووڵاییدا هەڕەشە لە یەکێتیی نیشتمانیمان بکات، داواکارین حکوومەت هەرچی زووە ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە بگرێتە بەر:

١- کشاندنەوەی ئەو هێزانەی بەم دواییە نێردرانە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان بەرەو بارەگا بنەڕەتییەکانی خۆیان، لەگەڵ ئەنجام نەدانی جووڵەی سەربازیی نائاسایی لە دەرەوەی ئەو ناوچانەی سالانێکە پێیان ڕاهاتووین.

٢-کشاندنەوەی سەرۆکی ئیدارە و ئاسایش و پۆلیس و ئەو بەرپرسانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا هەبووە، جا بە کەمتەرخەمیی یان بەمەبەست بووبێت، یان دنەدان، یانیش شێواندنی ڕاستییەکان و بردنیان بۆ بەردەم دادگای تایبەتمەند بۆ ئەوەی سزای تەزێنەری دادپەروەرانەی خۆیان وەربگرن.

٣- گەڕاندنەوەی فەرمانبەرانی دوورخراوە و گواستراوە لە کوردستان بۆ جێگەکانی خۆیان و دامەزراندنی کوردانی دڵسۆزی کۆمار و برایەتیی عەرەبی - کوردی وەک موتەسەڕیف و قایمقامی لیوا و قەزا کوردییەکان.

٤- جێبەجێکردنی تەواوەتیی مادەی سێیەمی دەستووری عێراق و بەدیهێنانی یەکسانیی تەواوەتی لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورددا لە هەموو ڕووەکانەوە وەک دوو نەتەوەی برا لە سایەی دەوڵەتی عێراقدا.

٥- پاککردنەوەی دەزگاکانی حکوومەت لەو کەسانەی دژی ڕۆحییەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی ١٤ی تەمووزن.

٦- پێدانی ئازادییە دیموکراتییەکان بە گەل و کۆتاییهێنان بە قۆناغی گواستنەوە بە

زووترین کات، بۆ ئەوەی وڵات لە لایەن حکوومەتێکی بەرپرس لە بەردەم پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو لە لایەن گەلەوە لە هەڵبژاردنێکی ئازادی ڕاستەوخۆدا و بەپێی ڕژێمێکی دیموکراتی تەواو، بەڕێوە ببرێت، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی حوکمە عورفییەکان و نەهێشتنی ئاسەوارەکانیشیان.

٧- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی مامۆستایانی کورد لەساڵی ١٩٦٠ بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردی.

٨- کردنی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمیی هەموو فەرمانگە ڕەسمییەکانی ناوچەی کوردستان.

٩- نەهێشتنی ئاسەوارەکانی سیاسەتی جیاکردنەوەی ئیتنیکیی دژ بە کورد، بەو شێوەیەی باس کرا، لەگەڵ سزادانی بانگەشەکارانی جیاکاری لە ڕیزی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق.

١٠- لابردنی قەید و بەندی دۆنم لەسەر کشتوکاڵی تووتن لەو ناوچانەی بۆ چاندن دەست دەدەن.

١١- هەموارکردنەوەی یاسای باجی زەویوزار بە جۆرێک، کە ئەو بارە قورسەی یاسا نوێیەکە دروستی کردووە، لە سەر شانیان لا ببات.

١٢- چارەکردنی بێکاریی بەربڵاو بە دەستکردن بە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازی و پەلەکردن لە تەواوکردنی پرۆژە ڕاگیراوەکان و دانانی پرۆژەی تریش لە پلانی ئابووریدا.

١٣- نەهێشتنی گرانیی زۆر بە سزادان و لێدان لە دەستی ئەوانەی یاریی بە نرخەکان دەکەن و قووتی گەل قۆرخ دەکەن.

ئێمە لە کاتێکدا داواکارین حکوومەتی عیراقی، هەرچی زووە و بە مەبەستی لەناوبردنی مەترسییەکی ڕووخێنەر و ڕێگرتن لە پیلانگێڕییەکانی کۆڵۆنیالیزم و کۆمپانیا نەوتییەکانیان و کلکەکانیان و بۆ پاڵپشتی و چەسپاندنی یەکێتیی ڕاستەقینەی عێراق، ئەو کارانە ئەنجام بدات، داوا لە ڕۆڵە جوامێرەکانی گەلی عێراق و تەواوی هاوڵاتییان دەکەین، چییان لە دەست دێت بۆ ناچارکردنی حکوومەتی عێراقی بۆ بەدەمەوەهاتنی

هەرچی زووتری ئەو داواکارییە ڕەوا و دادپەروەرانە، درێغی نەکەن. وەک چۆن داوا لە سەرجەم حیزبە نیشتمانییەکانیش دەکەین، پشتیوانی تێکۆشانمان بن، کە دەمانەوێت یەکێتیی عێراق بپارێزین و ڕۆڵەکانی گەلی عێراقیش دڵنیا بکەینەوە و پرۆژەکانی کۆڵۆنیالیزم بۆ لەناوبردنی هەموو دەستکەوتە مەزنەکانی ١٤ی تەمووز و گەڕاندنەوەی هەژموونی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی نەشیاو بۆ وڵات، پووچەڵ بکەینەوە.

**بژی یەکێتیی ڕاستەقینەی عێراق.**

**بژی کۆماری عێراق، کۆماری عەرەب و کورد.**

**بژی برایەتیی عەرەبی - کوردی بۆ هەمیشە.**

**سەرشۆڕی و ڕووڕەشی بۆ کۆڵۆنیالیست و کلکەکانی، دوژمنانی سەرسەختی گەلان.**

**مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**، ٣٠ی تەموزی ١٩٦١.**

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی سەروەری.
- هەموو حیزب و دەستە نیشتمانییەکان.

چارەنووسی ئەو یاداشتەش، ڕەتکردنەوەی بوو لە لایەن لیوا قاسمەوە. دواتر قاسم لە ستەمدا پێی درێژ کرد و هەوڵی دا گەلی کورد بە زەبری هێزی چەکدار، ملکەچ بکات. ئەوە بوو گردبوونەوەی سەربازیی لە کوردستان، زیاتر کرد و دەستیشی دایە پرۆسەیەکی فراوانی کڕینی خەڵک. پارتیمان هەوڵی دا بە شێوازێکی تر، نەزۆکیی ئەو هەولانەی قاسم بسەلمێنێت و هاوخەمیی گەلی کورد لەگەڵ حیزبدا نیشان بدات، بۆیە داوای مانگرتنی سیاسیی سەرتاسەریی لە کوردستان لە ڕۆژی ٦ی ئەیلوولدا کرد، کە هاوڕێکەوتە لەگەڵ

ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئەیلوولدا مانگرتنەکە جێبەجێ کرا بەو پێیەش لە سەرانسەری کوردستاندا بازاڕ و کارگە و شوێنکارەکان، کاری خۆیانیان ڕاگرت، کار و هاتوچۆ و گواستنەوە لە هەموو کوردستاندا وەستان و سەرکەوتوو بوو. ئەو مانگرتنە، بێوێنە بوو کە پارتی لێبڕاوانە سەرکردایەتیی کرد و ڕێکیخست.

کەچی لیوا قاسم گوێی لە دەنگی ئەقڵ و بانگی لۆجیک نەگرت و هێزی سەربازیی جووڵاند. لە ڕۆژی ٩ی ئەیلوولیش گردبوونەوەی خەڵکی کوردی لە دەربەندیخان دایە بەر تۆپ و بۆردومانی ئاسمانی، دواتریش لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٦١ هێرشی سەرتاسەریی بۆ سەر کورستان، دەست پێ کرد و وەک وەڵامدانەوەیەکیشی، بزووتنەوەی بەرگریی چەکداری، بڵێسەی سەند.

حیزب چووە ململانێکەوە و چەکی بە ڕووی قاسمدا هەڵگرت، بڕیاریشی دا، بەو پێیەی قاسم هەموو ڕێگەکانی تێکۆشانی ئاشتیخوازانەی نەک تەنیا بە ڕووی پارتی و گەلی کورددا، بگرە بە ڕووی هەموو گەلی عێراقدا، داخست و ناچاری کرد دروشمی ڕووخاندنی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی قاسمی بەرز بکاتەوە.

پارتی بەڕاستی بە شێوازی ئاشتیخوازانە، واتە بە شێوازی تێکۆشانی جەماوەریی مەدەنی، هەوڵی دا حوکمڕانیی لە عێراقدا بگۆڕێت بە حوکمڕانییەکی دیموکراتیی پەرلەمانی. بەڵام لادانی قاسم و ملهوڕییەکەی و هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی تاکڕەوی و هێشتنەوەی، دواتریش دژایەتیی سەرسەختانەی بۆ دەستکەوتە دیموکراتییەکانی گەل و پەنابردنی بۆ هێزی چەکدار بۆ سەرکوتکردنی تێکۆشانەکانی گەل و ڕێگرتن لە پەرەسەندنی عێراق بەرەو دیموکراسی و هۆکارەکانی تریش کە باس کران، هەموویان تێکڕا پارتییان ناچار کرد ڕێچکەی خەباتی چەکداری بگرێتەبەر.

## پارتی و دیموکراسی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و لە سەرووی‌یەوە پارتی، یەک لە قەڵاکانی بزووتنەوەی دیموکراتی بوون لە عێراقدا. بەو پێیەی جۆرێکی پێشکەوتووی بوو، لە ڕووی ئۆرگانییەوە پێیەوە بەسترابوو، حیزبیش لە تێکۆشانیدا ئامانجی بەدیهێنانی ژیانی دیموکراسی بوو لە عێراقدا، بەو پێیەی کلیلی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە سیاسی و ئابوورییانەیە، کە عێراق بە دەستیانەوە دەناڵێنێت.

لە سەردەمی پاشایەتیدا، وەک چۆن لە سەردەمی کۆماریدا، پارتی لە پێناو پێدانی ئازادییە دیموکراتییەکاندا تێکۆشاوە، بە ئازادیی هەڵبژاردن و حیزبایەتی و سەندیکا و ڕۆژنامەگەری و وەشاندن و باوەڕ و بۆچوونەوە.

پاش ڕووخاندنی حوکمڕانیی پاشایەتی لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا، پارتی لەسەر تێکۆشانی لە پێناو دیموکراسیدا بەردەوام بوو. بە هۆشیارییەوە درکی بەوە کردبوو کە حوکمڕانیی لە عێراقدا، گەر لەسەر بناغەگەلی دیموکراتی جێگیر نەچەسپێنرێت و گەل و هێزە نیشتمانییەکانیشی ئازادیی بۆچوون و باوەڕ و ئازادیی ڕێکخستنی سیاسی و سەندیکایی و پیشەیی و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و وەشاندنیان نەبێت، سەقامگیر و سوودبەخش نابێت. بۆیە حیزب هەمیشە جەختی لە پەلەکردن لە کۆتاییهێنان بە قۆناغی ڕاگوزەر و گواستنەوەی وڵات بەرەو ژیانی پەرلەمانیی شۆڕشگێڕی، کردووەتەوە. حیزب دژی ئەو هەوڵە کۆنەپارێزانەش وەستاوەتەوە، کە دژایەتیی دیموکراسییان کردووە، وەک چۆن دژی ویستی لیوا قاسم وەستایەوە، کاتێک هەوڵی دا حوکمڕانی قۆرخ بکات و دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویی خۆی بسەپێنێت.

دەربارەی ئەو دیموکراسییەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان، دەیەوێت و بۆ عێراق پێی باشە، ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارەی ١٤٧ی ڕۆژی ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٦٠دا وتارێکی بە سەردێڕی (ڕژێمی دیموکراتیمان و ئەوەی دەبێت چۆن بێت) بڵاو کردەوە، کە تێیدا

هاتووە: "ئامانج لەو تێکۆشانە درێژەی گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە دژی کۆڵۆنیالیزم و چینی لەناوچووی فەرمانڕەوا، بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتییە لە ڕژێمە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکەیدا".

خەبات درێژەی دەداتێ و دەڵێت: "دیموکراسی، کە لە کۆندا وەک حوکمڕانیی گەل لە لایەن گەلەوە ناسێنراوە، کوتاڵێک نییە ڕەنگ و خەسڵەتەکانی دیاری کرابن و ئێمەش بیکەینە بەری وڵاتمان، بەڵکو بە جیاوازیی وڵاتان و دۆخی مێژوویی کە تێیدان، تێگەیشتن لە دیموکراسییش دەگۆڕێت. ئەوە جگە لە پووچیی ئەو هەوڵانەی بۆ هاوردنی حوکمڕانییەکی دیاریکراو لە وڵاتێکی دیاریکراوەوە دەدرێن، یان ئەوەی کە ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوتەی پێویستییە مادییەکانی پەرەسەندنن و بەندن بە ویستی گەلان و توانایان و تێکۆشانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی بابەتی و خودی و جیهانییەوە".

دواتر خەبات دەڵێت: "لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی باس کران، پاش توێژینەوە لە باری وڵاتمان و دۆخە تایبەتەکەیەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتە ئەو ڕاستییەی، کە دیموکراسیی ئاڕاستەکراو بە مۆرکە عێراقییەکەیەوە، کە لە بار و واقیعی عێراقیمانەوە وەرگیراوە، باشترین ڕژێمی دیموکراتیە، کە ئامانج و ئومێدی گەلەکەمان بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە، بەدیبهێنێت. بۆیە مادەی چوارەم لە بەرنامەکەی دەڵێت: "لە پێناو پاراستنی کۆماری دیموکراتی و چەسپاندن و فراوانکردن و قووڵکردنەوەی ئاڕاستە دیموکراتییەکەی لەسەر بنچینەی دیموکراسیی ئاڕاستەکراو تێدەکۆشین، کە پێدانی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانی وەک ئازادیی ڕادەربڕین و باوەڕ و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕێکخستنی حیزبی و سەندیکایی بۆ هەموو هاونیشتمانییان و نووسینەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی لەگەڵ مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنی دیموکراتی ڕاستەوخۆ، کە هەر کەسێکی سەروو هەژدە ساڵ لە هاوڵاتییان، چ نێر و چ مێ، تێیدا بەشدار بن".

بەم کۆتا بڕگەیەش لە خەباتەوە، کۆتایی بە ئیقتیباسەکە دەهێنین:

"لەو مادەیەی سەرەوەوە ڕوون دەبێتەوە، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانمان

داوای ڕژێمێکی دیموکراتی ئاڕاستەکراو دەکات، کە ئازادی بۆ گەل مسۆگەر بکات و لە دوژمنانی بیپارێزێت، ئەوەش بەشێکە لە پێویستییەکانی پاراستنی کۆمارەکە و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەل لە شۆڕشە شکۆدارەکەیدا. جگە لەوەشی، کە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگەمان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە و بۆ فەراهەمکردنی سەقامگیری و ئاسایش بۆ هەموو هاولاتییان. پایەکانی ئەو ڕژێمەش بریتیین لە بنیاتنانی ژیانێکی پەرلەمانیی ساغ و دابینکردنی ئازادیی گەل لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی لە پەرلەمان و هەڵقولانی حکوومەتیش لە پەرلەمانەوە و سەپاندنی چاودێرییەکی میللیی پەرلەمانی بەسەر حکوومەتی پشتبەستوو بە زۆرینەی نێو پەرلەماندا.

بەرژەوەندیی گەل، یەکخستنی هەموو هێزە نیشتمانییە دڵسۆزەکانی و بەشدارکردنیان لە حوکمڕانیی ولاتدا لە ڕێی وەزارەتێکی ئیئتیلافی یان ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارییەوە، دەخوازێت، کە نوێنەری هێزە نیشتمانییەکانی تێدا بێت ئەگەر هات و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو، کە هەمووان لە حوکمڕانی و دەسەلاتدا بەشدار بکات، مەحاڵ بێت.

بێگومان ڕێزگرتنی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان و دابینکردنیان بۆ سەرجەم هاولاتییان و چەسپاندنی ژیانی حیزبی و پەرلەمانی و دەقدان لەسەر ئەوە لە دەستووری هەمیشەییدا، پایەکانی ڕژێمی دیموکراتی ئاڕاستەکراون".

بەو شێوەیە دەبینین خەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دیموکراسی، لە سۆنگەی باوەڕیەوەیە بەوەی ئەو ڕژێمە دیموکراتییە، باشترینە بۆ گەلی عێراقی و لەگەڵ بار و دۆخەکەی و پێویستییەکانی پەرەسەندنی لە ڕووی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و... تاد. دێتەوە و بەشێکە لە هۆکارەکانی سەقامگیری و جێگیری. وەک چۆن حیزب پێی وایە، کە لە سایەی دیموکراسیی ڕاستەقینەدا، دەکرێت چارەیەکی ئاشتیخوازانەی دادپەروەرانە، کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەدەست دەهێنێت، بۆ دۆزی کوردی بدۆزرێتەوە. هەروەها پەیوەندیی ئۆرگانیکی دیموکراسی و مافەکانی گەلی کورد، درک دەکات. دەربارەی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان دیموکراسی و مافە

نەتەوەییەکانی گەلی کورد، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، لە وتارێکیدا کە خەبات کردوویەتی بە سەروتاری ژمارە ٣٨٩ی ڕۆژی ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠، دەڵێت:

"مرۆڤ بە نیگایەک لە ڕووداوەکانی سالانی پاش کۆتا جەنگ، بە ڕوونی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، نەک تەنیا لە عێراقیشدا، بەڵکو لە هەموو ئەو دەوڵەتانەشدا کە کوردیان لە سایەدا دەژی، دەبینێت. چونکە تا بزووتنەوەی دیموکراسی لە یەکێک لەو دەوڵەتانەدا ببووژێتەوە، گەلی کوردی چەوساوە، بە دوو شێوە و لە دوو لاوە لە یەکەمین سوودمەندەکان دەبێت لێی. سەرباری سوودوەرگرتنی لەو ئازادییانەی بۆ گرۆی گەلیان فەراهەم دەکات، بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆی و فراوانکردنی بانگەوازەکەی و پێداگرتنی زیاتر لەسەر تێکۆشانی لە پێناو مافە نەتەوەییە ڕەواکانیدا، سوودی لێ وەردەگرێت. حیزبمان باوەڕێکی قووڵی بەو ڕاستییە هەیە، کە لە پرەنسیپ و ئامانجەکانیەوە هەڵقوڵیوە، کۆمەلانی خەڵکیش بە ئەزموون و تاقیکردنەوە پێی گەیشتوون. هەر بۆیە گەلی کوردمان، ئەوسا و ئێستا و لە داهاتووشدا، بەرگریکاری دڵسۆزی سەرڕاست دەبێت لە دیموکراسی لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی، کە لە سایەیاندا دەژی".

مامۆستا ئیبراهیمی سکرتێری حیزب لە وتارەکەیدا درێژەی دەداتێ و دەڵێت: "باوەڕمان بەوەیە کە پتەوکردنی ڕژێمی دیموکراسی، ڕێچکەیەکی بنەڕەتییە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی، کە حوکمی کوردستان دەکەن. ئەم باوەڕە و تێکۆشانیشمان لە پێناویدا، تەنیا لایەکی پرسی پتەوکردنی ڕژێمی دیموکراسی و پرسی وەرگرتنەوەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە.

لایەنی دووەم ئەوەیە، ئەو گەلانەی لە سایەی دەوڵەتێکدا لەگەڵیاندا دەژین و زۆر شتمان پێکەوە هاوبەشە، سەرباری ئەو چەوساندنەوە نەتەوەییەی لە دژمان دەکرێت، دەبێت ئەو گەلانە بزانن، کە ناتوانن دیموکراتی یان ئازاد بن، تەنانەت ناشتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن، گەر تێنەکۆشن و پشتی تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناو مافە نەتەوەییە ڕەواکانیدا، نەگرن. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بزووتنەوەیەکی ڕەوایە یان وەک ئەرکێکی

مرۆیی، بەڵکو بەو پێیەی وەها پشتیوانییەک بەشێکە لە تێکۆشانی لە پێناو ئازادی و مافە دیموکراتییەکانی خۆیشیدا. ناکرێت بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی لە وڵاتێکدا بکرێت، گەر ملیۆنان کەس لە دانیشتووانەکەی، لە مافە نەتەوەییەکانیان بێبەش بن. دەبێت ئەو گەلانە حیکمەتی درەوشاوەی نێو ئەم دەستەواژەیە لەبیر نەکەن: گەلێک کە گەلانی تر بچەوسێنێتەوە، ناتوانێت ئازاد بێت. بۆیە ئەرکی گەلانی عەرەبی و فارسی و تورکییە، کە درکی ئەو ڕاستییە بکەن و یارمەتیی گەلی کورد لە تێکۆشانی لە پێناو مافە نەتەوەییە ڕەواکانیدا، بدەن، بەو پێیەی کە ئازادییان کامڵ نابێت، تا کاتێک گەلێکی برا هەبێت بە ناو و بە بیانووی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەوەوە، بچەوسێنرێتەوە".

لە هەمبەر دیموکراسی و پەیوەندیی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراقی لە ڕاپۆرتی ئازاری ١٩٦٢دا، بڕیاری لەم ڕاستییەی خوارەوە دا:

"دیموکراسی لە پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە، هیچ مانایەکی نابێت و دەبێتە هەڵیت و پەڵیت، گەر توانای ڕاستەقینەی ئەوەی بۆ نەڕەخسێنێت، کە سوود لە مافە نەتەوەییەکانی وەربگرێت و کاروباری خۆیشی بەڕێوە ببات. ئەوەش تەنیا لە ڕێی ئۆتۆنۆمییەوە دەبێت".

بۆیە پێمان سەیر نەبێت، کە دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان، لە حوکمڕانیی کۆنەپارێزیاخی دەبێت و بە دەستێک چەک هەڵدەگرێت و بە دەستەکەی تریش دروشمێک، کە لە سەرەوەی ڕۆژنامەی خەبات، لە سەردەمی نهێنیی خۆیدا، چەسپاندوویەتی و دەڵێت: "سەرکەوتن بۆ شۆڕشی گەلەکەمان، لە پێناو دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان".

لە سەروەختی شۆڕشی چەکداریی کوردیدا، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئەم بڕیارەی دا: "تێکۆشان بۆ کۆکردنەوەی حیزبە نیشتمانییەکان یان زۆرینەیان لە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیدا، بە مەبەستی پێکەوە تێکۆشان دژی کۆڵۆنیالیزم و دیکتاتۆرییەتی کۆنەپارێز و لە پێناو بنیاتنانی کۆمارێکی دیموکراتی پەرلەمانی، کە سیاسەتی ناوخۆیی لەسەر بنچینەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی عێراق و پێڕەوکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان و پێدانی مافە نەتەوەییەکان بە گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی، دابمەزرێنێت.

سیاسەتی دەرەکییش لەسەر بنچینەی بێلایەنیی ئیجابی و دژایەتیکردنی کۆڵۆنیالیزم و جەنگ و پشتگرتنی تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی گەلان و بەشداریکردن لە پاراستنی ئاشتیی جیهانی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، بنیات بنێت".

ئەمڕۆش پاش ئەو ئەزموونە ناخۆشانەی عێراقیان پێدا تێپەڕی، حیزب باوەڕی بە هەڵوێستە مەبدەئییەکانی خۆی لە بارەی دیموکراسی و پێویستیی چەسپاندنی حوکمڕانیی نیشتمانی لە عێراقدا لەسەر پایەکانی، زیاتر دەبێت، بەو پێیەی گرەنتیی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی وڵات و گەشانەوە و سەقامگیری و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی عێراقی بەرەو باڵاتر و چارەسەرکردنی دۆزی کوردییش بە شێوەی ئاشتییانەی دادپەروەرانە.

ئەوەش جگە لەوەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، کە پارتی لێیەوە و بۆ سەرکردایەتیکردنی هەڵقولا، بزووتنەوەیەکی خاوەن کرۆکی دیموکراتییە، بزووتنەوەیەکی میللییە، کە شان بە شانی ئامانجە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی، ئامانجی ئەو ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییانەشە کە سروشتێکی دیموکراتییان هەیە.

ئەوەش واتە دیموکراسی، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و بنەڕەتیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەوە هەیە، کە پارتیی هێنایە ئاراوە و پاش موتوربەکردنی بە بیری پێشکەوتنخوازانە، لە مەیدانی خەباتدا ڕێکی دەخات و بۆ ئامانجەکانیشی سەرکردایەتیی دەکات.

ئەگەر لەو قەیرانە گشتییە ورد ببینەوە، کە حوکمڕانیی لە گێژاوەکەیدا دەخولێتەوە و گەلی عێراقیش بە هەردوو نەتەوەکەی، عەرەب و کورد، بە دەستییەوە دەناڵێنێت، دەبینین لە وڵاتێکی خاوەن نەتەوە و ئاین و حیزب و چینی کۆمەڵایەتیی فرەدا، دەروازە و چارەی تری نییە جگە لە دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە. بۆیە پارتی دروشمی خۆی بەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەی خەبات بەرز کردەوە، کە دەڵێت جگە لە دیموکراسی، هیچ گرەنتییەک نییە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و گەشانەوەی وڵات و سەقامگیری، دیموکراسییش بەبێ ژیانی پەرلەمانی و ئازادییە گشتییەکان و بەبێ چارەیەکی دادپەروەرانەی دۆزی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی، نابێت.

## پارتی دژی جیابوونەوە و تێکەڵکارییشە

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوسا و ئێستاش لە سەرسەختترین باوەڕدارانە بە برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکێتیی عەرەبی - کوردی لە تێکۆشانی دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و لە پێناو مافە نەتەوەییەکان و دیموکراسی و هەروەها پێکەوەژیانیان لە سایەی یەک دەوڵەتی دیموکراتیدا. پارتی بۆچوون و باوەڕیشی وایە، کە بەرژەوەندیی عەرەب و کوردیش وا دەخوازێت پێکەوە و لە سایەی دەوڵەتێکی دیموکراتی یەکگرتوودا بژین.

بەڵام پارتی بەردەوام باوەڕی وا بووە، کە ئەو یەکێتییە بۆ جێگیربوون و چەسپاندن و مانەوەی بە بەهێزی، کۆمەڵێک مەرجی پێویستە. یەکەم، دەبێت یەکگرتنێکی خۆویستانەی برایانە بێت. دووەم، دەبێت لەسەر بنچینەی یەکسانیی تەواو بێت لە ماف و ئەرکەکاندا. سێیەم، ڕێزگرتنی دوولایەنەی بوونی نەتەوەیی مافە نەتەوەییەکانیان. چوارەم، درککردنی ئەو ڕاستییەی کە گەلی عەرەب لە عێراقدا، بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، وەک چۆن گەلی کوردیش بەشێکە لە نەتەوەی کورد. پێنجەم، بەژەوەندیی هەردوو نەتەوە، یەکێکە و پەیوەندییە ئۆرگانیکەکانیشیان توندوتۆڵن، بە جۆرێک کە هەر سەرکەوتنێکی نەتەوەی عەرەب لە تێکۆشانیدا دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی، سەرکەوتنی نەتەوەی کوردیشە؛ هەر سەرکەوتنێکی نەتەوەی کوردیش لە تێکۆشانی دادپەروەرانەیدا، سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەبیشە.

یەکگرتنی خۆویستانەی بەم شێوەیەیە لە سایەی دەوڵەتێکدا، کە گەشە دەکات و پتەوتر دەبێت و هەر ئەوەشە، کە گەلان پێی ڕازی دەبن و خواستە نەتەوەییە ڕەواکانیان تێر دەکات. بەپێچەوانەوە، یەکگرتنی زۆرەملێ و پێوەلکاندن بە هێز و زۆر و زۆرداری، لاواز و لەرزۆک دەبێت، خۆی لە بەردەم ڕووداو و نەهامەتییەکاندا ڕاناگرێت، ڕق و کینە لە نێو گەلاندا دروست دەکات و هەمیشەش ئەگەری هەرەسهێنانی هەیە.

ئەوانە ڕاستیگەلێکن، مێژوویەکی پڕ لە یەکگرتنی بەزۆر و یەکێتیی پاشکۆیانە سەلماندوونی کە هەرەسیان هێناوە و ئێستاش لە چەند وڵاتێکی کەمدا نەبێت، لە وێنەیان نەماوە. ئەو مێژووە هاوکات شایەتیی ئەوە دەدات، کە یەکگرتنی خۆویستانەی برایانە لە نێوان نەتەوەکاندا، دەمێنێتەوە و پتەو دەبێت. بۆ نموونە، دەوڵەتی عوسمانی، سەرباری پەیوەندییە ئاینییە ئیسلامییەکان، نەیتوانی تا کۆتایی بژی و بمێنێتەوە، چونکە لەسەر پێوەلکاندن و یەکێتیی ناچاری بەند بوو، لە کاتێکدا یەکێتیی سۆڤییێت (یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستییە سۆڤییێتیەکان) بەهێز دەبێت و یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی یوگۆسلاڤیا، گەشە دەکات و یەکێتیی دیموکراتی سویسری، زیاتر دەچەسپێت، چونکە هەموویان یەکێتییەکەیان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن و بوونی نەتەوە جیاوازەکانی سایەیان، بنیات ناوە، واتە یەکێتییەکانیان خۆویستانەیە. بۆیە وەک خەمخواردنێک لە برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکێتیی تێکۆشانی عەرەبی - کوردی، پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام داوا دەکات یەکێتیی ناچارییانەی عێراقی، کە کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی دایهێنا، بگۆڕێت بە یەکێتییەکی خۆویستانەی برایانەی بنەما جێگیر و بنەڕەت پتەو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیی یەکگرتوودا. هەر لەبەر ئەوەیە، دژی پێوەلکاندن و جودابیخوازی و تێکەڵکارییشە پێکەوە.

ڕاستی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە دروشمی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆی جیا لە عێراقی، تووڕ هەڵداوە و لەبری ئەوەش دروشمی ئۆتۆنۆمیی بۆ گەلی کورد، بە مانا دیموکراتییەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەرز کردووەتەوە.

ئەو دروشمەش لە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەر لە دامەزراندنییەوە، بەرجەستە بوو، وەک چۆن هەڵوێستی زانستییش لە بارەی یەکگرتنی خۆویستانەوە لە سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبدا، ڕەنگی دایەوە.

پارتی بانگەشەی فراوانی بۆ چەسپاندنی ئەو ڕاستییانە لە بیری کۆمەڵانی خەڵکدا، کرد و بەرەنگاری مەیلی جودابیخوازی و یەکێتیی ناچاری و بانگەوازی تێکەڵکارییش بووەوە. پارتی لە ١٩٤٧دا بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی تایبەتی دەرکرد بە ناونیشانی

(یەکگرتن نەک جیابوونەوە) و تێیدا هەڵوێستی خۆی لە یەکێتیی عەرەبی - کوردی، باس دەکات و دەستگرتنی بەو پرەنسیپەشەوە، دووپات دەکاتەوە. لەوەش زیاتر، پارتی دروشمی جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عێراقیی هەڵنەگرتبوو، تەنانەت لە سەروەختی دروستبوونی کۆماری دیموکراتی کوردستانیشدا لە موکریانی کوردستانی ئێران. کەچی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و پێشڕەوەکەی، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تۆمەتی جوداییخوازی دەربازیان نەبوو، کە لای کۆڵۆنیالیستان و شۆڤینیستان دووراوە بۆ ئەوەی بە هەموو بزووتنەوەیەکەوە بیلکێنن، تەنانەت گەر ئامانجی کۆمەڵێک مافی ڕۆشنبیریی کوردیش بێت.

هۆکاری ڕاستەقینە و شاراوەی پشتەوەی هەوڵی لکاندنی تۆمەتی جوداییخوازی، لە لایەکەوە بریتییە لە شێواندنی ڕاستیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی دیموکراتی پشتئەستوور بە یەکێتیی خەباتی شۆڕشگێڕی و ئامانجە گشتییەکان لەگەڵ ئەو گەلانەی نەتەوەی کوردیان لەگەڵدا دەژی، لە لایەکی تریشەوە بەکارهێنانی ئەو تۆمەتە بۆ خەڵەتاندنی ئەو گەلانە و دنەدانی ڕۆڵەکانیان دژی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی و دروستکردنی کەلێنێکی گەورە و دوژمنایەتییەکی توند لە نێوان گەلی کورد و گەلانی عەرەب و فارس و تورکی برادا، لەوێشەوە ڕووخاندنی خەباتی هاوبەشیان دژی کۆڵۆنیالیزم و کلکە کۆنەپارێزە ناپاکەکانی، کە ئەوەش وەک ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە ٦٨ی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩دا دەڵێت، تەمەنی هەژموونی کۆڵۆنیالیزم درێژ دەکاتەوە.

بۆیە پڕوپاگەندەی کۆڵۆنیالیست و کۆنەپارێزان، بەردەوام ئەو تۆمەتەی بە هەموو بزووتنەوە و شۆڕش و کۆمەڵە و حیزبێکی کوردییەوە دەلکاند لە هەموو کات و دۆخێکدا. هەر پاش دووەمین جەنگی جیهانی و کاتێک حیزب ئاشکرا لە پەیڕەو و بڵاوکراوەکانیدا بانگەوازی بۆ یەکگرتنی خۆویستانەی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد دەکرد، لە سەروەختی تێکۆشانی گەلی کورد شان بە شانی گەلی عەرەب لە عێراقدا بۆ پاڵپشتیی شۆڕش و کاتێکیش میسر لە ١٩٥٦دا ڕووبەڕووی هێرشی سێ قۆڵیی ناڕەوا بووەوە، کۆڵۆنیالیستان و نوری سەعیدی بەکرێگیراویان ئەو تۆمەتەیان دەوتەوە و کردیانە بیانوویەک بۆ هەندێک لە پرۆژەکانیان و سەرکوتکردنی دڕندانەی بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازیی کوردی. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزیش، کاتێک هەموو گەلی کورد، پڕی دایە خۆی بۆ پشتیوانیی شۆڕش و پاراستنی و شاندێکی گەورەشی لە نوێنەری هەموو شار و ناوچەکانی کوردستانیش نارد، بۆ ئەوەی بچێتە بەغدا و بەشداریی سەرکردەکانی شۆڕش لە تێکۆشانی گەلی عێراقیمان، پیرۆز بکات و سووربوونی گەلی کوردیش دووپات بکاتەوە لەسەر پشتیوانیی شۆڕش و چەسپاندنی بنچینەکانی. ئا لەو کاتەدا کە لە زاری سەرۆکی شاندەکەیەوە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، داوای چەسپاندنی برایەتیی عەرەبی - کوردیی لەسەر کۆڵەکەیەکی پتەو دەکرد، کە یەکێتیی ناچاریی کۆن بگۆڕێت بە یەکێتییەکی خۆویستانەی برایانە، جارێکی تر کۆنەپارێز و دیکتاتۆر و شۆڤینییەکان (درۆی جوداییخوازی) یان دژی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دەوتەوە و دووپات دەکردەوە.

پارتی لەو یاداشتەی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٥٨دا دایە سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران و حیزب و کەسایەتییە عێراقییەکان، ئەو درۆیەی جوداییخوازیی ڕەتکردەوە و وتی: "ئەو بیرە ژەهراوییانەی دەربارەی بوونی بزاوتێک لە نێو گەلی کورددا، کە گوایە ئامانجی جیابوونەوەیە لە کۆماری عێراقی، لە چەند سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە پەخش دەکرێن. ئەو بیرانەش مۆرکی پەخشکەرەکانیان پێوەیە، ئەوانەی لەسەر بەردی یەکێتیی عەرەبی - کوردی ئومێدەکانیان تێکشکان. ئەو کۆڵۆنیالیزمەی کە شۆڕشی بەشکۆی عێراقی تێی سرەواند، لە ئەگەری بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی لە ڕێی جێبەجێکردنی سیاسەتی (پەرت بکە و زاڵ بە)ی کۆڵۆنیالیستییەوە، کە هەردەم باشترین بەری لێ چنیوەتەوە، نائومێد نەبووە. هەر ئەو و کلکەکانی و توێژێکی تووڕەی فەرمانبەرانی لایەنگری ڕژێمی لەناوچوو و کەمینەیەکی تۆقیو لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەسەڵاتی سیاسییان بەهۆی هاوخەمیی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و مەزنبوونی هێزیانەوە، برەوپێدەری ئەو بانگەشە سووک و پاتاڵانەن".

هەروەها حیزب هەڵوێستی مەبدەئیی خۆی لە بارەی جیابوونەوەوە خستە ڕوو، کاتێک لە هەمان یاداشتدا ڕایگەیاند: "لە دیدی ئێمەوە جیابوونەوە شتێکی دابڕاو نییە، کە بکرێت بەدەر لە دۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و بە چاوپۆشین لە ئەنجامەکانی لە ڕووی بەهێزکردن و لاوازکردنی چەند لایەنێکی دیاریکراو لە جیهاندا، بۆی بگەڕێین. چونکە

جیابوونەوەی هەر گەلێک لە هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی دنیا، بە باوەڕی ئێمە دەبێت لە ڕوویەکی دیاریکراوەوە لێک بدرێتەوە، ئەویش ئایا ئەو جیابوونەوەیە دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزم و لەقکردنی پێگەکەی و بەهێزکردنی بەرەی گەلان و سەرخستنیان لە خەباتیاندا لە پێناو ئاشتی و ڕزگاری و دیموکراسیدا یان نا.

جا گەر وەڵامەکە بە نەخێر بوو، واتە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی کۆڵۆنیالیزم و خۆشکردنی شوێنپێی و لاوازکردنی بەرەی گەلان و تەگەرە خستنە نێو تێکۆشانییەوە، ئەوا جیابوونەوە خراپ و بەڵایە، نەک بۆ ئەو دەوڵەتەی کە بابەتی جیابوونەوەکەیە، بەڵکو بۆ خودی ئەو گەلەی داوای جیابوونەوە دەکات. لە وەها حاڵەتێکدا، دەبێت بەرهەڵستیی ئەو جیابوونەوەیە بکرێت".

لە درێژەی یاداشتەکەیدا، پارتی ڕاستیی هەڵوێستی خۆی لە جیابوونەوە لە کۆماری عێراقی، دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی باس کران، ئاشکرا دیارە کە جیاکردنەوەی کوردستان لە کۆماری ساوای عێراقی، کارێکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دژی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کوردە، خزمەت بە کۆڵۆنیالیزم دەکات و پێگەشی بەهێزتر دەکات، نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە سەرجەم وڵاتانی خۆرهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستی و ڕاستەوخۆش بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلانی ئەو ناوچەیە لاواز دەکات، بە خودی گەلی کوردیشەوە".

بۆیە یاداشتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە گەلی کورد و پێشڕەوەکەی، واتە پارتی، بەرەنگاری هەر مەیلێکی جودایی‌خوازی دەبنەوە گەر دەربکەوێت. بەڵام ڕاستییەکان نەبوونی بزووتنەوەیەکی جودایی‌خواز دەسەلمێنن لە ڕیزەکانی گەلی کورد لە عێراقدا. خەبات چەند جارێک ئەو ڕاستییەی باس کردووە، داوای لە هێزە عێراقییە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی تریش کردووە، ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بگێڕن، کە پێویستییەکانی پتەوکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و پێویستییەکانی لەناوبردنی بانگەشە و هەڵبەستراوەکان، دەیخوازن و لە وتاری (جیابوونەوە، درۆیەکی کۆڵۆنیالیستییە)دا لەم بارەیەوە دەڵێت [١٨٦]:

١٨٦- سەروتاری ژمارە ٦٨ لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٥٩.

"هێزە نیشتمانپەروەر و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکان دەبێت بەرەنگاری درۆی جوداییخوازی ببنەوە، چونکە یەکەم، درۆیەکی کۆڵۆنیالیستییە. دووەم، هیچ ڕەوتێکی وەها لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیدا، نییە. سێیەم، لەبەر ئەوەی گومان و دوودڵی و تووڕەیی لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دەخوڵقێنێت، کە باڵی دووەمی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کۆمارە نوێیەکەمانە و لەوێشەوە دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی یەکێتیی برایەتیی عەرەبی - کوردی. چوارەم، مانای سەرقاڵکردنی خەڵکە بە ئەفسانەیەکی خەیاڵی و هێزەکانی بۆ شەڕێکی وەهمی تەرخان دەکات، واتە بردنی بۆ ناو شەڕێکی دۆنکیشۆتی لەبری ئاڕاستەکردنی تیری تێکۆشان بەرەو ڕووی دوژمنان و پیلانگێڕییەکانیان".

بەو شێوەیە دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان، بانگەواز و تێکۆشانی بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی برایانەی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردی لەسەر بنچینەی ڕاست و بەهێز، کردووە. بۆیە لە لایەکەوە دژی جوداییخوازییە و لە لایەکی تریشەوە بەرهەڵستی تێکەڵکاری و پێوەلکاندنە، کە لەسەر بنەمای خۆنەبانکردن لە بوون و مافەکانی گەلی کورد و نکۆڵیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی، بەندە و بانگی تواندنەوەی گەلی کورد و پەلکێشکردنی بەزۆر بۆ نێو یەکێتییەکی ناچاری.

حیزب هۆشیاریی لە لێکەوتەکانی سیاسەتی فاشیستیی تواندنەوە و تێکەڵکاری،داوە و سروشتی کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزانەی هەڵداوەتەوە و مەترسیی زۆری بۆ سەر یەکێتیی عەرەبی - کوردی و خەباتی هاوبەشیان، ئاشکرا کردووە، بەو پێیەی سیاسەتێکی ڕووخێنەرە و هەڵقولاوی بنەمای کۆڵۆنیالیستیی (پەرت بکە و زاڵ بە)یە، هەروەها لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ڕق و دوژمنایەتی لە نێوان عەرەب و کورددا، بەتایبەت گەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین، کە گەلی کورد هاوشێوەی هەموو گەلانی تری دنیا، بەتوندی بەرەنگاری هەوڵەکانی تواندنەوە و تێکەڵکردن و لەناوبردنی بوونی نەتەوەیی دەبێتەوە.

لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی حیزبەکەوە، داوای یەکێتییەکی خۆویستانەی برایانەی لە نێوان عەرەب و کورددا کردووە و دژی جوداییخوازی و تێکەڵکاری بووە و بەرەنگاری بانگەوازی تواندنەوەی گەلی کورد، بووەتەوە و بەرگریی لەوە کردووە، کە پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە سایەی یەک دەوڵەتدا، بە زەبری پێوەلکاندن و تێکەڵکاری بەردەوام نابێت،

بەڵکو بە ڕێزگرتنی مافە نەتەوەییەکانیان و یەکگرتنی برایانەیان.

ئێستاشی لەگەڵ بێت، پارتی داوای پێدانی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد دەکات لە سایەی قەوارەی یەکگرتووی عێراقدا، بەو پێیەی ئەوە گونجاوترین شێوەی یەکگرتنە لە قۆناغی مێژوویی هەنووکەدا.

وەک چۆن حیزب مەحاڵبوونی سەرگرتنی بیرۆکەی تێکەڵکردن و تواندنەوەی فاشیستیانەی بەیان کردووە، چونکە پێچەوانەی پەرەسەندنی سروشتیی نەتەوەکان و پێویستییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە، هەروەها ئەو نەتەوانەی لە ڕەوتی مێژووییدا دروست بوون، بە سیاسەتی تێکەڵکاری ناتوێنەوە، چەندەش توند بێت. ئەوە جگە لەوەشی کە لە ڕووی مێژووییەوە ناتوانێت بژی، چونکە ڕق و کینە لە نێو گەلاندا دەچێنێت، کە بەرژەوەندییان تەنیا لە برایەتی و ئاڵوگۆڕی یارمەتی و هاریکارییە لە نێو خۆیاندا. خەبات بەرگریی لە بوونی نەتەوەیی گەلی کورد کرد و هەڵمەتێکی بەرفراوانی سەرکەوتووی بەڕێوە برد، کاتێک ڕۆژنامەی (الثورة)ی قاسمی وتارێکی بڵاو کردەوە، کە تێیدا نەک تەنیا داوای پێویستیی تواندنەوەی گەلی کورد لە بۆتەقەی نەتەوەی عەرەبدا، بەڵکو داوای بەکارهێنانی هێزیش بە مەبەستی جێبەجێکردنی وەها پرۆسەیەکی کۆنەپارێزانە کرابوو. ژمارەیەک کەسێتیی نیشتمانیی عێراقی، ئەو بانگەوازە ڕووخێنەرەیان سەرکۆنە کرد، لەوانەش وەزیرە نیشتمانپەروەرەکانی وەک مامۆستا مستەفا عەلی و دکتۆر فەیسەڵ سامر و دکتۆر تەلعەت شەیبانی و زۆرێکی تر لە کەسێتییە دیموکراتییەکان.

خەبات زۆر وتاری بڵاو کردەوە، کە تێیاندا بیرۆکەی فاشیستیی تواندنەوە و مەترسییەکانی بۆ سەر داهاتووی پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکان، تاووتوێ دەکرا. لە وتاری سەرەکیی ژمارە ٤٤٠ لە ٢٢- ٢- ١٩٦١ بە ناونیشانی (هەوڵەکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و لێکەوتە حەتمییەکانی)دا، دەڵێت: "نەتەوەی کورد، ڕاستییەکی مێژوویی ڕەقە، کە هەموو هەوڵە تاوانکارییەکانی پێوەلکاندن و تێکەڵکاری و هەوڵەکانی تری کۆڵۆنیالیزم تێکدەشکێنێت لە ڕابردوو و هەوڵە فاشیستییەکانی ئێستاشدا. هەوڵە نەزۆک و نائومێدەکانی تواندنەوەی گەلان یان تێکەڵکردنی، چەندە بەهێز و بەزەبریش بن، دەستەوسان ماونەتەوە و دەشمێننەوە.

ئەو سیاسەتەی کە بەندە بە هەوڵی تێکەڵکردنی گەلان و تواندنەوەیان، سیاسەتی هیتلەر و مۆسۆلینی و غەیری ئەوانیشە، کە هەموو مرۆڤایەتی سەرکۆنەی کردووە و هەموو گەلانی جیهان، خۆی لێ بێبەری کردووە، بەو پێیەی پێچەوانەی ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆیی و ویستی گەلان و پێویستیی پەرەسەندن و پێشکەوتنیانە و لەمڕۆشەوە بە هیچ شێوەیەک سەرکەوتوو نابن. ئەزموونی تۆرانیزم لە تورکیا لە هەمبەر گەلی کورد نیشانی داین، کە هەوڵەکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بە مرازی خۆیان نەگەیشتوون و نایشگەن. خەبات لە درێژەدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی سیاسەتی تواندنەوە و تێکەڵکاریی ڕیز دەکات:

١- پێڕەوکردنی سیاسەتی تواندنەوە و تێکەڵکاری، بوغز و دوژمنایەتی دروست دەکات و یەکێتیی نیشتمانییش هەڵدەتەکێنێت. ناکرێت کوردان لە خەمی یەکێتییەکدا بن، کە جگە لە کۆیلایەتی و بێبەشیی لە مافە نەتەوەییەکان و نکۆڵیکردنی نەتەوەیان، جگە لە ئاگر و ئاسن و کۆت و زیندانیان بۆ ناهێنێت.

٢- وەها سیاسەتێک سەرباری شکستی لە بەدیهێنانی تواندنەوە و تێکەڵکاری، مەرگەسات و بەڵا و جەنگی ناوخۆیی بۆ ئەو دەوڵەتەش دەهێنێت، کە تێیدا پێڕەو دەکرێت. ئەوەش مەزنترین زیانی مادی و مەعنەویی لێ دەدات.

٣- قەوارەی ئەو دەوڵەتەی وەها سیاسەتێک پێڕەو دەکات، بە لاوازی و بۆشناخی دەمێنێتەوە و بەرگەی گەردەلوول و زریان ناگرێت. دەوڵەتی لەو جۆرەش، هەر کاتێک دۆخەکە گۆڕا و هەل ڕەخسا، هەڵدەوەشێتەوە و پارچە پارچە دەبێت.

٤- گەلی ئەو دەوڵەتەی وەها سیاسەتێک پێڕەو دەکات، هەر لە سایەی کۆیلایەتی و بارگرانیی باجی زۆردا، دەناڵێنێت، هەر بە بێبەشیی لە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان دەمێنێتەوە. ئاخر گەلێک کە گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە، ناکرێت ئازاد بێت.

خەبات لە کۆتاییدا دەڵێت: "دڵسۆزیی بۆ یەکێتیی نیشتمانی و برایەتیی عەرەبی - کوردی بەندە بە ئیدانەکردنی هەوڵی هاندان بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد و ئیدانەکردنی نکۆڵیکردن لە نەتەوەی کورد و مافەکانیشی".

ئەوەی شایەنی باسە، هێزە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکان، ئیدانەی بانگی تواندنەوە و تێکەڵکردنیان کرد، داوای یەکێتیی برایانەی عەرەب و کوردیشیان کرد.

دکتۆر شاکر خصباک لەو بارەیەوە دەڵێت[١٨٧] :

"بە ڕای ئێمە، یەکێتیی عەرەبی - کوردی دەبێت ئەو ڕاستییە بابەتییە لەبەرچاو بگرێت، ئەویش دداننانێکی ڕاستەقینە و تەواوە بە نەتەوەی کورددا، نەک دداننانێکی ساختە وەک ئەوەی حکوومەتەکانی پێشوو دەیانکرد. جا یەکگرتنی کورد لەگەڵ عەرەبدا، مانای تواندنەوەی نەتەوەکەیان نییە لە نەتەوەی عەرەبدا، بێماناییشە گەر ڕاستییەکان بگۆڕین و لەسەر حسابی نەتەوە و ئیتنیی ئەوان، بە ئیتنیی عەرەبیدا هەڵبدەین. بەڵام یەکگرتنیان لەگەڵ عەرەبدا بە ڕەزامەندیی خۆیان، بێگومان دەیانکات بە یەک لە سەرسەختترین پشتیوانانی نەتەوەی عەرەبی ڕزگاریخواز. لە وەها حاڵەتێکیشدا، دەبێت عەرەب مامەڵەی هاوشێوەیان لەگەڵدا بکات، ببنە پشتیوانی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردی ڕزگاریخواز، چونکە پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب، پەیوەندیی بەرژەوەندی و ڕۆحییە. هەر ئەم یاسایەشە کە حوکمی پەیوەندیی هەر گەلێک بە هەر گەلێکی ترەوە دەکات، چونکە پەیوەندیی گەلان لەسەر بنەمای ئیستیغلال پتەو نابێت، بەڵکو لەسەر بنەمای برایەتی و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی. دداننان بە نەتەوەی کوردیشدا، بێگومان دەبێتە هۆی چەسپاندنی زیاتری پردی پەیوەندیی یەکێتیی عەرەبی - کوردی". پێشتر وتەیەکی مامۆستا هیلال ناجی - مان هێنایەوە، کە سەرکۆنەی هەوڵەکانی نکۆڵیکردن لە نەتەوەی کورد و دژایەتیکردنی دەکات و داوای برایەتی لەگەڵی و دداننان بە بوونی و مافەکانی و پێویستییەکانی گەشەکردنیشی، دەکات. ئەو کوتلە بەعسییەشی کە دواتر حیزبی شۆڕشگێڕیی کرێکارانی عەرەبی دامەزراند، لە (بەیانی سیاسیی کۆنگرەی حەوتەم)دا لە بارەی پرسی کوردی لە عێراقدا، ڕایگەیاند:

"گەلی عەرەب کە زۆری بە دەست هەوڵەکانی بەتورککردن لە خۆرهەڵاتی عەرەبی و هەوڵەکانی بەفەرەنسیکردن لە خۆرئاوای عەرەبی، چەشتووە و بە چەک لە دژیان تێکۆشاوە، بەتوندی و بەبێ هەڵاواردن هەموو ئەو بانگەشانە ئیدانە دەکات کە هەندێک لایەنی نەتەوەیی شۆڤێنیی عەرەبی، بڵاویان دەکەنەوە، کە هەوڵێکن بۆ دانانی کوردان وەک بەشێکی نەتەوەی عەرەب، ئەو لایەنە عەرەبییە شۆڤێنییانەی وەهمی ئەوەیان هەیە، کە مێژووی نزیک کوردان دەتوێنێتەوە و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و شارستانێتی لەیەکچوونی

---

١٨٧- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٨٤.

کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کوردان وەک نەتەوە کۆتایی پێ دەهێنێت، هەڵەیەکی گەورە دەکەن. مێژووی بابەتی لەسەر ڕێچکەی هاوشێوەکردن یان تێکەڵکردنی کوردان لە نێو نەتەوەکانی ئێران و تورک و عەرەبدا، ناڕوات".

شیوعییەکان و نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازەکان و نیشتمانپەروەرە دیموکراتییەکانیش، ناڕەزایی خۆیان دژی هەوڵەکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و مافەکانی، دەربڕی. هەموو ئەوانە دەیسەلمێنن، کە عەرەبیش وەک کورد دەزانن کە سیاسەتی فاشیستیی تواندنەوە، لە سوودی هیچکامیان نییە، بگرە لە دژیانە، هەر ئەوەش نیشانەی خێر و باشبوونی پەیوەندییەکانی هەردوو گەلە پێکەوە. چاکەکانی نێو عەرەب باش دەزانن، کە بەرژەوەندییەکانی پتەوکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق، پێویستیی بە دانانان بە بوونی گەلی کورد و مافە نەتەوەییەکانیدا و لەوێشەوە پتەوکردنی پایەکانی پەیوەندیی عەرەبی - کوردییە لەسەر بنچینەگەلی دیموکراتیی دروست لە یەکسانی و برایەتی. بۆیە دژی تێکەڵکاری و جودابیخوازیین، بەو پێیەی دژی یەکێتیی عەرەبی - کوردیین.

تێکەڵکاری و جودابیخوازی، برایەتیی عەرەبی - کوردی هەڵدەتەکێنن و بە خراپترینی لێکەوتەکان، هەڕەشە لە یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق دەکەن. بۆیە بە ناچاری دەبێت دڵسۆزانی یەکێتیی عەرەبی - کوردی، بەتوندی بەرەنگاریان ببنەوە. پارتی لەم بوارەدا بە ئەرکی خۆی هەستاوە، کاتێک لە یەک کاتدا دژی تێکەڵکاری و جودابیخوازییە و بانگەشە بۆ یەکبوونێکی خۆویستانەی برایانەی هەردوو گەلی عەرەب و کوردیش دەکات.

ئیتر ڕۆڵێکی ترسناک دەمێنێتەوە، کە لێکەوتەی گێڕانی دەکەوێتە ئەستۆی ئازادیخوازانی عەرەب و چاکەکانیان، ئەوانەی خەم لە برایەتییان لەگەڵ برا کوردەکانیان دەخۆن.

ئازادیخوازانی عەرەبیش ڕۆڵی خۆیان بەتەواوی ناگێڕن، ئەگەر بەتوندی دژایەتیی بیری تێکەڵکاری و پێوەلکاندن نەکەن و لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیشدا تێنەکۆشن.

لێکەوتەکانی بەرەنگاربوونەوەی جودابیخوازی بەشێوەی سەرەکی و بە پلەی یەکەم، دەکەوێتە ئەستۆی پێشکەوتنخوازو هۆشیارانی کورد، وەک چۆن بەرپرسیارێتیی بەرەنگاربوونەوەی تێکەڵکاری، بە شێوەی سەرەکی، دەکەوێتە ئەستۆی پێشکەوتنخوازانی عەرەب.

## پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەب

برایەتیی عەرەبی - کوردی ڕیشەی مێژوویی درێژمەودای هەیە. ئەوەتا بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و پەیوەستییە نیشتمانی و ئاینییەکان و یەکبوونی دوژمن و نەهامەتییەکان، هەردوو گەلی عەرەب و کورد لێک نزیک دەکەنەوە، پەیوەندییەکانیان پتەو و توندوتۆڵ دەکەنەوە، ئەرکی یەکخستنی هێزەکان و ئاڵوگۆڕی یارمەتی لە تێکۆشان دژی کۆڵۆنیالیزم و زەوتکارانی مافی هەردوو گەل و لە پێناو مافە نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکاندا، دەخەنە ئەستۆی پێشڕەو و ڕۆڵەکانی هەردوو لایان. ئەوەشی جێبەجێکردنی وەها ئەرکێکی باڵا، ئاسان دەکات، بێگەردی و دووریی پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکانە لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا بەمڕۆمان دەگات لە دوژمنایەتی و ناکۆکی و زاڵبوونی مۆرکی برایەتی و پشتیوانی و هەستی دۆستانە بەرامبەر یەکتری بە جۆرێک، کە هەردوو گەلی عەرەب و کورد، لە سەرەتای ئیسلامەتییانەوە، خۆشی و ناخۆشییان هاوبەشە و هەستی برایەتییان پتەوتر دەبێت، تا گەشتووەتە ئەوەی کوردێک هەمان هەستی عەرەبێکی هەبێت لەو نەهامەتی و دەستدرێژی و خۆشی و ناخۆشییانەی بەسەریدا دێن، هەروەک بە جۆرێک کە گەلی کورد هەموو سەرکەوتنێکی گەلی عەرەب بە سەرکەوتنی خۆی بزانێت.

بەم باوەڕە ڕاستگۆیانەی خۆیەوە، کە پارتی لەسەر زاری سکرتێرەکەیەوە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٩٢ لە ٢٥ - ٢ - ١٩٦٠ دەریبڕی، پارتی درێژەی بە جێبەجێکردنی پەیمان و پرۆگرامی خۆی دا، کە هەمیشە باوەڕی حیزبیان لە بارەی پێویستیی توندوتۆڵکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و پتەوکردنی خەباتی هاوبەشی هەردوو گەل و ئاڵوگۆڕی یارمەتیی نێوانیان و هەڵوێستی هەمیشەیی حیزب لە هەموو دۆزی ڕزگاریخوازیی عەرەب لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیش، لە سووریا و لوبنان و میسر و سودان و جەزائیر، لە باشووری عەرەبیش لە یەمەن و عومان، دووپات دەکردەوە.

پارتی هەر لە دروستبوونییەوە، پشتیوانیی گەلی کوردی بۆ تێکۆشانی گەلی عەرەب

لە پێناو سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسی لە هەموو ناوچەکانیدا، دەربڕیوە و شان بە شانی سەرجەم حیزبە نیشتمانییە عێراقییەکان بۆ پاڵپشتیی تێکۆشانی عەرەب لە ناوچە جیاوازەکانیان، تێکۆشاوە. خوێنی کوردی عێراقی لەگەڵ خوێنی عەرەبی عێراقی، لە جەنگی فەلەستین لە ١٩٤٨ و بۆ بەرگریکردن لە عەرەبێتیی فەلەستین، ڕژاوە.

کاتێک سووریا لە ساڵانی ١٩٥٦ - ١٩٥٧دا ڕووبەڕووی فشاری عێراق و تورکیا و کۆڵۆنیالیزم بووەوە، پارتی پشتی خەباتیانی گرت دژی دیکتاتۆرییەت و هەردەم بانگەوازی بەرگریی لە بوونیانی دەکرد، وەک چۆن دژی فەرمانڕەوایانی عێراقیش وەستایەوە، کاتێک پیلانیان دژی سووریای ڕزگارکراو دەگێڕا.

لە سەروەختی دەستدرێژییە سێقۆڵییەکەشدا بۆ سەر میسر، گەلی کورد شان بە شانی گەلی عەرەبی عێراق، پشتی میسریان گرت و ڕۆڵەکانی هەردوکیان خۆپیشاندان و پشێوییان دژی دەستدرێژییەکە و بۆ پشتیوانیی میسری عەرەبیی ڕزگارکراو، ڕێکخست. ژمارەیەک سەرکردەی حیزب، ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل و دەیان ئەندامی تری حیزب، بە تۆمەتی پشتگیریی میسر و تێکۆشان دژی حکوومەتی عێراقی، دادگایی کران و خۆڕاگرانە بە ڕووی دادگاکانی عێراقدا وەستانەوە، کە ژمارەیەک حوکمی زۆر ناڕەوای لە دژیان دەرکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستانمان پشتیوانیی هاوکاریی عەرەبیی کرد و داوای لە حوکمڕانیی نیشتمانیی عێراقیش کرد، کە بیکات بە ڕاستییەکی بەرجەستە. لێرەدا چەند بڕگەیەک لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٩٨ی ١ی ١ی ١٩٦١ دەگوازینەوە، بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە گەلی کورد، لە خۆشی و ناخۆشیدا خۆی بە هاوبەشی عەرەب دەزانێت، هەموو سەرکەوتنێکی نەتەوەی عەرەبیش بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێت؛ هەمان ئەو گەلە، بە هەمان شێوە و ڕادەی خودی عەرەب، هەست بە دڵخۆشی و ئازارەکانیان دەکات.

بۆیە هاوکاریی عەرەبی دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی و زایۆنیزم و لە پێناو بەدیهێنانی هەموو ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەی عەرەبی شکۆداردا، پێویستییەکی نەتەوەییە کە گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە، لەسەری کۆکن.

خەبات بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "پارتی دیموکراتی کوردستانمان پشتیوانی و

پاڵپشتیی نەتەوەی کوردی بۆ هاوکاریی عەرەبی، لە پەیڕەوی خۆی و ئەو ڕاپۆرتەشدا دەربڕیوە، کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری حیزب، دایە کۆنگرەی پێنجەمی پارتی، جگە لە چەندان وتار کە ڕۆژنامەی حیزب - خەبات - بڵاوی کردوونەتەوە. هەرچی دەربارەی یەکبوون یان یەکێتیی گەلانی عەرەبییە، پارتی هەردەم پشتیوانیی خۆی بۆ تێکۆشانی عەرەب لە پێناو ڕزگاری و دیموکراسی و یەکێتیدا، دەربڕیوە. بۆچوونی حیزبیشی دەربارەی پەیوەستیی ئۆرگانیکیی توندوتۆڵی ئەو بیرۆکانە پێکەوە، لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەی لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە بەیروت بەستی، بەیان کرد.

ئەو کاتەشی ناکۆکیی هێزە عەرەبییە جیاوازەکانی عێراق لەسەر یەکێتی و یەکبوون، توندتر بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی یاداشتی ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٥٨ەوە، کە دایە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەشی، قاسم و عەقید عارف، هەڵوێستی خۆی دەربڕی:

"پرسی یەکگرتن یان یەکبوون، پێش هەر شتێک لە دوو لایەنەوە بۆمان گرنگە. یەکەم، پلەی بەشداریی لە پاراستن و بەدیهێنانی ئامانجە هەنووکەیی و دوورەکان، کە سەرلەبەری گەلی عێراق لە پێناویاندا تێکۆشاون و بەردەوامیش هێشتا تێدەکۆشن. دووەم، پلەی بەشداریی لە پاراستن و بەدیهێنانی بنەمای هاوبەشێتی لە نیشتمان و پلەی بەرفراوانکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، کە لە دەستووری کۆماری عێراقدا ددانیان پێدا نراوە.

جگە لەو دوو لایەنە گشتییە، وەک پرەنسیپ پێمان وایە، پرسی یەکگرتن یان یەکبوون بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە گەلی عەرەبەوە، چونکە بەشێکن لە مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی برامان، ئەو مافە ڕەها و مەزنەی لائیحە یان چارتەری مافەکانی مرۆڤی هەموو گەلانی جیهان، ددانی پێدا ناوە و دواتریش گەلانی ئاسیایی و ئەفریقایی لە کۆنفرانسی باندۆنگ جەختیان لەسەر کردەوە و گەلی کوردیش وەک بەڵگەنامەی یاسایی تەماشای دەکات لە تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی خۆیدا. هەروەها گەلی عەرەب ئازادە لەوەدا، کە بە چ جۆرێک پەیوەندیی نێوان پارچەکانی نیشتمانی عەرەبیی پارچە پارچەکراو ڕێکدەخات. ئەمە بە شێوەیەکی مەبدەئیی ڕەها. دەربارەی حاڵەتی عێراقیش، پێشتر ئەو دوو لایەنەمان ڕوون کردەوە، کە لەم پرسەدا بۆمان گرنگن و ناشتوانین دەستبەرداریان

ببین. بۆ بەدیهێنانی لایەنی یەکەم، کە بریتییە لە پاراستنی ئەو ئامانجە دوورمەودا و هەنووکەییانەی گەلی عێراق لە پێناویاندا تێکۆشاوە، بە مەبەستی خێراکردنی تێکۆشانیش لە پێناویاندا، پێمان وایە ڕێی ڕاست ئەوەیە، کە پەلە نەکرێت لە هەڵگرتنی هیچکام لە هەنگاوی یەکگرتن یان یەکبوون، پێش ئەوەی بەباشی وەک پێویست شی بکرێتەوە و تاووتوێ بکرێت، یان پێش تەواوکردنی هەنگاوە پێویستە بەراییە زۆر و گرنگەکان و پیش گەڕانەوە بۆ گەلی عێراق لە پرسەکەدا، بەتایبەت کە کەشی نێودەوڵەتی و عەرەبی و عێراقی، هاوکارن بۆ پێدانی بواری پێویست بە وەها لەسەرخۆیی و پلەبەندییەک، هەروەها بە مەبەستی تەواوکردنی ئامادەکارییە پێویستەکان بە شێوەیەکی دروست و بەدەر لە هەردوو توخمی سەرپێیی و غافڵگیریی.

ئەو قەوارەیەی دروست دەکرێت، بە سروشتی حاڵ پێکهاتەیەک دەبێت تایبەت بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زۆرینە عەرەبییەشی دروست دەبێت، کوردانی ژیاو لە سایەی وەها دەوڵەتێکدا ژمارەیان هەر زۆر دادەبەزێت. ئەوەش وا دەکات کوردان زیاتر دەست بە مافە نەتەوەییەکانیانەوە بگرن و زیاتر عاتیفی و هەستیار بن لە ڕوانین لە هەر شتێک، کە بە جۆرێک پەیوەندیی بەو مافانەوە هەبێت، هەرچەندە دووریش بێت. ئەوجا هەرچی کار و ڕەفتاری پێکهاتە دروستکراوەکەش هەیە، بەو ئەقڵییەتە و لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونیاندا دەخوێننەوە، بەتایبەت کە ئەزموونەکانیان لەگەڵ تورکانی نێو بزووتنەوەی کەمالیزم و فارسەکانیش لە چەندان بۆنەدا، چەندان وانەی سەختی داداون. ئەو حاڵەتەش وا دەکات کە بچووکترین هەڵەی بەرپرسەکان لە پەیوەندیی بە مافەکانی نەتەوەی کوردەوە، ئەنجامی کوشندەی هەبێت.

هەر هەنگاوێکی نەتەوەی عەرەب بەرەو ئامانجەکانی، دەبێت هاوکات بێت بە فراوانکردنی زیاتری مافەکانی نەتەوەی کورد و هەنگاوێکی تریش بەرەو ئامانجەکانی. لارییشمان نییە گەر هەنگاوی هەردوو نەتەوە، لەگەڵ پێگە و دۆخی خۆیاندا بگونجێت. بۆ ئەوەشی ئەو ڕێسایە جێبەجێ بکرێت، پێشنیازی ئەمەی خوارەوە دەکەین:

یەکەم: لە حاڵەتێکدا عێراق ویستی بچێتە یەکێتییەکی فیدراڵەوە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییە ڕزگاربووەکاندا، دەبێت ددان بنرێت بە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە

چوارچێوەی یەکێتیی عێراقییدا.

دووەم: ئەگەر عێراق ویستی بچێتە یەکێتییەکەوە لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا، دەبێت ئەوە بۆ نەتەوەی کورد لە عێراقدا مسۆگەر بکرێت، کە کوردستان ئەندامێکی فیدراڵی بێت لە چوارچێوەی پێکهاتە نوێیەکەدا".

ئەوە هەڵوێستە زانستییەکەی پارتییە، کە ڕووداو و ڕۆژگار ڕاستی و دروستییان سەلماندووە. کۆمیتەی ناوەندیی پارتییش لە کۆبوونەوەی ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٦٢ لە ئەشکەوتی (مالوومە)ی لیوای سلێمانییدا، بڕیاری درێژەدانی بە هەمان هەڵوێست و جەختکردنەوە لێی لە دۆخی پاش شۆڕشی نیشتمانیی کوردان دژی قاسم دەرکرد.

حیزب پشتیوانیی خەباتی جەزائیری کرد لە پێناو ئازادییدا. گەلی کورد لە هەموو کۆمەکەکاندا و خوێندکارانی کوردیش لە مانگرتن و خۆپیشاندانی خوێندنگە و کۆلێجەکاندا بەشدار بوون بۆ پشتیوانیی تێکۆشانی نیشتمانیی جەزائیر. لەو گردبوونەوە جەماوەرییە گەورەیەی، کە بەغدا ساڵی ١٩٥٩ ڕێکیخست، وەک هاوخەمییەک لەگەڵ گەلی جەزائیریدا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وتاری حیزبی خوێندەوە و پشتیوانیی خۆیانی بۆ تێکۆشانی گەلی جەزائیری ڕاگەیاند و هاوخەمیی موتڵەقی گەلی کوردی لەگەڵ ئەو گەلەدا دەربڕی.

ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزب، پشتی تێکۆشانی ڕزگاریی عەرەبی گرتووە لە یەمەن و باشووری عەرەبیی داگیرکراو و عومان و هەموو وڵاتی عەرەبییان.

لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆتایی ئازاری ١٩٦٧دا، حیزب لە بارەی بابەتی یەکێتیی عەرەبییەوە، ئەم دەقەی خوارەوەی لە بڕگەی ٢٢ی مادەی ٦ی پرۆگرامی خۆیدا، جێگیر کرد:

"پارتی پشتیوانی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەبە دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی لە هەموو پارچەکانی نیشتمانە گەورەکەی و لە پێناو مافی چارەی خۆ نووسین و دەستنیشانکردنی شێوەی یەکخستنی پارچەکانی بەپێی ئارەزوو و بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب، لەگەڵ ڕەچاوکردن و مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا".

لەو دەقەی سەرەوەوە، ئەم ڕاستییانەی خوارەوە دەبینین:

١- پشتیوانیی پارتی بۆ تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزی.

٢- پشتیوانیی پارتی بۆ تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب لە پێناو یەکێتیی عەرەبی بەو شێوەیەی، کە کۆمەلانی خەڵکی عەرەب بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئارەزووی دەکەن. واتە پارتی پشتی یەکێتییەکی عەرەبیی کۆنەپارێز ناگرێت، یەکێتیی هاشمی بۆ نموونە، بەڵکو پشتی یەکێتییەکی عەرەبی دەگرێت، کە بەرژەوەندییەکانی کۆمەلانی خەڵک و ئارەزووەکانیان بەدیبهێنێت، لەوێشەوە و وەک بەشێک لە مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەی عەرەب، خزمەتی دۆزی تێکۆشانی دژی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپارێزی بکات.

٣- پارتی داواکارە یەکێتیی عەرەبی، مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد مسۆگەر بکات.

بەو شێوەیە، هەڵوێستی برایانەی دۆستانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەمبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی، دەردەکەوێت. بێگومان وەها هەڵوێستێکیش پشکدارە لە پتەوکردنی یەکبوونی نیشتمانی و خەبات لە نێوان عەرەب و کورددا، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر ئەو یەکبوونە پتەو بکرێت، دەبێت هەڵوێستێکی هاوشێوە لە نیشتمانپەروەرە عەرەبەکانەوە ببینرێت.

بەبێ وەها هەڵوێستێک، ناکرێت ئەم هەڵوێستەی حیزب تا سەر هەمان ئەو کاریگەرییە قووڵەی لەسەر جەماوەری کورد هەبێت. وەها هەڵوێستێکی عەرەب لە هەمبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، بۆ پتەوکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکبوونی نیشتمانی، پێویستە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە ٤٢١ی ٢ی شوباتی ١٩٦١دا سەروتارێکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی بڵاو کردووەتەوە، کە بەسوودە ئەگەر لە خوارەوە دەقەکەی دابنێین:

## پتەوکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی
## پێویستیی بە پشتیوانیی عەرەبە بۆ دۆزەکانی گەلی کورد

**دەقی سەروتاری ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە ٤٢١ی ١٩٦١/٢/٢ لە ژێر ناونیشانی سەرەوەدا، کە لەلایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوە:**

پەیوەندییە مێژوویی و ئاینییەکان، بوونی کوردان شان بە شانی عەرەب لە سایەی

کۆماری عێراقیدا، کۆماری عەرەب و کورد و لە هەرێمەکەی باکوور لە سایەی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو و یەکبوونی دوژمنان و بەرژەوەندی و ئازار و ئومێدەکانیان، هەردوو گەلی برا بۆ لای یەکتر کێش دەکەن و بۆ ئەوەشی خواستی نەتەوەیی ڕەوا و ژیانێکی شکۆمەندانە بەدیبهێنن، ئەرکی یەکخستنی تێکۆشان و ڕێکخستنی خەباتی هاوبەش دژی کۆلۆنیالیست و زەوتکارانی وڵاتەکانیان، دەخەنە ئەستۆی ڕۆڵەکانیان. ئەوەشی وەها ئەرکێک ئاسان دەکات، بێگەردیی پەیوەندییە کوردی و عەرەبییەکان و دوورییانە لە دوژمنکاری و ناکۆکیی خوێناوی، هەبوونی مۆرکی دۆستانە و برایانە و پشتگرتنە لەو کاتەوەی کە زۆر پێش ئێستا بەر یەکتر کەوتوون. خوێنی هەردوو گەل بە درێژایی سەردەمەکان و لە پێناو بەرگری لە نموونە باڵاکانیان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و دژی هێرشکەرە داگیرکارەکان، تێکەڵ بووە. کاتی کەوتنە ژێر هەژموونی عوسمانی و پاشان کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوایی، عەرەب و کورد لە تێکۆشان دژی داگیرکەر و کۆلۆنیالیستەکان لە پێناو ئازادی و مافی چارەی خۆ نووسینیاندا، بەردەوام بوون. پەیوەندییەکانی عەرەب و کوردیش لەو سەردەمە جیاوازانەدا، لەوپەڕی دۆستایەتی و برایەتیدا بوو. زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕێنسانسی فیکری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبیدا، بەشدار بوون. کاتێکیش دۆخی ئەو بزووتنەوەیە لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە لار بوو، گەلی کورد لە زاری پێشڕەوە دیموکراتییە شۆڕشگێڕەکانیەوە، پشتیوانیی ڕەهای خۆی بۆ تێکۆشانی عەرەب دژی کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم و لە پێناو بەدیهێنانی سەرجەم ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانیاندا دەربڕی. سروشتییە لە وەها حاڵەتێکدا، کوردان چاوەڕێی یارمەتی و پشتیوانیی برایانی عەرەبیان بن بۆ دۆزە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەشدا. کوردان لەو داوایەیاندا لە برا عەرەبەکانیان، کە پشتیوانی دۆزەکانیان بن، تەنیا پشت بە بەڵگەنامەی مێژوویی نەمر، بەڵگەنامەی برایەتیی عەرەبی - کوردیی نووسراو بە خوێنی تێکەڵبووی شەهیدەکانیان و ڕاستێنراو بە پەیوەستی و پەیوەندییە مێژوویی و نیشتمانی و ئایینییەکان، نابەستێت. بەڵکو لە لایەکی تریشەوە پشتیوانیی عەرەب بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد و دۆزەکانی، ڕۆڵێکی زەق و بایەخدار دەگێڕێت لە پتەوکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و چەسپاندنی سەرجەم پایەکانیدا.

چونکە کاتێک کوردەکان دەبینن، کە برایانی عەرەبیان پشتیوانی دۆزە ڕەواکانیانن و پاڵپشتیی داواکارییە ڕەواکانیانن، زیاتر بە برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکبوونی نیشتمانییەوە، پەیوەست دەبن و لە پاشەڕۆژی پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکانیش، دڵنیا دەبنەوە. نەک تەنیا لەسەر ئاستی کۆماری عێراقی و کۆماری یەکگرتووی عەرەبیی، بەڵکو لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبیی گەورە و هەموو کوردستانیش، واتە لە نێوان هەموو نەتەوەی عەرەب و کوردیشدا. ئەوەش پەیوەندییەکانیان پتەوتر دەکات و ڕێگەی هەموو بانگەشەیەکی کۆلۆنیالیستی یان باڵباڵێنیش دەبڕێت، کە بە مەبەستی دروستکردنی ناکۆکی و ماڵجیایی لە نێوان هەردوو گەلی برای عەرەب و کورددا ئاڕاستە دەکرێن. ئەوە جگە لەوەی پشتگیریی عەرەب بۆ تێکۆشانی گەلی کورد دژی هەژموونی کۆلۆنیالیستی و کۆنەپارێزی و دژی سیاسەتی سەرکوتکاری و تێکەڵکاری، لە پێناو مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانییەتی لە هەردوو پارچەی کوردستانی سەر بە تورکیا و ئێراندا. وەک چۆن پاڵپشتییە بۆ دۆزی ئازادی، چونکە گەلانی عەرەب، کە بۆ سەرخستنی دۆزی ئازادی لە هەموو لایەکی جیهان، تەنانەت گەر لە دووریی هەزاران کیلۆمەتریشەوە بێت، پڕ دەدەنە خۆیان، ناکرێت سەرخستنی دۆزی گەلی کوردی برا بچووکی خۆیان، کە لەگەڵیان دەژی و لە بندەستیاندایە، پشتگوێ بخەن. پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەرگریکردن لە ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی نیشتمانی و تێکۆشان لەو پێناوە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، بگرە لە سەرانسەری جیهاندا، بە تێکۆشان لە پێناو مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورددا دادەنێت، زۆری پێ خۆش دەبێت گەر ببینێت برایانی عەرەب، بایەخ بە دۆزی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی ڕەوای گەلی کورد دەدەن، بەو پێیەی بەشێکی دانەبڕاوە لە تێکۆشانی گشتی لە پێناو سەربەخۆیی نیشتمانی و ئازادی و دیموکراسیدا.

سەرباری ئەوەی ڕابورد، هێندەی پەیوەندیی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراق و مافە کولتوورییەکانی کورد لە سووریاوە هەیە، ڕاستییەک هەیە نابێت لەبیرمان بچێت، چونکە سەرئێشەی زۆرمان لەکۆڵ دەکاتەوە و زۆر بەربەستیش لە ڕێگەی تێکۆشانمان لە پێناو ژیانێکی ئازادی دڵخۆشکەردا، لادەبات، ئەویش ئەوەیە وەک چۆن پێویستە تێکۆشەرانی کورد باوەڕیان بە پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان مافە نەتەوەییەکانی گەلی

کورد و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و دیموکراسی بەتایبەت لەو دەوڵەتانەی حوکمی کوردستان دەکەن و بەگشتییش لە دەوڵەتانی ناوچەکە هەموویدا، هەبێت، دەبێت سەرکردەکانی ئەو گەلە ڕزگاریخوازانە و تێکۆشەرانیشیان بزانن، کە بەبێ ئەوەی گەلی کورد مافە نەتەوەییەکانی وەربگرێت و پێڕەوییان لێ بکات، ئازادی و دیموکراسی لە ناوچەکەدا سەرناکەون.

لە کۆتاییدا پارتی دیموکراتی کوردستان، هەمیشە پشتیوانیی دۆزە عەرەبییە ڕەواکانی کردووە و دەشیکات و پشتی هاریکاریی عەرەبییشی گرتووە، کە هاریکاریی نێوان کۆماری عێراقی و کۆماری یەکگرتووی عەرەبیی، بەردی بناغەکەیەتی. هەردەم لەگەڵ حیزب و دەستە و ڕێکخراوە عەرەبییەکانیشدا بووە، لە ڕووی ناوخۆییەوە داوای پشتگیریی پێدانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی بە کورد و لە دەرەوەشدا پاڵپشتیی دۆزەکەیان و یارمەتیدانیان لە بوار و ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، کردووە، وەک پتەوکردنێکی برایەتیی نیشتمانی و برایەتیی عەرەبی - کوردی و وەک ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەشیان لە هەمبەر گەلی کوردی برای بەوەفای دڵسۆزی گەلی عەرەبی شکۆداردا، وەک شاعیرە عەرەبەکە گوتوویەتی:

**نە ئەسپ هەیە بیبەخشیت، نە ماڵ**

**با زوانت خۆش بێت، مادام گەنە حاڵ[١٨٨]**

شاندی کوردیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی کۆیسنجەق بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی، کە هەریەکە لە پارتی و سەرکردەکانی پێشمەرگە و بارزانییەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان، نوێنەریان تێدا هەبوو، کاتێک لە بەغدا بوون لە بەهاری ١٩٦٣دا بە مەبەستی دانوستان لەگەڵ حکوومەت سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی سێقوڵیی پێشنیازکراوی نێوان میسر و سووریا و عێراقدا، جەختی لەو مافانەی پێشوو کردەوە. لە سەروەختی تاووتوێی یەکێتیی سێقۆڵیدا لە قاهیرە، شاندی کوردی لە ٨ی نیسانی ١٩٦٣دا نامەیەکی دا بە نوێنەرانی حکوومەتەکانی میسر و سووریا و عێراق، کە بەسوودە لە خوارەوە دەقەکەی دانێینەوە:

١٨٨- لە دەڤەری گەرمیان، گەن واتە خراپ. وەرگێڕ.

## یاداشتی شاندی کوردی

**بۆ بەڕێزان، سەرۆک و ئەندامانی شاندی عێراقی لە دانوستانەکانی قاهیرە**

**(وێنەیەک بۆ سەرۆک و ئەندامی هەموو شاندەکانی کۆبوونەوەکە)**

بە بۆنەی ئامادەبوونتان لە کۆبوونەوەکانی قاهیرەی نێوان نوێنەری کۆماری عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبیی و کۆماری عەرەبیی سووری و بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی تاوتوێکردنەکان لە کاتی کۆبوونەوەکان و ئاسەواری گشتییان بۆ سەر گەلی عێراق، بە گەلی کوردیشەوە، کە دۆخ و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە وەک ئەندامانی شاندی کوردیی ڕێگەپێدراو بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی لە بارەی ڕەخساندنی دۆخ تا گەلی کورد لەسەر بنەمای ناناوەندێتی، پێڕەوی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات، بە ئەرکی خۆمانمان زانیوە، کە بۆچوون و هەڵوێستی گەلی کورد لە بارەی شێوەی پەیوەندیی گریمانەکراوی نێوان عێراق و دەوڵەتێک یان دەوڵەتانێکی عەرەبی، بە شاندی عێراقیی بەڕێز بگەیەنین بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی لەو بارەیەوە دەدرێن، لەگەڵ سروشت و پێگەی گەلی کورد لە عێراقدا، بگونجێن و لە هەر جۆرە لێکدژییەک لەگەڵ مافە نەتەوەییەکانیدا، دوور بن:

یەکەم: سەرەتا دەڵێین، سروشتی گشتگیریی گفتوگۆکانی قاهیرە وا دەخوازێت، کەوا گەلی کورد بە جۆرێک نوێنەری تێدا هەبێت، چونکە هەر بڕیارێکی دەربارەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرسێ کۆمارەکەی تێدا دەدرێت، کاریگەریی بۆ سەر گەلی کورد و مافەکانی لە کۆماری عێراقیشدا دەبێت. بە باوەڕی ئێمەش، ئەو کاریگەرییە درێژ دەبێتەوە سەر بابەتی ناناوەندێتییش (ناسەنتراڵی)، وەک ئەوەی لە سیاقی ئەم یاداشتەدا بۆتان ڕوون دەبێتەوە.

دووەم: پێتان ڕادەگەیەنین کە گەلی کورد، هیچ ڕۆژێک دژی ویستی گەلی عەرەبی نەبووە لە ڕووی جۆری پەیوەندیی نێوان بەش و حکوومەتەکانیەوە. جێی شانازییشە بۆ گەلی کورد، کە هەلێکی بۆ ڕەخساوە کە شەرەفی ئاسانکاریی هەر بارگرانییەکی پێ ببڕێت لە

بواری ئەو پەیوەندییەی کە دەخوازرێت چێبکرێت لە نێوان بەشەکانی نیشتمانی عەرەبی بەگشتی و وڵاتە عەرەبییە ڕزگاربووەکان بەتایبەتی سا ئەو پەیوەندییە و مەوداکەی هەرچی جۆرێک بن.

سێیەم: بۆ خۆلادان لە هەر کێشەیەک لە داهاتوودا، بۆ نەهێشتنی هەر دژیەکییەک لە نێوان بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی قاهیرە و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا، لە خوارەوە بەکورتی بۆچوونی کوردتان پێ ڕادەگەیەنین، کە لە سروشتی بوون و پێگەکەی لە عێراق و لە ڕێی خەبات و ئەزموونی بە درێژایی مێژوو دەربارەی چۆنێتیی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی خۆی و گەلی عەرەبی لە بارە جیاوازەکاندا، دروست بووە:

ئا- ئەگەر عێراق بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە قەوارەکەیدا مایەوە، داواکاریی گەلی کورد لە عێراقدا بریتی دەبێت لە جێبەجێکردنی بەیاننامەی کۆماری عێراقی لە بارەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای ناناوەندێتی.

بێ- ئەگەر عێراق ببێتە بەشێک لە یەکێتییەکی فیدراڵ، دەبێت ئۆتۆنۆمی، بە مانا ناسراوەکەی و بەبێ ڕاڤەکردن و تەسککردنەوە، بە گەلی کورد لە عێراقدا بدرێت.

جیم- ئەگەر عێراق لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی عەرەبیی تردا، یەک بگرێت، گەلی کورد لە عێراق هەرێمێکی دەبێت کە پەیوەست بێت بە دەوڵەتە یەکگرتووەکەوە و بە جۆرێک بێت، کە مەبەست لە پاراستنی بەدیبهێنێت. لە هەمان کاتیشدا، جیابوونەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان هەردوو گەلی برا بەرەو داهاتوویەکی باشتر، مسۆگەر بکات.

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا ...**

**سەرۆکی شاندی کوردی**

**جەلال تاڵەبانی**

لەوانەی باس کران دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەڵوێستی گەلی کورد و پێشڕەوەکەی، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی، هەڵوێستێکی

دۆستانەی برایانەیە، هەڵوێستی پشتگیری و پشتیوانییە بەگشتی و لە ڕووی پرەنسیپەوە.

بەڵام لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبیدا، بە تەنیشت پێشکەوتنخوازی و سروشتی دژایەتیی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزیی، دیوێکی شۆڤینیی بەرامبەر نەتەوەی کوردیش هەیە. بە دەربڕینێکی وردتر، لە پاڵ ئاڕاستە و ڕەوتە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکاندا، ڕەوتێکی نەتەوەیی شۆڤینی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبیدا هەیە. نەتەوەپەرستێکی عەرەب، هەڵوێستی شۆڤینیی خۆی ئاشکرا دەکات، کاتێک دەڵێت:

"ڕێسای نەتەوەیی دەڵێت، کە سنووری باکووری عەرەب، زنجیرە چیای تۆرۆسە، خاکی باشووری ئەو زنجیرەیە، کە چەندین نەتەوە تێیدا نیشتەجێن، خاکی عەرەبە و ئەمانەش کەمینەن لە نیشتمانی عەرەبدا و ئەگەر هات و هەر گرفت و سەرئێشەیەک بۆ نەتەوەی عەرەب دروست بکەن، دەکرێت بگوێزرێنەوە بۆ پشتی ئەو سنوورە".

واتە گەلی کورد کە هەزاران ساڵە تێیدا نیشتەجێیە، لە چاوی ئەو نووسەرەوە وەک کەمینە لە نیشتمانی عەرەبدا مامەڵە دەکرێن، کە دەکرێت لە کوردستانەکەیان دەربکرێن و بەرەو ئەودیوی سنوور، بگوێزرینەوە.

دەربارەی ئەو گرووپە شۆڤینییانە، خەبات لە سەروتاری ژمارە ٢٤٥ی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٠دا دەڵێت:

"گرووپە توندئاژۆکانی بانگخوازانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، دروشمی زۆر کۆنەپەرستانەیان لە هەمبەر نەتەوەی کورد هەڵگرتووە، وەک ئەوەی لە ڕێگەی فێڵی فراوانکردنی چەمکی نەتەوەی عەرەبییەوە، وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەبیان لەقەڵەم داوە. واتە گرتنەبەری هەڵوێستی نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەی کورد و کارکردن لەسەر تواندنەوە و تێکەڵکردنی، وەک ئەوەی کۆڵۆنیالیستە فاشیستە تۆرانییەکان بەو نەتەوانەی دەکەن، کە لە سایەی حوکمڕانییاندا دەناڵێنن. یان دروشمی ئەوەی نەتەوەی کورد، کەمینەیەکی نەتەوەییە و لەسەر زەویی خەڵکی تر دەژی". خەبات درێژەی داوەتێ و دەڵێت: "کاتێکیش دژی دیوی دوژمنکارانەی بزووتنەوەی هەندێک لە گرووپەکانی نەتەوەپەرستە عەرەبییەکان و دژی ڕەوتی فراوانخوازیی پێچەوانەی نەریتەکانی ئوممەی عەرەبیی شکۆدار و خەمخواردنی لەوەی هەموو گەلان مافە نەتەوەییەکانیان بەدەست بهێنن، وەستاینەوە، درکمان

بە پێویستیی ئەوە دەکرد، نەک تەنیا لەبەر پاراستنی مافەکانی کورد و شیکردنەوەی حەقیقەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەیان و هەڵتەکاندنی هەندێک بیرۆکەی هەڵە لە بارەیەوە، بەڵکو درکمان بە پێویستیی ئەوە بۆ خودی دۆزی عەرەبی و داهاتووی پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکانیش، کردبوو".

لە بارەی ئەو دیوە دوژمنکارییەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، خەبات لە ژمارە ٢١٧ی ١٥ی ئایاری ١٩٦٠دا نووسیویەتی:

"ئەو دیوە دوژمنکارەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، مەترسیی بێگومانی خۆی هەیە، نەک تەنیا بۆ سەر نەتەوەی کورد، بەڵکو بۆ خودی نەتەوەی عەرەبیش. چونکە لە لایەکەوە بەرگێکی کۆنەپارێزانەی کۆلۆنیالیستییانە بە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی دەدات، لە لایەکی تریشەوە پشتی بانگەشەکانی کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم دەگرێت دەربارەی ئەوەی پێی دەوترێت کۆلۆنیالیزمی عەرەبی و کەشی هەردوو نەتەوەی براش، ژەهراوی دەکات و کەلێنی زۆریشیان لە نێواندا دەخوڵقێنێت. ئەوەش خزمەتێکی مەزنە بە کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم، کە بۆ عەرەب لە بۆسەدان".

بۆیە دەبێت ئەو عەرەبانەی درکیان بە بایەخی برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق کردووە، بەرەنگاری ئەو دیوە دوژمنکارەی بانگخوازانی نەتەوەپەرستە ڕاستڕەوەکانی عەرەب ببنەوە، بەو پێیەی ئەو دیوە، پێچەوانەی کرۆکی پێشکەوتنخوازی و دژبەری کۆلۆنیالیزم و دوژمنکاریی کۆنەپارێزانەی نەتەوەپەرستیی عەرەبییە.

# پارتی و یەکبوونی نیشتمانی

مێژووی مرۆیی هێندەی پەیوەستە بەو نەتەوانەی لە سایەی یەک دەوڵەتدا دەژین، دوو جۆر پەیوەندیی سەرەکیی تێدایە، کە جۆری تری هاوشێوەیان لێ دەبێتەوە.

کۆنترینیان یەکبوونی بەزۆرە، کە بریتییە لە پێوەلکاندنێکی بەزۆری نەتەوەی دۆڕاو بە نەتەوەی سەردەستەوە لە دەوڵەتی براوەدا. ئەم یەکبوونە، جگە لەوەی بەزۆرە و پێوەلکاندنە، بەوەشدا دەناسرێتەوە، کە مافی نەتەوە مەحکوومەکان، بەو پێیەی نەتەوەی پلە دووە قووت دەدات و ڕووبەڕووی چەوسانەوەی نەتەوەیی یان جیاکاریی ئیتنیکییان دەکاتەوە. بۆیە وەها یەکێتییەک، لەسەر بنەمای ئارەزوو، هەڵبژاردن، یان یەکسانیی نێوان لایەنەکانی نابێت. نموونەی ئەو جۆرە دێرینە کۆنەپارێزە، ئیمپراتۆریاکانی عوسمانی و بەریتانی و فەرەنسی و ڕووسیی کۆنن.

بەڵام جۆری دووەم – کە نوێیە – بریتییە لە یەکێتیی خۆویستانەی برایانە لە نێوان ئەو نەتەوانەی کە ویستی ئازادی خۆیان بۆ ژیان لە سایەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا، دەردەبڕن. ئەم جۆرە یەکێتییە، بەدەر لەوەی خۆویستانەیە، بەوەشدا دەناسرێتەوە، کە یەکسانیی تەواوەتی لە نێوان لایەنەکانیدا بەرقەرار دەکات و بوونی نیشتمانیی هەموو نەتەوەیەکی بەشدار تێیدا، دەپارێزێت و مافە نەتەوەییەکانیشیان لە چوارچێوەی قەوارەی هاوبەشی ئەو دەوڵەتە یەکگرتووەدا، مسۆگەر دەکات، کە نوێنەرایەتییەکی دروست و ئازادانەی سەرجەم نەتەوەکانی دەکات. لە نموونەی وەها یەکێتییەکی خۆویستانەش، یەکێتیی سۆڤیێت و یەکێتیی سویسری و یوگۆسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا.

ئەم دوو جۆرە سەرەکییەی پەیوەندیی نێوان نەتەوە پێکەوەژیاوەکان لە سایەی یەک دەوڵەتدا، زۆر لێک جیاوازن، چ لە ڕووی پێکهاتن و چ لە ڕووی بنیاتیشەوە. جۆری یەکەم، ناچاری و پێوەلکاندنە، لە کاتێکدا جۆری دووەم، خۆویستانە و ئازادانەیە. لە یەکەمیاندا نەتەوەی گەورەتر یان پەرەسەندووتر، زاڵ دەبێت و نەتەوەکانی تریش بە ناوی ئەوەوە حوکم دەکەن، لە کاتێکدا لە جۆری دووەمدا نەتەوەکان یەکسانن و دەزگای

حوکمڕانیی نیشتمانیی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.

بنیاتی ئەو دەوڵەتەی کە لەسەر یەکێتیی خۆویستانە ڕاوەستاوە، پتەو و بەهێز دەبێت، ئەگەری گەشەکردن و گەشانەوەی بەبێ ناکۆکی، هەیە و یەکسانیی تەواو و ڕۆحی برایەتی و ئاڵوگۆڕی یارمەتی لە نێوان لایەنەکانیدا تێیدا باڵادەستە.

لەم دوو جۆرە سەرەکییەوە، جۆرەکانی تری جیاواز لە ڕوخسار بەڵام لێکچوو و هاوشێوە لە کرۆکدا، دەکەونەوە. ئێستاش با سەیری سروشتی یەکبوونی عێراقیی پاشایەتی بکەین، کە تا هەڵایسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ درێژەی کێشا.

## سروشتی یەکبوونی عێراقیی سەردەمی پاشایەتی

بێگومان یەکبوونی عێراقیی سەردەمی پاشایەتی، سەر بە یەک لە جۆرە سەرەکییەکانە. بەڵام ئەو جۆرە کامەیە؟ بە دەربڕینی تر، جۆری یەکبوونی عێراقی چییە؟ ئایا ناچارییە یان خۆویستانە؟

بە وردبوونەوە لە چۆنێتیی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقی لەسەر دەستی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی، سروشتی یەکبوونی عێراقیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. خۆ ئاشکرایە، حکوومەتی عێراقیی هەنووکە، پاش یەکەمین جەنگی جیهانی و لە ١٩٢٠، دروست بوو، بەبێ ئەوەی ناوچەی کوردستانی باشوور لەخۆ بگرێت، کە دانیشتووانەکەی سەرپشک کرابوون لە بەشداریکردن و نەکردن لە ڕاپرسیی هەڵبژاردنی میر فەیسەڵدا. ئەوەش بوو زۆرینەی گەلی کورد، بەشداریکردنیان ڕەتکردەوە.

بەپێی سەرچاوە ڕەسمییەکانی عێراق و بەریتانیا، چەند ناوچەیەکیش، لەوانە شاری کەرکووک و چەند پارچەیەکی کوردیی لیوای مووسڵ، ناچار بە بەشداری کران. دواتر کەرکووک، دژی هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ دەنگی دا و ناوچە کوردییەکەی تریش، جۆرێک لە ئۆتۆنۆمیی وەک مەرجی چوونەپاڵ، دانا. ئەوکات کوردستانی باشوور، لە پێناو حکوومەتێکی کوردیدا تێدەکۆشا، ئەو حکوومەتەش ساڵی ١٩٢٢ دامەزرا و هەردوو

حکوومەتی عێراقی و بەریتانی لە ١٩٢٢دا، ددانیان نا بە مافی کورد لە دامەزراندنیدا. بەڵام کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی لە ١٩٢٣دا هێرشە چەکدارییە گەورەکەی کردە سەر حکوومەتی کوردستان و شەڕیش تا ١٩٢٤ بەردەوام بوو کاتێک هێزەکانی بەریتانیا پایتەختی کوردستان – سلێمانییان – داگیر کرد و لکاندیان بە عێراقەوە.

لەو کاتەوە، وەک ئەوەی لە بەشێکی ڕابردووشدا باسم کرد، کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی ئەرکی لکاندنی کوردستانی باشووری بە حکوومەتی عێراقییەوە لەئەستۆگرتووە.

یەکبوونی عێراقیی پاشایەتی، یەکێتییەکی خۆویستانە نەبوو لەسەر بنەمای یەکسانیی تەواو لە ماف و ڕێزگرتنی قەوارە نەتەوەییە تایبەتەکانی عەرەب و کورد پێکەوە، چونکە گەلی کورد لە دەزگا ئیداری و شارەوانی و تەندروستییە تایبەتەکانی خۆی، هەروەها لە ئۆتۆنۆمییش، بێبەش بوو.

## یەکبوونی عێراقیی سەردەمی کۆماری

شۆڕشی ڕزگاریخوازیی ١٤ی تەمووز، کۆشکی ڕژێمی پاشایەتیی لایەنگری کۆڵۆنیالیزمی، هەژاند و ئەو بنچینە کۆنەپارێزانەشی هەڵتەکاند، کە یەکبوونی عێراقیی پاشایەتییان لەسەر بەند بوو؛ بنچینەی جەنگە کۆڵۆنیالیستییەکان، کە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردی بەیەکەوە بەستبوو، بنچینەی پەیوەندی و پەیوەستییە کۆنەپارێزییە دەرەبەگایەتییەکان، کە هەردوو نەتەوەکەی بە داوەکانی کۆیلایەتیی کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزییەوە بەستبووەوە. وەک چۆن شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بوونی نەتەوەی کورد و بنەمای هاوبەشێتیی نیشتمانی لە نێوان عەرەب و کورددا، پەسەند کرد و لە دەقی مادەی سێیەمی دەستووریشدا، ددانان بە مافە نەتەوەییەکانی کوردانی، پێویست کرد. سەرباری مانەوەی بنیاتی ئیداری و دەستووریی عێراق لەسەر بنچینە کۆنەکە، بەڵام کۆماری ١٤ی تەمووز چەند لایەنێکی گرنگی نیزامی کۆمەڵایەتیی عێراقیی گۆڕی، کە بەوەش کاری لە سروشتی یەکبوونی عێراقیی کرد. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، ڕۆژنامەگەریی سیاسیی کوردی، ڕێگەی پێدرا و پارتی دیموکراتی کوردستانیش

مۆڵەتی وەرگرت و بە شێوەیەکی نیمچە ئاشکرا ڕێگە بە چالاکییەکانی خوێندکار و لاوانی کوردیش درا.

بەو شێوەیە، یەکبوونی عێراقی، هاوشێوەی جاران، بە یەکبوونێکی ناچاریی کۆڵۆنیالیستی نەمایەوە، بەتایبەت کاتێک زۆرینەی گەلی کورد، بە توندی دەستیان بە کۆماری عێراقی و یەکبوونی نیشتمانیی عێراقییەوە گرت و هەروەها کاتێکیش بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پارتیی پێشڕەوی، جوداییخوازییان ڕەتکردەوە و بەرەنگاریشی بوونەوە.

بەڵام یەکبوونی عێراقی، بەهۆی بێبەشیی گەلی کوردەوە لە دەزگا ئیداری و کولتووری و سیاسییە نەتەوەییەکان، کە ڕێگە بۆ مومارەسەکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆش دەکەن، لە ڕووی ئیداری و دەستوورییەوە نەگۆڕا بە یەکێتییەکی برایانەی ڕاستەقینەی هەردوو نەتەوەکە. بۆ ئەوەشی یەکبوونی عێراقی بکرێتە یەکبوونێکی برایانەی پتەوی ڕاستگۆیانە و بەهێز، پارتی دروشمی داواکردنی جۆرێک لە ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا، بەرز کردووەتەوە.

## یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق

یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق، کە لە ئەنجامی خەباتی پێکەوەیی عەرەب و کورد دژی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپارێزییەوە دروست بووە، دژی یەکبوونی عێراقیی ناچارییە، کە دروستکراوی کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستییە.

یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق وا دەخوازێت، کە یەکبوونی عێراقی بگۆڕێت بە یەکێتییەکی خۆویستانەی هەردوو گەلی برای عەرەب و کورد، بۆ ئەوەی یەکبوونی ڕەسمی لەگەڵ کرۆکی یەکبوونی نیشتمانییدا بگونجێت. تێکۆشانی گەلی کورد بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ پتەوکردنی یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق، شان بە شانی تێکۆشانی بۆ گۆڕینی یەکبوونی عێراقی بۆ یەکێتییەکی خۆویستانەی پتەو وەک مەرجێکی مانەوەی ئەو یەکبوونە و بەهێزکردنیشی، بەردەوام دەبێت.

ئەی ئەوە چۆن دەبێت؟

بۆ بنیاتنانی یەکێتیی خۆویستانەی نێوان هەردوو گەلی برا، دەبێت ددان بنرێت بە حەقیقەتی بوونی هەردوو گەلی عەرەب و کورد و ئەوەشی کە لەسەر خاکی خۆیان دەژین. گەلی عەرەبی عێراق، بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، گەلی کوردی عێراقیش بەشێکە لە نەتەوەی کورد، بەڵام بەرژەوەندیی ئەو دوو گەلە برایە وا دەخوازێت، کە پێکەوە و لە سایەی یەک کۆماری دیموکراتیدا بژین، کۆماری عێراقی، کە دەبێت بەڕاستی دیموکراتی بێت.

نکۆڵیکردن لەو ڕاستییە مێژووییە، وا دەکات یەکبوونی خۆویستانەی هەردوو گەل، لە بەردەم هەڵوەشانەوەدا بێت. ڕاستە شۆڤێنییەکانی عەرەب، نکۆڵی لە بوونی گەلی کورد لە عێراقدا دەکەن، بەبێ ئەوەی وەها هەڵوێستێک ڕاستیی بوونەکەی بگۆڕێت، بەڵام هەندێک نەتەوەپەرستی تری عەرەبیش هەن، کە نکۆڵی لە بوونی گەلی کورد ناکەن.

بۆ هەندێک لە سۆشیالیستە عەرەبەکان، بەشێکی بەیانی حکوومەتی ڕووسیی سۆڤیێت دەهێنمەوە - مەرسومی ئاشتی - کە ڤلادیمیر لینین زۆر لێهاتووانە دەربارەی تێگەیشتنی زانستیی لکاندن، پێشەکیی بۆ نووسیوە.

لە بەیانەکەدا هاتووە[١٨٩] : "ئەگەر نەتەوەیەک بەزۆر لە سنووری دەوڵەتێکی دیاریکراودا هێڵرایەوە، ئەگەر سەرباری ئەو ئارەزووەی لە کەناڵی جیاوازەوە دەری بڕیوە - جا لە ڕێی ڕۆژنامەوە بێت، یان ئەنجومەنی میللی، بڕیارەکانی حیزب، شۆڕش و ڕاپەڕینی چەکداری دژی ستەمی نەتەوەیی، هەرچییەک بێت گرنگ نییە - پاش کشانەوەی تەواوەتیی سوپای نەتەوەی زەوتکار یان نەتەوەی بەهێزتر، مافی بڕیاردانی لە ڕێی دەنگدانی ئازادەوە بەگشتی پێ نەبەخشرا، واتە بەبێ فشاری پرسی بوونی سیاسیی، ئەوکات دانەپاڵی ئەو نەتەوەیە بە دەوڵەتەکەوە، دەبێتە لکاندن، واتە دەستبەسەرداگرتن یان زەوتکردن".

---

١٨٩- ڕۆژنامەی پراڤدا، ژمارە ١٧١، ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٧.

ڕۆژنامەی ئەزڤیستیا، ژمارە ٢٠٨، ٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٧.

ڤ. لینین، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە خۆرهەڵاتدا، چاپی عەرەبی و. ئیلیاس مەرقەس، خانەی دیمەشق، ل ١٤٨.

بەڕێز ئەحمەد فەوزی، کە نەتەوەییەکی عەرەبی عێراقییە، دەڵێت[١٩٠] : نەتەوەی عەرەب ددان بەوەدا دەنێت، کە گەلی کورد – ئەوەی لە سایەی باری ڕژێمە کۆنپارێزەکاندا دەناڵێنێت، ئەوەی ئامانجێکی پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییەکان بووە – یەکەیەکی وێکچووی خاوەن خەسڵەتی نەتەوەیی تەواوەتی پێکدەهێنێت، چونکە ئەو فاکتەرانەی بۆ نەتەوەی عەرەب، لواون و کردوویانە بە نەتەوەیەکی خاوەن خەسڵەتی نەتەوەیی تەواوەتی، هاوشێوەی ئەوانە یان زۆربەیان بۆ گەلی کوردیش بەردەستن.

گەلی کوردیش بە زمانی تایبەتی خۆی دەدوێت، مێژوویەکی هاوبەشیشی هەیە، زەوییەکی دیاریکراو و پێکهاتەیەکی دەروونیی هاوبەش و ئامانجی هاوبەشیشی هەیە.

بەیانی سیاسیی کۆنگرەی نەتەوەیی حەوتەمی حیزبی کرێکارانی شۆڕشگێڕی عەرەب، لەم بارەیەوە دەڵێت[١٩١] : "گەلی کورد نیشتەجێی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستە، لە تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا و قەوقازی سۆڤییێت، بە چاوپۆشین لە هەندێک لێکدانەوەی تیۆریی پەیوەست بە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوە، کوردەکان نەتەوەیەکی تایبەت بە خۆیانن، با هەندێک جیاوازییشیان لە شێوەزار و زماندا هەبێت، یان یەکبوونی ئابووری و توانای کامڵبوونی ئابووریشیان لە داهاتوویەکی نزیکدا نەبێت.

بە دەستپێک لەم ڕاستییەوە، هەر قسەیەک دەربارەی ئەوەی کورد بەشێکن لە عەرەب، تورک، یان ئێرانییەکان، هەوڵە بۆ نکۆڵیکردن لە واقیعێکی ڕاستەقینەی بەرجەستە. چونکە کورد نەتەوەن، هەست بە قەوارەی نەتەوەیی و خەسڵەتە نەتەوەییەکانیان دەکەیت". کە وایە، بوونی گەلی کورد لەسەر خاکی کوردستانی خۆی، تەنانەت بە ددانپێدانانی نەتەوەپەرستە عەرەبەکانیش، ڕاستییەکی واقیعییە.

ئاشکراشە کە گەلی کورد، وەک هەموو گەلانی تر، مافی نەتەوەیی ڕەوای هەیە، بە مافی چارەی خۆ نووسینیشەوە. ئەو مافەش، لە نێو کۆمەڵێک شتی تردا، مافی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان حکوومەتێکی خۆسەر لەخۆ دەگرێت.

١٩٠- هەمان سەرچاوەی پێشووتر. ل٦٣ لە کتێبی (قاسم و الاکراد: خناجر و جبال)، چاپی یەکەمی عەرەبی ١٩٦٢.

١٩١- بەیانی سیاسیی کۆنگرەی نەتەوەیی حەوتەم، حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستیی چەپڕەو، ل ١٥٢.

بەڵام بەرژەوەندیی گەلی کورد لەم دۆخە مێژووییەی ئێستادا، وا دەخوازێت، کە گەلی کورد مافی چارەی خۆ نووسین بۆ جیابوونەوە لە عێراق بەکار نەهێنێت، بەو پێیەی ئەوە دژبەری بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و گەلی عەرەب و هەموو بزووتنەوە دیموکراتییەکانە. وەلێ ئەوە مانای وا نییە، کە گەلی کورد، مافی چارەی خۆ نووسینی نییە، بەڵکو واتە دەبێت گەلی کورد بە شێوەیەک جگە لە شێوەی جیابوونەوە، ئەو مافەی بەگەڕ بخات. باشترین و گونجاوترین شێوەش لە دۆخی هەنووکەییدا، ئۆتۆنۆمییە. هەرچی داهاتووشە، ئەوە لە لایەکەوە بەندە بە ڕووداو و دۆخی تازەوە، لە لایەکی تریشەوە بە چۆنێتیی مامەڵەکردنی گەلی عەرەب لەگەڵ گەلی کوردی برای خۆیدا.

ئەگەر گەلی عەرەب ئەو هەستە بە گەلی کوردی برای خۆی بدات، کە مانەوەیان لەگەڵیدا لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی یان دەوڵەتی عەرەبیی یەکگرتوودا، باشتر و گونجاوترە، ئەوکات گەلی کورد لە یەکێتییەکی خۆویستانەی ئازادی پتەو لەگەڵ گەلی عەرەبدا، دەمێنێتەوە. بەو شێوەیە، چارەنووسی یەکێتیی خۆویستانەی کورد و عەرەب، سەرەتا بە پلەی سەرەکی لەسەر برای گەورەتر و پەرەسەندووتر، کە گەلی عەرەبە، دواتر لەسەر بەرژەوەندیی هەردوو گەل، وەستاوە. گەر یەکێتیی نەتەوەکان لەسەر بنچینەی یەکسانی و ئاڵوگۆڕی یارمەتی و بەرژەوەندیی هاوبەش و مافی مومارەسەی مافە نەتەوەییەکان لە ڕێی دەزگا نەتەوەییە تایبەتەکانەوە بێت، زۆر باش و بەسوودتر دەبێت بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی نەتەوە گچکەکان.

لەبەر هەموو ئەوانە، گەلی کورد لە عێراقدا لە سایەی سەرکردایەتیی پێشڕەوەکەیدا - کە پارتییە، لەسەر تێکۆشانی خۆی لە پێناو بەرقەرارکردنی وەها یەکێتییەکی خۆویستانەی برایانە لەسەر داروپەردووی یەکبوونی ناچارییانەی پێوەلکاندنی هەنووکە، بەردەوام دەبێت.

دکتۆر شاکر خەسباک لەم بارەیەوە دەڵێت[١٩٢] :

"دەبێت سەرلەنوێ جەخت لەوە بکەینەوە، کە پێویستە ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی

---

١٩٢- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٨٦. لەکتێبی (الكرد و المسألة الكردية في العراق)، الدكتور شاكر خصباك، الطبعة العربية الاولى ١٩٥٩.

هەڵەکانی ڕابردوو، نەدرێت. ئەوەش وا دەخوازێت، کە ئەو ڕاستییە مێژووییەی کوردان کەمینەیەک لە کەمینە ئیتنییەکان نین و هاتبنە عێراقەوە، لەبەرچاو بگرین. بەڵکو ئەوان لە هەزاران ساڵەوە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانەن و مافەکانیان لە عێراقدا، ڕێک یەکسانە بە مافەکانی عەرەب. مادام ئێمەش لەسەر هاوبەشێتی لەم نیشتمانەدا ڕێک کەوتووین، دەبێت باشترین ڕێگەکانی بەهێزکردنی ئەو هاوبەشێتییە پێڕەو بکەین. نموونەی ڕوونی ڕژێمی دەوڵەتانی یەکگرتووشمان هەن، کە فرە-نەتەوەن و لە ڕێی پێشکەوتنی ئیدارییەوە پێشی ئێمەیان داوەتەوە، کە گەر دەمانەوێت کۆشکی دەوڵەتەکەمان لەسەر بنچینەی پتەو بنیات بنێین، کە ئارەزوو و خواستی کەسی، نەیانهەژێنن و تێپەڕینی سالانیش کار لە پتەوییان نەکات، باشترە بۆ ئێمە لەبەر ڕۆشنایی دۆخی خۆماندا، سوود لە ئەزموونیان وەربگرین".

بەڕاستی دکتۆر خەسباک کاتێک دەڵێت "کورد لە هەزاران ساڵەوە دانیشتووی ڕەسەنی ئەو ناوچانەن" و کاتێکیش داوای سوودبینین لە ئەزموونی دەوڵەتانی یەکگرتوو، دەکات، چاک ئامانجەکەی پێکاوە.

کوردان نەتەوەیەکی تایبەتن، هەرچەندە نەتەوەیەکی چکۆلەش بن لە عێراقدا. ئەوان کەمینەیەکی نەتەوەیی نین لە عێراقدا، چونکە کەمینەی نەتەوەیی واتە گرووپێکی ئیتنیی دیاریکراو، کە لەسەر خاکی گەلێکی تر و لە نێو خەڵکی ئەو گەلەدا، دەژین.

باشترە سۆشیالیستە عەرەبەکان، ئەوانەی پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ بەرەی سۆشیالیستی، بەتایبەت یەکێتیی سۆڤیێت و یوگۆسلاڤیادا هەیە، چاو لەو دوو دەوڵەتە بکەن.

دۆخی گەلی کورد لە عێراقدا، کەم تا زۆر، لە دۆخی گەلی مەکەدۆنی دەچێت لە یوگۆسلاڤیادا، چونکە دوو بەشی ئەو گەلە لە دەرەوەی سنوورەکانی یوگۆسلاڤیا، لە یۆنان و بولگاریا، دەژین، بەڵام ئەوە ڕێی لەوە نەگرت، کە ئۆتۆنۆمییەکی نزیک لە حوکمڕانیی فیدراڵ بە گەلی مەکەدۆنی لە یوگۆسلاڤیا بدرێت.

ئەو قسەیە بۆ هەندێک لە نەتەوەپەرستانی عەرەب دەکەم، کە دژی پێدانی ئۆتۆنۆمیین بە کوردستانی عێراق، بە بیانووی ئەوەی لەوانەیە بوونی گەلی کورد لە تورکیا و ئێراندا وا

بکات، ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق هەنگاوێک بێت بەرەو جیابوونەوە.

لە کاتێکدا پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی عێراق، یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق، بەهێز و پاڵپشت دەکات و لەسەر پتەوترین بنچینەکانیش، بنگەی یەکێتیی خۆویستانەی کورد و عەرەب دادەنێت. بۆیە جیابوونەوە دوور دەخاتەوە، نەک نزیکی بکاتەوە، بەتایبەت کە دۆخی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا، دڵخۆشکەر نییە.

نەتەوەییەکانی نێو سەرکردایەتیی حیزبی سەربەخۆیی، داوای هاوبەشێتیی عەرەب و کوردیان کردووە، لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا کاریان لەسەر دانانی بەندێک دەربارەی هاوبەشێتیی عەرەب و کورد لە نیشتمانی عێراق و ڕێزگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کوردان لە پێڕەوی حیزبی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیدا، کرد، کە دواتر لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بووە مادەی سێیەم لە دەستووری کاتیی عێراقدا.

مامۆستا هیلال ناجی، کە نەتەوەییەکی عەرەبیی عێراقییە، داوای دداننان بە مافی چارەی خۆ نووسینی کوردانی لە چوارچێوەی یەکێتییەکی فیدراڵ یان کۆنفیدراڵدا، کردووە، کە ئەوەش چارەیەکی زانستییە و لەگەڵ بەرژەوەندیی هەردوو گەلی عەرەب و کورددا دێتەوە. هەرچی حیزبی کرێکارانی شۆڕشگێڕی عەرەبییە، ڕایگەیاند: "چارەی خۆ نووسین، مافێکی گەلی کوردە و دەربڕینێکی واقیعیی بوونی خۆیەتی ... جیابوونەوە، لای کەم لەم قۆناغەی ئێستادا، هەمان کات پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی عەرەبییشە"، "دەبێت بە تەواوەتی ددان بە مافە زمانەوانی و کولتوورییەکانی کورددا بنرێت و پێ لەسەر فراوانکردنی ئۆتۆنۆمی دابگیرێت تا بەرفراوانترین بوار. بەڵام داواکارییە سەربازییەکان دەبێت بە تەواوەتی ڕەتبکرێنەوە".

## هەڵوێستی هێزە دیموکراتییەکان

بەرەی دیموکراتیش لە عێراق، تا ئەم دواییەش کە شیوعی و چەپڕەو و چەند توێژێکی دیموکراتی، دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراقیان بەرز کردبووەوە، هەردەم بەبێ دیاریکردنی ئەو دەزگایانەی کە گەلی کورد لە ڕێیانەوە مومارەسەی مافەکانی دەکات، داوای دداننان بە بوون و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی کردووە.

حیزبی شیوعیی عێراقی بە سەرکردایەتیی کۆچکردوو فەهد، لە وتارێکدا کە (القاعده) لە ١٩٤٥دا بڵاوی کردەوە، داوای دداننان بە مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کوردی کرد. کۆنگرەی حیزبی یەکێتیی نیشتمانییش، کە مامۆستا عەبدولفەتاح ئیبراهیم سەرکردایەتیی دەکرد، لە ساڵی ١٩٤٧دا مافی چارەی خۆ نووسینی وەک بەندێک لە پێڕەوەکەیدا پەسەند کرد.

حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی، بەردەوام داوای دداننان بە مافە کولتووری و ئیدارییەکانی کوردی کردووە، بەڵام سەرباری هەڵوێستە دۆستانەکانی لە هەمبەر گەلی کورد و سەرباری توانای مامۆستا کامل چادرچی لە بۆچوون و بوێریدا لە پەیوەندیی بە دۆزی کوردەوە بەگشتی، دروشمی ئۆتۆنۆمیی بەرز نەکردەوە.

لە یاداشتەکەی ڕۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٦٣ی مامۆستا کامل چادرچیدا بۆ لایەنە ڕەسمی و ناوەندەکانی ڕای گشتی، لە بارەی دۆزی کوردییەوە هاتووە:

"بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزەی کەوتووەتە یەکبوونی عێراقییەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بە گیانێکی بابەتی، دەبێت ددان بە ماف و ئەرکی نەتەوەکانی تردا بنرێت".

لەو یاداشتەی مامۆستا کامل چادرچی لە ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٦٤دا بە ناوی نیشتمانپەروەرە دیموکراتییەکانەوە دای بە سەرۆککۆماری عێراق، لە بارەی کوردانەوە هاتووە:

"لە نموونەی تری ئەوەش، ناوەڕۆکی مادەی ١٩ی دەستووری کاتییە کە تێیدا هاتووە

.. هەموو هاولاتییان، بە عەرەب و کوردیشەوە، لە پاراستنی قەوارەی ئەم نیشتمانەدا، بەشدارن و ئەم دەستوورەش مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکبوونی عێراقیدا، دەسەلمێنێت.

بە دارشتنی ئەو دەقەوە دیارە، کە وەک جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی پاش ئاگربەست لە باکووردا درابوو، نووسراوەتەوە. ڕوونیشە کە ئەو دارشتنە ددان بە مافەکانی عەرەب و کوردیشدا دەنێت، هەرچەندە مافە نەتەوەییەکانی عەرەبی عێراق لەم سیاقەدا جێی باس نین، کە ئەمەش برا کوردەکانمان وەک پاشەکشە لە شێوەی دارشتنی مافە نەتەوەییەکانیان بەو شێوەیەی لە دەستووری کاتیی ١٩٥٨ و بەیانی ئەم دواییەی ئاگربەست لە کوردستاندا هاتبوو، لێکی دەدەنەوە. ئەوەش لە کاتێکدا دەستووری ئەو ولاتانەی کە بابەتی مافە سیاسییەکانی نەتەوە جیاوازەکان ڕێک دەخەن، سەرەتا ماهییەتی ئەو مافانە و دەرکەوتەکانیان و دواتریش ڕێگەکانی مومارەسەکردن و ئەو دەزگایانەشی نەتەوەکان لە ڕێیانەوە مافەکانیان مومارەسە دەکەن، دیاری دەکەن و پاراستنی یەکبوونی نیشتمانییش، مسۆگەر دەکەن. بۆیە تەنیا دەقدان لەسەر دادنان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا، تەنگژەی بنەڕەتی چارەسەر ناکات و لە بڕینەوەی ئەم دۆخە ئاڵۆزکاوەشدا، سوودی نابێت. پێشتریش لە ١٤ی ڕەمەزان ئەم دروشمە بەرز کرایەوە، بەڵام پاش چەند مانگێک دەرکەوت کە ئەو دروشمە، ڕێگەی لە نوێبوونەوەی شەڕ نەگرت، کە بەوەش ئەوپەڕی داخمان خوارد".

حیزبی شیوعیی عێراقییش لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی لە ئازاری ١٩٦٢ لەم بارەیەوە بڕیاری دا: "بۆ دانانی یەکبوونی عێراقی لەسەر بنچینەیەکی بەهێز، لە پێناو تێکۆشانی هاوبەش دژی کۆڵۆنیالیزم و دەرەبەگایەتی و کۆنەپارێزی، بە مەبەستی پێدانی کرۆکی ڕاستەقینە و ناوەڕۆکی ئیجابی بە دیموکراسی لە پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە، ئەنجومەنی دووەمی حیزبمان لە ١٩٥٦دا ئۆتۆنۆمیی هەرێمیی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی یەکبوونی دیموکراتی عێراقیدا، پەسەند کرد". لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراقییش - ئازاری ١٩٦٢دا - لە بارەی ئۆتۆنۆمییەوە هاتووە:

"ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقدا، بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی گەلی عێراق و گەلانی

عەرەب و چینە جیاوازەکانی گەل، بە بۆرجوازییشەوە، بەهێز دەکات. ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک:

١- پاراستنی کۆماری عێراق و سەربەخۆیی نیشتمانی و پەرەسەندنی دیموکراتی، بەبێ بەشداریی گەل و بەبێ یەکبوونی خەباتی هاوبەش لە نێوان عەرەب و کورددا، مەحاڵە. ناشکرێت ئەو یەکبوونی خەباتی هاوبەشە بنیات بنرێت و بەهێز بکرێت، تەنیا لەسەر بنچینەی دیموکراسی و ئازادیی نەبێت، کە خۆی لە ئۆتۆنۆمیدا دەبینێتەوە. گەرنا، یەکبوون دەگۆڕێت بە یەکێتییەکی ناچاری، کە گەلی کورد بەرەنگاری دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕووخانی یەکبوونی نیشتمانی و نەتوانینی بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم و پیلانگێڕییەکانی.

٢- گەلانی عەرەب کە مێژوو و زمانێکی هاوبەش و خەسڵەتەکانی تری نەتەوەیان هەیە، تەنیا لەسەر بنچینەی دیموکراسی و بەهەندگرتنی دۆخی مێژوویی تایبەتی هەر وڵاتێک، ئامادەن لە نێو خۆیاندا یەک بگرن. جا بەو مانایە بێت، گەلی کورد - نەتەوەیەکی بەتەواوی جیاواز و تایبەت - لەپێشترە کە بۆرجوازیی عەرەبی ددان بە هەمان مافیدا بنێت، کە ئەوان لە پەیوەندیی بە یەکبوونی وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکانەوە، داوای دەکەن.

ئەزموونی لێکترازانی یەکبوونی نێوان میسر و سووریا، دەبێت عیبرەتێک بێت بۆ بۆرجوازیی عەرەبی و لە نێویشیدا بۆرجوازیی عێراقی، کە درک بەوە بکات گەر یەکبوونی ناچاریی نێوان دوو گەلی عەرەب، مومکین نەبێت، چۆن لە نێوان دوو گەلی جیاوازدا دەبێت. گەر گەلێک لە گەلانی عەرەب مافی یەکێتیی خۆویستانەی هەبێت، ئەوا گەلی کورد لە عێراق - لای کەم - ئەو مافەی هەیە.

خۆنەبانکردن لە ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق، هەڕەشەیە لە یەکبوونی نیشتمانی لە عێراق و بواریش بۆ دوژمنانی برایەتیی عەرەبی -کوردی دەڕەخسێنێت و بۆ کارکردن دژی ئەو هێزانەی باوەڕیان بە تێکۆشانی هاوبەشی عەرەب و کورد هەیە، هانیان دەدات.

٣- بێبەشیی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراتی و بەکارهێنانی هێز بۆ سەرکوتکردنی تێکۆشانەکەی، وا دەکەن کوردستان، بەتایبەت لە وەها دۆخێکدا، ببێتە شانۆیەکی هەمیشەیی پشێوی و پێکدادانە چەکدارییەکان، کە درزێک بۆ پیلانگێڕیی

کۆڵۆنیالیزم لەسەر سەربەخۆیی عێراق و یەکێتییەکەی، دروست دەکات و لای کەم دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی سەقامگیری لە ولات و شڵەژاندنی دۆخی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بەتایبەت بازاڕ و لەوێشەوە پەکخستنی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بە پەرەسەندنی سەرمایەداریی ئازادیشەوە. هەروەها قەیرانی دارایی و تەنگژەی هەڵکشاوی بژێوی و بەپێچەوانەشەوە، توندتر دەکات. پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد، ئاسۆی فراوان بۆ پەرەسەندنی ئابووری و بەرزکردنەوەی توانای کڕین و کردنی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ئابوورییش، دەکاتەوە، کە خێروبێرەکەی تەنیا بۆ گەلی کورد نییە، بەڵکو بۆ هەموو ئابووریی نیشتمانیی عێراقە. وەک ڤلادیمیر لینین دەڵێت[١٩٣] : "ئۆتۆنۆمی (ناوچەیی) نابێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بنەمای ناوەندێتی کە بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری پێویستە، بەڵکو وەک جێبەجێکردنێکی ئەو بنەمایەیە بەڵام بە شێوەیەکی دیموکراتی، نەک بیرۆکراتیک. بەبێ ئەو ئۆتۆنۆمییەش، کە چڕبوونەوەی سەرمایەکان و گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و گردبوونەوەی ڕیزەکانی بۆرجوازی و پرۆلیتاریا لەسەر ئاستی دەوڵەت، ئاسان دەکات، پەرەسەندنی سەرمایەداری بە ئازادی و بە ڕەوتێکی خێرا و لە بوارێکی فراواندا مەحاڵە، یان لای کەم زۆر قورس دەبێت، چونکە دەستوەردانی بیرۆکراسی گەورەترین بەربەستە لە ڕێگەی پەرەسەندنی ئابووریی سیاسیدا".

٤- ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراق لە باریدایە، کە پێکهاتە و یەکێتیی کۆمەڵگەی عێراقی پتەوتر بکات و کۆماری عێراقییش بگۆڕێت بە دەوڵەتێک، کە متمانە و پشتیوانیی هەموو نەتەوە براکانی هەبێت و کوردستانی عێراقیش ببێتە ناوەندێک بۆ کێشکردن و پشتیوانیی گەرمی جەماوەری کوردی لە ئێران و تورکیا، دوو دەوڵەتی پەیمانی سەنتۆ، کە دوژمنی عێراقن. بەوەش بنگەی سەنتۆ، لەرزۆک دەبێت و سەرلەبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییش، دەبێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی کۆماری عێراقی بە ڕووی هەر هەوڵێکی دوژمنکاریدا، کە کۆڵۆنیالیزم و سەنتۆ بەنیازی بن.

٥- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە باریدایە، پاڵپشتیی سیاسەتی عەرەبیی عێراق و هەنگاوی فراوانتر بێت بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی هاوخەمی و یەکێتیی نێوان دەوڵەتانی

---
١٩٣- بڕوانە لینین: چەند تێبینییەکی ڕەخنەیی دەربارەی پرسی نیشتمانی.

عەرەبی لە لایەن کۆماری عێراقییەوە دژی کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم، بەبێ ئەوەی نەتەوەی کورد بترسێنێت.

٦- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، هەڵوێستی عێراق لە ناکۆکییدا لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت، بەهێزتر دەکات، کە ئەوانە لە ئەنجامی سیاسەتی نادیموکراتی حکوومەتەوە، درزی نێوان حکوومەت و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی وەک دۆخێکی لەبار بۆ فشارهێنان و دەستوەردان لە کاروباری عێراق و بە مەبەستی فراوانکردنی درزەکە و نانەوەی ئاژاوە و دوژمنایەتی لە نێوان نەتەوەکان و لەوێشەوە بەدیهێنانی مرازەکانیان دەقۆزنەوە.

٧- ئۆتۆنۆمی دژبەری ناوەندێتی نییە و لاوازیشی ناکات، بەڵکو ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە چوارچێوەی یەکبوونی عێراقیدا، شکۆ و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی گەورەتر دەکات و دەیخاتە سەر بنچینەگەلی پتەوتریش. ئەوەی حوکمڕانیی ناوەندی لاواز دەکات، سڕینەوەی مافە دیموکراتییەکانە (بە مافەکانی گەلی کوردیشەوە)، شێوازی زەبروزەنگ و تۆقاندن و بیرۆکراسیی ئیدارەیە. "مادام نەتەوەگەلی جیاواز، یەک دەوڵەت پێکدەهێنن، ئەوا مارکسیستەکان هەرگیز هەوڵی بانگەشەی فیدراڵی یان ناناوەندێتی نادەن. بەڵام دەبێت لە کاتی بەرگریکردن لە ناوەندێتیدا لەبیرمان نەچێت، کە ئێمە تەنیا بەرگری لە ناوەندێتیی دیموکراتی دەکەین. ناوەندێتیی دیموکراتی، بوونی ئۆتۆنۆمی و ئیدارەی خۆسەری ئەو ناوچانەی دۆخی ئابووری و بژێوی و پێکهاتەی نەتەوەیی تایبەتیان هەیە، ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، وەها ئۆتۆنۆمی یان ئیدارەیەکی خۆسەر دەخوازێت".

"ناکرێت وێنای دەوڵەتێکی سەردەمیانەی دیموکراتی ڕاستەقینە بەبێ وەها ئۆتۆنۆمییەک یان ئیدارەیەکی خۆسەر، بکرێت، کە بدرێتە ئەو هەرێمەی خەسڵەتی ئابووری و بژێویی جیاواز یان پێکهاتەی نەتەوەیی تایبەتی هەیە"[١٩٤] .

٨- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، پێگەی نێودەوڵەتیی کۆماری عێراقی وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی لە چاوی گەلان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانەوە، کە هەموو شێوەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەییان پێ قووت نادرێت، بەهێزتر دەکات. لە هەمان

١٩٤- لێنین، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کاتدا ئۆتۆنۆمی، وەک دەوڵەتێک کە چارتەرەکەی (میساقەکەی) پێشێل ناکات و ڕێزی کۆمەڵەکە و بڕیارەکانیشی لە هەمبەر مافی چارەی خۆ نووسینی گەلان و بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤیش دەگرێت، پێگەی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەی یەکگرتووەکان، بەهێز دەکات.

ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا، واتە دانانی کوردستان وەک یەک هەرێمی ئیداری، کە دەستەیەکی یاسادانانی هەڵبژێردراو کاروبارەکانی بەڕێوە ببات، کە دەسەڵاتێکی ڕاپەڕاندنی ملکەچ بۆ چاودێریی گەلی لێوە هەڵبقوڵێت. بە مەرجێک لە هەردوو ئەم دەستانەدا، کەمینە نەتەوەییەکان نوێنەرایەتییەکی دادپەروەریان هەبێت، کە یەکسانیی نەتەوەیی و مومارەسەی تەواوی مافە نەتەوەیی و کولتوورییە ڕەواکانیان مسۆگەر بکرێت.

## هەڵوێستی هێزە ناسرییەکان

هەر لە پاش دەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسری وەک ڕەوتێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، کە ململانێ لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و هاوپەیمانە کۆڵۆنیالیستییەکان دەکات، پێشڕەوی نەتەوەیی کوردی کەوتە خۆی و بە ئومێدی یەکخستن و هەماهەنگکردنی هەڵوێستی تێکۆشەرانەی هاوبەش، بەتایبەت پاش هێرشە سێقۆڵییەکەی ١٩٥٦، خێرا پەیوەندیی پێوە کرد. لە سەروەختی گەڕانەوەی بارزانییدا بۆ نیشتمان لە پاش دابڕانێکی دوور و درێژ، لە ڕێی شاندێکی گەورەی کوردییەوە، کە پێکهاتبوون لە مستەفا بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، شێخ سادق بارزانی و شێخ عوبێد بارزانی، پەیوەندی بە سەرۆک ناسرەوە کرا. سەرباری دیداری دۆستانە لەگەڵ سەرۆک ناسر، بەڵام لەبەر ڕەچاوکردنی دۆخەکە، هەموویان خۆیان لادا لە تاوتوێکردنی پەیوەندیی نەتەوەی کورد بە بزووتنەوەی ناسرییەوە. بەڵام پەیوەندیی دواتر بە سەرۆک ناسرەوە لە لایەن شاندێکی کوردییەوە، کە هەریەک لە لیوا فوئاد عارف و جەلال تاڵەبانیی تێدا بوو، وەک سەرەتای دیاریکردنی هەڵوێستێکی ناسریی ڕوون بوو لە هەمبەر دۆزی کوردی.

لە ١٩٦٣دا دیدارەکانی سەرۆک ناسر و تاڵەبانی وەک نوێنەری شۆڕشی کوردی، زیاتر بوون. دوای ئەوە هەڵوێستی سەرۆک ناسر، وەک ئەوەی خۆی بە بەڕێز ئێریک ڕۆلۆ، پەیامنێری ڕۆژنامەی لومۆند-ی ڕاگەیاند و لە لێدوانێکی ڕەسمییشدا بڵاو بووەوە، گەلاڵە بوو. سەرۆک ناسر لە لێدوانەکەیدا وتی گەلی کورد، وەک سەرپاکی گەلانی تر، مافی خۆیانە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمییان هەبێت. ڕەزامەندیی لەسەر پێدانی ئۆتۆنۆمییەک بە کوردانی عێراق دەربڕی، کە نزێک بێت لەو مانایەی جەلال تاڵەبانی لە قاهیرە بۆ جەنابیانی باس کرد. بەرهەڵستیی خۆیشی بۆ جەنگ وەک شێوازێکی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی، دەربڕی و هاوکات دژایەتیی خۆیشی بۆ جودابیخوازی، ڕاگەیاند. لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵ سەرۆک ناسر، کە بەڕێز شەوکەت عەقراوی ئامادەی بوو، سەرۆک ناسر ئەو بۆچوونەی خۆی بەیان کرد، کە چارەسەری زانستییانەی پرسی کوردی لە دیدی ئەودا، ئەو چارەسەرەیە کە دەوڵەتانی سۆشیالیستی پێڕەویان کردووە، نموونەشی بە یوگۆسلاڤیا هێنایەوە. کاتێک لە تێگەیشتنی ئەوم دەربارەی چارەسەری زانستییانە پرسی، سەرۆک ناسر پێی وتم، کە واتە مافی چارەی خۆ نووسین، کە بێگومان گەلی کورد بە شێوەی یەکێتی لەگەڵ برا عەرەبەکانیدا، بەکاری دەهێنێت و جارێکی تریش کەیسی یوگۆسلاڤیای وەک نموونەی دۆزی کوردی، دووپات کردەوە.

ڕاستییەکەی، سەرۆک جەمال عەبدولناسر تا کۆتایی لەسەر ئەم سیاسەتە زانستییەی مایەوە. ئەو هەمیشە بە تەنگی برایەتیی عەرەبی - کوردی و پتەوکردن و بەهێزکردنییەوە بوو، لەگەڵ خۆلادان لە هەر شتێک، کە خراپ یان لاوازی بکات. هەردەمیش داوای خەباتی پێکەوەیی عەرەب و کوردی لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراو، دەکرد. لە سەروەختی قسەکانماندا، چەند جارێک هۆشیاری کردمەوە کە دەبێت لە ڕووی ئەوەی نیشتمانپەروەرە کوردەکان دەیانەوێت یان نایانەوێت، خۆ لە خلیسکانی وا بپارێزین، کە نەتەوەی کورد دەخەنە ڕیزی کۆنەپارێزی و سەنتۆ-وە. چەند جارێک ئاگاداری کردمەوە و داوای کرد بۆچوونی بە هەموو سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی بگەیەنم، بەتایبەتیش بەڕێز مستەفا بارزانی، کە بە بەڵێنی شیرینی سینتۆ و بە بانگەشەی پشتیوانیی ناوەندە ئیمپریالی و زایۆنییەکان نەخەڵەتێین، چونکە ئەوانە هیچ نین جگە لە تەڵەیەک، کە

دەیانەوێت نەتەوەی کورد، دژی بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خۆی و بۆ شێواندنی ناوبانگی و وەرگەڕاندنی ناوەڕۆکەکەشی، بکەوێتە داویانەوە.

هەرگیز ئەو ئامۆژگارییە برایانە بەهادارانەم لەبیر ناچێت، کە سەرۆک ناسر لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣ کاتێک بینیم و ئیزنی گەڕانەوەم لێ خواست، پێی دام. ئەو ئامۆژگاریی کردم، کە دوو شت بۆ نەتەوەی عەرەب، ڕوون بکەمەوە، ئەوانیش:

یەکەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، دژی جوداییخوازییە و نیازی لێکهەڵوەشاندنەوەی عێراقی نییە. بەڵکو سوورە لەسەر یەکێتی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و پاراستنی یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق. نەتەوەی کوردیش دوژمنی یەکبوونی عەرەبیی نییە، بەڵکو بە مافێکی سروشتیی نەتەوەی عەرەبی برای خۆی دەزانێت.

دووەم: کورد گەلێکی ڕەسەنن، هەزاران ساڵە لە کوردستانی ولاّتی خۆیاندا نیشتەجێن. ئەوان گەلێکی تازەباوی وەک جووەکانی فەلەستین نین، وەک چۆن دوژمنی عەرەبیش نین، بەڵکو برایانن. بۆیە دەبێت جیاوازییەکانی نێوان کێشەی کوردی و کێشەی ئیسرائیل ڕوون بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتە ناهەقەی دەیەوێت لە چوارچێوەی غەدر و بوختاندا کێشەی کورد وەک ئیسرائیل وێنا بکات، هەڵتەکێنرێت.

ئەم دوو خاڵەشم بە کردەوە لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە بەیروت، ڕوون کردەوە. ئەوکات بانگەشەکانی حکوومەتی عێراقی، تەرکیزیان لەسەر وێناکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی وەک بزووتنەوەیەکی جوداییخوازی هاوشێوەی ئیسرائیل بوو.

لە سالاّنی شەڕی پاش پەیوەندیکردن بە سەرۆک جەمال عەبدولناسرەوە، حکوومەتی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو لەسەر هەڵوێستی دۆستانە لە هەمبەر کوردان، مایەوە. کاتێکیش لە ١٩٦٣دا شەڕ لە نێوان کورد و حکوومەتی بەغدا نوێ بوویەوە، قاهیرە بەرهەڵستیی خۆی بۆ جەنگ وەک شێوازێکی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی، دەربڕی و بە توندییش دژی بەشداریی ئەفسەرانی تورک و ئێرانی بوو لە کارکردن دژی کورددا، سەرۆک ناسریش داوای ڕاگرتنی شەڕ و دەستکردن بە گفتوگۆی ئاشتیی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کوردی، دەکرد. کاتێکیش ئەفسەرە ناسرییەکان لەگەڵ موشیر عەبدولسەلامدا حوکمیان

گرتە دەست، سەرۆک جەمال عەبدولناسر لەسەر هەڵوێستی خۆی دژی شەڕ و جەنگی براکان، مایەوە و سەرباری ناڕەزایەتییە بەردەوامەکانی حوکمڕانانی بەغدا، وەدەرنانی نوێنەری کوردیی لە قاهیرە، ڕەتکردەوە.

بەڵام ڕێکخراوە ناسرییەکانی عێراق، لە پشتەوەی ئەو هەڵوێستەوە و هەندێک جاریش لێیەوە دوور بوون، چونکە ئەو ڕێکخراوانە زۆر و خاوەنی هەڵوێستی هەمەجۆر بوون. بەشی پێشکەوتنخوازی بزووتنەوەی ناسری لە عێراق، دژی جەنگ بوو وەک ئامرازێکی یەکلاکردنەوەی دۆزی کوردی و بانگی برایەتیی عەرەبی - کوردیی دەکرد، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندیی لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکبوونی نیشتمانییدا، دەرببڕێت. بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی، کە بەهێزترین و پێشکەوتنخوازترینی ڕێکخراوە ناسرییەکان بوو، لە ١٩٦٦ هەڵوێستێکی دۆستانەی لە هەمبەر دۆزی کوردی، گرتە بەر. ئەوە بوو ددانی بە نەتەوەی کورد و مافی لە هەبوونی مافە نەتەوەیی و ئیداری و کولتوورییەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا، نا و داوای هاوسەنگەریی هێزە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکانی لەگەڵ پێشکەوتنخوازە کوردەکاندا، کرد و بەرهەڵستی جەنگیش بوو وەک شێوازێکی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی. هەرچی ڕێکخراوە نەتەوەییە ڕاستڕەوەکانیشن، هەر داوای برایەتیی عەرەبی - کوردییان دەکرد، کەچی دژی وەرگرتنی مافە نەتەوەییەکان و ئۆتۆنۆمیی برایانی کورد بوون.

بەڵام بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی، بوون بە چوار دەستەوە:

١- ئەو بزووتنەوە سۆشیالیستییە عەرەبییەی مامۆستا عەبدولئیلا نەسراوی سەرکردایەتیی دەکرد، چارەسەری سۆشیالیستیی زانستیی بۆ پرسی کورد هەڵبژارد. لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەکەیاندا، لە بارەی دۆزی کوردییەوە، هاتبوو:

"بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی لە پێناو ددانپێدانانی زانستییانە بە مافی گەلی کورد لە چارەی خۆ نووسیندا، تێدەکۆشێت، کە لەگەڵ بنەماکانی سۆشیالیزمی زانستییدا دەگونجێت. پێشی وایە کە چوارچێوەی گشتیی وەها مافێکیش لە دۆخی هەنووکەدا، ئۆتۆنۆمییە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆمارێکی عێراقیی دیموکراتی میللیدا".

بە هەمان شێوە، لە پرۆگرامی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا، کە بزووتنەوەی

سۆشیالیستیی عەرەبی بۆ حیزب و کەسێتییە نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازەکانی، پێشنیاز دەکات، ئەم بڕگەیەی خوارەوە هاتووە، کە وەک خۆی دەینووسینەوە:

"بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز تێدەکۆشێت بۆ بەرقەرارکردنی هاوپەیمانییەکی توندوتۆڵ لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی عەرەبی و کوردیدا، کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆمارێکی عێراقیی دیموکراتیدا، مسۆگەر بکات".

بەڵام تێگەیشتن و ناوەڕۆکی بۆ ئۆتۆنۆمیی گەلی کورد، بەم شێوەیەیە:

"پێکهێنانی ئەنجومەنێکی ڕاپەڕاندن، کە لە ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێردراوەوە هەڵقولابێت. بودجەی تایبەتی خۆی هەبێت، کە داهاتەکانی لە باجی سەپێنراوی ناوخۆیی و ئەو پیتاکانەشەوە بێت، کە دەسەڵاتی ناوەندی پێشکەشی دەکات. تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنیش، کاروباری ناوخۆیی وەک کاروباری ئاوەدانکردنەوە و فێرکردن و داد و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ناوخۆیی، دەگرێتەوە، لە کاتێکدا تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ناوەندی، کاروباری ناوەندیی وەک بەرگری و سیاسەت و نوێنەرایەتیی دەرەکی و پلاندانانی ئابووریی گشتی و دراو و سیاسەتی دارایی ناوەندی، دەگرێتەوە.

نوێنەرایەتیکردنی کوردان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی ناوەندیدا، بەپێی ژمارەیان لە کۆی گشتیی دانیشتووان بێت".

٢- ئەو بزووتنەوە سۆشیالیستییە عەرەبییەی مامۆستا هاشم عەلی محسن، سەرکردایەتیی دەکرد و بوو بە لقێک لە حیزبی کاری سۆشیالیستیی عەرەبی، مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەی کوردی وەک ڕوانگەی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا، گرتە بەر. لە کۆنگرەکەشیدا ئەم چارەسەرە سۆشیالیستییە زانستییەی، پەسەند کرد. هەرچی حیزبی کاری سۆشیالیستیی عەرەبییە، ئۆتۆنۆمیی وەک پرەنسیپێک کە لە ڕووی حیزبییەوە پێوەی پابەند بێت، هەڵبژارد. لە وتارێکدا کە گۆڤاری (طريق الثورة) - بڵاوکراوەی ناوەندیی حیزب - بڵاوی کردەوە، لە بارەی پرسی کوردەوە ئەم چەند بڕگەیەی تێدا هاتبوو :

"ئاشکرایە بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی لە عێراق، سەرهەڵدانە حیزبییەکەی

دەگەڕێنێتەوە بۆ لقی بزووتنەوەی پێشتری نەتەوەییەکانی عەرەب لە عێراقدا. لە کۆنگرەی یەکەمیشی لە تەمووزی ١٩٦٨دا، جارێکی تر جەختی لەوە کردەوە، کە لقێکی بەدیسپلینی لقەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییەکانی عەرەبە. ئەو ڕاستییە بەبیر دەهێنینەوە بۆ ئەوەی جەخت لەوە بکەینەوە، کە ددانانی بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی بە ئۆتۆنۆمیی گەلی کوردی برادا، ددانپێدانانێکە کە بزووتنەوەی ئەوێ کاتی نەتەوەپەرستانی عەرەب، پێوەی پابەند بووە، بۆیە لقەکەی عێراقیشی پێوەی پابەندە". گۆڤارەکە درێژەی دەداتێ و دەڵێت:

"تێبینیی دەکرێت کە بڕیارەکە، مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کوردی لە ئۆتۆنۆمیدا، بەرجەستە کردووە. بێگومان کۆنگرەش لە هەمان بنەما لینینییەکەوە دەڕوانێت، کە بە مەرجی بەرژەوەندی و خزمەتی ڕێبازی سۆشیالیستی، نەک لە بەرژەوەندیی ڕێبازی کۆنەپارێز، ددان بە مافی چارەی خۆ نووسیندا دەنێت. ئاشکراشە کە جیابوونەوەی کوردان لە دۆخی هەنووکەدا، دژی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کوردە لە عێراقدا، چونکە بەبێ هێشتنەوەی برایەتی و ژینی هاوبەشی هەردوو گەل و پتەوکردنی پەیوەندییەکان، گەلی کورد لە وەها دۆخێکی باوی ناوچەکەدا بەگشتی، ناتوانێت دەوڵەتێکی پێشکەوتنخواز دژی کۆنەپارێزی و ئیمپریالیزم، کە لەسەر ڕێچکەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی گرێدراو بە شۆڕشی سۆشیالیستییەوە بێت، بنیات بنێت. ئامانجی گەلی کورد لە ڕزگاری و دیموکراسی و سۆشیالیزم، بەبێ پشتدانەوە بەو پەیوەندییانەی کە جیابوونەوە و شەڕکردن کاریگەریی خراپیان دەبێت لەسەریان، بەدی نایەن. هەر بۆیە بەرژەوەندی و پێشکەوتنی هەردوو گەل وا دەخوازن، کە گەلی کوردی برا مافی چارەی خۆ نووسینی لە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە کۆمارێکی دیموکراتی میللیدا، هەبێت، کە بەهۆیەوە هەردوو گەل بتوانن دژی دوژمنە هاوبەشەکانیان، کۆنەپارێزی و کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم، تێبکۆشن".

دواتر گۆڤارەکە دەشڵێت:

"پابەندێتیی بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی لە عێراق بەم بنەمایەوە، پابەندییەکە لە لایەن حیزبمانەوە و دەشزانین بزووتنەوەکە هەر لە ساڵی ١٩٦٧ەوە شێوازی پرۆژە

بڕیارەکەی پێشنیاز کرد و ڕۆژنامەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، پرۆژە بڕیارەکەیان پێش دەرچوونی لە کۆنگرەوە، بڵاو کردەوە".

٣- ئەو بزووتنەوە سۆشیالیستییە عەرەبییەی بوو بە حیزبی یەکبوونی سۆشیالیستی، بەڕەسمی لەسەر هەمان هەڵوێستی پێشووی خۆی مایەوە، هەرچەندە بە زارەکی ددانی نا بە مافی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکبوونی عێراقیدا. ڕێبەری ئەو حیزبە لە دیدارێکی دواییدا، ئەو هەڵوێستە دۆستانەیەی لە دۆزی کوردی، کە خزمەتی دۆزی پتەوکردنی برایەتیی خەباتی هەردوو گەلی برای عەرەب و کورد دەکات، دووپات کردەوە.

٤- ئەو باڵەی بزووتنەوەی سۆشیالیستیی عەرەبی، کە مامۆستا خەیرەدین حەسیب سەرکردایەتیی دەکرد، هەڵوێستی نزیک بوو لە هەڵوێستی حیزبی یەکبوونی سۆشیالیستییەوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لە پێویستیی پتەوکردنی برایەتیی خەباتی هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبی و کوردییەکان لە تێکۆشانی هاوبەشیاندا بۆ بەدیهێنانی ئومێدەکانی هەردوو نەتەوە.

بەکورتی، ڕەوتی ناسری لە عێراق بەرە بەرە لە هەڵوێستەکەی سەرۆک جەمال عەبدولناسر-ەوە نزیک دەبنەوە و چەند گرووپێکیشیان هەمان هەڵوێستی سەرۆک ناسر لە پرسی کوردی، دەگرنە بەر. منیش ئومێدەوارم بەم زووانە ڕەوتی ناسری، لەسەر ئەو هەڵوێستە پێشکەوتنخوازییەی سەرۆک جەمال عەبدولناسر گرتییە بەر، کۆک بن، بەو پێیەی دۆزەکە مەترسیدارە و داهاتووی برایەتیی عەرەبی - کوردی و یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق، لەسەر دۆزینەوەی چارەیەکی ئاشتییانە بۆ ئەم پرسە، وەستاوە. وەک چۆن بە باش و بە خراپیش، کار دەکاتە سەر کرۆکی پیشکەوتنخوازی و دیموکراتیبوونی نەتەوەی عەرەبیش.

لەوانەی سەرەوەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هێزە ڕێکخراوەکانی عێراق، لە نەتەوەیی و دیموکراتی و شیوعی، بە عەرەب و بە کوردەوە، کۆکن لەسەر پێویستیی گۆڕینی یەکبوونی هەنووکەیی عێراقی بە یەکێتییەکی خۆویستانەی برایانە، بە جۆرێک، کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی و بۆ گەلی عێراقیش ئازادییە دیموکراتییەکان، مسۆگەر بکات.

ئەگەر پارتی بۆی هەبێت شانازی بەوەوە بکات، یەکەم حیزبی دیموکراتی کوردستانییە، کە داوای یەکێتیی خۆویستانەی نێوان هەردوو گەلی برای عەرەب و کوردی کردبێت، ئەوا بۆی هەیە شانازی بەوەشەوە بکات، کە تێکۆشانەکەی هاتووەتە بەر و دروشمەکانیشی دەربارەی بەرقەرارکردنی یەکێتیی خۆویستانەی پێشنیازکراو لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، دەنگدانەوە و پشتیوانییەکی بەرفراوانی لە ناوەندی هێزە دیموکراتی و نەتەوەییە عەرەبییەکاندا پەیدا کردووە.

بۆ هەموو هێزە ڕێکخراوەکانی عێراق ڕوون بووەتەوە، کە پتەوکردن و چەسپاندن و گەشەپێدانی یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراق، پێداچوونەوە بە یەکبوونی ناچارییانەی عێراق، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی دەوڵەتانی فرەنەتەوە، دەکات بە حەتمی، بۆ ئەوەی لەسەر بنچینەگەلی دیموکراتی و پاشان مسۆگەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتی عێراقی، یان لە چوارچێوەی یەکێتییەکی فیدراڵ و دیموکراتی عەرەبیدا، بچەسپێنرێت. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، هەوڵی بەردەوامیدان بەو جۆرە یەکێتییە ناچارییە عێراقییە، بنچینەکانی یەکبوونی نیشتمانی، مینرێژ دەکات و دەبێتە هەڕەشە لەسەر بوون و مانەوەی خودی یەکبوونە ناچارییەکەش. پێویستییەکانی مانەوەی عێراقی هەنووکە بە یەکگرتوویی، بریتییە لە دداننان بە ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقدا لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتی عێراقی، کۆماری عەرەب و کورد و کەمینە براکانیشیدا.

بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنانەت پاش ڕاگەیاندنی شۆڕشی کوردی لە کۆتاییەکانی ١٩٦١یشدا، جەخت لەو ڕاستییانەی سەرەوە دەکەنەوە. لەو بڕیارانەدا، لە بارەی یەکبوونی عێراقییەوە، هاتووە: درێژەدان بە کارکردن لە پێناو پاراستنی یەکبوونی ڕاستەقینەی عێراقی و مانەوە لە چوارچێوەی یەکبوونێکی عێراقیدا، کە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانیی دروستدا، فەراهەم بکات، کە سیاسەتێکی دەرەکیی نیشتمانیی دژ بە جەنگ و کۆلۆنیالیزم، پێڕەو بکات. حیزب بوونی وەها دەوڵەتێک بە مەرجێکی جەوهەریی دادەنێت بۆ بەردەوامی و پەرەپێدانی یەکێتیی عەرەبی - کوردی و

پتەوکردنی یەکبوونی ڕاستەقینەی عێراقی.

لە لایەکەوە خەمخواردنی حیزبەکە لە پاراستنی یەکبوونی عێراقی و مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییەکان بەتەواوی بۆ گەلی کورد، لە لایەکی تریشەوە دابینکردنی پێویستییەکانی بەردەوامیدان بەو یەکبوونە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی گەلەکەمان بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ و نیو لە سایەی کۆماری عێراقی و ئەزموونی گەلانی تریشەوە، پێکڕا ناچارمان دەکەن پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکان هاوشێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە زیاتر لە نەتەوەیەک لەخۆ دەگرن، ڕێکبخەین و دیاری بکەین. ئەوەش بە دداننان بە مافی ئۆتۆنۆمیی گەلی کورددا لە چوارچێوە و سنووری کۆماری عێراقی، کۆماری عەرەب و کورداندا.

تێکۆشانی گەلەکەشمان بە سەرکردایەتیی پارتی و شان بە شانی تیکۆشانی گشت هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکان لە عێراقدا، بەری گرت و بووە هۆی گەلاڵەبوونی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی، لەوێشەوە بڵاوبوونەوەی بە نێو ڕیزەکانی حیزب و دەستە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکاندا. پێشهاتەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا لە عێراق، بوونە هۆی ئەوەی حیزبی بەعس، دروشمی ئۆتۆنۆمی وەک چارەسەرێکی دیموکراتی ئاشتییانەی پرسی کوردی لە عێراقدا، بگرێتە بەر. پێشتریش حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی لە ١٩٦٣دا، ددانی بە بوونی گەلی کورددا وەک حەقیقەتێکی مێژوویی، نابوو. چەند گرووپێکی جیابووەوە لە بەعسیش لە پاش تشرینی ١٩٦٣، دروشمی ئۆتۆنۆمییان بۆ گەلی کورد، پەسەند کرد. بەڵام دداننان بە ئۆتۆنۆمیدا بۆ گەلی کورد، لە بەیانی گرنگی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا بوو، کە لە خوارەوە دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە:

## بەیاننامەی ١١ی ئازار

پاساوی یەکەمی شۆڕشی ١٧ی تەمووز، دەربڕینی تووڕەیی گشت جەماوەری عەرەبی بوو، لە هۆکار و بەرپرسانی شکستەکەی حوزەیران و کۆدەنگیی ڕای میللیی عێراقی لەسەر ئیدانەکردنی حوکمڕانیی کۆنەپارێزانەی تاکەکەسییانەی پێشوو، بەهۆی ڕۆڵی شکستخواردوویەوە لەو کۆستە نەتەوەییەدا. ئەوەش بەهۆی دوورەپەرێزیی تەواوی لەگەل و ناتوانایی موتڵەقی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە نیشتمانییانەی قەوارەی نیشتمانییان، دادەخوراند و چارەسەرکردنیشیان، پێشەکییەکی پێویست بوو بۆ هەر نیازێکی ڕاستگۆ لە هەمبەر خڕکردنەوەی هەموو وزە مرۆیی و مادییەکانی عێراق و دانانیان بەبێ هیچ سەرئێشەیەک لە پێگەی سروشتیی خۆیاندا، بە پلەی یەکەمیش لە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕی چارەنووسسازانەی نەتەوەی عەرەبدا.

بۆیە شۆڕش هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە، ئەرکی بەدیهێنانی یەکبوونی نیشتمانیی گەلی عێراقی بەبێ هیچ جیاکارییەک لەسەر بنچینەی ڕەگەز، زمان، ئاین یان بنەچەی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی سەرجەم مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، کە بۆ ئەو یەکبوونە پێویستن، ڕەچاو کردووە، بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت بە هەموو وزە و تواناکانی خۆیەوە بچێتە ئەو شەڕە نەتەوەییە چارەنووسسازەوە. چونکە لە دیدی شۆڕشەوە، لووتکەی ململانێی مێژوویی تاڵی نێوان لە لایەکەوە کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم و خواستە خراپەکانیانە لە نیشتمانی عەرەبدا، لە لایەکی تریشەوە بەرژەوەندییەکانی ڕزگاریی نەتەوەی عەرەب و خەباتکردنی لە پێناو ئامانجە پێشکەوتنخواز و مرۆییەکانیدا.

سەرباری ژمارەیەک تەگەرەی زۆر و ئاڵۆز کە هاتنە ڕێی شۆڕش، هێشتا بە متمانە و باوەڕەوە لەسەر ڕێچکەی ڕزگارکردنی عێراق لە پاشماوەکانی کۆڵۆنیالیزم و نۆکەرایەتی و ملهوڕیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەسەر کارکردن بۆ فەراهەمکردنی هەموو مەرجە پێویستەکان بۆ بنیاتنانی عێراقێکی نوێ، کە بە شێوەیەکی فیعلی یەکسانیی تەواو لە ماف و ئەرک و ڕەخساندنی دەرفەت لە نێوان هاوڵاتییان تێدا بەدیبێت، بەردەوامە...

عێراقێک کە ئاسۆکان لە ڕێی پابەندییەکی نیشتمانیی دەستەجەمعیی دڵسۆزانەوە بۆ یەکێتیی خاکی نیشتمان و یەکێتیی گەلەکەی و ئامانجە سەرەکییە گەورەکانی - یەکبوونی نەتەوەیی و ئازادی و سۆشیالیزم، لە بەردەم هەموو کۆمەڵانی خەڵک بکرێنەوە.

چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە عێراقدا، لە پێشەوەی ئەو کێشە نیشتمانییانەدا بوو، کە بەرۆکی شۆڕشیان گرت، بەتایبەت کە ناتوانایی ڕژێمەکانی پێشوو لە تێگەیشتنی و بگرە نەبوونی خواستێکی ڕاستەقینە لە چارەسەرکردنی و دۆزینەوەی چارەسەری دروست بۆی لە لایەن ئەو ڕژێمانەوە، شان بە شانی هاوکاتی و دەورەدرانیان بە ئیستیغلالکردنی کۆڵۆنیالیزم و پشتیوانان و نۆکەرانیان، بوونە هۆکاری ئاڵۆزکاندنی زیاتری، تا کار گەیشتە ئەوەی وەک تەنگژەیەکی نیمچە مەحاڵ بێتە بەر چاو، بەتایبەت کە چەن ساڵێکە توندوتیژی، چووەتە جێی گفتوگۆی دیموکراتی و برایانە و بابەتییانە لە چارەسەرکردنیدا، لە کاتێکدا سروشتی کێشە نیشتمانییەکە و لەخۆگرتنی مافە نەتەوەییە ڕەوا و دادپەروەرەکانی بەشێک لە گەلی عێراق، ئەوانەی دواتر دەخوازن.

شۆڕش هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتایەوە، بە ڕۆحێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی و بەوپەڕی پابەندبوون بە بنەما دیموکراتیە شۆڕشگێڕییەکانەوە، کاری بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە نیشتمانییە کردووە.

ئەو شۆڕشەی لە کانیاوی تیۆریایی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی دەخواتەوە، باوەڕی وایە کە مافە نەتەوەییەکان، مافی لە جەوهەردا دیموکراتین و یەک لە بابەتەکانیشیان زیندووکردنەوەی کەلەپووری کولتووری و زمان و نەریتەکان و مومارەسەکردنی ویستی ئازادە. پتەوکردنی ئەو مافانەش لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا، بەتایبەت لە هەمان نیشتماندا، پێویستیی بە دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانە هەیە، کە دەیانەوێت پەیوەندیی نێوان ئەو نەتەوانە بە جۆرێک ڕێک بخەن، لە هەستانەوەی هەموویاندا هاوکار بن.

هەموو ئەو پرۆژە و پلانانەی دەیانەوێت پەیوەندیی نێوانیان لاواز بکەن و تۆوی جیاکاری بچێنن، خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ڕۆڵەکانیان ناکەن. وەک چۆن ڕێکخستن و پتەوکردنی پەیوەندییە نیشتمانی و مرۆییەکانی نێوانیان و ملکەچپێکردنیان

بۆ خزمەتی پێشکەوتن، هۆکاری دابینبوونی یەکبوونی ژیانی نیشتمانیین لە کەشێکی پڕ لە برایەتیی نەتەوەیی و ئاشتیدا.

لەژێر کاریگەریی ئەم بنەمایانە، کۆنگرەی هەرێمی (قوتریی) حەوتەمی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی، لە کۆتاییەکانی ١٩٦٨ و سەرەتای ١٩٦٩دا، دەستپێشخەربوو بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی ئیدیۆلۆجی و تیۆریایی حیزبی لەو کێشە نیشتمانییە و دانانی نەخشەڕێگەی بەردەم شۆڕش و دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە. ئەوەش لەو بڕیارانەدا کە پاش کۆنگرەکە دەرچووێنران و دەڵێن:

کۆنگرە جەختی کردەوە، پرسی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا، لە پێشەوەی ئەو پرسانەیە کە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی عەرەبی دەبنەوە. چەند ساڵێک تێپەڕی بەبێ ئەوەی چارەیەکی دروست بۆ ئەو پرسە، بدۆزرێتەوە، کە ئەوەش لە ئەنجامی ناهەقییەوە لە چارەکردنیدا، هەڵنووتان و مەرگەساتی تۆقێنەری تووشی هاوڵاتییانی عەرەب و کورد کردووە. هێزە کۆڵۆنیالیست و کۆنەپارێز و گرووپە نۆکەری و هەلپەرستەکانیش، بەردەوام ئیستیغلالیان دەکرد و گرەویان لەسەر شکستهێنان لە چارەسەرکردنیدا بوو، بۆ ئەوەی دەست وەربدەنە کاروباری عێراق و زۆری بۆ بهێنن و لە یەک کاتدا پیلان دژی مافەکانی عەرەب و کوردیش بگێڕن و زۆرترین زیان بە پێگە و دەستکەوتە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازی و دیموکراتییەکان بگەیەنن، کە لە ماوەی سەردەمانێکی درێژی قوربانیدان و تێکۆشانی هاوبەشەوە پێیان گەیشتوون. هاوکات کۆنگرە دووپاتی کردەوە، کە بەو پێیەی حیزبمان لە تێکۆشان و سیاسەتی خۆیدا، باوەڕی نەتەوەیی مرۆیی سۆشیالیستیی دیموکراتی خۆی کردووەتە بنچینە، هەمیشە ڕێزی لە خواستە نەتەوەییەکانی جەماوەری کورد، بە کرۆکە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازییەکەیانەوە، گرتووە و بە مافەیلی مرۆیی ڕەوای داناون و پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان بەدیهێنانیان و هێز و سەلامەتیی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقی بە ئاڕاستەی لەناوبردنی پاشماوەکانی کۆڵۆنیالیزم و خۆتەرخانکردنی تەواوەتی بۆ شەڕی نەتەوەیی چارەنووسسازی هەنووکە لە فەلەستین و درێژەدان بە خەباتی مێژوویی لە پێناو بەدیهێنانی یەکبوونی عەرەبی و ئازادی و سۆشیالیزم، بەهەند گرتووە.

بۆیە شۆڕش، کە زۆر ئاشکرا پابەند دەبێت بە بنەما و بڕیارەکانی حیزبەوە، مافی نەتەوەیی و پەرەپێدانی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی خۆیانی لە چوارچێوەی یەکبوونی گەل و نیشتمان و ڕژێمی دەستوورییدا، بۆ کوردان بڕیار داوە.

لە کاتێکدا نەتەوەی عەرەب لە گەرمەی خەباتێکی بەرفراواندایە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی ناوخۆیی، کە دەیخەنە هێڵەکانی پێشەوەی خەباتی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بە جۆرێک کە تێکۆشانی گەلی عێراق لە پێناو دیموکراسی و تەنگپێهەڵچنینی هێزە کۆنەپارێزەکان لە ناوچەکەدا - چ جیهانی و چ ناوخۆییش - بەتوندی بە خەباتی نەتەوەی عەرەبەوە گرێ دراوە، ئەوا شۆڕش وا دادەنێت، کە بنچینەی یەکەمی یەکبوونی نیشتمانیی عەرەب و کورد لە عێراقدا ئەوەیە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هاوشێوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی، دیموکراسییە و بابەتییانە دژی خودی ئەو هێزە کۆنەپارێزانە ئاڕاستە دەکرێت و یەکبوونی خەباتیش دژی ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپارێزەکانی تری هاوپەیمان و شوێنکەوتەی، بەرەو لای بزووتەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی لە عێراقدا، کێشی دەکات.

وەک چۆن بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە ڕێی نەریتە مێژووییەکانی برایەتی و یەکبوونی بەرژەوەندیی ئابووری و پەرەسەندنی هاوسەنگ لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردیشدا، بە خەباتی گەلی عەرەبەوە گرێ دراوە. هەر جۆرە تێکدانێکی ئەو هاوسەنگییە، زیان بە خەباتی هاوبەش و هەستانەوەی پێشکەوتنخوازی نیشتمانی بەگشتی، هەر دەگەیەنێت.

کۆڵۆنیالیزم درکی بەوە کردووە، کە یەکبوونی خەباتی عەرەبی - کوردی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی - کوردی بەهێزتر دەکات و پێگەشی لە بەردەم پرۆژە دوژمنکارییە ئیمپریالییە زایۆنییە ئیسرائیلییەکان لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لە پەیوەندیی بە شەڕی نەتەوەیی چارەنوسسازی ئێستای فەلەستین و وڵاتە عەرەبییەکانی دەوروبەرییەوە، پتەوتر دەکات. بۆیە دەزگا کۆڵۆنیالیستی و بەکرێگیراوەکان، خۆ ماندوو دەکەن بۆ ئەوەی زیاتر لە هۆکارێک بۆ لێکترازاندن و دابڕینی جەماوەری عەرەبی و کوردی لە یەکتر، بدۆزنەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی بەرەی تێکۆشانی نیشتمانیی شۆڕشگێڕی لە عێراقدا، لاواز بکەن.

مادام شۆڕش لە تێگەیشتنی پرسی نەتەوەیی، بەوە دەستی پێ کردووە، کە بەشێکە لە شۆڕشی دژی کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزی، ئەوکات شۆڕش لە هەر هەنگاوێکدا بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتمانیی کوردی، بە جۆرێک پابەند دەبێت و تێدەکۆشێت کە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی دژی سەرلەبەری ئەو هێزە نامرۆییانە، پتەوتر بکات و بچەسپێنێت.

بۆیە مومارەسەی خەڵکی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکانیان و بەدیهێنانی هاوشانیی موتڵەق لە دەرفەتی پەرەپێدانی ئازاددا، دوو ڕێگە پێویستەکەن بۆ یەکخستن و پتەوکردنی خەباتی نیشتمانی لە عێراقدا، دژی دوژمنی گەلان و دوژمنانی نەتەوەی عەرەب و گەلی عێراقی، کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراو.

ڕێکەوت نەبوو کە پیلانی کۆڵۆنیالیستیی زایۆنیستیی کۆنەپارێز دژی کۆماری عێراقی، لە هەمان کاتدا بوو، کە نیشانەکانی ئاشتی لە هەموو لایەکی باکووری ئازیزمانەوە، بەهۆی هەوڵی دڵسۆزانەی حکوومەتی شۆڕش و وەڵامگۆیی دڵسۆزانەی سەرکردایەتیی بەڕێز مستەفا بارزانییەوە، چەکەرەیان کردبوو.

شاراوەش نییە کە شۆڕش لای خۆیەوە، دەستی کردووە بە گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ گەڕاندنەوەی دڵنیایی و ئاشتی لە هەموو لایەکی باکووری عێراقدا، بەو پێیەی کاری لەسەر ئەمانە کردووە:

ا- بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی قوتریی حەوتەمی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی و لە ڕێی هەموو بەیاننامە ڕەسمی و ڕۆژنامەییەکانەوە کە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی دەری کردوون، ددان بە بوونی شەرعیی نەتەوەیی کورددا نرا. ئەو ڕاستییەش بە شێوەی کۆتایی لە دەقەکانی دەستووری کاتی و دەقەکانی دەستووری هەمیشەییدا جێ دەگرێت.

ب- ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، بڕیاری دامەزراندنی زانکۆیەکی لە سلێمانی و دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاریی کوردیی، دەرکردووە و هەموو مافە کولتووری و زمانەوانییەکانی نەتەوەی کوردیشی، بڕیار لێ داوە و خوێندنی زمانی کوردیی لە هەموو خوێندنگە و پەیمانگە و زانکۆ و ناوەندی مامۆستایان و کۆلێجی سەربازی و کۆلێجی پۆلیس، کردووە بە ناچاری. وەک چۆن گشتاندنی کتێب و نووسراوە زانستی و ئەدەبی و

سیاسییە كوردییەكانیشی، پێویست كردووە، كە دەربڕی خواستی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی كوردن. هەروەها دەستگیرۆیی ئەدیب و شاعیر و نووسەرانی كورد بۆ ئەوەی یەكێتییەك بۆ خۆیان دابمەزرێنن و بەرهەمەكانیان چاپ بكەن و هەموو دەرفەت و توانایەكیان بخرێتە بەردەست بۆ ئەوەی گەشە بە توانا و بەهرەی زانستی و هونەریی خۆیان بدەن. لەگەڵ دامەزراندنی خانەیەكی چاپ و وەشاندن بە زمانی كوردی و داهێنانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی كوردی و دەرچوواندنی ڕۆژنامەیەكی هەفتانە و گۆڤارێكی مانگانە بە زمانی كوردی و زیادكردنی بەرنامە كوردییەكان لە تەلەڤیزیۆنی كەركووك، تا كاتێك كە وێستگەیەكی تایبەت بە پەخشی تەلەڤیزیۆنی بە زمانی كوردی دادەمەزرێت.

ج- وەك ددانانان بە مافی هاولاتییانی كورد لە زیندووهێشتنەوەی نەریت و جەژنە نەتەوەییەكانیان و لە پێناو بەشداریی هەموو گەل لە جەژنی ڕۆڵەكانیدا، ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا، كە ڕۆژی (نەورۆز) بكرێتە جەژنێكی نیشتمانی لە كۆماری عێراقیدا.

د- هەمان كات ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش، یاسای پارێزگاكانی دەرچوواند، كە ناناوەندێتیی ئیدارەی خۆجێیی لەخۆ دەگرێت و بڕیاری داهێنانی پارێزگای دهۆكیشی دەركردووە.

هـ - هەروەها ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش، بۆ ئەوەی هەموو ئاسەوارێكی دۆخە نەخوازراوە خراپەكانی پێشوو بسڕێتەوە و سیمای ژیانێكی نیشتمانیی نوێ لەسەر زەمینەیەكی پتەوی ئاسایشی گشتی و برایەتیی نەتەوەیی سەرتاپاگیر، بگەڕێنێتەوە، لێبووردنێكی گشتیی سەرتاپاگیری بۆ هەموو ئەو مەدەنی و سەربازییانەی دەركردووە كە لە كارە توندوتیژییەكانی باكووردا بەشدار بوون.

جەماوەری عەرەبی و كوردیی عێراقیش، پشتیوانیی بڕیار و ڕێوشوێنەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕشیان كرد و خۆشحاڵ بوون، كە ئەوەش دۆخی گونجاوی بۆ بەردەوامی لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بالاّیانە ڕەخساند، كە كۆدەنگیی گەلیان لەسەر بوو و ویست و هێز و قسەشی لە دەوری ئەو قسانەدا گیرسایەوە.

لەوەی سەرەوەوە دەبینرێت، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، چەند جارێک پەیوەندیی کردووە بە سەرکردایەتیی بەڕێز مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بیروڕا ئاڵوگۆڕ کراون و هەمووان لەسەر پێویستیی قبووڵکردنی ناوەڕۆکی ئەو بەیانە و جێبەجێکردنیشی کۆک بوون. ئەویش سووربوونی خۆی نیشان داوە لەسەر ئەوەی، کە ڕێوشوێنە کاریگەرەکان بۆ تەواوکردنی هۆکارەکانی هەستانەوەی ڕۆشنبیری و ئابووری و پەرەسەندنی گشتیی ناوچەی کوردی، قووڵتر و فراوانتر بکرێن، بە جۆرێک کە لە پلەی یەکەمدا، ئامانجەکە تواناسازیی جەماوەری کوردی لە مومارەسەی مافە ڕەواکانی و بەشداریی کردەیی جددیی لە بنیاتنانی نیشتمان و خەباتکردن لە پێناو ئامانجە نەتەوەییە گەورەکانیدا بێت. بۆیە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا کە:

١- زمانی کوردی شان بە شانی زمانی عەرەبی، لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەیان کوردن، زمانێکی ڕەسمی دەبێت. لەو ناوچانەشدا زمانی کوردی، زمانی خوێندن دەبێت و زمانی عەرەبییش لە هەموو ئەو خوێندنگانەی بە زمانی کوردی دەخوێنن، دەخوێنرێت. وەک چۆن زمانی کوردییش لە هەموو ناوچەکانی تری عێراق، لەو سنوورەی کە یاسا دەستنیشانی دەکات، وەک زمانی دووەم دەخوێنرێت.

٢- بەشداریی برایانی کوردمان لە حوکمڕانی و جیاوازینەکردن لە نێوان کورد و غەیرە کورد لە وەرگرتنی وەزیفە گشتییەکاندا، بە پۆستە هەستیار و گرنگەکانی دەوڵەتی وەک وەزارەت و سەرکردایەتیی سوپا و ئەوانی تریشەوە، ئەوسا و ئێستاش لەو شتە گرنگانەیە، کە حکوومەتی شۆڕش دەیەوێت بەدیبهێنێت. ئەوەش لە کاتێکدا کە ئەو بنەمایە، پێویستیی بە کارکردنە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەمای لێهاتوویی و ڕێژەی دانیشتووان و ئەو بێبەشییەی برایانی کوردمان لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بۆ ئەوەی بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە بەدیبێت.

٣- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دواکەوتووییەی لە ڕابردوودا لە هەردوو لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە، بەرۆکی نەتەوەی کوردی گرتووە، پلانێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو دواکەوتووییە دادەنرێت لە ڕێگەی:

ا- پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەربارەی

زمان و مافە ڕۆشنبیرییەكانی گەلی كورد و بەستنەوەی ئامادەكردن و ئاڕاستەكردنی بەرنامە تایبەتەكان بە كاروباری نەتەوەی كوردەوە لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا، بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی كوردییەوە.

ب- گەڕاندنەوەی ئەو خوێندكارانەی دەركراون یان بەهۆی دۆخی توندوتیژیی ناوچەكەوە، ناچار بوون واز لە خوێندن بهێنن، بۆ خوێندنگەكانیان بەبێ گوێدانە تەمەنیان، یانیش دۆزینەوەی چارەیەكی گونجاو بۆ كێشەكەیان.

ج- زیادكردنی ژمارەی خوێندنگە لە ناوچەی كوردی و بەرزكردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێركردن و وەرگرتنی خوێندكارانی كورد لە زانكۆ و كۆلێجە سەربازییەكان و نێردە و زەمالەی خوێندن بە ڕێژەیەكی دادپەروەرانە.

٤- فەرمانبەرانی ئەو یەكە ئیدارییانەی زۆرینەیەكی كوردیی تێیاندا نیشتەجێیە، كورد یان كەسانێک دەبن، كە كوردی بە باشی بزانن، گەر هات و ژمارەی پێویستیان بەردەست بوو و بەرپرسە بنەڕەتییەكان (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری ئەمن و ... هتد)یش دادەمەزرێن و دەستبەجێ بە ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێكردنی ئەم بەیانەدا، دەست دەكەن بە پەرەپێدانی دەزگاكانی دەوڵەت لە ناوچەكەدا، بە جۆرێک كە جێبەجێكردنی مسۆگەر بكات و یەكبوونی نیشتمانی و سەقامگیرییش لە ناوچەكەدا پتەوتر بكات.

٥- حكوومەت ددان بە مافی گەلی كورد لە دانانی ڕێكخراوەی خوێندكاران و گەنجان و ژنان و مامۆستایانی تایبەت بە خۆیدا، دەنێت. ئەو ڕێكخراوانەش ئەندام دەبن لە ڕێكخراوە نیشتمانییە عێراقییە هاوشێوەكانیاندا.

٦- ا: كاركردن بە هەردوو بڕگەی (١) و (٢)ی بڕیاری ژمارە ٥٩ی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش لە ٥ی ئابی ١٩٦٨ تا كاتی دەرچوونی ئەم بەیانە، درێژ دەكرێتەوە. ئەوەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، كە لە توندوتیژییەكانی ناوچەی كوردیدا بەشدار بوونە.

ب: كرێكار و فەرمانبەر و گرێبەستە مەدەنی و سەربازییەكان، دەگەڕێنرێنەوە بۆ خزمەت، ئەوەش بەبێ خۆبەستنەوە بە میلاک دەبێت و لە ناوچەی كوردییشدا و بەپێی پێویستییەكانی، سوود لە مەدەنییەكان وەردەگیرێت.

٧- ا: پێکهێنانی دەستەیەک لە کەسانی شارەزا، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە و بە زووترین کات، ناوچەی کوردی هەستێننەوە و لە زیانەکانی چەند ساڵەی کۆتاییش، قەرەبووی بکەنەوە و بودجەیەکی پێویستیش بۆ جێبەجێکردنی ئەوە دابین بکرێت. ئەو دەستەیەش سەر بە وەزارەتی کاروباری باکوور دەبێت.

ب- ئامادەکردنی پلانی ئابووری بە جۆرێک، کە پەرەپێدانی هاوشانی هەموو ناوچە جیاوازەکانی عێراق مسۆگەر بکات، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی دواکەوتوویی لە ناوچەی کوردیدا.

ج- تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانی ئەو پیاوە کوردانەی بزووتنەوەی چەکداریی کوردی، کە لە دۆخی ناهەمواری کوشتار و شەڕدا شەهید بوون، هەروەها بۆ پیران و شێوێنراوانیش بەهۆی هەمان دۆخەوە، بەپێی یاسایەکی تایبەتی هاوشێوەی یاسا بەرکارەکان.

ها- کارکردنی خێرا بۆ بەدەمەوەچوونی زیانلێکەوتووان و نەداران لە ڕێی پرۆژەی نیشتەجێکردن و هی تریشەوە، کە هەلی کار بۆ بێکاران دەڕەخسێنێت، لەگەڵ پێدانی پیتاکی مادی و نەختینەیی گونجاو و پێدانی قەرەبووی ماقووڵ بەو زیانلێکەوتووانەی پێویستییان بە یارمەتییە. ئەوەش بە لیژنەی باڵا دەسپێردرێت و ئەو کەسانەشی بڕگەکانی پێشوو دەیانگرێتەوە، لەمیان بەدەر دەکرێن.

٨- گەڕاندنەوەی دانیشتووانی عەرەب و کورد بۆ جێگەکانی پێشوویان. بەڵام دانیشتووانی ئەو گوندانەی دەکەونە ئەو ناوچانەی کە ناکرێت ببنە شوێنی نیشتەجێکردن و حکوومەتیش بۆ سوودی گشتی بەپێی یاسا دەیانکات بە موڵکی خۆی، لە ناوچەیەکی نزیکی ئەوەی خۆیان نیشتەجێ دەکرێن و بۆ ئەو زیانانەی بەو هۆیەوە بەریان دەکەوێت، قەرەبوو دەکرێنەوە.

٩- پەلەکردن لە جێبەجێکردنی یاسای کشتوکاڵی لە ناوچەی کوردی و هەمواکردنەوەی بە شێوەیەک، کە لەناوبردنی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان مسۆگەر بکات و هەموو جووتیاران، پارچەی گونجاوی زەوی وەربگرن و لە باجی کشتوکاڵیی کەڵەکەبووی سەریان لە چەند ساڵی شەڕی ناهەمواردا، ببەخشرێن.

١٠- لەسەر هەموارکردنەوەی دەستووری کاتی بەم شێوەیەی خوارەوە، ڕێککەوتین:

ا- گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد. ئەم دەستوورەش مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافی هەموو کەمینەکانیش لە چوارچێوەی یەکبوونی عێراقیدا دەسەلمێنێت.

ب- زیادکردنی ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ مادەی چوارەمی دەستوور:

"زمانی کوردی بە تەنیشت زمانی عەرەبییەوە، زمانی ڕەسمیی ناوچەی کوردی دەبێت".

ج- جێگیرکردنی ئەوانەی سەرەوە لە دەستووری هەمیشەییدا.

١١- گەڕاندنەوەی ڕادیۆ و چەکە قورسەکان بۆ حکوومەت، ئەوەش پەیوەست دەبێت بە جێبەجێکردنی قۆناغەکانی کۆتایی ڕێککەوتنەکەوە.

١٢- یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆککۆمار، کورد دەبێت.

١٣- یاسای پارێزگاکان بە جۆرێک هەموار دەکرێتەوە، کە جێبەجێکردنی ئەم بەیانە مسۆگەر بکات.

١٤- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست پاش ڕاگەیاندنی بەیانەکە، بە ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنی، بە مەبەستی یەکخستنی ئەو پارێزگا و یەکە ئیدارییانەی بەپێی ئەو سەرژمێرییە ڕەسمییانەی دەکرێن، زۆرینەی کوردی تێدا نیشتەجێن. دەوڵەتیش هەوڵ دەدات پەرە بەو یەکە ئیدارییە بدات و مومارەسەی گەلی کوردیش تێیدا، قووڵتر و فراوانتر دەکات، بۆ ئەوەی مافە نەتەوەییەکانی گەرەنتیی وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی بن. تا کاتێک ئەم یەکبوونە ئیدارییە بەدیدێت، کاروباری نەتەوەی کورد لە ڕێی کۆبوونەوەی خولیی نێوان لیژنەی باڵا و پارێزگاکانی ناوچەی باکوورەوە، بەڕێوە دەبرێن. بەو پێیەشی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا دەبێت، بە سروشتی حاڵ وەبەرهێنانی سامانە سروشتییەکانی ئەو ناوچەیە، لە پسپۆڕیی دەسەڵاتەکانی ئەم کۆمارەدا دەبێت.

١٥- گەلی کورد بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی لە کۆی دانیشتووانی عێراق، لە دەسەڵاتی یاسادانانددا بەشدار دەبێت.

**هاوڵاتییانی کورد ...**

ئەم دەستکەوتانەی شۆڕش بەدیهێناون، جگە لە پەیژەیەک بۆ گەیشتن بە هەموو ئامانجە نەتەوەییەکانتان لە سایەی ئەم نیشتمانە ئازیزە و یەکبوونی گەلە مەزنەکەیدا، هیچی تر نییە.

مێژووش شایەتی ئەوە دەبێت، کە پێشتر و لە داهاتووشدا هەرگیز برایەکی دڵسۆز و هاوپەیمانێکی هەمیشەیی وەک گەلی عەرەبتان، نەبووە و نابێت.

**ئەی جەماوەری گەلی مەزنمان ...**

تەنیا ویستی ئێوە لە یەکبوونی نیشتمانی، سەردەکەوێت. لەسەربەردی هۆشیاریتان بە بەرپرسیارێتییە مێژووییەکانیشتان، هەموو ئەو هەولانە تێکدەشکێنرێن، کە بەنیازن خەباتی پێکەوەییتان لاواز بکەن. گرۆی تێکۆشەرانتان ئەوڕۆ تۆزی دەسیسەی دوژمن و چاوچنۆکانتان دەتەکێنن، بۆ ئەوەی وەک یەک کوتلە پێکەوە بڕۆن. لێوانلێون لە هێز و هۆشیاری و ویستی کار و خەبات بۆ سەرخستنی مەزنترین دۆزی نەتەوەی عەرەب، فەلەستین. هەروەها بۆ ئەوەی ئامانجە باڵاکانی ئێوە لە یەکێتی و ئازادی و سۆشیالیزم بەدیبهێنێت.

**ئەی جەماوەری تێکۆشەری نەتەوەی عەرەبمان ...**

بەم شێوەیە لاپەڕەیەک لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەم وڵاتە تێکۆشەرە، تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی بە دەستی شۆڕش و دەستی هەموو ڕۆڵە تێکۆشەرە ئازادیخوازەکانی ئەم وڵاتە، لاپەڕەیەکی نوێی پرشنگدار هەڵبدرێتەوە، کە دیسانەوە مەرجەکانی خۆشەویستی و ئاشتی و برایەتیی دوو نەتەوە، لەسەر ئەم خاکە جوانە نوێ ببنەوە، کە مێژوویەکی خەباتگێڕیی هاوبەشی درێژیان هەیە و ئەمڕۆ و سبەینێ و بۆ ئەبەدیش، شەرەفی زیندووکردنەوەی تێکۆشانی هاوبەشیان لە پێناو لەناوبردنی دوژمنانی هەردوو نەتەوەدا، پێ دەبڕێت ... دوژمنانی هەموو گەلان و مرۆڤایەتییش ... کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم و دواکەوتوویی. هەروەها شەرەفی بەشداریکردنی هاوبەش لە پاڵپشتیی

خەباتی مرۆییدا لە پێناو ڕزگاری و پێشکەوتن و چەسپاندنی شارستانێتیی سەردەم لەسەر بنچینەکانی ماف و یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان هەموو گەلاندا.

**بەرەو تێکۆشانی هاوبەش و ئومێدی هاوبەش و سەرکەوتنی نەتەوەیی و مرۆیی هاوبەش.**

**ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش**

**١١ی ئازاری ١٩٧٠**

# پاژی پێنجەم

## نەتەوەی کورد بەرەو کوێ؟

پاش زیاتر لە پەنجا ساڵ تێکۆشانی سەخت و چەندان ساڵ شەڕ، کە بە ناهەق خوێنی پاکی کورد و عەرەب لە هەموو جێیەکی کوردستانی عێراقدا، ڕژاوە و بەفیڕۆ دراوە، پاش هەوڵی زۆری حیزب و هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتییە عەرەبییەکان و پاش ئەوەی کۆنگرەی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی، ددانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورددا نا، بەیانی ئازاری ١٩٧٠ لە لایەن سەرۆک کۆماری عێراق، ئەحمەد حەسەن بەکرەوە دەرکرا. بەوەش نەتەوەی کورد، سەرباری دۆخ و وردەکاریی ئاشکرا و نهێنی، کە پێ بە پێی دۆزی کوردی هاتن، هەر لە هەڵگیرسانی کۆتا شۆڕشەوە لە ساڵی ١٩٦١وە تا دەرچوونی ئەو بەیانەی ئازار، هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشەوە نا.

دۆزی کورد لە عێراقدا، بوو بە پرسی مەترسیداری هەنووکەیی و دۆزینەوەی چارەیەکی دادپەروەرانەی دروست بۆی، بوو بە پرسێکی هەنووکەیی تەنگەتاوکەر و نەتەوەی کوردیش بوو بە خاوەن کاریگەریی گرنگ لە ڕووداوەکانی نێو عێراقدا. هەروەک جیهانیش بە دادپەروەریی ئەو دۆزەیان زانی و بیری عەرەبیی سەردەمیش لە هەمبەر ئەو دۆزە، بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتنخوازانەدا گەلاڵە بوو، بەو پێیەی حیزبە پێشکەوتنخواز و دیموکراتییەکانی عێراق و ئەوانی تریش، مافی ئۆتۆنۆمیی گەلی کوردیان لە چوارچێوەی عێراقدا، پەسەند کرد. هەروەها دژی جەنگ و کوشتاری برایان و لە پێناو دانانی سنوورێکی کۆتایی بۆ مەرگەساتی خوێناوی لە عێراقدا، بۆ ئەوەی گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە، یەکبوونی نیشتمانیی خۆی بەهێز بکات و حوکمڕانییەکی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشگێڕ، کە نوێنەرایەتیی ئیئتیلافی هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبی و کوردییەکان و غەیری ئەوانەش بکات، دابمەزرێنێت. وەکی تریش بۆ ئەوەی عێراق

بتوانێت پێگەیەکی شیاو بە خۆی لە ڕیزی گەلانی عەرەبیی تێکۆشەر دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیدا، داگیر بکات و سوپای عێراقییش بتوانێت خۆی بۆ ئەرکە پیرۆزەکەی لە فەلەستین، بۆ ڕێگرتن بە شەڕەنگێزیی ئیمپریالیی زایۆنی و ڕزگارکردنی فەلەستین لە دەستدرێژکەرە زایۆنیستە فاشیستەکان، تەرخان بکات. بەو شێوەیە دەبینین، دەرکردنی بەیانی ئازاری ١٩٧٠ بایەخ و ڕەوایەتیی زیاتری بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، بەخشی و دۆزی کوردیی لەسەر شانۆی سیاسی زەق کردەوە و دۆخی هەنووکەییش حکوومەتی عێراقیان ناچار کردووە هەوڵی جێبەجێکردنی بەیانەکە بدات و گوێ لەو داواکارییانەش بگرێت، کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی چەکداریی کوردی پێشکەشیان دەکات. ئەوەش وای کرد ئەو کەسانەی زۆر گەشبینن، ئومێدەوار بن هەردوو لایەن هەموو ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و دواتریش جەنگ و کوشتاری برایان بە یەکجاری کۆتایی پێ بهێنن و دۆخێکی نوێی ئەوتۆ بخوڵقێنن، کە نوێبوونەوەی مەرگەساتەکە قورس و پاشان مەحاڵ بێت. بەڵام من پێم وایە نەتەوەی کورد، ناتوانێت لە چوارچێوەی کۆمارێکی عێراقیی پێشکەوتنخوازدا، مافە نەتەوەییە ڕەواکانی بەدەست بهێنێت و ممارەسە بکات، ئەگەر بزووتنەوە ڕەواکەی نەبێت بە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی شۆڕشگێڕیی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆ و کۆنەپارێزی و لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی عەرەبی عێراقیش لە بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا، هاوخەبات نەبێت و هەروەها ئەگەر نەتەوەی کورد ئەرکە مێژووییەکەی و سروشتی شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکەی و هێزە بزوێنەرەکانی، چ بنچینەیی و چ پێشڕەویش، درک نەکات و پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕی سۆشیالیستیی زانستی، سەرکردایەتیی نەکات و پێگەی سروشتیی خۆی لە ڕیزی بەرەی گەلانی شۆڕشگێڕی خۆرهەڵاتیماندا، داگیر نەکات، ئەو بەرەیەی بەهۆی دۆخی هەنووکەییەوە، پاڵی بە نەتەوەی شکۆداری عەرەبەوە ناوە بۆ پێشەنگایەتی و گەلی یاخیی فەلەستینییشی، کردووەتە پێشەنگ و پێشڕەو تێیدا.

تەنیا ئەگەر نەتەوەی کورد ئەم ڕاستییانە بزانێت و لێیان حاڵی ببێت و لە سایەیاندا بۆ مافەکانی تێبکۆشێت، ئەوکات گشت مافە نەتەوەییەکانی، لە مەودای نزیکدا ئۆتۆنۆمی و لە مەودای دووریشدا مافی چارەی خۆ نووسینی هەموو نەتەوەی کورد، بەدەست

دەهێنێت. ئەگینا چارەنووسی ئەم بەیانەش، لەوانەی سیڤەر و تشرینی دووەمی ۱۹۲۲ لە بارەی پێدانی مافی حوکمڕانیی نیشتمانیی کوردی بە گەلی کورد و بەیانەکانی کۆمەڵەی گەلان لە بارەی پابەندکردنی دەوڵەتی عێراق بە ڕێزگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کوردان، باشتر نابێت.

بۆیە دەبینین لایەنە ئیمپریالی و سەنتۆییەکان، وەک هەوڵێکی سەختیان بۆ بەستنەوەی نەتەوەی کورد بە پلانە تاوانکارییەکانیانەوە، هەروەها بۆ فریودانی خەڵکی کورد و لادانی تێکۆشانیان و بڵاوکردنەوەی پۆخڵەواتی نەتەوەیی ڕاستڕەوانەی دوورەپەرێزانە لە نێوانیان و لەباربردنی کرۆکی پێشکەوتنخوازانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردان و گۆڕینی بە بزووتنەوەیەک، کە لەبری ئەوەی هێزێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازانە بێت، وەک ئەوەی دەبێت ببێت، بزووتنەوەیەک بێت لە خولگەی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزیدا بخولێتەوە، هەوڵ دەدەن درۆ و هەڵیت و پەڵیت لە ڕیزەکانی نەتەوەی کورددا بڵاو بکەنەوە. ئەو لایەنانە هەوڵ و پارەی خۆیان دەخەنە گەڕ و دەسەڵاتی نێو پایتەخت و شاخەکانیشیان بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی پیلانگێڕییە شەیتانییەکانیان، ببەنە سەر و نەتەوەی کوردیش ڕێگەی ڕزگاری و پێشکەوتنی، نەزانێت و لەسەریشی نەڕوات.

بەو شێوەیە لە گەرمەی ململانێی توندی نێوان هێزە ئیمپریالی و زایۆنی و کۆنەپارێزە یەکگرتووەکانی نێو بەرەیەکی دژی گەلان لەلایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی گەلانی هاوپەیمانی بابەتیی خۆرهەڵاتماندا، لە گەرمەی وەها ململانێیەکدا، کە چارەنووسی گەلانمان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانیان دیاری دەکات، ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە: نەتەوەی کورد بەرەو کوێ؟ لە تێکۆشاندا لەگەڵ کێدا دەڕوات؟ لە خەباتی لە پێناو مافە ڕەواکانیدا، پشت بە کێ دەبەستێت؟

ئەم تاووتوێیەی بەردەستت، هەوڵێکی خاکەڕایانەیە، بۆ ئەوەی وەڵامێکی ڕاستی ئەو پرسیارە بداتەوە. کە وایە با لە شیکردنەوەی سروشتی ئەو ململانێ توند و ترسناکە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردیمان تێیدا، دەست پێ بکەین، دواتر ڕۆڵی ئێمە تێیدا و ئەرکی هەنووکەیی تێکۆشانمان لەو بارەیەوە، واتە لە هەمبەر گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی، کە لە ئەنجام و پێدراوەکانی ئەو ململانێیە جیا نابێتەوە.

لایەنە ئیمپریالییەکان لە هەوڵی زۆری خۆیان بەردەوامن، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتانی خۆرهەڵاتماندا، بسەپێنن و بەردەوام بن لەسەر تاڵانکردنی خێروبێر و سامانی نەوتی و کانزایی و دارایی گەلانمان و بۆ ئەوەشی، کە پەرەسەندنی کۆمەڵگەکانمان پەک بخەن. لەوێشەوە بۆ ئەوەی هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتمان، بکەنە ناوچەی قەڵەمڕەویی ئیمپریالیزم و دزینی دەستکەوتی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی درێژخایەنی گەلانی خۆرهەڵاتمان و پشتگرتنی ڕژێمە کۆنەپارێزەکانی لایەنگری ئیمپریالیزم و لەناوبردنی بزووتنەوە ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕە هەڵکشاوەکان، بۆ ئەوەی کاری بۆرجوازیی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی لە مژینی خوێنی گەلانمان و کۆکردنەوەی قازانجی زەبەلاح و ئەفسانەیی لە ڕێی هەژارکردن و تاڵانکردنی گەلان و وڵاتانی دەوڵەمەندمان بە سامانی سروشتی و لە پێناو کردنی بازاڕی وڵاتەکانمان بە ناوەندی فرۆشتنی کاڵاکانیان و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان ئاسان بکەن.

ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتی، لە سەرووی هەموویانەوە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە تاوانکارییانەی، دەوڵەتی ئیسرائیل، کە زایۆنیزمی جیهانی کردوویەتی بە قەڵایەکی پێشەنگی ئیمپریالی لە خۆرهەڵاتمان و بە بنگەیەکی سەربازییش بۆ شەڕەنگێزی و سەگێکی پاسەوانیی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و بۆرجوازیی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی، بەکار دەهێنێت. وەک چۆن ئیمپریالیزم، حوکمڕانیی شاهەنشاهیی کۆنەپارێزی ئێرانی و ڕژێمە عەرەبییە کۆنەپارێز و بەکرێگیراوەکانیش وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی دژی بەرژەوەندیی هەموو گەلانی خۆرهەڵاتمان، بە گەلی کوردیشەوە، بەکار دەهێنێت.

زایۆنیزم بە پشتیوانیی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، لە شەڕەنگێزیی تاوانکارانەی خۆی دژی گەلی فەلەستین و گەلانی عەرەبی دراوسێی فەلەستین و لە داگیرکردنی خاکی فەلەستین و زەوتکردنی مافەکانی گەلی فەلەستین، بەردەوامە، کە یاخی بووە و چەکی بە دەستەوە گرتووە و ڕێی شۆڕشگێڕیی دروست بەرەو ڕزگاری و شکۆ، ڕێی جەنگی میللیی شۆڕشگێڕیی درێژماوە و پشتبەستووبە هێزی خوڵقێنەری جەماوەر وەک ئەوەی بەهێزترین پەناگەی شۆڕش بێت، بەرنادات. ئەو گەلە تێکۆشەرە لەو تێکۆشانە ڕەوایەیدا،

سۆزی هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی جیهانی لەگەڵدایە. کۆمەلانی خەڵکی شۆڕشگێڕی خۆرهەلاتمان بە چاوی پڕ لە سۆز و پشتیوانییەوە، لە شۆڕشی فەلەستینی دەڕوانن. چونکە یەکەم، وەک شۆڕشێکی ڕەوا سەیری دەکەن. دووەم، وەک پێشڕەوێکی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی، کە نەتەوەی عەرەب و پاشماوەی تری گەلانی خۆرهەلاتمان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بەڕێوەی دەبەن. سێیەم، لەبەر ئەوەی هەموو پێویستی و توانا و مەرجێکی تێدایە بۆ ئەوەی ببێتە شۆڕشێکی عەرەبیی سەراپاگیر، کە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، بهەژێنێت و ڕژێمە کۆنەپارێزە ناپاکە عەرەبییەکانیش، بڕووخێنێت. چوارەم، لەبەر ئەوەشی کە ئیلهامبەخشی گەلانی خۆرهەلاتمانە و نموونەیەکی زیندوو و ڕاستەقینەی تێکۆشانی سەرفرازیان دەداتێ، مەبەستم شێوازی تێکۆشانی جەماوەریی شۆڕشگێڕییە لە جەنگی میللیی شۆڕشگێڕیی درێژماوەدا.

هەر ئەوەش نا، بەڵکو لەبەر ئەوەشی کە زایۆنیزمی فاشیست، دەوڵەتە بۆرجوازییە کۆنەپارێزەکەی خۆی لەسەر ڕەگەزپەرستی و شەڕەنگێزی و زەوتکاری بەگوێرەی یاسای دارستان، دامەزراندووە، کە ڕێگە بە دڕندە بەهێزەکان دەدات، بە پێچەوانە و تێپەڕاندنی مافی چارەی خۆ نووسینی گەلانەوە، ئەو مافەی گەلان لە تێکۆشانی نیشتمانیی ڕزگاریی ڕەوای خۆیاندا وەک پاڵپشتێکی یاسایی سەیری دەکەن، ڕاوی گیانلەبەرە بێزیانەکان بکەن. لەبەر ئەوەشی زایۆنیزم لە تاوانکاری و زەوتکارییدا بە هاوکاریی ئیمپریالیزمی ئەمەریکیی هاربوو، زۆر دەڕوات، بۆیە بەپێچەوانەی یاسا و نەریتی نێودەوڵەتی و چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانییەوە، زەوییەکی زۆر، کە هی دەوڵەتانی سەربەخۆی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، داگیر دەکات. هەروەها لەبەر ئەوەی ڕۆڵی سەگی پاسەوانیی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم دەبینێت و ئیرهابی فاشیستی دژی کۆمەلانی خەڵکی عەرەبی تێکۆشەر، پێڕەو دەکات و قێزەونترین ئامرازی دڕندە و بەربەری دەرهەقی خەڵکی مەدەنیی فەلەستین و ولاتانی عەرەبیی دراوسێی، بەکار دەهێنێت. بە بەرچاوی جیهانەوە، مافیای زایۆنیستی، بەکۆمەڵ منداڵ و خوێندکاری بچووک و کرێکار و ژنی بێگوناهی دانیشتووان دەکوژن، ماڵ و کۆشکەکان بەسەر سەری خاوەنەکانیاندا دەڕووخێنن، مزگەوتی ئەقسا دەسووتێنن، پەرستگە و خوێندنگەکان تێک دەدەن، ترس

و ماڵوێرانی لەو ناوچانەدا بڵاو دەکەنەوە، کە هێزە چەکدارەکانیان داگیریان کردووە و چەکی ئەمەریکی دژی کرێکاری کارگەکان و خوێندکاری بچووکی خوێندنگەکان و ئیمانداران لە پەرستگە و مزگەوتەکانیان و خەڵک لە ماڵەکانیاندا، بەکار دەهێنن. بەوەش زایۆنیزم سروشتی ڕەگەزپەرستانەی فاشیستانەی خۆی ئاشکرا دەکات، وەک چۆن پێکەوەبەسترانی چارەنووسسازانەی لەگەڵ ئیمپریالیزم و ڕۆڵی لە پرۆژە دۆزەخییەکانیدا دەردەکەوێت.

هەرچی کۆنەپارێزیی بەکرێگیراویشە لە ئێران و دەوڵەتانی عەرەبی، سیاسەتی نۆکەری بۆ ئیمپریالیزم، پێڕەو دەکەن و لە گێڕانی ڕۆڵی خۆیان لە پلانی ئیمپریالیزمدا بەردەوامن، کە دەیەوێت خۆرهەڵاتمان بگەڕێنێتەوە دۆخی شوێنکەوتەیی ڕەها بۆ ئیمپریالیزم و توندکردنی کۆتی کۆیلایەتی کۆڵۆنیالیستی لە گەردنی گەلانی ناوچەکە و پشتگرتنی ڕژێمە کۆنەپارێزەکان، کە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری و کۆنەپارێز و گرووپە بەکرێگیراو و سوودمەندانن، بۆ ئەوەی هەمیشە دەسەڵات و بوونی کۆمپانیا قۆرخکارییە نەوتییەکان و پاراستنی بازرگانی و پەیوەندییە بازرگانییەکان لە بەرژەوەندیی ئیمپریالیزم بچەسپێنن.

لەو بوارەشدا - بواری خیانەتی نیشتمانی و نۆکەری بۆ ئیمپریالیزم - حکوومەتی شای بەکرێگیراو وەک دڵگەرمترین و سەرەڕۆترین لە جێبەجێکردنی پلانەکانی ئیمپریالیزم و هاریکاریی ئاشکرا لەگەڵ زایۆنیزم و کۆنەپارێزییە عەرەبییە بەکرێگیراوەکاندا، دەردەکەوێت.

ڕژێمی ناپاکی شا، کە پشتی بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و یارمەتییە ئابووری و سەربازییەکانی ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی بەستووە و ئەوەش بەندە بە سازشکردن لە نێوان دەوڵەتە زلە دەستڕۆیشتووەکانی ناوچەکە و ڕێک کەوتنی درۆینەیان لەسەر "پاراستنی هاوسەنگی"، ڕژێمێکە نوێنەرایەتیی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری و ناوەندە ڕاستڕەوە سوودمەندەکانی سوپا و دەزگا جیاوازەکانی تر، دەکات و دژی بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی گەلانی ئێرانییە، لە پێش هەمووشیانەوە گەلی کورد، کە ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەی دڕندانە، هەر لە چەوساندنەوەی کۆڵۆنیالیستی و نەتەوەییەوە تا چەوساندنەوەی مەزەبی و چینایەتی، دەبێتەوە. هاوکات ڕژێمی شا، بە مەبەستی

جێبەجێکردنی پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییە زایۆنییەکان، لەگەڵ زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراوی عەرەبیدا، هاوپەیمانێتییەکی توندوتۆڵی هەیە. شا لە بوارەکانی سیاسەتی ناوخۆیی (خەڵەتاندنی گەل بە شۆڕشی سپیی درۆینە)، سیاسەتی دەرەکی (خەمخۆری لە ئیسلام و گەلانی ئاریایی) و سیاسەتی نەوتی بە کردنەوەی دەرگا بە ڕووی قۆرخکاریی ئیمپریالیدا، فەرمانی ئاغا ئەمەریکییەکانی جێبەجێ دەکات. هەموو ئەوانەش لە بەرامبەر پاراستنی عەرشەکەی، کە لەسەر کەللەسەری ئازادیخوازە فارس و کورد و ئازەرییەکان و گەلانی تری ئاریایی بەندە، ئەوانەی دژوارترین دۆخیان هەیە بە دەستی ڕژێمە کۆنەپارێزە تاوانکارەکەیەوە.

شا، کە ڕۆڵی ئاهەنگگێڕ دەبینێت لە کۆکردنەوەی گومانلێکراوی کۆنەپارێزان لە ژێر پەردەی ئیسلامدا، ئێستا دەستپێشخەرە لە سەرکردایەتیکردنی تیمی بەکرێگیراواندا بە مەبەستی چوونەسەری پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیزمی زایۆنیستی، کە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمە ئازادیخوازەکان و چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیستییە لە کەنداو و پاشان لەناوبردنی شۆڕشی فەلەستینی، کە هاوکات مانای پشتگرتنی قەوارەی زایۆنیستییشە.

شا، کە بووەتە دەلاڵ و جاڕچی لە بواری پیلانگێڕی دژی گەلانی خۆرهەڵات و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە شۆڕشگێڕییەکانیان - لە نێویشدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕیی کوردیدا - زۆر هەوڵ دەدات لە ژێر ناوی بەرگریکردن لە "ڕەگەزی ئاریایی" و ئیسلامدا، پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییە زایۆنیستییەکان، سەربخات. ئەوەتا ڕۆڵەی گەلانی ئاریایی دەچەوسێنێتەوە و تێکۆشەرانیان دەکوژێت و بە دەیان کورد سەردەبڕێت و هاوشێوەی گەلانی تری ئێرانی، حوکمڕانیی کۆیلایەتی و برسیکردن و گەوجاندن و بێبەشکردن لە هەموو مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کورددا دەسەپێنێت، تا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە نکۆڵیی لە بوونی نەتەوەی کورد بکات. کەچی فرمێسکی تیمساحی بۆ کوردانی عێراق دەڕێژێت، نەک لەبەر ئەوەی گەلی کورد مافی ڕەوای خۆی لە ئۆتۆنۆمیدا وەربگرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بیکاتە بیانوویەک بۆ دەستوەردانە کاروباری کۆماری سەربەخۆی عێراقی، کۆماری عەرەب و کوردەوە. هەروەها بۆ ئەوەی سەروەریی عێراق و

سەربەخۆیی نیشتمانیی، بخاتە ژێر پێوە. کاتێک شا زۆر بێ چاو و ڕووانە لە لێدوانی ڕەسمی و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤیزیۆنیدا (لە فەرەنسا و ڕۆمانیا بۆ نموونە) ڕایدەگەیەنێت، کە هاوکاریی سەربازی و مادیی داوەتە کوردانی جەنگاوەر دژی حکوومەتی عێراقی، لە پشتی ئەوەوە مەبەستی خێری کوردان و یارمەتیدانیان لە بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیاندا نییە، چونکە شا کە تاڵیی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی و ئیمپریالیی بە ملیۆنان کوردی گیرۆدەی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی ڕەشی خۆی چەشتووە، لەو ڕاستییە نەبان نییە، کە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی و لەسەر بنچینەی دیموکراتی شۆڕشگێڕانە، کوردستانی عێراق دەکاتە بنگەیەک بۆ تێکۆشانی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی کوردی بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی تری کوردستانیش، لە پێشیانەوە کوردستانی ئێران. وەک چۆن یارمەتیی گەلانی تری ئێرانیش دەدات، کە لە ئیمپریالیزم و شاگردەکەی، واتە حکوومەتەکەی شا، ڕزگاریان ببێت.

بۆیە ناکرێت یارمەتییە سەربازی و بانگەشەییەکانی شا، جگە لە پیلانگێڕییەک دژی نەتەوەی کورد، شتێکی تر بن، کە ئامانجی لادانی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی کوردییە لە ڕێی شۆڕشگێڕانەی مێژوویی خۆی، ڕێی تێکۆشانی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە دژ بە ئیمپریالیزم و دروستکراوەکانی وەک شا و ڕژێمە کۆنەپارێزە زەوتکارەکانی خاکی کوردستان، ڕێی خەباتی پێکەوەیی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ گەلانی عەرەب و ئێرانی و تورکی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراو و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری. کە وایە شا مەبەستێتی کرۆکی دیموکراتی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، لەبار ببات، بەنیازیشە باڵی شۆڕشگێڕانە و مۆرکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانەی، لەناو ببات، بۆ ئەوەی ئیستیغلالی جەنگ و کوشتاری برایان لە عێراق بۆ لاوازکردنی حوکمڕانیی کۆماریی عێراقی، ئاسان بکات و هەرچی وزە و توانای گەلی عێراق هەیە، لە شەڕی لابەلای زیانبەخشدا دابدۆشێت، بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێنێتەوە کۆشی ئیمپریالیزم و دواتریش دانانی پەیماننامەیەکی نوێی سەعد ئاباد بۆ لەناوبردنی سەرجەم بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە باڵی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی بۆرجوازی و خێڵەکیشەوە. ئەو شا-یەی خوێنی ئاڵ و پاکی کوردی لە نینۆکانی دەتکێت و دەستانی بە خوێنی شەهیدانی

نەمری کوردستان، قازی محەمەد و ئیسماعیل شەریف زادە و مەلا ئاوارە و عەبدوڵڵا موعینی و سەدانی تر لەباشترین ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان، سوورە؛ ئەو شا جەلادەی کە دەستی بە خوێنی شەهیدانی رزگاری و دیموکراسی لە ئێران سوورە، چەشنی دکتۆر سەید حسێنی فاتمی، خەسرەو روزبە، کەریم پوری شیرازی و عەقید موبەشیری و موهەندیس عەلەوی و چەندانی تر لە تێکۆشەران و ئەفسەرانی ئازادیخواز.

ئەو شایەی باکی بە خوێنی ئاڵی ڕزگاریخوازانی گەلانی ئاری نییە، جگە لەو نازناوەی کە ڕزگاریخوازانی ئێران پێیان داوە، کە ئەویش (ئاریاکین)ە، شایەنی هیچ نییە. شایەکی لەو جۆرە کە ڕژێمە کۆنەپارێزە بەکرێگیراوەکەی، بەربەستێکی سەختە لە ڕێگەی ڕزگاری و گەشانەوەی ئێراندا، هیچ نییە جگە لە دوژمنێکی سەرسەختی گەلانی ئێرانی، بە گەلی کوردیشەوە. ناشتوانێت جگە لە سەرشۆڕی و کۆیلایەتی و بێدەرەتانی و بێنەوایی، شتێکی بۆ گەلانی ئێرانیی بوێت. ئەو فرمێسکی تیمساحییەی وەها (ئاریاکین)ێکی کینەلەدڵی تینوو بە خوێن، بۆ گەلی کوردی عێراقی دەڕێژێت، نابێت تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی کورد لە عێراق و ئێرانیش هەڵخەڵەتێنێت.

ئەو شایەی ئەو پیاوە ئاینییە ڕزگاریخوازانە دەچەوسێنێتەوە، کە شوێنکەوتەیی ئیمپریالی، ڕەت دەکەنەوە و دژی گۆڕینی ئێرانیشن بە بنگەیەک بۆ ئیمپریالیزمی ئەمەریکی - دوژمنی سەرەکیی ئیسلام - و زایۆنیزمی تاوانکار، کە قیبلەی یەکەم و دووەمیش ئەتک دەکات و دەست بۆ موسوڵمانان درێژ دەکات، ئەو شایەی کە زانایانی پایەبەرزی وەک سەماحەتی خومەینی، دەربەدەر دەکات لەبەر ئەوەی دوژمنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمن و دەست بە ڕێبازی ئیسلامەوە دەگرن، ئەو شا بەکرێگیراوەی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانی زایۆنیزم، سەرسەختترین دوژمنی ئیسلام و موسوڵمانانە. بۆیە ناکرێت بانگەشەی درۆینەی وەها شایەک، هیچ یەکێک لە موسوڵمانانی هۆشیار بخەڵەتێنێت.

ئەو شا جەلادەی ڕۆحی موسوڵمانان دەکێشێت و ئاژاوە - کە لە کوشتن قورسترە - لە نێوان گەلانی ئیسلامیدا دەنێتەوە، بەوەی مافیاکانی جەریک دەنێرێتە عێراق بۆ ئەوەی شەڕی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان و سوپای عێراقی بکەن. هەروەک بەوەشی ناکۆکیی چەکداری لە نێوان موسوڵماناندا چێ دەکات، دوایین کەسە بۆی هەبێت بە

ناوی ئیسلام و موسوڵمانانەوە قسە بکات، بگرە بە هیچ جۆرێک وەها مافێکی نییە، چونکە دوژمنی سەرسەختیانە و هیچی تر. خەمخۆریی درۆینەی لە خوێنی کوردان و کورد، کاتێک ئاشکرا بوو، کە مافیاکانی جەریکی نارد بۆ نانەوەی ئاژاوە و کوشتوبڕ لە نێو کورداندا. بۆیە سروشتییە گەر کوردانی تێکۆشەری هۆشیار، بە درۆ و یارییە شەیتانییەکانی نەخەڵەتێن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، درکی ئەرکی نیشتمانیی خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەکرێگیراوی شا و بەرەنگاربوونەوەی پیلانگێڕی و پرۆژە جەهەنمییەکانی، دەکەن.

تێکۆشەرانی هۆشیاری کورد، باش دەزانن، کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە یارمەتیی شا و ئاغاکانی شا، ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و هاوپەمانە زایۆنییەکانی، بەدی نایەت، چونکە ئەوانە دوژمنی باوەکوشتەی گەلی کوردن و هەر ئەوانەشن کە تەڵە و داوی بۆ دەنێنەوە بۆ ئەوەی درێژە بە کۆیلایەتی و دابەشکردنی کوردستانی نیشتمانی، بدەن. مێژوو زۆر ڕوون شایەتیی ئەوە دەدات، کە گەلان تەنیا خۆیان دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن. گەلی کوردیش تەنیا بە تێکۆشانی خەڵکەکەی لە سایەی سەرکردایەتیی پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕ و بە خەباتی پێکەوەیی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی دراوسێ و برادا، دەتوانێت مافەکانی بەدەست بهێنێت. گەلی کوردمان لە ڕێی ئەزموونە تاڵ و ڕەقەکانەوە فێر بوو، کە تەنیا بە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراو و تەنیا بە بەرزکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن لە سایەی سەرکردایەتیی پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕدا، دەکرێت ئامانجەکانی گەلی کورد لە مومارەسەی مافی چارەی خۆ نووسین و ئەنجامدانی ئەرکەکانی تری شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی کوردی بەدیبێن.

بەڵێ، گەلی ئێمە درک بە زیانەکانی دوورەپەرێزی و سوودەکانی هاریکاری و هاوخەمی لەگەڵ دراوسێیاندا، دەکات. بەڵام دراوسێ لە تێگەیشتنی گەلی ئێمە و سەردەمەکەماندا، فەرمانڕەوا خیانەتکار و بەکرێگیراوەکانی ئیمپریالیزم نییە، شای جەلادی گەلانی ئێرانی (بە گەلی کوردیشەوە) و ئاغا کۆڵۆنیالیست و هاوپەیمانە زایۆنیستەکانیشیان نییە. بەڵکو دراوسێ و برا، گەلانی ئێران و عێراق و تورکیان، تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی عەرەب و فارس و ئازەر و تورک و ئەوانی تریشن. کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو گەلە دراوسێ و

برایانە، هاوپەیمانی سروشتیی گەلی کوردن. یارمەتییەکانی شا جگە لە ژەهرێکی نێو کێکێک، کە خواردنی ببێتە هۆی خەواندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و گۆڕینی ناوەڕۆکەکەی و لەباربردنی کرۆکە دیموکراتییەکەی، هیچی تر نییە، کە دەبێتە هۆی کوێربوونی چاوان بۆ ئەوەی دۆست و دوژمن، هاوپەیمان و دوژمن، ئەوەی دەبێت دژی بجەنگین و ئەوەی دەبێت دۆستایەتیی لەگەڵ بکەین، لێک جیا نەکاتەوە.

بەکورتی، پیلانگێڕیی شا دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە ژێر پەردەی فێڵێکدا دەبێت بە ناوی یارمەتییەوە، وەک چۆن پیلانگێڕییەکانیشی دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی بەگشتی و شۆڕشی فەلەستینی بەتایبەت، لە ژێر پەردەی بانگەشەیەکی درۆینە و دووڕووانەدا دەبێت بە ناوی ئیسلامەوە. وەها پیلانێک لە پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە، ڕستێک ئامانجی ترسناک و نامەردانەی دژی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی هەیە. لە پێشەوە ڕێگرتن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە ڕۆیشتن بەسەر پلانێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆ، هێشتنەوەی کوردستانی ئێران بە بەکۆیلەکراوی و بێبەش لە مافە نەتەوەیی و مرۆیی و دیموکراتییەکانی، لەناوبردنی باڵی شۆڕشگێڕی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و پاشان فریودانی جەماوەری کوردی و ڕێلێونکردنیان و ئاڕاستەکردنی ئاگری کینە و تێکۆشانیان بە ڕووی هاوپەیمانە عەرەبەکانیان لەبری دوژمنانی ئیمپریالیست و کۆنەپارێزی زەوتکاری وەک شا.

تەنانەت کاتێک شا بۆ سەرلێشێواندنیان باسی کورد دەکات، یان کاتێک دەیەوێت بازرگانی بە تێکۆشانە ڕەواکەیانەوە بکات لە عێراق لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و وەک کەسێک کە یارمەتیی سەربازی و دارایی مەعنەوی بۆ جەنگاوەران دابین دەکات دژی حوکمڕانیی بەغدا، نکۆڵی لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی تایبەتی ستەملێکراو دەکات، بەوەی وەک بەشێک لە گەلی ئێرانی ناویان دەبات - واتە تەفریسیان دەکات - و نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیی سەربەخۆیان دەکات وەک گەلێک لە گەلانی هیندۆئەورووپی، بگرە بانگەشەی ئەوە دەکات - وەک ئەوەی تۆرانییەکان سەردەمانێک دەیانکرد - کە کورد ئاریی "پوخت" و ئێرانیی "پاک"ن، کە یەکبوونی زمان و مێژوو چارەنووس بە

گەلی ئێرانییەوەیان دەبەستێتەوە! واتە نکۆڵیکردن لە نەتەوەی کورد و زمانی کوردی و مێژووی کوردی و لەوێشەوە ڕەتکردنەوە و نکۆڵیکردن لە مافی گەلی کورد وەک گەلانی تر، لە چارەی خۆ نووسین و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان. کە وایە یارمەتییەکانی شا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد و بێبەشکردنییەتی لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان. ئەوانە یارمەتیی شاهەنشاهیین بۆ بەکارهێنانی بزووتنەوەی گەلی کوردمان لە عێراق بە پێچەوانەی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆیەوە، بۆ ئەوەی پیلانگێڕییەکی کۆڵۆنیالیستیی زایۆنیستی ببەنە سەر، کە ئامانجی یەکەم، لەناوبردنی سەربەخۆیی نیشتمانیی کۆماری عێراقییە، کە گەلی عێراقمان بە خوێن و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی لە عەرەب و کورد، بەدەستی هێناوە. دووەم، چەسپاندنی بەکۆیلەکردن و دابەشکردنی گەلی کورد. سێیەم، چەسپاندنی ڕژێمە کۆنەپارێزەکانی کەنداو و ناوچەکە بەگشتی. چوارەم، پاش سەرکەوتن لە عێراق، دەستکردن بە کپکردنەوەی شۆڕشی فەلەستینی. پاشان بۆ خستنی حوکمڕانیی پێشکەوتنخواز لە یەمەنی میللیی باشوور بە هاریکاریی کۆنەپارێزیی سعوودیە و ڕاستڕەوی یەمەنیی باکووری و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی ڕزگاریخوازی، کە لە زوفار-ەوە بەسەر هەموو کەنداودا هەڵدەکات، کە تاقمە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوێ ڕۆڵی پێشڕەو دەگێڕن لە تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب لە ناوچەی کەنداو و ئیماراتی عەرەبیدا.

ئەمەیە حەقیقەتی ئەو پیلانگێڕییە ئیمپریالییە زایۆنییەی شا، بە هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگریی ئەمەریکی و ئیسرائیلیدا، هەوڵ دەدات جێبەجێیان بکات. بەڵام بەبێ سوود، بەبێ ئەوەی لە کارەکەیاندا سەرکەوتوو بن، چونکە ئەو پیلانگێڕییانە بە تێکۆشانێکی مەزنی گەلانی شۆڕشگێڕی خۆرهەڵاتمان، وەڵام دەدرێنەوە، لە پێش هەمووشیانەوە گەلی فەلەستینی، کە بەرەنگاریی خۆڕاگرانەی توندتر دەبێت، ڕێکخراوە فیدائییەکانی بەهێزتر دەبن، جەماوەری زیاتر و سەرکردەی گرووپە شۆڕشگێڕی و کادرەکانیشی هۆشیارتر دەبن و درکی زیاتر بە سروشتی شەڕەکەیان و ڕەهەندەکانی، دوژمنانیان و دۆستانیشیان دەکەن. شۆڕشی فەلەستینی خەریکە هێزە بنچینەیی و پێشڕەوەکانی دەستنیشان دەکات و زیاتر ڕۆڵ و بایەخی مێژوویی خۆی درک دەکات.

ئەو یارمەتییە کارایەی گەلانی عەرەب بە بزووتنەوەی فیدائیی فەلەستینی دەدەن، بەرە باشەکەی وەدەر کەوتووە. وردە وردەش پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ شۆڕشی فەلەستینی لە ولاتانی سۆشیالیستییەوە زیاتر دەبێت، لە پێش هەموویانەوە کۆماری میللیی چین، کە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بریتییە لە دوژمنایەتیی توندی بۆ زایۆنیزم و ئیدانەکردنی بوونی دوژمنکارانە و زەوتکردنی خاکی فەلەستین و ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی هەڵوێستێکی نێونەتەوەیی شۆڕشگێڕانەی دروست دەربارەی بوونی قەوارەی زایۆنیی کۆلۆنیالیستی فووتێکراو و دەربارەی پێویستیی ڕووخاندنی دەوڵەتی زایۆنیستی و کۆتاییهێنان بە قەوارە شەڕەنگێزەکەی بۆ ئەوەی لەسەر داروپەردووەکەی دەوڵەتێکی میللیی فەلەستینی، بنیات بنرێت، کە جەماوەری زەحمەتکێشانی عەرەب و جووی بەرهەڵستکاری زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، کاروباری دەسەلاتی دیموکراتی هەڵسووڕێنن. ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕییەی کۆماری میللیی چین، سەرباری هاریکارییە مادی و مەعنەوییەکانی بۆ شۆڕشی فەلەستینی و پشتگرتنی مافی ڕوونی عەرەبی، بەشداریش دەبێت لە ئاشناکردنی گەلانی دنیا بە حەقیقەتی پرسی فەلەستینی و سروشتی شەڕەنگێزانەی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و سروشتی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی فیدائیی ڕەوای فەلەستینی. ڕاستییەکەی، شۆڕشی فەلەستینی بایەخێکی مێژوویی هەیە، بەتایبەت لە ڕووی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی گەلانی شۆڕشگێڕ دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەو شۆڕشە، ئەڵقەیەکی گرنگە لە شۆڕشی جیهانیی هاوچەرخی بەرهەڵستکاری ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەو شۆڕشە بە بەرچاوی گەلانی عەرەب و خۆرهەلاتییەوە، ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و حەقیقەت و نابووتییەکەی، بەو پێیەی سەرسەختترین دوژمنی تەواوی گەلانە، ڕووت دەکاتەوە و نیشان دەدات. هەروەها ئاشتەوایی ئیمپریالیزمی ئەمەریکیی تاوانکار و دەوڵەتانی عەرەبی، لە لایەن گەلانی عەرەبەوە ئیدانە و مەحکوم و لەوێشەوە قورس و مەحاڵ، دەکات. زیادبوونی دوژمنایەتی و هەڵنانی هەستی بێزهاتنەوە و ڕق لە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، هەستی نیشتمانیی نەتەوەی عەرەب دەورووژێنێت لە هەموو ناوچە و هەرێمەکانی، پاش ئەوەی دۆست و

دوژمنی خۆی بۆ دەرکەوت، بەرەو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە پاڵی دەنێت. بەوەش شۆڕشی فەلەستینی، مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی شۆڕشی عەرەبیی بەدەست هێنا، کە ئەویش جیاکردنەوەی دروستی دۆستانە، بۆ ئەوەی لەگەڵیان هاوپەیمان بێت و دوژمنانیش بۆ ئەوەی دژیان تێبکۆشێت.

پاشان شۆڕشی فەلەستینی وەک بەشێکی ئۆرگانیک لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی عەرەبی، زیاتر پێوەی پەیوەست دەبێت و پێکداچوون لە نێوان شۆڕشی فەلەستینیی عەرەبی و سەرەتا ڕاپەڕین و تێکۆشانە شۆڕشگێڕییە عەرەبییەکان لە وڵاتانی دەوروبەری فەلەستین و پاشان وردە وردە لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا، زیاتر دەبێت. واتە شۆڕشی فەلەستینی وەک هەوێن و پێشڕەوی شۆڕشی عەرەبیی سەرتاسەری دەبێت، کە کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب، لە جەنگێکی میلليی درێژماوەدا بەرێوەی دەبەن. ئەو شۆڕشەش بە کاریگەریی شۆڕشی فەلەستینی و دۆخە مادی و واقیعییەکەی و لە ژێر کاریگەریی پێویستییەکانی سەرکەوتنی و ئەزموونەکانی و پەیوەندیی بە شۆڕشی جیهانیی هاوچەرخەوە، دەبێتە شۆڕشێکی عەرەبیی دیموکراتی میللی، کە ناوچەی عەرەبی لە پاشماوەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕژێمە بۆرجوازی و کۆنەپارێزە عەرەبییەکان پاک دەکاتەوە. هەموو ئەو ڕاستییانە وایان کردووە، کە شۆڕشی فەلەستینی جێی ئومێد و چاوی گەلانی خۆرهەڵات و شۆڕشگێڕانی هەموو جیهانیش بێت، وەک چۆن کردووشیانە بە ئامانجی ڕاستەوخۆی دڕندەترین پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییەکان و پڕترینیان لە تاوان و ئابڕووبەری. گەلانی خۆرهەڵاتیشمان ئومێدەوارن، شۆڕشی فەلەستینی ئەو پریشکە بێت، کە گڕ لە شۆڕشی عەرەبیی دیموکراتی میلليی سەراپاگیر، بەربدات و لەگەڵ تێکۆشانەکانیشی یەک بگرێت، پاڵ بەو تێکۆشانەشەوە بنێت بۆ پێشەوە، بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناک کە خۆرهەڵاتمان بگۆڕێت بە قەڵایەک بۆ تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی هاوشێوەی ئەوەی چینی هیندی. بەتایبەت کە گەلانی عەرەب و گەلانی خۆرهەڵاتیشمان، وانەی بەهادار و عیبرەتی مەزن لە مەرگەساتی فەلەستین و ئەزموونەکانی شۆڕشی فەلەستینییەوە، فێر دەبن و بە شێوازی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی ڕێنیشاندەری ڕزگاری و دیموکراسی میللی و پاشانیش سۆشیالیزم، ئاشنا دەبن. ئینجا هێزە عەرەبییەکان و حیزبە عەرەبییەکان و چینەکانی گەلی

عەرەب و حکوومەتەکانیان، بەرەو بواری پراکتیکی، پاڵ دەنرێن بۆ ئەوەی بە بەرچاوی گەلانەوە تاقی بکرێنەوە و لێهاتوویی و توانای خۆیان بسەلمێنن و بە حەقیقەتی خۆیان و کێشی ڕاستەقینەی خۆشیانەوە، لە تاقیکردنەوە بێنە دەرەوە، کە ئەوەش شتەکان لە بەرچاوی کۆمەلانی خەڵک ڕوونتر و باشتر نیشان دەدات. چینەکانی بۆرجوازی و موڵکدار و بۆرجوازیی بچووکیش لەوە ناتواناتر دەردەکەون، کە ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شۆڕش و تێکۆشاندا بگێڕن و جەماوەری زەحمەتکێشیش، لە پێش هەموویانەوە پرۆلیتاریا، لێهاتوویی و پاڵەوانێتیی خۆیان دەسەلمێنن و پێویستیی زۆریش بکات بە پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی سۆشیالیستیی زانستی، زەق دەبێتەوە، کە لە خۆی و تێکۆشانەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و بڵاوبوونەوەی بیری شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستیی زانستی لە ڕیزەکانیدا، دەبنە هۆی دەرکەوتنی پێشڕەوی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بەرەو سەرکەوتنی حەتمیی بەسەر ئیمپریالیزمی جیهانی و بۆرجوازیی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی، کە زایۆنیزم بەشێکی گرنگە لێی.

ئەوەیە بایەخی مێژوویی شۆڕشی فەلەستینیی شکۆدار.

بۆیە دەبێت هەموو هێزە عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکان و هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازە کوردی و ئێرانی و تورکییەکان، لەگەڵ شۆڕشی فەلەستینی بوەستنەوە و پشتی بگرن و لە تێکۆشاندا بەشداربن بۆ ئەوەی لە پیلانگێڕیی پاکتاوسازی یان کۆتاییهێنان، بیپارێزن، کە جاروبار لە شێوەی چارەسەری ئاشتییانە، یان دەوڵەتی فەلەستینی، یانیش سەرکوتکردنی خوێناویی هێڵنجهاوەردا دەردەکەوێت. بۆیە دەبێت نەتەوەی کورد، بە هەموو شێواز وئامرازێک، پشتیوانی شۆڕشی فەلەستینی بێت و لە تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، بەو پێیەی دوو دوژمنە سەرسەختەکەی عەرەب و کورد و گەلانی تری خۆرهەلاتیشن، شان بە شانی بێت.

ئەوە لە بارەی مەیدانی عەرەبی و بەرەی عەرەبیی ململانێکەوە. بۆ ناوچەکانی تری بواری ئەو ململانێیەش، کە هەموو خۆرهەلاتمان لەخۆ دەگرێت، بەهۆی پێکداچوونی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی گەلان و یەکبوونی دوژمنان و بەرژەوەندییەکانی

و بەهۆی کاریگەریی ئەو ململانێیە لەسەر هەموو گەلانی خۆرهەڵاتمان و لە ئەنجامی پێکەوەبەستراویی ئۆرگانیکیی تێکۆشانی گەلان و دەستوەردانی هاوبەش دژی تێکۆشانی گەلان لە لایەن ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراوەوە، تێکۆشانەکە توندتر و مەزنتریش دەبێت. ئەوەتا لە دۆزەخەکەی شا و بۆ وەستانەوە بە ڕووی سیاسەتی دڕندانەیدا، گرووپە پێشڕەو و شۆڕشگێڕییە پێشکەوتنخوازە ئێرانییەکان، لە تێکۆشانیان بەردەوامن و بۆشایی گەورەی نێوان حوکمڕانیی کۆنەپارێز و گەلانی ئێرانیدا، فراوانتر دەبێت و لێکدژیی دوژمنکارانەی نێوانیشیان، زیاتر هەڵدەکشێت و ڕق و تووڕەیی و بێزاری لە ڕژێمی شاهەنشاهیی بەکرێگیراویش، زیاتر دەبێت و مەرجە بابەتییەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی نوێش لە ئێران، زیاتر و باشتر پێدەگەن.

بەرهەڵستیی حوکمڕانیی ترسناک و بەرەنگاریی ڕژێمی کۆنەپارێزی شا، سەرباری هەڵمەتەکانی دەستگیرکردن و نەفیکردن و لەناوبردنی بەکۆمەڵ، هەر بەردەوامن. تێکۆشانی خۆڕاگرانەش، لە سەختترین و ئاڵۆزترین دۆخیدا، درێژەی هەیە.

سەرباری پشتیوانیی جیهانی بۆ ڕژێمی شا و ڕێککەوتنی دەوڵەتانی زلهێزی دەسەڵاتدار لەسەر هێشتنەوەی ڕژێمی شای دوژمنی گەلان، سەرباری هاوکارییە سەربازی و ئابوورییەکانی ئەو دەوڵەتە زلانە بۆ حوکمڕانیی دیکتاتۆریی شا، خاکی ژێر پێی ملهوڕ و حوکمڕانە ناپاکەکان، دەهەژێت. ئەو سەقامگیرییە ڕووکەشەش هیچ نییە، جگە لە ئارامیی پێش زریان. ئەوەتا شۆڕشی ئێرانی، سەرباری بانگەشە ژەهراوییەکانی (پەیکی ئێران)، کە دەیەوێت لە ڕێی کۆمەڵێک هەڵیت و پەڵیتی شێوێنەرەوە، گوایە هەڵگیرسانی شۆڕش مەحاڵە و مەرجەکانی فەراهەم نەبوون، ڕێ لە گەلانی ئێران ون بکات، لە دەرکە دەدات. لە ئەنجامی مایەپووچیی سەرکردایەتیی شکستخواردووی حیزبی توودە لە بواری تێکۆشاندا، کە ڕایانکردە باوەشی ناز و نیعمەت و ئارامی و بەختەوەری لە هاوینەهەوار و زستانەهەوارەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتی، کە سەرشۆڕی و ملکەچی و ڕاکردنیان پێ باشتر بوو لە تێکۆشان و کەرامەت و خۆڕاگری، هەروەک لە ئەنجامی ئاشکراکردنی ترسنۆکیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودە لە لایەن کەسانی شۆڕشگێڕەوە، کۆمەڵێک ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕی نوێی وەک بزووتنەوەی شیوعیی نوێ لە ئێران، ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕیی

حیزبی توودە لە دەرەوەی نیشتمان و ڕێکخراوگەلی شۆڕشگێڕیی مارکسیی تریش لە ڕیزی خوێندکارانی ئێرانی لە تاران و تەبرێز و ئەسفەهان و شیراز و شارە هۆشیارەکانی تری ئێرانیشدا دەرکەوتن.

پاش لادانەکانی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) و گەنینی هەندێک لە کادرانی، چەند گرووپێکی شۆڕشگێڕی نوێ لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە، دەرکەوتن و (کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان) پێکهێنرا، کە شان بە شانی تێکۆشانی بۆ داهێنانەوە و زیندووکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حیزب، سەرکردایەتیی گرووپە جووتیارییە چەکدارەکان لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی چەکدارییشی کرد. بەڵام دۆخی قورس و دۆخی دەوروبەریش، پێچەوانەی ئەو بوون. چونکە ئیسماعیل شەریف زادە، ئەندامی دیاری حیزبەکە، لە شەڕکردن دژی مافیای شاهەنشاهیی ئێرانی، شەهید بوو و سلێمانی موعینییش، ئەندامێکی تری هەمان حیزب، کە لە کوردستانی عێراق بە فایەق ئەمین ناسرابوو، لە لایەن هاوپەیوەستانی بەکرێگیراوانی شاوە لە عێراق، دەستگیر کرا و دواتر ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران کرایەوە و ئەوانیش لەسێدارەیان دا و لاشەکەیان لە بەردەم بنکەی پۆلیسی شاری مەهاباددا هەڵواسی. هاوکات ئەندامێکی تری تێکۆشەری جەماوەرییان بە ناوی مەلا ئاوارە، لە ئێران دەستگیر کرا و حکوومەتەکەی شا لەسێدارەی دا، هەروەک ئەندامێکی تری چوارەمیشیان، تێکۆشەر عەبدوڵڵای موعینی، لە شەڕێکی سەختی لەگەڵ سوپای ئێرانیدا، شەهید بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)، پۆلێک لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبەی لەخۆگرت و هاوکاریی بەنرخی کردن، بەڵام دۆخە نوێیەکەی پاش بەیانی ئازار، لە ئامێزکردنەوەی پارتی بۆیان، بێبەشی کردن.

هەرچی بزووتنەوەی نیشتمانیی ئێرانیی دیموکراتییە، چەند ڕێکخراوەیەکی نوێ لە بەرەی نیشتمانیی بە سەرکردایەتیی کۆچکردوو دکتۆر موسەددەق، بەتایبەت لە ئەوروپا و ئەمەریکا، دەرکەوتن. چەند کەس و لایەنێکی چەپڕەوی پێشکەوتنخوازیش لە ڕیزەکانیاندا دەرکەوتن، کە لە دەرەوەی نیشتمان و لە نێو ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و لە ناوخۆی ئێرانیش، درێژە بە تێکۆشان دەدەن. دیارترینیشیان ئەو ڕێکخراوەیەیە، کە

هەردوو گۆڤاری (إیران آزاد) و (باختر إمروز)ی پێشکەوتنخواز دەردەکات.

ئەو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕانە و ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕیی تریش، کە گوێمان لە ناویان دەبێت، بەڵام شتێکی بەڵگەداریان لە بارەوە نابیستین، هەروەها یەکێتیی خوێندکارانی ئێرانی لە ئەوروپا و ئەمەریکا، هەموو پێکەوە درێژە بە تێکۆشان دژی حوکمڕانیی شاهەنشاهیی لایەنگری ئیمپریالیزم، دەدەن و بە مەبەستی ڕێکخستنی هێزەکانی گەل پاش هەستانەوەیان، بە ئامانجی پەلەکردن لە پێگەیاندنی مەرجە خودییە پێویستەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی، کە دەمێکە مەرجە بابەتییەکانی هەڵگیرسانی پێگەییون، شێلگیرانە و بە حەماسەتیشەوە هەوڵی دروستکردنی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ و دروستکردنی بەرەیەکی بەهێز و ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتوو دەدەن.

ئێمەش، کە پێمان وایە تێکۆشانی گەلی کوردمان، بە توندی بە تێکۆشانی گەلانی ئێرانیی دژی ئیمپریالیزم و ڕژێمی شا و ستەمە زۆرەکانییەوە، بەستراوە، ئومێدی خۆمان بە سەرکەوتنی هێزە ئێرانییە پێشکەوتنخوازەکان لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕێکخستنەکان و بەهێزکردنیان و دۆزینەوەی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، کە بتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی دیموکراتیی نوێ بکات، دەردەبڕین. هەر دەبێت هاوخەمیی تێکۆشەرانەمان لەگەڵ ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان و گرووپە تێکۆشەرەکانی سایەی (حدک) و بزووتنەوەی شیوعیی نوێ و ڕێکخراوەکانی سەر بە بەرەی نیشتمانیی ئێرانی و ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە لە دەرەوەی نیشتمان و هاوکات لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕە ئێرانییەکانی تریش، دووپات بکەینەوە.

لە تورکیاش، بزووتنەوەیەکی چەپڕەوانەی گەشەسەندوو، چەکەرەی کردووە و خەوی لە چاوی کۆنەپارێزیی تورکی زڕاندووە. تێکۆشانی چینی کرێکاری تورکی لە ئیستانبوڵ و ئەنقەرە و شارەکانی تریش، سەریان هەڵداوە و تێکۆشانی خوێندکارە پێشکەوتنخوازەکانیش دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزی، وەک نیشانەیەکی گەورەبوونی بزووتنەوەی دیموکراتی و شۆڕشگێڕی لە ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی تورکیادا، خۆی نیشان دەدات. سەرلەنوێ نەتەوەی کورد هەڵدەستێتەوە و لە ڕیزەکانیشیدا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی نوێ، چالاک دەبێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستانی تازەباو تێیدا

ڕۆڵی نوێنەرەوەی گرووپە پێشڕەوەکان دەگێڕێت و هەستی هاوخەمی و برایەتی و خەباتی هاوبەشی گەلی کوردمان لە هەموو لایەکی کوردستانی نیشتمان، تێدا دەبزوێنێت. گەر لە گۆشەیەکی واقیعییەوە سەیری بکەین، ئەوەیە دۆخە ڕاستەقینەکە بە کورتی و بە گشتی لە خۆرهەڵاتماندا، کە پیلانگێڕیی کۆڵۆنیالیستیی زایۆنیستیی کۆنەپارێزانە، توند و توندتر دەبێت و هەڕەشە لە هەموو گەلان، بە گەلی کوردیشمانەوە، دەکات و بە چاوی خۆیشمان شەڕی چارەنووسسازی هێزە پێشکەوتنخوازەکان دژی هەڵگەڕانەوەی کۆنەپارێزانە، هێزەکانی کۆمەڵانی خەڵک دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، دەبینین.

بە درککردنی حەقیقەتی ئەو دۆخە و درککردنی ململانێکان و زانینی ڕەهەند و هێزەکانی نێوی و مەترسییەکانی، دەکرێت ئەو ئەنجامگیرییە بە دەستەوە بدرێت، کە دۆخەکە لە خۆرهەڵات هەر زۆر ترسناکە. چونکە چارەنووسی گەلانی خۆرهەڵاتمان بۆ ماوەیەکی باشی مێژووی مرۆڤایەتی، لەسەر ئەنجامی ئەو ململانێیە بەندە. بزووتنەوە ڕزگاریخوازی و شۆڕشگێڕەکانی گەلانی ئێمە و گەلانی تری دنیاش، بەر ئەنجامی ئەو ململانێیەی نێوان هێزەکانی چاکە و خراپە، هێزەکانی ڕزگاری و ئیمپریالیزم، هێزەکانی ڕووناکی و تاریکی لە ناوچەکەماندا، دەکەون. ئەوەتا ناوەندە کۆڵۆنیالیستی و زایۆنیستی و کۆنەپارێزە بەکرێگیراوە ڕقاوییەکان، لە ئێستاوە پیلانگێڕی دەچنن، بۆ ئەوەی کۆتایی بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازی و دیموکراتی و شۆڕشگێڕییەکان، بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی جەماوەری کوردستانیشەوە، بهێنن و پلانەکان بۆ زیندووکردنەوەی ڕژێمە کۆنەپارێزە کەوتووەکان و سەپاندنی حکوومەتە نوقمبووەکان لە کۆنەپارێزی و نۆکەرێتی بەسەر گەلانماندا، ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی تاڵاوی کۆیلایەتی و ئیستیغلالی دڕندانەیان پێ بچێژن. کوشتاری تۆقێنەر بۆ ئازادیخوازانی وڵاتەکانیشمان، هاوشێوەی کوشتارەکانی فاشیزمی ئیندۆنیزی بۆ تێکۆشەرانی ئیندۆنیزیا و ڕۆڵە بێگوناهەکانی، ساز دەکەن، بە جۆرێک، کە کۆنەپارێزی، تۆڵەی خراپەکارانی و ئیمپریالیزمیش هی سیخوڕەکانی بکەنەوە.

جا ئەگەر بڕیار بێت ئەو هێزە ئیمپریالی و زایۆنی و کۆنەپارێزانە، ئەو ململانێیەی ئێستا ببەنەوە، ئەوکات خۆرهەڵاتمان پاشەوپاش بەرەو دواوە، بۆ سەردەمانی هەژموونی ئیمپریالیی ئاشکرا و تۆقاندنی دڕندانە، دەگەڕێتەوە و ڕژێمە کۆنەپارێزەکانی سعوودیە و

کەنداو و ئێران، دامەزراوتر دەبن و کوردستانی ئازیزیشمان بە دابەشکراوی و بەکۆیلەکراوی دەمێنێتەوە و گەلە سەربەرزەکەشی لە هەموو ماف و ئازادییە دیموکراتی و نەتەوەییەکان، بە بێبەشی دەمێنێتەوە و ئەم بزووتنەوە کوردییە چەکدارەی ئێستاشی، بەرگە ناگرێت.

لەبەر هەموو ئەوانە، دەبێت هەموو هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکانی خۆرهەڵاتمان، بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی خۆیان درک بکەن، ئەرکەکانی خۆیان بزانن، لە پێناو سەرخستنی بەرەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانیش لەو ململانێیەدا و بە هەموو هێز و ورەی خۆیەوە بۆ شکستهێنان بەو پیلانگێڕییە ئیمپریالیی زایۆنیی کۆنەپارێزانە، تێبکۆشن، وەک چۆن دەبێت هێزەکانیان یەک بخەن و بەرەیەکی شۆڕشگێڕیی یەکگرتوو بۆ شکستهێنان بەو پیلانگێڕییە تاوانکارییە، پێک بهێنن. گەر لە ئاسۆی داهاتووەوە لە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی ململانێکە و (هاوسەنگیی هێز) بڕوانین، دەبینین ئەو باڵادەستییەی کۆنەپارێزی و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم هەیانە، باڵادەستییەکی کاتی و ڕاگوزەرە و هیچی تر، لە کاتێکدا کۆمەڵانی خەڵکمان هەموو وزە و توانایەکی پێویستیان بۆ سەرکەوتن، هەیە، گەر بێت و بزانرێت چۆن دەقۆزرێتەوە و ساز دەکرێت و لە شەڕدا بەکار دەهێنرێت. هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکان، گەشە دەکەن و گەورە دەبن، بە حوکمی دەربڕینی خواست و بەرژەوەندی و ئامانجی گەلانیشمان، بە حوکمی ئەوەی بەسەر ڕێچکەی پەرەسەندنی مێژوویی حەتمیدا دەڕوات و لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییشدا خۆی دەگونجێنێت، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕێگە بۆ بەرەوپێشچوونی مێژوو خۆش دەکات، بەرگری لە پێشکەوتن و دادپەروەری دەکات دژی هەڵگەڕانەوە و نۆکەرێتی و ستەمکاری، بەهێزتر دەبێت. بەتایبەت کە دوژمنانی (ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزی) نوێنەرەوەی هێزە ستەمکارە ڕەشەکانن، کە زیاتر کەنارگیر دەبن و بە چەندان ئەڵقە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕ و کرێکاریی پێشکەوتنخواز، دەورە دراون. هەروەک ئەوانە هێزەیلێکن، بە حوکمی پێویستییەکانی پەرەسەندنی مێژوویی، مەحکومن بە لەناوچوون و فەوتان. ڕەوتی سەرەکیی جیهانی ئێستاشمان، ڕەوتی شۆڕشە. هەموو ئەوانە نیشانەی سەرکەوتنی حەتمیی گەلانمانە، گەر بێت و بزانێت چۆن وزەکانی خۆی دەسازێنێت و هێزی یەکگرتووی خۆی لە شەڕدا چۆن وەگەڕ دەخات و

لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە و جەنگی میللی بزانێت، بەتایبەت کە سەردەمی ئێستامان لە ڕووی بابەتییەوە، سەردەمی کەوتنی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی شۆڕشە ڕزگاریخوازە دیموکراتییەکانە، سەردەمی ڕووخانی بۆرجوازییە لە ڕووی جیهانییەوە و سەرکەوتنی سۆشیالیزمە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە.

کە وایە ئەو ململانێیە، کە چارەنووسی گەلانی خۆرهەڵاتمان، بە گەلی کوردیشمانەوە، دیاری دەکات. هەر ئەوەشە بزوێنەری سەرەکیی ڕووداو و دۆخەکان و لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەویش، سروشتی ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانمان و سروشتی پەیوەندییەکانی گەلانی خۆرهەڵاتمان و چارەنووسی هەژموونی ئیمپریالی و زایۆنی و کۆنەپارێزی، کە ڕێگرن لە ڕزگاریی گەلانمان و گەشانەوەی وڵاتمان و پەرەسەندن و هەڵکشانی کۆمەڵگە مرۆییەکانمان، دەستنیشان دەکرێت. بۆیە قسەکردن لە بارەی ئەو ململانێیە و ڕەهەندەکانی و هێزەکانی و ئەنجامەکانی، تەنیا باسێکی تیۆرییایی پرسگەلێکی دوور یان پرسگەلی داهاتوو نییە، کە هەنووکە پەیوەندیی پێمانەوە نەبێت، بەڵکو قسەکردنێکی جدییە لە ڕووداوەیلی واقیعی و دۆزگەلێک، کە دۆزی گەلەکەمانیان پێوە بەندە و کاری تێ دەکەن و سەرکەوتن و شکستیشی، بەندە بە ئەنجامی ئەو ململانێیەوە.

**بۆیە دەبێت ڕاشکاوانە و بە ڕوونی، وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:**

هەڵوێستی دروست کامەیە، کە دەبێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی و حیزبە پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەی، وەریبگرێت؟ و دەبێت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیمان لە چ بەرەیەکدا بێت بۆ ئەوەی بەسەر دوژمنانیدا سەربکەوێت و ماف و خواستەکانیشی بەدەست بهێنێت؟ ئایا لە بەرەی گەلانی شۆڕشگێڕدا بێت دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراو، یان لە ڕیزی ئەو هێزە ڕەشانە دژی بەرەی گەلانی شۆڕشگێڕ؟ و کام لەم دوو هەڵوێستە خزمەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دەکات و کامیشیان بەسوودتر و ڕاستترە بۆ گەلەکەمان؟

ئێمە پێمان وایە هەڵوێستی ڕاست، کە دەبێت بزووتنەوەی ڕگاریخوازیی کوردی و حیزبە پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەی بیگرنە بەر، هەڵوێستی تێکۆشانی شۆڕشگێڕییە،

هەڵوێستی تێکۆشانە دژی دوژمنە سەرسەختەکانی گەلی کوردمان، ئیمپریالیزم و دروستکراو و نۆکەرەکانی، کە بوونە هۆی بێبەشبوونی گەلی کوردمان لە مافەکانی و زەوتکردنی مافی چارەی خۆ نووسینی و هۆکاریش بوون بۆ دابەشکردنی کوردستانەکەی و بەکۆیلەکردنی و ڕێگرتن لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەوە. ئەو دوژمنانەن، کە گەلمان بەکۆیلە دەکەن و نیشتمانمان بەزۆر دەبەن. هەر ئەوانیش بوون شۆڕشەکانی گەلی کوردمانیان لە دەریاچەی خوێنی ئاڵی کورداندا، نغرۆ کرد. ئەوانەن بکوژی شەهیدانمان، تالانکەری خێروبێری خاکمان و زەوتکەری مافەکانمان. تەنیا بەرژەوەندیی نیشتمانیی نییە، کە وا دەخوازێت دژی ئەو دوژمنانە تێبکۆشین، بەڵکو پێویستییەکانی مانەوەی نەتەوەی کورد و پێویستییەکانی پەرەسەندن و ڕزگاربوونیشی وا دەخوازن.

جیاکردنەوەی مەبدەئیی وردی دۆست و دوژمن، مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕیی گەلەکەمان، ئەوەش بۆ ئەوەی لەگەڵ دوژمن بجەنگین و بەرەنگاری ببینەوە، لەگەڵ دۆستیش هاوڕێ و هاوپەیمان بین. ئەوەش واتە پێویستە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، دژی بەرەی دوژمنانی سەرسەختی بوەستێتەوە: بەرەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزی، لەوێشەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕیمان، پێگەی سروشتیی خۆی لە بەرەی گەلانی شۆڕشگێڕدا داگیر بکات. ئەوەیە هەڵوێستی دروست و بەسوود و پێویست بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی، هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی سەرخستن و ڕزگاری و یەکخستنی کوردستان.

وەها هەڵوێستێکی تێکۆشەرانەی شۆڕشگێڕانە، تەنیا بنەما پێشکەوتنخوازییە شۆڕشگێڕییەکان و ئەو ڕاستییە ئاشکرایەی، کە گەلان خۆیان خۆیان ڕزگار دەکەن، یان ئەزموونی تێکۆشانی گەلانی جیهان، ڕاستی و دروستیی ناسەلمێنن. بەڵکو ئەزموونی تێکۆشانی خۆمانیش، ئەزموونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی دوور و درێژی گەلی کوردیش. خۆ مێژوو دەیسەلمێنێت، کە دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستییەکان هەمیشە دژبەری ئومێد و خواستەکانی گەلی کورد بوون لە بەدیهێنانی مافی چارەی خۆ نووسین، یان بەدیهێنانی یەکبوون و قەوارەی نەتەوەیی خۆی. سوپای ئیمپریالیستان بە فڕۆکە و

تۆپهاوێژ و تانکەکانەوە، ڕاپەڕین و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی گەلی کوردیان سەرکوت کردووە. بە هیچ شێوەیەکیش ناوەندە کۆڵۆنیالیستییەکان، هاوسۆزییان لەگەڵ دۆزی کوردیدا دەرنەبڕیوە، ئەگینا سەردەمانێک کە هەژموونی موتڵەقیان بەسەر خۆرهەڵاتدا هەبوو، زۆر ئاسان و سادە دەکرا بە شێوەیەکی دیموکراتی و دادپەروەرانە چارەسەر بکرایە. ئەو سۆز و هاوکارییەشی ناوەندە کۆڵۆنیالیستییە ئەمەریکی و ئەڵمانیای غەربی و زایۆنی و ئێرانیی شاهەنشاهییەکان بە بزووتنەوەی چەکداریی کوردی دەدەن دژی حکوومەتی بەغدا، لە خەمخواردنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردەوە نییە. گەر ئەو ناوەندانە بیانویستایە تەنانەت قەوارەیەکی کوردیی کۆنەپارێز دروست بکەن، کوردستانی ئێرانیان دەکردە بنگەی، با گەر لە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانییشدا بێت. باسی ئەوەش هەر ناکەین، کە دەتوانن قەوارەیەکی کوردیی سەربەخۆی تێدا دروست بکەن، پاشان بیکەن بە ناوەندێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کوردان و فریودانیان پێی. بەڵام ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزیی ئێرانی و زایۆنیزم، شتێکی تری دوور لە خواستە نەتەوەییەکانی کوردیان دەوێت؛ دەیانەوێت بزووتنەوەی کوردی بۆ لاوازکردنی حوکمڕانیی کۆماری لە بەغدا و دواتر ڕووخاندنی و هێنانی حکوومەتێکی کۆنەپارێزی لایەنگری خۆرئاوا بۆ سەر حوکمڕانی لە عێراقدا، بەکار بهێنن. ئەوکاتیش پیلانگێڕییەکانی سەعد ئاباد و هاوپەیمانێتییە سێقۆڵییەکانی دژ بە گەلی کورد، سەر هەڵدەدەنەوە. هەروەها ئەو ناوەندانە لە پشت یارمەتییەکانی بۆ بزووتنەوەی چەکداریی کوردییەوە، ئامانجیان فریودانی خەڵکە سافیلکەکەی کورد و هاندانیان بۆ دژایەتیکردنی عەرەبە لەبری هاوسۆزی و برایەتیی خەباتگێڕانە لەگەڵیاندا. هەروەها دەیانەوێت سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە، جێبەجێ بکەن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بشێوێنن و ڕێی تێکۆشانی بەرەو سەرکەوتنی، لێ ون بکەن. دواجاریش شا دەیەوێت درێژە بە بەکۆیلەکردنی گەلی کورد لە ئێران و ڕژێمی حوکمڕانیی لەرزۆکی خۆی بدات، لە ڕێی سەرقاڵکردنی کوردانی عێراقەوە لە شەڕ و کوشتاری برایان و کپکردنی دەنگی تێکۆشانی کوردی لە کوردستانی ئێران و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردی لەوێ لە ژێر پەردەی هاوکاریی بزووتنەوەی کوردییەوە لە عێراق.

گەر شا لە بانگەشە درۆینەکەی لەوەی خەمخۆری (کوردانی پوختی ئاری)یە، ڕاستگۆ بووایە، نیشتمانپەروەرانی کوردی بەکۆمەڵ لەسێدارە نەدەدا، بە دەیان ئازادیخوازی کوردی نەدەکوشت و شمشێری تۆقاندنی دڕندانەی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، بەرز نەدەکردەوە. گەر شا لە بانگەشەکەیدا ڕاستگۆ بووایە، یەکەم شت ددانی بە بوونی نەتەوەی کورددا دەنا، ئەو ڕاستییە سادەیەی، شا بە لووتبەرزیی و لە ژێر پەردەی کۆمەڵێک بانگەشەی ئیتنیکی و ڕەگەزپەرستانەی فاشییانەوە، نکۆڵیی لێ دەکات. دووەم، لای کەم مافە کولتووری و ئیدارییە پووچەکانی بە کوردانی ئاری، ڕەوا دەبینی. بەڵام شا، جەلادی گەلانی ئێرانییە، بکوژی شەهیدانی کوردستانە، زەوتکار و خوێنمژی جەماوەرەکەیەتی.

کە وایە شا بە پاڵنەری خەمخواردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، کە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئاغا کۆڵۆنیالیست و هاوپەیمانە زایۆنیستییەکانین، یارمەتییەکانی بە کوردان نادات. بەڵکو گوایە یارمەتیی بزووتنەوەی چەکداریی کوردی دەدات بۆ ئەوەیە بەکاری بهێنێت، ناوبانگی بزڕێنێت، وەک بزووتنەوەیەکی ڕاسترەوانەش نیشانی بدات، کە لە خولگەی ئیمپریالیزم و پلانە کۆنەپارێزییەکاندا دەخولێتەوە.

ئێمە ئەم ڕاستییانە بۆ تێکۆشەرە هۆشیارەکان، ئەوانەی ئەلفبێی تێکۆشان فێری کردوون، کە ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزیی ئێرانیی فەرمانڕەوا، دوو سەرسەختترین دوژمنی گەلی کوردن، دووپات دەکەینەوە. بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردیان دووپات دەکەینەوە، کە هەنووکە ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی شێواندن دەبنەوە کە ئامانجی وێناکردنی پێچەوانەی هەموو شتەکانە. ئەو هەڵمەتە گوماناوییە، دەیەوێت جەماوەر بەوە فریو بدات، کە ڕزگاربوونی بەندە بە یارمەتییەکانی کۆنەپارێزیی ئێرانی و ئاغاکەی، ئیمپریالیزمی ئەمەریکییەوە بۆ بزووتنەوەی کوردی. هەروەها بۆ ئەوەی سەر لە جەماوەر بشێوێنێت، بۆ ئەوەی ڕاستییەک لەبیر بکات، کە بە خوێن و فرمێسکێکی زۆر و تاڵاوی بێبەشیی لە مافە نەتەوەییەکان، لەسەر گەلەکەمان کەوتووە، ئەویش ئەوەیە، کە ئیمپریالیزم دوژمنی سەرسەختی نەتەوەی کوردە. دەیەوێت نەتەوەی عەرەبی برا وەک دوژمن، یان وەک کاژیک دەڵێت "عەرەب کۆڵۆنیالیستی زەوتکاری کوردستانن!" وێنا بکات، ترسی

کۆڵۆنیالیزمی عەرەبیی شیمانەکراویش بە نزیکبوونەوەی وادەی یەکبوونیان، زیاتر دەبێت!

ئەو هەڵمەتەی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزیی ئێرانی و نەتەوەپەرستانی ڕاسترەوی کورد و گرووپی نۆکەران و سیخوڕان، بازاڕی گەرم دەکەن، هەڵمەتێکی زۆر فریودەر و ترسناک و زیانبەخشە. ئەوەشی وەها هەڵمەتێک ئاسان دەکات و بەربەست دەخاتە پێش هەوڵی تێکۆشەرانی پێشکەوتنخوازی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوە و شکستپێهێنانی، جگە لە هەڵوێستی شۆڤینیی ناوەندە عەرەبییە ڕاسترەوەکان و حکوومەتە یەک لە دوای یەکە عێراقییەکان، کە ئەرکی ئەنجامدەرانی ئەو هەڵمەتەی دژ بە برایەتیی عەرەبی - کوردی، ئاسان دەکات، دەکرێت لەم هۆکارانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

یەکەم: مامەڵەی هەڵەی پرسی کوردی، وەک ددانەنان بە مافی ئۆتۆنۆمیی کورد لەسەر بنچینەی مافی چارەی خۆ نووسین، بەو پێیەی گەلێکە و ئازادیی موتڵەقی هەیە لەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. هەروەها دانەنانی ئۆتۆنۆمی وەک مافێکی دیموکراتی لە جەوهەر و شێوەشدا، لەوێشەوە نکۆڵیکردن لە مافی گەلی کورد لە دەستنیشانکردنی نوێنەرانی لە دەسەڵاتی نەتەوەیی کوردیی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردیدا لە ڕێی ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێردراو لە کەشێکی ئازادیی دیموکراتیدا، ئازادیی کارکردنی حیزبی و سەندیکایی و پیشەیی، ئازادیی کاری جووتیاریی شۆڕشگێڕانە، ئازادیی وەشاندن و ڕۆژنامەگەری و خۆپیشاندان و گردبوونەوە.

لەوانەیە بە ڕەسمی ددان بە مافی ئۆتۆنۆمیدا بنرێت، بەڵام پاش ئەوەی لە کرۆکی دیموکراتیی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە، پاش ئەوەی ڕووکەشە دیموکراتییەکەی لێ دادەماڵرێت. ددانان بە مافی ئۆتۆنۆمیی گەلی کوردیشدا وەک دیارییەک باس دەکرێت، کە مانای ڕاست تێگەیشتن و ددانانی دروست بە مافی ئۆتۆنۆمی و ڕۆڵی گەلی کورد لە بەدەستهێنان و مومارەسەکردنی ئەو مافەدا، دەگەیەنێت.

مافەکانی گەلی کورد، هی حیزبێکی سیاسیی کوردی، یان هێزێکی کوردی، یان لایەنێکی کوردیی دیاریکراو نین، بەڵکو موڵکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردن بە هەموو چینە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازە جیاوازەکانەوە، بە هەموو توێژێکی پێشکەوتنخواز و

حیزبێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانییەوە. قەتیسکردنی ئەو مافانە، تەنیا مانای داماڵینی ئەو مافانە لە کرۆکە دیموکراتییەکەیان، یان سەپاندنی ئاغایەتی بەسەر گەلی کورددا، یانیش لە بنەڕەتەوە سستییە لە پێدانی ئەو مافانە بە گەلی کورد.

دووەم: ئەو سیاسەتە هەڵەیەی دەسەڵات لە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورددا لەسەری دەچێت، کاتێک شێوازی سەربازیی زۆر زیانبەخش و ئازاردەری خەڵک پەسەند دەکات. لەبری ئەوەی ڕوو لە کۆمەڵانی خەڵک بکرێت - لە ڕێی ئازادییە دیموکراتییەکان و بوارپێدانیان، تا مومارەسەی چالاکییە سیاسی و سەندیکایی و پیشەییەکانیان بکەن - و لەبری پشتبەستن بە هێزە پێشکەوتنخوازە ڕاستەقینەکان و هێزە شۆڕشگێڕە کوردییەکانی، کە بە ڕاستی باوەڕیان بە برایەتیی عەرەبی - کوردی و خەباتی پێکەوەیی لەگەڵ هەموو گەلانی خۆرهەڵاتدا هەیە، دەبینین پێڕەوی شێوازی سازشکردن و ڕازیکردنی ئەنگێزەی کەسی و کڕینی ئەستۆ و کەسانی هەلپەرست دەکات، لەسەر حسابی ئەو هێزانەی بە ڕاستی و بە عەقیدەوە باوەڕیان بە برایەتیی عەرەبی - کوردی و خەباتی هاوبەشی عەرەبی - کوردی و پێکەوەیی چارەنووسسازانەیان هەیە لە ململانێی نێوان لە لایەکەوە هێزەیلی ئیمپریالیستی و زایۆنیستی و کۆنەپارێز و لە لایەکی تریشەوە هێزە شۆڕشگێڕییەکانی گەلانی خۆرهەڵاتماندا. ئەوەش سیاسەتێکی ترسناکە و کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر برایەتیی عەرەبی - کوردی و خەباتی پێکەوەیی عەرەبی - کوردی و دەبێتە هۆی لاوازبوونی متمانە بەوانە و برایەتیی عەرەبی - کوردییش مینڕێژ دەکات.

سێیەم: وێناکردنی هەڵە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردی - با لەسەر بنچینەی دداننان بە مافی ئۆتۆنۆمیی گەلی کوردیش بێت - بە دابڕاوی لە کێشە بنەڕەتییەکانی عێراق، بەتایبەت کێشەی ئازادییە دیموکراتییەکان و بەرەی پێشکەوتنخوازی نیشتمانی و بنیاتنانی دەسەڵاتی نیشتمانی. دەشێت ئەو وێناکردن یان وەهمپلاوییە چەندە زیانبەخش بێت، کە گوایە دەکرێت دوور لە دابینکردنی دیموکراسی بۆ گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە، دۆزی کوردی چارەسەر بکرێت! بۆیە بێهودە نەبووە، کە حیزبمان هەر لە سەرەتای بزووتنەوەی بەرگریی چەکداریی گەلی کورد لە سەردەمی جەنەراڵ قاسمەوە، دروشمی "دیموکراسی بۆ عێرق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"ی هەڵگرتووە. بەڵکو ئەوە

دەربڕینی ڕاستییەکی ئاشکرا بوو، کە ئۆتۆنۆمی مافێکە لە مافە دیموکراتییەکان، کە هەرگیز هەڵپاچین و جیاکردنەوە لە هەمەکییە دیموکراتییەکە قبوڵ ناکات و جەوهەر و شێوەشی هەر دیموکراتیە. ئەو ئۆتۆنۆمییەش، کە پێچەوانەی جیابوونەوەیە، تەنیا لە کەشێکی دیموکراتیدا کە سەرلەبەری عێراق و لە نێویدا کوردستانیش بگرێتەوە، دەکرێت بژی و گەشە بکات و لە لایەن گەلی کوردەوە مومارەسە بکرێت.

کێشەی کوردی لە عێراق، کێشەی نەتەوەی کوردە لە عێراقدا، کە دووەم نەتەوەی گەلی عێراقە. کۆمەڵگەی عێراقییش هەموو عەرەب نین، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی عەرەبی - کوردییە، بنیاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی و بینا سیاسی و فیکرییەکەشی، هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد لەخۆ دەگرێت و بە پردی زۆروزەبەند و توندوتۆڵی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری، پێکەوەیان دەبەستێت، کە هاوکات پردەیلی بەهێز و بەیەکداچوو و لە ڕووی ئۆرگانیکەوە پێکەوەبەستراون. بۆیە هەرگیز ناکرێت کێشەی کوردی، دوور لە کێشەکانی تری کۆمەڵگەی عێراقی، چارەسەر بکرێت. چونکە دابینکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان، مەرجە بۆ ئەوەی گەلی کورد مومارەسەی مافی ئۆتۆنۆمیی بکات، وەک چۆن مەرجە بۆ مومارەسەی مافی بەشداریکردن لە حکوومەتی ناوەندی و دەستە ناوەندییەکاندا، وەک چۆن مەرجیشە بۆ بەدیهێنانی هاوبەشێتیی عەرەبی - کوردی لە نیشتمان و دانانی پەیوەندییە عەرەبی - کوردییەکان لەسەر بنچینەگەلی پتەوی یەکسانی و بەشداری و لێکنزیکیی دەرفەتەکان. ئازادییە دیموکراتییەکانیش بەشێکن لە پێویستییەکانی یەکبوونی نیشتمانیی عێراقی، کە برایەتیی عەرەبی - کوردی، یەکەمین بنگەی ڕەق و بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازیش، دووەمین بنگەی پێویستە بۆی تا هاوسەنگیی کۆمەڵگەی عێراقی و یەکبوونی نیشتمانی، هاوشێوەی هەردوو قاچەکە بۆ مرۆڤ، بپارێزرێت. وەک چۆن باڵندە بە یەک باڵەوە نافڕێت، یەکبوونی نیشتمانییش بەبێ هەردوو باڵەکەی، برایەتیی عەرەبی - کوردی و بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، نابێت.

کە وایە بۆ بەدیهێنانی یەکبوونی نیشتمانی و بەتایبەتیش برایەتیی عەرەبی - کوردی، دەبێت ئازادییە دیموکراتییەکان و بەرەی نیشتمانیی دیموکراتیش فەراهەم

بن، کە بزووتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی عێراقیمان ناتوانێت لێی بێ نیاز بێت و بەبێ ئازادییە دیموکراتییەکانیش هەرگیز بەدی نایەت. ئەوەش واتە جیاکردنەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە دیموکراسی بە مانا پێشکەوتنخوازییەکەی، واتە لە دابینکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان و مسۆگەرکردنی مافە دیموکراتییەکانیش پێکەوە بۆ جەماوەری عێراقی بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە، مەحاڵە.

پاشان پرسی بنیاتنانی دەسەلاتی نیشتمانی، کە دەبێت نوێنەرانی گەلی کورد لە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری و ئەوانی تریشیدا بەشدار بن، لەگەڵ پرسی کوردی و چارەسەرکردنی بە چارەیەکی دیموکراتی ئاشتییانە، تێکەڵ و هاوئاهەنگە. چونکە چۆن گەلی کورد لە بنیاتنانی دەسەڵاتی نیشتمانی و دەزگا زۆرەکانیدا بەشدار بێت، گەر دیموکراسی بە ئازادی و مافە ناسراوەکانییەوە، فەراهەم نەبێت؟ کێ مافی سەرپەرشتیاریی بەسەر گەلی کوردەوە هەیە، تا بە نوێنەرایەتیی گەلی کورد، نوێنەرەکانی بۆ دەستنیشان بکات؟ چۆن دەکرێت ئەم سەرپەرشتیارییە لەگەڵ مافی ئۆتۆنۆمی و مافی بەشداریکردن لە حکوومەتی ناوەندییدا بگونجێنرێت، کە چ بە جەوهەر و چ بە شێوەش دوو مافی دیموکراتین؟ لێرەشدا هەر دەبێت دیموکراسی هەبێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت لە دەسەڵاتی نیشتمانییدا بەشدار بێت. هەروەها دەبێت دیموکراسی هەبێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد لە کێشانی سیاسەتی نیشتمانیی گشتیی ولاتدا، بەشدار بێت، چونکە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتووریی گەلی کوردەوە هەیە. یاساکانی چاکسازیی کشتوکاڵی و پلانە زۆرەکانی بەپیشەسازیکردن و بازرگانی و باج، پەیوەستن بە ژیانی گەلی کورد و بژێویی ڕۆڵەکانییەوە و کار لە پەرەسەندنی پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە و ئازادکردنی جووتیارانیش لە کۆتی دەرەبەگایەتی و وەبەرهێنانی دەرەبەگایەتی و باشترکردنی بژێوییان، دەکەن.

بەکورتی، کۆی سیاسەتی گشتیی ولات، پەیوەستە بە ژیان و داهاتووی گەلی کوردەوە. بۆیە هەر دەبێت نوێنەرەکانی، لە دانان و پلاندانان و جێبەجێکردنیاندا بەشدار بن، ئەوەش تەنیا بە دیموکراسی دەبێت. کە وایە هەرگیز ناکرێت پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوان دیموکراسی و پرسی کوردی، بپچڕێنرێت، بەتایبەت کە گەلی کورد، تەنانەت گەر بە

کردەوەش مومارەسەی ئۆتۆنۆمیی بکات، لە عێراق جیا نابێتەوە، بەڵکو وەک بەشێک لێی دەمێنێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی باس کران، ئاشکرا دەردەکەوێت، کە پرسی کوردی دوور لەو پرسە بنەڕەتییانەی عێراق ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ناکرێت چارەسەرێکی ڕاستەقینەی ڕیشەیی بکرێت. جیاکردنەوەی دۆزی دیموکراسی و پێویستیی فەراهەمکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان و مافە دیموکراتییەکانی گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردەوە، مانای چارەسەرنەکردنی پرسی کوردییە. هەروەها قۆرخکردنی دەسەڵات و حوکمڕانی لە لایەن حیزبێک (یان دووانی عەرەبی و کوردییەوە)، دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی ئەو ڕاستییە و لەوێشەوە چارەسەرنەکردنی پرسی کوردی.

لێرەوە پێویستیی دروستکردنی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی ڕوون دەردەکەوێت، کە هەموو حیزبە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان لەخۆ بگرێت، بۆ ئەوەی حوکمڕانی ئیئتیلافی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دروست بکات، کە بتوانێت چارەسەری دیموکراتی شۆڕشگێڕانە بۆ هەموو کێشەکانی عێراق، بە کێشەی کوردییشەوە، بدۆزێتەوە.

چوارەم: هەڵوێستە هەڵەکانی حیزب و ڕێکخراوە عەرەبییە عێراقییەکان، بەوەی هەندێکیان ددان بە بوونی گەلی کورد و مافی چارەی خۆ نووسینیدا نانێن، لە پێناو چارەسەرکردنی پێشکەوتنخوازانەی کێشەی کوردیدا تێناکۆشن، هەروەها هەندێکیشیان بزووتنەوەی کوردی لە مەترسیی پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییەکان، یان تەنانەت لە پەیوەندییە گوماناوییەکانی هەندێکیان، ئاگادار ناکەنەوە. هەموو ئەو هەڵوێستانەش خزمەتی پەروەردەکردنی جەماوەری عەرەبی و کوردی بە ڕۆحییەتی برایەتی و خەباتی هاوبەش، ناکەن، بەڵکو لە بڵاوکردنەوەی بیری شۆڤینی لە ڕیزەکانی جەماوەری عەرەبی و بیری دوورەپەرێزیی نەتەوەیی لە ڕیزەکانی جەماوەری کوردیدا، هاوکار دەبن. وەک چۆن دەبنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی بیر و بۆچوونی ڕاسترەوانە و کۆنەپارێزانە، کە پشتبەستن بە هاوکاریی ئیمپریالیزم و سەنتۆ پێ ڕەوایە، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بیری ڕاسترەوی و کۆنەپارێزی لە بواری فیکریدا، کە گرنگترین بواری خەباتی نیشتمانیی گشتییە. چونکە وەک ئەوەی لای هیچکام لە هۆشیاران شاراوە نییە، تێکۆشانی فیکری،

پێشەکی و ڕێخۆشکردنە بۆ تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری و ئابووری دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزی. بەبێ سەرکەوتن لە بواری فیکری و ئیدیۆلۆجیدا، سەرکەوتن بەسەر دوژمنان لە بواری سیاسی و ئابووری و سەربازیدا مەحاڵە، چونکە بیر کاتێک بە ڕیزەکانی جەماوەردا شۆڕ دەبێتەوە و جەماوەریش پێی قووت دەدرێت، دەبێتە هێزێکی مادیی مەزن.

پێنجەم: ڕووداوە بابەتییەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە پلەیەک، کە لەگەڵیدا سروشتی ڕاستەقینەی دەربکەوێت و حەقیقەت و سیماکانی زۆر بە جوانی بۆ خەڵک، ڕوون نەبوونەتەوە. چونکە پیلانگێڕیی کۆڵۆنیالیستی لە سەرەتاوە، حەقیقەتی ئامانجەکانی لە بەردەم جەماوەردا دەرناخات، بەڵکو بە ڕووپۆشێکی ڕازاوەی یارمەتی و بەڵێنی شیرین، دایدەپۆشێت. بەڵام کاتێکیش جێبەجێ دەکرێت و دەگاتە پلەی ڕاگەیاندنی هەموو ئامانجەکانی، زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵک هەموو حەقیقەتەکە دەربارەی نیازی تاوانکارانەی شاراوە دژی گەلی کوردمان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی دەزانن. پێشبینییە زانستییەکانیش دەربارەی ڕەوتی ڕووداوە بابەتییەکان، وەک ئەو پێشبینییەی ئێمە بەوەی ئیمپریالیزم لە پیلانگێڕییەکانیدا شان بە شانی هەر نیازێکی تر کە هەیبێت، کاتێک لە گەڕاندنەوەی عێراق بۆ نێو ناوچەی دەسەڵاتی تەواوی خۆی سەرکەوتوو دەبێت، ئامانجی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردە، پێشبینییەک نییە بۆ هەمووان بەرجەستە و بەرچاویی بێت.

تێگەیشتن لە ڕووداوە بابەتییەکان، پێویستیی بە ڕۆشنبیری و هۆشیاری و درککردنێکی تەواوەتیی حەقیقەتی ئیمپریالیزم و حەقیقەتی ئامانج و سروشتەکەی و سروشتی سەردەمەکە و تێکۆشانەکەمان، هەیە. وەک چۆن هەندێک جاریش وا دەخوازێت، کە کۆمەڵانی خەڵک بە ئەزموونی زیندوودا بڕۆن، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن. لەوانەیە زۆرێک لە خەڵکیش، بەتایبەت کەسانی نەتەوەیی خاوەن ئاسۆی نەتەوەیی بەرتەسک و ناوەندگەلێکی جەماوەریی دیاریکراو، بەتایبەت سادە و سافیلکەکان، بە دروستیی قسە و هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە باوەڕ نەکەن، کە دەربارەی سروشتی ڕووداوەکانی کوردستان و عێراق و ڕەوتی پەرەسەندنیان و ئەوەی کە چۆن بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی دوورەپەرێزی

پشتبەستوو بە هاوکارییە دەرەکییەکان، ماڵوێرانی و بەدبەختیی زیاتر نەبێت، هیچی لێ ناکەوێتەوە و تەنیا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی جەماوەری کە پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕی هۆشیار سەرکردایەتیی بکات، دەتوانێت ئامانجەکانی گەلی کوردمان بەدەست بهێنێت، پێشکەشی دەکەین. ڕەنگە زۆر گرووپی تریش لە حەقیقەتی مەبەستی شا لە هاوسۆزیی درۆینەی لەگەڵ بزووتنەوەی چەکداریی کوردی لە عێراقدا، تێنەگەن و پێیشی فریو بخۆن و ڕەنگە باوەڕ بە دروستیی تێگەیشتنمان لە بارەی ئەوە و پیلانگێڕییە کۆڵۆنیالیستییەکانی تریشەوە، نەکەن. بۆیە دەبێت هەڤالان و ڕێکخراوەکانی حیزبمان، بە ئارامگرتن و هەناسەدرێژییەوە، هەوڵی زۆر و نەپساوە بدەن بۆ ئەوەی بەڵگە کرداری و زانستییەکان بخەنە ڕوو و ڕووداوەکانی مێژووی تێکۆشانی گەلەکەمان و ئەزموونە تاڵەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لەگەڵ ئیمپریالیزم و شا و هەموو زەوتکارە کۆنەپارێزەکانی تر لە نوێنەرانی بۆرجوازیی کۆمپرادۆری و بۆرجوازیی ڕاستڕەوی یان سەربازیی شۆڤینیدا، بهێننەوە. ئەوەش بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک بە تەواوی ڕاستییەکان دەربارەی سروشتی ئیمپریالیزم و سروشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی سەنگەر لە یەکتر گرتوو و دژایەتیی توندیان و لێکدژیی سەختی نێوان ئامانج و ڕێوڕەسمەکانیان، ئاشنا بکرێن. لەسەرمانە بەڵگەی باوەڕهێنەر و بیانووی پێویست بە هەموو تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کورد و هەموو شەیدایانی کوردستانی نیشتمانیان، بدەین بۆ ئەوەی باوەڕ بەوانە بهێنن کە لە حەقیقەتی شتەکان بێئاگان، حەقیقەتی ئیمپریالیزم و سەنتۆ و حەقیقەتی ئامانج و مەبەستەکانیان لە دەستوەردانە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییەوە لە ژێر پەردەی یارمەتیی درۆینەوە.

دیارترین ئەو ڕاستییانەی، کە دەبێت وەک بەڵگە و بیانوو شرۆڤە بکرێن، بریتین لە:

١- ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و باسکردنی ئامانج و ئەرکەکانی و دژوەستانەوەی هەموو ئەوانە لەگەڵ ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و کۆنەپارێزی.

٢- ڕوونکردنەوەی خەسڵەتەکانی سەردەمەکەمان و ئەرکەکانی تێکۆشانی گەلان تێیدا، بە گەلی کوردیشمانەوە، لەگەڵ کاریگەریی ئەو خەسڵەتانە لەسەر شۆڕشی جیهانیی

هاوچەرخ، کە لە ڕووی بابەتییەوە شۆڕشی کوردی بەشێکە لێی.

٣- ڕوونکردنەوەی سروشتی شۆڕشی کوردی و ئەرکەکانی تێکۆشانمان و دیاریکردنی هێزە بنەڕەتی و پێشڕەوەکان لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕیمان و دەستنیشانکردنی دۆستان و دوژمنان و خستنەڕووی ڕێبازی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی بەرەو سەرکەوتن، واتە دیاریکردنی ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسیی گەلی کوردمان و ناسینەوەی ئەو هێزانەی دەتوانن لە ڕەوتار لەسەر ئەو ڕێگەیە تا سەرکەوتنی کۆتایی، بەردەوام بن. واتە تا بەدیهێنانی ڕزگاریی نیشتمانیی دەستبەجێ و دیموکراسیی ڕاستەقینەی دڵخوازمان و تا کاتێک، کە هەموو ئەرکەکانی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیمان، جێبەجێ دەبن.

ئەوەش پێویستیی بە ڕوونکردنەوەی سروشتی ئیمپریالیزم و خستنەڕووی دوژمنایەتیی توندی بۆ گەلان هەیە، بە گەلی کوردیشەوە، لەگەڵ لێکدژیی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلەکەمان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و مەحاڵیی ڕەهای کۆکردنەوەیان پێکەوە.

-١-

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، لە گەوهەر و ناوەڕۆکیدا بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردە دژی ئەوانەی کردوویانەتە کۆیلە، کوردستانی نیشتمانیان دابەش کردووە، مافە نەتەوەییەکانیان زەوت کردووە، سامانی وڵاتەکەیان تاڵان کردووە، لە چنگی هەژاری و دواکەوتوویی و نەزانی و دەرەبەگایەتیدا هێشتوویانەتەوە، کە ئەوانیش ئیمپریالیستە ئینگلیز و ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانەکانیانن لە چینە بۆرجوازییە کۆمپرادۆرییەکان و دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی نیشتمانیی ڕاستڕەو و سازشکاری نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارس.

بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی کوردی ئامانجی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە، گرنگترینیشیان مافی چارەی خۆ نووسینە، کە ئیمپریالیستە ئینگلیز و ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانە کۆنەپارێزە فەرمانڕەواکانیان بەسەر کوردستانەوە، نوێنەرانی بۆرجوازی و کۆمپرادۆری و دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی نیشتمانیی ڕاستڕەو و کەسانی

شۆڤینیی سەربازی، لێیان بێبەش کردووە. بۆیە حەتمییە کە دەبێت بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕەسەنی کوردی، دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ئینگلیزی و هاوپەیمان و سەرانی پشتیوانیان بێت، لەوێشەوە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی ڕزگاریخوازیی ئەوتۆ بێت، کە خەو لە چاوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی هاوپەیمانی و هاوپەیمانە شەڕەنگیزەکانی و ڕژێمە پەیوەندیدارەکان پێوەی، بزڕێنێت.

کە وایە هیچ شتێک بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕەسەنی کوردی لەگەڵ ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی کۆنەپارێزی هاوکاروانیدا، کۆ ناکاتەوە، دوژمنایەتیی توند و ململانێی سەخت نەبێت. بۆیە ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی هاوکاروانی لە زایۆنیزم و سەنتۆیی و کۆنەپارێزان، جگە لە کۆیلایەتی و پارچە پارچەیی و هێشتنەوەی دۆخی گەلی کورد بە بێبەشیی لە مافە نەتەوەییەکانی، هیچی تریان بۆ گەلی کورد ناوێت.

ئەمەیە ڕاستییەکە و لەبیرکردنیشی مەترسییەکی مەزنە لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی. هەر هاریکارییەکیش لەگەڵ دوژمنانی سەرسەختی گەلی کورد، ئیمپریالیستان و هاوپەیمانەکانیان، تەنیا بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەخاتە داوی ئیمپریالیزمەوە و لە ڕێی شکۆداری تێکۆشانی، دووری دەخاتەوە و سروشتەکەی دەگۆڕێت و کرۆکە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازییەکەشی لەبار دەبات و ناوبانگی لەکەدار دەکات و بەرەو تیاچوون و ونبوون و کاری خوێناویی بێسوود، پاڵی دەنێت. ڕەنگە لەبری کارکردن و تێکۆشان بۆ لەناوبردنی بەربەستەکانی پەرەسەندنی نەتەوەی کورد و هۆکارەکانی بەکۆیلەکردن و دابەشکردن و دواکەوتنی و ئینجا دوژمنە سەرسەختەکانیشی، لە ژێر پەردەی گوایە هاریکاری و یارمەتی و پاش ئەوەی سەر لە کەسە سەرکردەکانی دەشێوێنێت و بیری کادر و جەماوەرەکەشی ژەهراوی دەکات، بزووتنەوەی کوردی لە ڕێی ڕزگاریی ڕاستەقینە دوور دەخاتەوە و دوژمنانی لەبیر دەباتەوە و هەرچی وزە و توانای هەیە لە هیچ و خۆڕایی، بەفیڕۆی دەدات. نەک هەر ئەوەش، بگرە دژی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆی و دژی سروشتی شۆڕشگێڕی و دیموکراتی خۆی، کار بکات. لەوانەیە لەبری دوژمنانی ڕاستەقینەی، ڕووی تفەنگ بکاتە دۆستان و هاوپەیمانانی بابەتیی.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی وەک بزووتنەوەیەکی نیشتمانی، لە جەوهەریدا

بزووتنەوەیەکی جووتیارییە و سوپا بنەڕەتییەکەشی جووتیارانن. بۆیە هەر دەبێت ئامانجی ئەو تێکۆشانە، ڕزگاریی جووتیاران بێت لە کۆیلایەتیی دەرەبەگایەتی و ئیستیغلالی دەرەبەگایەتی، واتە دەبێت تێبکۆشێت لە پێناو چاکسازیی کشتوکاڵی و لەناوبردنی پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و ئازادکردنی ژنان و بڵاوکردنەوەی فێرکاری و ڕۆشنبیری لە ڕیزەکانی گەلدا. ئەوەش واتە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی دیموکراتیە و لەوێشەوە دژی دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی کۆمپرادۆریی کوردییشە و ئامانجی پێدانی مافی حوکمڕانی و مومارەسەی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتە بە گەلی کورد بە هەموو چینە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازییەکانەوە، واتە فەراهەمکردنی ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان. کە وایە چۆن دەکرێت بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، لە ڕووی بابەتییەوە دژایەتیی ئەو چینە کۆنەپارێزانە بکات و هاریکار و هاوخەمیشیان بێت، بۆ نموونە لەگەڵ نوێنەر و کەسە دیارەکانیاندا؟

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی وەک بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی دیموکراتی لە ڕووی بابەتییەوە دژ بە ئیمپریالیزم، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییە و بووەتە بەشێک لە شۆڕشی جیهانیی هاوچەرخ، کە شۆڕشێکی سۆشیالیستییە. وەک چۆن بە حوکمی پەرەسەندنەکانی دۆخی وڵاتانی کۆڵۆنیالیست و نیمچە کۆڵۆنیالیست و شوێنکەوتەش، کە کوردستانیان بردووە، بووە بە شۆڕشێکی دیموکراتیش. هەر دەبێت بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕژێمە کۆنەپارێزەکان و لە پێناو ڕزگاری و دیموکراسیی میللی و سۆسیالیدا، لە ڕیزی گەلانی شۆڕشگێڕ و پرۆلیتاریای جیهانیدا بێت.

-٢-

سەردەمەکەمان بەوە دەناسرێتەوە، کە سەردەمی کەوتنی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکانە، سەردەمی کەوتنی بۆرجوازیی جیهانی و سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیی پرۆلیتاریی جیهانییە. ئەوەش واتە تێکەڵبوون و پێکداچوونی تەواوی نێوان شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان لە وڵاتانی ستەملێکراو و دواکەوتوو

و شۆڕشە پرۆلیتارییەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی و سەرمایەداریی پێشکەوتوو. ئاشکرایە، کە شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان، لە سەروەختی یەکەمین جەنگی جیهانی و سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیی مەزنی ئۆکتۆبەرەوە، بوون بە بەشێکی گرنگی شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی. بەڵام بایەخی مێژوویی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان، بەردەوام زیاد و گەورەتر دەبوو. کاتێکیش بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریا لە خۆرئاوای ئەوروپا و ئەمەریکا و وڵاتانی تری سەرمایەداریی پێشکەوتوو، تووشی پەککەوتنێکی کورتخایەن بوو و شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی، بەتینتر بوون و لێکدژییەکانی نێوان ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گەلانی شۆڕشگێڕ، توندتر بوون و شۆڕشە نیشتمانییەکانیش بوون بە دیموکراتی نوێ، کە کار لە دیاریکردنی چارەنووسی سەرمایەداریی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی دەکات (بە حوکمی ئەوەی تێیسرەواندووە و حوکمڕانیی ئیمپریالیستیی جیهانیی لاواز کردووە)، ئەوا شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان لە دۆخی هەنووکەدا، بوون بە هێزی سەرەکیی شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی و لێکدژیی نێوان ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا و گەلانی شۆڕشگێڕیش، بووە بە لێکدژییەکی سەرەکیی بنەڕەتی. ئەوەش لەگەڵ بەردەوامیی لێکدژییە بنەڕەتییەکانی تریشدا، وەک لێکدژیی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازی لە وڵاتانی مێترۆپۆل و سەرمایەداریی پێشکەوتوو و لێکدژیی نێوان دەوڵەتانی سۆشیالیستی و دەوڵەتانی ئیمپریالی و سەرمایەداری. سەرباری ئەوەی سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا، پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بەدەستی دەهێنێت، کە تاجەگوڵینەی سەرکەوتنی لە شۆڕشە پرۆلیتارییەکانی ڕەمزی شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانیی، لەسەر دەنرێت. ئەرکەکانی خۆیشی ڕادیکالانە ڕادەپەڕێنێت، کە مانای وایە هێزی سەرەکیی شۆڕشی سۆشیالیستی، شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان، ڕێ بۆ سەرکەوتنی هێزی پێشڕەو تێیدا، پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، خۆش دەکات، هاوشێوەی ڕۆڵی جووتیاران بەو پێیەی هێزی سەرەکیین و ڕۆڵی پرۆلیتاریاش بەو پێیەی هێزی پێشڕەون لە شۆڕشی نیشتمانییدا، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، نەک نیشتمانی. هەروەها مانای وایە،

کە شۆڕشی چەکداریی پرۆلیتاریا و جەنگی میللیی شۆڕشگێڕیی گەلانی ستەمدیدە، دوو ڕێگەی مێژووییین بۆ ڕزگاریی نیشتمانی و دەربازبوون لە کۆڵۆنیالیزم و ئیستیغلال و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەییش پێکەوە و بەدیلیشیان نییە.

ئەوانە سیما دیارەکانی سەردەمی هەنووکەن .. جا ئەو پەرەسەندنانە چۆن کەوتنەوە؟ و ئەو خەسڵەتە نوێیانە لەکوێوە دێن؟

باش ئاشکرایە، کە شۆڕشی سۆشیالیستیی مەزنی ئۆکتۆبەر، دەستپێکی سەردەمی شۆڕشی پرۆلیتاریی جیهانییە و سەرکەوتنیشی وای کرد، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ڕژێمی سۆشیالیستی لە شەش یەکی گۆی زەویدا، بەرپا بکرێت، بەوەش بەرەی سەرمایەداریی نێودەوڵەتیی تێکشکاند و یەکبوونی جیهانییشی درز تێ خست. بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیی شکۆداری ئۆکتۆبەریش، لە لایەکەوە بزووتنەوەی پرۆلیتاریی شۆڕشگێڕ لە ئەورووپادا مەزنتر بوو، لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتمانیی گەلانی ستەمدیدەی خۆرهەڵات و سەرپاکی وڵاتانی تریش، کە لە سایەی کۆتی ئیمپریالیزمدا دەیاننالاند، زۆرتر بوون. ئەوەش جۆشی بە شۆڕشی جیهانیی، دا و هێزیشی زیاتر بوو، بەتایبەت کاتێک شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکان لەگەڵ شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانیدا تێکەڵ بوون. "هێزی سەرەکیی ئەو شۆڕشانە، پرۆلیتاریای وڵاتانی سەرمایەداری و هێزی هاوپەیمانانیشی، نەتەوە چەوساوەکانی نێو کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنییەکان بوون". شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی، پاش سەرهەڵدانی سەرکەوتووی لە ڕووسیا و سەرهەڵدانی لە وڵاتانی سەرمایەداریی تریشدا، سرەواندیە دەسەڵاتی سەرمایە و جیهانی سەرمایەدارییشی هەژاند و گەلانی ستەملێکراویشی بێدار کردەوە و لە تێکۆشانیان دژی ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتی، واتە دژی سەرمایەداریی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی، ئیلهامی پێ بەخشین. شۆڕشی ئۆکتۆبەر، وەک ئەوەی ستالین باسی کردووە، ئەم کاریگەرییە سەرەکییانەی خوارەوەی لە بواری بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکاندا، لێ کەوتەوە:

"١- چوارچێوەی پرسی نەتەوەیی فراوانتر کرد، بەوەی لە پرسێکی هەندەکیی تایبەت بە تێکۆشانی دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە لە ئەورووپا، گۆڕی بە پرسێکی گشتیی پەیوەست بە ڕزگاریی نەتەوە چەوساوەکان لە کۆتی ئیمپریالیزم لە کۆلۆنی و نیمچە

کۆلۆنییەکاندا.

٢- توانای زۆروزەبەندی ڕەخساند، ڕێگەگەلی واقیعیی بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕزگارییە کردەوە. بەوەش پاڵی زۆری بە دۆزی ڕزگاریی نەتەوە چەوساوەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاواشەوە، نا و ئەو نەتەوانەشی بەرەو ڕەوتی سەرتاپاگیری تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم، کێش کرد.

٣- بەوەش پردێکی لە نێوان خۆرئاوای سۆشیالیستی و خۆرهەڵاتی بەکۆیلەکراودا چێ کرد، کاتێک بەرەیەکی نوێی شۆڕشی دژی ئیمپریالیزمی جیهانی خوڵقاند، کە لە پرۆلیتاریای خۆرئاواوە و بە تێپەڕین بە شۆڕشی ڕووسیدا، بۆ نەتەوە چەوساوەکانی خۆرهەڵات درێژ دەبووەوە". -- ستالین.

لەو ڕاستییانەی سەرەوەوە، دەکرێت بگەینە ئەنجامگیرییەکی گرنگ کەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە واقیعی ئەرکی لێکدان و تێکەڵکردنی شۆڕش و تێکۆشانە ڕزگاریخوازییەکانی دژی ئیمپریالیزم لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانیدا، بەجێ گەیاند. بە جۆرێک کە تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی گەلانی چەوساوە و کۆلۆنیزەکراو دژی ئیمپریالیزم، بووەتە ڕەوتێکی گرنگ لە شۆڕشی سۆشیالیستیی پرۆلیتاریی جیهانیدا و کار دەکاتە سەر دیاریکردنی چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی. ڤلادیمیر ئی. لینین درکی بە بایەخی بێداربوونەوەی گەلانی خۆرهەڵات و ڕۆڵی لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانیی هاوچەرخدا کردبوو، لە باسیشیدا دەڵێت: "لە ئەنجامی قۆناغی بێداربوونەوەی خۆرهەڵاتەوە، قۆناغی بەشداریی هەمموو گەلانی خۆرهەڵات لە دیاریکردنی چارەنووسی هەموو جیهاندا دێتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی چیتر تەنیا ئامرازێک نەبن بۆ خۆدەوڵەمەندکردن. گەلانی خۆرهەڵات، بێدار دەبنەوە بۆ ئەوەی بەڕاستی و بەفیعلی کار بکەن، بۆ ئەوەی هەموو گەلێک لە دیاریکردنی چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتیدا پشکی هەبێت".

بەو شێوەیە شۆڕشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان، بایەخێکی جیهانییان پەیدا کرد، کە سنووری وڵاتی خۆیانی تێدەپەڕاند و کاریگەرییشیان لە ڕزگاریی نیشتماندا، چوارچێوەی وڵاتەکەیانی دەبڕی و دەبووە چاوگێکی سەرەکیی شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی و لە دیاریکردنی چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتییشدا، پشکدار دەبێت. وەک

ئەوەی لینین پێشبینیی کردبوو، زۆر ڕوون دەرکەوتووە "شۆڕشی سۆشیالیستی"، کە لە هەموو پارچەیەکی جیهاندا پێشڕەویی کردووە، "تەنیا سەرکەوتنێکی پرۆلیتاریا نابێت لە ولاّتێک لە ولاّتان بەسەر بۆرجوازییەکەیدا". بەتایبەت کە شۆڕشەکان، ئاسان و سانا و بەبێ دەستوەردانی ئیمپریالیزم لە دژیان، تێناپەڕن. ولاّتانی سەرمایەدارییش، حکوومەتی خۆیانیان دژی پرۆلیتاریا و پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکەشی، پڕچەک کردووە. نەتەوە چەوساوەکانیش کاتێک سەرقاڵی تێکۆشانی نیشتمانیی شۆڕشگێڕیین، ململانێ لەگەڵ سەرمایەداریی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی دەکەن، لە ڕووی ئۆرگانییشەوە تێکۆشانەکانی پرۆلیتاریا لە مێترۆپۆل لەگەڵ ئەو تێکۆشانە نیشتمانییە شۆڕشگێڕییانەی ولاّتانی کۆلۆنی و شوێنکەوتەدا، پێکدا دەچن و پێکەوە دەبەسترێن. بەوەش، وەک ئەوەی لە دەربڕینە ناوازەکەی لینیندا هاتووە: "بە هیچ شێوەیەک شۆڕشی سۆشیالیستی، نە هەمووی و نە بە شێوەیەکی سەرەکی، تێکۆشانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی هەر ولاّتێک دژی بۆرجوازییەکەی نابێت، بەڵکو تێکۆشانی سەرجەم کۆلۆنی و ولاّتە شوێنکەوتەکان دەبێت دژی ئیمپریالیزمی جیهانی".

ئەوەیە بایەخی مێژوویی بەرزی شۆڕشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان دژی ئیمپریالیزم لە سەردەمی هەنووکەدا و ئەوەشە ڕۆڵی نوێی مەترسیداری لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانییدا.

ئەو بایەخە مێژووییە، ئاشکرا لە گۆڕانی شۆڕشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکاندا بەرەو شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی میللی بە سەرکردایەتیی چینی کارگەر و بە ڕێبەرایەتیی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ دەرکەوت. ئەو فاکتە مێژووییەش، ئەزموونەکانی شۆڕشی نوێی دیموکراتی چینی بە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی چینی و بە ڕێبەرایەتیی سەرۆک ماو تسی تونگ، بەرجەستە و مشتوماڵی کرد. شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی چینی، بوو بە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی و پاش بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیشی، بێ هیچ وەستان و خاوبوونەوەیەک، گۆڕا بۆ شۆڕشێکی سۆشیالیستی. بەوەش گوتەزا بۆرجوازییە بەسەرچووەکانی دەربارەی مانەوەی شۆڕشی نیشتمانی لە قۆزاخە دیموکراتییە بۆرجوازییەکەیدا، هەڵوەشاندەوە و حەتمییەتی گۆڕانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی

بۆ شۆڕشێکی دیموکراتی میللی، ڕوون کردەوە، کە قۆناغێکی ڕێخۆشکەرە بۆ گواستنەوە بۆ سۆشیالیزم، بەڵام تەنیا لە ڕێی دیموکراسیی میللییەوە.

ئەو دەستکەوتە مەزنەی شۆڕشی چینی، کە سەرۆک ماو تسی تۆنگ لە نامیلکە نایابەکەی (دەربارەی دیموکراسیی نوێ)دا ڕوونی کردووەتەوە، نموونەیەکی زیندووی نوێی شۆڕشی نیشتمانی بوو لە وڵاتانی شوێنکەوتە و کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنیدا، کە دەبێت گەلانی ستەمدیدە، بەڵام بێگومان بە مۆرکی تایبەتی خۆیان و بەگوێرەی مەرج و دۆخی دیاریکراو و دەستنیشانکراویان، چاوی لێ بکەن و لە وڵاتی خۆیاندا هەوڵی بەدیهێنانی بدەن. بەتایبەت کە ئاشکرایە:

"سەرکەوتنی جەنگی شۆڕشگێڕانەی گەلی چینی، بەرەی خۆرهەڵاتی ئیمپریالیزمی تێکشکاند و تەرازووی هێزی لە جیهاندا تا ئەوپەڕی گۆڕی و پاڵی بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی گەلانی جیهانەوە نا بەرەو پێشەوە. لەو کاتەشەوە بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینیدا، پێیان ناوەتە سووڕێکی مێژوویی نوێوە".

ئەم سووڕە مێژووییە نوێیە بەو ڕاستییە دەناسرێتەوە، کە شۆڕشە نیشتمانییەکان لە ڕووی بابەتییەوە، گۆڕاون بۆ شۆڕشی دیموکراتی میللی، وەک ئەوەی ڕێخۆشکەر بن بۆ گواستنەوە بەرەو سۆشیالیزم لەسەر ئاستی نیشتمانی، هەروەها وەک ئەوەشی هێزی سەرەکیین لە شۆڕشی جیهانیی (سۆشیالیستیی) هاوچەرخ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. هەروەها مەیدانی سەرەکیی ململانێ دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، مەیدانی ئاسیایی – ئەفریقی – ئەمەریکای لاتینییە، کە گەلانی شۆڕشگێڕ بەرەی فراوانی ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین، پڕ دەکەنەوە و هەرچی لێکدژییەکانی جیهانی هاوچەرخە لەوێدا کۆ دەبنەوە و کۆڵۆنیالیزمیش لاوازترین هەژموونی بەسەر ئەو ناوچانەدا هەیە، کە بوون بە ناوەندی زریان بۆ شۆڕشی جیهانی و گورزی ڕاستەوخۆ لە ئیمپریالیزمی جیهانی دەوەشێنن.

لێکدژیی هەڵایساوی هەنووکەش، لێکدژیی بەرەی گەلانی شۆڕشگێڕ و بەرەی ئیمپریالیزمی جیهانییە بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا. ئەوەش لێکدژیی سەرەکیی ئەمڕۆیە،

بەتایبەت پاش پەککەوتنی کاتیی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە وڵاتانی مێترۆپۆل و وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و گەورەدا بە زیاد لە هۆکارێک، لە کاتێکدا بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی، مەزنتر بوون و شۆڕشی چەکدارییشیان لێوە هەڵایساوە. کە وایە ئەو قسەیە ڕاست دەردەچێت کە "دانیشتووانی ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی، لە دوو لەسەر سێی کۆی دانیشتووانی جیهانی سەرمایەداری، زیاترن. هەڵکشانی بەردەوامی شۆڕشیش لەو ناوچانە و شەڕکردن لە نێوان وڵاتە کۆڵۆنیالیستییەکان و حوکمڕانانانی کۆڵۆنیالیستیی نوێ و کۆن، بۆ هەژموونکردن بەسەر ئاو ناوچانەدا، ڕوون ئەوە دەردەخەن کە ئەو ناوچانە، خاڵی کۆبوونەوەی هەموو لێکدژییەکانی جیهانی سەرمایەدارییین، وەک چۆن دەکرێت بوترێت کە خاڵی کۆبوونەوەی لێکدژییە جیهانییەکانیشن. ئەو ناوچانەش لاوازترین ئەڵقەن لە زنجیرەی کۆڵۆنیالیستیدا و ناوەندی زریانی شۆڕشی جیهانییشن".

ئەگەر بە چاوێکی واقیعی و داهێنەرانەوە سەیری شۆڕشی جیهانی بکەین، دەبینین شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتیە چەکدارەکان، چاوگی سەرەکیین تێیدا، بە ڕادەیەک ئەو شۆڕشانە بوونەتە هێزی سەرەکی تێیدا و ڕۆڵێکی مەزن لە لاوازکردن و خستنی ئیمپریالیزم و ڕژێمە بۆرجوازییە قۆرخکارییەکەی دەبینن، کە ئەوەش واتە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ لە فەراهەمکردنی مەرج و پێویستییە بابەتییەکان بۆ ئەوەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، بۆرجوازیی نەتەوەیی قۆرخکاری بڕووخێنێت.

چونکە وەک ئەوەی ستالین لەساڵی ١٩٢٥دا وتی: "وڵاتانی کۆڵۆنیزەکراو، پاشەڵی بنەڕەتیی ئیمپریالیزمن. هەڵگیرسانی شۆڕشیش لەو پاشەڵەدا، هەر دەبێت ئیمپریالیزم هەڵتەکێنێت. تەنیا بەو مانایە نا کە ئیمپریالیزم ئەو پاشەڵەی لێ دەکرێتەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە هەڵگیرسانی شۆڕش لە خۆرهەڵاتدا، دەبێت کاریگەریی بەهێزی بەسەر توندکردنەوەی قەیرانی شۆڕشگێڕی لە خۆرئاوادا، هەبێت".

زێدەڕەوی ناکەین گەر لە دیدێکی گشتییەوە بۆ شۆڕش لەسەر ئاستی جیهانی بڵێین، کە سەرلەبەری دۆزی شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی، بڕێکی زۆر لەسەر تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی گەلانی هەر سێ کیشوەرەکە بەندە، ئەوانەی زۆرینەی دانیشتووانی جیهانن و

زۆرترین سامانی کانزایی و نەوتی و کشتوکاڵییان هەیە و لێکدژییەکانی نێو جیهانەکەمان، وەک لێکدژیی نێوان گەلان و ئیمپریالیزم، نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیستی خۆیان، نێوان سۆشیالیزم و ئیمپریالیزم، نێوان جەماوەری ئەو گەلانە و دەرەبەگ و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری و لێکدژییە چینایەتییەکانی نێو ڕیزەکانی گەلانیش، لەسەر خاکی ئەوان کۆ بوونەتەوە. هەر لەسەر ئەو خاکانەیە، کە چەوساندنەوەی ئیمپریالی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە قێزەونترین شێوەدا (چەوساندنەوەی چینایەتیی دڕندە و زۆر جارانیش چەوساندنەوەی ئاینی و مەزهەبی) و دەستدرێژیی ئیمپریالیی نیشتەجێکاری (وەک فەلەستین و باشووری ئەفریقا و ڕۆدیسیا) هەیە، لەوێدا کە کۆلۆنیالیزم - بەراورد بە وڵاتانی مێترۆپۆلیی خۆی - لاوازترین جۆری هەژموون و کۆنترۆڵ و توانای بەرگری و هێرشبردنی هەیە، لە جێیەکدا کە ئەو وڵاتانە بوونەتە ناوەندی زریانی شۆڕشەکان و تێکۆشانی گەلانیان توندتر دەبن و لە ململانێیاندا دژی ئیمپریالیزمی جیهانی، زیاتر تاو دەسێنن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی شەکەتکردنی ئیمپریالیزم و چۆڕاندنی وزە مادی و مرۆییەکانی و لە توانای سەربازی و شکۆی نێودەوڵەتییشی، دادەشکێنێت، دوورەپەرێزیی نێودەوڵەتی و دنەدانی تەرازووی ڕقی ڕەوای ئەو گەلانە و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی هەموو جیهان، تەنانەت لە وڵاتانی مێترۆپۆلیش لەسەر تاوانەکانی ئیمپریالیزم و دەستدرێژی و سیاسەتەکانی، زیاتر دەکات. شۆڕشی ڤێتنامی، نموونەی جیهانیی زیندووە لەسەر ڕاستیی قسەکانمان، وەک چۆن مەرگەساتی فەلەستینی و کاری گیانفیدایی فەلەستینی، نموونەیەکی ترە بۆ بەڵگەی ڕاستیی ئەو ئەنجامگیرییەی سەرەوە.

کە وایە ئەو وڵاتە شۆڕشگێڕە بەرهەڵستکارانەی ئیمپریالیزم، لە ڕووی جیهانییەوە هەمان ڕۆڵ دەگێڕن کە لە ڕووی ناوخۆییەوە بنگە شۆڕشگێڕە گوندییەکان لە شۆڕشی نیشتمانیدا دەیگێڕن. وەک ئەوەی ئەو وڵاتانە، "ناوچە گوندییە شۆڕشگێڕەکانی جیهان" بن کە دەوری "شارەکانی جیهان"یان دابێت، کە نوێنەرەوەی وڵاتانی سەرمایەداری و مێترۆپۆلیین. لێڕوانینی زانستی لە شۆڕشی جیهانی لە ئاسۆی ئینتەرناسیۆنالیزمەوە، بۆمان دەردەخات، کە وەک چۆن شۆڕشی میللی لە گوندەوە، شارەکانی وڵات گەمارۆ دەدەن، وەک ڕێخۆشکردن بۆ ڕزگارکردنی پاش ئەوەی مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی

میللی پێدەگەن و وزەکانی کۆمەڵانی خەڵکیش ساز دەکرێن و هێزە شۆڕشگێڕەکانیش کە توانای بەدەستهێنانی سەرکەوتنی کۆتاییان هەیە، ئامادە دەکرێن، ئاوەهاش ئەو ناوچە شۆڕشگێڕانە، وڵاتانی مێترۆپۆل و سەرمایەداریی باڵا، گەمارۆ دەدەن و تێکۆشانی گەلانی ئەو ناوچە یاخییانەش، گورزی ئازاربەخش و دڵتەزێن و پشتشکێن دەسرەوێننە ئیمپریالیزمی جیهانی. بەوەش ئەرکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، ئاسان دەکەن و ڕێ بۆ سەرکەوتنی شۆڕشە پرۆلیتارییە سۆشیالیستییەکەی خۆش دەکەن، پاش ئەوەی پێویستییە بابەتییەکانی سەرکەوتنی بەسەر بۆرجوازیی قۆرخکاریی نێودەوڵەتیدا بۆ فەراهەم دەکەن. ئەوەش چونکە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتیانە، دەبێتە هۆی بڕینی ڕەگە ئابوورییەکانی سەرمایەداریی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی، ئەو ڕەگانەی کە بە وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو و شوێنکەوتەدا درێژ و شۆڕ دەبنەوە، بۆ ئەوەی خوێنی پێویست بۆ درێژەدان بە ژیانی ڕژێمە ئابوورییە ئیستیغلالییەکەی، بمژن، کە ژیانی لەسەر کەرەستەی خاو و سامانی زۆری دزراوی ئەو وڵاتانە و بازاڕەکانیان و دەستی کاری هەرزان تێیاندا، بەندە.

بێبەشبوونی بۆرجوازیی قۆرخکاری لەو کەرەستە خاو و سامانە زۆر و قازانجە خەیاڵی و بازاڕە فراوانانە لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان لەو وڵاتانەدا، بێگومان دەبێتە هۆی توندبوونی قەیرانی گشتیی ڕژێمی سەرمایەداریی نێودەوڵەتی و توندبوونی لێکدژییەکانی و فراوانکردن و تەقاندنەوەشیان، کە ئەوەش ڕێ بۆ سەرکەوتنی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ خۆش دەکات و پێویستی و مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشە سۆشیالیستییەکەی دابین دەکات.

ئەو بایەخە مێژووییە شکۆدارەی شۆڕشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان، بەڵگەی یەکلاکەرەوەیە لەسەر گۆڕانی بۆ هێزی سەرەکیی لە شۆڕشی جیهانیدا، بەبێ لەبیرکردنی ئەو ڕاستییەی کە "پێویست بە گوتن ناکات، سەرکەوتنی کۆتایی، تەنیا پرۆلیتاریای هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بەدەستی دەهێنن". ئەو پرۆلیتاریایەی کە لە ڕێی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە چەکدارییەکانەوە بەسەر ئیمپریالیزم لە ناو جەرگەی ماڵی خۆیدا، تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی دژی ئیمپریالیزم، دەبڕێتەوە و مۆری کۆتایی لێ دەدات، بۆ

ئەوەی بیرووخێنێت و بۆ هەمیشە لە زبڵدانی مێژوودا بینێژێت و بە یەکجاری مرۆڤایەتی لە خراپە و تاوانە قێزەونەکانی، ڕزگار بکات. لەو ڕاپەڕینە پرۆلیتارییە شۆڕشگێڕییە چەکدارییەدا، شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاو لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی و ڕەخساندنی کەشی سەرکەوتنی و دابینکردنی پێویستییەکانی سەرکەوتنی لە ڕووی بابەتییەوە، دەگێڕن. لەبەر ئەوەیە کە بەڕاستی بە هێزی سەرەکی لە دۆخی هەنووکەی شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانیدا، دادەنرێت.

لێرەدا دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە باسکردنی ئەو ڕاستییانە هەرگیز مانای وا نییە، کە سەردەمەکەمان لێکدژیی بنەڕەتیی تری تێدا نییە، وەک لێکدژیی نێوان وڵاتە سۆشیالیستییەکان و وڵاتانی ئیمپریالیستی و سەرمایەدار و لێکدژیی نێوان خودی دەوڵەتانی سەرمایەدار. هەموو ئەمانە لێکدژیین و هەن و کارا و گرنگیشن، بەڵام لێکدژیی توند و هەوکردووی هەنووکە، لێکدژیی نێوان لە لایەکەوە دەوڵەتانی ئیمپریالی بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە لایەکی تریشەوە گەلانی شۆڕشگێڕی جیهانە. هەر ئەوەش لێکدژیی سەرەکییە لە ئێستادا.

لێکدژیی نێوان دەوڵەتانی سۆشیالیستی و دەوڵەتانی ئیمپریالی و سەرمایەداریی گەورە، لێکدژییەکی دوژمنکارانە و بنەڕەتییە، بەڵام پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ڕێگرە لە پێکدادانی ڕاستەوخۆی چەکداری لە نێوانیاندا، لەوێشەوە ئەو لێکدژییە، هەڵایساو و یەکلاکەرەوە نابێت لە گۆڕینی جیهان وەک ئەوەی بۆ نموونە، لە سەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانیدا هەبوو. ئەوەش سەرباری گرنگیی بەشداریی وڵاتانی سۆشیالیستی لە دابینکردنی دۆخی لەباردا بۆ تێکۆشانی گەلان و قایمکردنی بەرەی تێکۆشەری خۆی دژی ئیمپریالیزم.

هەرچی لێکدژیی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازیی قۆرخکارییە لە وڵاتانی ئەمەریکی و ئەورووپیدا، سەرباری ئەوەی لە ڕووی بابەتییەوە خەسڵەتی دوژمنکارانەی هەیە، بەڵام هێشتا لێکدژییەکی هەڵایساو نییە، بەهۆی پەککەوتنی کاتیی بزووتنەوەی پرۆلیتاریی شۆڕشگێڕی و دۆخی ئابووری و سیاسیی باو و بڵاوبوونەوەی مەیلی چاکسازیی لادەرانەوە لە ڕیزی چینی کرێکاردا، کە بانگەشەی توانا و ئیمکانی گواستنەوەی ئاشتییانە

بۆ سۆشیالیزم و چاکسازی لە پێکهاتندا دەکات، لەگەڵ کۆمەڵێک قسەی تری لادەرانەی بەسەرچوو، کە هەنووکە بە ناوی "ڕۆحی سەردەم" و داهێنانەوە، زیندوو دەبنەوە!

هەرچی لێکدژیی نێوان خودی دەوڵەتانی ئیمپریالی و سەرمایەداریی قۆرخکارییە، بۆ گەلان بەسوودە و دەبێت بقۆزرێتەوە و فراوانیش بکرێت، بەڵام فاکتەرێکی یارمەتیدەر نییە لە گۆڕینی جیهاندا، کە شۆڕشی جیهانی پێی هەڵدەستێت.

بەڵام هەموو ئەو لێکدژییانە، بەناو یەکدا چوون و کار لێکتر دەکەن، بێگومان دەشبنە هۆی توندبوونی تێکۆشانی گەلان و تەقاندنەوەی لێکدژییەکان و هەڵگیرسانی شۆڕشە چەکدارییەکانی گەلان، ئەو شۆڕشانەی کە تەنیا ئەوان دەتوانن چارەسەری ڕیشەیی هەموو لێکدژییەکان بدۆزنەوە، بە جۆرێک کە سوودی گەلان و سەرلەبەری مرۆڤایەتییشی تێدا بێت.

لە نێوان بزووتنەوە کاراکانی نێو ململانێی ئەو لێکدژییانەشدا، پەیوەندیی توندوتۆڵی بابەتیی هەن. چونکە بزووتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان لە کۆلۆنی و وڵاتانی شوێنکەوتە و نیمچە کۆلۆنیدا، پەیوەندیی توندوتۆڵیان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریا لە مێترۆپۆل و وڵاتانی سەرمایەداریی قۆرخکارییەوە هەیە. شۆڕشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکانیش، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە گرووپی سۆشیالیستیی زادەی شۆڕشی پرۆلیتاریی جیهانییەوە هەیە. بەو پێیەشی سەرچاوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە سەرچاوەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریی سۆشیالیستیی جیهانی، خزمەتی گەورە بە دۆزی ڕووخاندنی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی کۆتایی سۆشیالیزم و لەوێشەوە وڵاتانی سۆشیالیستییش، دەکات. ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندیی پەرەسەندنی سۆشیالیستی و مانەوە و سەرکەوتنی سۆشیالیزم و دواتریش کۆمۆنیزم تێیاندا وا دەخوازێت، کە بە هەموو ئامرازەکان پشتی شۆڕشە نیشتمانییەکان بگرن و هەموو یارمەتییەکی سەربازی و دارایی و ئابووری و سیاسی و ئەوانی تریشیان، پێشکەش بکەن. وڵاتانی سۆشیالیستی دەبێت بنگەی شۆڕش و پشتیوانی نەتەوە ستەمدیدەکان بن و بە بانگەشە و سازشەکانی ئیمپریالیزمیش فریو نەخۆن، کە دەیەوێت لە ڕێگەیانەوە پەیوەندیی باش لەگەڵ دەوڵەتانی سۆشیالیستی بنیات بنێت بۆ ئەوەی وڵاتانی سۆشیالیستی لە یارمەتیدانی

شۆڕشە نیشتمانییەکان، پاشگەز بکاتەوە. وەک چۆن ولاَتانی بەڕاستی سۆشیالیستیی دەستگرتوو بە شۆڕش و لەسەر ڕێ و ڕێبازی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری، بە بوون و وەستانیانەوە بە ڕووی ئیمپریالیزمی جیهانیدا، گرەنتیی بابەتی بۆ سەرخستنی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان، دابین دەکەن، کە دەبێت هەموو جۆرە هاریکاری و پشتیوانییەکی کردەیی ئەو ولاَتانەیان پێ بگات.

بۆیە هەر دەبێت لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشدا دژی ئیمپریالیزمی جیهانی، پێکەوەیی و هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی هاریکاری لە نێوان شۆڕشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان و ولاَتانی سۆشیالیستی و بزووتنەوەی پرۆلیتاریی شۆڕشگێڕی مێترۆپۆل و ولاَتانی سەرمایەداریی قۆرخکاریدا، هەبێت. ئەوەش واتە دەبێت شۆڕشی کوردی، بە شۆڕشی گەلان دژ بە ئیمپریالیزم و هەروەها بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریای جیهانی و تۆڕی سۆشیالیستییەوە، ببەسترێتەوە.

بەکورتی، ئەوانە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەمانن، سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی و کەوتنی ئیمپریالیزم و لەگۆڕنانی بۆرجوازیی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی. ئەو شۆڕشە سۆشیالیستییەی کە شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان، سەرچاوەی بنەڕەتی و هێزی سەرەکیین، لە کاتێکدا ولاَتانی سۆشیالیستی، بنگە بەهێز و پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕیش پێشڕەوە شکۆدارەکەین، کە بە شۆڕشی سۆشیالیستیی خۆی کۆتایی بەو تێکۆشانانە دەهێنێت. ئەوەش بەکورتی بایەخی شۆڕشی نیشتمانیی ڕزگاریخوازییە، کە گەلانی گیرۆدە بە دەست کۆیلایەتیی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزییەوە، دەیکەن و ئەوەشە ڕۆڵی شۆڕشی نیشتمانی، کە بووە بە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی لە شۆڕشی جیهانیی هاوچەرخدا.

گەر لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندییەکانی سەردەمەکەمان، سەیری دۆخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردمان و پەیوەندیی بە ئیمپریالیزمی جیهانییەوە بکەین، ڕوون بۆمان دەردەکەوێت کە بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، گەر درێژە بە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، نەدات، یان گەر لەسەر خەبات دژی هاوپەیمانە ئیمپریالیبیەکان و حکوومەتە نۆکەرەکانی

ئیمپریالیزم، بەردەوام نەبێت، چیتر بە ڕزگاریخواز نامێنێتەوە. وەک چۆن بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد، ناگاتە ئەو سەرکەوتنەی کە چاوی لەسەرە، گەر درک بە سروشتی دوژمنکارانە و تاوانکارانەی ئیمپریالیزم نەکات؛ گەر لەوە تێنەگات کە ئیمپریالیزم، دوژمنە سەرسەختەکەی گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەیەتی و لەوێشەوە زۆر بە ڕوونی دوژمنە سەرسەختەکەی، ئیمپریالیزم و دۆست و هاوپەیمانانی لە گەلانی شۆڕشگێڕ و پرۆلیتاریای ولاتانی سەرمایەداری و دەوڵەتانی سۆشیالیست، لێک جیا نەکاتەوە.

گەر تێکۆشەرە کوردەکان، لە سروشتی سەردەمەکە و خەسڵەتەکانی تێبگەن، ئەوکات زانینی ئەو ڕاستییەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، بۆ ئەوەی بە ماناکەی لەم سەردەمەدا، بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی ڕزگاریخواز بێت، دەبێت دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزیی نۆکەر بێت، ئاسان دەبێت، نەک ئەوەی لەگەڵ دڕندەترین ئیمپریالیزمی جیهانیدا، ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، ببێتە هاوپەیمان، کە ڕۆڵی حەسحەسی جیهانی بۆ ئیمپریالیزم و بۆرجوازیی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی، دەگێڕێت.

گەر تێکۆشەرانی کورد لە خەسڵەتەکانی سەردەمەکە تێبگەن، زانینی ئەوەی کە دەبێت چۆن بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی دژی ئیمپریالیزم، بزووتنەوەیەکی میللیی دیموکراتی بێت، ئاسان دەبێت. چونکە لە سەردەمی ڕووخانی ئیمپریالیزم لە سایەی گورزی شۆڕشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکانی گەلاندا، ئەو بزووتنەوە نەتەوەییەی دژایەتیی ئیمپریالیزم نەکات و دژی تێنەکۆشێت، بگرە هاریکاری بێت، بە بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی ڕزگاریخواز دانانرێت. جگە لەوەی پێچەوانەی ڕۆحی سەردەم و سروشتی سەردەمەکەمانە و بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئاڕاستەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە جیهان، ئاڕاستەی گۆڕانکارییە جیهانییەکان، ئاڕاستەی شۆڕشی جیهانی کە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردی بەشێکە لێی، هەنگاو دەنێت. بۆیە هەوڵی پشتبەستن بە ئیمپریالیزم یان هاریکاری لەگەڵی بە پاساوی وەرگرتنی یارمەتی و پاراستنی گیان و شۆڕش، مانای بڕینی پەیوەندیی ئۆرگانیکی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردییە بە شۆڕشی گەلانەوە، بەتایبەت شۆڕشی دراوسێکان و شۆڕشی جیهانییش. وەک چۆن مانای لەباربردنی کرۆکە نیشتمانی و دیموکراتییەکەی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی

کوردییشە، کە لەم سەردەمەدا هەر دەبێت شۆڕشێکی ڕزگاریخوازیی دیموکراتی میللیی بێت. لەوێوە ئەو هەوڵە دەبێتە هۆی لەناوبردنی شۆڕشی کوردییش، بەوەی لە ناوخۆوە و بە ناوی یارمەتییەوە، ژەهراوی دەکرێت، بەو پێیەی لە ڕووی جەوهەر و کرۆکەوە لادەدرێت و ڕێی دەگۆڕدرێت و خەسڵەتەکانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕ، لەدەست دەدات و خەسڵەتەکانی شۆڕشی بە مانای ئەم سەردەمەمان، لێ دەتەکێتەوە.

بۆ ئەوەی لێکدژیی زەقی نێوان شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردیی ڕاستەقینە و ئیمپریالیزم و هاوپەیمانە کۆنەپارێزەکانی، هەروەها لە مەحاڵیی کۆکردنەوەیان پێکەوە لەم سەردەمەدا، بزانین، دەبێت بە باشی سروشتی شۆڕشی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی لەم سەردەمەدا، ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دوژمنایەتیی توندی لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، تێبینی بکەین. ئەوەش بە زانینی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی و ئامانج و هێز و کرۆکەکەی و بە ڕوونکردنەوەی تەواوەتیی سروشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەیوەندیی بە تێکۆشانی گەلانی شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی پرۆلیتاریی شۆڕشگێڕی دژ بە ئیمپریالیزمەوە. پاشان ئەو ڕاستییە زانستییانە بەسەر شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردیدا پێڕەو دەکەین، تا سروشت و هێز و ڕێباز و کرۆکەکەی و چۆنێتیی سەرکەوتنی و ڕێگەی بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی بزانین.

## شۆڕشی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی لەم سەردەمەدا،
## شـۆڕشـێکی نیشـتمانیی دیموکـراتی نوێیە

ئەزموونی تێکۆشانی گەلانی ستەمدیدە و گیرۆدە بە دەست ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانییەوە، نیشانمان دەدەن، کە ئەو گەلەی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی تێدەپەڕێنێت، ڕووبەڕووی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی دەبێتەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی و بە کورتی بریتیین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و لەناوبردنی یەکجارەکیی بوون و دەسەڵات و درێژبوونەوە و ئاسەوارەکانی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کولتووریی وڵاتدا و لەوێشەوە، ڕزگارکردنی وڵات لە هەژموونی ئیمپریالی و بیانی و کۆتاییهێنان بە هەموو ڕێککەوتنە سیاسی و سەربازی و ئابووری و کولتوورییەکان و پاککردنەوەی ژیانی گشتی لە هەموو شێوە جیاوازەکانی هەژموونی کۆڵۆنیالیستی و دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی لە بوارەکانی ئابووری و سەربازی و سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتیدا. بە دەربڕینێکی تۆزێک کورتتر، بەدەستهێنانی ڕزگاریی سیاسی و ڕزگاریی سەربازی و ڕزگاریی ئابووری و ڕزگاریی فیکری لە ئیمپریالیزم و حوکمڕانیی نۆکەر و پشتیوانی و ئەو دەزگا جۆراوجۆرانەشی ئیمپریالیزم دایهێناون.

دووەم: لەناوبردنی تەواوەتیی دەرەبەگایەتی و نەریت و ستەمە دەرەبەگایەتییەکان لە گوند و لەناوبردنی یەکجارەکیی پەیوەندییە دەرەبەگایەتی و موڵکدارێتیی گەورەی خاوەن زەوییەکانیش، بەوەی دەستیان بەسەردا بگیرێت و بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێن و کشتوکاڵ ڕیشەییانە چاک بکرێت و ناوچە گوندییەکان بە یەکجاری لە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی و بەندایەتی و پاشماوەی سەدە تاریکەکان، پاک بکرێنەوە.

سێیەم: ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆنەپارێزی نوێنەری حوکمی دەرەبەگ و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری و نۆکەری ئیمپریالیزم، تێکشکاندنی دەزگا ئیداری و سەربازی و ئابووری

و دادوەرییەکان و ئەوانی تریش، کە ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی کۆنەپارێزی نۆکەر دایهێناون، بۆ ئەوەی لەسەر داروپەردووی وان دەسەڵاتێکی دیموکراتی دابمەزرێنرێت، کە نوێنەری هەموو چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان بێت، لە بۆرجوازیی نیشتمانی و بۆرجوازیی بچووک و کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشانی تریش، نەک ئەوەی کە دەسەڵاتی نیشتمانی لە لایەن تاکە چینێکەوە، جا بۆرجوازیی نیشتمانی بێت یان بچووک، قۆرخ بکرێت. بە جۆرێک، کە ئەو دەسەڵاتە، دیموکراتی ڕاستەقینە بێت، بەرجەستەکەری هاوپەیمانیی چوار چینە کۆمەڵایەتییەکە بێت و دیکتاتۆرییەتی هاوبەشی خۆیان بەسەر ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و کۆمپرادۆریدا بنیات بنێن. هەروەها لە بەر ئەوەی چینی کرێکار، پێشڕەوی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی ڕزگاریخوازییە، کاتێکیش دەسەڵاتی دیموکراتی ڕاستەقینە بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار دەبێت، دەگۆڕێت بە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی، کە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک دابین دەکات، لە نێویشیاندا مافی مومارەسەی سەروەری و دەسەڵات و مومارەسەی ئازادییە گشتییەکانی وەک ئازادیی پێکهێنانی حیزب و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان و کۆمەڵەی جووتیاری و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و وەشاندن و باوەڕ.

ئەوە ئەو سێ ئەرکە بنەڕەتییەن، کە ڕاپەڕاندنی هەموویان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گواستنەوە لە کۆمەڵگەی کۆلۆنیزەکراو و نیمچە دەرەبەگایەتی یان نیمچە کۆلۆنیزەکراوەوە، بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو، لەوێشەوە بۆ تەواوکردن و بڕینی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی بە سەرکەوتنی تەواوەوە. بەبێ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە، سەربەخۆیی نیشتمانیی ڕاستەقینە، بەدی نایەت و کۆمەڵگەش بەرەو کۆمەڵگەیەکی ڕزگاربوو لە دەرەبەگایەتی و ستەم و مەرگەساتەکانی و ئەو کۆتە کۆنەپارێزییانەی بەربەست دەخەنە بەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندنی و ڕێ لە پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی دەگرن، پەرەی پێ نادرێت و سەربەخۆیی ئابووری و بنیاتنانی ژیانێکی ئابووریی گەشاوە و سەربەخۆ، کە خزمەتی هەموو گەل بکات، مومکین نابێت. وەک چۆن ناکرێت ڕێ لە چینێکی وەبەرهێنەر بگیرێت، کە دەرامەتەکانی وڵات کۆنترۆڵ نەکەن، یان دەسەڵات بەسەر گەلەوە پەیدا

نەکەن، ئەوە باسی خوڵقاندنی پێویستییەکانی گواستنەوە بەرەو سۆشیالیزم هەر مەکە. واتە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، ئەرکدارە بە بەدیهێنانی کۆی ئەو ئەرکانە بە تەواوەتی و بە گشتی. ئەوەش واتە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، بووەتە شۆڕشێکی دیموکراتی نوێ (لە ڕووی سروشت و جەوهەرەکەیەوە)، وەک چۆن لە ڕووی هەستانی بە ڕزگارکردنی نیشتمان و لە ڕووی مۆرکی گشتییەوە، شۆڕشێکی نیشتمانییە.

شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، کە بەربەرەکانێ و ململانێی بۆرجوازیی قۆرخکاریی نێودەوڵەتی دەکات، وەک باس کرا، بووە بە بەشێکی گرنگ و هەستیار لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی و تێکەڵی ڕەوتە شۆڕشگێڕییە گشتییەکەی بووە، بەو پێیەی هێزی سەرەکییە لە تێکۆشانی ڕووخاندنی بۆرجوازیی نێودەوڵەتیدا، سەرباری ئەوەی کە سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی سۆشیالیستی نییە، بەڵکو دیموکراتی بۆرجوازییە بە گشتی و بە شێوەیەکی نوێ. ئەوەش ئەزموونی هەردوو شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر و چین، سەلماندوویانە. جا ئەگەر شۆڕشی سۆشیالیستیی مەزنی ئۆکتۆبەر "سەردەمێکی نوێی بۆ شۆڕشی نەتەوە ستەمدیدەکان" کردبێتەوە و "پردێکی لە نێوان شۆڕشی سۆشیالیستیی پرۆلیتاریا لە خۆرئاوا و شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی لە وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو و نیمچە کۆڵۆنیزەکراوی خۆرهەڵات" دروست کردبێت، ئەوا شۆڕشی چینی، پەیامی شۆڕشی ئۆکتۆبەری، دووپات کردەوە و کاتێکیش "بەوپەڕی سەرکەوتوویی کێشەی چۆنێتیی گرێدانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی و شۆڕشی سۆشیالیستیی وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو و نیمچە کۆلۆنیزەکراو"ی چارەسەر کرد، هەروەها کاتێکیش سەلماندی کە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، بووەتە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی، کە کۆڵەکە و سوپا بنەڕەتییەکەی، جەماوەری جووتیارانە و مەیدانە سەرەکییەکەشی، ناوچەی گوندییە، پێشڕەوەکەشی چینی کرێکارانە و سەرکردەکەشی، حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕیی پڕچەکە بە تیۆریای سۆشیالیستیی زانستی، بە مارکسیست لینینیزم، لە گرتنەبەری ڕێگە سەرەکییەکەی، بەڵام بە شێوازی نوێوە، بەردەوام بوو. چونکە شۆڕشێکی جەماوەرییە و پرۆلیتاریا دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی کۆمپرادۆری، سەرکردایەتیی دەکات. ئەوەش واتە "شۆڕش تەنیا کرێکار و جووتیار و بۆرجوازیی بچووکی شاران لەخۆی ناگرێت و بەس،

بەڵکو بۆرجوازیی نیشتمانی و سەرپاکی دیموکراتی و نیشتمانپەروەرانی بەرهەڵستکاری ئیمپریالیزمیش".

ئامانجی ئەو شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتیەش، تەنیا ڕزگاریی سیاسی و مومارەسەی مافی چارەی خۆ نووسین نییە، بەڵکو ئامانجی جێبەجێکردنی چاکسازیی دیموکراتی بۆرجوازییە بەپێی خواستی مێژوو و قۆناغەکە، چ لە شار و چ لە گوند، بەڵام بەبێ ڕێگەدان بە بەرپاکردنی دەسەڵاتی بۆرجوازی و دیکتاتۆرییەتی و بەبێ وەستانیش لەو ئاستەدا. بەڵکو گواستنەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو سۆشیالیزم لە ڕێی دیموکراسیی میللییەوە، کە نوێنەرەوەی حوکمڕانیی کرێکار و جووتیار و بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانییە لە سایەی سەرکردایەتیی چینی کرێکاردا، کە دەسەڵاتی ئەوەشیان لەسەر ناوەندگەرایی دیموکراتی بنیات نراوە.

ئەو ڕاستییەش پێویستیی بە جیاکردنەوەی وردی هەردوو قۆناغە شۆڕشگێڕییەکە هەیە، شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی و شۆڕشی سۆشیالیستی و پێکەوەگرێدانی ئۆرگانیکییشیان دەکاتە حەتمی، چونکە "شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، ڕێخۆشکەری پێویستە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی. شۆڕشی سۆشیالیستییش، ئاراستە حەتمییەکەی پەرەسەندنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتیە. بە هیچ شێوەیەکیش شورایەکی مەزن لە نێوان هەردوو قۆناغە شۆڕشگێڕییەکەدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت پێش تەواوکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، شۆڕشی سۆشیالیستی ببرێتە سەر. ئەوەش واتە هەڵتەکاندنی ئەم بانگەشانەی خوارەوە:

١- ئەوەی دەڵێت مومکینە حوکمڕانییەکی بۆرجوازیی نیشتمانیی سەربەخۆ دابمەزرێنرێت، واتە بە دانانی شورایەکی گەورە لە نێوان هەردوو قۆناغە شۆڕشگێڕییەکە و ڕەتکردنەوەی پێویستی و حەتمییەتی دیموکراسیی میللی.

٢- ئەوەی دەڵێت بەبێ تێپەڕین بە دیموکراسیی میللی و لەسەر دەستی بۆرجوازیی بچووک و بەبێ سەرکردایەتیی چینی کرێکار، مومکینە سۆشیالیزم دابمەزرێنرێت. واتە نکۆڵیکردن لە هەردوو قۆناغە شۆڕشگێڕییەکە و بانگەشەکردن بۆ تیۆریای تاکە شۆڕش.

بە دەربڕینێکی تری ڕوون، پێویستیی مێژوویی و دۆخە گۆڕاوەکان و دۆخی

هەنووکەیی، کردوویانە بە حەتمی کە شۆڕشی گەلانی ستەمدیدە لە ڕێی ڕزگاریی نیشتمانیی دەستبەجێدا، هەر شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی نوێ بن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی ڕزگاریی نیشتمانی ڕاپەڕێنن، لەبەر ئەمانە:

١- نیشتمانیبوونی شۆڕشەکان لەوەوە هاتووە، کە دژی ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانیین و دەیانەوێت نیشتمان لە داگیرکاریی بیانی و هەژموونی کۆڵۆنیالیستی، ڕزگار بکەن و هەوڵیش دەدەن مافی چارەی خۆ نووسین و مومارەسەکردنی ئازادانەشی، بەدەست بهێنن. چونکە وڵاتی کۆلۆنیزە یان نیمچە کۆلۆنیزەکراو، یان بێبەش لە ئازادیی یان سەربەخۆیی نیشتمانی، گەلەکەی ناتوانێت پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری بەدەست بهێنێت و بە مەبەستی مسۆگەرکردنی باڵایی و پێشکەوتنیشی، پەرە بە کۆمەڵگەکەی بدات، تەنیا بە لەناوبردنی ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانی و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆ نووسین و مومارەسەکردنی بەوپەڕی ئازادی و بەو شێوەیەی لەگەڵ گەل و بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانیدا دەگونجێت، نەبێت. بۆیە پێویستیی مێژوویی و پێویستیی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی بابەتی، کردوویانەتە حەتمی، کە شۆڕش نیشتمانیی بێت بەو مانایەی دژایەتیی ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانی بکات، بەو مانایەی کە نیشتمان لە هەژموونی کۆڵۆنیالیستی (سیاسی، سەربازی، ئابووری، فیکری و ... تاد) و داگیرکاریی بیانی و لەوێشەوە، گەل لە کۆیلایەتیی کۆڵۆنیالیستی و هەژموونی بیانی و ستەمی حوکمڕانیی بیانی، ڕزگار بکات. هەروەها بە مانای تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆ نووسین و ڕزگاریی خێرای سیاسی و ئابووری و کولتووری.

کە وایە سروشتی و حەتمییە، کە شۆڕش لە وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو یان شوێنکەوتەدا، نیشتمانیی بێت. سروشتی و حەتمییشە، کە تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕ، ئاڵای نیشتمانپەروەری، ئاڵای ڕزگاریی نیشتمانی و یەکبوونی نەتەوەیی، بەرز بکەنەوە. هەروەها تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکاریی بیانی لە پێناو مافی چارەی خۆ نووسین و ڕزگاریی دەستبەجێدا، هەڵبژێرن.

هەروەک سروشتییە کە تێکۆشەرانی پێشڕەو، لە تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا،

لە پێشەوەی ڕیزەکانی تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و سەرمەشقی خەبات و قوربانیدان و گیانفیدایی و نموونەی پاڵەوانێتی و لەخۆبوردوویی و خۆڕاگری و دامەزراوەیی و نەفەسدرێژیی بن. تێکۆشەرانی پێشڕەو، پێش ئەوانی تر، لە بایەخی ڕزگاریی دەستبەجێی نیشتمانی و پێویستیی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانی و پێویستیی تووڕهەڵدانیان لەبەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، تێدەگەن. هەر بۆیە خێرا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و هەڵگرتنەوەی دروشمەکانی جەماوەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا، بەشدار دەبن. هەوڵیش دەدەن لە ڕێی ڕاستیی سیاسەتیان و وردیی هەڵسەنگاندنیان بۆ دۆخ و هەڵوێستەکان و کارامەیی حیزبی پێشڕەویان لە ڕۆڵی مێژوویی خۆی و قوربانیدان و گیانفیدایی و لەخۆبوردوویی لە مەیدانی تێکۆشانی نیشتمانی و مەیدانی خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵک و تێکەڵبوونیان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە بێدارکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵانی خەڵکدا، بەتایبەتیش جووتیاران و کرێکاران، شەرەفی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەکە بەدەست بهێنن.

تێکۆشەرانی پێشڕەو درکی ئەوە دەکەن، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، بزووتنەوەیەکی بابەتیی مێژووییە و ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی (لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی)، تێیدا بەرجەستە دەبێت. بۆیە ئەوان لەبەر کۆمەڵێک پاساوی چەپڕەوانەی هەرزەکارانە، یان کۆسمۆپۆڵیتی، یان ڕاستڕەوانەی ملکەچانە، خۆیانی لێ نەبان ناکەن. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بە گوڕەوە دەچنە نێوی، بۆ ئەوەی ئاڵای نیشتمانپەروەریی ڕاستەقینە و ڕزگاریی نیشتمانیی دەستبەجێ، بەرز ڕابگرن. بە بیری شۆڕشگێڕانەی پێشڕەوانە و دروشمی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانەیان، کرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، دەوڵەمەند دەکەن و جەوهەری دیموکراتی و ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازانەشی، پەرە پێ دەدەن.

پێشڕەوەکانیش نابنە تێکۆشەری پێشڕەوی ڕاستەقینە، گەر دروشمەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخواز و دیموکراتی و پێشکەوتنخواز، هەڵنەگرنەوە و ئامێز بۆ ڕەوتە شۆڕشگێڕییەکەی نەکەنەوە و نەچنە هەناوی تێکۆشانییەوە و ئاڵای نیشتمانپەروەری

و ڕزگاریی نیشتمانیی دەستبەجێ، بەرز نەکەنەوە و بە ڕاستگۆیی و دروستی، پێویستی و خواستەکانی سەرکەوتنی، بەیان نەکەن و لەبەر ڕۆشنایی تیۆریای پێشڕەوانەی تێکۆشەرانەیان لە ڕێگەی بەرەو سەرکەوتنی بەسەر دوژمنان، ئیمپریالیستان و چینی دەرەبەگ و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری و گرووپە نۆکەرە جیاوازەکاندا، سەرکردایەتیی نەکەن. کە وایە پێویستە پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، هەستی نیشتمانپەروەری، هەڵبگرێتەوە و بە ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانەش، پەرەی پێ بدات و داخوازییە نەتەوەییە دیموکراتییەکان، لەئامێز بگرێت و بە دروشمی پێشکەوتنخوازانە دەوڵەمەندی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە سەرکەوتوویی ئەرکی سەرکردایەتیکردنی ڕەوتی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، ڕابپەڕێنێت، بۆ ئەوەی مەیدانەکە بۆ بۆرجوازیی نیشتمانی، چۆڵ نەکات، کە فرسەتەکە بقۆزێتەوە و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازیی، زەوت بکات. لەوانەشە گرووپێک پێشڕەوی دیاریکراو بە پاساوی دەستگرتن بە ئینتەرناسیۆنالیزم و پێشکەوتنخوازی و مارکسیزمەوە، خۆیان لە قبوڵکردنی وەها ئەرکێکی شۆڕشگێڕیی شکۆدار، بدزنەوە، ئەوکات خۆیان لە جەماوەر و تێکۆشانی فیعلییش، دوور بگرن.

ڕاستییەکەی،نیشتمانپەروەری "لە واقیعدا جێبەجێکردنی پراکتیکیی ئینتەرناسیۆنالیزمە لە جەنگی ڕزگاریی نیشتمانیدا". بۆیە هیچ پێکدادانێک لە نێوان نیشتمانپەروەریی ڕاستەقینە، نیشتمانپەروەریی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و ئینتەرناسیۆنالیزمی ڕاستەقینەدا، نییە، کە مانای برایەتی و خەباتی هاوبەشە لە نێوان کرێکارانی هەموو نەتەوەکاندا دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی قۆرخکاری لە پێناو دەربازکردنی مرۆڤایەتی لە ئیستیغلالی چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی. وەک چۆن مانای یەکبوونی بەرژەوەندیی کرێکارانی هەموو وڵاتان و پێویستیی هەماهەنگی و گونجانیشیانە لەگەڵ بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانیدا و وایش لە وڵاتە سەرکەوتووەکان دەخوازێت، کە یارمەتیی مادی و مەعنەوی بە نەتەوە ستەمدیدەکان و چینە کرێکارییە شۆڕشگێڕییەکان بدەن. مارکسیستەکانیش، وەک ئەوەی ماو تسی تونگ دەڵێت "لە هەمان کاتدا ئینتەرناسیۆنالیست و نیشتمانپەروەریشن" و "دروشمیشمان بریتییە لە بەرگریکردن

لە نیشتمان بە شەڕکردن دژی دەستدرێژکاران".

پاشان پشتگوێخستنی ڕەوتی نەتەوەیی - کە ڕەوتێکی مێژوویی بابەتییە - و دوورەپەرێزی و دوورکەوتنەوە لە جەماوەرە فراوانەکەی، دەبنە هۆی کەنارگیریی پێشڕەو لە بزووتنەوە میللییەکان و مانەوە لە پێگەی پەراوێزی ڕووداوە گەورەکاندا، کە ئەوکاتیش پێشڕەو ناتوانێت سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی بکات و ناشکرێت کۆمەلانی خەڵک، ئازاد بکرێن، بەو پێیەی، وەک ئەوەی ماو تسی تونگ دەیڵێت: "تەفروتوناکردنی دەستدرێژکاران و ئازادکردنی نەتەوەکەمان بەدی نایەت، تەنیا بە شەڕکردن لە پێناو نیشتماندا نەبێت، وەک چۆن ناکرێت پرۆلیتاریا و سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلی زەحمەتکێش، ئازاد بکرێن، تەنیا بە ئازادکردنی نەتەوە نەبێت". هەر ماو لە بارەی پێکەوەگرێدانی ئینتەرناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەرییەوە دەڵێت: "جیاکردنەوەی کرۆکی ئینتەرناسیۆنالیستی - لە فۆرمە نیشتمانییەکەی خەبات و تێکۆشانی ڕزگاری - ئیشی ئەوانەیە، کە هیچ لە ئینتەرناسیۆنالیزم تێناگەن".

حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، نابێت خۆی لە ڕەوتی کارای پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازی، دوور بگرێت، لە ڕێی کۆمەڵێک گوتەزای کۆسمۆپۆڵیتییەوە بێزی لە ئالای نیشتمانپەروەری ببێتەوە و پەلە نەکات لەوەی بەرز ڕایبگرێت و لە پێشەوەی ڕیزەکانی کۆمەلانی خەڵکەوە، نەچێتە سایەیەوە. چونکە بۆرجوازی یان توێژی موڵکداری نەتەوەیی، هەڵەداوانە لەوەی ئالای نیشتمانپەروەری هەڵبگرێت و بزووتنەوەی نیشتمانی لە کۆمەڵێک چەمکی نەتەوەیی بۆرجوازی و ڕاستڕەوانەدا، نوقم بکات و لەوێشەوە، کرۆکی بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕێبازی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی، بسووتێنێت.

هەر سێ ئەزموونی تێکۆشانی چین و کۆریا و گەلانی چینی هیندی سەلماندیان، کە حیزبە پێشڕەوە مارکسیستەکان کاتێک دەتوانن ڕۆڵی سەرکردایەتییانەی خۆیان بگێڕن، کە درکی حەقیقەتی ڕۆڵیان لە تێکۆشانی نیشتمانیی ڕزگاریخوازانەدا، بکەن و بە سەرکەوتوویی ئالای نیشتمانپەروەری بەرز بکەنەوە و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازانە، بکەن و هەستە نەتەوەییەکان هەڵبگرنەوە و ئامێزیان بۆ

بکەنەوە. لە بارەی ئەزموونەکانی شۆڕشی چینییەوە، لین پیاو دەڵێت:

"مێژوو نیشانی داوین، کە لە بەرامبەر دەستدرێژکاریی ئیمپریالیی قێزەوندا، دەبێت حیزبی شیوعی، ئاڵای نیشتمانپەروەری بەرز ڕابگرێت و چەکی بەرەی یەکگرتووش بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک و هەموو نیشتمانپەروەرە تێکۆشەرەکانی تریش، کە زیاتر لە ٩٠٪ی دانیشتووانن، دژی ئیمپریالیزم لە دەوری خڕببنەوە و هێندەی دەکرێت، هەموو ئەو هێزانەی کە دەکرێت لەگەڵیاندا یەک بگرن، ساز بکات و دوژمنی هاوبەشی هەموو نەتەوە، تا ئەوپەڕی کەنارگیر بکات. گەر ئێمە بێزمان لە ئاڵای نیشتمانپەروەری ببێتەوە و ڕێگەی دەرگای داخراو، بگرینە بەر و خۆمان دوورەپەرێز بگرین، ئەوکات مومارەسەی سەرکردایەتی و پەرەپێدانی دۆزی شۆڕشی میللی، لە دەرەوەی بابەتەوە دەبن. ڕاستییەکەی، ئەوەش واتە ئێمە یارمەتیی دوژمنمان داوە و خۆمانمان تووشی شکست کردووە".

دواجار، ئەو کەسەی پێی وایە پێشڕەوی پرۆلیتاریی مارکسیستی، لە هەستی نەتەوەیی داماڵراوە و دوورە لە ڕەوتی نەتەوەیی پیشکەوتنخوازەوە، هەڵەی کۆسمۆپۆڵیتی و کەنارگیری دەکات و چینی کرێکار لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی، سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، دوور دەخاتەوە. لینین دەڵێت:

"ئێمەی پرۆلیتاریای ڕووسی درککەر، ئایا ئێمە لە هەستی کەرامەتی نەتەوەیی بێبەریین؟ بێگومان نا. ئێمە زمانی خۆمان و نیشتمانی خۆمانمان خۆشدەوێت، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمانیش دەدەین بۆ ئەوەی جەماوەرە کرێکارییەکەی (واتە نۆ لەسەر دەی دانیشتووانەکەی) بەرەو ئاستی درککردن، ئاستی ژیانی دیموکرات و سۆشیالیستەکان، هەڵبڕین. ئێمە هەست بە هیچ ئازارێکی لەوە زیاتر ناکەین لە دڵماندا، کاتێک ئەو هەموو جۆرە توندوتیژی و ستەم و سووکایتییە، کە نیشتمانە جوانەکەمان بە دەستی جەلادانی خزمەتکاری قەیسەر و موڵکداران و سەرمایەدارانەوە دەیچێژێت، دەبینین و هەست پێ دەکەین". دواتر لینین دەشڵێت: "ئێمە سەرڕێژین لە کەرامەتی نەتەوەیی، چونکە نەتەوەی ڕووسیش چینێکی شۆڕشگێڕی خستووەتەوە...".

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە مارکسییانەدا، مارکسییە لینینییە کوردەکان لە ڕۆڵگێڕانی

شکۆدارانەی خۆیان لە پارتی و مومارەسەکردنی ڕۆڵی جوامێرانەیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا، بەردەوامن. ئەو مارکسییە لینینییە کوردانەی لە دامەزراندنی حیزبەکەماندا بەشدار بوون، درکیان بەم ڕۆڵە جوامێرانەیەی دەبوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردا بیگێڕن، کردبوو. بۆیە ئالاّی کوردایەتییان بەرز ڕاگرت و چوونە سایەیەوە و لە پێناو دەوڵەمەندکردنی بە ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازانەی نوێ و بیری شۆڕشگێڕیی دیموکراتی، تێکۆشان. ئەو ڕۆڵەش یەک لە پاساوە باوەڕپێکەرەکان بوو، کە پێویستە مارکسییە لینینییە کوردەکان لە حیزبێکی پێشڕەوی کوردستانیدا کار بکەن، کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بکات، حیزبێکی شۆڕشگێڕی وا، کە بۆ نموونە، هاوشێوەی حیزبی نیو لائۆ-ی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی لائۆسی بێت.

٢- دیموکراتیبوونی شۆڕش لەوەوە هاتووە، کە دژایەتیی دەرەبەگایەتی دەکات و ڕووبەڕووی ئەرکی ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان و لەناوبردنی یەکجارەکیی پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەرکی چاکسازیی ڕیشەیی کشتوکاڵی، بووەتەوە. وەک چۆن لەوەشەوە هاتووە، کە شۆڕش لە ولاّتانی کۆلۆنیزەکراو و شوێنکەوتەدا، ئامانجی دامەزراندنی حوکمڕانییەکی نیشتمانییە، کە نوێنەرایەتیی گەل بکات، واتە دامەزراندنی دەسەلاّتێکی نیشتمانی، کە نوێنەرایەتیی گەل بە چینە کۆمەلاّیەتییە پێشکەوتنخوازەکانەوە، بکات. ئەوەش لەسەر داروپەردووی دەسەلاّتی ئیمپریالیستی یان نۆکەرەکانی، یان دەسەلاّتی نوێنەرانی سەرمایەداریی کۆمپرادۆری و دەرەبەگایەتی و گرووپە نۆکەرەکان.

کاتێکیش دەسەلاّتی نیشتمانی لە نوێنەرانی گەل بە هەموو چینە کۆمەلاّیەتییە پێشکەوتنخوازەکان (کرێکار، جووتیار، بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز)ەوە پێکدێت و لە سایەی سەرکردایەتیی چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕدا دەبێت، ئەوکات دەسەلاّتێکی دیموکراتی میللی دەبێت. ئەو دەسەلاّتە دیموکراتییە میللییەش، دەتوانێت ئەرکە بنچینەییەکانی شۆڕش ڕاپەڕێنێت، بەوەی بەهۆی دژایەتیی توندی ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانی لە ڕووی چینایەتی و فیکری و نیشتمانییەوە، بە یەکجاری ئیمپریالیزم (یان هەژموونی بیانی) و دەسەلاّت و درێژبوونەوەکانی لە ژیانی

ئابووری و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی وڵاتدا، لەناو ببات. هەروەها بە حوکمی نوێنەرایەتیی حوکمڕانیی دیموکراتی میللی بۆ هەموو جووتیاران و هاوپەیمانە جێگیرەکانیان، کرێکاران و هاوڕێ بۆرجوازییە بچووکەکانیان، دەتوانێت بە یەکجارەکیی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕزگارکردنی جووتیاران لە وەبەرهێنانی دەرەبەگایەتییانە و کۆتی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان، لەناو ببات. دواتریش دامەزراندنی دەسەڵاتێک، کە نوێنەرایەتیی گەل بە هەموو چینەکانەوە بکات، ئەوەش بە حوکمی پێکهاتەی ئەو حوکمڕانییە دیموکراتییە میللییەی بۆ ئەوەی دیموکراتی میللی بێت، هەر دەبێت نوێنەرایەتیی ئەو چینە پێشکەوتنخوازانە بکات.

ئەوەش لە کاتێکدا دەسەڵاتی نیشتمانی، کاتێک دەکەوێتە دەست بۆرجوازیی بچووک، دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دیموکراتی بۆرجوازی دەبێت و حوکمڕانیی تاکە چینێک، کە چینێکی ئیستیغلالیی چاوچنۆکە، بەرجەستە دەکات. واتە بەرجەستەکەری دیکتاتۆرییەتی بۆرجوازی دەبێت، هەرچەند لە پەچەی پەرلەمانتاریزم یان دیموکراسیی دەستووریدا خۆی بشارێتەوە، چونکە حوکمڕانییەکە لە جەوهەردا جگە لە دیکتاتۆرییەتی چینێک، جگە لە سەروەریی چینێک بەسەر چینێکدا، هیچی تر نییە.

نموونەی ئەو دەسەڵاتە نیشتمانییە دیموکراتییە بۆرجوازییەش، ناتوانێت ئەرکی ڕزگاریی نیشتمانیی تەواوەتی ڕاپەڕێنێت، چونکە بۆرجوازی بە حوکمی سروشتی چینایەتیی خۆی، بە خەسڵەتی سازشکردن لەگەڵ ئیمپریالیزمدا دەناسرێتەوە، بەتایبەت کاتێک تێکۆشانی کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشانی تریش، مەزنتر دەبێت. هەروەها لەبەر ئەوەشی کە چینێکە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لاوازە، نەرم و چەماوەیە، بنیاتی فشۆڵە، لە بەردەم زریانی ئیمپریالی و کۆنەپارێزانەدا خۆی ناگرێت. هەروەک لەبەر ئەوەشی بە حوکمی پەیوەندییە زۆرە ئابوورییەکانی لەگەڵ سەرمایەداریی قۆرخکاریی نێودەوڵەتیدا، کە ئیمپریالیزم نوێنەرایەتیی حوکمڕانییەکەی دەکات، ناتوانایە لە درێژەدان بە تێکۆشانی دژ بە ئیمپریالیزم. لە نێوان بۆرجوازیی نیشتمانی و سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا، چەند خەسڵەتی هاوشێوە و پەیوەندیی خزمایەتی و چەندان نزیکایەتیی ئابووری هەن.

لەبەر ئەوانە هەمووی، بۆرجوازی ناتوانێت بە یەکجاری وڵات لە هەژموونی ئیمپریالی، بەتایبەت درێژبوونەوە ئابووری و ئیداری و کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانی، ڕزگار بکات. بگرە بەپێچەوانەوە، بۆرجوازی پشت بە دەزگا هەمەجۆرە بەجێماوەکانی ئیمپریالیزم دەبەستێت. بۆرجوازیی نیشتمانی بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی و پەیوەستییە زۆرەکەی بە دەرەبەگایەتییەوە، نایەوێت هەڵبکوتێتە سەر دەرەبەگایەتی و بە یەکجار لەناوی ببات، وەکی تریش لەبەر ئەوەی لە ڕابوونی جووتیاران و هاوپەیمانە کرێکارەکانیان تۆقیوە، مەیلی لەوەیە سازش لەگەڵ دەرەبەگایەتی بکات، بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕاماڵەری ڕابوونەکەیان بوەستێنێت. کۆی ئەوانەش واتە بۆرجوازی ناتوانێت ئەرکی لەناوبردنی یەکجاریی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕاماڵینیان، بباتە سەر. لەوێشەوە واتە بۆرجوازیی نیشتمانی، ناتوانایە لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی تا کۆتایی و بەرەو کۆتاییە سەرکەوتووەکەی.

لەبەر ئەوەی بۆرجوازیی نیشتمانی، ناتوانایە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕزگارکردنی تەواوەتیی نیشتمان لە ئیمپریالیزم و درێژبوونەوەکانی و لەناوبردنی یەکجارەکیی دەرەبەگایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نیشتمانی، کە نوێنەرایەتیی گەل بە هەموو چینەکانەوە بکات، ناشتوانێت ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانی ڕاپەڕێنێت. ئەوەی ناتوانایە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی شۆڕش، هەرگیز ناشتوانێت سەرکردایەتیی تێدا بەدەستەوە بگرێت. تەنانەت گەر شۆڕشی نیشتمانی بە سەرکردایەتیی بۆرجوازی، سەربەخۆیی سیاسیی بەدەست بهێنێت، بۆرجوازیی نیشتمانی ناتوانێت حوکمڕانییەکی نیشتمانیی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، چونکە ئابوورییەکەی لاوازە و توانای کێبڕکێی ئازادی سەرکەوتووشی لەگەڵ قۆرخکارییە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمی ئیمپریالیزم، سەردەمی کۆمپانیا و کارتێڵە زەبەلاحەکاندا، نییە، کە توانای لە ڕادە بەدەریان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و نرخ و توانایەکی زۆریشیان هەیە لە ڕووی تەکنیک و پیشەسازی و بازرگانییەوە. لەبەر ئەوەشی کە قۆرخکارییەکان، بازاڕی وڵاتانی غەیرە سۆشیالیستییان کۆنترۆڵ کردووە، هیچ بوارێک بۆ بۆرجوازییەکی نیشتمانیی لاواز، کە کێبڕکێیەکی گەورە لەگەڵ زەبەلاحەکانی قۆرخکاریی سەرمایەداریی نێودەوڵەتیدا، بکات، نامێنێتەوە.

پاشان ئیمپریالیزمی جیهانی - ئەویش سەرمایەداریی قۆرخکارییە، کە گیان دەدات و زۆری پێویست بە بازاڕ و کەرەستەی خاو و خێروبێری گەلە دواکەوتووەکانە - ڕێ لە دامەزراندنی حوکمڕانییەکی نیشتمانیی سەربەخۆ لە وڵاتە تازە-گەشەسەندووەکاندا دەگرێت. تەنانەت گەر گەلێکیش سەربەخۆیی سیاسیی بەدەست بهێنێت، ئیمپریالیزم بە هەموو شێوازە شەیتانییەکانی، هەوڵ دەدات خۆی لە دەوری سەربەخۆیی بئاڵێنێت، لە ڕێی گەمارۆدانی ئابووریی نیشتمانی بە کۆڵۆنیالیزمی نوێ و پەیوەندییە بازرگانییە سەرمایەدارییەکان و هەر زوو بۆرجوازیی نیشتمانی بە سەرمایەداریی نێودەوڵەتییەوە، دەبەسترێتەوە، کە بازاڕ و ئابووری وڵاتەکەی قووت دەدات و بەوەش، سەربەخۆیی ئابووری و لەوێشەوە سەربەخۆیی سیاسییش، لەدەست دەدات و وڵات دەگەڕێتەوە دۆخی پاشکۆیەتی بۆ کۆڵۆنیالیزمی نوێ و سەرمایەداریی نێودەوڵەتی، بەتایبەت کە کۆڵۆنیالیزمی نوێ لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە شەیتانییەدا، چاک شارەزایە. گەر بۆرجوازیی نیشتمان، ملیش نەدات، بێگومان لە کێبڕکێ لەگەڵ سەرمایەداریی نێودەوڵەتی و قۆرخکارییە نێودەوڵەتییە زەبەلاحەکاندا، شکست دەهێنێت، بۆیە ناچار سازشیان لەگەڵ بکات. ئەوە لە لایەنی سەرمایەداریی نێودەوڵەتییەوە.

هەرچی سۆشیالیزمی نێودەوڵەتییە، ئەویش حەزی لە دامەزراندنی حکوومەتی بۆرجوازیی کلاسیکی نییە، بەڵکو پشتیوانی دامەزراندنی حکوومەتی دیموکراتی میللییە. پاشان شۆڕشی نیشتمانی، لە نیو سەدەش زیاترە، بووەتە بەشێک لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی، کە ئامانجی لەناوبردنی هەموو سەرمایەداریی نێودەوڵەتییە. بۆیە ناکرێت وەها شۆڕشێک، چینێکی بۆرجوازیی بەرهەڵستکاری سۆشیالیزم سەرکردایەتیی بکات، ئەوەش بە حوکمی سروشتی چینایەتیی بۆرجوازییانەی و بە حوکمی ئەوەش کە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی، ڕووخاندنی هەموو چینە بۆرجوازییەکانی جیهان، دەخوازێت. بە حوکمی دۆخە مێژووییە نوێیەکەش، داهاتووی شۆڕشی نیشتمانی، سۆشیالیزمە نەک بۆرجوازی، بەتایبەت کە ئێستا و لە سەردەمی ڕووخانی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی سۆشیالیزمدا ڕوودەدات، کە ئەوەش واتە بۆرجوازی هەرگیز ناتوانێت تا کۆتاییە شکۆدارەکە سەرکرایەتیی بکات. ئەوەش واتە سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانی

تا کۆتایی، مەحاڵ بووە، بەو پێیەی، وەک ئەوەی ماو تسی تونگ باسی دەکات:

"لەم سەردەمەدا، گەر لە هەر وڵاتێکی کۆلۆنیزەکراو یان نیمچە کۆلۆنیزەکراودا، شۆڕشێکی دژی ئیمپریالیزم، واتە دژی بۆرجوازیی جیهانی و سەرمایەداریی جیهانی هەڵبگیرسێت، نادرێتە پاڵ شۆڕشی دیموکراتی بۆرجوازیی جیهانی بە مانا کۆنەکەی، بەڵکو دەدرێتە پاڵ مانایەکی نوێ و وەک بەشێکیش لە شۆڕشی جیهانیی کۆنی بۆرجوازی و سەرمایەداری دانانرێت، بەڵکو بە بەشێک لە شۆڕشی جیهانیی نوێ، واتە بەشێک لە شۆڕشی جیهانیی سۆشیالیستیی پرۆلیتاری، دادەنرێت. هاوشێوەی ئەو کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنییە شۆڕشگێڕانەش، لە ڕیزی هاوپەیمانەکانی بەرەی سەرمایەداریی جیهانیی دژ بە شۆڕش حساب ناکرێن، بەڵکو بوونەتە هاوپەیمانی بەرەی سۆشیالیستیی شۆڕشگێڕیی جیهانی.

سەرباری ئەوەی وەها شۆڕشێک لە وڵاتی کۆلۆنیزەکراو یان نیمچە کۆلۆنیزەکراو، لە قۆناغی یەکەم یان هەنگاوی یەکەمیدا، شۆڕشی دیموکراتی بۆرجوازی تێناپەڕێنێت، بە شێوەی بنەڕەتی لەبەر سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی و سەرباری ئەوەشی کە پەیامە بابەتییەکەی، ڕێخۆشکردنە بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری، بەڵام هێشتا شۆڕشێک نییە لەسەر شێوازە کۆنەکە، کە بۆرجوازی سەرکردایەتیی بکات و ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری و دەوڵەتێکی ملکەچ بۆ دیکتاتۆرییەتی بۆرجوازی بێت. بەڵکو شۆڕشێکی نوێیە و پرۆلیتاریا سەرکردایەتیی دەکات، ئامانجیشی لە قۆناغی یەکەمدا دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکە بۆ دیموکراسیی نوێ و دەوڵەتێکی ملکەچ بۆ دیکتاتۆرییەتی هاوبەش، کە هەموو چینە شۆڕشگێڕەکان مومارەسەی دەکەن. بەو شێوەیە، لە لایەکی ترەوە ئەم شۆڕشە، بە دیاریکراوی هەڵدەستێت بە ڕەخساندنی ڕێگەیەکی فراوانتر و خۆشتر بۆ پەرەسەندنی سۆشیالیزم و لە ماوەی ڕێڕۆیشتنیشدا، بەهۆی گۆڕانکارییە لەناکاوەکانی بلۆکی دوژمن و ڕیزی هاوپەیمانانیشەوە، بە چەندان قۆناغدا تێدەپەڕێت، بەڵام سروشتە بنچینەییەکەی وەک خۆی و بەبێ گۆڕان، دەمێنێتەوە".

ئەوەیە سروشتی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، وەک ئەوەی ئەزموونی شۆڕشەکانی چین و کۆریا و چینی هیندی، جەختیان لەسەر کردووەتەوە و شۆڕشێکی ئاوەهاش بە

هیچ شێوەیەک، ناکرێت بۆرجوازیی نیشتمانی بەرەو کۆتاییە شکۆدارەکەی سەرکردایەتیی بکات، چونکە بۆرجوازی بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەی و دۆخی نێودەوڵەتی و لە سەردەمی ڕووخانی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی سۆشیالیزمدا، ناتوانێت تا کۆتایی سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی بکات، یان حوکمڕانیی نیشتمانیی سەربەخۆی دابمەزرێنێت، یان بچێتە گەرمەی تێکۆشانێکی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژەوە لە سەردەمێکدا، کە شۆڕشی نیشتمانی تێیدا گۆڕاوە بە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی، بۆ شۆڕشێکی چەکداری درێژماوە، وەک چۆن شۆڕشی نیشتمانی لە جەوهەردا بووە بە شۆڕشی جووتیاران. ئەوەش زۆر بە ئاسانی واتە چینێکی کۆمەڵایەتی، کە بە توندی و سووربوونەوە دژایەتیی دەرەبەگایەتی نەکات و بە یەکجاری جووتیاران لە ستەمی ڕزگار نەکات، ناشتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشێک بکات، کە جەوهەرە کۆمەڵایەتییەکەی بریتی بێت لە چاکسازیی کشتوکاڵیی ڕیشەیی و نەهێشتنی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و مۆرکە سیاسییەکەشی بریتی بێت لە دامەزراندنی دەسەڵاتێک، کە نوێنەرایەتیی گەل بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە جووتیاران زۆرینەی ڕەهان تێیاندا، بکات. دواجار، شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەگەر چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان لە بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتووا، کۆ نەبنەوە. بۆرجوازییش وەک چینێکی کۆمەڵایەتیی ئیستیغلالیی چاوچنۆکی خاوەن بەرژەوەندیی تەسک، کە لەگەڵ بەرژەوەندیی فراوانی زۆرینەی گەلدا ناگونجێن، ناتوانێت هێزەکانی گەل و چینەکانی لە یەک بەرەی یەکگرتوودا کۆ بکاتەوە و سەرکردایەتییان بکات، بۆیە ناشتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی تا کۆتایی شکۆداری، بکات.

ئاوەها مەحاڵبوونی دروستکردنی کۆمەڵگەی بۆرجوازیی نیشتمانیی سەربەخۆ دەبینین، بەو پێیەی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی لەم سەردەمەدا، وەهمێکی بۆرجوازیی کۆنەپارێزانەی دژی سروشتی سەردەمەکە و دۆخی نێودەوڵەتیی باوە، کە "لە ڕووی بنەڕەتەوە، دۆخێکە سەرشارە بە ململانێی سەرمایەداری و سۆشیالیزم، دۆخێکە تێیدا سەرمایەداری بەرەو هەڵدێر و سۆشیالیزمیش بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێن". بۆیە هەرگیز ناکرێت شۆڕشی

نیشتمانیی دیموکراتی شکۆداری توانا لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، شۆڕشێکی بۆرجوازی بێت، وەک چۆن ناکرێت بۆرجوازییش سەرکردایەتیی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی گورج بکات. تەنانەت گەر بۆرجوازی لە پێشەوەشی بێت، هەر بە ڕێی سازشکردن و وچانی زۆردا سەرکردایەتیی دەکات، کە ئەوەش هەرگیز نایباتەوە سەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە مێژووییەکانی.

کە وایە، شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی لەم سەردەمەدا، بووە بە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی و ئەرکیشی بریتییە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی بۆرجوازی بە باشترین شێوە (لە قۆناغی یەکەمیدا لە شێوەی دیموکراسییەکی نوێدا)، بە جۆرێک کە ببپەرژێتە سەر ڕزگارکردنی سەرتاسەری و تەواوەتیی نیشتمان لە ئیمپریالیزم لە ڕووی سەربازی، ئابووری، سیاسی و کولتووری و لایەنەکانی تریشەوە. هەروەها دەرەبەگایەتی بە یەکجاری لەناو ببات و حوکمڕانیی دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری، دەڕووخێنێت و لەسەر داروپەردوویان، حوکمڕانییەکی میللی کە نوێنەرایەتیی کرێکار و جووتیار و بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکوتنخواز بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار بکات، دابمەزرینێت. پاشان دەست بکات بە گواستنەوە بۆ سۆشیالیزم، کە شۆڕشی دیموکراتی میللی وەک پێویست ڕێی بۆ خۆش دەکات.

ئەوەش واتە گۆڕانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی بە شۆڕشێکی دیموکراتی نوێ و دواتر شۆڕشێکی سۆشیالیستی، بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێک لە نێوان قۆناغە زۆرەکانیدا هەبێت.

نە شورای چینی و نە وچان و نە بەربەست لە نێوان شۆڕشی نیشتمانی و دیموکراسیی میللی و سۆشیالیزمدا هەن، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵێک قۆناغی بەدوای یەکدا هاتوو و پێکەوەگرێدراو و یەکتر تەواوکەرن، کە دیموکراسیی میللی تێیاندا، بە مەرجێک دادەنرێت بۆ گواستنەوەی ڕاستەوخۆ بۆ سۆشیالیزم، وەک چۆن سۆشیالیزمیش بە داهاتووی پرشنگداری شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی دادەنرێت. هەروەها نابێت ئەو قۆناغانەی بەدوای یەکدا هاتن و پێکەوەگرێدران و یەکتر تەواوکردن تێکەڵ بکرێن، چونکە لەو وڵاتانەی کە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتیان تێدایە، ناکرێت ڕاستەوخۆ دیموکراسیی

میللی تێپەڕێنرێت و بازی بەسەردا بدرێت بەرەو سۆشیالیزم. ئەو بانگەشانەشی باس لە ئەگەری دامەزراندنی یەکسەریی سۆشیالیزم لەو وڵاتە دواکەوتووانەدا دەکەن، جگە لە کۆمەڵێک بانگەشە، کە لە باشترین حاڵەتدا پێچەوانەی یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و هەڵقولاون لە بۆچوونی کەسی و خواستی نیازپاکانە و لە خراپترین حاڵەتیشدا، کۆمەڵێک بانگەشەی بۆرجوازیی بچووکن لە ژێر کاریگەریی چەمکە ترۆتسکی و لادانە هاوچەرخەکاندا، هیچی تر نین. بۆیە ئەو بانگەشانە، پووچەڵن و لە جەوهەردا لادەرانەن.

چونکە ئەو بانگەشانە لە جەوهەردا لەسەر نکۆڵیکردنی یاساکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنیان بۆ چەند قۆناغێک و خۆنەبانکردن لەو ڕاستییە بەندن، کە سۆشیالیزم ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دیاریکراوی خاوەن کۆمەڵێک خەسڵەتی دەستنیشانکراوە و حوکمڕانییەکەشی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە بە درێژایی ماوەی مێژوویی نێوان بۆرجوازییەت و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی. سۆشیالیزمیش تەنیا لە ڕێی تێکۆشانی زەحمەتکێشان و لە سایەی سەرکردایەتیی چینی پرۆلیتاریا و حیزبە مارکسییە لینینییەکەیدا، دادەمەزرێت.

ئەوەش لە کاتێکدا کە بۆرجوازیی بچووک لە بانگەشە سۆشیالیستییەکانیدا، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و سەرکردایەتیی چینی کرێکار و ململانێی چینایەتی و تیۆریای سۆشیالیزمی زانستی، ڕەت دەکاتەوە. بۆیە سۆشیالیزمی بۆرجوازییە بچووکەکەی، لادانێکە لە سۆشیالیزمی زانستیی ڕەسەن و هیچی تر. بۆرجوازیی بچووکیش بە نکۆڵیکردن لە دیموکراسیی میللی، نکۆڵی لە پێویستییەکانی بنیاتنانی سۆشیالیزم و پێویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سۆشیالیزم دەکات، ئەو پێویستییانەی کە دیموکراسیی میللی دابینیان دەکات. هەروەها لە ڕێی دامەزراندنی ڕژێمی سۆشیالیستیی بۆرجوازیی بچووکی خۆیەوە، تەگەرە دەخاتە ڕێی دامەزراندنی فیعلیی سۆشیالیزمی ڕاستەقینە و تێگەشتنە سۆشیالیستییەکان دەشێوێنێت و ناوبانگی سۆشیالیزم لە نێو جەماوەردا دەزڕێنێت، کاتێک بە ڕووکەشی سۆشیالیستییەوە و لە ژێر پەردەی خۆماڵیکردن و ڕستێک ڕێوشوێنی دیموکراتی نیوەناچڵەوە، تێگەشتنی لادەرانە و بۆرجوازییانەیان پێشکەش

دەکات. بە نکۆڵیکردن لە پێویستیی دامەزراندنی حوکمڕانیی دیموکراتی میللیی نوێنەری کۆمەلانی خەڵک و دامەزراندنی "حوکمڕانیی نیشتمانی" لەبری ئەوە، تەگەرە دەخاتە بەردەم هەوڵە حەقیقییەکانی چەسپاندنی بنچینەکانی سۆشیالیزم. چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە و بەبێ سەرکردایەتیی چینی کرێکار و لە چوارچێوەی ڕژێمە بۆرجوازییە بچووکەکەیدا، هەندێک خۆماڵی دەکات، کە دەیگۆڕێت بە "سەرمایەداریی دەوڵەت". لە ڕێوشوێنەکانی خۆماڵیکردنیشدا، سنووری خۆی و کاتیش دەبەزێنێت و هەندێک جار پێش کات دەکەوێت، کە ئەوەش زیان و ئازار بە ئەرکی دامەزراندنی سۆشیالیزمی ڕاستەقینە دەگەیەنێت، کە تەنیا پاش فەراهەمبوونی پلەیەکی دیاریکراو لە پەرەسەندنی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی، دەکرێت بنیات بنرێت. وەک چۆن بە هەستانی بە چاکسازیی کشتوکاڵی بەبێ کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و کێڵگە حکومییە زلەکان، جڵەو بۆ گەشەی کەسانی بۆرجوازی لە ناوچەی گوندییدا، شل دەکات. کاتێکیش چاکسازیی کشتوکاڵی بە سۆشیالیزم ناو دەبات، زۆر خراپ ناوبانگی سۆشیالیزم لەکەدار دەکات، چونکە ئەوە لە جەوهەردا ڕێوشوێنێکی دیموکراتییە. ئەوەش چونکە، وەک ئەوەی لینین جوان و کورت دەری بڕیوە، تێکۆشان لە پێناو ئازادی و خاکدا، تێکۆشانێکی دیموکراتییە، لە کاتێکدا تێکۆشان لە پێناو هەژاندنی عەرشی سەرمایەدا، تێکۆشانێکی سۆشیالیستییە.

لە لایەنی ئابووریشەوە، لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، ناکرێت لە ڕێی دیموکراسییەوە باز بەسەر گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بدرێت بۆ سۆشیالیستی. بەو پێیەی پەیوەندییە نیمچە دەرەبەگایەتییەکان لە گونددا، ناکرێت یەکسەرە بگۆڕدرێن بۆ پەیوەندیی سۆشیالیستی. بەڵکو دەبێت لە ڕێی چاکسازیی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران و لەناوبردنی دەرەبەگایەتی و ڕامالینی پاشماوەکانی و دەسەلاتەکانییەوە، بگۆڕدرێت بە پەیوەندیی دیموکراتی. ئەوەش وەک مەرجێکی ڕاکێشانی جووتیاران، چونکە ئەوان سوپای بنەڕەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیین، واتە مەرجێک بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی. پاش گۆڕینی دیموکراسییانەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە گونددا، دەکرێت وردە وردە و خۆویستانە و ئارەزوومەندانە، بگوازرێتەوە بەرەو گۆڕانی سۆشیالیستی. بۆیە مەحاڵە ڕاستەوخۆ و پێش ئەو ڕێوشوێنە

دیموکراتیانە لە گونددا، بگوازرێتەوە سەر سۆشیالیزم. وەک چۆن پەرەپێدانی پیشەسازی و بازرگانی تا ئاستی خوڵقاندنی ئابوورییەکی نیشتمانیی سەربەخۆ، کە بتوانێت لە بەردەم ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزمی نوێدا خۆی بگرێت، مەرجێکی جەوهەرییە لە بنیاتنانی سۆشیالیزمدا.

بەڵام لە لایەنی سیاسییەوە، بۆرجوازیی بچووک بە دامەزراندنی "حوکمڕانیی شۆڕشگێڕی" لەبری حوکمڕانیی گەل، کە نوێنەرایەتیی هەموو چینە نیشتمانییەکان بکات، دیکتاتۆرییەتی چینایەتییانەی خۆی دەسەپێنێت و کۆمەلانی خەڵک، بەتایبەت کرێکار و جووتیارانی زەحمەتکێش، لە مافی بەشداریکردن لە دەسەڵاتی نیشتمانیدا بێبەش دەکات، کە ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی وردە وردەی لێکدژیی نێوان حوکمڕانیی بۆرجوازیی بچووکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و جەماوەری زەحمەتکێش بۆ لێکدژییەکی دوژمنکارانە. چونکە قۆرخکردنی دەسەلات لە لایەن بۆرجوازیی بچووکەوە و گرتنەوەی ئازادییە دیموکراتییەکان لە کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش و ڕێکخستن و حیزبەکانیان، دەبنە تەگەرە لەسەر ڕێی چارەسەری سروشتی بۆ لێکدژییەکان لە نێو ڕیزەکانی گەلدا. ئەو چارەسەرەی دەبێت بە شێوازی دیموکراتی، شێوازی دیالۆگ و ڕەخنەکاری و باوەڕپێهێنان و ڕاوێژکاری بێت. ئەوەش واتە جەماوەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو لێکدژییەی نێوان خۆیان و بۆرجوازیی بچووکی فەرمانڕەوا، ناچار دەبن هانا بۆ ڕێگەی تر ببەن، کە وا دەکات حوکمڕانیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی (بۆرجوازیی بچووک)، شێوازی تۆقاندن و ناڕەوا و چەوساندنەوە دەرهەقی کۆمەلانی خەڵک بگرێتە بەر، پاشان بەیەکدادان و جیاوازی و ئینجا درزتێکەوتن و هەڵوەشانەوەی ڕیزی نیشتمانی لە ناوخۆدا، بەوەش بواری فراوان لە بەردەم پیلانگێڕیی کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزی دەکاتەوە تا تەراتێن بکەن و سەربکەون.

پێکهاتەی دەسەڵاتی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی بۆرجوازیی بچووک، بیرۆکراتیک دەبێت نەک دیمۆکراتیک، بە حوکمی ئەوەی بەبێ دیموکراسی، حوکمڕانیی قۆرخ دەکات، کە ئەوەش سەر دەکێشێت بۆ ململانێ و بەیەکدادان لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک، کە پێویستیی زۆری هەیە بە مومارەسەی مافی خۆی لە سەروەری و مومارەسەی دەسەڵات

و حوکمڕانی لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە.

ئێ خۆ سۆشیالیزمێک نییە بەبێ چینی کرێکار یان بەبێ دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا. ئەوەش بۆرجوازیی بچووک ڕەتی دەکاتەوە و بە حوکمڕانییە بیرۆکراتیکە ناوەندییەکەشی، بەرهەڵستیی دەکات. بیرۆکراسییش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی توێژێکی کۆمەڵایەتیی دەوڵەمەندی نوێ، کە ڕەنگدانەوەی سەرتوێژە بۆرجوازییە نوێیەکەی کۆمەڵگەیە. ئەوەش لە ڕێی جیاوگ و پۆست و پلەی سەربازی و بەڕێوەبردنی کۆمپانیا بەخۆماڵیکراوەکانەوە، بۆرجوازیی بچووکی فەرمانڕەواش بەهۆی مووچەی باڵا و جیاوگە زۆرەکانییەوە، تووشی ئینتەلا دەبێت. هەموو ئەوانەش کێشەیەکی نوێی ئاڵۆزکاو دەهێننە ئاراوە، کە دەبێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر خودی حوکمڕانیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی بۆرجوازیی بچووک و ئەو حوکمڕانییە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەش بەهۆی بیرۆکراسیی نەک دیموکراسییەکەیەوە، وردە وردە سۆز و پشتیوانیی کرێکار و جووتیار و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕە دیموکراتەکان و مارکسیستەکان، لەدەست دەدات، کە ئەوەش واتە لەدەستدانی ئەگەری سوودبینین لە وزە شۆڕشگێڕییە زۆر و پەنهانەکانی ئەو جەماوەرە و بەوەش ئەو حوکمڕانییە لە بەردەم دوژمنە ئیمپریالی و چینگەراکانی، لاواز دەبێت و ڕژێمەکەی لە سایەی ئەو قورساییە زۆرەی کە پێیەکانی تووشی ئاوسان دەکەن، دادەڕووخێت و دەکەوێت، یان لە ڕێی کوودەتایەکی ناوخۆیی سەرتوێژە بۆرجوازییە نوێیەکەوە، دەگۆڕێت بە حوکمڕانیی سەرمایەداریی دەوڵەت کە پاشکۆی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزمی نوێ بێت. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، هەرچی بەخۆماڵیکردن و ڕێوشوێنە پێشکەوتنخوازە نیشتمانییەکان هەن، لەدەست دەچن.

سۆشیالیزمی زانستی زۆر دەمێکە، هۆشیاریی لە لێکەوتەکانی تێکەڵکردنی هەڕەمەکییانەی قۆناغەکانی شۆڕش داوە. فرێدریک ئێنگڵس لە نامەیەکیدا بۆ فیلیپۆ توراتی، لە سەردەمێکدا کە ئیتالیا بە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیدا تێدەپەڕی، ئاگاداری کردەوە کە "شۆڕشی دیموکراتی و شۆڕشی سۆشیالیستی تێکەڵ نەکات"، وەک چۆن مارکسیش لە کاتی باسکردنی سێ هێزە سەرەکییەکەی شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەدا، ئاماژەی بەو ڕاستییە داوە: "بۆرجوازیی گەورەی لیبراڵی، لە پێناو پاشایەتیی دەستووریدا

تێدەکۆشێت" و "بۆرجوازیی بچووکی ڕادیکاڵیش لە پێناو کۆماری دیموکراتیدا تێدەکۆشێت" و "پرۆلیتاریاش لە پێناو کوودەتای سۆشیالیستیدا تێدەکۆشێت". بۆیە مارکس هۆشیاریی داوە لەوەی "مایەپووچیی سیاسی هەڕەشە لە هەر سۆشیالیستێک دەکات، کە تێکۆشانی بۆرجوازیی بچووک لە پێناو کوودەتای دیموکراتی تەواوەتی و تێکۆشانی پرۆلیتاریا لە پێناو شۆڕشی سۆشیالیستیدا، تێکەڵ بکات". لینین لە توێژینەوە ناودارەکەیدا دەربارەی دوو پلان بۆ سۆشیالیزمی دیموکراتی لە شۆڕشی دیموکراتیدا دەڵێت: "ئەو هۆشدارییەی مارکس، بە موتڵەقی ڕاستە". هەر خۆیشی لە سەردەمی شۆڕشی دیموکراتیدا، کە سوورە لەسەر ئەوەی پرۆلیتاریا سەرکردایەتیی بکات، دروشمی "دیکتاتۆرییەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕیی کرێکار و جووتیاران" داتاشی، کە لە بارەیەوە دەڵێت: "لە کەوتنە ئەو هەڵەیەوە، بەتەواوی دەمانپارێزێت. دروشممان وەک شتێکی بێگومان، ددان بە مۆرکی بۆرجوازییانەی شۆڕشێکدا دەنێت، کە لە دەرچوونی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی کوودەتای دیموکراتی تەواو، ناتوانا بێت. پاڵ بەو کوودەتایەشەوە دەنێت بۆ پێشەوە، هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی باشترین شێوەی گونجاوی پرۆلیتاری، بەو کوودەتایە بدات و لەوێشەوە، دەیەوێت بە مەبەستی مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی تێکۆشانی نەپساوەی پرۆلیتاریا بە باشترین شێوە لە پێناو سۆشیالیزمدا، کوودەتا دیموکراتییەکە تا ئەوپەڕی بەکار بهێنێت". ئەوە بەپێی هەڵسەنگاندنی تیۆریای مارکسیی لینینییش. هاوکات ئەوەشمان بۆ دەردەخات، کە گەر پەرەسەندن بە ئاڕاستەی بنیاتنانی سۆشیالیزم – بە تێپەڕاندنی قۆناغی بۆرجوازیی – لە هەندێک وڵاتی خۆرهەڵاتیی لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤییێتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، مومکین بێت، ئەوا بنیاتنانی یەکسەریی سۆشیالیزم لە وڵاتە دواکەوتوو و تازە ڕزگارکراوەکاندا، کاتێک بەرە نیشتمانییەکان بە سەرکردایەتیی پرۆلیتاریا و حیزبە مارکسییە لینینییەکەیان سەردەکەون، بێگومان مەحاڵە. نموونەکانی چین و وڵاتە دیموکراتییە میللییەکانی ئاسیا و ئەوروپای خۆرهەڵاتی، بەڵگەن لەسەر دروستیی ئەو قسانەی سەرەوە. ئەو وڵاتانە، پێش گواستنەوە بۆ سۆشیالیزم، بە قۆناغی دیموکراسیی میللیدا تێپەڕیون، بۆ ئەوەی بنەڕەتە مادی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان بۆ سۆشیالیزم دابین بکەن. چونکە سۆشیالیزم بە ئاواتخواستن و

ئارەزووی چاک و دروشمی شۆڕشگێڕانە، بنیات نانرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێی دیموکراسیی میللییەوە پێویستییەکانی دابین بکرێت.

لە بارەی کەسە چاکە بانگخوازەکانی "تاک شۆڕش"، کە هەردوو قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی و سۆشیالیستی تێکەڵ دەکەن، ماو تسی تۆنگ دەڵێت:

"بەڵام کەسانێکی تر هەن، کە وەک هێندەی دیارە نیازی خراپیان نییە، کەچی - تیۆریی تاک شۆڕش - و بیرۆکەی خودیی پەتی، سەری لێ شێواندوون، کە دەڵێن دەکرێت بە یەک گورز لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییشدا، شۆڕش بەدی بهێنرێت. ئەوان تێناگەن لەوەی شۆڕش لە ڕێوڕۆیشتنی خۆیدا، دابەش دەبێت بۆ چەند قۆناغێک و ئێمەش ناتوانین بچینە قۆناغی دواتری شۆڕشەوە، تەنیا پاش تەواوکردنی قۆناغی یەکەم نەبێت. شتێک نییە ناوی (بەدیهێنانی هەردوو شۆڕشەکە بە یەک گورز) بێت، وەها تێڕوانینێکیش هەر زۆر زیانبەخشە، چونکە هەنگاوەکانی کە پێویستە لە شۆڕشدا بنرێن، تێکەڵ و هەوڵی دراوی بەدیهێنانی ئەرکی هەنووکەش، لاواز دەکات.

ڕاستە و لەگەڵ تیۆریای مارکسی لە بارەی پەرەسەندنی شۆڕشەوە، ناکۆک نابێت، گەر دەربارەی هەردوو شۆڕشەکە بڵێین، کە یەکەمینەیان مەرجە پێویستەکانی دووەمینەیان دابین دەکات. هەر دەبێت بەدوای یەکیشدا بێن، بەبێ ڕێگەدان بەوەی قۆناغی دیکتاتۆرییەتی بۆرجوازی بکەوێتە نێوانیانەوە. بەڵام بانگەشەی ئەوەی کە شۆڕشی دیموکراتی، ئەرکی دیاریکراوی خۆی و قۆناغی تایبەتی خۆی، نییە و دەکرێت لەو کاتەدا کە ئەرکی شۆڕشی دیموکراتی جێبەجێ دەبێت، ئەرکی تریش جێبەجێ بکرێت، کە هەر دەبێت لە ماوەیەکی تری وەک شۆڕشی سۆشیالیستیدا دا ئەنجام بدرێت، ئەوە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی (بەدیهێنانی هەردوو شۆڕشەکە بە یەک گورز)ە، کە ئەوەش بیرۆکەیەکی یوتۆپییە و شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان ڕەتی دەکەنەوە".

لەوەی گوترا، ڕوون دەبێتەوە، کە بانگەشە چەپڕەوە توندئاژۆکان دەربارەی ئەگەری دەستکردنی یەکسەریی بە بنیاتنانی سۆشیالیزم لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتیدا، بانگەشەی پووچن و پێچەوانەی لۆجیکی شۆڕشگێڕانە و یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیین. ئەوانەش لە جەوهەردا بانگەشەی بۆرجوازیی بچووکن و پشتیوانیی

شێوانگەرایی (ریڤیژیۆنیزم) مۆدێرنیش بۆیان، دادیان نادات. چونکە شێوانگەرایی (ریڤیژیۆنیزم) مۆدێرن کاتێک سۆشیالیزمی بۆرجوازیی بچووک، بەبێ سەرکردایەتیی چینی کرێکار و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و حیزبی پێشڕەوی مارکسیی لینینی، پەسەند دەکات، بنەڕەتەکانی مارکسیزم لینینیزم و بنەماکانی لە بارەی سۆشیالیزم و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و پێویستیی سەرکردایەتیی شۆڕشی سۆشیالیستی لە لایەن چینی کرێکارەوە، پێشێل دەکات. بەو کارەشی کۆمەڵانی خەڵک، فریو دەدات و هەندێک ڕاستییان لەبیر دەباتەوە، کە سەرکەوتنی تێکۆشانی ئەو خەڵکانە لەسەر تێگەیشتنی ئەو ڕاستییانە بەندە، وەک پێویستیی هەبوونی حیزبێکی پێشڕەوی مارکسیی لینینی بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، ئەوەی تێکۆشانی سۆشیالیستی تێکۆشانێکی پرۆلیتارییە، ئەوەی سۆشیالیزم بریتییە لە ڕژێم و حوکمڕانیی چینی کرێکار و حەتمییەتی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و سەرکردایەتیی چینی کرێکار بۆ بنیاتنانی سۆشیالیزم و ... هتد لە تێگەیشتنە مارکسییە لینینییە ناودارەکان. شێوانگەرایی (ریڤیژیۆنیزم) بەو کارەی، خیانەت لە مارکسیست لینینیزم و شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهانی دەکات، وەک چۆن گەورەترین زیانیش بە شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکان و ڕژێمە نیشتمانییە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازە مۆدێرنەکان، دەگەیەنێت.

بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستی خۆی لە بارەی سۆشیالیزم بەبێ سەرکردایەتیی چینی کرێکار و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و حیزبی پێشڕەوی مارکسیست لینینیست، شێوانگەرایی (ریڤیژیۆنیزم) مۆدێرن تێگەیشتنی ناوداری خۆی لە بارەی پەرەسەندنی سەرمایەدارییانە دەخاتە ڕوو، بانگەشەی ئەوەش دەکات کە دەچێتەوە سەر جۆرێک لە سۆشیالیزم.

لە کاتێکدا واقیع دەیسەلمێنێت، کە ئەوەی پێی دەوترێت پەرەسەندنی ناسەرمایەداری، لە جەوهەردا پەرەسەندنێکی سەرمایەدارییە. ئەو ڕاستییەش کاتێک بۆمان دەردەکەوێت، کە لە لایەنی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازیی "پەرەسەندنی ناسەرمایەداری"، ورد ببینەوە. پەرەسەندنێکی لەو شێوەیە لەسەر بنچینەی دابەشکردنی زەوی و هێشتنەوەی موڵکداریی تایبەتیی بچووک لە گونددا، چاکسازیی کشتوکاڵیی دەکات. ئەوەش دەبێتە

نوقمکردنی سەرتاپای گوند بە پەیوەندی و یاسا سەرمایەدارییەکان و چالاککردنی گەشەی کەسانی سەرمایەدار لە کشتوکاڵ و هێشتنەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە موڵکدارە بچووکەکان و لەوێشەوە، هەڵنەکێشانی ڕیشەکانی خودی دەرەبەگایەتی. وەک چۆن جووتیارانی دەوڵەمەند (کە بۆرجوازیی گوندن)، دەمێننەوە و زۆریش دەبن، بە ئابوورییە کشتوکاڵییە سەرمایەدارییەکەیانیش، کۆمەڵێک زەحمەتکێش وەبەر دەهێنن. دواتر بەرهەمهێنانی کاڵایی لە گونددا، دەمێنێتەوە و زیاتریش دەبێت، کە بەردەوام بنچینەی نوێ بۆ گەشەی بۆرجوازی دەخوڵقێنێت.

لە بواری بازرگانیدا، سەرمایەداری لە بواری بازرگانیی ناوخۆیی و بازاڕیشدا کارا دەمێنێت و جڵەوی بازرگانیی ناوخۆیی بەپێی یاسا سەرمایەدارییەکان (قازانج و بەها) ی، بە دەستەوە دەمێنێت، بەتایبەت لە بوارەکانی بەڵێندەرایەتی، بیناسازی، کۆمپانیاکان و کۆگا بازرگانییەکاندا.

لە بواری دەرەکیدا، پەیوەندییەکان لەگەڵ جیهانی سەرمایەداری و بازاڕی بۆرجوازیی نێودەوڵەتی، شان بە شانی پەیوەندیی لەگەڵ بازاڕی سۆشیالیستیی جیهانی، بە بەهێزی و بەردەوام دەمێننەوە.

لە بواری پیشەسازیدا، کەرتی تایبەت بەردەوام دەبێت لە هەبوونی موڵکدارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، وەبەرهێنانی کرێکاران و پەیوەندییە سەرمایەداری و داب و نەریتە بۆرجوازییەکانیش هەر دەمێننەوە. بواری پیشەیی، باشترین بوار دەبێت بۆ گەشەی کەسە بۆرجوازییە نوێیەکان، کە لە ڕیزی گەورە فەرمانبەران و گەورە ئەفسەران و گەورە پارێزەران و گەورە پزیشکان و ئەندازیاران و مامۆستایانی زانکۆ و پیاوانی نێو حوکمڕانی و حیزبی فەرمانڕەوا، کە خاوەن ئیمتیازی زۆرن، هەڵقوڵاون. ئەو کەسانەش هەمیشە لە ڕووی سیاسی و فیکری و ئەخلاقییەوە، کەشێکی بۆرجوازییانە دەهێڵنەوە، کە دەبێتە هۆی گەورەبوونی دەسەڵاتی کەسە بۆرجوازییە نوێیەکان و دەیانگۆڕێت بە چینێکی نوێ (بۆرجوازی بە شێوەیەکی نوێ).

ئەوانەش لەگەڵ بەردەوامیی هەژموونی یاسا سەرمایەدارییەکان و لە پێش هەموویانەوە یاساکانی بەها و قازانج و هاندەرە مادییەکان، لەگەڵ گەشەی کەسە نوێیەکان

و مانەوەی داب و نەریتە بۆرجوازییەکاندا، پەرەسەندنی ناسراو بە ناسەرمایەداری، دەگۆڕێت بە پەرەسەندنێکی سەرمایەداری بە شێوەیەکی نوێ. ئەو بەخۆماڵیکردنەی حکوومەتی سەر ڕێچکەی ناسراو بە ناسەرمایەداری، لەگەڵ ئەو پرۆژە پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانییانەی دایاندەمەزرێنێت و بەڕێوەیان دەبات، دەگۆڕێت بۆ سەرمایەداریی دەوڵەت، کە دەبێتە ژێرخانی ڕژێمی کۆمەڵایەتی، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوەی سەرخانەکەش لەگەڵیدا هاوشێوە بێت، ئەوکات دواجار ڕژێمی سیاسی دەبێتە حوکمڕانیی سەرمایەداریی دەوڵەت، حوکمڕانیی چینی بۆرجوازیی نوێ. ئەوە گەر لە ئاسۆی داهاتووەوە، لەو ڕژێمەی بە ناسەرمایەداری ناسراوە، بڕوانین.

بەکورتی، ڕژێمە نیشتمانییەکان کە بۆرجوازیی بچووک لە ژێر پەردەی سۆشیالیزمەوە سەرکردایەتییان دەکات، بە هیچ شێوەیەک سۆشیالیستی نین و ڕاستیش نییە مۆرکی سۆشیالیستییان لێ بدرێت. لینین هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەمەوە، هۆشیاریی لە مەترسیی دانی مۆرکی کۆمۆنیزم یان سۆشیالیزم لە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی، دا. حەقیقەتی ئەو ڕژێمانەش ئەوەیە، کە لە قۆناغی یەکەمی تەمەنیاندا و بەهۆی دژایەتیی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و گرووپە نۆکەرەکانەوە، لە ڕووی سیاسییەوە ڕژێمگەلی نیشتمانیین و لە ڕووی ئابوورییشەوە ڕژێمگەلی پێشکەوتنخوازن. بەڵام ئابوورییان، سەرباری جیابوونەوەی سیاسیی لە ئیمپریالیزمی جیهانی، هەر بە ئابووریی سەرمایەداری و لەوێشەوە وەک بەشێک لە ئابووریی سەرمایەداریی جیهانی، دەمێنێتەوە. ئەوەش واتە حوکمڕانیی لەو شێوەیە کە لەسەر ئەو ڕێبازەی پەرەسەندن دەڕوات، گەر ڕێگەی دیموکراسیی میللی نەگرێت، دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی نوێی حوکمڕانیی سەرمایەداری، کە شێوەیەکی نوێی چینی بۆرجوازی تێیدا دەسەڵاتدار دەبێت. ئەوکاتیش چارەنووسی، پەیوەستبوون دەبێت بە سەرمایەداریی نێودەوڵەتی و ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتییەوە، چونکە لەم سەردەمەدا، وەک باسمان کرد، مەحاڵە بتوانرێت حوکمڕانییەکی سەرمایەداریی نیشتمانیی سەربەخۆ دابمەزرێنرێت. لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو سەربەخۆیی سیاسیی لەدەست دەدات و لە ناوخۆشدا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ چینە زەحمەتکێش و حیزبە پێشکەوتنخوازەکاندا،

شێوازی بیرۆكراتیک و تۆقاندن و داپڵۆساندن، دوور لە دیموكراسی و بە پێچەوانەی ئازادییە دیموكراتییەكانەوە، بەكار دەهێنێت.

داهاتووی ئابووریی ئەو ڕژێمانە، سەرمایەداریی دەوڵەتیی قۆرخكاری و پەیوەستبوونە بە بازاڕی سەرمایەداریی نێودەوڵەتییەوە. داهاتووی سیاسییشی، حوكمڕانیی چینە نوێیەكەیە، كە نوێنەری سەرمایەداریی دەوڵەتیی تۆقێنەر و داپڵۆسێنەر و دژ بە ئازادی و مافە دیموكراتییەكانی كۆمەڵانی خەڵكە. لە كاتێكدا سۆشیالیزم لە داهاتوودا، ڕژێمێكی دوور لە چینەكان و وەبەرهێنانی چینایەتییانە دەبێت؛ كاتێک سۆشیالیزم پێدەگات، ئیتر چینەكان ئاوا دەبن. "ئاشكرایە كە بۆ ئەوەی چینەكان بەتەواوی بسڕدرێنەوە، تەنیا خستنی وەبەرهێنەرە موڵكدارە عەقاری و سەرمایەدارییەكان بەس نییە، تەنیا هەڵوەشاندنەوەی موڵكدارێتییان بەس نییە، بەڵكو دەبێت هەموو موڵكدارێتییەكی تایبەتی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان هەڵبوەشێنرێتەوە، دەبێت جیاوازییەكانی نێوان شار و گوند نەمێنن، وەک چۆن دەبێت جیاوازییەكانی نێوان كاری دەستی و كاری فیكری، نەهێڵدرێن. ئەوەش ئەركێكی درێژ و ماندووكەرە. بۆ كردنی وەها كارێكیش، دەبێت لە پەرەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەكاندا، هەنگاوێكی گەورە بەرەو پێشەوە بنرێت و بەرگریی زۆرێک لە پاشماوەكانی بەرهەمهێنانی بچووک (كە هەندێک جار بەرگرییەكی زیانبەخش و زۆربەی جاریش سەختە، زاڵبوون بەسەریدا قورسە) كپ بكرێتەوە. دەبێت هێزی گەورەی پشتەوەی نەریت و ڕۆتینی پەیوەست بەو پاشماوانە، ملكەچ بكرێت. وەک ئەوەی لینین ڕاستییەک ڕوون دەكاتەوە: "وتنی ئەوەی هەموو دەستی كار وەک یەک بۆ وەها ئەركێک شیاون، وتنێكی بێ مانا یان وەهمێكە لە وەهمەكانی سۆشیالیستێكی پێش تۆفان، پێش ماركس. چونكە وەها شیانێک لە خۆوە ناڕسكێت، بەڵكو لە ڕووی مێژوویییەوە هەڵدەقوڵێت و تەنیا لە دۆخە مادییەكانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی گەورەشەوە هەڵدەقوڵێت. لە سەرەتای ئەو ڕێگەیەدا كە لە سەرمایەدارییەوە دەچێتە سەر سۆشیالیزم، تەنیا پرۆلیتاریا بۆ وەها ئەركێک شیاوە". بۆیە دیكتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەبێتە مەرجێكی بنەڕەتیی پێویست بۆ سۆشیالیزم، كە لە بنەڕەتدا بریتییە لە نەهێشتنی چینەكان.

دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاش، وەک لینین دەڵێت: "قۆناغێکە لە قۆناغەکانی تێکۆشانی چینایەتیی حەتمی تا کاتێک، کە چینەکان نەسڕاونەتەوە؛ شێوە و توندی و کاریگەرییەکەشی دەگۆڕێت و لە قۆناغەکانی سەرەتای پاش ڕووخاندنی سەرمایەدارییشدا، زۆر ڕەسەن دەبێت. پرۆلیتاریا پاش دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا، واز لە تێکۆشانی چینایەتی ناهێنێت، بەڵکو لە تێکۆشان بەردەوام دەبێت تا چینەکان دەسڕێنەوە، بەڵام لە باری تردا بە شێوەی تر و بە ئامرازی تریش".

لێرەدا لێکدژی و ناکۆکییە گەورەکانی نێوان سۆشیالیزمی ڕاستەقینە و ئەوەی پێی دەوترێت سۆشیالیزم لە ڕێی پەرەسەندنی بەناو ناسەرمایەدارییەوە، دەبینین.

لە هەمبەر ئەو ڕاستییانەدا، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی مەبدەئیی دروست لە وەها ڕژێمگەلێک چ بێت؟ وەڵام ئەوەیە، هەڵوێستی مەبدەئیی شۆڕشگێڕیی دروست لە ڕژێمە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی سەر ڕچەڕێی گۆڕانی بەناو ناسەرمایەداری، لە مشتوماڵبوونیدا سوود لەم ڕاستییانەی خوارەوە وەردەگرێت:

یەکەم: تەنیا دیموکراسیی میللی دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی، ڕاپەڕێنێت. بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بۆ کۆمەڵانی خەڵک، ڕوون بکرێتەوە.

دووەم: ئەو ڕژێمانە لە قۆناغی یەکەمیاندا، نیشتمانپەروەر و دژی ئیمپریالیزم، پێشکەوتنخواز و دژی دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی کۆمپرادۆریی کلاسیکی دەبن. بۆیە دەبێت لەو قۆناغەدا پشتی ئەو ڕژێمانە بگیرێت.

سێیەم: بۆرجوازیی بچووکی فەرمانڕەوا (حاکم) جیاوازە لە بۆرجوازیی بچووکی مەحکوم. کاتێک دەگاتە حوکمڕانی، لە ڕێی سوودبینین لە حوکمڕانی و پلە و پۆست و ئیمتیازەوە، چەند توێژێک دەست دەکەنە گۆڕان بۆ بۆرجوازیی نیشتمانیی ناوەندی و دەست دەکەنە سەپاندنی حوکمڕانیی تایبەتی خۆیشیان، کە ئەویش دیکتاتۆرییە، بەو پێیەی حوکمڕانی هەمیشە و لە هەموو ڕژێمەکاندا، لە جەوهەردا دیکتاتۆرییە.

چوارەم: ئەو ڕژێمانە بە جێگیری و سەقامگیری نامێننەوە، بەڵکو بە حوکمی سروشتە چینایەتییەکەیان، نیگەران و لەرزۆک و بە حوکمی یاساکانی پەرەسەندنی

کۆمەڵایەتییش، لە گۆڕان و بارگۆڕیندا دەبن. نابێت بەگوێرەی خەسڵەتەکانی لە قۆناغی یەکەمدا، لێی بڕوانرێت یان حوکمی بەسەردا بدرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنچینەی ڕووداو و پەرەسەندن و گۆڕانکارییە پێشبینیکراوەکان، هەڵبسەنگێنرێت. هەموو ئەو ڕاستییانە پێکڕا، دەمانگەیەنن بە ڕەچاوکردنی ڕێسای یەکگرتن و ململانێ بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی دروست و مەبدەئیی خوازراو. ئەو هەڵوێستەش دوو بەشە، ستراتیجیک و تاکتیکی. دەبێت پشتی ئەو ڕژێمانە بگیرێت و لەگەڵیان یەک بن تا ئەو کاتەی کە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازە و ململانێی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراو دەکەن. پاڵپشتی و یەکگرتنیش لەگەڵیان، تەنیا لە سنووری سیاسەتی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز و دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیدا، دەبێت.

ئەوەش یەکەم، لە مەودای تاکتیکیدا. دووەمیش، هەر کاتێک کە ململانێ لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا، لێکدژیی سەرەکی دەبێت. ئەوەش شان بە شانی ململانێ دژی دیکتاتۆرییەت و بیرۆکراسی و هەڵوێستەکانی دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش، بەرەو جێبەجێکردنی هەردوو بنەمای یەکگرتن و ململانێش پێکەوە. تێبینیی ئەوەش بکرێت، کە لەم قۆناغەدا، یەکگرتن لە پلەی یەکەمدا دەبێت. وەک چۆن تێبینیی ئەو ڕژێمانەش بکرێت لە سەروەختی پەرەسەندن و بە شێوەیەکی زانستییانەش لە هەر قۆناغێکدا، کە پێی دەگەن یان هەر گۆڕان و ئاڵوگۆڕێک کە بەسەریاندا دێت، هەڵبسەنگێنرێن. کاتێکیش لێکدژیی نێوان ئەو ڕژێمانە و ئیمپریالیزم کاڵ دەبێتەوە، یان کاتێک گشت وزە شۆڕشگێڕییەکان خەرج دەکەن و دەست لە ڕێوشوێنە پێشکەوتنخوازییەکان هەڵدەگرن و ناکۆکییان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا توندتر دەبێت، ئەوکات ململانێ دێتە پلەی یەکەم، بەتایبەت کاتێک تۆقاندن و داپڵۆسینی هێزە پێشکەوتنخوازەکان، توندتر دەبێتەوە. یەکگرتنیش هەر دەمێنێتەوە، بەڵام لە پلەی دووەمدا.

لەسەر ئاستی ستراتیجیکیش، هەڵوێستی مەبدەئیی شۆڕشگێڕانەی دروست، تێکۆشانە بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێمانە بە ڕژێمی دیموکراتی میللی. ئەوەش وا دەخوازێت کە یەکەم، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و تێگەیاندنی ئەو ڕاستییەی کە تەنیا دیموکراسیی

میللی دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، ڕاپەڕێنێت و حەقیقەتی ئەو ڕژێمانە و ئەوەشیان تێبگەیەنرێت، کە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشدا بەتەواوەتی، دەستەوەستانن. دووەم، سازکردنی هێزەکان و گلدانەوەیان لە ڕێی بێدارکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی کۆمەلانی خەڵکەوە، لە سایەی سەرکردایەتیی پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕیی سۆشیالیستیی زانستیدا. ئەوەش واتە سێیەم، دەستگرتن بە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕییەوە و ڕەتکردنەوەی بانگەوازەکانی تواندنەوە و هەڵوەشاندنەوە و تێکەڵکردنی بە ڕێکخستنە نەتەوەییە فشۆڵەکان و لەوێشەوە، سووربوونی مەبدەئی لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ئیدیۆلۆجیی حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ لە هەموو دۆخ و بارێکدا و بە هەر نرخێکیش بووە. چوارەم، کارکردن بۆ بەرقەرارکردنی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازیی ڕاستەقینە بۆ بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی شۆڕش لە دیموکراسی میللی و پاشان سۆشیالیزمیش.

جا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی مەبدەئی لە ڕژێمە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان، لە دۆخی هەنووکەدا:

یەکەم، هەڵوێستی پشتگرتنی تێکۆشانیانە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپارێزیی بەکرێگیراو و پاڵپشتیی ڕێوشوێنە پێشکەوتنخوازییەکانیانە لە بواری ناوخۆیی و یەکگرتنیش لەگەڵیان لەو بوارەدا. دووەم، ململانێ دژی هەڵە و لایەنە خراپەکان و مەیلە دیکتاتۆری و بیرۆکراسییەکانیان. لێرەدا پێویستە پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکان لەبیریان بێت، کە سیاسەت وەک چۆن زانستی هەڵسەنگاندن و پێوانەکردن و دیاریکردنی پلان و هەڵوێستەکانە، ئاوەهاش هونەری مومارەسەکردنی پراکتیکە. بۆیە دەبێت هونەری گونجاندن و هەماهەنگکردنی هەردوو بنەمای یەکگرتن و ململانێ، بزانرێت.

نابێت کار بە تەنیا یەکێک لەو بنەمایانە بکرێت، بەڵکو دەبێت پێکەوە مومارەسە بکرێن. بەڵام ئەوە حەقیقەتی ئەو ڕژێمە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازانە و پەرەسەندنە چاوەڕوانکراوەکانیان، لە ڕووی چینایەتییەوە، لەبیری پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکان ناباتەوە. بەڵکو دیموکراسیی میللی لە قۆناغی ڕزگارکردنی نیشتمانیی دیموکراتیدا، دەکاتە ئامانجێکی سەرەکی و مەرجێکی پێویستیش بۆ مەبدەئیبوون و شۆڕشگێڕیی هەڵوێستەکە. بۆیە

پێشڕەوەکە لەگەڵ و لە پێشەوەی جەماوەرەوە، بۆ دیموکراسیی میللی تێدەکۆشێت، بەو پێیەی دروشمی ستراتیجیکی دروستی قۆناغەکەیە و بەو پێیەشی، کە دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی ڕاپەڕێنێت و ئامانجەکانیشی بەدیبهێنێت. پێشڕەو لە کارکردن بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ئەو بەدیهێنانە و سازکردنی هێزی پێویست بۆی، بەردەوام دەبێت.

لەوەی ڕابرد دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخاندنی دەستبەجێی ئەو ڕژێمە نیشتمانییانە، سەرکێشییەکی چەپڕەوانەیە، چونکە دروشمی ستراتیجیک و تاکتیکی، تێکەڵ دەکات و ستراتیجی دەخاتە پێش تاکتیکەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی دروشمێکە ئەگەری بەدیهێنانی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکدا، نییە، چونکە پێویستییەکانی گۆڕینیان بە ڕژێمی دیموکراتی میللی، بەردەست نین. هەروەک پاڵ دەنێت بە هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانەوە، کە لە ڕووی بابەتییەوە هاوپەیمانن، کە شەڕی یەکتر بکەن، لە کاتێکدا کە هێرشی ئیمپریالیستی و دوژمنایەتیی زایۆنیستی توندتر و پیلانگێڕیی کۆنەپارێزیی بەکرێگیراویش، دڕندەتر دەبن. بەڵام هەموو ئەوانە شێوازی دیکتاتۆری و بیرۆکراتیکی مامەڵەکردنی ئەو ڕژێمانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و حیزب و هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکاندا، پاساو نادات، بەڵکو بەرپرسیارێتیی زێدەڕەوی لەو سیاسەتە هەڵە و زیانبەخش و سەرەڕۆیەی دەخاتە ئەستۆ.

ململانێی فیکرییش لە هەموو بار و دۆخێک و لە سەروەختی یەکگرتن و ململانێ، یان هەرتکیان پێکەوە، بەردەوام دەبێت. بۆیە دەبێت دیماگۆگییەتی بۆرجوازیی بچووک و شێواندنی تێگەشتنە سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕی و دیموکراسی و بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و حوکمڕانیی نیشتمانی و دیموکراتی و دژی دەستکاریکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی و سروشت و مەودای قۆناغەکە، هەڵوەستە بکرێت.

لە وەها تێکۆشانێکدا، ناکرێت واز لە چەکی کاریگەری مارکسیی لینینی و ئەزموونی وڵاتە سۆشیالیستە ئاسیاییەکانی وەک چین و کۆریا و ڤێتنام، بەتایبەت ئەزموونەکانی شۆڕشی چین، کە لە نووسینەکانی ماو تسی تونگدا داڕێژراون و مشتوماڵ کراون، بهێنرێت. سوودبینین لە مارکسیزم لینینیزم و ئەزموونەکانی شۆڕشی دەوڵەمەندی چینی،

هەڵتەکاندن و وەلاّمدانەوەی تێگەشتنەکانی بۆرجوازیی بچووک، کە بە سۆشیالیزم و شۆڕشگێڕی ڕووپۆشی کردوون، دەکاتە ئەرکێکی مومکین.

دەبێت ئاگاشمان لەوە بێت، کە هەڵوێستە ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان لەم ململانێیەدا، خزمەتی هێزەکانی هەڵگەڕانەوەی دژە شۆڕش و هێزە ڕاستڕەو و بۆرجوازییەکان دەکەن و هیچی تر. زیانی گەورەش بە کۆی بزووتنەوەی نیشتمانی و تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دژی تێگەشتنە بۆرجوازییەکان، دەگەیەنن. دەبێت تەرکیز لەسەر ستراتیجیی دروست و مومارەسەی تاکتیکە گونجاوەکان بێت. بە دەربڕینێکی تر، دەبێت لە پەیڕەوی حیزبی پێشڕەودا، دەق لەسەر دیموکراسیی میللی وەک ئامانجێکی بنەڕەتیی تێکۆشانی شۆڕشگێرانە لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتیدا، بدرێت. دەبێت هێزی میللیی پێویست بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسیی میللی لەبری حوکمڕانیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانەی بۆرجوازیی بچووک، ساز بکرێت و هەوڵی نەپساوە و بەردەوامیش لە پێناو خۆدوورگرتن لە سەرکێشیی چەپڕەوانە یان هەلپەرستیی ڕاستڕەوانە، بدرێت.

چونکە بەدیهێنانی بەرنامەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، تێگەشتنی ئەو ڕاستییەی دەوێت کە شۆڕش، بووە بە شۆڕشێکی دیموکراتی میللی و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە دیموکراتیە میللییەش، بەندە بە یەکەم، دامەزراندنی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕەوە، کە مارکسیزم لینینیزم و ئەزموونەکانی شۆڕشی چینی، بەو پێیەی نموونەی شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتییەکانە، بکاتە سەرمەشقی خۆی. دووەم، سازکردنی وزە و هێزی جەماوەری زۆری چوار چینە کۆمەلاّیەتییە پێشکەوتنخوازەکە (کرێکاران، جووتیاران، بۆرجوازیی بچووکی شارەکان و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز) و گرێدانیان پێکەوە لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا. سێیەم، مومارەسەکردنی شێوازی تێکۆشانی جەماوەریی شۆڕشگێڕ، کە بەگشتی پشت بە هێزەکانی جەماوەر و هۆشیاری و خەباتگێڕییان و بەتایبەتیش شێوازی جەنگی میللی، ببەستێت. چونکە کۆمەلاّنی خەڵک ناکرێت ڕزگار ببن و ئامانجەکانی گەل و نیشتمان بەدی بهێنن، بە پلەی سەرەکی تەنیا بە تێکۆشان و پشتبەستن بە هێزی تایبەتی خۆیان نەبێت.

ئەو ڕاستییە وا دەخوازێت، کە کۆمەلاّنی زۆری خەڵک بێدار و هۆشیار بکرێنەوە و

ڕێک بخرێن و سەرکردایەتیی تێکۆشان و ڕێکخستنەکانیان لە لایەن حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕەوە، بکرێت. سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی میللی، پشت بە بێدارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سازکردنی وزەکانیان لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕیدا، دەبەستێت و بەدیهێنانی وەها ئەرکێکیش بەبێ حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، مەحاڵە. ئەوەش واتە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، مەرجی بنچینەیی و یەکەمە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی میللی. پێویستە بۆ بێدارکردنەوەی جەماوەر و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی تێکۆشانیان. هەروەک گرنگیشە بۆ سازکردنی وزەی گەل و وەگەڕخستنی لە شەڕگەی تێکۆشان لە سایەی ئالآی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا، کە دروستکردنی بەبێ حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی، مەحاڵە. هەروەها پێویستە بۆ بەرپاکردنی شەڕی جەنگی میللیی شۆڕشگێڕ و سەرکردایەتیکردنی هەموو تێکۆشانەکانی کۆمەڵانی خەڵک. بە دەربڕینێکی تر، گەل بەبێ حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ، ناتوانێت هێزە شۆڕشگێڕە چەکدارەکانی لە جەنگی میللیدا یەک بخات.

کە وایە دەتوانین مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی میللی، بەمانەی خوارەوە، وەک ڕستێک مەرجی بنەڕەتی و جەوهەری، کورت بکەینەوە:

یەکەم: بوونی حیزبی پێشڕەوی پێکهاتوو لە یەکێتییەکی خۆبەخشانەی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕ، کە لە قووڵایی کۆمەڵانی خەڵک و لە گەرمەی تێکۆشانەکانیاندا، هەڵقوڵاون و نوێنەری باشترین کەسە شەریفەکانی چینە زەحمەتکێشەکانن و بەردەوام بە کۆمەڵانی خەڵکەوە دەنووسێن؛ لێیانەوە فێر دەبن، خزمەت و فێریشیان دەکەن. کرۆکی بۆچوون و داواکاریی جەماوەر، کورت دەکەنەوە و وەک دروشم و ئامانج، دەیانخەنە ڕوو. هەمیشەش بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەردەبڕن و لە پێناو مسۆگەرکردن و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەشدا، شەونخونی دەکەن. مارکسیزم لینینیزم و ئەزموونەکانی شۆڕشی چینی، دەکەنە سەرمەشق و بە باشی لە حەقیقەتی گشتیی مارکسیزم لینینیزم و تێکەڵکردنی بە دۆخی دەستنیشانکراوی شۆڕش لە وڵاتی خۆیان، تێدەگەن و لە ڕیزەکانی پێشەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا، سەرگەرمی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیین. هەردەم خۆیان وەک نموونەی هۆشیاری و ڕێکخستن و دیسپلین و قوربانیدان و گیانفیدایی و لەخۆبوردن و

خزمەتکاری گەل و خۆشویستنی نیشتمان، پێشکەش دەکەن.

حیزبێکی پێشڕەوی وەک ئەوەیە، کە دەتوانێت سەرکەوتووانە ئەرکی بێدارکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک، لەئەستۆ بگرێت. هەر ئەویشە کە دەتوانێت هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران و دواتر هاوپەیمانیی کرێکاران و جووتیاران و گشت زەحمەتکێشانی تریش لەگەڵ بۆرجوازیی بچووکی شاران و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا - کە ئەوەش واتە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز - بەدی بهێنێت. وەک چۆن دەشتوانێت لە جەنگی میللیی شۆڕشگێڕانەدا و بە پشتبەستن بە خودی کۆمەڵانی خەڵک، سەرکردایەتییان بکات.

دووەم: دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو لە هاوپەیمانیی چوار چینە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکە. وەها بەرەیەکیش، دوو هاوپەیمانێتی لەخۆ دەگرێت. یەکەم، هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران، کە ئەوەیان هاوپەیمانێتیی بنچینەیی و گرنگە. دووەم، هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیارانە لەگەڵ بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا. بۆ بەردەوامبوون و سەرکەوتنی ئەو بەرەیەش، مەرجە چینی کرێکار سەرکردایەتیی بکات. چینی کرێکاریش گەر هاوپەیمانیی لەگەڵ جووتیاران و سەرکردایەتیی تێکۆشانی جووتیاران و گردکردنەوەیان لە دەوری ئالای خۆی، مسۆگەر نەکات، لە توانایدا نابێت ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت. تەنیا لەسەر بنچینەی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران و مسۆگەرکردنی سەرکردایتیی چینی کرێکار، دەکرێت بەرەیەکی نیشتمانیی سەرکەوتوو دابمەزرێنرێت، کە بتوانێت گشت ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، ڕاپەڕێنێت.

سێیەم: شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهێنێت، گەر لە شێوەی شۆڕشێکی میللیدا هەڵنەگیرسێت و نەبێتە جەنگێکی میللیی شۆڕشگێڕی، کە سوپای بنەڕەتیی، جەماوەری جووتیاران و دەستپێکیشی گوند نەبێت، بۆ ئەوەی بنگەی شۆڕشگێڕی لە لادی بنیات بنێت و هێزە میللییە شۆڕشگێڕەکانیش ڕابهێنێت و دواتریش، هێزی پێویست بۆ گەمارۆدانی شارەکان وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ دواتر ڕزگارکردنیان، کۆ بکاتەوە. جەنگی میللیی دیموکراتی، جەنگێکی جەماوەرییە و بنەڕەتەکەی بریتییە لە

جەماوەری جووتیاران و پێشڕەوەکەشی چینی کرێکاران و حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕە. سەرکردایەتیکردنی تێکۆشانی جووتیاران، ئەرکی بنچینەیی چینی کرێکاران و حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕییە لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتیدا، بەو پێیەی جووتیاران، هێزی سەرەکیین تێیدا و بەو پێیەشی کە فراوانترین و بەهێزترین هاوپەیمانی چینی کرێکارن.

چوارەم: لەبەر ئەوەی جەنگی میللی، ئامرازی شۆڕشگێڕانەی کاریگەرە بۆ سەرکەوتن لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتیدا، ئەوا دامەزراندنی هێزی میللیی چەکدار، دەبێتە مەرجی سەرەکیی چوارەمی سەرکەوتنی شۆڕش. هێزی لەم شێوەیە، لە ناوکی چکۆلە پێک دێن، کە لە سەرەتادا لە شێوەی دەستەی پارتیزاناندا گەورە و فراوان دەبن، دواتر یەکەی نیزامیی چەکداریان لێوە هەڵدەقولێت، پاشان شان بە شانی یەکە زۆرەکانی پارتیزانان، سوپایەکی نیزامیی نوێیان لێوە پێک دێت. ئەو هێزە میللییانە، هێزی شۆڕشگێڕن، لە تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی چەکدار پێک دێن. واتە سیاسەتی شۆڕشگێڕی، ڕۆحی هێزە شۆڕشگێڕییە میللییەکان پێک دەهێنێت. ئەوانەش هێزی هەڵقولاون لە ڕیزەکانی گەلەوە بۆ خزمەتکردنی دۆزە نیشتمانی و چینایەتی و دیموکراتییەکانی، بیرۆکراسی و ڕۆحی سەربازیی ڕاستڕەوانە و ئەقڵییەتی بالآیی بەسەر گەلدا، ناناسن. بەڵکو نووساون بە گەلەوە، پەیوەندییان پێوەی توندوتۆڵە، هەروەک پەیوەندیی ماسییەک بە ئاوی دەریاچەیەکەوە. یەکبوون لەگەڵ گەل و یەکبوونی هۆشیارانە لە نێو ڕیزەکانیدا، توندتر دەکات و پەیوەستیش دەبێت بە حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕەوە، کە دایدەمەزرێنێت، سەرکردایەتیی دەکات، پەروەردە و ئاڕاستەی دەکات لە تیکۆشاندا، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕش بەدەست بهێنرێن و خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک بکرێت.

هێزی میللیی وەک ئەوە، کە لە هەناوی جەماوەرەوە هەڵقولاوە و لە ئازوقەپێدان و پشتیوانیکردنی بە جەنگاوەر و پارە و زانیارییش، پشت بە کۆمەڵانی زۆری خەڵک دەبەستێت، دەتوانێت تا کۆتاییە شکۆدارەکە، درێژە بە تێکۆشانی درێژماوە و تاقەتپڕوکێن بدات. پاڵپشت بە هێزی کۆمەڵانی خەڵک و هۆشیاری و درککردنی سیاسییان بە خواست و ئامانج و ئەرکی تێکۆشەرانەیان، دەڕواتە جەنگەوە. بۆیە ئەو هێزە میللییانە،

لە بێدارکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک و پشتیوانیکردنی تێکۆشانە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیشی، بەشدارە، وەک چۆن جەنگ دژی دەستدرێژکاران و زەوتکارانی مافەکانی گەل و هێزە ئیمپریالیستییە چەکدارەکانیش، بەرپا دەکات. بەرپاکردنی تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی لەو شێوەیەش لە دۆزینەوە و بەهێزکردنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران و دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووشدا، یارمەتیدەر دەبێت.

ئەوانە ڕستێک ڕاستیی گشتی و دروستن دەربارەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، سروشتەکەی، پێویستییەکانی سەرکەوتنی لە هەموو ولاّتە کۆلۆنیزەکراو و شوێنکەوتەکان و هەموو گەلانی تێکۆشەر لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی، بە گەلی کوردیشەوە، کە بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتیدا تێدەپەڕێت و ڕووبەڕووی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی دەبێتەوە. ئەو ڕێسا و بنەڕەتانەی تێکۆشان، بەسەر دۆخی گەلی کورد و تێکۆشانی جەماوەرەکەی و شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتیەکەشیدا، دەچەسپن.

لەبەر ئەوەی گەلی کورد، لە مافی چارەی خۆ نووسین بێبەشە و کوردستانەکەشی دابەشکراو و بەکۆیلەکراوە و کۆمەڵگەی کوردییش نیمچە دەرەبەگایەتی و وەک کۆمەڵگەیەکی نیمچە کۆلۆنیزەکراو یان شوێنکەوتە وایە، بۆیە تێکۆشانەکەشی تێکۆشانێکی نیشتمانییە لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانی. تێکۆشانێکی دیموکراتی نوێشە لە پێناو لەناوبردنی دواکەوتوویی و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە پێناو دەسەلاّتێکی میللیدا، کە خزمەتی کۆمەلاّنی خەڵک بکات. ئەوەش واتە تێکۆشانەکەی، تێکۆشانی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتییە و شۆڕشەکەشی، شۆڕشێکی نیشتمانیی دیموکراتییە. شۆڕشی کوردی، شۆڕشێکی ڕزگارییە، واتە هەوڵ دەدات کوردستان لە هەژموونی ئیمپریالیزمی جیهانی و درێژبوونەوە ئابووری و سەربازی و سیاسی و کولتوورییەکانی، لە زەوتکارە بیانییەکان، کە نوێنەری چینە دەرەبەگ و بۆرجوازیی کۆمپرادۆریی نەتەوە سەردەستەکانن، ڕزگار بکات، لەو ولاّتانەدا کە نەتەوەی کوردی لە رووی سیاسییەوە دابەشکراو، دەژی. ئەوەش بێگومان لەگەڵ ناکۆکیی نێوان حکوومەتە نۆکەرەکانی

ئیمپریالیزمی وەک حکوومەتی ئێرانی، کە نوێنەری بەرژەوەندیی دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری و حکوومەتی تورکیا، کە نوێنەری بەرژەوەندییە ڕاستڕەو و کۆمپرادۆرییەکانی بۆرجوازیی تورکی و هەردوو حکوومەتی بەغدا و دیمەشق، کە نیشتمانی و دوژمنی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی کۆمپرادۆریین.

شۆڕشی کوردی، شۆڕشێکی دیموکراتییە. واتە دەیەوێت کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە دەرەبەگایەتی و پەیوەندییە خێڵەکییە کۆنەکان، ڕزگار بکات و چاکسازییە دیموکراتییەکانی وەک چاکسازیی ڕیشەیی کشتوکاڵی، بکات و کۆمەڵگەی کوردستان پەرە پێ بدات، بەپیشەسازیی بکات، فێرکردن بڵاو بکاتەوە، ژن ئازاد بکات، بەمەدەنیکردن و چەندانی تریش. واتە خوازیارە دەسەڵاتێکی میللی دابمەزرێنێت، کە نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کورد بێت لە کرێکاران و جووتیاران و بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانیی ناوەندی بێت، بەبێ ڕێگەدان بە دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی نەتەوەیی بۆرجوازی. ئەوەش واتە دیموکراسییەکەی، دیموکراسییەکی نوێیە، نەک دیموکراسیی کلاسیکیی بۆرجوازی. ئەو ئامانجییەتی دەسەڵاتێکی نیشتمانی بەرپا بکات، کە نوێنەری گەل بێت بە هەر چوار چینەکەی کرێکار و جووتیار و بۆرجوازیی بچووکی شارەکان و بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازەوە. بەرهەڵستی ئەوەشە، کە دەسەڵات لە لایەن تاکە چینێکی ئیستیغلالییەوە، کە سەرمایەدارییە، قۆرخ بکرێت. کە وایە، دەبێت شۆڕشی کوردی شۆڕشێکی نیشتمانیی ڕزگاریی دیموکراتی میللی بێت و هەر ئەوەشە سروشتی هەنووکەیی. چونکە دیموکراتی کلاسیکیی بۆرجوازی نییە، شۆڕشی سۆشیالیستیی پرۆلیتارییش نییە، چونکە ئامانجی هەژاندنی دەسەڵاتی سەرمایەی نیشتمانی یان بەرقەرارکردنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا نییە، بەڵکو دەیەوێت ڕزگاریی نیشتمانیی لە ئیمپریالیزم و هاوپەیمانە زەوتکارەکانی و مافی چارەی خۆ نووسین و بەدیهێنانی چاکسازییە دیموکراتییەکانی وەک چاکسازیی کشتوکاڵی و ئازاکردنی ژنان، نەک بنیاتنانی یەکسەرەی سۆشیالیزم، مسۆگەر بکات. هەرچەندە سۆشیالیزم، داهاتووی پرشنگداری شۆڕشی کوردییە و دیموکراسیی میللییش، ڕێ بۆ گواستنەوە بەرەو سۆشیالیزم خۆش دەکات.

بەو پێیەی سروشتی شۆڕشی کوردی، دیموکراتی میللییە، ئیمپریالیزمی جیهانی بە هەموو شێوازێک، لە ناوخۆ و دەرەوەشدا، بە هەوڵی شەیتانی دژایەتیی دەکات، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بیشێوێنێت و کرۆکەکەی لەبار ببات، لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستی و کۆنەپارێزانە، کە بەربەستی سەرەکیی بەردەم سەرکەوتنی شۆڕشی کوردیین، بەهێز بکات و پشت بگرێت. بۆیە یەک لە پێویستییەکانی بردنەوە و سەرکەوتنی شۆڕشی کوردی، دژایەتیکردنی توندی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانە زایۆنی و کۆنەپارێزەکانی و جەنگینە دژی ئەو ئافاتانە بە هەموو هێزی خۆیەوە. بەو پێیەشی دەرەبەگایەتی، پایەی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانە زەوتکارەکانییەتی، بەو پێیەی بۆرجوازیی کۆمپرادۆری، نۆکەر و خیانەتکارە، دەبێت شۆڕشی کوردی جەنگیان لە دژ بەرپا بکات، بیانهەژێنێت و بۆ لەناوبردنیان تێبکۆشێت.

کە وایە دوژمنانی شۆڕشی کوردی بریتیین لە ئیمپریالیستە ئەمەریکی و ئینگلیزەکان، هاوپەیمانەکانیان لە زایۆنیزم و سەنتۆ و کۆنەپارێزیی نۆکەر ــ دەرەبەگایەتی و بۆرجوازیی کۆمپرادۆری ــ و هەموو گرووپە نۆکەرەکانی تریش.

## هێزی بنەڕەتی و پێشڕەوی شۆڕشی کورد

شۆڕشی کوردی بە حوکمی ئەوەی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازیی دیموکراتی میللییە، شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکە. بەو مانایەی، هێزی بنەڕەتی و پاڵنەر و بزوێنەری، کرێکاران و جووتیاران و بۆرجوازیی بچووکی شارانە. بۆرجوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازیش تا سنوورێکی دیاریکراو، بە هاوپەیمانی ئەو هێزە بنەڕەتییانە دادەنرێت و دەکرێت ببرێتە تێکۆشانی نیشتمانی و دیموکراتییەوە.

**دابەشکردنی ڕۆڵ لە نێوان ئەو چینانەشدا، بەم شێوەیەیە:**

١- چینی کرێکار: چینی نیشتمانی و سەرکردەی تێکۆشانی نیشتمانیی دیموکراتی و شۆڕشی دیموکراتی و دواتر سۆشیالیزمیشە. نوێترین و شۆڕشگێڕترین و بەحەماسیترین و بەهێزترین و خۆڕاگرتین چینی کۆمەڵایەتییە. چینێکی تازە - گەشەکردووی خاوەن داهاتوویەکی پرشنگدارە، تیۆرییایەکی شۆڕشگێڕانەی زانستیی پێشڕەوانەی هەیە، کە سۆشیالیزمی زانستییە. ئەو تیۆرییایەی کە بەبێ وی، شۆڕشی کوردی ناتوانێت سەربکەوێت "چونکە هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ بەبێ تیۆرییایەکی شۆڕشگێڕانە، نابێت".

چینی کرێکار بە حوکمی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی و بێبەشبوونی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەو پێیەشی، کە تەنیا هێزی کارکردنی هەیە و ئەویش دەفرۆشێت، بە حوکمی هەژاری و تووشبوونی بە وەبەرهێنان و ئیستیغلال، چینێکی شۆڕشگێڕە دژی هەموو جۆرەکانی وەبەرهێنان و ستەم و ئیستیغلال، تا کۆتاییش دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم و بۆرجوازی و دەرەبەگایەتی دەکات. پێویستیی بە ڕزگارکردنی هەموو کۆمەڵگەیە — بە جووتیاران و سەرجەم زەحمەتکێشانی تر — بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی ڕزگار بکات، کە ئەوەش وای لێ کردووە خاوەنی خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕیی بەردەوام بێت و تا کۆتایی ڕێگەی شۆڕش، لە تێکۆشانی نەوەستێت، تا ئەوەی دیموکراسیی میللی و سۆشیالیزم بەدەست دەهێنێت و چینەکان و چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە، دەسڕێتەوە. بە پێچەوانەی چینەکانی

ترەوە، کە ئامانجی دیاریکراو و وزەی تێکۆشان و شۆڕشگێڕیی سنوورداریان هەیە.

بە کورتی، تەنیا چینی کرێکار شیاوە بۆ ئەوەی لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی و سۆشیالیستیدا، سەرکردایەتیی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

٢- جووتیاران: ئەمانە سوپای بنەڕەتیی شۆڕشی نیشتمانیی کوردیین، سووتەمەنی و کەرەستەکەین. لەوانەش پێشمەرگە و تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕ و ئەندامانی بنەڕەتیی سوپای شۆڕشگێڕن. لە گوندەکانی ئەواندا جەنگی پارتیزانی بەڕێوە دەچێت، ئاشی جەنگی میللی بەسەر شانی ئەوانەوە دەسووڕێت، هەر ئەوان ئازووقە بە شۆڕش دەدەن، جەنگاوەر و زانیاری و پارە و خواردەمەنی و شوێنی حەوانەوە و چارەسەرکردنی بۆ دابین دەکەن.

شۆڕشی نیشتمانیی کوردی لە جەوهەردا، شۆڕشی جووتیارانی کوردستانە، ئامانجی ڕزگارکردنیانە لە دواکەوتوویی و دەرەبەگایەتی و نەزانین و نەخۆشی و پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست. شۆڕشیش دەیەوێت ناوچە جووتیارییە دواکەوتووەکان بکاتە قەڵای پێشکەوتووی شۆڕش، هۆشیاری و ڕۆشنبیری لە نێو جووتیاراندا بڵاو بکاتەوە، دواتریش ئامادەیان بکات و هێز و گوندکانیشیان تا ئاستی سەردەمی پێشکەوتووی هەنووکە، پەرە پێ بدات. جووتیارانیش لە کوردستاندا دابەش دەبنە سەر چەند بەشێک:

ا- جووتیاری دەوڵەمەند: ئەمانە کەمینەن، نوێنەری بۆرجوازیی گوندن، لە هەڵوێستیاندا لە شۆڕش، دوودڵن. تێیدا بەشدار نابن تەنیا کاتێک نەبێت، کە زۆر مەزن دەبێت و دەسەڵات و توانای زیاد دەبێت، بەڵام یارمەتییەکی دیاریکراو بە شۆڕش دەدەن. لە کاتی توندبوونی شۆڕش و نزیکبوونەوەشی لە سەرکەوتن، ئەم توێژە هەوڵ دەدەن بە ناوی بنەماڵە، گوند، خزمایەتی یان هەر یەکێک لە پەیوەندییە کۆنەکانەوە، هەژموون بەسەر کەسە شۆڕشگێڕەکاندا بکەن، بۆ ئەوەی دەسەڵات و زاڵێتیی خۆیان مسۆگەر بکەن و ڕێگەش لە بارگۆڕینی شۆڕش لە بەرژەوەندیی زەحمەتکێشان و نەداران، بگرن. ئەم توێژە، کاتێک شۆڕش دەگاتە قۆناغی ڕیشە و تارمایی دۆڕان لە ئاسۆدا دەردەکەوێت و هێزە حکومییەکان لە داگیرکردنی ناوچەکانیان نزیک دەبنەوە. بەتایبەت کە ئەم توێژە، دەیانەوێت بەرژەوەندییەکانیان بەڕێوە ببەن و قازانجی خۆیان لە کشتوکاڵ و مامەڵەکردن لەگەڵ شارەکاندا، کۆ بکەنەوە، سازش لەگەڵ دوژمنانی شۆڕش دەکات.

ب- جووتیاری ناوەندی: ئەمانە بۆرجوازیی بچووکی گوندکانن، ڕێژەیەکی زۆرن لە ناوچە شاخاوییەکاندا. بەڵام دەرگیری ستەمی دەرەبەگایەتی و حکومیین، پەرۆشی ڕزگارییین لە دەرەبەگایەتی و زەوتکاران و ستەمەکانیان. توێژە ناوەندی و خوارینەکانیان شۆڕشگێڕن، ئارەزووشیان لە بەشداریکردن لە شۆڕشدا هەیە. بەڵام توێژە باڵاکانیان لە هەڵوێستیاندا، لە توێژی خوارەوەی جووتیارە دەوڵەمەندەکان دەچن؛ دوودڵ و لەرزۆکن، بەڵام کاتێک شۆڕش مەزن دەبێت و شەپۆلی شۆڕش ئاسان ڕایدەماڵێت، تێیدا بەشدار دەبێت. دەشتوانن بەشێک بن لە یەکینەکانی پارتیزانە هەرێمی و یەدەگەکان و خێرا لە تێکۆشانەکانیاندا بەشدار بن.

ج- جووتیاری هەژار: ئەمانە لەگەڵ پرۆلیتاریای گوندییدا، هێزی سەرەکی و شۆڕشگێڕ و حەماسیی نێو جووتیارانن. ئارەزوویان لە شۆڕش هەیە، دەشچنە ژێر ئاڵاکەیەوە. دەکرێت هاوڕێ لەگەڵ پرۆلیتاریای گوندییدا، بە کاکڵەی سەرسەختی جەنگی میللی دابنرێن و بەشی زۆری پارتیزانان و شەرڤانانیش لەمانن. لە بەرژەوەندییانە کە شۆڕش بە ئاڕاستەیەکی دیموکراتیدا بڕوات و چاکسازییە دیموکراتییەکانیش، بکرێن. دەبێت سەرەتا و بە شێوەی سەرەکی، پشت بەم دوو توێژە ببەسترێت. لە ڕێی بەدەستهێنان و هۆشیارکردنەوەیانەوە، دەکرێت بزووتنەوەیەکی جووتیاریی بەهێز دروست بکرێت و گوند بوروژێنرێت و دوو توێژەکەی تری جووتیارانیش، بهێنرێنە ڕیزی شۆڕشی میللییەوە. ئەمانە ئەو دوو توێژەن، کە دەبێت بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی جووتیاریی شۆڕشگێڕییان لێ دروست بکرێت. بە حەماسەوە تا بەدەستهێنانی دیموکراسیی میللی، لەگەڵ شۆڕشدا دەمێننەوە و دەکرێت لەگەڵ پرۆلیتاریای شارەکاندا هاوپەیمانێتییان بۆ ساز بکرێت بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران، دابمەزرێنرێت.

٣- بۆرجوازیی بچووکی شاران: ئەمیان توێژێکە بە زۆری ڕۆشنبیر و خوێندەوارن، ژمارەیان زۆرە و چالاکن، کێش و کاریگەرییان هەیە بەسەر کۆمەڵگەوە، بەتایبەت لە شارەکاندا. بیری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی خێرا لە نێویاندا بڵاو دەبێتەوە. ئارەزووی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی دەکات و لە ڕێگەی پێشکەشکردنی یارمەتی و پیتاک و ناردنی هەواڵ و زانیارییەوە، هەروەها ڕێکخستنی چەند توێژێکی دیاریکراوی خۆیەوە، کە زۆربەیان ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانن، بەشداری لە شۆڕشدا دەکات و ئەو کەسانەش، ڕۆڵێکی گرنگ لە تێکۆشان

و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دیموکراتی و نیشتمانی و مارکسیدا، دەگێڕن. لە هەناوی ڕۆشنبیرە شۆڕشگێرەکانیشەوە، کەسە مارکسیست لینینیستەکان سەر هەڵدەدەن، کە بیری سۆشیالیستیی زانستی لە ڕیزەکانی کرێکار و جووتیاراندا، بڵاو دەکەنەوە. خوێندکار و مامۆستا شۆڕشگێڕەکان، ڕۆڵێکی گرنگ لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری لە گوند و بەشۆڕشگێڕکردنی جووتیاران و پاڵنانیان بۆ تێکۆشان، دەگێڕن. ڕۆڵەکانی توێژی بۆرجوازیی بچووک لە پۆلیس و سوپا، لە شۆڕش و جەنگی ڕزگاریی میللییشدا بەشدار دەبن. ڕۆشنبیرەکانیشیان، شان بە شانی بەشداریی زۆرێکیان لە خەباتی چەکداریدا، ڕۆڵی ئاڕاستەکەر و ڕۆشنبیرکردن لە شۆڕشی چەکداریدا دەگێڕن.

بەکورتی، ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە توێژێکی نیشتمانپەرور و شۆڕشگێڕە، لە سەرەتای تێکۆشانی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی و لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی پێشکەوتنخوازانە و بێدارکردنەوەی کرێکاران و جووتیاراندا، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن و ڕۆڵیان تەنیا پاش بێداربوونەوەی کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشانی تریش، پاش ئەوەی ئەم توێژە دەبنە هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران، کەم دەکات.

٤- بۆرجوازیی نیشتمانیی کوردی: توێژێکە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لاوازە، بە حوکمی سروشتە بۆرجوازییەکەشی، لەرزۆک و ترسنۆکە، لە بەرژەوەندیی ئابووری و لەدەستدانی بازرگانییەکەی دەترسێت، بۆیە بە تەنیا هاوسۆزی لەگەڵ شۆڕش و پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی و پیتاک، دادەسەکنێت. لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی نەتەوەییدا هاوپەیمانە، بەڵام دژایەتیی سۆشیالیزم دەکات. بۆرجوازیی کوردی، بە زۆری بۆرجوازییەکی بازرگانی و کشتوکاڵییە. چەند توێژێکیشی، بە حوکمی پابەندیی بە بازاڕ و بەرژەوەندییە تایبەتەکانییەوە، گۆڕاوە بۆ بۆرجوازیی عێراقیی خاوەن هەستی کۆسمۆپۆڵیتیک.

بۆرجوازیی کوردی، سەرباری بەشدارینەکردنی فیعلیی بە ئەندامە زۆرەکانی لە شۆڕشدا، لە ڕێی نوێنەرەکانییەوە لە ڕۆشنبیران و ئەفسەر و موڵکدارە بچووکەکان و هەندێک کەسی بۆرجوازیی گوندییەوە، بەشدار دەبێت و بەوەش هەندێک پێگەی گرنگ داگیر دەکات. لە ڕێی بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی بۆرجوازی و باوەڕی نەتەوەیی دوورەپەرێزانە و بیری ڕاسترەوانەوە، مومارەسەی کاریگەریی فیکریی خۆی دەکات و هەوڵیش دەدات پێگەی

سەرکردایەتی و پێشەنگی لە شۆڕشدا بگرێت و لە سایەی دروشمی (یەکڕیزیی کوردی) و لەبیرکردنی ململانێی چینایەتی و ناکۆکییەکان بۆ ئەوەی کوردستان مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بەرەنگاری بیری سۆشیالیستیی زانستی و ئاراستە پێشکەوتنخوازە چەپڕەوەکان دەبێتەوە! بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵ دەدات، کەسە پێشڕەوەکان لاواز بکات و ڕێگە لە حیزبی پێشڕەو بگرێت، کە لە پێگەی سەرکردایەتی و پێشەنگیدا دەربکەوێت.

دەبێت گورزی سەرەکی ئاراستەی دەسەڵاتی بۆرجوازیی نەتەوەیی بکرێت بۆ ئەوەی دوورەپەرێز بکرێت و لە پێگەی پێشەنگی و سەرکردایەتیی شۆڕش دوور بخرێتەوە، بەوەی تێگەشتنە ڕاستڕەو و خۆگونجێنەکانی ئاشکرا بکرێن و پێشڕەوی شۆڕشگێڕ ڕۆڵی سەرکردایەتیی خۆی بگێڕێت.

هەرچی هاوپەیمانە دەرەکییەکانی شۆڕشی کوردە، بریتیین لە:

ا- گەلانی شۆڕشگێڕی دراوسێ، وەک عەرەب و ئێرانی و تورکان، بەتایبەت کرێکار و جووتیار و هەموو زەحمەتکێشانی تریش. ئەمڕۆش: شۆڕشی فەلەستینی بە پلەی سەرەکی.

ب- گەلانی شۆڕشگێڕی تێکۆشەر دژی دوژمنی سەرسەختی هاوبەش، ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی. ئەوانەش گەلانی تێکۆشەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینیین.

ج- دەوڵەتانی سۆشیالیستیی ڕاستەقینە.

ها- بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاری لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی.

کە وایە دەبێت شۆڕشی کوردی لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەماهەنگی و هاریکاریی بکات و جگە لەو پەیوەندییە بابەتییە تێکۆشەرانەیەی هەنووکە هەیە، پەیوەندیی بەهێز و توندوتۆڵیان لەگەڵدا بسازێنێت. هەر لەگەڵ ئەو هاوپەیمانانەدا، دەبێت هاریکاری و یارمەتی بگۆڕدرێتەوە و یارمەتیی مادی و مەعنەوی و سەربازییش لەوان قبوڵ بکرێت. هەر سەرکەوتنێکی ئەو هاوپەیمانانە، سەرکەوتنێکە بۆ نەتەوەی کورد و وەک چۆن سەرکەوتنی شۆڕشی کوردییش، یارمەتییەکە بۆ ئەو هاوپەیمانانە لە تێکۆشانیاندا.

ڕێبازی خەباتکارانەی شۆڕشی کوردی: بریتییە لە خەباتی جەماوەریی چەکدار لە شێوەی جەنگێکی میللیی درێژماوەدا، کە لە گوندوە دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی بنگەی جێگیر لە

گوند دروست بکات و لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە، بیانگۆڕێت بە قەڵای پێشکەوتوو و بەهێز بۆ شۆڕش و لەوێشەوە گوند ڕزگار بکات، بۆ ئەوەی گەمارۆی شارەکان بدات و وەک ڕێخۆشکردنێکیش بۆ ڕزگارکردنی شارەکان و نیشتمانیش، هێڵە سەرەکییەکانی پەیوەندی بپچڕێنێت.

جەنگی میللیی شۆڕشگێڕانە، جەنگێکی جەماوەرییە، کە ناکرێت بەبێ سازدانی جەماوەر و پشت پێ بەستنیان، تەی بکرێت. چونکە جەماوەر، قەڵای ئاسنینی ڕاستەقینەی شۆڕشی میللیین. "قەڵایەک کە هیچ هێزێک نەتوانێت تێکی بشکێنێت، هەرگیز نەتوانێت تێکی بشکێنێت".

لەبەر ئەوە پێویستە شۆڕشی نیشتمانیی کوردی، کۆمەڵانی خەڵکی کورد بسازێنێت، کرێکار و جووتیار و هەموو زەحمەتکێشانی تریش، بێدار و هۆشیار بکاتەوە، ڕۆشنبیر و ڕێکیش بخات. لەسەر حیزبی پێشڕەویش پێویستە، بە وەها ئەرکێک هەستێت، بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی ئەو جەماوەرە و تێکۆشان و شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانییان بکات.

دەبێت شۆڕشی نیشتمانیی کوردی، پشت بە هێزی جەماوەری کورد ببەستێت، بە پشتبەستن بە هێزی خوڵقێنەر و پشت بە خۆ بەستن، گەلی کورد فێر بکات. دروست و بەسوودیش نییە کە پشت بە خەڵکی تر ببەسترێت، تەنانەت گەر ئەو خەڵکەی تریش هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانمان بن لە دەوڵەتانی سۆشیالیستی، گەلانی شۆڕشگێڕ و پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ. بەڵکو دەبێت یەکەم جار و لە بنەوە ڕا، پشت بە هێزی گەلەکەمان ببەسترێت، لە کاتێکدا هاوکاریی هاوپەیمانان، فاکتەری یاریدەر و لاوەکی دەبێت. ماو تسی تونگ دەڵێت:

"دەبێت سیاسەتمان لەسەر چ بنچینەیەک چڕ ببێتەوە؟ لەسەر هێزی تایبەتمان، هەر ئەوەشە پێی دەوترێت پشت بە خۆ بەستن. ئێمە دوورەپەرێز نین، چونکە هەموو وڵاتانی جیهان و گەلانی تێکۆشەریان دژی ئیمپریالیزم، دۆستمانن، بەڵام ئێمە جەخت لە پشت بە خۆ بەستن دەکەینەوە.

ئێمە داوای پشت بە خۆ بەستن دەکەین، ئومێدیشمان بە هاوکاریی دەرەکی هەیە. بەڵام نابێت پشتی پێ ببەسترێت، بەڵکو پشت بە هەوڵی خۆمان دەبەستین، بە هێزی

خوڵقێنەری خۆمان لە هەموو سوپا و سەرتاسەری گەل.

دەبێت کادرمان لە هەر بیرۆکەیەک دەرباز بکەین، کە وایان بۆ وێنا دەکات گوایە ئێمە دەتوانین بە پشتبەستن بە هاوڕێیەتی و هەلی چاوەڕواننەکراو، بەبێ پێویستی بە تێکۆشانی قورس و ئاڕەقڕشتن یان خوێنڕشتن، سەرکەوتن بەدەست بهێنین".

ئەگەر پشتبەستن بە تەنانەت هاوپەیمانان، هەڵە بێت، ئەوا بیرکردنەوەی نەگەرەکە کە پشتبەستن بە هاوکاریی دەرەکیی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی یان کۆنەپارێز، کوفر و هەڵەیەکی کوشندە دەبێت. دەبێت لەوە دڵنیا بین، کە سەرکەوتن بە یارمەتیی دەرەکی بەدەست نایەت، بەڵکو بە سازدانی جەماوەر دەبێت، بەبێدارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنیان دەبێت لە ڕێگەیەکی شۆڕشگێڕانەی دروستدا، لە سایەی سەرکردایەتییەکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕیی زانستیدا. هەروەها بەوەی کە شۆڕشی کوردی بگۆڕێت بۆ شۆڕشێکی جەماوەریی ڕاستەقینە، کە پایەی بنەڕەتیی کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشانی تر و بۆرجوازیی بچووک و بۆرجوازیی نیشتمانیی هاوپەیمانی و هەموو توێژ و کەسە نیشتمانپەروەرە کوردەکان بێت، کە نیشتمانی خۆیانیان خۆشدەوێت، تەنانەت گەر موڵکدار، یان سەرۆک خێڵ، یانیش پیاوی ئاینیی دیار بن.

ئەگەر شۆڕشی جەماوەریی کوردی، لە ڕێگەی جەنگی میلليی درێژماوەدا، لە سایەی سەرکردایەتیی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی سۆشیالیستیی زانستیی کوردیدا بچێتە ڕێوە، ئەوکات دەتوانێت سەرکەوتنی حەتمیی بەسەر دوژمنانیدا بەدەست بهێنێت، بە مەرجێک لە باری خەباتەوە لەگەڵ تێکۆشانی جەماوەری عەرەبیی شۆڕشگێڕی عێراق و سووریا و هێزەکانی شۆڕشی دیموکراتی نوێی ئێرانی و تورکیدا، یەک بگرێت، واتە بەو مەرجەی خەباتی هاوبەش بەدی بهێنێت.

چونکە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ گەلانی برای دراوسێ (عەرەب و فارس و ئازەر و تورک و ئەوانی تریش)دا، مەرجێکی بنەڕەتیی سەرکەوتنی شۆڕشی کوردییە لە دۆخی مێژوویی هەنووکەییدا. بەبێ ئەو تێکۆشانە هاوبەشە، قورسە ئامانجەکانی شۆڕشی دیموکراتی میلليی کوردی، بەدەست بهێنرێن، ئەوە گەر مەحاڵیش نەبن.

**کەواتە پێویستییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی کوردی بریتیین لە:**

ا- بگۆڕێت بۆ شۆڕشێکی جەماوەریی میللی و بە پشتبەستن بە کۆمەڵانی خەڵکی کورد و بە سازدانی وزە خوڵقێنەرەکەیان، وەک ئەوەی باسمان کرد، ڕێی جەنگی میللیی شۆڕشگێڕانەی درێژماوە بگرێت.

ب- بوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی سۆشیالیستی زانستی لە سەرروویانەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شۆڕشگێڕیی دروستدا، سەرکردایەتییان بکات.

ج- خەباتی پێکەوەیی لەگەڵ تێکۆشانی شۆڕشگێڕیی گەلانی عەرەبی و ئێرانی و تورکی بەگشتی و لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕە زەحمەتکێشەکاندا بەتایبەت.

کە وایە، ئەوەیە ڕێگەی سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردی، ئەوەشە ڕێگەی پێشکەوتن و گەشانەوەی نەتەوەی کورد و بەدەستهێنانی هەموو مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی و بەدەستهێنانی ئامانجەکانیشی لە ڕزگاری و دیموکراسی و سۆشیالیزم.

هیچ ڕێگەیەکیش بێجگە لەو ڕێگە شۆڕشگێڕییە شکۆدارە، نابینرێت.

تەنیا بە درککردنی ئەو ستراتیجە شۆڕشگێڕییە - شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی، کە ڕوونمان کردەوە - و تێگەشتن لێی و جێبەجێکردنی، نەتەوەی کورد و شۆڕشە ڕەواکەی دەتوانن بەسەر دوژمنە سەرسەختەکانیان لە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و زەوتکاران و کۆنەپارێزاندا، سەربکەون.

**بەرەو تێکۆشانی سەختی درێژماوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیجە شۆڕشگێڕییە و بەدەستهێنانیشی.**

**بەرەو خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە بە پشتبەستن بە خۆ و بە کۆمەڵانی خەڵک و هێزە خوڵقێنەرەکەیان، بە سەرکردایەتیی پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕیی سۆشیالیستیی زانستی و بە یەکگرتنی خەباتگێڕانە لەگەڵ گەلانی برادا.**

**بەرەو سەرکەوتن و شکۆمەندی**

**سەرچاوە:**

جلال طالبانی، کردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧١.